**ئیسماعیل گوێڵداش**

# جەمعییەتی تەعالیی کوردستان

**وەرگێڕانی**

**زریان ڕۆژهەڵاتی**

**سلێمانی ٢٠١١**

٩٥٦,٦٧

گ ٣٤٧ گوێڵداش، ئیسماعیل

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان/ نووسینی ئیسماعیل گوێڵداش.

سلێمانی: بنکەی ژین، ٢٠١١.

٥٠٢ل: ١٤,٨٥×٢١ سم. زنجیرە؛ ١٢٧.

١- مێژووی کورد. ئـ- ناونیشان. ب- زریان ڕۆژهەڵاتی (وەرگێڕ)

## سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح

زنجیرە: ١٢٧

کتێب: جەمعییەتی تەعالیی کوردستان

نووسەر: ئیسماعیل گوێڵداش

لەتورکییەوە وەرگێڕانی: زریان ڕۆژهەڵاتی

پیتچنین: سیروان خەلیل

مۆنتاج: برووسك بوار

خەت و ڕووبەرگ: ئەحمەد سەعید

تیراژ: ٨٠٠

نرخ: ٧٠٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن: ١٥٦٩ی ساڵی ٢٠١١ی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانە گشتیەکان

شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان

سەرچاوە:
Ismail Goldas, KURDISTAN TEALI CEMIYETI, Doz basim ve yayinciluk ltd. Sti., Istanbul, 1991.

# بنکەی ژین

## بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی

عیراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی؛ شەقامی پیرەمەگروون، گەڕەکی ١٠٧ بەرانان، تەلاری ژین

تەنیشتی (مزگەوتی شێخ فەرید). س. پۆست: ١٤

تەلەفۆن: ٢-٣١٩٤٧٣١ ئاسیا: ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ یا ٤٨٤٦٣٣٥٧٧٥ کۆرەك: ٠٧٥٠١١٢٨٣٠٩

ناونیشانی ئەلکترۆنی: info@binkeyjin.com ماڵپەڕ: www.binkeyjin.com

# ناوەڕۆک


سوپاس و پێزانین ٥

بەشی یەکەم:

دامەزراندنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ٧

دامەزراندن ٩

دامەزرێنەکان ١٦

جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورد ١٢٢

جەمعییەتی تەعالیی ژنانی کورد ١٣٥

بەشی دووەم:

ئەو هێزانەی کە جەمعییەتی تەعالیی کوردستانناکۆکیی لەگەڵیاندا هەبوو ١٦٦

بەشی سێیەم:

کاریگەریی جەنگی جیهانی لەسەر کۆمەڵگای کوردی و هەڵوێستی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ٢٠٥

بەشی چوارەم:

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و بەندەکانی ویلسن ٢٣٣

بەشی پێنجەم:

جەمعیەتی تەعالی کوردستان و پەیماننامەی سیڤەر ٢٧١

بەشی شەشەم:

دابەشبوون و کۆتاییی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ٣٣٣

١. دابەشبوون ٣٣٣

٢. دامەزراندنی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد ٣٤٥

٣. داخستنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ٣٦٨

بەڵگەکان

بەڵگەی (١): بەیاننامەی جەمعییەتی هێڤبیی تەلەبەی کورد ٤١٩
بەڵگەی (٢): بەیاننامەی جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورد ٤٢٥
بەڵگەی (٣): بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەران (وکلاء) سەبارەت بە کارو چالاکیەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ٤٣٣
بەڵگەی (٤): تەعلیماتنامەی جەمعییەتی مەعاریف و نەشرییاتی کورد ٤٣٧
بەڵگەی (٥): نیزامنامە (پێڕەو)ی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ٤٣٩
بەڵگەی (٦): پێڕەوی ناوخۆ (نیزامنامەی داخلی)ی جەمعییەت ٤٤٥
بەڵگەی (٧): یادداشتێك سەبارەت بە داواکانی گەلی کورد ٤٥٧
بەڵگەی (٨): گفتوگۆیەك لە یانەی کوردی ٤٦٨
بەڵگەی (٩): ڕێککەوتننامەی کورد و ئەرمەن بۆ کۆنفرانسی گەورەی ئاشتی ٤٧٦
بەڵگەی (١٠): مێژوویەك، هەستانەوەیەك ٤٧٨
بەڵگەی (١١): دوو بەرهەمی پڕخێر: جەمعییەتی تەعالیی ژنانی کورد– جەمعییەتی هێڤیی تەلەبەی کورد ٤٨٢
بەڵگەی (١٢): گوتارێك ٤٨٨
بەڵگەی (١٣): 4192–vo371 کۆمیسارییای باڵای ئینگلیز، ئەستەنبووڵ ٤٩١
بەڵگەی (١٤): کوردەکان و عوسمانیچێتی ٤٩٦
سەرچاوە ٤٩٩

# سوپاس و پێزانین

زەحمەتی زۆرم لە دۆزینەوەی سەرچاوە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیەم کێشا. ئەستەمە بە ئاسانی دەستت بگاتە ئەو بەڵگە و نووسراوانەی کە لەبارەی کوردەوە هەن. دیارە هۆکاری ئەمەش بۆ ئەو قەدەغانە دەگەڕێتەوە کە خراونەتە سەر دەست پێڕاگەیشتنی بەڵگەکان. جگە لەوە، کەسایەتیی کۆمەڵایەتی –نەتەوەیی و سەرکردە و ڕووناکبیرانی کورد کە بەشدارییان لە دامەزراندنی ڕێکخراوەکاندا کردووە، هەوڵێکی کەمیان بۆ نووسینی بیرەوەرییەکانیان و کۆکردنەوەی بەڵگە و دروستکردنی ئەرشیڤ، داوە. کتێب و بەڵگەکان، لەلایەن هیچ دەزگایەکی کوردیشەوە، نەپارێزراون و بەشێکیان لەکاتی دەستگیرکردنی کەسەکاندا، دەستیان بەسەردا گیراوە و هەندێکیشیان بەهۆی ترسی خاوەنەکانیانەوە، فەوتێنراون و لەژێر خاکدا شاردراونەتەوە؛ ئەمەش وای کردووە دۆزینەوەی کتێبی ئاکادیمی و بەڵگەی گرنگ لەسەر کورد، وەکوو ئەوە وایە کە بە دەرزی چاڵێك هەڵکەنیت. کەوابوو ئەم کارەی بەردەستتان، هێشتا تەواو نییە و بە سنگفراوانییەوە بڕواننە کەموکوڕیەکانی.

ئەو کەسانەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا یارمەتییان داوم بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکان؛ محەمەد بایراق، کارمەندانی دەزگای پەخشی دەنگ و خۆری میدیا و بەرپرسانی ڕۆژنامەی یەنی ئویلکە و سولەیمان یاشار و دۆغو پەرینچەك (یارمەتیدەرم بوو بۆ ئەوەی دەستم بە ئەرشیڤەکانی گۆڤاری (بەرەو ٢٠٠٠) بگات و ئیلبان کرات و مووسا عەنتەر (کە بە کردنەوەی ئەرشیڤەکانی گۆڤاری ژین و ڕوونکردنەوەکانی خۆی یارمەتیدەرم بووە) و پارێزەری کورد و هاوڕێم ئەحمەد زەکی ئۆکچی ئۆغلوو، سوپاسی هەموویان دەکەم کە یارمەتییان دام.

بنکەی ژین
www.zheen.org

چاپی ئەم لێکۆڵینەوەیە زۆر زەحمەت بوو، بەڵام پارێزەر و برای خۆشەویستم سەلیم ئۆکچی ئۆغڵوو کە لە کارمەندان و خاوەنەکانی دەزگای پەخشی دۆزە، بە سەبرەوە مامەڵەی لەگەڵدا کرد. لەبەر ئەوە سوپاسی ئەویش و کارمەندانی دۆزیش دەکەم.

سوپاسی کارمەندانی ئاژانسی ئادار دەکەم کە لە نووسین و ڕێکخستنی پەراوێز و یادداشتەکاندا یارمەتیدەرم بوون. هەروەها سوپاسی توول گوێلداشی هاوسەرم دەکەم کە بە لێبوردەییەکی زۆرەوە، لە هەموو قۆناغەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا –کە ساڵانێکی خایاندووە–، لەگەڵ مندا ڕەفتاری کردووە.

ئیسماعیل گۆیڵداش

Pk – باخچەلی ئەڤلەر– ئەستەنبووڵ

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بەشی یەکەم:

## دامەزراندنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان

منداڵی موڵکدار و ڕۆشنبیری بنەماڵە و ئەریستوکراتەکانی کوردستان، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا، لە ئەستەنبووڵ دەژیان کە ناوەندێکی گرنگی سیاسی و کەلتووریی ئیمپراتۆریای عوسمانی بوو. سەرکردەی خێڵەکان و کەسایەتییە ناودارەکانی کورد کە لە مەکتەبە عەسکەرییەکاندا پەروەردە کرابوون، دوادوایی‌یەکانی ئەو سەدەیە لە ڕێی نزیکبوونەوە لە جەمعییەتی ئیتیحادوتەرەقی و بەشداریکردنەوە لە سیاسەتەکانیدا، بەرەو دروستکردنی بیرۆکەی کوردستان دەڕۆیشتن. کەسایەتیە کوردە ناودارەکانی بنەماڵەی بەدرخان و بابان و شێخەکانی شەمزینان کە لە بنەماڵە ئەرستیوکرات و دەرەبەگەکانی کورد بوون و بە زۆرەملێ لە ئەستەنبووڵ دەمانەوە و هەر لەوێش خوێندنیان تەواو کردبوو، ئەو کەسایەتییانە کەوتبوونە بەر کاریگەریی جەمعییەتی ئیتیحادوتەرەقی. دیارە ئەولەویەت و هەڵبژاردنی سیاسیی کەسایەتیە کاریگەرەکانی کورد لە ئەستەنبووڵ، ڕەنگی لەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش دەدایەوە. سەرەتای سەدەی بیستەم شێوازی پەیوەندیی کۆڵایەتی- ئابووری لە کوردستان، سیستەمی دەرەبەگ- خێڵ بوو[1]. ئەم

www.zheen.org

---

[1] بۆ زانیاری سەبارەت بە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستان، بڕوانە: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستانی تورکیا، ئەستەنبووڵ، بڵاوکراوەکانی ڕێگای ئازادی، ١٩٨٥. ستۆکهۆڵم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی Apee، ١٩٩٠؛ میرزاڵی چیمەن، کێشەی پاشکەوتوویی لەدوێنێ و ئەمڕۆدا، ئەنقەرە، بڵاوکراوەکانی ئێستگە، ١٩٩١؛ ئیسماعیل بێشکچی، سیستەمی خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ، ئەستەنبووڵ ١٩٦٩- چیرۆکی خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ (مێژوویی ئابووری و کۆمەڵایەتی)، ئەنقەرە، بڵاوکراوەکانی ئارکاداش، ١٩٩٠؛ کێشەی نەتەوەیی و خێڵ و فیوداڵیزم لە کوردستاندا،

**سیستەمە ئاراستەی ژیانی نەتەوەیی- کۆمەڵایەتی و ئابووریی خێڵ و بنەماڵە هەژارەکانی کوردستانی دەکرد. بیرۆکەی کوردی و ژیانی کۆمەڵایەتیەکەی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، سیستەماتیزە و دەزگایی نەکرابوو.**

**جگە لەوە، هۆشیاریی نەتەوەیی کورد بەتەواوی گەشەی نەکردبوو. لەکاتی دەستپێکردنی یەکەم جەنگی جیهانیشدا، پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کورد، دوور بوون لەوەی کە بگەنە ئاستی نەتەوەیی و ببنە دامودەزگا؛ ((حوکمی ستەمکاری عوسمانی بە زووترین کات، ڕۆشنبیران و کەسانی پێشەنگی ئەم میللەتەی گەمارۆ دابوو. ئەوانیش هەر لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، لە دەوری ئەو ڕێکخراوانەدا کۆبووبوونەوە کە داواکارییە نەتەوەییەکانیان دەکردە داواکارییەکی سیاسی. بەڵام -لەگەڵ ئەوەشدا- هێشتا دوور بوون لە هۆشیارییەکی نەتەوەیی و هەست و بەهاکانیان، لەوانەی چەمکی نەتەوەی بورژوازییەوە سەرچاوەیان دەگرت. بێگومان ناسنامەی خۆیان بەدەست نەهێنابوو و داواکانیان لێڵ و ناڕوون بوون. لەبەر ئەوە ئەو کاتانە هێشتا بە تەواوی لە دنیا تێنەدەگەیشتن و نەیاندەزانی حیسابی گورگەکانی ئەمپریالیزم لێك بدەنەوە. بەرنامەی ئامانجیان نەبوو. تاکە دروشمێك دەیتوانی ببێتە هۆی ڕاپەڕین. لە ئەنجامی ئەمەشدا، ویستی سەربەخۆیی کوردەکان لە سنوورەکانی عوسمانییەوە، کەوتە جووڵە))[2].**

---

فرانکفۆرت، چاپخانەی کۆمکار، ١٩٨١، ل١٣٣- ١٩١؛ سیٚ فەرمان، فیۆدالیزم لە کوردستاندا، بەڵگە، ژمارەی دوو، ١٩٨٩، ل٢٦- ٤٩؛ پێشکەوتنی کشتوکاڵی بازرگانی و کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا، بەڵگە، ژمارە، ٣-١٩٩٠، ل٣١- ١٠٣.

[2] ڕزگاری، ژمارە یەك، ٢١ی ئاداری ١٩٧٦، ل٧٠.

قۆناغی دوای جەنگ بووە فاکتەرێکی بەهێز بۆ زیادبوونی ویستی کوردەکان بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوەیی. ئەندامانی بنەماڵە ناودارەکان و خوێندکارانی کورد لە ئەستەنبووڵ، لە قۆناغی جەنگدا هۆشیاریی کوردایەتییان لەنێو دڵی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا دروست کردووە و لەگەڵ ڕۆشنبیر و سەرباز و بیرۆکراتە کوردەکاندا، دەستیان داوەتە پێکهێنانی یەکەم ڕێکخستنی کوردی و "جەمعییەتی تەعالیی کوردستان"یش بەرهەمی ئەو جۆرە پەیوەندییانە بوو.

١. دامەزراندن

دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی جەنگی مۆندورۆس لە ٣٠ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨دا، ڕۆشنبیرانی کورد لە سنووری ئیمپراتۆری عوسمانیدا لە جوغرافیایەکدا کە بە کوردستان دەناسرا، دەستیان بەخۆ ڕێکخستن کرد. بۆ دیاریکردنی چارەی خۆیان و بەدەستهێنانی ئەو مافە، بەڵام هێشتا خاوەنی نەریتێکی ڕێکخستنی ئەوتۆ نەبوون کە بتوانن لە ماوەیەکی درێژخایەندا، ئەو ئامانجەیان بهێنێتە دی.

هەلومەرجی تێکەڵ و پێکەڵی سیاسیی دوای جەنگی جیهانی، کە ئیمپراتۆریای عوسمانیی تێدا بە کردەوە بەرەو ڕووخان و هەڵوەشانەوە دەچوو، کورد یەکێك بوو لەو نەتەوە ستەمدیدانەی کە کەس لێی نەدەپرسین و لە حاڵی خۆیاندا هێڵرابوونەوە. ڕۆشنبیرانی کورد ڕێکخراوی (جەمعییەتی تەعالیی کوردستان)یان دامەزراند و لە ماوەیەکی کورتدا کردیانە یەکێك لە کاریگەرترین کۆمەڵەکان.

بە زۆری (تەنیشت ماڵی ئیجتیهاد، لەلای دیوانی موحاسەبات)، وەکوو ناونیشانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان پیشان دراوە. ماڵی ئیجتیهاد

ئاپارتمان "شوقه"یكه له گەڕەكی "جانماڵ ئۆغڵوو"ی ئەستەنبووڵ، كه "عەبدوڵڵا جەودەت بەگ"ی (بەڕێوەبەری گشتیی هاوكاریی تەندروستیو كۆمەڵایەتی ڕۆشنبیرانی كورد) خاوەنی بووه، زۆر ڕێی تێدەچێ بارەگای جەمعییەتەكه لەوێ بووبێ[3].

جەمعییەتی تەعالیی كوردستان له ١٧ی كانوونی یەكەمی ١٣٣٤دا – بەرامبەر به ١٩١٨/٢/١٧– دامەزراوه، ١٩١٨ ساڵی گەرموگوڕكردنی تێكۆشانی كۆمەڵگای كوردی بووه بۆ بەدەستهێنانی مافەكانیان و ڕزگاربوون لەو هەژاری و ئازار و مەینەتانەی كه له سنوورەكانی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا، تووشیان بوون.

جەمعییەتی تەعالیی كوردستان، لەلایەن سەیید عەبدولقادرەوه دامەزراوه كه خەڵكی شەمزینانی هەكاری بووه. هەڵبەت دەبێ ئەوەیش بزانرێ كه سەیید عەبدولقادر به ئەسڵ خەڵكی وان بووه.

پرۆفیسۆری تورك "تارق زەفەر تونایا" پێیوایه جەمعییەتی تەعالیی كوردستان له ١٧ی كانوونی یەكەمی ١٣٣٤دا دامەزراوه. هەروەها ئەوەش ڕوون دەكاتەوه كه ئەم مێژووه له نووسراوێكی "عەلی كەمال بەگ"ی وەزیری ناوخۆدا باس كراوه كه له ٢٢ی مایسی ١٣٣٥دا، ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران كراوه؛ ((... ڕۆژی ١٧ی كانوونی یەكەمی ١٣٣٤ "عیلم و خەبەر" كراوه بۆ جەمعییەتی تەعالیی كوردستان كه له ئەستەنبووڵ لەلایەن چەندین كەسایەتیی ناسراوەوه به سەرپەرشتیی سەیید عەبدولقار ئەفەندی دامەزراوه...))[4].

---

[3] تارق زەفەر تونایا، پارته سیاسیەكانی توركیا، ئەستەنبووڵ، بڵاوكراوەكانی وەقفی حورییەت، بەرگی ٢، ١٩٨٦، ل١٨٦، چاپی یەكەم.

[4] دەفتەری كۆنووسینی دانوستانەكانی مەجلیسی وكەلا (نوێنەران) BBA، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٦.

له بانگەشەیەکی جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورددا کە لە ١٩١٩/١/٢ لە "ژین"دا بڵاو کراوەتەوە، بەمجۆرە باسی شوێنی بارەگای جەمعییەتی تەعالیی کوردستان کراوە، ((لە تەلاری باخچە شادایە، پشت کۆڵانی دانشتای))[٥].

((... بەداخەوە مێژووی دامەزراندنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دیار نییە. پرۆفیسۆری تورک "تارق زەفەر تونایا" دەڵێت: ئەم ڕێکخراوە دەوروبەری مانگی مایسی ساڵی ١٩١٩، دامەزراوە. بەڵام ئەمە ڕاست نییە، چونکە چەند مانگ بەرلەوە دامەزراوە و دەستی بە کارەکانی کردووە. بانگەوازێکی ناو "ژین" ئەم بۆچوونەی ئێمە پشتڕاست دەکاتەوە. بانگەوازەکەش هیی جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کوردە و تێیدا هاتووە؛ ((ئامادەکارییەکانی دامەزراندنی جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورد کە کۆمەڵەیەکی زانستیی تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە زمان و مێژوو و جوغرافیا و ئابووری و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردەکان و بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی بنەماکانی ژیانێکی هاوچەرخ و سەردەمییانە لە نێوانیاندا، کۆتاییان پێهاتووە. بۆ پێشکەشکردنی داوای مۆڵەتی ڕەسمیی بە حکوومەت و هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەریی، داوا لە کەسانی پەیوەندیدار دەکەین، ڕۆژی هەینی (١/١٠) سەعات ٢ی پاشنیوەڕۆ لە بینای جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە تەلاری باخچە پاشا پشت کۆڵانی دانشتای ئامادە بن))[٦].

[٥] ژین، ژمارە ٧، ١٩١٩/١/٢، ل١٩، محەمەد بۆزئارسلان، بڵاوکراوەکانی دەنگ، بەرگی ٢، سوید، ١٩٨٩، ل٢٢، لە پێشەکیەکەی وەرگیراوە.

[٦] ژین، ژمارە ٧، ل١٦.

وەکوو لەو بانگەوازەشدا دەردەکەوێ، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان مانگی یەکی ساڵی ١٩١٩ ڕێکخراوێکی ناسراو بووە و کاری کردووە[٧].

تارق زەفەر تونایا لە کتێبی (پارتە سیاسییەکانی تورکیا ١٨٥٩-١٩٥٢) کە ساڵی ١٩٥٢ بڵاو کراوەتەوە، پشتبەستوو بە زانیارییەکانی ژمارەی ٧٢ی ساڵی ١٣٣٥ی ڕۆژنامەی "حادیثات" وتوویەتی: ((جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە مانگی مایسی ١٣٣٥دا دامەزراوە))[٨].

لە ژمارەی (٦)ی "ژین"دا، باسی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ناکرێت، بەڵام لە ژمارەیەکی دوای ئەودا، یانی ژمارەی حەوتەم، بۆ یەکەمجار باسی ئەو ڕێکخراوە کراوە. ژمارەی "٧"ی "ژین"یش لە ڕۆژی ٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٣٣٥دا دەرچووە. لەو ژمارەیەشدا، بە گوێرەی بانگەوازێکی جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورد، ڕێکخراوی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لەو مێژووە زووتر دامەزراوە و کارەکانی دامەزراندنی جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورد لە بینای ئەو ڕێکخراوەدا ئەنجام دراون، تەنانەت بانگەوازەکەی جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کوردیش کە تێیدا داوا لە ئەندامانی کراوە، لە بینای جەمعییەتی تەعالیی کوردستان کۆببنەوە، بۆ دیاریکردنی دەستەی بەڕێوەبردن، ڕۆژی ١٠ی مانگی ١، وا دیار دەبێ ئەو ڕێکخراوە مانگێك بەرلەوە، یانی مانگێك بەر لە ١ی ١٩١٩، دامەزرابێ. محەمەد ئەمین بۆزئارسلان لە پێشەکیی چاپی گۆڤاری "ژین"دا پشت بە زانیارییەکانی تارق زەفەر تونایا لە ساڵی ١٩٥٢دا دەبەستێت، دەربارەی دامەزراندنی جەمعییەتی تەعالیی کورد، بەڵام خودی تارق زەفەر تونایا

---

[٧] بۆزئارسلان، ل٢٢.

[٨] تارق زەفەر تونایا، پارتە سیاسیەکانی تورکیا (١٨٥٩-١٩٥٢)، ئەستەنبووڵ، ١٩٥٢، ل٤٢٩.

ماوەیەك دوای ئەوە لە بەرگی چوارەمی کتێبەکەیدا "کە ئەوکاتە چاپ نەکرابوو" مێژووی دامەزراندنی "جەمعییەتی تەعالیی کوردستان" بە ١٧ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٨ لەقەڵەم دەدات و ئەوەش بە مێژوویەکی تەقریبی دەزانێ و دەڵێت هێشتا نازانین کەی دامەزراوە و مێژوونووسان و بیرەوەری نووسانی کوردیش بەتەواوی مێژووی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەیان دیاری نەکردووە. زنار سلۆپی لە کتێبی بیرەوەرییەکاندا بە ناوی "دۆزا کوردستان"ـەوە ڕایگەیاندوە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە قۆناغی ئاگربەستی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتە هاوپەیمانەکاندا دامەزراوە[٩].

د. نووری دەرسیمی جەنگاوەر و بیرەوەری نووسی کوردیش، بە تەواوی مێژووی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەی ڕوون نەکردووەتەوە. دەرسیمی لە بیرەوەرییەکاندا دەڵێت: ((دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ئاگربەست چووەتە ئەستەنبووڵ و ناوی خۆی وەکوو ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان تۆمار کردووە))[١٠].

بنکەی ژین
www.zheen.org

دەتوانین ١٢/١٧ وەکوو مێژووی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە لەقەڵەم بدەین، چونکە چەندین هەواڵی ڕۆژنامەش هەن ئەم مێژووەمان بۆ پشتڕاست بکەنەوە. هەرچەندە ئەو هەواڵانە پەیوەندییان بە ڕێکەوتی دامەزراندنی جەمعییەتەکەوە نییە، بەڵام ئاسانکاریمان بۆ دەکەن تا مێژووی دامەزراندنی بزانین. بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی "صەباح" لە ١٩١٨/١٢/٢٣دا، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و پارتی "فیرقە" حوڕییەت و ئیئتیلاف، ڕۆژی ٢٢ی مانگ هاوکاری

---

[٩] زنار سلۆپی، دۆزا کوردستان، چیرۆکی جەنگی ڕزگاری نەتەوەیی کورد لە ئەسارەتێکی ٦٠ ساڵە، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ستێر، ١٩٦٩، ل٥٢.

[١٠] دکتۆر نووری دێرسیمی، دێرسیم لە مێژووی کوردستاندا، بلاوکراوەکانی کۆمکار، ١٩٨٨، ل١٢٠، چاپی یەکەم.

و یارمەتی و خۆپیشاندانی هاوبەشیان داوە[11]. هەواڵەکە "٦" ڕۆژ دوای دامەزراندنی جەمعییەتەکە بڵاو کراوەتەوە. هەندێك لە سەرچاوەکان باسی ئەوە دەکەن کە هەمان ڕۆژ "١٢/٢٢" فیرقەی حوڕییەت و ئیئتیلاف، داوای ئۆتۆنۆمیی بۆ کوردستان کردووە[12]. سەیید عەبدولقادر "شێخ عەبدوڵڵا ئەفەندی زادە" یەکێك بووە لە دامەزرێنەکان و کادێرانی بەڕێوەبەریی فیرقەی حوڕییەت و ئیئتیلاف کە لە سەردەمی جەنگدا دامەزراوە[13]. باسی ئەوەش دەکرێت کە پەیماننامەیەك لە نێوان جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و فیرقەی حوڕییەت و ئیئتیلافدا ئیمزا کراوە؛ ((فیرقەی حوڕییەت و ئیئتیلاف کە لە پرۆگرامەکەی خۆیدا هەبوونی بەڕێوەبەرایەتیە هەرێمی‌یەکانی وەکوو بنەمایەك قبووڵ کردووە، لەگەڵ جەمعییەتی تەعالیی کوردستان‌دا، بڕیاریان دا پێکەوە بۆ بەدیهاتنی ئەو بنەمایە و بۆ پاراستنی وڵات و مافەکانی خەلافەت کاربکەن. بەپێی ئەو ماددەیە دەکرێت ئەو شوێنانەی کە زۆربەی دانیشتوانەکانی لە میللەتی کوردن، بەشێوەی ئۆتۆنۆمی لەلایەن فەرماندەرێکەوە "ئامیر" بەڕێوە ببرێن کە بە دەنگی زۆرینەی دانیشتوان هەڵبژێردرابێت. هەڵبەت پێویستە ئەمە بە مەرجی پابەندبوون بە خەلافەتی ئیسلامی و سەڵتەنەتی عوسمانی بێت.

٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٣٣٤ بەرامبەر بە ١٦ی ڕەبیعول ئەوەلی ١٣٣٧، مۆری ناوەندی گشتیی فیرقەی حوڕییەت و ئیئتیلاف، نوێنەر "مەبعووس"ی قۆنیە زەینەلعابدین، نوێنەری قارس واصف، مستەفا صەبری مۆربەدەستی

---

[11] سەباح، ١٩١٢/١٢/٢٣.

[12] کاتێك تێکۆشانی نەتەوەیی دەستی پێ‌کرد، ئەنقەرە، تورکیا، بڵاوکراوەکانی بانقی کاری تورکیا، بەرگی یەکەم، ١٩٥٩، ل٢٢؛ کرۆنۆلۆژیای جەنگی ڕزگاریی تورك، ئەنقەرە، بڵاوکراوەکانی دەزگای مێژووی تورك؛ بەڵگە، ژمارە یەك، ١٩٧٠، ل١١.

[13] تونایا، ل٢٦٤.

جەمعییەتی کوردستان، سەرۆك سەیید عەبدولقادر، لە ئەندامان سەعید، محەمەد "مەحمەت" عەلی))[14].

کوردیزادە ئەحمەد ڕامیزی لیجەیی "لیجەلی" کە ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و جەمعییەتی نەشری مەعاریفی کورد، لەگەڵ "مەولانزادە ڕەفعەت"ی ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و خاوەنی ڕۆژنامەی "سەربەستی"و "شەریف پاشا"ی نوێنەری جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و ئەندامانی کوردستان بووە، لە پەیماننامەی سیڤەردا، لە ئەندامانی پارتی حوڕییەت و ئیتیلاف بوون[15].

ساڵەکانی دوای ١٩٠٩ کاتێك جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقی بناغەکانی دەسەڵاتێکی ملهوڕیی لە [عوسمانی]دا پتەو دەکرد و ڕووی نەتەوەخوازیی تورکی و تۆرانێتیی خۆی ئاشکرا دەکرد، وردە وردە ڕۆشنبیرانی کورد ((لە ڕێباز و ڕەوتە جیاوازەکان)) کە پێشتر لەگەڵ ژۆن تورکەکاندا بوون، لەو ڕێکخراوە جیا بوونەوە و لەنێو ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزسیۆندا جێی خۆیان گرت. ((دوای مەشرووطییەت، کوردەکان دەیانویست خۆیان ڕێك بخەن، بەڵام هەرچەندە ڕێ لەم جۆرە هەوڵانەی ڕۆشنبیرانی کورد دەگیرا، ئەوانیش پتر

---

[14] عەونی، دۆغان، جەنگی ڕزگاری و دوای جەنگ، ئەستەنبووڵ، بڵاوکراوەکانی دنیا، ١٩٦٤، ل٩.

[15] بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر بیروبۆچوونەکان ژیانی ئەحمەد رامیز بەگ بڕوانە: "مالمیسانژ، دکتۆر عەبدوڵلا جەودەت و نەتەوەخوازیی کوردی لە سەرەتاکانی ئەم سەدەیەماندا، ئۆپسالا، بڵاوکراوەکانی ژیان، ١٩٨٦، ل٤٤-٥٠؛ بۆ زانیاری لەسەر فیرقەی حوڕییەت و ئیئتلاف بڕوانە: "عەلی بیرنجی، فیرقەی حوڕییەت و ئیئتلاف، ئەستەنبووڵ، بڵاوکراوەکانی دەرگا، ١٩٩٠، و تونایا، بەرگی ٢، ل٢٦٤- ٣٠٧.

بەرەو ڕێکخراوە بەرهەڵستەکانی وەکوو فیرقەی حوڕییەت و ئیئتیلاف دەچوون))[16].

ڕێککەوتنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لەگەڵ پارتی حوڕییەت و ئیئتیلافدا، تەنیا لە دژایەتیەکانی ڕۆشنبیرانی کوردەوە بەرامبەر بە جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقی سەرچاوە ناگرێ. لەگەڵ ئەوانەشدا، پێشەنگەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و ڕۆشنبیرە گرنگەکانی کورد، ویستوویانە مەیدانێکی فراوانی جموجووڵ سەبارەت بە مەسەلەی کورد و کوردستان دروست بکەن. دیارە مرۆڤ زۆر بەئاسانی دەتوانێ لەوە تێبگات کە نزیکبوونەوە لەلایەنێك دەیەوێت بە شێوەیەك باسی کێشەی [کورد] بکات، ڕەفتارێکی سیاسییە. پەیوەندییەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لەگەڵ فیرقەی حوڕییەت و ئیئتیلافدا، بە کوردستان و مافەکانی کورد و کێشە و داواکارییە سیاسییەکانیەوە، بەندن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## ٢. دامەزرینەکان

دامەزرێنەکان و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئەم کەسانەی خوارەوە بوون؛

١- سەرۆك؛ سەیید عەبدولقادر ئەفەندی.

٢- نووسەری گشتی (کاتبی عمومی)؛ حوسەین شوکری بەگ "بابان".

---

[16] مالمیسانژ، ل٥٦، بۆ ژیانی شەریف پاشا و پێگەی ناوبراو بڕوانە: "شەریف پاشا بیرەوەریەکانی بەرهەڵستێك (دژایەتیکردنی جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقی)، ئەستەنبووڵ، بڵاوکراوەکانی نەهیر، ١٩٩٠.

تێبینی: ئەم کتێبە زریان ڕۆژهەلاتی کردوویە بە کوردیـو سدیق ساڵح پێیدا چووەتەوەو (بنکەی ژین) چاپی کردووە.

٣- د. محەمەد شوکری بەگ "سەگبان".

٤- محێدین نامی.

٥- بابانزادە حیکمەت بەگ.

٦- عەزیز بەگ.

## ١. سەیید عەبدولقادر ئەفەندی (١٨٥١-١٩٢٥):

سەرۆکایەتیی شورای دەوڵەتی کردووە، ماوەیەکیش ئەندامی ئەنجومەنی ئەعیان بووە. کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵایە لە شەمزینانی پارێزگای هەکاری. ((ئەو کاتانە سەیید عەبدولقادر ئەندامی مەجلیسی ئەعیان بووە)). سەیید عەبدولقادر لە ٤ی مارتی ساڵی ١٩١٩دا، کاتێك یەکەم حکوومەتی "داماد فەرید پاشا" دەسبەکار بوو، کرایە سەرۆکی شوورای دەوڵەت[١٧].

ئەو کاتەی کە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دامەزرا (١٩١٨/١٢/١٧)، حکوومەتەکەی تەوفیق پاشا لەسەر کار بوو. لەو حکوومەتەدا کە لە ڕۆژی ١١/١١ی ئەو ساڵە پێك هێنرا، هیچ پۆستێك نەدرایە شەریف پاشا [و: پێدەچێ مەبەستی نووسەر هەر سەیید عەبدولقادر بێت و بە هەڵە باسی شەریف پاشای کردبێت، بەڵام لەبەر پاراستنی ئەمانەتی دەقەکە وەك چۆن نووسراوە، ناوی شەریف پاشام نووسی]. ئەو کاتانە شەریف پاشا ئەندامی مەجلیسی ئەعیان بووە. لە ١٩١٩/١/١٣دا کاتێك دووەمین کابینەی حکوومەتی تەوفیق پاشا دامەزرا، دیسان هیچ پۆستێك نەدرایە شەریف پاشا.

سەیید عەبدولقادر سەرۆکی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، خاوەنی کەسایەتی و پەیوەندییەکی سیاسیی سەیر و سەرنجڕاکێش بووە.

---

[١٧] عەلی فواد تورك گەلدی، ئەوانەی بینیومن و بیستومن، ئەنقەرە، بڵاوکراوەکانی TTK، ١٩٥١، ل١٩٥، چاپی دووەم.

مستەفا کەمال پاشا "ئەتاتورك" لە وتاری ڕۆژی شەممەی ٥ی ئاداری "مارت"ی ١٩٢١دا وتوویەتی: سەیید عەبدولقادر دەستی لە ڕاپەڕینەکەی قۆچگیریدا هەبوە؛ ((عەلی شانو نەبی کە دوژمنی یەك بوون، ساڵی ١٩٢١ لەسەر ڕێنماییەکانی سەیید عەبدولقادر، لەگەڵ عەلی شێر و کەسانی دیکەدا، ڕاپەڕینەکەیان دەست پێکرد))[18].

((عوبەیدوڵڵای نەهری سالآنی هەشت [ی سەدەی نۆزدەهەم] بووبووە مۆتەکەی عوسمانیەکان، بەڵام دواتر[19] سەیید عەبدولقادری کوڕی بووە سەرۆکی شوورا "ئەنجومەن"ی دەوڵەتی عوسمانی)).

د. نووری دێرسیمی پێیوایە سەیید عەبدولقادر تەنیا (ئامرازێك) بووە بە دەستی حکوومەتەکانی داماد فەرید پاشاوە. ((... سەیید عەبدولقادر، زانایانە یا نەزانانە بێت، ڕۆڵی سیخوڕێکی تورکەکانی لە ڕێکخراوی جەمعییەتی تەعالیی کوردستاندا دەگێڕا))[20]. سەیید عەبدولقادر لە نەوەکانی عەبدولقادر گەیلانییە کە سۆفییەکی ناسراوە و بنەماڵەکەی کاریگەرییەکی بەرچاویان لە کوردستان هەیە[21].

((چین و توێژە باوەکانی کوردستان... لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم بەدواوە، بنەماڵە بەهێز و ئاغا و شێخە گەورەکان کە کوردستانیان کۆنترۆڵ

---

[18] وتارەکانی غازی مستەفا کەمال، بڵاوکراوەکانی TTK، بەرگی ٢، ١٩٦٥، ل٤٦١، چاپی دووەم.

[19] جووڵانەوەی گەلی قۆچگیری، ١٩١٩-١٩٢١، ئەنقەرە، بڵاوکراوەکانی کۆمەڵ، ١٩٦٧، ل٧ چاپی دووەم.

[20] دێرسیمی، ل١٢١.

[21] باسیلی نیکیتین، کوردەکان، ئەستەنبووڵ بڵاوکراوەکانی ڕێگای ئازادی، بەرگی٢، ١٩٧٨ ل٦٦.

کردبوو، ئیدی لە پۆستە بەرزەکانی میکانیزمی دەوڵەتی عوسمانیدا، جێی خۆیان کردەوە. یەکێك لەمانە سەیید عەبدولقادر بووە کە ناوەکەی زۆرجار لە ڕاپەڕینەکاندا بەرگوێ کەوتووە، پلەی هەر ئەو کەسانەی کە لە دەوڵەتی عوسمانیدا پۆستی بەرزیان وەرگرتبوو، دواتر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، کاتێك نەتەوەخوازی لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا گەشەی کرد، بە ناوی کوردستانیشەوە بوونە کەسانی بڕیار بەدەست و خاوەن قسە. هەڵبەت دەبێ ئەوەش فەرامۆش نەکرێت کە لەڕووی سیاسییەوە ئەو سەردەمە زۆرتر باس‌و داوای پێگەیەکی ئۆتۆنۆمیی کوردستان دەکرا، لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا))[22].

سەیید عەبدولقادر یەکێك بوو لە دامەزرێنەکانی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد کە ساڵی ١٩٠٨ پێك هێنراوە. ئەو کۆمەڵەیە بەتەواوی لە ڕۆژی ١٩٠٨/١٠/٢دا دامەزراوە و هەتا جەنگی باڵکان، درێژەی بە کار و چالاکیەکانی داوە، بەڵام ساڵی ١٩٢٢ حکوومەت بە بیانووی ئەوەی کە (چالاکیەکانی زیانبارن)، ئەو کۆمەڵەیەی داخست[23].

سەیید عەبدولقادر کوڕە بچکۆلانەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بووە و کاتی ڕاپەڕینەکەی "شێخ عوبەیدوڵڵا"، فەرماندەی بەشێکی سوپا "٥٠,٠٠٠" پەنجا هەزار کەسیەکەی کوردەکان بوو.

دوای ئەوەی سوپای عوسمانی ڕاپەڕینەکەی سەرکوت کرد، ناوبراو دەسگیر و ڕەوانەی ئەستەنبووڵ کرا، دوابەدوای ئەوەش بۆ شاری مەککە

---

[22] ڕزگاری، ژمارە ١، ل٧٣.

[23] شادیلی وەدات، ڕاپەڕینە ناوخۆییەکان و جووڵانەوەکانی کوردایەتی لە تورکیا، ئەنقەرە، بڵاوکراوەکانی کۆن، بەرگی یەکەم، ساڵی ١٩٨٠، ل١٥٤. بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد بڕوانە: تونایا، بەرگی یەکەم، ل١٠٥– ١١٣.

دوورخرایەوە. ((شێخ عوبەیدوڵڵا هیچ نەبێت بە ئەندازەی خەلیفە گەورەکەی خۆی فیڵباز بوو، دوای ماوەیەك هەڵهات و دووبارە بۆ شەمزینان گەڕایەوە. لەوێ لەگەڵ کوڕەکانی خۆیدا "سدیق و عەبدولقادر" هەشت هەزار جەنگاوەری چەکداری کوردیان کۆکردەوە و لە چیاکانی هەکاری سەنگەریان گرت. دوای ماوەیەك دەوڵەتە زلهێزەکان کەوتنە بەین و شێخ عوبەیدوڵڵا و عەبدولقادری کوڕی، بۆ مەککە دوورخرانەوە. عوبەیدوڵڵا ساڵی ١٨٨٣ لە مەککە گیانی سپارد. هەرچەند ڕێگا درا سەیید عەبدولقادر بگەڕێتەوە و لە ئەستەنبووڵ نیشتەجێ بێت، بەڵام ئەمجارەیان لەبەر بیری نیشتمانپەروەریی کوردی لەوێ دوورخرایەوە، ساڵی ١٩٠٨ کاتێك مەشرووتییەت ڕاگەیەنرا، بۆ ئەستەنبووڵ گەڕایەوە و بووە ئەندامی ئەنجومەنی ئەعیانی عوسمانی))[٢٤].

سەیید عەبدولقادر لایەنگری ئەوە بوو کە بە شێوەیەکی دیموکراتی ڕەفتار لەگەڵ کەمینەکانی ناو سنووری عوسمانیدا بکرێت. ((لێرەدا دەمەوێ باسی خاڵێکی سەرنجڕاکێش بکەم. شێخ عوبەیدوڵڵا و عەبدولقادری کوڕی بەرلەوەی دەست بە ڕاپەڕین بکەن، فەتوایان دا کە کوردەکان دڵی ئەرمەن و سوریانییەکان نەشکێنن و کاریان پێیانەوە نەبێت. لەکاتی جەنگیشدا ئاڵایەکی شینی هەڵکرد و داوای لە هەموو مەسیحییەکانیش کرد، لەبەر دەرگا و دەلاقەی ماڵەکانیاندا، ئاڵای شین هەڵبواسن تا هیچ کوردێك هێرش نەکاتە سەریان))[٢٥].

سەیید عەبدولقادر خوازیاری یەکێتیی کوردەکان بوو: ((ژمارەیەکی زۆر کەم لە ڕۆشنبیرانی کورد، خاوەنی چەمکی یەکێتیی کورد بوون، بەڵام

[٢٤] گارۆ ساسۆنی، جووڵانەوە نەتەوەییەکانی کورد و پەیوەندیی کورد و ئەرمەن لە سەدەی پازدەیەمەوە تا ڕۆژی ئەمڕۆمان، ستۆکهۆڵم، خانەی بڵاوکردنەوەی ئورفیوس، ساڵی ١٩٨٦، ل١٠٣.

[٢٥] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤.

نیکەی ژین www.zheen.org

کوڕەکانی بەدرخان و سەیید عەبدولقادری کوڕە بچووکی شێخ عوبەیدوڵلا، لەوانە بوون))[٢٦].

سەیید عەبدولقادر هەر لە ساڵی ١٨٩٦ەوە، دەستی کردبوو بە دژایەتیکردنی ڕژێمی سوڵتان عەبدولحەمید و بە تۆمەتی پیلانگێڕی لە دژی دەسەڵاتی عەبدولحەمید، دوور خرابووەوە، ناوبراو یەکێك بووە لەو کەسایەتییە کوردانەی کە لە ڕێکخراوی پارتی ئیتیحادو تەرەقیدا جێی گرتووە[٢٧].

((... کۆتایی پیلانگێڕانی بووە بەوەی کە لە سووچ و قوژبنێکی بێکەڵکی ئیمپراتۆریادا، بۆ خۆیان بخولێنەوە. کازم پاشا، حاجی ئەحمەد، شێخ نایلی و هەقیی برای و ١٨ کەس لە بنەماڵەی بەگەکان، شێخ عەبدولقادر و ٢٠ کەس لە بنەماڵەکەی، مەککەلی سایر "سایری مەککەیی"، زوهتوبەگی سەرۆکی دیوانی چاودێریی و کەمال بەگی داواکاری گشتیی شووراى دەوڵەت لە ڕیزی ئەو کەسانەدا بوون کە دوورخراونەتەوە. ئەمانەیان سواری پاپۆڕێك کرد و یەك بەیەك لەو شوێنانە دایانبەزاندن کە دەبوو بە دوورخراوەیی لەوێ بژین))[٢٨].

بنکەی ژین
www.zheen.org

((عەبدولقادر کوڕی شێخ عوبەیدوڵلا، لەگەڵ ژمارەیەکی پێویست لە خزمو دەستو پێوەندەکانی، بۆ مەدینەی منەوەرە دووردەخرێتەوە. لە دارایی ٣٠٠ لیرە و لە گەنجینەی تایبەتی پادشاش، ١٥٠ لیرەی وەکوو خەرجیی ڕێگا پێ

---

[٢٦] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥.

[٢٧] سینا ئاکشین، ژۆن تورکەکان و ئیتیحاد و تەرەقی لە ١٠٠ پرسیاردا، ئەستەنبووڵ، خانەی بڵاوکردنەوە گەرچەك، ساڵی ١٩٨٠، ل٢٩، چاپی یەکەم؛ یوری ئاساتۆڤیچ پەترۆسیان، ژۆن تورکەکان لە روانگەی سۆڤیەتەوە، ئەنقەرە، خانەی بڵاوکردنەوە بیلگی، ١٩٧٤، ل٢٠.

[٢٨] E.E. Ramsaur، شۆڕشی ١٩٠٨و ژۆن تورکەکان، ئەستەنبووڵ، بڵاوکراوەکانی ساندەر، ١٩٨٢، ل٤٩، چاپی دووەم.

دەدرێ. یەك قوروش بە مووچەکەیشی لە دارایی زیاد دەکرێت کە هەزار قوروشە و پارەی هەندێك پێداویستی دیکەشی بۆ خەرج دەکرێت))[29].

پەترۆسیان پێی‌وایە شێخ نایلی برای سەیید عەبدولقادر بووە. بەڵام لە هیچ سەرچاوەیەکی دیکەدا بەڵگە و نیشانەیەکی وا بەدەستەوە نادرێت کە سەیید عەبدولقادر برایەکی وای هەبووبێت کە لە کاری سیاسیدا بەشداریی کردبێت. بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەبەردەستدان، شێخ نالی لەبەر ئەوە دوورنەخراوەتەوە کە برای سەیید عەبدولقادر بووە، بەڵکوو لەبەر هەوڵی تیرۆری عەبدولحەمید دوورخراوەتەوە.

سەیید عەبدولقادر دوای مەشرووتییەتی ١٩٠٨ بووەتە سەمبولێك بۆ ئەو کوردانەی کە لە شارە گەورەکاندا ژیاون. کاتێك کە لە مەدەینەوە بۆ ئەستەنبووڵ گەڕاوەتەوە، لە جەژنی ڕەمەزاندا، ژمارەیەکی زۆری ڕۆشنبیرانی کورد، لە دەوروبەری ئەو گەمییەی کە دوورخراوەکانی هێناوەتەوە، خۆپیشاندانیان ساز کردووە و لەنێو شاریشدا درێژەیان پێ‌داوە. دروشمەکانی "ئازادی، یەکسانی و برایەتی" کاری دەکردە سەر کوردەکانیش. سەیید عەبدولقادر لەم قۆناغەدا بە شێوەیەکی بەربڵاو کاریگەریی لەسەر کوردەکان هەبوە. ((ساڵی ١٩٠٠ جەمعییەتی عەزمی قەویی کوردستان دامەزراوە و بەوجۆرەش نەتەوەخوازیی کوردی گەیشتە یەکەم قۆناغی ڕێکخراوبوونی خۆی. بەڵام -سەرەڕای ئەوە- ئەو قۆناغە بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی کورد لەنێو جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقی‌دا کاریان دەکرد. بۆ نموونە، سەیید عەبدولقادریش کە دواتر نوێنەرایەتی خەتێکی

---

[29] محەمەدشوکری هانی ئۆغڵوو، ژۆن تورکایەتی وجەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقیی عوسمانی وەك ڕێکخراوێکی سیاسی، ئەستەنبووڵ، بڵاوکراوەکانی ئیلەتیشیم، ١٩٨٥، ل٤٥٤.

سازشکاری لەنێو نەتەوەخوازیی کوردیدا کردووە، ئەندامی جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقی بووە))[٣٠].

حەسەن یڵدز دەڵێت: سەیید عەبدولقادر ساڵی ١٩١٨ لەناو ڕێکخراوی جەمعییەتی تەعالیی کوردستاندا لایەنگری "ئۆتۆنۆمی" بووە، بەڵام لە قۆناغی سیڤەردا لەژێر کاریگەریی گوتاری سەربەخۆیی خوازیدا بووە: ((... سەردانی کومیسیاریای باڵای فەڕەنسا دەکات کە ئەستەنبووڵ و نەخشەیەکی کوردستانیان پێدەدات. لە ٢٢ی مارتدا، ژەنراڵ شەریف نەخشەیەك دەنێرێ کە هەندێك جیاوازیی تێدایە. هەندێك شوێن کە نزیکەی ٧٠٪ی دانیشتوانەکەی کورد بوون، لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەو نەخشەیەدا بووە کە ژەنراڵ شەریف کێشاویەتی. وا دانراوە بە ئەندازەی پێویست زانیاریی پێنەدراوە... لە ئەنجامدا ژەنراڵ شەریف سنوورەکانی باکووری دەگەیاندەوە دەریای سپی و ئەمەش بۆ گەشەسەندنی ئابووریی وڵات پێویست بوو))[٣١].

وەك دەبینرێت سەیید عەبدولقادر کە کەسایەتییەکی جێی باس و سەیری کورد بووە، هەر لە ڕۆژانی شەڕەکانی عوسمانی– ڕووسدا، درێژەی بە ژیانی سیاسیی خۆی داوە.

گارۆ ساسۆنی لە کتێبێکیدا کە بە ڕاشکاوی گوزارشت لە بۆچوونی ئەرمەنی دەکات، باسی ئەوە دەکات کە تا ساڵی ١٨٧٧ کوردەکان لەکاتی جەنگەکانی عوسمانی ڕووسدا، بە ئاشکرا پشتیوانییان لە ڕووسەکان کردووە. کوردەکان هیوایان وابووە کە لەگەڵ پێشڕەویی ڕووسەکاندا، سەربەخۆیی کوردستان زیاتر چاوەڕوانکراو دەبێت.

---

[٣٠] مالمیسانژ، ل٢٩.

[٣١] حەسەن یڵدز، کوردستان لە سێ کوچکەی، لۆزان، موسڵ، بەپێی بەڵگەنامەکانی فەڕەنسا، کۆڵن، بڵاوکراوەکانی هێڤیا گەل، ١٩٩٠، ل٣٩.

**ساڵی ١٨٧٧ بەتەواوی ((سیاسەتی خۆیان گۆڕی)) و بە سوپایەکەوە لەگەڵ عوسمانیەکاندا چوونە جەنگی ڕووسەکان. شێخ عوبەیدوڵڵا و سەیید عەبدولقادری کوڕە بچووکی شێخ عوبەیدوڵڵا و جەمالەددین، لە جەنگی دژی ڕووسەکاندا لە ڕیزی فەرماندەکانی سوپای کورددا بوون، بە فەرمانی فەرماندەکانی کورد، نزیکەی (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار چەکداری کورد دەجووڵانەوە و لە دەوروبەری بایەزید، بەشداریی جەنگیان کرد و دواتریش شەڕەکە بە سوودی عوسمانییەکان کۆتایی پێهات[٣٢].**

**ناجی قوتلای پێیوایە ئەم کەسایەتیە سیاسی و حزبییەی کورد و بنەماڵەکەی ((تا ڕادەیەکی زۆر لایەنگری بریتانیا)) بوون[٣٣].**

**لەڕاستیدا ئەو سەیید عەبدولقادرەی کە د. نووری دێرسیمی بە (سیخوڕی تورك)و ناجی قوتلای بە (لایەنگری بریتانیا) و مالمیسانژ بە (سازشکار) و حەسەن یلدز بە (لایەنگری ئۆتۆنۆمی) ناوی دەبەن، بە گوێرەی کات و شوێنی خۆی ((کەسایەتییەکی سیاسی و حیزبیی کورد)) بووە و ڕۆڵی لە دەرکەوتنی ناسنامە و هۆشیاریی کورددا هەبوە و لەو بوارەدا ڕەنجی کێشاوە. بەڕای من، هەر لەبەر ئەمەش بوو کە دەسەڵاتی کەمالی لە مەحکەمەی ئیستیقلالی شەرقدا ساڵی ١٩٢٥، بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرکرد و لە ٢٧ی مایسی هەمان ساڵدا، بڕیارەکەی جێبەجێ کرد، ئەم کەسایەتییە سیاسی و حزبییەی کورد، لە دیاربەکر لەسێدارە درا و کۆتاییان بە ژیانی هێنا[٣٤].**

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

**[٣٢] ساسۆنی، ل٩٥.**

**[٣٣] ناجی قوتلای، ئیتیحاد و تەرەقی و کوردەکان، سوید، خانەی بڵاوکردنەوەی ڤەژین، ١٩٩٠، ل١٢٤.**

**[٣٤] ئیقدام، ١٧ی نیسان– ٢٨ی مایسی ١٩٢٥.**

سەرەڕای ئەو قسە و باسانەی کە سەبارەت بە کەسایەتیەکەی دەکران، کۆمەڵگەی کوردی، سەیید عەبدولقادری فەرامۆش نەکرد. لە ساڵی ١٩٥٨ بەدواوە، حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران) بە ئاشکرا دەستی بە کار و چالاکیەکانی خۆی کرد و کارتی پێناسی بۆ ئەندامەکانی خۆی لەهەردوولای ئێران و عیراق دروست کرد. [حیزبی دیموکراتی کوردستان] وێنەی پێنج کەسایەتیی کوردی لەسەر پێناسی ئەندامەکانیدا دانابوو کە یەکیان سەیید عەبدولقار بوو، ئەو پێنج کەسایەتیانەیش (شێخ عەبدولقادر، سەیید ڕەزا، شێخ مەحموودی سلێمانیەیی، قازی محەمەد، مەلا مستەفای بارزانی) بوون[٣٥].

بە شێوەیەکی گشتی و بە زۆری نووسەر و سیاسەتمەدارانی تورك، ڕەخنەیان لە سەیید عەبدولقادر دەگرت، بۆچوونەکانی ئەو نووسەر و سیاسەتمەدارانەیش بە پلەی یەکەم زۆرتر لە بۆچوونەکانی مستەفا کەمال پاشا و وتەکانی ناوبراوەوە لە پەرلەمان سەرچاوەیان دەگرت. ئەمەیش لەکاتێکدا بوو کە لافوگەزافی مستەفا کەمال سەبارەت بە سەیید عەبدولقادر لە ڕاستییەوە دوور بوون. وەکوو دەزانرێت جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە قۆناغی [ڕاپەڕینی] قۆچگیریدا، کارو چالاکییەکی ڕێکخراوەییی ئەوتۆی نەبوە. بە قسەی "م. ئەمین بۆزئارسلان"یش، لە ڕاستیدا ئەو ساڵانە پێگەی بڕیاری کەمالیستەکان لەڕووی عەسکەرییەوە لە کوردستان بەهێزتر دەبوو و سەیید عەبدولقادر و دامەزرێنەکانی تری جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش، بە ((کەمتەرخەمی)) لە دەرەوەی کوردستان، لە ئەستەنبووڵ، دادەنیشتن[٣٦]. بە واتایەکی تر، هێزی ڕێکخراوەیی کورد و جەمعییەتی تەعالیی کوردستان

---

[٣٥] ویلیام ئیگلتۆن، کۆماری کوردی مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦، ئەستەنبووڵ، بڵاوکراوەکانی کۆڕاڵ، ١٩٧٦، ل٢٨.

[٣٦] بۆزئارسلان، ل٣٣.

له [ڕاپەڕینەکەی] قۆچگیری دوورخرابوونەوە. ((بە وتەیەکی تریش، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، بێ کوردستان ماوەتەوە)). "زنارسلوپی"ش ئەم ڕاستییەی بە شێوەیەکی دیکە دەربڕیوە؛ ((دوای دەسبەکاربوونی حکوومەتەکەی مستەفا کەمال پاشا، کار و چالاکییە سیاسییەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لە ئەستەنبووڵ قەتیس کران))[٣٧].

بیرەوەری نووسی کورد "نوری دێرسیمی" کە لە هەمانکاتدا یەکێك لە کەسایەتییە گرنگەکانی قۆچگیریش بووە، وتوویەتی: ((بەهۆی ئاڵۆزی و تێکەڵوپێکەڵیی بارودۆخەکەوە، پەیوەندیمان لەگەڵ ناوەندی گشتیی جەمعییەتی تەعالیی کوردستاندا لە ئەستەنبووڵ پچڕابوو، ئاگامان لەیەك نەمابوو)). بەم قسانەی خۆشی ئەوەی دەرخستووە کە سەیید عەبدولقادر لە میانی ڕاپەڕینی ١٩٢١دا، قسەی زۆر لە کوردستان نەڕۆیشتووە و کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوە[٣٨]. ئەمەیش لە ئاستێکدا بووە کە نووری دێرسیمی هۆکاری شکستهێنانی ڕاپەڕینەکەی قۆچگیری بە سەرنەکەوتنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دەبەستێتەوە: ((لەگەڵ دەستپێکردنی جموجووڵەکان "ڕاپەڕین"دا، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان هەڵوەشابووەوە و هەندێك لە ئەندامەکانیشی هەڕایان کردبووە دەرەوەی ئەستەنبووڵ و لەبەرئەوەی نەیاندەتوانی بەشداری جموجووڵەکان بن، دەرفەتی بەڕێوەبردنی ڕاپەڕینەکە بەپلان و هاوئاهەنگیی لەکیس چووبوو))[٣٩]. نووری دێرسیمی و عەلی شێر، کە وەك دوو کەسایەتی جەنگاوەر و سیاسی بەشدارییان لە ڕاپەڕینەکەی قۆچگیریدا کردبوو، لە ئەندامانی جەمعییەتی تەعالیی

---

[٣٧] سلۆپی، ل٥٩.

[٣٨] دێرسیمی، ل١٢٤.

[٣٩] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٠.

کوردستانی بوون. هیچ بەڵگەیەکیش نییە کە بیسەلمێنێ ئەم دوو ئەندامە بە بڕیاری جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بۆ پێشەنگایەتیکردن، بەشدارییان لە ڕاپەڕینەکەدا کردووە. هەرچەندە پێگەی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، بەهۆی کار و چالاکیەکانی نووری دێرسیمی و عەلی شێرەوە، لەم ناوچەیەی کوردستاندا بەهێز بووە، بەڵام ئەو ڕێکخراوە نە لە ئاستێکی ناوەندیدا، سیاسەتی (پراکتیکی- سیاسی)ی خۆی دیاری و نە کەسێکیشی بۆ ئەو کارە دەستنیشان کردووە. بەپێچەوانەی لافوگەزافی مێژوونووسە تورکەکان و مستەفا کەمال پاشاوە، [جەمعییەتی تەعالیی کوردستان] کاریگەرییەکی ئەوتۆی [لە ڕاپەڕینەکەدا] نەبوە. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لەو قۆناغەدا، ڕەفتارێکی سیاسیی وەهای نەبوە کە بتوانێ هەبوون و قورساییی خۆی لە کوردستاندا بنوێنێ. هەروەها ناکرێ باسی ئەوە بکرێت کە سەیید عەبدولقادری سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە، هیچ ڕۆڵێکی سیاسی عەسکەریی لەو ڕاپەڕینەدا هەبوە. سەیید عەبدولقادر لە ڕاپەڕینەکەی قۆچگیریدا، وەك کەسایەتییەکی کاریگەری کورد لە قەڵەم نەدراوە. لەم قۆناغەدا، ئەو هەندێك بیروبۆچوونی (ناوەندگرانە)ی هەبوو، کە لەناو ڕێکخراوی جەمعییەتی تەعالیی کوردستاندا، مشتومڕێکی زۆری دروست کردبوو. بە واتایەکی تر، لەبەر ئەوەی لە بۆچوونەکانیدا پشتگیریی ئۆتۆنۆمیی دەکرد، زۆر کەس لە کوردستان گوێی لێنەدەگرت. کەواتە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و سەیید عەبدولقادر، لە کەشوهەوایەکدا نەبوون کە (فەرمان و ڕێنمایی) بۆ ڕاپەڕین و خۆڕاگرییەکەی قۆچگیری دەربکەن. [بەڵام] تەنانەت مێژوونووسان و بیرەوەرینووسەکانی کوردستانیش، لەم بارەیەوە لە کتێبەکانیاندا بۆچوونەکانی نوتق [و: مەبەست لە (نوتق) قسەکانی مستەفا کەمال ئاتاتورکە سەبارەت بە ڕاپەڕینەکە]یان دوبارە کردووەتەوە.

جەسەن یڵدز نووسیویەتی د. نووری دێرسیمی وەك نوێنەری جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، بەشداریی لە ڕاپەڕینەکەدا کردووە. ئەمەیش لە کاتێکدایە کە-بە قسەی خۆی- ئەو ڕۆژانە جەمعییەتەکە بووە بە دوو بەشەوە: ((لەو بەینەدا جەمعییەتی تەعالیی کوردستان سەرقاڵی کێشە ناوخۆییەکانی خۆی بوو، نەیدەتوانی ڕێنوێنیی ڕاپەڕینەکە بکات. جەمعییەت دابەش بووبوو، باڵی ڕادیکاڵ "توندەڕەو"ی ڕێکخراوەکە جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کوردی دامەزراند[٤٠].

ڕوونکردنەوەی هەڵوێستە سیاسی- پراکتیکیەکانی سەیید عەبدولقادر، تەنیا لەڕێی هەڵسەنگاندنی بابەتیانەی [کەسانێکی] پێگەیشتووەوە شیاو دەبێت. لایەنێکی ڕاستیی مێژووی کورد ئەوەیە کە سەیید عەبدولقادر لەبەرئەوەی لە بەرزترین ئاستی جووڵانەوەی کورد و کوردایەتیدا جێی گرتووە، لەسێدارە دراوە و ژیانی خۆی لەدەست داوە.

دواین وتەکانی ئەم کەسایەتییە کوردە، کاتێك لەلایەن تورکەکانەوە بۆ لەسێدارەدان براوە، یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەی کوردەکان لە یادگەی خۆیاندا هەست بە بوونی بکەن. سەیید عەبدولقادر لەژێر پەتی سێدارەدا وەهای وتووە: ((ئێوە لە سووتاندن و شەڕەنگێزیدا ناوبانگێکی زۆرتان هەیە. ئێرەیشتان وەك کەربەلا لێ کرد. ئەوە بزانن کە بە ترساندن و داگیرکارییەکی بێ ئینسافانەوە، شەرەف و شکۆ و ناوداری بەدەست ناهێنرێن))[٤١].

---

[٤٠] یڵدز، ل١٠١.

[٤١] ساسۆنی، ل١٧٦.

## ٢- شوكری بابان بەگ (١٨٩٣-١٩٧٩):

لە ئەستەنبووڵ لەدایك بووە و خوێندنی سەرەتایی لە تاش مەكتەبی [گەڕەكی] سولەیمانییەی ئەوێ، ناوەندیشی لە بۆڵوو -كاتێك زیهنی پاشای باوكی موتەسەڕیفی ئەوێ بووە- تەواو كردووە. دواتر چووەتە دواناوەندیی "گەلاتەسەرای" و بە پلەی دووەم دەرچووە. ساڵی ١٩٠٨ لەگەڵ ڕاگەیاندنی مەشروتییەتی دووەمدا، لە ڕۆژنامەی "ئیقدام- اقدام" و "تەنین- طنين"دا، وەك پەیامنێر دەستبەكار بووە. ئەو كاتانە چووەتە پاریس و كۆلێژی یاسا و بەشی داراییی زانستە سیاسییەكانی بە ماوەی سێ ساڵ بڕیوە. كاتێك گەڕاوەتەوە، وەكوو كاتب "نووسەر"ی كۆمیسیاریای نائاساییی میسر، لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپەمەنیەكانی وەزارەتی دەرەوە، دەستبەكار بووە. لەگەڵ گەڕانەوەیشیدا لە میسر لە ڕۆژنامەكانی "تەنین" و "هیلال"ی فەرەنسی و "تەرجومانی حەقیقەت"دا، كاری كردووە. وەكوو ئەندامێكی وەفدی ئابووری بۆ ماوەیەك بۆ مۆسكۆ چووە. دواتر لەكاتی وەزیریی مستەفا عاریف بەگدا لە وەزارەتی ناوخۆ، لە بەڕێوەبەرایەتیی قەڵەمی تایبەتدا، كاری كردووە. ماوەیەك دوای ئەوەیش، لە ڕۆژنامەی "تەرجومانی حەقیقەتدا، ماوەی پێنج تا شەش ساڵ، وەك خاوەن و سەردەستەی پەیامنێران [و: مەبەست سەرنووسەرە، بەڵام لەبەر ئەمانەتی وەرگێڕانەكە وەرگێڕانی باش موهابیرم وەك سەردەستەی پەیامنێران هێناوەتەوە]ی ڕۆژنامەكە كاری ڕۆژنامەوانیی كردووە. ماوەیەكیش وەك ڕاوێژكاری یاسایی تایبەت بە كاروباری شەكر و نەوت، لەكاردا بووە. هەر لەو كاتانەیشدا بوو بە پرۆفیسۆری مەكتەبی مولكییە. دوای ئەوانە، لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی باڵای وەزارەتی مەعاریف، كاری كردووە، بەڵام پاش ئەوە چووەتە سەر كاری پرۆفیسۆرییەكەی لە مەكتەبی موڵكییە. لە ساڵانی سەرەتای دامەزراندنی

زانكۆدا، وانەی ئابووریی گشتی و دكتۆرینی وتووەتەوە و پلەی پڕۆفیسۆرییەكەیشی بەرز كراوەتەوە. ناوبراو لە مەكتەبی بازرگانیشدا، پڕۆفیسۆریی كردووە و دوو كتێبی بە ناوەكانی (ئابووریی گشتی) و (دكتۆرین)ەوە چاپ كراوە و بەرهەمێكی دیكەشی بە ناوی (سیاسەتی ئابووریی كۆمەڵایەتی)ـەوە، بڵاو كراوەتەوە[٤٢].

حسێن شوكری بابان ماوەیەك دوای دامەزراندنی، لە ڕێكخراوی جەمعییەتی تەعالیی كوردستان جیا بووەتەوە. پرۆفیسۆر دكتۆر شوكری بابان كوڕی بابانزادە زیهنی پاشای یەكێك لە والی "پارێزگار"یە كۆنەكان بووە. بەپێی قسەكانی مووسا عەنتەر، زیهنی پاشا سەرۆكی دووەمی جەمعییەتی تەعالیی كوردستان بووە. مووسا عەنتەر وتبووی: ((هەتا كاتی مردنی لە ساڵی ١٩٧٩دا، من وەكیلی دارایی ئەو بووم، چونكە بۆ خۆی ئیفلیج بووبوو)). هەروەها ئەوەیشی ڕاگەیاندووە كە شوكری بابان بەگ لە مەسەلەی كورددا زۆر "شەرمن" بووە[٤٣].

بنكەی ژین
www.zheen.org

## ٣- "محەمەد" مەحمەت شوكری سەگبان بەگ (١٨٨١-١٩٦٠):

یەكێك لە كەسایەتییە گرنگەكانی قۆناغی سەرەتایی جووڵانەوەی نەتەوەیی كوردە و ڕۆڵێكی كاریگەری لە ڕێكخراوە كوردییەكاندا هەبوە. لە ئەرغەنی لەدایك بووە و خوێندنی سەرەتایی لە مادەنی ئەرغەنی و هۆزات (قزڵ كلیسە) تەواو كردووە و قۆناغی ناوەندیی لە دیاربەكر و دواناوەندیشی لە چەنگەل كۆیی و (پزیشكیی عەسكەری)ی لە ئەستەنبووڵ خوێندووە.

---

[٤٢] ئیبراهیم عەلائەدین گویڵسا، ئەنسیكلۆپیدیای توركە ناودارەكان، ئەستەنبووڵ، بڵاوكراوەكانی یەدیگوین، ل٥٨.

[٤٣] مووسا عەنتەر، بیرەوەریەكانم، ئەستەنبووڵ، بڵاوكراوەكانی دۆز، ١٩٩٠، ل٦٩.

ساڵی ١٩٠٣ بڕوانامەی وەك ئەفسەر بە پلەی (یووزباشی)* لە مەکتەبی پزیشکیی عەسکەری وەرگرتووە. دوای دوو ساڵ کارکردن و وەك پسپۆڕی پێست لە نەخۆشخانەی عەسکەری بۆ سەر پۆستەکەی جارانی "پزیشکیی عەسکەری" گەڕاوەتەوە. هەر لەو کاتانەیشدا پەیوەندیی لەگەڵ ڕۆشنبیرانی کورددا دروست کردووە و بووە بە ئەندامی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کوردستان کە لە ١٩٠٨/١٠/٢دا دامەزرابوو. لە دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی جەمعییەتەکەیشدا وەك ئەندامی دامەزرێن ئەرکی وەرگرتووە[٤٤].

شوکری سەگبان بەگ بە یەکێك لە گرنگترین و ناودارترین کەسایەتییە کوردەکانی ئەم قۆناغەی جووڵانەوەی نەتەوەییی کورد لە قەڵەم دەدرێت. ساڵی ١٩١٩ وازی لە کارەکەی هێناوە (پزیشکیی سەربازی) و چووە بەغداد. دواتر بۆ تورکیا گەڕایەوەتەوە، بۆ خۆی دەستی بە کاری پزیشکی کردووە، بەڵام کاتێك پەیماننامەی لۆزان ئیمزا کراوە، دیسان بۆ بەغدا چووەتەوە و لەوێ درێژەی بە کارو چالاکیەکانی داوە.

لە نامەیەکدا کە لە ١٩٣٣/١٢/١٨ لە بەیرووت بڵاوی کردووەتەوە، داوای ئۆتۆنۆمیی بۆ کوردستان کردووە و ئەوەیشی باس کردووە کە دەبێ زمانی کوردی وەك زمانێکی ڕەسمی قبووڵ بکرێت. ماوەیەك سەرۆکایەتیی لقی (جەمعییەتی خۆیبوونی کوردی) لە بەغداد کردووە. لە نامەیەکیشدا بۆ کۆمەڵی گەلان، پێداگریی زۆری لەسەر مافەکانی کورد کردووە و بەوجۆرەش ڕێی بۆ گفتوگۆ و باسی نێونەتەوەیی لەسەر کێشەی کورد کردووەتەوە.

---

* فەرماندەی ١٠٠ کەس، نەقیب، ڕەئیس.

[٤٤] شادیلی، س. ل١٥٤؛ دکتۆر محەمەد شوکری سەکبان، کێشەی کورد، ئەنقەرە، بڵاوکراوەی ئەنیستیتۆی لێکۆڵینەوەی کەلتووری تورکی، ١٩٨١، چاپی چوارەم.

شوکری سەگبان بەگ یەکێك لە پشتیوانە سەرەکییەکانی جەمعییەتی هێڤیی تەلەبەی کورد بووە کە ساڵی ١٩١٢ دامەزراوە و کرێی بینای ڕێکخراوەکەی لە گەڕەکی سیرکەچیی ئەستەنبووڵ داوە. ناوبراو، پشتیوانێکی ماددی و مەعنەویی ئەم ڕێکخراوەی لاوان ((زۆرتر ئەو لاوانەی کە لە زانکۆ دەیانخوێند)) بووە[٤٥]. محەمەد شوکری سەگبان، لە ساڵی ١٩٣٩دا لە بەغداوە بۆ تورکیا گەڕاوەتەوە و ساڵی ١٩٦٠یش کۆچی دوایی کردووە.

د. محەمەد شوکری سەگبان لە سەرەتاکانی دەستپێکردنی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورددا، بە شێوەیەکی باش یارمەتی جووڵانەوەکەی داوە، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی قۆناغی لۆزاندا، وەك جاران نەماوە. یەکێك بووە لە کەسایەتییە گرنگەکانی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد کە ساڵی ١٩٠٨ "جەلیلێ جەلیل" پێی وایە ئەم ڕێکخراوە لە ١٩٠٨/٩/١٩) دامەزراوە. لە پێڕەوی ناوخۆی جەمعییەتەکەیشدا ((... بڵاوکردنەوە و گەشەپێدانی مەعاریف "زانستو کولتوور"، پیشەسازی، بازرگانی و کشتوکاڵ))، وەك ئامانجی سەرەکیی دامەزراندنی ڕێکخراوەکە دانراوە. جەمعییەتەکە لقی خۆی لە بتلیس و دیاربەکر و مووسڵ کردووەتەوە و لەنێو ئەوانەیشدا لقی بتلیس زۆر چالاك بووە و بە گوێرەی هەندێك سەرچاوە پتر لە ٦٨٠ ئەندامی هەبوە[٤٦].

ئەوەیش لە پێڕەوەکەدا نووسراوە: بۆ ئەوەی کەسێك ببێتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی جەمعییەت، پێویستە زمانی کوردی و تورکی بزانێ، یان زمانێکی دیکە بزانێت کە ڕەواجی هەبێت، هەروەها باسی ئەوەیش کراوە کە خەڵات بە ئەندامە چالاکەکانی جەمعییەت دەبەخشن کە بتوانن ڕێزمان و کتێبی زمانی کوردی ئامادە بکەن. سەیید عەبدولقادر سەرۆکی ئەم

---

[٤٥] شادیلی، ل١٥٦.

[٤٦] مالمیسانژ، ل٣٤.

جەمعییەتە بووە و بڵاوکراوەیەکی کوردیش بە ناوی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی دەرکراوە.

محەمەد شوکری سەگبان لە هەر ڕوانگەیەکەوە تێی بڕوانرێ، لە کێشەی کورددا خاوەنی کەسایەتییەکی گرنگە[٤٧]. زنار سلۆپی لە بارەی شوکری سەگبانەوە وەها دەڵێت: ((... هەرچەندە ناکرێ نکووڵی لەوە بکرێت کە یارمەتییەکانی محەمەد شوکری بەگ، لە گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی جووڵانەوەی نەتەوەییی کورددا، ڕۆڵی زۆریان هەبوە، بەڵام دواتر بۆ ئەوەی ببەخشرێ و لەو بەغدایەی کە پەنای بۆ بردبوو، بۆ ئەستەنبووڵ بگەڕێتەوە، هەروەها لەبەر خاتری تورکەکان دەیویست کوردەکان بتوێنرێنەوە و لە نامیلکەیەکیشدا لافی ئەوەی لێدابوو کە هێڤی لەبەر ویست و بۆچوونە ئیقلیمی (هەرێمی)یەکان دامەزراوە و پەیوەندیی بە هەستە نەتەوەییەکانی کوردەوە نییە، بەڵام ئەمەیش پێچەوانەی ڕاستیەکانە))[٤٨].

((... مادەنلی دکتۆر محەمەد سەگبان، هەستە نەتەوەییەکانی ئێمەی لاوانی کوردی بە بیروبۆچوونە وروژێنەرەکانی خۆیەوە دەهێنایە جۆش‌وخرۆش، تەنانەت بەهۆی یارمەتیەکانی [دارایی] ئەوەوە، توانیمان لە گەڕەکی سیرکەچیی ئەستەنبووڵ بەرامبەر بە پۆستەخانەی نوێ لە بینای ئەرزڕووم، شوێنێك بە کرێ بگرین و بیکەینە بارەگای جەمعییەتی هێڤی)).

مالمیسانژ سەبارەت بە محەمەد شوکری سەگبان دەڵێت: ئەو ((کوردێك بووە بە خیانەتەکەیەوە بەناوبانگە))[٤٩]. هۆی ئەمجۆرە هەڵسەنگاندنەیش بۆ کتێبێکی ئەو [شوکری سەکبان] دەگەڕێتەوە کە سەبارەت بە کێشەی کورد لە

[٤٧] تونایا، بەرگی دووەم، ل١٨٦.

[٤٨] سلۆپی، ل٢٧.

[٤٩] مالمیسانژ، ل٣٥.

ساڵی ١٩٣٣ بەناوی خۆی و بە زمانی فەرەنسی، بڵاوی کردووەتەوە. محەمەد شوکری سەگبان بەگ لەم کتێبەدا نەك هەر بەرگریی لە جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد نەکردووە، بەڵکوو ڕایگەیاندوە جووڵانەوەکەیشی پێ قبووڵ نییە. دوای بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبە، ئیدی وەك کەمالیستێکی تورکچی خزمەتی بۆچوونی ڕەسمی [دەوڵەتی تورکیا]ی کردووە.

((... ئەم دوو خەڵکە، جگە لە هاوبەشیی ئابووری و یەکێتی دین و نەژاد و کەلتووری هاوبەش و هۆکارەکانی یەکێتیی نەتەوەیی، کۆمەڵێك هۆکاری بەهێزی هاوبەشی دیکەیشیان هەیە. ئەمەیش کەسایەتییە پلە بەرزەکەی غازی "کەم ئەندام"ە. [و: لێرەدا مەبەست مستەفا کەمال ئاتاتورکە کە تورکەکان بە غازی مستەفا کەمال پاشا ناوی دەبەن.] لە ڕاستیشدا هەبوونی کەسایەتییەکی وەك غازی سەرکردە و کەسایەتییەکی وەك غازی مستەفا کەمال پاشا، لە لوتکەی دەسەڵاتی دەوڵەتدا، کە بۆ هەر نەتەوەیەك وەك گەنجینەیەك وایە، مایەی خۆشی و بەختەوەرییە. هیچ کەس ناتوانێ حاشا لە چاکە و باشیی ڕیفۆرمەکانی ئەو لە تورکیادا بکات. ئەمەیش بۆ ئەو شانازی و شەرەفێکی وا گەورەیە کە ئەنجامە باشەکانی هیچ کاتێك کۆتاییان پێ نایێ))[٥٠].

مووسا عەنتەر لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا ڕایگەیاندووە کە ناوی د. محەمەد شوکری سەگبان لە سەرووی ئەو لیستە سەدوپەنجا کەسییەوە بووە کە مستەفا کەمال پاشا ئامادەی کردووە[٥١]. بەڵام لە ڕاستیدا ناوبراو نەخراوەتە ئەم لیستەوە و ئەو ئەندامانەی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان کە ناویان لەو لیستەیەدا بووە، بەمجۆرەی خوارەوەیە:

---

[٥٠] سەکبان، ل٢٧.

[٥١] عەنتەر، ل٧٤.

بنکەی ژین www.zheen.org

١. حەمدی پاشای کورد کە وەزیری پێشووی دەریاوانی بووە و بە "جاچی حەمدی" ناسراوە.

٢. فانیزادە مەسعوود، موتەسەڕیفی پێشووی جەبەل تاریق.

٣. بەدرخانی خەلیل "ڕامی" موتەسەڕیفی پێشووی جەبەل تاریق.

٤. مستەفای کورد [مستەفا پاشا یامولکی] سەرۆکی پێشووی دیوانی حەرب "جەنگ".

٥. ئەدەنەلی زەینەلعابدین [برای مەسعوود فانییە.] کە کاتبی عموومی (هێڤی؟ Hi) و بە ئەسڵ خەڵکی ڕەواندوز بووە.

٦. مەولانزادە ڕەفعەت، خاوەنی ڕۆژنامەی سەربەستی و ئەندامی (هێڤی؟ Hi).

٧. هەقییە کورد یان "کورد هەقیی"ی سولەیمانیەیی.

٨. فانیزادە عەلی عیلمی [برای مەسعوود و زەینەلعابدین کوڕانی فانی] خاوەنی ڕۆژنامەی فەردا لە ئەدەنە[52].

بنکەی ژین
www.zheen.org

## ٤- محیّدین نامی بەگ:

ئەفسەرێکی پێشووی سوپا بووە. لە "CHF"وە وەکوو مەبعووس "نوێنەر" لە پەرلەمانی تورکیا دامەزراوە. لە خولی دووەم و سێیەمدا بووەتە نوێنەری بتلیس و لە خولی چوارەمیشدا نوێنەری مووش بووە. تارق زەفەر

---

[52] بۆ زانیاری سەبارەت بە ١٥٠ کەسەکە بڕوانە: کتێبی (١٥٠ کەسەکان، نووسینی: ئیلهامی سوسیال)، ئەستەنبووڵ، بڵاوکراوەکانی گول، ١٩٨٥، چاپی دووەم، لیستەی تەواو، ل٥٩-٦٥.

بۆ گفتوگۆکان سەبارەت بەو ١٥٠ کەسە، سەیری کۆنوسی پەرلەمانی "نەتەوەی گەورەی تورک" ١٦ی نیسانی ١٣٤٠ یاخود ١٩٢٤ بکەن، خولی دوو، بەرگی پێنج، ساڵی دووەمی کۆبوونەوەکان، بەرگی هەشت ١/٨ ئەنقەرە، بڵاوکراوەکانی پەرلەمان، بڵاوکراوە کەلتووریەکانی بانقی کاری تورکیا، ١٩٨٥، بەرگی چوارەم.

تونایا، ناوی محیّدین نامی بەگی وەك یەكێك لە دامەزرێنەكانی جەمعییەتی تەعالیی كوردستان لەقەڵەم داوە، بەڵام لە سەرچاوەكانی تردا ئاماژە بە شتێكی وەها نەدراوە. مێژوونووسی تورك تارق زەفەر تونایا وتوویەتی، نەیتوانیوە بەتەواوی ناوی دامەزرێن و بەڕێوەبەرانی جەمعییەتی تەعالیی كوردستان، دەستنیشان بكات و ئەو ناوانەیش كە ئاشكرای كردوون ئەوانەن كە شوكری سەگبان بەگ پێی ڕاگەیاندووە. (١ی تەمووزی ١٩٧٦ قسەی لەگەڵدا كردووە)[٥٣].

عەونی دۆغان، پێی وایە ئەمانە لە دامەزرێنەكانی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی بوون: "محیّدین نامی بەگ"ی لە خانەدان و بنەماڵە ناودار و دەوڵەمەندەكان، سەیید عەبدولقادر، بابانزادە حیكمەت، بابانزادە زیهنی، بابانزادە مەحموود، بەدیعوزەمان سەعیدی كوردی، بەدرخانزادە بەدرخان، بەدرخانزادە موراد ڕەمزی، بەدرخانزادە محەمەد عەلی، بەدرخانزادە ئەمین عالی، مەولانزادە ڕەفعەت، دكتۆر شوكری محەمەد، حاجی عەبدوڵڵا سەعدی (كاتبی گشتیی جەمعییەت بووە) و فەریقی خانەنشین ئەركانی حەربیە "جەنگ" ئەحمەد حەمدی پاشا[٥٤]. ئەم ناوانەی كە عەونی دۆغان لە كتێبەكەیدا ساڵی ١٩٦٤ وەك دامەزرێنەكانی جەمعییەتی تەعالیی كوردستان بڵاوی كردوونەتەوە، جیاوازییان لەگەڵ ناوەكانی بیرەوەرینووسانی كورددا هەیە. بابانزادە زیهنی، بابانزادە مەحموود، بەدرخانزادە موراد ڕەمزی، بەدرخانزادە بەردرخان و مەولانزادە ڕەفعەت لە ڕیزی دامەزرێنەكانی جەمعییەتی تەعالیی كوردستاندا نەبوون، بەڵكوو ئەندامە كاریگەرەكانی ئەو ڕێكخراوە بوون.

---

[٥٣] تونایا، بەرگی دووەم، ل١٨٦-١٨٧.

[٥٤] دۆغان، ل٨٩.

له كتێبی قۆچگیری‌دا ئەم ناوانەی خوارەوە وەك دەستەی بەڕێوەبەریی دوای یەكەم كۆبوونەوەی گشتیی جەمعییەتی تەعالیی كوردستان هاتوون؛

١. سەرۆكی یەكەم؛ سەیید عەبدولقادری كوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینانی.

٢. جێگری سەرۆك؛ ئەمین عالی بەدرخان.

٣. جێگری سەرۆك؛ فەریق فوئاد پاشا (كوڕی سەعید پاشای سلێمانیەیی‌یە).

٤. كاتبی گشتی؛ فەریق حەمدی پاشا.

٥. ژمێریار؛ سەیید عەبدوڵڵا (كوڕی سەیید عەبدولقادر بووە).

٦. ئەندام؛ محەمەد عالی بەدرخان "لۆتانلی".

٧. ئەندام؛ محەمەد ئەمین بەگی سلێمانیەیی.

٨. ئەندام؛ مەلا عەلی ئەفەندی.

٩. ئەندام؛ ئاروسلی شەفیق (مامۆستا).

١٠. ئەندام؛ بابان‌زادە شوكری بەگ (سەرنووسەری ڕۆژنامەی تەرجومان).

١١. ئەندام؛ بابان‌زادە فوئاد بەگ.

١٢. ئەندام؛ فەتحوڵڵا ئەفەندی (بازرگان بووە).

١٣. ئەندام؛ محەمەد شوكری سەگبان[٥٥].

بەڵام باسی ئەوەی تێدا ناكرێت كە ئەو كۆبوونەوە یا كۆنگرە گشتییە لە چ ڕۆژێكدا ساز كراوە كە ئەمانەی وەك دەستەی بەڕێوەبردن هەڵبژاردووە. "وەدات شادیلی" هەمان ئەو ناوانەی كتێبی قۆچگیریی وەك دەستەی بەڕێوەبەریی جەمعییەتی تەعالیی كوردستان هێناوەتەوە[٥٦]:

---

[٥٥] قۆچگیری، ل٢٧.

[٥٦] شادیلی، ل١٥٩.

١. بەدرخانلی ئەمین عالی بەگ.

٢. محەمەد شەوقی پاشا.

٣. سەیید عەبدولقادر ئەفەندی.

٤. موشیر داماد ذولکەفەل پاشا[٥٧].

حەسەن یڵدز دەڵێت: یەکەم کۆنگرەی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ساڵی ١٩١٩ ساز کراوە، ڕۆژەکەی دیاری ناکات، بەڵام ئەوەشی بۆ زیاد دەکات کە یەکەم دەستەی بەڕێوەبەریی بە هەڵبژاردن لە کۆنگرەدا دەستیشان کراوە. ئەو ناوانەی کە حەسەن یڵدز وەك دەستەی بەڕێوەبەر باسیان دەکات، لەگەڵ ناوەکانی کتێبی قۆچگیریدا یەك دەگرنەوە. بەڵام ناوی ئاڵبای [پلەیەکی سەربازییە] خالیدی دێرسیمی کە حەسەن یڵدز وەك ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکە ناوی بردووە، لە کتێبی قۆچگیریدا نییە. هەروەها ناوی موشیر دامات ذولکەفەل پاشایش کە محەمەد ئەمین زەکی باسی کردووە، لە سەرچاوەکانی تردا ئاماژەی پێ نەدراوە[٥٨].

زنار سلۆپی، کەندال نەزان، شوکری سەگبان و محەمەد ئەمین بۆزئارسلان کۆکن لەسەر ئەوەی وا کۆنگرە یا یەکەم کۆبوونەوەی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ساڵی ١٩١٩ سازکراوە و ئەم ناوانەی خوارەوەیش وەك دەستەی بەڕێوەبەر هەڵبژێردراون:

١. سەرۆك: سەیید عەبدولقادر "شەمزینان".

٢. جێگری سەرۆك: ئەمین عالی بەدرخان (بۆتان) جێگری یەکەمی سەرۆك.

---

[٥٧] محەمەد ئەمین زەکی بەگ، مێژووی کوردستان، ئەستەنبووڵ، بڵاوکراوەکانی کۆمەڵ، ١٩٧٧، ل١٧٩.

[٥٨] حسن یڵدز، لە ڕوانگەی فەلسەفی و سیاسیەوە ڕەخنە لە کۆمەڵگای کوردی کە لە خێڵەوە بەرەو نەتەوەگەرایی دەچێت، ستۆکهۆڵم، بڵاوکراوەکانی هێڤیا گەل، ١٩٨٩، ل٨٥.

٣. جێگری سەرۆك: فوئاد پاشای سلێمانیەیی (جێگری دووەمی سەرۆك).

٤. سکرتێری گشتی: حەمدی پاشا.

٥. ژمێریار: سەیید عەبدوڵڵا (کوڕی سەیید عەبدولقادر بووە).

٦. ئەندام: میرئالای [و: پلە یەکی عەسکەری بووە] خالید بەگ.

٧. ئەندام: میرئالای م. عالی بەدرخان (بۆتان).

٨. ئەندام: م. ئەمین بەگ (سلێمانی).

٩. ئەندام: مەلا عەلی ئەفەندی.

١٠. ئەندام: شەفیق ئارواسی (وان).

١١. ئەندام: شوکری بابان (سلێمانی).

١٢. ئەندام: فوئاد بابان (سلێمانی).

١٣. ئەندام: فەتحوڵڵا ئەفەندی.

١٤. ئەندام: شوکری محەمەد (باقرمادەن)[٥٩].

هیچ سەرچاوەیەك نییە ئاماژە بەوە بدات کەسانی لەسەرەوە ناوبراو چ ڕۆژێك لە کۆبوونەوەی گشتیی جەمعییەتدا بوونەتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر، بەڵام محەمەد شوکری سەگبان دەڵێت: کۆنگرە یا یەکەم کۆبوونەوەی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە مایسی ١٩١٩دا ساز کراوە. ناوی شوکری سەگبان بەگ بۆ لیستی ئەم ئۆرگانە هەڵبژێردراوە کوردییە زیاد کراوە. "تونایا"یش لە لیستەکەی خۆیدا کە بۆ ناوی دەستەی بەڕێوەبەریی هەڵبژێردراوی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانی ئامادە کردووە، ناوی شوکری سەگبانی هێناوە. کەواتە گونجاوترین بۆچوون بۆ مێژووی

---

[٥٩] سلۆپی، ل٢٣، بۆزئارسلان، ل٦٣، سەگبان، ل١٥٥.

یەکەم کۆبوونەوەی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان مایسی ١٩١٩یە کە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەریی تێدا هەڵبژێردراون.

محەمەد ئەمین بۆزئارسلان ناوەکانی (حەمزەی موکسیی بەرپرسی گۆڤاری ژین و خەلیل خەیاڵی و مەلا سەعیدی کوردی)شی وەك ئەندامانی دەستەی دامەزرێنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان هێناوەتەوە، زنار سلۆپی و کەندالّ نەزانیش وەکوو بیرەوەری نووسەکانی کورد، ناوی حەمزە موکسی، خەلیل خەیاڵی بەگ و مۆتکی سەعیدی کوردی‌یان خستووەتە لیستی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان[٦٠]، ناوی ئەم سێ کەسە وەك دامەزرێنەکانی سەرەتایی ڕێکخراوەکە هاتووە و ئەوان یەکەم کارەکانی دامەزراندنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان‌یان ڕاپەڕاندووە. دواتر بە هاوکاریی ڕۆشنبیرە کوردەکانی تر لە ئەستەنبووڵ، درێژەیان بە کار و چالاکیەکانیان داوە و ساڵی ١٩١٩یش یەکەم کۆنگرەی جەمعییەتەکەیان ڕێکخستووە کە یەکەم دەستەی بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکەی تێدا هەڵبژێردراوە.

خەلیل خەیاڵی بەگ کە ناوی وەك ئەندامی دەستەی دامەزرێنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان هاتووە، زماناس و نووسەرێکی گرنگی کوردە و لە نووسەر هەمیشەییەکانی ژین بووە. ناوبراو، زانایەکی گەورەی کورد بووە، لە "ژین"دا بە ناوی کوردییەی بتلیسی سەبارەت بە (مێژوو، میتۆلۆژی، ڕێزمان و فەلسەفە) بابەتی بڵاو کردووەتەوە.

---

[٦٠] بۆزئارسلان، ل٢٣، سلۆپی، ل٥٢.

## خەلیل خەیاڵی:

سەر بە عەشیرەتی "مۆدان"ـە لە قەزای مۆتكی لە بتلیس. هەر لە منداڵییەوە حەزی لە خوێندن بووە و پەروەردەیەكی باشی بینیوە و دوای ماوەیەكیش چووەتە ئەستەنبووڵ كە ناوەندی زانست و عیرفان بووە، لەوێ بووەتە فەرمانبەر. دواجاریش ژمێریاری مەكتەبی باڵای كشتوكاڵ حەلقەلی بووە. خەلیل خەیاڵی زمانەكانی فەرەنسی و عەرەبیی بە باشی زانیوە و هەستی بە كێشە و نەدارییەكانی نەتەوەی كورد لە هەموو لایەكەوە كردووە و ویستوویەتی چارەیان بۆ بدۆزێتەوە. ڕێزمانێكی بۆ زمانی كوردی داناوە و فەرهەنگێكیشی ئامادە كردووە و بەوجۆرەیش هەوڵێكی نەتەوەییی داوە. لە ساڵانی دوای ١٩٠٠وە لە ئەستەنبووڵ بووە و پەیوەندیی لەگەڵ منداڵانی بنەماڵەی كوردەكاندا -كە لەوێ خوێندوویانە- هەبوە، زانیاریی سەبارەت بە زمان و ئەدەبیاتی كوردی پێداون و بەوجۆرەیش ڕۆڵی لە گەشەپێدانی هەستی نەتەوەیی و خۆشەویستیی كوردستان لە دەروونیاندا گێڕاوە. لەوكاتانەیشدا لەگەڵ زیا گویك ئالپدا كە پزیشكیی خوێندووە و لە زازاكانی قەزای چەرمیكی دیاربەكر بووە، ئاشنایەتیی پەیدا كردووە.

خەلیل خەیاڵی و زیا گویك ئاڵپ پێكەوە كاریان لەسەر ڕێزمانی كوردی كردووە و سەرقاڵی ئامادەكردنی فەرهەنگێكی كوردی بوون. زیا بەگ دوای خوێندن بەناچاری بۆ دیاربەكر گەڕاوەتەوە و دەقی نووسینە هاوبەشەكانی خۆی و خەلیل خەیاڵیی لەگەڵ خۆیدا بردووە. لەو مێژووە بەدواوە ئەو دوو هاوڕێ كوردە هەتا كاتی مەشرووتییەت، یەكتریان نەبینیوەتەوە. دوای ڕاگەیاندنی مەشرووتیەت، زیاگویك ئالپ وەك نوێنەری دیاربەكر بەشداری لە كۆنگرەی جەمعییەتی ئیتیحادوتەرەقیدا دەكات لە سەلانیك و لەو بەینەیشدا لە ئەستەنبووڵ چاوی بە خەلیل خەیاڵی دەكەوێتەوە. خەلیل خەیاڵی داوای

دەقی ئەو نووسینانەی لێ دەکات کە پێکەوە دەربارەی ڕێزمانی کوردی نووسیبوویان، بەڵام زیا گویك ئاڵپ پێی وتووە ونی کردوون و ئەویش بە ناچاری دەست دەکاتەوە بە نووسینەوەی ئەو بەرهەمەی کە نەتەوەی کورد تا ڕادەیەك پێویستی پێی بوو.

خەلیل خەیاڵی بەشداریی لە دامەزراندنی (جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کوردستان)یشدا کردووە کە لە یەکەم ڕێکخراوە کوردییەکان بووە و سەرقاڵی بەڕێوەبردنی بڵاوکراوە پەروەردەییەکانی ڕێکخراوەکە بووە[٦١]. مووسا عەنتەر لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت: خەلیل خەیاڵی مۆدان (مۆتکی) بە پلەی بەرپرسی ژمێریاری کۆلێژی ئۆرمان خانەنشین کراوە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی وا (لە بیرەوەرییەکانی مووسا عەنتەر)دا دەست کەوتوون، نەزمییە خانمی خوشکی خەلیل خەیاڵی لەو قۆناغەدا لە ڕیزی کەسایەتییە نەتەوەخوازە ناودارەکانی کورددا بووە. بەدیعوزەمان مەلا سەعیدی کوردی لە لاپەڕە ٤٩ی کتێبی (شەهادەتنامەی دوو مەکتەبی موسیبەت) "ئیکی مەکتەبی موسیبەت شەهادەتنامەسی"دا دوای ئامۆژگاری کردنی کوردەکان، پەسنی خەلیل خەیاڵی دەدات و بەمجۆرە تاریفی دەکات؛ ((... با نموونەی پارێزەرێکی میللەتتان بۆ باس بکەم، ئەویش مۆتکیلی خەلیل خەیاڵی ئەفەندییە... لەڕاستیدا لەوکاتەوەی کە لە مەعدەنی کوردستاندا گەوهەرێکی وامان دۆزیوەتەوە، ئیدی هیوا بە داهاتوومان پرشنگ دەبەخشێتە گەوهەر و زێڕەکانی تر)). زنارسلۆپیش وەکوو توانایەکی گەورە باسی دەکات: ((خەلیل خەیاڵی کەسایەتییەکی بەنرخە. دوای "ئەحمەدی خانی" شاعیری گەورە و ناوداری کورد کە ٢٨٣ ساڵ بەر لە

---

[٦١] کوردستان پرێس Kurdistan Press، ژمارە ٤٣ (١٤)، ١٣/١٠/١٩٨٨، س. ٨، سلۆپی، ل٢٤.

ئێستا دیوانی مەم و زینی نووسیوە، بەهۆی بەیتەکانی خۆیەوە هەستی گەورەی نیشتمانپەروەریی خۆی بۆ هەموان دەربڕیوە و نموونەیشی لە دنیادا کەمە، خەلیل خەیاڵی کە بە زاراوەی کرمانجی نووسیویەتی، پتر لە هەموو نووسەرانی دیکە، ڕۆڵی لە بڵاوکردنەوەی هەستوبیری کوردایەتیدا هەبوە. مەزارەکەی لە ئەستەنبووڵدایە)).

حەمزە موکسی لە دامەزرێنەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بووە و لەهەمان کاتیشدا بەڕێوەبەری ئۆرگانی غەیرە ڕەسمیی جەمعییەتەکە بووە کە بەناوی "ژین"ەوە دەرکراوە. ((حەمزە کەسایەتییەکی خاوەن بڕوا و لە دڵەوە کوردێکی نیشتمانپەرەوەر و نەتەوەخواز بووە. لە هەمان کاتدا نووسەرێکی توانایش بووە. مەم و زین بە پێشەکیی ئەو چاپ کرابوو. حەمزە هەتا ژمارەی ٢٠ بەرپرسی "ژین" بووە، دوای ئەوەیش مەمدووح سەلیم ئەو ئەرکەی گرتووەتە ئەستۆ))[٦٢].

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بەدیعوزەمان سەعیدی کوردی (١٨٧٦-١٩٦٠):

یەکێك بووە لە کەسایەتییە فرەڕەنگەکانی سەردەمی ئیتیحادوتەرەقی. مالمیسانژ سەرەتا دەیگوت سەعیدی نوورسی یەکێك لە ((کەسایەتیە نەتەوەییەکانی کورد)) بووە[٦٣]. دین و کوردایەتی، دوو پێکهێنی جیاوازی کەسایەتیی سەعیدی نوورسی بوون[٦٤]. ڕۆهات پێیوایە سەعیدی نوورسی کەسایەتییەکە شایانی ئەوەیە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و ئەم قەناعەتەیش

---

[٦٢] بۆزئارسلان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

[٦٣] مالمیسانژ، ل٣١.

[٦٤] ڕۆهات، سەعیدی کوردی، چیرۆکی فەرامۆشکردنێك، بەرگەه، ژمارە ٤، ١٩٩٠، ل١٧.

**بۆ تویێژینەوە لە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان زۆر گرنگە، ڕۆهات لە لێکۆڵینەوەکانیدا لە بەرگەهـ (Bergeh) زۆرتر لەسەر لایەنی "کوردی"ی کەسایەتیی سەعیدی نوورسی دەگیرسێتەوە و دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە ناوبراو ناسنامەی کوردیی خۆی پشت گوێ خستووە: ((نەبوونی تویێژینەوەیەك لە ڕوانگەی نەتەوەیی کوردەوە لەسەر سەعیدی نوورسی، بووەتە هۆی ئەوەی کە هەڵسەنگاندن و زانینی هەندێك ڕاستی لەو بارەیەوە زەحمەت بن، لەوانەیە سەعیدی کوردی بیرهێنەوەی داستانێکی فەرامۆشکراو بێت بۆ کوردەکان))[٦٥]. ڕۆهات دەڵێت: سەعیدی کوردی ساڵی ١٨٨٨ لەگەڵ کەسێکی "مەلا محەمەد" ناودا چووەتە سەر مەزاری بیرمەندی گەورەی کورد ئەحمەدی خانی و ئەمەیش ڕۆڵێکی کوردانەی کەسایەتیی ئەو بووە. ((سەعیدی کوردی، ئەحمەدی خانیی کردووەتە کەسایەتییەکی نموونەیی بۆ خۆی و بەوەیش هەوڵی داوە هاوئاهەنگییەك لەنێوان دنیای ئیسلامی و کوردانەی خۆیدا دروست بکات. لەلایەکی دیکەشەوە، زۆر کەوتووەتە بەر کاریگەریی کەسایەتیی سەلاحەدینی ئەیوبی کە وەك خۆی کورد بووە))[٦٦].**

**سەعیدی کوردی ساڵی ١٩٠٧ چووەتە لای سوڵتان عەبدولحەمید لە ئەستەنبووڵ، داوانامەیەکی سەبارەت بە ویستەکانی کورد پێداوە. ئەوەیشی پێی ڕاگەیاندووە کە سیستەمی پەروەردەیی لە کوردستان وەڵامی داواکاریەکانی کوردەکان ناداتەوە و لەبەرئەوەیش داوای کردووە هەندێك دامودەزگای پەروەردەیی لە سێ ناوچەی جیاوازی کوردستان دابمەزرێن. ڕۆهات پێی وایە پادشای [عوسمانیەکان] لەم ئازایەتی و بوێرییەی ناوبراو تووڕە بووە و ڕەوانەی زیندانی (تۆپتاشی)ی کردووە. هەروەها باسی**

---

[٦٥] **هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.**

[٦٦] **هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.**

ئەوەیش دەکات کە سەعیدی کوردی داوای کردووە دەوڵەت هەندێك قوتابخانە بکاتەوە بۆ پەروەردەی دینی و فێرکردنی زانستە سروشتییەکان و وانەکانیش لەلایەن مامۆستای کوردەوە بوترێنەوە. ڕۆهات ئەم داواکارییەیش بە تێکەڵبوونی لایەنی ئایینی- کوردیی کەسایەتیی سەعیدی نوورسی لەقەڵەم دەدات، پادشایش تەنیا لەبەر ئەم داواکارییە کوردانەیە فشاری نەخستووەتە سەر سەعیدی کوردی، بەڵکوو لەبەر ئەوەیش بووە کە ناوبراو لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمەدا، جێی خۆی لە ڕیزی ئۆپۆزسیۆندا گرتبوو. دیارە ئەوەیش دەزانرێت کە کاتێك بۆ زیندانی دەبەن، خۆ ڕاگرییەکی زۆر بەرامبەر بە فشارەکانی دارودەستەی پادشا دەکات. لەوەیش زیاتر، کاتێك ئامۆژگاریی کوردەکان دەکات کە خۆڕاگر بن، ئاکارێکی جیاوازی خۆی دەردەخات: ((لەکاتی دەسەڵاتی زۆرملێ و ملهوڕیدا، کەوتمە بەر حوکمی شێتەکان لە شێتخانە... هەرچەندە ئەگەر بە عەقڵ بوایە، دەبوو بەرژەوەندی گشتیم بکردایەتە قوربانی بەرژەوەندی شەخسیم، بەڵام من شێتبوونم هەڵبژارد. ئێوە شایەت بن من عەقڵی وام ناوێ و شانازی بە شێتبوونەکەی خۆمەوە دەکەم. ئەی کوردینە! من لەبەر ئەمە شێخانەم هەڵبژارد، بۆ ئەوەی کوردایەتی لەکەدار نەکەم، ئیرادەی پادشا و مووچە و چاکەی سوڵتانم ڕەت کردەوە))[٦٧].

سەعیدی کوردی ئەو ساڵانە بایەخێکی زۆری داوەتە پەروەردە و فێرکردنی زمانی کوردی و لەوبارەیەوە بە کردەوە هەندێك هەنگاوی هەڵگرتووە. هەر لەو ڕۆژانەیشدا بووە کە بووەتە ئەندامی دەستەی دامەزرێنی جەمعییەتی نەشری مەعاریفی کورد لە ئەستەنبووڵ: ((جێگرتنی سەعیدی

---

[٦٧] جەمال کوتای، بەدیعولزەمان سەعیدی نورسی، موسوڵمانێکی سەردەمی خۆشبەختی لە ئەم سەدەیەماندا، ئەستەنبووڵ، ١٩٨٠، ل٢٩٣.

کوردی لەنێو دەستەی دامەزرێنەکانی ئەم جەمعییەتەدا، نیشانەی هاوکاری ئەو بووە. گەشەکردنی نەتەوەخوازیی کوردی کە لە سەرەتاکانی ئەم سەدەیەماندا گەشەی کردووە، چونکە کۆششەکانی سەعیدی کوردی بۆ سەرهەڵدانی جەماوەری لە دژی دەسەڵاتی عەبدولحەمید، بە بەشداری کردنی لەو جەمعییەتەدا، واتایەکی دیکەیان پەیدا کرد))[٦٨].

سەعیدی کوردی لە ڕۆژنامەکانی "شەرق، کوردستان، ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقیی کورد، وۆلقان، تەنین، سەربەستی، میزان و میصباح"دا بابەتی زۆری سەبارەت کوردەکان بڵاو کردووەتەوە[٦٩].

لە نووسینەکانیدا پتر جەختی لە پەرێشانیی کوردەکان کردووە و باسی ئەوەی کردووە کە یەکێتیی نەتەوەیی لەڕێی پەروەردەوە بەهێز بکرێت. ((چی بۆ کوردەکان پێویستە؟ پازدە ساڵە بیر لەم پێویستییە دەکەمەوە و جگە لەم بیرۆکانەی کە داهاتووی کورد مسۆگەر دەکەن، ناتوانم هیچ چارەیەکی دیکە بدۆزمەوە: ١. یەکێتیی نەتەوەیی، ٢. پێشکەوتن و فێربوونی سەنعەتی "پیشەسازی" تەکنیکی بۆ ئەوەی ئاستی شارستانیش لەگەڵ هۆشیاریی ئاینیدا گەشە بکات))[٧٠].

سەعیدی کوردیی وەك هەموو ڕۆشنبیرە کوردەکان، سەرەتا لە ڕیزەکانی ئۆپۆزسیۆندا لەناو "ئیتیحادوتەرەقی"دا دژ بە دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمید جێی گرتووە. دواتریش کاتی دەسەڵاتی ئیتیحادوتەرەقی، لە دژی زوڵم و ستەمەکانی ئەو ڕێکخراوە بەرامبەر بە نەتەوەکانی تر کشاوەتەوە

---

[٦٨] ڕۆهات، ل٢٢.

[٦٩] مالمیسانژ، مەحموود لەوەندی، ڕۆژنامەگەریا کوردی لە کوردستانا باکوور وتورکیا، ڕۆژنامەگەریا کوردی، ١٩٠٨– ١٩٨١، سوید، بڵاوکراوەکانی ژینانو، ١٩٨٩، ل٢٤، ٣٣، ٧٩.

[٧٠] ساسۆنی، ل١٤٣.

و لێی جیابووەتەوە. لەبەر تێگەیشتنەکەی لە ئیسلام و شوناسی کوردبوون، لەگەڵ ڕەوتە نەتەوەخوازەکانی تورکدا نەبوە. هیچ کاتیش زیا گویك ئالیی دیاربەکریی دانەری بنەما تیۆرییەکانی تورکایەتیی بە پیاوێکی (ماقووڵ) نەزانیوە، ئەوی بە یەکێك لە سەرانی (نەتەوەخوازیی بەد) و (ڕەگەزپەرستی) زانیوە[٧١]. کاتێ زیا گویك ئالیی لە دیاربەکر بینیوە، پێی وتووە ((سەلگێ پیاز نادەمە سێوێکی سوور)) و بەو جۆرەیش ڕەخنەی لێ گرتووە[٧٢].

شوکری هانی ئوغلوو دەڵێت: نزیکبوونەوەی سەعیدی کوردی لە "د. عەبدوڵڵا جەودەت"ی یەکێك لە سەرانی پارتی ئیتیحادوتەرەقی، ڕەهەندێکی ئەتنیی هەبوە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی وا تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی کورد لەودا هەبوون[٧٣]. وەك دەزانرێت سەعیدی کوردی بەشداریی لە قۆناغی تێکۆشانە سەرەتاییەکانی جەمعییەتی ئیتیحادوتەرەقیدا کردووە، دژ بە ڕژێمی عەبدولحەمید. وا دەردەکەوێ جەمعییەتی ئیتیحادوتەرەقی لەو قۆناغەدا بایەخێکی زۆری بە کەسایەتیی سەعیدی کوردی داوە. ((... سەرەتا پلەو پایەیەکی بەرزیان دا بە سەعیدی کوردی. گوایە بە قسەی خۆیان لە مەسەلەی کوردستاندا، سوودی گەورەیان لێ دەبینی))[٧٤].

پێویستە بەدیعوزەمان سەعیدی کوردی بە یەکێك لە کەسایەتییە فرەڕەنگەکانی کورد لە قۆناغی ئیتیحادوتەرەقیدا، لەقەڵەم بدرێت. لە کتێبی

---

[٧١] ڕۆهات، ل٧١.

[٧٢] نەجمەدین شاهینەر، لایەنە نەزانراوەکانی بەدیعولزەمان سەعیدی نورسی، ئەستەنبووڵ، بڵاوکراوەکانی یەنی ئاسیا، ١٩٩٠، ل١٣٤، چاپی حەوتەم.

[٧٣] محەمەد شوکری هانی ئۆغلو، عەبدوڵڵا جەودەت و قۆناغەکەی وەکو بیرمەندێکی سیاسی، ئەستەنبوڵ، بڵاوکراوەکانی ئویچدال، ١٩٨١، ل٣١٥.

[٧٤] بەزمی نوسرەت قایگی سز، وەکو ڕۆمانێك، ئیزمیر ١٩٥٥، ل٦٢.

(ئیکی مەکتەبی موسیبەتن شەهادەتنامەسی یاخود دیوانی حەربی عورفی شەهادەتنامەی دوو مەکتەبی موسیبەت یا دیوانی شەڕی عورفی)دا هەندێك زانیاری لەبارەی ژیانی ئەو ڕۆژانەیەوە هەیە. ئەو زانیارییانە سەبارەت بە پەیوەندیەکانی لەگەڵ کوردەکاندا و بیرو بۆچوونەکانی دەرهەق بە کورد و کوردستان، زۆر گرنگن ((لە چاپی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی "سۆزلەر"دا، ساڵی ١٩٧٨ هیچ ڕستەیەکی سەعیدی کوردی سەبارەت بە کورد بڵاو نەکراوەتەوە و کوردستانیش بە ویلایەتی شەرقییە ناوبراوە))[٧٥].

شەوکەت سوورەییا ئایدەمیر دەڵێت: کوردی زادە ئەحمەد ڕامیز لەو پێشەکییەدا کە بۆ "کتێبی شەهادەتنامەی دوو مەکتەبی موسیبەت یا دیوانی حەربی عورفی" نووسیویە، وەك کەسێکی بلیمەت باسی سەعیدی کوردیی کردووە. ((ساڵی ١٣٢٣/ ١٩٠٧ بوو کە ناو و دەنگی سەعیدی کوردی لە ئەستەنبووڵ بڵاو بووبووەوە، وەکوو دەستبژاردەیەکی لێهاتوو مێشکی وەك بزیسکەی ئاگر ڕووناکیی دەبەخشی و یەکێك لە بەرهەمە نایابەکانی داستانی خوڵقاند. ئەو لە پشتی چیا سفتوسۆڵە بەرزەکانی کوردستانەوە وەك خۆرێك دەرکەوتبوو، پرشنگەکانیشی بە ئاسۆکانی ئەستەنبووڵدا بڵاو دەبوونەوە. دوای ئەمە، هەندێك کەس کە بەپێی هەڵکەوتی خۆیان لە ڕووداوەکانیان دەکۆڵییەوە، دەیانویست بزانن [سەعیدی کوردی] کێیە. کاتێك بەرەکەتێکی وەك ئەویان لە خەزێنەی ئافراندن (خوڵقاندن)دا دەبینی، پێیان قبووڵ نەدەکراو دەیانگوت؛ چۆن دەبێ کەسێك بە شاڵو شەرواڵی کوردییەوە، ئەوەندە زیرەك و لێهاتوو بێت؟ ئەمانە زۆرینەیان ساختەکار و فێڵباز بوون و لەبەرئەوەی خۆیان هیچیان پێنەبوو، سووکایەتییان پێدەکرد و دەیانگوت: شێتە!

---

[٧٥] شەهادەتنامەی دوو مەکتەبی موسبەت، لە کولیاتی ریسالەی نور یاخود دیوانی حەربی عورفی، ئەستەنبووڵ، بڵاوکراوەکانی سۆزلەر، ١٩٧٨، ل٥-٨.

لەڕاستیدا سەعیدی کوردی لەبەر ئەوەی زۆر بلیمەت بوو، گەیشتبوە سنوورەکانی شێتی. بەڵێ، سەعیدی کوردی لە دژی ئەو هەواڵانەی کە بۆ کوشتنی ڕۆح و کەسایەتیی کوردستان لە بێئاگایی و نەزانیدا دەدران، هەروەها لەجیاتی وەرگرتنی ئەو بەهەشتانەی کە خۆی دروستی نەکردوون، هاتبوە ئەستەنبووڵ تا بومەلەرزەیەك بخاتە قەنارەکانی سیاسەت لە کۆشکی یڵدز. بەرلەوەی بێتە ئەستەنبووڵ، چەندین جار لە وان، بتلیس، سێرت، ماردین و ئەرزڕووم دوورخرابووەوە. لەگەڵ هاتنیدا بۆ ئەستەنبووڵ، لەلایەن عەبدولحەمیدەوە دەستبەسەر کرا. دواتر ڕۆژێك هات ناردیانە شێتخانەی تۆپتاشی لە گەڕەکی ئوسکودار، چونکە [دەترسان] لەوەی بتوانێ کەسانێك لە زینداندا هۆشیار بکاتەوە و بەئاگایان بێنێ.

جاربەجار لە شێتخانە دەریان دەهێنا و پێشنیاری پلەوپایە و شان‌و نیشانی بەرزیان پێ دەکرد. بەڵام بەدیعوزەمان [تەنیا] دەیویست کە لە هەموو لایەکی کوردستان مەکتەب (قوتابخانە) بکرێتەوە[٧٦].

مەبەستی سەعیدی کوردی لە (دوو موسیبەت) دوو بەڵا و (مەکتەبی قەهر) زیندان و شێخانە بووە. شەهادەتنامەی هەردوو مەکتەبەکەیش، ڕاپۆرتەکانی دکتۆر و ئەو حوکمانەن کە بۆی بڕاونەتەوە. بە گوێرەی ئەو، عەبدولحەمید شێتخانە و قۆناغی مەشرووتیەتیش، زیندانیان بۆ ئەو

---

[٧٦] شەوکەت سورەیا ئایدەمیر، ئەنوەر پاشا لە مەقدونیاوە بۆ ئاسیای ناوەڕاست ١٩٠٨-١٩١٤، ئەستەنبووڵ، کتێبخانەی ڕەمزی، بەرگی دوو، ساڵی ١٩٧١، ل١٤٧-١٤٨.

- بۆ زانینی وردەکاری زیاتر سەبارەت بە کەسایەتی سەعیدی نورسی، شوناسی کوردی وە بیروبۆچوونەکانی سەبارەت بە کوردستان و پێگەی ناوبراو لە نێو جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و تێڕوانینە ئیسلامیەکانی، دەتوانن بڕواننە: مالمیسانژ، سەعیدی نورسی و کێشەی کورد، ئوپسالا، بڵاوکراوەکانی ژینانوو، ١٩٩١.

کردووەتە مەکتەب، سەعیدی کوردی لەو نامیلکەیەدا کە نووسیویەتی، سەرەتا باسی کوردبوونی خۆی دەکات: ((من پەیوەندیم بە حەوت کۆمەڵەوە هەیە. بەر لە هەموو شتێك کوردم و وابەستەی ئەو ناوە پیرۆزەم)).

سەعیدی کوردی یەکێك بووە لە کەسایەتییە ناودارەکانی ڕووداوی ٣١ی مارت و لە بنەڕەتدا وابەستەی ئیسلام بووە. ئایدۆلۆژیای ئیسلام بەسەر سیستەمی بیروبۆچوونەکانیدا زاڵ بووە. بۆ خۆی دەڵێت: ((من نەتەوەخوازیی لە ئیسلامەتی تێدەگەم)). سەعیدی کوردی هەوڵێکی زۆری بە وریاییەوە داوە کە کەسایەتیی ئیسلامی و نەتەوەیی خۆی بەیەکەوە ببەستێتەوە[٧٧].

ئەو، –بەگشتی– ئیسلامەتیی بە بەشێك لە کوردایەتی زانیوە، دەکرێ بڵێین بیروبۆچوون و تواناکانی خۆی نەخستووەتە خزمەتی نەتەوەخوازییەکی مۆدێرن و فرەلایەنی کوردی. لەبەرئەوەی لەو قۆناغەدا ئیسلامەتی لەڕووی ئایدۆلۆژییەوە بەسەر بیروبۆچوونەکانی سەعیدی کوردیدا زاڵ بووە، بۆ خۆی دەڵێت: ((من نەتەوەخوازی بە ئیسلامەتی تێدەگەم)). سەعیدی کوردی پێکهاتەی کوردی بە پیرۆز زانیوە و هەوڵی داوە پاساوێکی لە سیستەمی بیرکردنەوەی ئیسلامدا، بۆ بهێنێتەوە و جێی بکاتەوە[٧٨].

یەکێك لە گرنگترین مشتومڕەکان سەبارەت بە سەعیدی کوردی، بێ هیچ گومانێك بەشداریکردن یا بەشداری نەکردنیەتی لە ڕاپەڕینە گەورەکەی ساڵی ١٩٢٥ی کورددا. سەعیدی کوردی بەشداریی لەو ڕاپەڕینەدا نەکرد و لەبەرئەوەیش دوورنەخرایەوە: ((ئامانجی سەرەکیی زۆر دووخرانەوەی سەعیدی کوردی ئەوەبوو کە هەندێ قەناعەت و گومان لەنێو بەرپرسانی ڕەسمیدا سەبارەت بە بەشداری کردن یا نەکردنی ناوبراو لەو جووڵانەوە

[٧٧] قوتلای، ل٤٣.

[٧٨] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

نەتەوەییانەی کورددا هەبوە، کە لەوانە بووە دەربکەوێ. ئەو ساڵانە سەعیدی کوردی دوور خراوەتەوە، بەڵکوو زۆر بنەماڵەی دیکەی کورد دوور خراونەتەوە))[79]. سەعیدی کوردی بیری لە کوردستانێکی سەربەخۆ نەکردووەتەوە. ئەمەیش لەو نامەیەدا دەردەکەوێت کە بۆ کۆنگرەی پاریسی ناردووە و شەریف پاشا و ئەرمەنەکان و ئەو هەوڵانەی بەرامبەر بە دانوستانەکانی شەریف پاشا و ئەرمەنەکان و ئەو هەوڵانەی وا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دراون، پیشان داوە. لە تەلگرامێکدا کە بەناوی خۆی و سێ هاوڕێی دیکەیەوە بۆ کۆنگرەکەی پاریسی ناردووە، داوای کردووە ((بە هیچ شێوەیەك ئەو بڕیارە پەسەند نەکرێت)) و ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە کە سەعیدی کوردی لەو قۆناغەدا بیری لە کوردستان نەکردووەتەوە[80].
ئەو نووسراوەی کە سەعیدی کوردیش ئیمزای کردووە و لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکاندا پشتڕاست کراوەتەوە کە ئیدانەی دانوستانەکانی شەریف پاشای لەگەڵ ئەرمەنەکاندا تێدا کردووە، بەمجۆرەیە؛ ((پتر لە چوارسەد و نیوە کوردەکان وەکوو لایەنگری ئازا و لەخۆبوردووی ئیسلام دەژین و پابەندیی نەریتە ئاینییەکانیان کردووەتە ئامانجی خۆیان. لەکاتێکدا هێشتا خوێنی پێنجسەد هەزار شەهید وشك نەبووەتەوە و هەتیوەکان ئازار دەدرێن و پیرەمێرد چاودەرهێنراوەکان بە خەمناکی دێنەوە یاد. کەس بۆی نییە ڕێککەوتننامەیەکی ئاشتی بە پێچەوانەی دینەکەیەوە لەگەڵ دوژمنەکەماندا کە دژی ئیسلامە، مۆر بکات. هەر بۆیە ویژدانی نەتەوەیی کورد ئەو جۆرە ڕێککەوتننامانە قبووڵ ناکات و هیواکانیشی یەکگرتنی نەتەوەکانە و...)).

[79] ڕۆهات، ل٢٧.
[80] داوا، ژمارەی ٧، نیسان و مایسی ١٩٩٠، ل١٠.

ئەم دەقە ڕۆژی ٢٠ی شوباتی ١٩٢٠ لە ژمارەی ٨٢٤ی ڕۆژنامەی "وەقت"دا بە ئیمزای ئەحمەد عارف (پارێزەر- لە سەییدەکانی بەرزنجی بووە)، محەمەد سدیق (بینباشی) و سەعیدی کوردی بڵاوکراوەتەوە. "ئوغور مومجوو" ئەمەی لە بیرەوەرییەکانی "عەونی دۆغان"ی داواکاریی گشتییەوە وەرگرتووە کە هێشتا بڵاونەکراوەتەوە))[٨١].

لە نووسینی بیروبۆچوون و تێکۆشانی بەدیعوزەمان و دینامیزمی جووڵانەوەی ئیسلامی لە تورکیادا ((کۆنفرانسێك بووە محەمەد سدقی لە کۆبوونەوەی لیژنەی ئیسلامیی فەلەستین لە شیکاگۆی ئەمریکا سازی کردووە)) باسی هەڵوێستی سەعیدی نوورسی بەرامبەر بە ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٢٥ کراوە؛ ((گێڕانەوە و بۆچوونی جیاواز هەن سەبارەت بە هەڵوێستی بەدیعوزەمان سەعیدی نوورسی سەبارەت بەو بابەتە. ئەوەیش ڕوون و ئاشکرایە کە هەندێك لەو گێڕانەوانە ڕاست و هەندێکیشیان درۆ و دەلەسەن. بەگوێرەی هەندێك چاودێر و لێکۆڵ، بەدیعوزەمان سەرەتا هەڵوێستێکی نەرێنیی بەرامبەر بە ڕاپەڕینەکە هەبوە، بەڵام دواتر کاتێك ڕەفتاری نائیسلامیی لە وڵاتدا بینیوە و فشارەکانی سەر خۆیشی پتر بوون، بۆچوونی گۆڕیوە و بەشداریی لە جووڵانەوەکەی شێخ سەعیددا کردووە. هەندێکی تریش دەڵێن بەدیعوزەمان هەر لە سەرەتاوە پشتگیریی شێخ سەعیدی کردووە، بەڵام متمانەی بە شێوازی دروستبوونی جووڵانەوە و وادە دانانەکەی نەبوە. کەسانێکی دیکەیش کە ژمارەیان زۆر کەمە، پێیان وایە بەدیعوزەمان جووڵانەوەکەی شێخ سەعیدی بەدڵ نەبوە و دواتریش لە بۆچوونەکانی پەشیمان نەبوەتەوە، بەڵام ئەمە بۆچوونێکی مەنتیقی نییە. ئەو

---

[٨١] ئۆغۆر مومجوو، سەرەتاو دوای ڕاپەڕینی شێخ سەعید، جمهوورییەت، ٢ی حوزەیرانی ١٩٩١، ل١٤.

کەسانە نامەیەکی بەدیعوزەمان بۆ شێخ سەعید وەك بەڵگەی دروستیی بۆچوونەکانی خۆیان دەهێننەوە. لەو نامەیەدا وەها نووسراوە: ((تێکۆشانەکەتان براکوژییە و بێئەنجامە. نەتەوەی تورك هەزار ساڵە ئاڵای ئیسلامی هەڵگرتووە و لەبەر دینەکەیشی سەدان هەزار و ملیۆنان شەهیدی داوە و ملیۆنان سەرپەرشتی خۆی لەدەست داوە. لەبەرئەوە نابێ شمشێر لە ڕۆڵەکانی نەتەوەی تورك هەڵبکێشرێت کە بەرگریکاری فیدارکار و قارەمانی ئیسلام بوون. من ئەو کارە ناکەم))[٨٢].

سەرەڕای ئەوەی کە بەڵگەی زۆر لەبەردەستدایە سەبارەت بەوەی وا ئەو نامەیە هیی بەدیعوزەمان نییە، هیچ بەڵگەیەك نییە بیسەلمێنێ ئەو نامەیە هیی ئەو بووە. بەر لە هەموو شتێك ناوەڕۆکی نامەکە لەگەڵ ئەو تێکۆشانەی کە بەدیعوزەمان لە ماوەی تەمەنیدا کردوویە، ناکۆکە. زۆرێك لە لێکۆڵەکان پێیانوایە ئەوی تۆزێك لە یاسای ئیسلام تێبگات، نامەیەکی وا نانووسێ و کەسێکی وەکوو بەدیعوزەمانیش کە بە وردی ئاگای لە یاساکانی ئیسلامە، هەڵوێستێکی وەها وەرناگرێت. بەدیعوزەمان لە کتێبی (شوئالەر)دا ڕستەی ((شێخ سەعید و هاوڕێکانی شەهیدی ڕاستەقینەن))ی نووسیوە، بەڵام ئەو ڕستەیە لەبەر کێشە و ئاستەنگە یاساییەکان، لە چاپەکانی ئێستادا لابراوە. بەدیعوزەمان لە زیندانی ئیسپارتا بە "عەبدولمەلیك فرات"ی نەوەی شێخ سەعیدی وتووە ((من تۆڵەی برای گەورە شێخ سەعید ئەفەندیم سەندەوە و دەسێنمەوە)). ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە کە ناوبراو ئەو نامەیەی نەنووسیوە. سەبارەت بەو نامەیە بۆچوونێکی بەجێی دیکە هەیە. ڕووداوێك بەر لە دامەزراندنی کۆمار و لە قۆناغەکانی کۆتاییی عوسمانیدا، لە وان ڕوودەدات و

---

[٨٢] داوا، ساڵی یەکەم، ژمارەی ١، ل٥.

گرووپێکی سەر بە بەدیعوزەمان دەچنە ئەوێ و پێشنیارێك دەکەن. گۆڤاری داوا بەمجۆرە باسی ئەو پێشنیارە دەکات: ((لەبەر جمووجووڵ و ڕەفتارەکانی دژی شەریعەتی حکوومەتی ئیتیحادو تەرەقی، وەفدێك سەر لە حەزرەتی بەدیعوزەمان دەدات. لە کتێبی شوئالەردا بۆ خۆی بەمجۆرە باسی دەکات! ((کاتێك لە وان بووم، هەندێك کەسی دیندار و خۆپارێز هاتنە لام و وتیان: هەندێك کاری بێ دینی لە سوپای عوسمانیدا دەکرێت، وەرە با لێیان بدەین. منیش لە وەڵامدا وتم: ئەو بێ دینییە کاری کەسەکانە و سوپای عوسمانی لێی بەرپرس نییە. هەزاران کەسی دیندار لە سوپای عوسمانیدا هەن. وەرن با ڕێنمایی ئەوان بکەین. بە قسەی منیان نەکرد و لەبەرئەوەیش ڕووداوەکەی بتلیس ڕووی دا. ناکرێ ئەم قسە و ڕووداوە تێکەڵی ڕووداوێکی دوادوایی عوسمانی بکرێن و بگوترێت نامەکە هەبوە، چونکە لەگەڵ ڕاستیدا ناگونجێ))[٨٣].

بە گوێرەی ئەو شتانەی کە باس کران، وا دەردەکەوێت بەدیعوزەمان نەیویستووە شەڕ لە دژی سوپای عوسمانی بکات و هەڵوێستەکەیش هیی مێژوویەکی کۆنە. بەستنەوەی هەڵوێستەکانی ناوبراو [لەوکاتەدا] بە ڕووداوێکی سەردەمی کۆمارەوە کە ڕووداوەکەی شێخ سەعیدە، کارێکی دروست نییە[٨٤].

بە گوێرەی ئەو قسانەی کە "مەلیك فرات"ی نەوەی شێخ سەعید لە بارەی مەسەلەی ئەو نامەیەوە بۆ حسێن ئۆکچوو لە گۆڤاری گیریشم (Girisim)دا کردوونی، نامەی وا نەنێردراوە. ((مەلیك فرات ساڵی ١٩٣٤ لە خنس لەدایك بوو. ساڵی ١٩٣٦ کاتێك لەگەڵ بنەماڵەکەیدا دوورخرایەوە، تەمەنی دوو ساڵ

---

[٨٣] داوا، ساڵی یەکەم، ژمارەی ١، ل٥.

[٨٤] حسێن ئۆقچوو، ڕاپەڕینی شێخ سەعید، گریشم، ژمارەی ٤٧، ئابی ١٩٨٩، ل٧.

بوو. ماوەی ١٢ ساڵ لە دوورەو وڵاتیی ناوچەی تراکیا ژیاون. لە گوندی سەرگەنی قەزای ڤیزە، ناحیە و بنکەیەکی تایبەتی عەسکەرییان لەبەر ئەوان دروست کردووە و نەیانهێشتووە لەو گوندە بچنە دەرێ. ساڵی ١٩٤٧ دوای هەڵوەشانەوەی یاسای نیشتەجێبوونی زۆرەملێ، لەگەڵ بنەماڵەکەیدا گەڕانەوە بۆ گوندی کۆلهیساری قەزای خنس لە ئەرزڕووم. ساڵی ١٩٥٧یش لەسەر لیستیی پارتی دیموکرات DP بوو بە پەرلەمانتار)). مەلیك فرات لەو گۆڤاردا بەمجۆرە زانیارییەکانی خۆی لەبارەی ئەو نامەیەوە دەخاتە ڕوو.

((وەك خۆم هیچ بەڵگەیەك شك نابەم لەسەر نووسرانی ئەو نامەیە. ساڵی ١٩٥٤ کاتێك لە ئیسپارتا سەرم لە دیعوزەمان دا، لەبەر نەخۆشی لەسەر سیسەمەکەی خۆی ڕاکێشابوو. تەنانەت سەرەڕای ئەوەی کە لەبەر نەخۆشیی نەیدەهێشت کەس سەری لێ بدات، کاتێك زانیی من نەوەی شێخ سەعیدم، یەکسەر وتی با بێنە ژوورەوە. کە چوومە ژوورەوە، سێ چوار شاگردی لە دەوری بوون. تا ئەو جێگایەی لەبیرم بێ، یەکێك لەو شاگردانە "جەیلان" و یەکی تریشیان "زوبەیر" بوو. مامۆستا جەمەدانەی بەستبوو، جامەدانەکەی سەری دەسماڵێکی لوولکراوی پێوە بوو. لە تەنیشتی دانیشتن. من دەستیم ماچ کرد. ئەحواڵی پرسیم و پرسیاری عەلیڕەزای مامی کرد و هەندێ شتی پێویستمان باس کرد، دوای ئەوە ڕووی کردە شاگردەکانی و ئەمانەی وت: ((جەیلان، زوبەیر من ئەو زانیارییانە بە ئێوە دەڵێم، کە لە قوتابخانەکانی شەرقەوە فێریان بووم. بەڵام ئەمانە لە قوتابخانەکانی شەرق پێگەیشتوون. دواتر ڕووی کردەوە من وتی: من تۆڵەی برای پایەبەرز و موکەڕڕەم شێخ سەعید ئەفەندی دەکەمەوە، ڕێك و ڕاست وای وت))[85].

---

[85] حسێن ئۆقچوو، جووڵانەوەی شێخ سەعید جووڵانەوەیەکە بۆ بەرگریکردنی ئیسلام لە دژی حکوومەتی ناوەندی، گریشم، ژماری ٤٧، ئابی ١٩٨٩ ل٢٢.

به ڕای من، کاتێك لێکۆڵینەوە لەسەر هەموو زانیاری و بەڵگەکان سەبارەت بە سەعیدی کوردی بکرێ، دەردەکەوێ ناوبرا لە بنەڕەتدا کەسێکی پابەندی ئیسلام بووە و بیری لەوە نەکردووەتەوە بەشداری لە جووڵانەوەی کوردیدا و بەرگری لە بیرۆکەی کوردستان بکات. بەڵام سەرجەمی ئەو ئازار و گوشارانەی کە وەك مرۆڤێکی کورد تووشیان بووە، کارێکی زۆریان کردووەتە سەر ڕۆح و کەسایەتیی ئەو لە بیرۆکەی ئیسلامی و شێوازی ڕێکخستنییەکەیدا ڕەنگیان داوەتەوە و بوونەتە هۆی ئەوی وا لە تێکۆشانەکەیدا وەك کاردانەوەیەك دەربکەون. لەبەر ئەوەش زەحمەتە بڵێین (کورد و کوردستان) بە بیر و کردەوە لە ئاستی زانیاری و سیاسیدا لە مێشکیدا بوون.

بەپێی بەڵگەکانی بەردەست و ئەو نووسراوانەی کە بیرەوەری نووسەکانی کورد بۆیان بەجێهێشتووین، وا دەردەکەوێ سەعیدی کوردی ئەندامێکی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بووبێ. بەڵام ئەو بەڵگە و زانیارییانە وەك پێویست ئەوە ناسەلمێنن کە سەعیدی کوردی لەنێو جووڵانەوە کوردییەکاندا جێی گرتووە و هەوڵی سەرخستنی داون. تێکۆشان و کردەوەکانی سەعیدی کوردی، خۆی لەخۆیدا گومان دەخەنە سەر ئەوە و کتێب و گۆڤار و نووسەر و بیرەوەریی کەسایەتیە ئیسلامییەکانیش ئەم ڕاستییە دەردەخەن. بەشێك لە قسەکانی سەعیدی کوردی لە ڕێپۆرتاژێکیدا لەگەڵ گۆڤاری "دەعوە"دا لەو بارەیەوە زیاتر ڕوون کەرەوەن. لە بەشێکی ڕیپۆرتاژەکەدا ئەم ڕستانە لە زاری ئەوەوە نووسراون: ((پێت دەڵێن سەعیدی کوردی، لەوانەیە دەمارێکی نەژادپەرست تێدا بێ، کە ئەمە بە کەڵکی ئێمە نایێ. ئەی ئەفەندییەکان! نووسینەکانی سەعیدی کۆن و سەعیدی نوێ لەبەرچاون. ئەو نووسینانە دەکەمە شایەت کە ئەو لە مێژە نەژادپەرستیی تێپەڕاندووە و ئەو دەماری

بڕیوه و نەیهێشتووه. نەژادپەرستی مەعجوونێکی تێکەڵ، دووڕوویی و تاریکی ڕیسوایی و خافڵبوونی تێدان. لەبەر ئەوه نەتەوەخوازەکان ڕێگای [نەتەوەیی سنووردار] دەگرنه بەر. ئەگەر پێویست به دەمارگرژییەکه بکات، ئەوا دەمارگیریی ئیسلامیمان بەسه))[٨٦].

ژمارەیەك له نووسەرەکان باسی ئەوەیان کردووه که سەعیدی کوردی کاتی ڕاپەڕینەکەی ١٩٢٥ له چیای ئەرك بووه له ناوچەی وان و به کردەوه بەشداریی له ڕاپەڕینەکەدا کردووه و پشتیوانیی لێکردووه؛ هەندێکی دیکەش به پێچەوانەوه دەڵێن: ناوبراو درێخیی له پشتیگریی جەنگاوەره کوردەکان کردووه و یارمەتیی نەداون، ئەمانەش پێکەوه بوونەته هۆی ئەوەی وا شیکردنەوه و هەڵسەنگاندنی جۆراوجۆر لەبارەی سەعیدی کوردی‌یەوه بکرێ و ئەو مشتومڕه درێژه بکێشێ، مشتومڕێکی هاوشێوەی ئەمه دەربارەی دیداری سەعیدی کوردی و حسێن پاشای کورد له شاری وان هەیه. نەجمەدین شاهینەر که کتێبێکی فراوانی دەربارەی سەعیدی کوردی نووسیوه، به پشت بەستن به قسەکانی مەلا حامید و عەلی چاوش، وتوویەتی ئەو دوو کەسه یەکتریان له وان بینیوه. به گوێرەی ئەو شتانەی که باسکراون، کۆر "کوێر" حسێن پاشا که یەکێك بووه له سەرکردەکانی کورد و فەرماندەیەکی سوپای حەمدییه بووه، ماوەیەکی کورت بەر له ڕاپەڕینەکەی ١٩٢٥، چووەته چیای ئەرك و داوای دیدارێکی تایبەتی له سەعیدی کوردی کردووه. کۆر حسێن پاشا، لەو دیدارەدا که له هەلومەرجێکی زۆر گرژ و ئاڵۆزدا سازکراوه، به سەعیدی کوردی وتووه: ((دەمەوێ ڕاوێژێکیان پێ‌بکەم، سەربازەکانم ئامادەن و ئەسپەکانیش زین کراون، چەك و تەقەمەنیشیمان

---

[٨٦] داوا، ژمارەی ٧، ل٢٢.

هەیە. چاوەڕوانی فەرمانی تۆین)). سەعیدی نوورسی لەم قسەیە زۆر تووڕە دەبێ و دەڵێ: ((تۆ دەڵێی؟ دەتەوێ چی بکەی؟ لە دژی کێ شەڕ دەکەی؟

حسێن پاشا: نازانم، چی بزانم... سەربازە.

بەدیعوزەمان: سەربازەکان ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانەن. خزمی من و تۆن. تەقە لەکێ دەکەی؟ ئەوان کێ دەکوژن؟ بیربکەرەوە و تێبگە. ئەحمەد بە محەمەد و حەسەنیش بە دەستی حسێن دەکوژێ؟

حسێن پاشا: مردن لە ژیانێکی وەها باشترە.

بەدیعوزەمان: ئەم ژیان چییەتی؟ تۆ کە لە ژیانی خۆت بێزاری، خەتای هەموو موسڵمانان و بێچارەکانی دیکە چییە؟ چیت لە وان دەوێ؟

حسێن پاشا سەری سوڕماوە و دواتر وتوویەتی: تۆ منت سارد کردەوە، من ئێستا ناتوانم لە ترسی خێڵەکەم بگەڕێمەوە بۆ ماڵ. هەموو خێڵەکان کۆ بوونەتەوە و چاوەڕوانی قسەی منن. ئەگەر ئێستا بچم و بەمجۆرە قسەیان لەگەڵدا بکەم، دەڵێن: حسێن ترسا. منت ڕەزیل کرد.

بەدیعوزەمان: بەرامبەر بە عەبدەکان ڕیسوا ببە و لەبەردەمی خوداشدا ببە بە بەندە.

دواجار حسێن پاشا بەبێ چارەسەر و ناچاری گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەی))[٨٧].

یەکێکی دی لەو ڕووداوە جێی مشتومڕانەی کە سەبارەت بە سەعیدی نوورسی دەیگێڕنەوە، ئەوەیە کە ناوبراو سەرەتا پشتگیریی لە (قووای مییللییە) هێزە نەتەوەییەکان و مستەفا کەمال پاشا کردووە و لە ئەنقەرەش بە گەرمی پێشوازی لەم پشتگرییە کراوە. لایەنێکی ڕاستیەکە ئەوەیە کە

[٨٧] شاهینەر، ل٢٦٨- ٢٦٩.

سەعیدی نوورسی ((لەبەر ئەو تێکۆشانەی کە گوایە بۆ ڕزگارکردنی خەلیفە کردوویەتی))، پشتیوانیی لە حکوومەتی ئەنقەرەش لەبەر ئەو هەڵوێستە، سەعیدی نوورسیی دەعوەتی ئەنقەرەی کردووە و لە ١٩٢٢/١١/٩دا بەدیعوزەمان بە ڕەسمی بانگ کراوەتە مەجلیس و لەوێ میواندارییان کردووە و مەراسیمی بەخێرهاتنیان بۆ ڕێك خستووە و بە چەپڵەڕێزان پێشوازیی لێ کراوە. بەڵام ئەوەش دەزانرێ کە سەرەڕای ئەو پێشوازییە گەرموگوڕە، سەعیدی نوورسی لە ئەنقەرە ئامانجەکانی خۆی بەدی نەهێنا[٨٨].

ئوغور مومجوو دەڵێت سەعیدی نوورسی ئەو ڕۆژانە دوای دیدار لەگەڵ مستەفا کەمال پاشادا ((زانیویەتی لەگەڵ ئایدۆلۆژیای نوێی دەوڵەتدا ناگونجێ، بۆیە وازی لە پشتگیریی هێناوە))[٨٩]. سەعیدی نوورسی لە نامەکانی "بارلا"یدا ڕەخنەی توندی لە مستەفا کەمال گرتووە و لە کتێبی "شوئارلەر"یشدا درێژەی بەو ڕەخنانە داوە[٩٠].

وەك دەزانرێ سەعیدی نوورسی دژی داگیرکاریی ئینگلیزەکان بووە. نووسەرە ئیسلامییەکانیش وایان نووسیوە کە ناوبراو پشتگیریی لە قووای میللییە [و: ئەو هێزە نەتەوە خوازانەی تورك کە لەژێر فەرماندەییی مستەفا کەمال ئاتاتورکدا بوون.] کردووە[٩١].

بانگکردنی سەعیدی نوورسی لەلایەن مستەفا کەمال پاشاوە بۆ ئەنقەرە، وەك هەوڵێکی حکوومەتی ئەنقەرە بۆ "لە نزیکەوە ئاگادار بوون" لە

---

[٨٨] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٢-٢٦٤.

[٨٩] ئۆغۆر مومجوو، جمهووریيەت، سەعیدی کوردی، ٢٠ی ئاداری، ١٩٩٠.

[٩٠] نەدا ئارماڵەر نۆجوولوك، ئەو ڕەوتانەی کە لە دینی ئیسلام جیا بوونەتەوە، ئەنقەرە، بڵاوکراوەکانی کۆلیجی ئیلاهیات، ١٩٦٤، ل٣٤.

[٩١] شاهینەر، ل٢٥٠.

خزمەتەکانی ناوبراو بۆ "نیشتمان و نەتەوە" بووە. فەوزی چەکماك و والیی پێشووی وان، مەبعووس تەحسین بەگ بانگهێشتان کردووە بۆ ئەنقەرە[92].

((پاش ئەو بانگهێشتە یەك لەدوایەکانە، بەدیعوزەمان لە شاگردەکانی خۆی تەوفیق دەمیر ئوغلوو و مەلا سلێمان و بیباشی ڕەفیق بەگی بۆ پشتگیریی حکوومەتی نەتەوەیی ڕەوانەی ئەنقەرە کرد. دواجار خۆیشی نزیکەی هەفتەیەك بەر لە جەژنی قوربانی ساڵی ١٩٢٢، بە شەمەندەفەر بۆ ئەنقەرە چووە. لە وێستگەی شەمەندەفەرەکەش لەلایەن جەماوەرێکی قەرەباڵغ و لایەنگرانی خۆیەوە پێشوازیی لێ کرا))[93].

((ڕۆژی ١٩٢٢/١١/٩ بە ڕەسمی ڕێوشوێنی بەخێرهاتنیان بۆ بەدیعوزەمان لە مەجلیس ڕێکخست و بە چەپڵەڕێزان پێشوازییان لێکرد. عەبدولغەنی ئەنساری مەبعووسی سیوەرەك و تەوفیق دەسیر ئوغلوومە مەبعووسی وان کە لە یەکەم ئەندامانی مەجلیسی یەکەم بوون، وتوویانە سەعیدی نوورسی لە پەرلەمان پیرۆزباییی لە کەمئەندامانی ئەنادۆڵ کردووە و دوعای سەرکەوتنی بۆ کردوون))[94].

((سەرەڕای ئەو پێشوازییە گەرمو نیازپاکانەی کە لێی کراوە، چاوەڕوانییەکانی سەعیدی نوورسی لە ئەنقەرە نەهاتووەتە دی و کاتێك زانیویە زۆربەی مەبعووسەکان "نوێنەران" تەنانەت نوێژیش ناکەن، زۆر ناڕەحەت بووە))[95].

---

[92] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٢.

[93] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٣.

[94] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٤.

[95] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٥.

ژیانی ئەم موسڵمانە کوردە کە دامەزرێنی ڕەوتێك بووە، "لە سەرەتای سەدەکەمانەوە هەتا ساڵی ١٩٦٠ بە تێکۆشان لە دژی دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی عوسمانی و کۆماریی تورکیا بەسەر براوە))[٩٦]. مووسا عەنتەر لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا وەك "موجاهیدێکی کورد" باسی سەعیدی کوردی دەکات، دەڵێت ناوبراو کاتی نەخۆشییەکەی حەزی کردووە لە کوردستان بمرێ و لەوێ بنێژرێ؛ ((... پارێزەر فایق بوجاك و ڕۆشنبیرانی دیکەی کورد کاتێك زانییان نەخۆشە و هاتووەتە ئورفا، زۆر بە دەنگیەوە دەچوون و ئاگایان لێی دەبوو. سەرەڕای هەوڵ و ئاگادارییی هەموو ئەو دکتۆرانەی کە بۆیان هێنا بوو، چاك نەبوەوە و کۆچی دواییی کرد))[٩٧].

سەعیدی نوورسی دامەزرێنی ڕەوتی نوورچی، ((یەکێك بوو لە گەورەترین دەستبژاردەکانی)) کە لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا دەرکەوتبێ[٩٨]. کاتێك لە ڕوانگەی چوونە دەرەوە لە شوناسی کوردییەوە دەڕوانییە شێوەی ژیان و سیستەمی بیرکردنەوەی ئەم دەستبژاردەیەی کورد. بۆت دەردەکەوێ پتر خزمەتی "ئیسلام"ی کردووە: ناکۆکییەکانی نێوان ئەو و ئەنقەرە، لە شێوەی ژیان و بیرکردنەوە ئیسلامییەکەیەوە سەرچاوەیان دەگرت، هەرچەندە نابێ ڕۆڵی هەستیارییەکانیی سەبارەت بە شوناسی کوردی لەو ناکۆکییانەدا، لەبەرچاو نەگرین.

وا دیارە دەبێ ژمارەیەکی زۆری ڕۆشنبیرانی کورد لە تەنیشت ئەندامانی دەستەی دامەزرێن و بەڕێوەبەری جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە، لەو

---

[٩٦] عەنتەر، ل٧٦.

[٩٧] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨.

[٩٨] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩.

ڕێکخراوەدا کاریان کردبێ. ئەوە دەزانرێ کە ڕۆشنبیرانی کورد لە تێکۆشانەکانی خۆیاندا لە نیوەکانی سەدەی بیستەم بەدواوە ڕێبازێکی "کوردستانی"یان گرتووەتە بەر و بۆ ئەمەش لە شێوەی جەمعییەتەکاندا خۆیان ڕێکخستووە. ئەو ڕۆشنبیرانەی کورد لە هەلومەرجی سیاسیی ئاڵۆزی جەنگی جیهانیدا کەوتوونەتە جووڵە و بەشدارییان لە کار و چالاکیەکانی جەمعییەتەکەدا کردووە و لە کوردستان لقیان کردووەتەوە و کەوتوونەتە پروپاگەندە و هەوڵیان داوە کە هۆشیاری و هەستی نەتەوەیی گوندییەکانی کورد گەشەپێبدەن. ڕۆڵەکانی خێڵ و خانەوادە خاوەن موڵك و دەستڕۆیشتووەکانی کوردستان کە لە قوتابخانە جۆراوجۆرەکانی ئەستەنبووڵ دەیانخوێند، زۆر بایەخیان بە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان داوە و لە جێی خۆیان ڕێزی گرنگترین کادێرەکانیان گرتووە. دامەزرێنەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و ڕێکخەرە چالاکەکانی لە کوردستان، زۆرتر لەو گەنج و خوێندکارانە بوون کە بنەماڵەکانیان لە کوردستان دەستڕۆیشتوو بوون و ماڵ و موڵکی زۆریان هەبوە و سەر بەو چینە کۆمەڵایەتیەش بوون کە خێڵیان هەیە و لە ئەستەنبووڵ ژیاون. پێکهاتە کوردییەکان لەو قۆناغەدا، پتر لەلایەن دەرەبەگ و ئەریستۆکراتەکانی کوردەوە دادەمەزران. کەسانێك لەنێو ئەمانەدا کە بەشدارییان لە جەمعییەتی تەعالیی کوردستاندا کردووە، هەبوون لە سوپای عوسمانیدا پلەی بەرزیان هەبوە، کەسانێکیش هەبوون پێگەیەکی باشیان لە بیرۆکراسییەتی دەوڵەتی عوسمانیدا هەبوە. کەسانێکی زۆر بەشدارییان لە کار و چالاکیەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستاندا کردووە و لقیان لە شارەکاندا بۆ کردووەتەوە یان بۆی تێکۆشاون و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی جەمعییەتدا، بابەتیان بڵاو کردووەتەوە و بە گشتی هەوڵی پێشخستنی ڕێکخراوەکەیان داوە.

ناشێ بزانین هەموو ئەندامانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان کێ بوون، بەڵام -دوای گەڕان بە سەرچاوەکانی بەردەستدا- توانیومە لیستێك لەو ئەندامانە دروست بکەم کە زۆر فراوانە؛

١. زولفو بەگ (نوێنەری دیاربەکر).**

٢. بەدرخان و موراد ڕەمزی (پشکنێری پێشووی شارەوانی).**

٣. حەسەن ڕەمزی بەدرخان.**

٤. ئەمین (قایمقام و خانەنشینی بەڕێوەبەری کارگێڕی سێهەمین قۆڵی سوپا).**

٥. شێخ سەفەت (سەرۆکی پێشووی مەجلیسی مەشایخ و مەبعووس (نوێنەر)ی پێشووی ئورفە).*

٦. محەمەد سدیق (بینباشی) [و: ڕائید].**

٧. ئیلیاس سامی (مەبعووسی پێشووی مووش).**

٨. حەیدەری زادە ئیبراهیم ئەفەندی (شێخول ئیسلام).**

٩. خەلیل ڕامی بەدرخانی (موتەسەڕیفی پێشووی مەلاتیە).**

١٠. عەبدولعەزیز (قایمقامی پێشووی ئاکرێ).**

١١. بابانزادە حیکمەت.**

١٢. بابانزادە بەدرخان.**

١٣. جۆلیكزادە محەمەد نووری (چیڤریلی زادە محەمەد نووری، نووری دێرسیمی).**

١٤. مەڤلید [مەولود] (یووزباشی).*

١٥. ئەمین پاشا.**

١٦. عەبدوڵڵا (موفتیی پێشووی هەولێر- ئەربیل).*

١٧. عەبدولقادر نووری (لە ئەندامانی دەستەی زانستیی زانکۆ).*

١٨.حاجی عوسمان ئەفەندی (لە بنەماڵە ناودارەكانی قەزای بالا لە ئەنقەرە).**

١٩. حاجی مەلا سەعید ئەفەندی (موفتیی پێشووی مەدینە).**

٢٠.هایبەنزادە سولەیما نووری (ڕائید).**

٢١. ساری ئوغڵوو حسێن حوسنوو (دەمانفرۆش، لە سەرۆك خێڵەكانی دێرسیم).**

٢٢. ئەمین عەینی بەگ (بەرپرسی خانەنشینكراوی بازرگانیی سینا).**

٢٣.ئەحمەد ویجدانی (دكتۆر- ڕائید).**

٢٤. بابانزادە مەحموود.**

٢٥. بابانزادە ڕفعەت.**

٢٦. محەمەد ئەمین پاشا (عەمیدی خانەنشین).**

٢٧. تەوفیق وەهبی (نەقیب).**

٢٨. عەبدولڕەحمان (مامۆستا).**

٢٩. عوسمان بەگزادە مستەفا شەوقی (ئەفسەر، دیاربەكر).**

٣٠. سەدرەدین (موتەسەڕیفی پێشووی ئوسكودار).**

٣١. حەمزە (موتەسەڕیف).**

٣٢. ئورفەلی تەیفوور (خانەنشینی داواكاریی تێهەڵچوونەوە).**

٣٣. خەلیل فەخری (كوڕی عوسمان پاشا، بەڕێوەبەری پۆلیس و لە سەركردەكانی خێڵی بوجاك و ساڵی ١٩٢٢ش مەبعووسی سیوەرەك بووە).**

٣٤.كەمال فەوزی (ئەفسەر- هیزانلی).**

٣٥. محەمەد زەكی (نەقیب).**

٣٦.عوسمان نووری (لە مامۆستاكانی قوتابخانەی فاتیح).**

٣٧. ئیحسان نووری [پاشا] (سەرکردەی عەسکەریی ڕاپەڕینی ئاگری).**

٣٨. وانلی سولەیمان (کۆمیسەر).**

٣٩. عەبدوڵڵا سەعدی (لە هەندێك سەرچاوەدا ناوی وەك سکرتێری گشتیی جەمعییەتی تەتەعالیی کوردستان هاتووە، دواتریش بووەتە سکرتێری گشتیی جەمعییەتی تەشریکی مەساعی).**

٤٠. تەوفیق (دکتۆر).**

٤١. عەبدولکەریم (نەقیب، تۆپچی).** [عەبدولکەریم مەحموود ڕۆستەم- شالووم].

٤٢. جەمیل پاشا زادە ئەکرەم (ئامەد).**

٤٣. بەدرخان ئاسف بەگ.**

٤٤. تۆفیقی سلێمانیەیی (قایمقامی پێشووی پاڵوو و نووسەری سروودی نەورۆز کە بە پیرەمێرد ناسراوە و لە نووسەرانی گۆڤاری ژین بووە).**

٤٥. محەمەد ئەمین بەگی سلێمانیەیی (خانەنشین قایمقامیی عەسکەری).**

٤٦. مامۆستا عەلی ئەفەندی (زانای ئاینی).**

٤٧. ئارواسلی شەفیق (مامۆستا شێخ شەفیقی ئارواسی).**

٤٨. بابانزادە فوئاد.**

٤٩. حاجی ئاهدی [ئاختی] (باقیٚ توژۆ).**

٥٠. سایپ [صائیب] بەگ (مەبعووسی ئەرزنجان- کەماهلی).**

٥١. عەبدولڕەحمان ڕەحمی (هەکاری، نووسەری ژین، شانۆنامەی مەمێ ئالانی بە کوردی نووسیوە کە بە یەکەم شانۆنامەی کوردی لە قەڵەم دەدرێ).**

٥٢. عەزیز یامولکی (نووسەری ژین).**

٥٣. لاو ڕەشید یان ڕەشیدی لاو (نووسەری ژین).*

٥٤. زەینەلعابدین (لە فەرزەندەکانی ڕەواندوز و مامۆستای یاسا و کاتبی گشتیی پارتی حورپییەت و ئیئتیلاف بووە و بە ئەدەنەلی زەینەلعابدین ناسراوە، لەگەڵ عەلی فەرزەندەی برایدا، ناویان لە لیستی ١٥٠ کەسەکەدا بووە. دوای جێهێشتنی تورکیا ماوەیەکی زۆر لە میسر ماوەتەوە، هەرچەندە ساڵی ١٩٣٨ لێبوردن بۆ ئەو ١٥٠ کەسە دەرکرا، بەڵام نەیویست بگەڕێتەوە بۆ تورکیا. لە ڕەواندوز مایەوە و لەوێ مرد.)** [برای عەلی عیلمی و دکتۆر مەسعوود کوڕانی "فانی"ی خەڵکی سلێمانی].

٥٥. ڕەشید ئاغا.**

٥٦. عەبدولواحید بەرزنجی (سلێمانی).**

٥٧. د. حامید شاکر (مەهاباد).**

٥٨. قازی زادە مستەفا شەوقی (مەهاباد).**

٥٩. زیهنی پاشا (لە بابانزادەکانە و والیی پێشووی حیجاز بووە. لە هەندێك سەرچاوەدا ناوی وەك سەرۆکی دووەم یان جێگری سەرۆکی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان هاتووە. خزمی زۆر نزیکی تەوفیق پاشاش بووە.) [مستەفا زیهنی پاشا باوکی ئیسماعیل حەقی بابان].

٦٠. بەدرخان پاشا زادە عەبدولڕەحمان (لەبەرئەوەی داوای ڕووخانی ڕژێمی سوڵتان و دامەزراندنی ڕژێمێکی فیدراڵیی کردبوو کە ناوچە ئەلبانی و ڕۆمانی و ئاسووری، عەرەب و ئەرمەن و کوردنشینەکان بگرێتەوە، ساڵی ١٩٠٩ لە دادگای عوسمانیدا بە شێوەی پاشملە تا هەتاهەتایە بڕیاری زیندانیکردنی بەسەردا سەپێنراو بڕیاریش درا دەست بەسەر سەروەت و سامەنەکەیدا بگیرێ).[٩٩]**

---

[٩٩] جەلیلێ جەلیل، ژیانی کەلتووری و سیاسیی کوردەکان، ئوپسالا، بڵاوکراوەکانی ژینا نوو، ١٩٥٨، ل٢١.

٦١. حوزنی دێرسیمی (نووسەری ژین).**

٦٢. لەتیف قازی زادە (نووسەری ژین).**

٦٣. مەحموود نەژاد (سلێمانی، نووسەری ژین).**

٦٤. تەوفیق حەمید ئەفەندی (ئەندامی هێڤی).**

٦٥. ئەنجوم یا مولکی.**

٦٦. مەلا خدر (لە نەوەکانی ساری سالتك- سەلتە زەردەکانی- دەزانرێ. ناوبراو ساڵی ١٩١٢ جەمعییەتێکی بە ناوی جەمعییەتی موحیبانی کوردستانەوە دامەزراندووە).**

٦٧. حەسەن بەگی دێرسیمی.**

٦٨. عەلی پاشا (لە نەوەکانی دەروێش جەمال پاشای ئەرزنجانی).*

٦٩. شێخ ئیبراهیم (پولوموور).**

٧٠. خەلیل بەگ (دیڤریکلی، لە قەپانچییەکانی دارایی ئەستەنبووڵ بووە).**

بنکەی ژین
www.zheen.org

٧١. حەمدی ئەفەندی موکوسلی.**

٧٢. حەمزە ئەفەندی (لە هەندێك سەرچاوەدا وەك موعتەمید یان متمانە پێکراوی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ناوی هاتووە).**

٧٣. عەمید خالید بەگی جبرانلی (بەرپرسی ڕێکخستنی ناوچەکانی بولانق، وارتۆ، مووش، خنس، کارلی ئۆڤا، سۆلهان و چاپاقچوور بووە).**

٧٤. مەولانزادە ڕەفعەت (لە ڕیزی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنی فیرقەی ئیسلاحاتی ئەساسییەی عوسمانییە یا پارتی ڕیفۆرمی بنەڕەتی عوسمانی دا بووە کە ساڵی ١٩٠٩ لەگەڵ شەریف پاشا دایانمەزراندووە. بەهۆی ڕووداوەکانی ٣١ی مارتەوە لە دیوانی حەرب موحاکەمە کراو حوکمی ١٠ ساڵ دوورخستنەوەی بەسەردا سەپێنرا. ناوبرا یەکێك بووە لە کەسایەتیە

دیارەکانی فیرقەی حووڕییەت و ئیئتیلافیش و خاوەنی ڕۆژنامەی "سەربەستی"ش بووە کە نووسراوەکانی کامەران بەدرخانی تێدا بڵاو کرایەوە. ١٩١٣-١٩١٤ کتێبێکی کامەران بەدرخان بەگ لە چاپخانەی سەربەستی چاپ کراوە. دوای دووکەرتبوون و دابەشبوونی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئەو لە ڕێزەکانی تەشکیلاتی ئیجتیماعییەدا جێی خۆی گرت). **

٧٥. سەیید تەها. **

٧٦. ئەحمەد حەمدی پاشا (لە هەواڵێکی ڕۆژنامەی عەلەمداردا وەکوو سەرۆکی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان باسی کراوە)[١٠٠]. **

٧٧. مستەفا پاشا (ئەندامی پێشووی دیوانی حەرب بووە لە بەڕێوەبەرایەتیی حاڵەتی نائاساییدا. لە هەواڵێکی ڕۆژی ١٩١٩/١٢/٣٠ی ڕۆژنامەی "تەصویری ئەفکار"دا وەکوو سەرۆکی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان باسی کراوە. مستەفا پاشا لەبەر سەرپێچیکردن لە فەرمانێك دەربارەی دەستوەرنەدانی سەربازەکان لە کاروباری سیاسی، موحاکەمە کراوە، لە ڕۆژنامەی تەصویری ئەفکاردا ناوی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان وەکو حیزبی تەعالیی کورد هاتووە). **

٧٨. میرزای جزیری (نووسەری ڕۆژنامەی کوردستان بوو). **

٧٩. حسێن پاشا (لە سەرکردەکانی خێڵی حەیدەرانلی بووە. لە ناوچەی گارزان بەیاننامەی جەمعییەتی بڵاوکردووەتەوە و بانگەوازی بۆ سەربەخۆیی کوردستان کردووە)[١٠١]. **

---

[١٠٠] عەلەمدار، ٥ی ١١ی ١٩١٩.

[١٠١] ڕەحمی ئاپاك T.I.H، ڕاپەڕینە ناوخۆییەکان، ئەنقەرە، بڵاوکراوەکانی مێژووی جەنگ، سەرۆکایەتیی فەرماندەییی گشتی، بەرگی چوارەم، ١٩٦٤، ل١٣٩.

٨٠. مەحموود (لە سەرکردەکانی خێڵی مللی بووە).*

٨١. ئیسماعیل (لە سەرکردەکانی خێڵی مللی بووە).*

٨٢. خەلیل (لە سەرکردەکانی خێڵی مللی بووە).*

٨٣.باهوور (لە سەرکردەکانی خێڵی مللی بووە).*

٨٤. عەبدولڕەحمان (لە سەرکردەکانی خێڵی مللی بووە).*

٨٥. حەیدەر بەگ (هەوڵی دەدا لقەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە قۆچگیری، هافیك، زارا، عیمرانلی، سوشەهری، ڕەفاعییە، کەماه، دیڤریفی، کانگاڵ، ئۆڤاجك و کوروقوروچای بکاتەوە. ناوبراو بەڕێوەبەری عیمرانلی هەروەها بووەتە هۆی ئەوەی کە خێڵەکانی ئەو ناوچەیە، بە تایبەتی خێڵی ئیبۆلەر، بکاتە لایەنگری جەمعییەتی تەعالیی کوردستان.*

٨٦.نەجمەدین حسێن (خەڵکی کەرکووك بووە و بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی ئیلەری، ناوبراو سەرۆکی جەمعییەتی تەعالیی- ئیجتماعییەی کورد بووە[١٠٢]. دیارە دەزانرێ کە ئەو جەمعییەتە هەمان جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کوردە، لەلایەن ئەو کەسانەوە دامەزراوە کە لە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان جیا بوونەتەوە).**

٨٧. سولەیمان ئاغا (لە سەرۆك خێڵەکانی شرناخ بووە).*

٨٨. کەمال فەوزی (نووسەری ژین بووە).**

٨٩. فەرید بەگی سلێمانیەیی.**

٩٠. زاخۆیی (لە نووسەرانی ژین و لە هەمان کاتیشدا شاعیر بووە).**

٩١. فوئاد بەرخۆ (دکتۆر. شەهیدی کورد، لە نووسەرانی ژین بووە).**

٩٢. حیلمی سیوەرەکلی (لە نووسەرانی ژین بووە).**

---

[١٠٢] ئیلەی، ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٢٠.

٩٣. یووسف زیا بەگ (بتلیسی بووە و لە ژیندا شیعرەکانی بڵاو دەکرانەوە).**

٩٤. ئەمین فەیزی بابان (ئاڵبای [و: پلەیەکی عەسکەرییە] لە ژین‌دا دوو بابەتی سەبارەت بە هێزی عەسکەریی دەوڵەتی بابان بڵاو کردووەتەوە).*

٩٥. داوەر ئەردەڵانی (شاعیر بووە و بابەتی بۆ ژین نووسیوە).**

٩٦. مستەفا پاشای یامولکی (لە نووسەرانی ژین بووە).**

٩٧. قازی زادە، ئا، سابیت بەگ (لە نووسەرانی ژین بووە و لە سەردەمی کۆماردا ناوی خراوەتە لیستی ١٥٠ کەسەکە و لەبەر ئەوەش لە تورکیا چووە دەرێ و ماوەیەکی زۆر لە حەڵەب مایەوە و درێژەی بە نووسینەکانی دا لە دژی بەڕێوەبەرێتیی کەمالیەکان و ساڵی ١٩٣٠ لە حەڵەب کۆچی دواییی کرد).**

٩٨. عەمید عەونی.**

٩٩. تەوفیق (مەبعووسی وان بووە).**

١٠٠. قاسم وەهبی (مەبعووسی ئەرغەنی بووە).**

١٠١. ئیسماعیل وەدات (نووسەری ژین. سلێمانیەیی).**

١٠٢. نەقیب ئەمین (ئەفسەری تۆپخانە بووە).**

١٠٣. بەدرخان‌زادە محەمەد عالی.**

١٠٤. فیکری نەجدەت (ئامەد، نووسەری ژین، شاعیر).**

١٠٥. بۆهتی سلێمانیەیی (نووسەری ژین، شاعیر).**

١٠٦. نەجیب (دێرسیمی. خوێندکاری بەشی پزیشکی).**

١٠٧. خەلیل دێرسیمی. لە بنەماڵەی ساری سەلتووک [سەلتە زەرد].**

١٠٨. سەیید موعین (زاوای سەیید عەبدولقادر).**

بنکەی ژین
www.zheen.org

١٠٩.  یاسین زادە شەوقی (دواتر بوو بە ئەکنجی، دوای ڕاپەڕینەکەی ١٩٢٥ دوور خرایەوە بۆ خۆرئاوا).**

١١٠.  حاجی قازی ئاغازادە ڕەزا.**

١١١.  موفتی سوبحی ئەفەندی (سەرۆکی لق بوو لە جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد).**

١١٢.  نەقیبول ئەشراف حاجی مووسا بەگ.**

١١٣.  لیجەلی ئەحمەد ڕامیز (لە یەکەم کەسایەتیە نەتەوەخوازەکانی کوردە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا. ئەندامی جەمعییەتی عەزمی میللی کورد بووە کە ساڵی ١٩٠٠ دامەزراوە. ساڵی ١٩٠٤ پەنای بردە میسر و لەوێ مایەوەو لەو کاتانەشدا (مەولوودنامە)ی "مەلای باتێ"ی بڵاو کردەوە کە بە کرمانجی ئامادە کرابوو. ساڵی ١٩٠٦ گەڕایەوە بۆ ئەستەنبووڵ و دواتر بوو بە ئەندامی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد و لە ڕیزی ئەندامانی دامەزرێنی KMNCدا جێی خۆی گرت).**

www.zheen.org

١١٤.  کازم وەهبی (نووسەری ژین).**

١١٥.  قۆچ زادە عەلی ڕەزا بەگ (بتلیس).*

١١٦.  عەلی ڕەزا (کوڕی شێخ سەعید).*

١١٧.  شێخ محەمەد (کوڕی سەیید عەبدولقادر).**

١١٨.  سەعیدی پاڵوولی (لەژێر فەرمانی سەیید عەبدولقادردا کاری کردووە).**

١١٩.  محەمەد (لەژێر فەرمانی سەیید عەبدولقادردا) کاری کردووە.*

١٢٠.  ئەربیللی نافیز (لە سەرۆك خێڵەکانی مووش).*

١٢١.  خالید بەگی هاسەنانلی.**

١٢٢.  زیهنی (کوڕە گەورەی سەیید عەبدولقادر بووە).**

١٢٣. بەدرخانزادە حەمدی پاشا.**

١٢٤. لەیلا خانم (هاوسەری شەریف پاشا).**

١٢٥. جەلادەت بەدرخان.**

١٢٦. کامەران بەدرخان.**

١٢٧. بەتاڵزادە خڵووسی ئەفەندی (سەرۆکی لقی عەرەبگیر بووە).*

١٢٨. محەمەد جەودەت بەگ (سەرۆکی لقی ئەلازیخ).**

١٢٩. جەمیل پاشازادە قاسم (ئامەد، ئەندامی هێڤی).**

١٣٠. جەمیل پاشازادە کەریم (ئامەد، ئەندامی هێڤی).**

١٣١. نەقیبول ئەشراف صدقی (ئامەد، ئەندامی هێڤی).**

١٣٢. شێخ ئەحمەد گولشەنی (ئامەد، ئەندامی هێڤی).*

١٣٣. مامۆستا حەمدی (ئامەد، ئەندامی هێڤی).*

١٣٤. جەرجیزادە فیکری (ئامەد، ئەندامی هێڤی).*

١٣٥. غەنیزادە ڕەشاد (ئامەد، ئەندامی هێڤی).*

١٣٦. عومەر جەمیل پاشا (ئامەد، ئەندامی هێڤی).*

١٣٧. فەوزی ئەفەندیزادە محەمەد (ئامەد، ئەندامی هێڤی).*

١٣٨. میهری کاتبزادە جەمیل بەگ (ئامەد، ئەندامی هێڤی).*

١٣٩. لیجەلی عەلی ئەفەندی (ئامەد، ئەندامی هێڤی).*

١٤٠. دەراهینیلی تایپ [تائیب] عەلی.*

١٤١. فوئاد تەمۆ (وان).*

١٤٢. جەڕاحزادە زەکی (ئامەد، ئەندامی هێڤی).*

١٤٣. زیا وەهبی (ئامەد، ئەندامی هێڤی).*

١٤٤. عەبدولکەریم (سلێمانیەیی).* [ڕەنگە عەبدولکەریمی حاجی عەوڵای حەمە کەرکووکی بێ].

١٤٥. سالح (ئامەد، ئەندامی هێڤی).*

١٤٦. عەبدولقادر (ئامەد، ئەندامی هێڤی).*

١٤٧. مستەفا ڕەشاد (ئامەد، ئەندامی هێڤی).*

١٤٨. مەسعوود سلێمانیەیی.* [مەسعوود فانی زادەیە].

١٤٩. نیهاد (خارپوت).*

١٥٠. پیرینجیزادە فەوزی (ئەندامی هێڤی).*

١٥١. پیرینجیزادە فەوزی (ئەندامی هێڤیش بووە).**

١٥٢. مەحموود (مەبعووسی گەنج و ئەندامی هێڤی بووە).**

١٥٣. تەوفیق (ئامەد، ئەندامی هێڤی).*

١٥٤. مونجی کوردی (نووسەری یەکبوون، ئەندامی هێڤی).*

١٥٥. ئیبراهیم ئەفەندی (نووسەری یەکبوون، ئەندامی هێڤی.*

١٥٦. بەدرخانزادە مەدحەت. **

١٥٧. سەیفوڵڵا (مەبعووسی ئەرزڕووم).**

١٥٨. بەدرخانزادە قاسم بەگ.*

١٥٩. محەمەد ئەفەندی (مەبحووسی گەنج).**

١٦٠. میر سەیفی زادە حسێن عەونی.*

١٦١. میرئالای مەحموود سامی.**

١٦٢. محەمەد فایق ئەفەندی (کارمەندی دادگای شەرعی).**

١٦٣. شیلانیزادە یووسف صەبری (نووسەری ژین).*

١٦٤. غەنیزادە مەسعوود (موتەسەڕیفی پێشووی جەبەلی بەرەکەت).**

١٦٥. کوردی هەقی سلێمانیەیی.*

١٦٦. فانیزادە عەلی عیلمی.**

١٦٧. عومەر فیکری (ئامەد، ئەندامی هێڤی).*

ژین
www.zheen.org

ناکرێ بوترێ لیستی ئەندامانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بێ کەموکوڕییە. دیارە ناشێ بتوانین دەفتەری ناوی ئەندامانی جەمعییەت بدۆزینەوە و لاپەڕەکانی هەڵدەینەوە، تەنانەت ئەوەش نازانرێ کە ئایا لە ڕاستیدا دەفتەرێکی وا هەبوە یان نا؟ ئێمەش نەمانتوانی ئەوە بسەلمێنین کە ئەو ناوانەی وا لە لیستەکەدا هاتوون، لە سەداسەد ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بوون و ئەوەشمان نەزانیوە کە ئایا ناوەکانیان وەکوو ئەندام لەو ڕێکخراوەدا تۆمار کراوە یان نا، ئەو لیستەمان لە ئەنجامی گەڕاندا بە پەراوێزەکانی هەندێ سەرچاوە و گۆڤارەکانی ژین و کوردستاندا دروست کردووە و ئەو ناوانەی کە هێمای (**)یان لە پێشدا دانراوە، لە ئاستی ناوەندیدا ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بوون و ئەو ناوانەش کە هێمای (*) لە پێشیان دانراوە، هیچ زانیارییەك لەبارەی جۆری ئەندامێتییانەوە لەو ڕێکخراوەدا دەست نەکەوتووە. بەڵام ئەوەش ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو کەسانە کوردایەتییان کردووە و جۆرە پەیوەندییەکیان بە جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە هەبوە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیدا بابەتیان بڵاو کردووەتەوە و بەیاننامەکانیشیان لە ناوچەکانی خۆیاندا بەشیوەتەوە.

بۆ ئەوەی بتوانین لیستێکی تەواوی ئەندامانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دروست بکەین، پێویستە ناوی ئەندامانی سەرجەمی لقەکانیش بدۆزینەوە، بەڵام ئەوەش کارێکی سەخت و زەحمەتە. (بەڵگەنامە ڕەسمییەکان)ی سەبارەت بە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، تا ئێستا نەخراونە بەردەستی لێکۆڵەکان و نازانین ئایا بەڵگەنامەی وەها هەن یان نا؟ لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ مووسا عەنتەردا ((پیرترین بیرەوەری نووسی کورد کە ڕۆڵی گرنگی لە ڕاگەیاندن و ڕێکخراوی کوردیدا هەبوە و پەیوەندیی لەگەڵ دامەزرێنەکانی ڕێکخراوە کوردیەکاندا هەبوە)). ڕۆژی ١٩٩١/٨/٢٧ پرسیاری

(بەڵگەنامە ڕەسمییەکان)ی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانم لێکرد. ئەویش بە نیگەرانییەوە پێی وتم هەموو بەڵگەکانی جەمعییەتەکەیان پێداوە، بەڵام ساڵەکانی ١٩٧١-١٩٧٢ پۆلیس ئەوی گرتووە و دەستی بەسەر ئەو بەڵگانەدا گرتووە و دواتریش دادگا بڕیاری زەوتکردنی داوە و زۆریش ڕێی تێدەچێ کە ڕەوانەی دادگای دیاربەکر کرابن. ئەگەر دەفتەری تۆماری ناوی ئەندامانی جەمعییەتیش لەنێو ئەو بەڵگەنامانەدا بێت کە مووسا عەنتەر باسیان دەکات، ئەوا زیانێکی گەورە لە مێژووی کورد کەوتووە، نابووتکردن و کەمتەرخەمییەکی بێمانایە. منیش نەمتوانی ئەو بەڵگەنامانە دەست بخەم و ئەمەش زۆر نیگەرانی کردم، هەر لەبەرئەمە وادەزانم ئەم لێکۆڵینەوەیەم لەسەر جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، کەموکوڕیی تێدایە و لیستی ئەندامانی ڕێکخراوەکەش تەواو نییە.

زنار سلۆپی بەمجۆرە باسی حاڵەتی ڕۆحی و باری دەروونیی دوای جەنگی جیهانیی ئەو کەسایەتیە کوردانە دەکات: ((... پلەوپایەی فەرماندە و ژەنراڵە "پاشا" کوردەکانیش کە کاتی خۆی لە ئەستەنبووڵ لەلایەن سوڵتانەکانەوە پێیان درابوو و مووچەیان بۆ بڕابووەوە، لە چوارچێوەی ئەو تێکەڵوپێکەڵییەی کە لە ئەستەنبووڵ و سەرتاسەری وڵاتی عوسمانیدا دروست بووبوو، لابرا. دوای ئەمەش دەرجەدار و فەرمانده کوردەکان سەریان لێ شێواو نەیانزانی چی بکەن. بەڵام دواجار ڕێگای ڕزگاریی خۆیان لە کوردایەتیدا بینییەوە و ئەم کەسایەتیە ناتەبایانە سەرەڕای ناکۆکییەکانیان بەهۆی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ شەخسییەکانیانەوە، بڕیاریان دا جەمعییەتێکی کوردی دابمەزرێنن و دوای ئەوەش بارەگای ناوەندی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیيان لە گەڕەکی (گەدك پاشا) کردەوە. بەداخەوە تەمەنی ئەم ڕێکخراوە زۆری نەخایاند و ناکۆکی و دژایەتییەکانی نێوان ئەو فەرماندە و دەرجەدارانە

بوونە هۆی ئەوەی کە ئیتیحادچییەکان بە ئاسانی بۆ جیاکردنەوە و دابەشکردنیان، سوودیان لێ وەربگرن))[١٠٣].

کادێرەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، زیاتر لە بنەماڵە و خانەدانە ناودار و موڵکدارەکانی کورد و زۆربەیان منداڵی پاشا "ژەنراڵ" و شازادە و کەسایەتییە دەوڵەمەندەکان بوون. بۆیە توانیویانە بخوێنن و ئاستی پەروەردەیی خۆیان گەشە پێبدەن. ئەوان نەیانتوانیوە هەلومەرجی پێویست بۆ تازەکردنەوەی ڕێکخراو و پرۆگرام و ئامانجەکانیان فەراهەم بکەن. هەروەها لەڕووی هۆشیاریی سیاسیشەوە، بەرنامەیەکی سەردەمیانەیان بۆ کورد و کوردستان نەبوە.

کامەران عالی بەدرخان کەسایەتییەکی گرنگی خۆڕاگری ڕاپەڕینەکانی کورد و جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بووە. ناوبراو دامەزرێن و ئەندامی ڕێکخراوی خۆیبوون بووە کە ساڵی ١٩٢٧ دامەزراوە و یەکەم کۆنگرەی خۆی لە عیراق ساز کردووە. لەگەڵ جەلادەت عالی بەدرخانی برایدا، بەشداری لە کۆنگرەی جەمعییەتدا کردووە لە بەیرووت[١٠٤]. کامەران عالی بەدرخان لە بابەتێکدا بەناوی "سامانە سروشتییەکانی کوردستان"ـەوە کە لە ڕۆژنامەی ئیجتیهاددا بڵاوی کردووەتەوە (١٩١٨، c.XV، ل٢٨٤٦) ئەم پارێزگاریانەی خستووەتە ناو سنورەکانی کوردستان: ئەرزڕووم، وان، بتلیس، دیاربەکر، خارپووت "ماموورە تولعەزیز". ڕووبەری هەموو ئەمانەش نزیکەی ٢٠٧ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە.

مەمدووح سەلیم بەگی وانلی لە بەشی تورکیی گۆڤاری "ڕۆژی کورد"دا کە ئۆرگانی ڕاگەیاندنی [جەمعییەتی] هێڤی بووە و لە ئەستەنبووڵ دەرکراوە،

---

[١٠٣] سلۆپی، ل٢٣.

[١٠٤] شادیلی، ل١٦٧.

لەگەڵ بابانزادە ئیسماعیل حەقی، د. عەبدوڵڵا جەودەت، یووسف زیا بەگی بتلیسی و کەمال فەوزیدا کاری کردووە. نەجمەدین حسێنی کەرکووکی و عەبدولکەریمی سلێمانیەیی و موکسولوو حەمزە [مۆتکی]ش بەشی کوردیی گۆڤارەکەیان بەڕێوە دەبرد[105]. مەمدووح سەلیم بەگی وانلی ئەندامی جەمعییەتی خۆیبوون و لە ڕیزی ئەو کەسانەدا بووە کە بەشدارییان لە کۆنگرەی بەیرووتی جەمعییەتدا کردووە. سەلیم بەگ لەو کۆنگرەیەدا بەشداریی کردووە کە بە نهێنی لە بەیرووت ساز کراوە و وەکوو ئەندامی کوردستان هەڵبژێردراوە بۆ بەشداریکردن لە کۆمیتەیەکدا (لیژنەیەکدا) کە لە جەلادەت عالی بەدرخان و شاهین زادە مستەفا و عەبدولکەریم پێك هاتبوو، بۆ ئەوەی لە ئاستێکی نێودەوڵەتیدا کار بکات.

کەمال فەوزی و نەجمەدین حسێن کەرکووکی لە نووسەرانی "ڕۆژی کورد" بوون. د. نووری دێرسیمی دەڵێت ڕائد مستەفا بەگ کە لە خانەدان و و بنەماڵەی ساری ساڵێك (سەلتە زەرد)ەکان و ساڵانی جەنگ سەرۆکی لقی ڕەشبگیر و وەرگرتنی سەرباز بووە لە ئەستەنبووڵ، ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بووە. هەروەها باسی ئەوەش دەکات کە عەمید خەلیل بەگیش ئەندامی ئەو ڕێکخراوە بووە. د. نووری دێرسیمی کە لە ئەندامە چالاکەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بووە، بەمجۆرە باسی بیرەوەرییەکی خۆی دەکات سەبارەت بە مستەفا بەگ: ((... هیواداربووم بەهۆی ئەو چاکە و لوتفە جۆراوجۆرانەی کە دەرهەق بە مستەفا بەگ هەمبوون، ناوبراو هەندێك چەك بۆ ئەو کوردانە بنێرێ کە [بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ لە لەوەڕگاکانی دەوروبەری ئەنقەرە دەژیان. دواجار سەرکەوتم و

[105] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٦.

ئەویش بەڵێنی پێدام، دوای ئەوەش توانیبووم پێنج جانتا چەکی ئینگلیزی بە ناوی مستەفا بەگ سەرۆکی لقی وەرگرتنی سەربازەوە لە ئەستەنبووڵ، ڕەوانەی حەیدەر پاشا بکەم تا بیانخەنە ناو واگۆنی هەڵگرتنی کەلوپەلی شەمەندەفەر. مستەفا بەگ نامەیەکی ناردبوو بۆ متمانە پێکراوێکی خۆی لە ئەنقەرە و ئەوەشی دیاری کردبوو کە چ کەسێك چەکەکان وەربگرێ. بەڵام بەداخەوە بەر لەوەی چەکەکان وەربگرن، قورسیی جانتاکان سەرنجی [پۆلیسی] ڕاکێشاوە، بۆیە کاتێك پشکنیویانە، بە چەکەکانیان زانیوە و دەستیان بەسەردا گرتوون.

دواتریش بڕیاریان داوە ڕەوانەی [دادگا]ی دیوانی حەربی بکەن تا بڕیاری لەسەر بدات. لەڕێی هاوڕێ کوردەکانم و ئوستاد حەمزەی متمانە پێکراوی جەمعییەتەوە، چۆنیەتی ڕووداوەکەمان بۆ سەیید عەبدولقادر ئەفەندی سەرۆکی ڕێکخراوەکە گێڕایەوە کە ئەوکاتە سەرۆکی شوورا (ئەنجومەن)ی دەوڵەت بوو لە ئەستەنبووڵ. ئەویش لەسەر ئەو ڕووداوە نامەیەکی نهێنیی بۆ سەرۆکایەتیی دیوانی حەرب نووسیوە))[١٠٦].

بە گوێرەی دێرسیمی، بەشێکی زۆر لە گەنجە خارپووتیەکان لە ڕیزەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستاندا جێی خۆیان گرتووە و بەشدارییان لە دامەزراندنی جەمعییەتی "هێڤی"شدا کردووە؛ ((... ئەگەر بڵێم بەشێکی زۆر لە ئەندامانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە ئەستەنبووڵ و دامەزرێنەکانی جەمعییەتی هێڤی لە گەنجەکانی خارپووت بوون، ئەوا ڕاستییەك دووبارە دەکەمەوە هەموو کەسێك دەیزانێ، دەتوانم بەخۆشییەوە باسی ئەوە بکەم کە بەشێکی زۆر لەو گەنجانەی وا قوتابخانەی سوڵتانیی

---

[١٠٦] دێرسیمی، بیرەوەریەکانم، ل٩٢.

نزیکی کێڵگە لە ئارسلانینار بە زمانی تورکی خوێندوویانە، خۆیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کوردایەتی تەرخان کردووە[107].

نووری دێرسمیی دەڵێت؛ عەلی شێر بەگ کە یەکێك بووە لە سەرانی ڕاپەڕینەکەی قۆچگیری، ساڵی ١٣٣٥ هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی کوردەکانی قۆچگیری و دێرسیم ببنە ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و تەقەلای داوە بۆ کردنەوەی لقەکانی ئەو ڕێکخراوە لە کوردستان: ((... عەلی شێر بەگ منالّی عەشیرەتی شێخ حەسەنانی دێرسیمە. لە کێڵگەکەیاندا لە ناحیەی عومرانییەی قۆچگیری لەدایك بووە و خوێندنەکەیشی لە سیواس بڕیوە، شاعیرێکی ناوداری کوردیش بووە، بە زیرەکی و توانای مەنتقی و لێکدانەوە و قسەزانی، ناوبانگی دەرکردووە. کاتی سوڵتان حەمید، بووەتە کاتبی مستەفا بەگ کە سەرۆك خێڵێکی قۆچگیری بووە. عەلی شێر، دوای مەرگی مستەفا بەگ، بووەتە وەکیل و سەرپەرشتی عەلی شان بەگی کوڕە گەورەی خوالێخۆشبوو [مستەفا بەگ]، هەر لەبەر ئەوەش نفووزێکی زۆری لەنێو خێڵەکانی قۆچگیریدا پەیدا کردووە و پێگەی بەهێز بووە. عەلی شێر ئەم نفووز و کاریگەرییەی بە تەواوی خستووەتە خزمەتی سەربەخۆییی کوردستان و کوردایەتی و لەو بارەیەوە توانیویە یەکێتیی نێوان خێڵەکانی دێرسیم دابین بکات. عەلی شێر، خوێندن و نووسینی کوردیی بە باشی زانیوە و چەندین شیعری کوردیشی نووسیوە و بۆ خۆیشی بە سازەکەی دەستی کە بە باشی ژەنیویەتی، ئاهەنگی بۆ داناوە و هەریەك لەوانەیشی وەك گۆرانی وتووەتەوە و بەوجۆرەش هەستی نەتەوەیی خێڵەکانی وروژاندووە. عەلی شێر هیواو ئامانجە گەورەکانی کوردی

[107] دێرسیم لە مێژووی کوردستاندا...، ل٤٥.

لە دووتوێی ساز و ئاوازەکانیدا دەربڕیوە و هەروەها بە ڕۆحێکی بەرز و پیرۆزەوە، گوزارشتی لە خەم و ئاوازەکانی کوردیش کردووە و بەوجۆرە بووەتە ئەدیبێکی کورد کە بە ساز و ئاوازەکانی خۆی، بۆ مەینەتییەکانی کورد گریاوە.

عەلی شێر ساڵی ١٣٣٥ نووسراوێکی بۆ جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ناردووە و لە ئەستەنبووڵ و باسی ئەوەی تێدا کردووە کە کوردەکانی قۆچگیری و دێرسیم پابەندی ئەو ڕێکخراوەن و لەهەمان کاتیشدا هەوڵی داوە لقیی ئەو ڕێکخراوە لە هەموو لایەك بکاتەوە. بەر لە ڕاپەڕینەکەی قۆچگیری، کراوە بە سکرتێری گشتیی لقی ئەو ڕێکخراوە لە عومرانییە. بەهاری ساڵی ١٣٣٦ هاتووەتە دێرسیم و لەگەڵ دێرسیمییەکاندا تەلگرافی ناردووە بۆ ئەنقەرە سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئەو ئۆتۆنۆمییەی کە بە حوکمی پەیماننامەی سیڤەر بە کوردستان درابوو. جگە لەو کارانەی وا لەڕووی دیپلۆماسییەوە ئەنجامی داون، سوودی لە مانەوەی خۆی لە دێرسیم وەرگرتووە و بە زمانی کوردی کۆنفرانسی بۆ خەڵك ساز کردووە و هەوڵی دروستکردنی ڕەوتێکی گرنگی داوە و ڕێکخستنێکی بۆ سەربەخۆیی کورد ساز کردووە))[١٠٨].

حەیدەر بەگ کە یەکێك بووە لە سەرکردەکانی ڕاپەڕینی قۆچگیری و سەرۆك خێڵێکی ئەو ناوچەیەش بووە، کاتی جەنگ ناوی خۆی وەك ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان نووسیوە و لقێکی جەمعییەتەکەشی بە سەرۆکایەتیی خۆی لە عومرانییە کردووەتەوە. بەهۆی حەیدەر بەگەوە، هۆز و تیرە و خێڵەکانی قۆچگیری بوونەتە ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان.

---

[١٠٨] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٨.

سەیید عەبدولقادر و حەیدەر بەگ لەڕێی نامەبەرێکی نهێنییەوە، پەیوەندییان لەگەڵ یەکدا هەبوە و عەلی شێریش سکرتێری ئەو لقە بووە [کە حەیدەر بەگ سەرۆکایەتیی کردووە] عەلی شێر بە کردەوە بەشداریی لە ڕاپەڕینەکەی قۆچگیری‌دا کردووە و بەوهۆیەشەوە حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە. ئەو کاتانە عەلی شێر وازی لە هەموو پۆستو کارەکانی خۆی هێناوە و بەتەواوی خۆی بۆ تێکۆشانی ڕزگاریی نەتەوەیی کورد تەرخان کردووە. عەلی شێر پلانی جەنگی ڕاپەڕینەکەی دێرسیمی ئامادە کردووە و ژەنراڵ عەبدوڵڵا ئالپ دۆغانیش ئەوکاتانە لەناوبردنی عەلی شێری کردووەتە تاکە ئامانجی خۆی.

عەلی شێر ساڵی ١٩٣٨ لەلایەن خائینێکی کوردی دێرسیمییەوە بەناوی ڕێبەر "ڕەهبەر"ەوە خراوەتە نێو داوێك و بە فێڵ کوژراوە. دواتریش سەری بڕدراوی عەلی شێر تەسلیمی ژەنراڵ ئالپ دۆغان کراوە. ڕێبەر سیخوڕێکی بەکرێگیراو بووە، ژەنراڵ عەبدوڵڵا ئالپ دۆغانی تورك لەکاتی ئۆپەراسیۆنی دێرسیم و بەتایبەتی ڕۆژانی کوشتنی عەلی شێردا بەکاری هێناوە. عەلی شێر لە گرنگترین سەرکردەکانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٣٧ی دێرسیم و لە نزیکترین کەسەکانی سەیید ڕەزا بووە[١٠٩].

ڕەحمی ئاپاك لە کتێبێکیدا بەناوی (شەڕی سەربەخۆییی تورك– ڕاپەڕینە ناوخۆییەکانەوە) دەڵێت: عەلی شێر ڕۆژنامەیەکی بەناوی "ژەپین"ـەوە دەر کردووە، بەڵام تا ڕۆژی ئەمڕۆ و بە هیچ شێوەیەك لەنێو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا، ئامارژە بەناوی ڕۆژنامەیەك بەناوی "ژەپین"ـەوە نەکراوە. ئەگەر لێکچوونی نووسینی هەردوو وشەی ژەپین و ژین بە ڕێنووسی ئەلفو بێی عەرەبی لەبەرچاو بگرین، لەوانەیە بتوانین بڵێین ئەوەی ئاپاك باسی دەکات

---

[١٠٩] دێرسیمی، ل٢٨٠.

"ژین"ـه. له بواری ڕۆژنامەگەریدا تا ئێستا نەزانراوە عەلی شێر گوایە ڕۆژنامەیەکی "ژەپین" ناوی دەرکردبێ بۆ گەشەپێدانی هەستو [هۆشیاریی] نەتەوەیی لە ناوچەکەی خۆیدا"[110].

بە گشتی زۆربەی ئەندامان و کادێرانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لەنێو بنەماڵە و خانەدانە ڕەسەنەکانی کورددا هەڵکەوتوون. پێوەندیی نەتەوەیی– کۆمەڵایەتیی ئەم کادێرانە بە گوێرەی پێگەی چینایەتیی ئەوان ڕێک خراوە و دروست بووە. دامەزرێن و ئەندامانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، خاوەنی ڕێباز و بۆچوونێکی نەتەوەیی کوردی بوون. دوابەدوای ئەوەش، ڕۆشنبیرانی کورد بوونە میراتگری ئەم مێژووە و لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بەدواوە، دەستیان بە جموجووڵ و دامەزراندنی ڕێکخراو کرد.

((... پێویست بوو بەرامبەر بە سیاسەتی فێڵبازی و ستەمکار دژی کورد، دروشمی "لە کوردستان بچنە دەرێ، بڕۆن" ببێتە دروشمی ئاسایی ئەم کادێرانە. دواتریش هەر وای لێهات. بەڵام بەرنامەیەک بەگوێرەی هەلومەرجی ئەو ڕۆژانە بۆ پڕکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو دروشمە دانەنرابوو. ئەو کادێرانە لە بنەماڵە ناودارەکانی [کوردەوە] هاتبوون. ئەوان مناڵی ژەنراڵ "پاشا" و شازادە و بنەماڵە موڵکدارەکان بوون و لەبەر ئەوە توانایی و دەرفەتی خوێندنیان هەبوو، بەڵام کەسانێک نەبوون بە واتای مۆدێرنی خۆی نەتەوەخواز بن و کەسی بیانییان لە شوێنە داگیرکراوەکەی خۆیاندا نەوێ، یا بە واتایەکی تر، ئەم هێزە هێشتا هۆشیاریی بەدەست نەهێنابوو. ئەم نەتەوەخوازییە سەرچاوەکەی هەستێک بوو کە دەیویست خاک و مرۆڤەکانی ئەم نیشتمانە لە داگیرکارییەک ڕزگار بکات کە ڕەهەندی سەیرو سەمەرەی

---

[110] مالمیسانژ، ل٢٢، ١٥٩؛ ئاپاک، ل٢٢.

بەخۆوە گرتبوو. هەروەها دەیویست کۆتایی بە ستەمکارییەك بهێنێ کە هەموو مێژووی خەڵتانی خوێن کردووە و پڕ بووە لە قەتڵوعام و کوشتوبڕ. لەبەر ئەو هۆیە، ئەو ڕێکخراوانە هەلومەرجی پێویستیان نەبوو بۆ مۆدێرنیزەکردن و نوێکردنەوەی کاراکتەر و ئامانجەکانی بەرنامەی خۆیان. جگە لەوە، ئەو ڕووناکبیرە نەتەوەخوازانە، ئەوەندە بێ بەخت بوون کە کۆمەڵگاکەیشیان ئاگایی سیاسیی نەبوو. ئەم کۆمەڵگایە [کۆمەڵگای کورد] لەڕووی پێکهاتەی چینایەتیشەوە نەدارو هەژارە، کۆمەڵ بە کۆمەڵ خاوەنی بەهای نەزانراون و تۆڕی پێوەندییەکی باوکسالارانەیان تێدا زاڵە. چینی کرێکار بە ئەندازەی نەبوو لەم کۆمەڵگایەدا کەمە. ئەوانە کە بوونەتە پرۆلیتاریاو ژمارەیشیان کەمە، بە لاڕێدا چوون. وردە بورژوازی کە جەماوەری ئاسایی نەتەوەخوازی پێك دەهێنێ، خاوەنی تایبەتمەندییەکانی چینی ناوەندییە. ڕێژەیەکی کەم لە بازرگانەکانیشی تایبەتمەندیی چینایەتیی بازرگانیی بورژوازییان هەیە. چینی بورژوازی کە خاوەنی ڕاستەقینەی نەتەوەخوازییە و لە کۆمەڵگایەکدا دەردەکەوێ کە دەرەبەگایەتیی تێدا ڕووی لە نابووتی و لەناوچوونی بێ، [لە کۆمەڵگای کوردیدا] نییە. لەو کاتەی یەکەم گوللەی جەنگی جیهانی تەقێنرا، بەشێکی زۆری خێڵە گەورە و بچووکەکان کەوتنە خەمی خۆیان و هەوڵی پاراستنی یەکە فیوداڵی و دەرەبەگایەتییەکان و هاوشێوەکانیان لە ناوچەکانی خۆیاندا دەدا. خۆ ئەگەر مەسەلەی پێوەندی و پابەندیی خێرا بە دەزگای خەلافەتەوەی بێ زیاد بکەین کە لەبەر هۆکاری موسڵمانێتی گەشەی کردبوو، ئەوا دەتوانین هێڵە ئەستوورەکانی چارەنووسی میللەتێکی زۆرلێکراو دیاری بکەین.

نەتەوەخوازیی کوردی، لەو هەلومەرجە تێکەڵوپێکەڵەدا، هێشتا شێوەیەکی بەخۆوە نەگرتبوو. ناسنامە ڕاستەقینەکەی تاریك و لێڵ بوو.

دروشمی سەربەخۆییشی لە بەرنامەی نەتەوەخوازی و چینایەتیدا بەرز نەکردبووەوە.

لەوانەیە بوترێ [نەتەوەخوازی] کاتی جەنگی مۆندرۆس، ئەگەر بە حاڵو کەمیش بووبێ، لای میللەتی کورد گەشەی کردووە. ئەو کاتانە ئایدۆلۆگ و بیرمەندەکان (هەیئەتی تەمسیلییە) کە لە پاشا و ناودارانی عوسمانی پێك هاتبوو بۆ ڕزگارکردنی پادشا و کورسیی خەلافەت (!) بە حاڵو کەم پێگەیشتبوون، بەڵام ئەوانیش بەربەرەکانیی ئەو نەتەوەخوازییەیان [نەتەوەخوازیی کوردی] دەکرد))[111].

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان کە لەژێر دروشمی "کوردستانی سەربەخۆ"دا خۆی ڕێك خستبوو، کەڵکی لەو هەلومەرجە سیاسییە وەرگرت کە جەنگ دروستی کردبوو. لە ماوەیەکی کورتدا توانیی لقی خۆی لە زۆربەی شار و پارێزگاکانی کوردستاندا بکاتەوە؛ دیاربەکر، ئەلازیخ، عەرەبگیر "ئاتما"، گارزان، هۆزات، بتلیس، خارپووت، عومرانییە و دێرسیم، لەو شوێنانەن کە یەکەمجار لقی ئەو ڕێکخراوەیان تێدا کراوەتەوە.

ڕۆشنبیران و لاوانی کورد، زۆرتر ڕوویان کردووەتە ڕێکخراوی یانەی کوردی (جەمعییەتی کوردستان) کە بە گوێرەی فەرهەنگی سیاسیی مەشرووتییەت ناوی بۆ دۆزراوەتەوە. ئەو گەنجە کوردانەی وا لە ئەستەنبووڵ دەیانخوێند، کاتێك بۆ پشوو دەگەڕانەوە بۆ کوردستان، کاریگەرییان لەسەر گەنجان و ئەندامانی تری بنەماڵەکانیان دادەنا و ئامۆژگارییان دەکردن تا لقی (جەمعییەتی تەعالیی کوردستان) لە ناوچەکانی خۆیان بکەنەوە و دەوریشیان هەبوە لەوەی وا لقەکانی ئەو ڕێکخراوە لە کوردستان ڕووبکەنە

---

[111] ڕزگاری، ژمارە ١، ل٧٢-٧٣.

ئامانجی دیاریکراوی [گەشەپێدانی] هۆشیاریی نەتەوەیی. منالی بنەماڵە موڵکدار و خاوەن دەسەڵاتەکانی کوردستان، نەریتی ڕێکخراوەیی و ئامانجی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیان بردووەتە نێو ماڵو خاووخێزانی خۆیان و ئەمەش وای کردووە ئەو بنەماڵانە لە ماوەیەکی کورتدا لقی ڕێکخراوەکە لە ناوچەکانی خۆیان بکەنەوە و هۆشیاریی نەتەوەیی بڵاو بکەنەوە و گوندییە هەژارەکانی کورد، پتر ئاگادار بکەنەوە. ئەو گەنجە خوێندەوارانە بە شێوەیەکی خۆبەخشانە پڕوپاگەندەیان لە کوردستان بۆ جەمعییەتی تەعالیی کوردستان کردووە.

وا دەردەکەوێ بۆ ئەوەی لقێکی ڕێکخراوەکە لە کوردستان بکرێتەوە، پێویست بووە بڕیارێك لە کۆبوونەوەیەکی گشتیدا لە ئەستەنبووڵ لەو بارەیەوە دەربچێ، بەتایبەتی بڕیار دراوە لاوان و ڕۆشنبیرانی کورد ڕەوانەی کوردستان بکرێنەوە تا [ڕێکخستنە]کانی جەمعییەت پەرەپێبدەن. تارق زەفەر تونایا دەڵێت هەوڵدراوە بۆ ئەوەی ڕائیدێك کە ناوەکەی ئاشکرا ناکات، بکرێتە قایمقامی ئەغین [Egin] تا پێوەندی و [ڕێکخستن] لە ناوچەکانی دێرسیم، قۆچگیری، سیواس دروست بکات. بەڵام (وەزارەتی حەربییە) بەمەی زانیوە و نەیهێشتووە سەربگرێ[١١٢]، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئیدارەی عوسمانی ڕێوشوێنی لە دژی خۆڕێکخستنی کوردەکان گرتووەتە بەر، هەروەها نیشانەی ڕەفتار و تێگەیشتنی قەدەغەکارانەی عوسمانییەکانە بەرامبەر بە میللەتی کورد. "لاپەڕەکانی تردا بە وردی باسی ئەمە دەکەین".

د. نووری دێرسیمی دەڵێت ڕەوانەی ناوچەکە کراوەتەوە و بەرپرسیاری پێدراوە، بۆ پروپاگەندە و ڕێکخستن و درێژەدان بە کاروچالاکیەکان

---

[١١٢] تونایا، بەرگی ٢، ل١٩٠.

[جەمعییەت] لەنێو خێڵەکانی دێرسیم سیواس. نووری دێرسیمی کراوەتە بەیتەریی کانگاڵ و دیڤریفی و لەنێو گوندییە کوردەکاندا بە بەیتەر نووری ناسراوە. ناوبراو ئەو کاتانەی کە لە ئەستەنبووڵ بووە، بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداریی لە کاروبارەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستاندا کردووە و بەتایبەتیش پڕوپاگەندەی لەنێو ئەو خوێندکارانەدا کردووە کە لە دێرسیمەوە هاتوون.

((... ئەو کاتانە محەمەد نەجیب و هاوڕێ ڕووناکبیرەکانیم دەبینی کە لە مەکتەبی پزیشکیی عەسکەری دەیانخوێند. لەڕێی ئەوانیشەوە بوومە ئەندامی جەمعییەتی هێڤی تەلەبەی کورد. جەمعییەتەکەمان لە بەرەوژوورکەی "بابی عالی"ی ئەستەنبووڵ لە بینایەکدا بوو بە تەنیشت "هۆتێل مەسەڕڕەت"ـەوە. یارمەتیی دێرسیمییەکانم بۆ ئەو جەمعییەتە کۆدەکردەوە. هەموو هەفتەیەك دەچووم بۆ سەردانی عەبدوڵڵا جەودەت بەگ لە جاغال ئوغلو. کاتێك ڕۆشنبیرێکی عەرەپگیری یا دێرسیمی دەبینی، یەکسەر دێرسیمییەکانی ئاگادار دەکردەوە و بەخۆشییەوە پێشوازیی لە میوانەکانی دەکرد. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ساڵی ١٣٢٦ی کۆچی لەلایەن ئەمین عالی بەدرخان، محەمەد شەریف پاشا و عەبدولقادر ئەفەندی کوڕی عوبەیدوڵڵای نەهرییەوە کە لە هاوڕێکانی ئەو بوون، دامەزراوە. لەوکاتەوەی ئەندامبوونی خۆی لە ڕێکخراوەکەدا ئاشکرا کردووە، منیش لە هەوڵی ئەوەدا بووم دێرسیمییەکان بکەمە ئەندامی جەمعییەتەکە و پسووڵەی پارەدانی مانگانەی ئەوانیشم دەدایە عەبدوڵڵا جەودەت. دێرسیمییەکان دریغییان نەدەکرد لە یارمەتیی دانی دارایی- ماددی بە جەمعییەتەکەی ئێمە (جەمعییەتی هێڤی) هەر ئەوکاتانە چاوم بە ئەندامانی جەمعییەتی نەشرییاتی مەعاریف [و: لەوانەیە مەبەستی هەمان جەمعییەتی نەشری مەعاریفی کورد

بێ و ناوەکەی بە هەڵە هێنابێ.] دەکەوت کە لەلایەن حکوومەتی تورکەوە داخرابوو. ئەو جەمعییەتە ساڵی ١٣٢٦ی کۆچی قوتابخانەیەکی کوردیی لە چەمبەرلی تاش کردەوە، بەڵام دواتر لەلایەن حکوومەتی تورکەوە داخراو ئەمەش هەستی نەتەوەیی هاورێیانی وروژاندبوو))[١١٣].

((مەلا خدر –کە لە نەوەکانی بنەماڵەی سەڵتە زەردەکان بوو– بایەخی بە بیرۆکەی نەتەوەی کورد دەدا و ڕۆڵێکی نایابی ئەم خێڵە بوو. ناوبراو ساڵی ١٩١٢ هاتە ئەستەنبووڵ و جەمعییەتی موحیبانی کوردستانی دامەزراند. ئیئتیلافچییەکان کە ئەو کاتانە دەسەڵاتیان بەدەستەوە بوو، ڕەزامەندییان لەسەر دامەزراندنی جەمعییەتەکە پیشان دابوو. هەر ئەو کاتانە مەدحەت بەگی بەدرخانی کرابووە موتەسەڕیفی دێرسیم. بەو بۆنەیەوە لەگەڵ مەلا خدر ئەفەندیدا سەرمان لە ناوبراو دا و ویستمان ڕەزامەندیی ئەویش بەدەست بێنن. [مەلا خدر] هەوڵی ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی مەسەلەی کوردایەتیی بۆ ڕای گشتی داوە. هەموو کوردەکانی ئەستەنبووڵ بەشدارییان لەو ڕێکخراوەدا کردووە و دێرسیمییەکانی نیشتەجێی ئەمریکاش پشتگیرییان لێ کردووە))[١١٤].

ئەوکاتانە کەسێکی ڕەزا تەوفیق ناو کە بە فەیلەسووف ناسراو و لە ئەندامانی حوڕییەت و ئیئتیلاف [فیرقەسی]ی دەسەڵاتدار بووە، ڕاپۆرتی لەسەر ئەو جەمعییەتەی کە دێرسیمی باسی دەکات، داوەتە پۆلیس و لە ئەنجامدا داخراوە. مەلا خدر ئەفەندی دوورخراوەتەوە و عەمید خەلیل بەگ و حەسەنی برای و عەلی پاشا –کە لە بنەماڵەی دەروێش جەمالی ئەرزنجانییە– لەگەڵ شێخ ئیبراهیمی پولمورلی و دیڤریکلیی خەلیل ((خەزنەداری دارایی ئەستەنبووڵ بووە)) وەك ئەندامانی دەستەی دامەزرێنی جەمعییەتەکە

---

[١١٣] دێرسیمی، بیرەوەریەکانم، ستۆکهۆڵم بڵاوکراوەکانی رۆژان، ١٩٨٦، ل٢٦.

[١١٤] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کراوە. نووری دێرسیمیش ئەو کاتانە لە ژوورەکەی سلێمان چاوشی کوورە شانی خۆی شاردووەتەوە، بەڵام دوای کاردانەوەی دێرسیمییەکان هەموو لێکۆڵینەوە و فەرمانی [گرتن]ەکانی لەسەر لابراون و توانیویەتی بگەڕێتەوە بۆ ئەستەنبووڵ. یەکێکی دیکە لە ئەندامە تایبەتەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان کە زۆربەی بیرەوەری نووسەکانی کورد باسیان کردووە، محەمەد میهرییە.

**محەمەد میهری:**

بیرمەندێکی گەورەی کورد و بە ئەسڵ خەڵکی کوردستانی ئێرانە. منالی گوندی دشەیە لە دەوروبەری سنە. محەمەد میهری لە ئەندامە چالاکەکانی جەمعییەتی هێڤییە کە ساڵی ١٩١٢ لە ئەستەنبووڵ دامەزراوە. دواتر لە کۆشکەکاندا وانەی گشتی "دەرسی عام"ی بە سوڵتانەکان وتووەتەوە و بووەتە پارێزەر. ئەو قۆناغە لە دواناوەندیی کوڕانی ئەستەنبووڵیش وانەی وتووەتەوە، کە حەسەن عەلی یوجەل مامۆستایی تێدا کردووە. ناوبراو لەو کاتە [زمانی] عەرەبیشی خوێندووە.

محەمەد میهری ((پێکەنینی بە ئەدەبیاتی [سەردەمی] تەنزیمات دەهات و لەنێو شاعیرەکانیشدا فزوولی و نازم حیکمەتی بەدڵ بوو))[١١٥]. محەمەد میهری دوای ماوەیەك پاشناوەکەی خۆی گۆڕیوە بە هیلاڤ و بەپێی [نووسینێکی] محەمەد سەییدا، ناوبراو ساڵی ١٩٥٧ لە ئەستەنبووڵ کۆچی دوایی کردووە. ((محەمەد میهری لە کوردەکانی سلێمانی بووە و زۆر بە باشی توانیویەتی بە کرمانجی قسە بکات و زمانەکانی فارسی، عەرەبی، تورکی و فەرەنسیی

---

[١١٥] مالمیسانژ، ل٧١.

زانیوە. ناوبراو بووەتە پرۆفیسۆری کۆلێژی ئابووری و ماوەیەکیش پارێزەریی کردووە))[116].

## ٥- بابانزادە ئیسماعیل حەقی (١٨٧٦-١٩١٣):

یەکێك بووە لە ئەندامە گرنگەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و لایەنگری پەروەردە و خوێندن بووە بە زمانی کوردی، ئیسماعیل حەقی کوڕی زیهنی پاشا بووە و هەر لەوکاتەوەی کە لە مولکیە خوێندوویە، دەستی بە کارو تێکۆشان کردووە دژی گۆڤار و ستەمەکانی ڕژێمی عەبدولحەمید. گارۆ ساسۆنی دەرهەق بە ئیسماعیل حەقی دەڵێت: ((ڕووناکبیرێکی ناوداری کورد بووەو لەگەڵ حسێن جاهیددا ڕۆژنامەی "تەنین"یان دەرکردووە)).

[ئیسماعیل حەقی] سەر بە خێڵی بەناوبانگی بابان بووە کە لە ناوچەی مووسڵ نیشتەجێن. ناوبراو ((لە هەموو ژیانی خۆیدا پابەندی تورکیایەتی بووە، بەڵام جاربەجاریش زۆر بە کەمی نەتەوەکەی خۆی "کە کوردە" بیرکەوتووەتەوە))[117]. پێویستە بە گومانەوە سەیری ئەم بۆچوونەی ساسۆنی بکەین، چونکە بە بۆچوونێکی ئەرمەنیانەوە مێژووی هەڵسەنگاندووە. نووسینەکانی [ئیسماعیل حەقی] لە ڕۆژنامەی "تەعاون و تەرەقیی کورد"دا ئەم گومانەی ئێمە بەهێزتر دەکەن. ناونیشانی نووسینێکی لەو ڕۆژنامەیەدا "دەربارەی زمانی کوردی" بووە. ناوبراو جەختی لەسەر بایەخی زمان و پەروەردە بۆ کوردەکان کردووەتەوە و وتوویەتی یەکەم مەرجی بە نەتەوەبوون ئەوەیە کە کوردەکان بتوانن بە زمانی خۆیان درێژە بە پەروەردە بدەن و کاتێك ئەمەشیان کرد، گەشەکردنی نەتەوەییان کێشەی بۆ دروست نابێ.

---

[116] عەنتەر، ل٧٣.

[117] ساسۆنی، ل١٤٣.

((ئەگەر کوردێك زانیاری و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر لەو کتێبانەدا بخوێنێتەوە کە بە زمانی خۆی نووسراون، ئەوا پەروەردە بە زمانی کوردی دەبێ و منالانیش دەتوانن بە ئاسانی خوێندنەکەیان تەواو بکەن و پەروەردەیەکی گونجاویان هەبێ و ببنە ئەندامێکی بەکەڵك بۆ بنەماڵەی عوسمانی. لەبەرئەوە ئامۆژگاریی هاوولاتیە کوردەکانم دەکەم تا زمانەکەبان پاراوبێ و باش فێر ببن و خاوەنداریی ئەو زمانە بکەنە یەکەم کاری خۆیان. دوابەدوای ئەوەش هەوڵی کۆکردنەوەی مێژووی نەتەوەیی کورد بدەن و هەموو زانیاری و نەریتە نەنووسراوەکان بخەنە سەر کاغەز. لەڕێی باشکردن و پێگەیاندنی زمانەوە، ڕێگای بەرەو پێشچوونمان دەکرێتەوە. دواجار ڕێی ڕزگاریی نەتەوەیەك بە فێربووندا تێدەپەڕێ، دەرگای شارستانیش بەم کلیلە دەکرێتەوە))[118].

سوڵتان عەبدولحەمید دوعای بەسەر بڕێك شیرینیدا خوێندووە و وەك مەولوود ناردوویەتی بۆ مەکتەبی مولکییە کە ئیسماعیل حەقیش لەوێ خوێندوویە، کاتێك شیرینییەکەیان گێڕاوە، بابانزادە ئیسماعیل حەقی نەیخواردووە و لەبەر ئەوەش لە مەکتەبەکە دەرکراوە.

ناوبراو لە ڕۆژنامەی "ئیقدام"دا دەستی بە ڕۆژنامەگەریی کردووە و دواتریش چووەتە ڕۆژنامەی "تەنین" و ئەو ڕۆژنامەیەی بەڕێوەبردووە. لە زانکۆ وانەی یاسای خوێندووە و ساڵی ١٩٠٨ و ١٩١٢، بووەتە نوێنەری بەغدا و ماوەیەکیش لە کابینەکەی "حەقی پاشا"دا بووەتە وەزیری مەعاریف.

چەندین کتێبی وەك "حقووقی ئیدارە- ١٩٣٠" و "حقووقی ئەساسییە"ی هەیە و جگە لەوانە، دوو کتێبی دیکەی بە ناوەکانی "نامەکانی

---

[118] بۆزئارسلان، ل١٤٣– گویڤسا، ل٥٧.

عیراق– ۱۳۲۹" و "مەسەلەی درەیفووس"ـەوە بڵاو کراونەتەوە. حیکمەت بەگ" یەکێك بووە لە ئەندامانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لەنێو ڕێکخراوی جەمعییەتی ئیتیحادوتەرەقیدا، پێگەیەکی گرنگی هەبوە. بەگشتی، پتر لە ڕێکخراوە کوردییەکان، خزمەتی جەمعییەتی ئیتیحادوتەرەقیی کردووە و ساڵی ۱۹۲۰ بە ناوی کوردەکانەوە بەشداری کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوە بووە. عەبدوڕەحمان بەگی بەدرخانیش لەو کۆنگرەیەدا کە لە پاریس ساز کراوە، بەشداری کردووە.

مەمدووح سەلیم "بەگی": کۆتایی ساڵی ۱۸۸۰ لە (وان) لەدایك بووە و لە شاری ئەستەنبووڵیش سیاسەت و فەلسەفەی خوێندووە. ناوبراو یەکێك بووە لە کەسایەتی و ئەندامە گرنگەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان. ساڵی ۱۹۱۲ بۆ بەڕێوەبەریی هێڤی هەڵبژێردرا. ۱۹۱۳ لە ڕیزی ئەو کادێرانە جێی گرت کە "ڕۆژی کورد"یان دەرکرد. دوای حەمزەی موکسی، بوو بە بەڕێوەبەری گۆڤاری ژین کە ساڵی ۱۹۱۸ دەردەچوو.

بنکەی ژین
www.zheen.org

دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا، چووەتە سووریا و لە ناوچەی ئەنتاکیا نیشتەجێ بووە. ساڵی ۱۹۲۷ بووەتە یەکێك لە بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوی خوێبوون و ساڵی ۱۹۳۰ یەکێك بووە لە سەرکردەکانی ڕاپەڕینی ئاگری[۱۱۹]. لە ئەرزڕووم و وان دوو لقی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دامەزراون. بەتاڵزادە خلووسی ئەفەندی کە سەرۆك خێڵێك بووە، بووەتە سەرۆکی لقی ئەو ڕێکخراوە لە عەرەپکیر و محەمەد جەودەت بەگیش لقی مامووڕەتولعەزیزی کردووەتەوە، وا دیارە لقی ئەلازیغ لە ۲۲ی شوباتی ۱۹۱۹دا دامەزراوە[۱۲۰]. سەرۆکی لقی

---

[۱۱۹] کوردستان پرێس، ۱۹۱۹/۱۱/۲۶، ل١٤.

[۱۲۰] کوردستان، ۲۱ی مایسی ۱۳۳۵.

دیاربەکری ئەو جەمعییەتە قاسم بەگی جەمیل پاشازادە بووە. ((دواتر هەر لەو بنەماڵەیە کەسێکی کەریم ناو بووەتە سەرۆکی لق)). لقەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە ناوچەکانی عومرانییە، بەی پنار، جەلالی، سینجان، حەمە زمارا و دومورجای سەر بە سیواس و قۆچگیری، بە هەوڵ و کۆششی د. نووری دێرسیمی و عەلی شێر کراونەتەوە[121]. لقی سێرتی ئەو ڕێکخراوەش لە ٨ی مایسی ساڵی ١٩١٩دا کراوەتەوە.

لەوانەیە پێوەندی و کاریگەریی دیسیپلینی ناوەندیی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لەگەڵ لقەکانیدا لە کوردستان هەتا ساڵی ١٩٢٠ درێژەی کێشابێ، کردنەوەی لقەکانی ئەو ڕێکخراوە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، هەتا دواین مانگەکانی ئەو ساڵە بەردەوام بووبێ، لە ساڵی ١٩٢٠ بەدواوە بەهۆی ئەو مشتومڕ و [ناکۆکی]یانەوە کە لەنێو سەرانی کورد و ڕێکخراوەکەدا سەبارەت بە سیاسەتی کوردی و بیرو بۆچوونەکانیان پەیدا بوون، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان کاریگەریی لەسەر لقەکانی خۆی لەدەست داوە، پێگەی لە کوردستانیش لاواز بووە. دوادواییەکانی ساڵی ١٩٢٢ کاریگەرییەکی ئەوتۆی ڕێکخراوەکە لە کوردستان بەدی نەدەکرا.

زانیاری لەبەردەستدایە سەبارەت بەوەی کە [ئیسماعیل ئاغای] سمکۆ پێوەندیی بە جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە هەبوە. سمکۆ، یەکێك لە سەرکردە سەربازییەکانی ئۆپۆزسیۆنی دیموکراتی کوردستانی خۆرهەڵات "کوردستانی ئێران" بووە و لە دژی هەبوونی ئەمپریالیزمی بریتانی لە ناوچەکەدا جووڵاوەتەوە. وا دیارە "مەحموود بەرزنجی"ش کە لە قۆناغی

[121] سەلاحەدین تانسەل، لە مۆندەلۆسەوە تا مۆدانیە، ئەنقەرە بلاوکراوەکان MEB، ١٩٧٧، بەرگی یەك، ل١٣٠، چاپی دووەم.

جەنگدا دژی ئینگلیزەکان ڕاپەڕیوە، پێوەندیی لەگەڵ جەمعییەتی تەعالیی کوردستان‌دا هەبوە[١٢٢].

بێگومان دیاربەکر یەکێك بووە لەو پارێزگایانەی کە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان تیادا هەبوە. کلووب (یانە)ی کوردی لە دیاربەکر ساڵی ١٩١٩ دامەزراوە و لاوان و ڕۆشنبیرە خاوەن نفوزەکان و بازرگانانی کورد، پشتگیرییان لەو یانەیە کردووە. [لقی] جەمعییەتی کوردی لێرە، لەلایەن ڕۆشنبیران و لاوانی کوردی سەر بە ڕێکخراوی "هێڤی"یەوە دامەزراوە. کۆنگرەی یەکەمی یانەی کوردی لەوێ، کەریم بەگی جەمیل پاشا زادەی تێدا کراوەتەوە سەرۆك و دوای ئەویش د. عەبدوڵلا جەودەت سەرۆکایەتیەکەی گرتووەتە دەست. هەروەها جەرجیزادە کەریم کراوەتە ژمێریار و عومەر بەگ و ئەکرەم بەگ و فیکری بەگیش، بوونەتە [بەڕێوەبەرانی] [بەشی] وەرگرتنی ئەندام.

هێڤی کاریگەرییەکی زۆری لەنێو دانیشتوانی کوردی دیاربەکردا هەبوە و کلوبی کوردی یا [لقی] جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لەوێ، زۆرتر لەلایەن گەنج و لاوانی سەر بە هێڤی‌یەوە دامەزراوە. زنار سلۆپی دەڵێت: کلوبی کوردی لە دیاربەکر ساڵی ١٩١٨ دامەزراوە. لەوانەیە بۆ دامەزراندنەکەیشی کۆبوونەوەیەکی فراوان لەبەر دەرگای مزگەوتی ڕەش ساز کرابێ. بەردەرگای مزگەوتەکە و تەنیشت و سەردیوارەکانی ((جەمەیان دەهات و پڕ بووبوون لە خەڵك))[١٢٣]. کەسانی وەك سلۆپی، قاسم بەگی جەمیل پاشازادە، ئەشرەف صدقی بەگی نەقیبی، شێخ ئەحمەد گوڵشەنی و مەلا حەمدی ئەفەندی کە لە

---

[١٢٢] بەهرام ئاردا، دۆسیەی کوردستانی خۆرهەڵات، مێژووی گەشەکردنی تێکۆشانی سیاسی لە خۆرهەڵاتی کوردستان، خۆری میدیا، ژمارە ٦ مانگی ١١و ١٢ی ١٩٨٨، ل٣٨؛ کوردستان، ژمارە ٧- ٨ی مایسی ١٩١٩.

[١٢٣] سلۆپی، ل١٢٨.

پیاوانی ئایینی بووە، پشتگیرییان لە جەمعییەتەکە کردووە و لە یەکەم ئەندامەکانی بوون. ڕۆشنبیرانی کورد لە کۆبوونەوەی مزگەوتەکەدا وتاریان پێشکەش کردووە و بە جۆش‌وخرۆشەوە جەختیان لەوە کردووە کە پێویستە هەوڵ بدرێ بۆ وەرگرتنەوەی ئەو مافانەی کورد کە سەدان ساڵە زەوت کراون.

((لەو کۆبوونەوەیەدا کە چەندین سەعاتی خایاند، [لقی] جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دامەزرا، خەڵك بە کلووبی کوردی ناویان دەبرد. دەستەیەك بە سەرۆکایەتیی ئەکرەم جەمیل پاشا بۆ بەدواداچوونی کاروبارەکانی نێوان بەڕێوەبەریی گشتیی جەمعییەت و حکوومەت هەڵبژێردرا، جەرجیزادە کەریم، جەرجیزادە فیکری، گانیزادە ڕەشاد و عومەر جەمیل پاشا ئەندامەکانی بوون. ئەو دەستەیە بایەخی بە مەسەلە سیاسییەکانی کوردستان و فێرکردن و نووسینی زمانی کوردی و گەشەپێدانی کولتووری کوردی دەدا و شەو و ڕۆژ کاری دەکرد. هەموو مامۆستایانی قۆناغی سەرەتایی لە [دیاربەکر] بوونەتە ئەندامی جەمعییەت و ئەوەش جێی ڕەزامەندییە کە منداڵانی ڕۆشنبیرانی کورد، پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا چۆن پابەندبوونی خۆیان بە کوردایەتیەوە پیشان داوە. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بە ماوەیەکی کورتدا لقەکانی خۆی لە زۆربەی قەزاکاندا کردەوە. پتر لە هەزار کەس بە تەنیا لە لقی ناوەندی دیاربەکر ناوی خۆیان وەك ئەندام تۆمار کردبوو. هەر ئەو ڕۆژانە دکتۆر جەودەت بەگی گانیزادە لە ئەستەنبووڵەوە هاتە دیاربەکر و بوو بە ئەندامی جەمعییەت. دکتۆر فوئاد بەگیش بوو بووە ئەندامی ڕیکخراوەکە. بۆ ئەوەی کەڵك لە ئەزموونەکانی ئەمانە وەربگیرێ، دەستەی بەڕێوەبەری جەمعییەت دەستی لەکار کێشایەوە و لە کۆنگرەیەکی دیکەدا قاسم بەگی جەمیل پاشازادە بۆ دەستەی بەڕێوەبەری دەستنیشان کراو دکتۆر فوئاد بەگی گانیزادە بە سەرۆکی دووەم و

جەرجیزادە کەریم، وەك ژمێریار هەڵبژێردرایەوە. عومەر، فیکری و ئەکرەم بوون بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردن. هەروەها مەلا حەمدی ئەفەندیش بوو بە جێگری سەرۆك. ئەو بڵاوکراوە و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییانەی کە لەگەڵ هەندێك شریت و تۆمارکراودا ڕەوانەی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە ئەستەنبووڵ دەکران، بە گوێرەی پێویست بڵاو دەکرانەوە و بەشێکیشیان لە چاپخانەی جەمعییەت زیاد دەکران و بڵاو دەکرانەوە.

پارێزەر محەمەد ئاختی "باڤێ توژۆ"، فەوزی ئەفەندی زادە محەمەد ئەفەندی، میهری کاتبی زادە جەمیل بەگ و لیجەلی عەلی ئەفەندی، پێکەوە وەك دەستەی پڕوپاگەندەکاریان دەکرد و ئەرکەکانی خۆیان بە شێوەیەکی شیاو جێبەجێ دەکرد. گەنجە وڵاتپارێزەکانی لایەنگری جەمعییەت، بەهەرجۆرێك بوایە، دەیانویست زمانەکەیان پێشبخەن و خەڵك ڕابهێنن تا بە کوردی بخوێننەوە و بنووسن و ئەمەشیان کردبووە ئامانجی خۆیان. هەر ئەو کاتانە، موفتی حاجی ئیبراهیم ئەفەندی لە باکووری کوردستان بەوە دەناسرا لەگەڵ هەموو خزمەکانیدا –جگە لە [بنەماڵەی] پیرینجچیزادەکان– یارمەتیی جەمعییەتەکەیان دەداو هەموو دیاربەکرییەکانیش پشتگیریی ئەو ڕێکخراوەیان دەکرد))[١٢٤].

## د. عەبدوڵڵا جەودەت (١٨٦٩-١٩٣٢):

لە عەرەپگیر لەدایك بووە و ٢١ی مایسی ١٨٨٩ لەگەڵ ئیبراهیم تەمۆی هاوڕێیدا بەشدارییان لە دامەزراندنی جەمعییەتی ئیتیحادی عوسمانیدا ((یەکەم ناوی جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقی بووە))، کردووە[١٢٥].

---

[١٢٤] کوردستان پرێس، ژمارە (20) 49 (١٩٨٨/١١/٢٤)، ل٨.

[١٢٥] قوتلای، ل١٢٩.

بەهۆی دژایەتیکردنی ڕژێمی زۆردار ملهوڕی عەبدولحەمیدەوە، ساڵی ١٨٩٥ وەك دكتۆری چاو دوورخرایەوە بۆ نەخۆشخانەی ناوەندیی ترابلۆس، كاتێك دەنگۆی دوورخستنەوەی خۆیی لەوێوە بۆ فیزان بیست، هەڵهات و چووە ئەورووپا. لە جنێف ڕۆژنامەی (عوسمانلی)ی دەركرد و دوای ماوەیەك بوو بە پزیشكی باڵیۆزخانەی ڤییەنا. لەوێش لەگەڵ بەڕێوەبەرەكاندا نەگونجاو، لەبەرئەوە سزای زیندانیكردنی ماڵەوەی بەسەردا سەپێنرا. ساڵێك لە جنیڤ و پێنج ساڵیش لە میسر مایەوە. ساڵی ١٩١٠ دوای ڕاگەیاندنی مەشرووتییەتی دووەم پاش ماوەیەك درێژ، گەڕایەوە بۆ ئەستەنبووڵ و گۆڤاری "ئیجتیهاد"ی دەكرد. لە ڕۆژانی جەنگدا كرایە بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی و هاوكاریی كۆمەڵایەتی. ((٩ی نیسانی ١٩١٩ ئەو پۆستەی پێدراوە)).

ناوبراو بەوە ناوبانگی دەركردووە كە لە كتێب و گۆڤارەكانیدا پیتی لاتینیی بەكارهێناوە[١٢٦]. حیلمی زیا ئولكەن دەڵێت: د. عەبدوڵڵا جەودەت كەسایەتییەكی خاوەن "بیروبۆچوونە خۆرئاواییەكان" بووە. لە گۆڤاری "ئیجتیهاد"دا لە پێشەوەی ئەو ڕۆشنبیرانەدا هاتووە كە بایەخیان بە بابەتەكانی ((مافەكانی ژن، پەروەردەی مناڵ، گوند، كێشەكانی دانیشتوان، بۆچوونەكانی دژ بە قوتابخانەی ئایینی، كاریگەركردنی بنەماڵە، قبووڵكردنی سیستەمی پێوان و بنەما لە نێوان نەتەوەكاندا، عەلمانیبوون)) داوە. ئەم بۆچوونە سیستەماتیكە خۆرئاواییانەی د. عەبدوڵڵا جەودەت كاردانەوەی ڕەوتە ئیسلامییەكانی لێكەوتەوە. هەر لەبەر ئەوەش ناكۆكیی لەگەڵ "سبیل الرشاد"دا هەبوە. ناوبراو و كتێبی دكتۆر "دۆزی" سەبارەت بە مێژووی ئیسلام

[١٢٦] حیلمی زیا ئویلكەن، مێژووی بیری مۆدێرن لە توركیا، ئەستەنبووڵ، بڵاوكراوەكانی ئویلكەن، ١٩٧٩، ل١٢٠ چاپی دووەم.

وەرگێڕاوە و ئەمەش ناوبراو کتێبێکی دکتۆر "دۆزی" سەبارەت بە مێژووی ئیسلام وەرگێڕاوە و ئەمەش ئیسلامخوازەکانی بە تەواوی تووڕە کردووە[127].

حیلمی زیا ئولکەن، د. عەبدوڵڵا جەودەت کە ڕووناکبیرێکی کورد بووە، بە بیرمەند و سیاسییەکی تورك لەقەڵەم دەدات و دەڵێت ناوبراو خاوەنی بیری ئازاد و کەسایەتییەکی بەناوبانگ بووە[128].

عەبدوڵڵا جەودەت بەگ کوڕی بنەماڵەیەکی کورد بووە و لە ساڵی ١٩١١شدا ماڵی "ئیجتیهاد"ی داناوە و لەوێشەوە کاروچالاکیەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانی ئەنجام داوە.

شەریف ماردین پێی وایە ئەم ڕۆشنبیرە کوردە، کەسێکی نیشتمانپەروەری عوسمانی بووە: ((... خاڵی گرنگ ئەوەیە کە عەبدوڵڵا جەودەت هاوکاریی خزمەکانی بەدرخان پاشای نەکردووە کە لە جنێڤ وەك ئۆپۆزسیۆنی کوردی دژایەتیی عەبدولحەمیدیان دەکرد. هەروەها زمانی تورکیشی بە ئامرازێك زانیوە بۆ بونیاتنانی کولتووری نەتەوەیی. جگە لەوە، وەك چۆن دواتر دەردەکەوێ، عەبدوڵڵا جەودەت نیشتمانپەروەرێکی عوسمانی بووە و لەنێو ئەو کۆمەڵگایەشدا خۆی بە کورد زانیوە))[129].

عەبدوڵڵا جەودەت ڕۆشنبیرێکی سەیری کورد بووە، قسەو باسی زۆری لەسەر کراوە. ئەندامی ئەو کۆمیسیۆنە بووە کە سەرپەشتی بەشی تورکیی گۆڤاری "ڕۆژی کورد" بوون، کە جەمعییەتی هێڤی ساڵی ١٩١٣ لە ئەستەنبووڵ دەری کردووە و یەکێك بووە لە نووسەرە ناودارەکانی ئەو گۆڤارە. دوای

---

[127] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٢.

[128] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٠.

[129] شەریف ماردین، بیرکردنەوە سیاسیەکانی ژۆن تورکەکان، ١٨٩٥ تا ١٩٠٨، ئەستەنبووڵ، بڵاوکراوەکانی ئیلەتشیم، ١٩٨٣ ل١٦٤، چاپی دووەم.

ماوەیەك كاتێك حكوومەتی تورك "ڕۆژی كورد"ی داخستووە، ئەمجارەیان دەستی بە دەركردنی گۆڤارەكانی "هەتاوی كورد" و پەژدەكی كردووە، عەبدوڵلا جەودەت لەو بلاوكراوە كوردییانەشدا ئەرك و بەرپرسیاریی هەبوە[١٣٠].

عەبدوڵلا جەودەت سەرەڕای ئەوەی كە یەكێك بووە لە دامەزرێنەكان و كەسایەتیە ناودارەكانی جەمعییەتی ئیتیحادوتەرەقی، بە نیشتمانپەروەرێكی بەسۆزی كوردیش لە قەڵەم دەدرێ[١٣١]. ماوەیەكی دوورودرێژ وەك ڕۆشنبیرانی تورك پێیوابووە كێشەی كورد لە سنوورەكانی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا چارەسەر دەكرێ. لەڕێی ئەو بۆچوون و هەڵوێستانە و هەروەها نووسینەكانی خۆیەوە لەوبارەیەوە، یارمەتیدەری ڕەوتی مۆدێرنیزەكردنی كۆماری توركیای نوێ بووە. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی كوردستان بووە و لەڕێی ماددی و مەعنەوییەوە پشتگیریی ئەو ڕێكخراوە كوردییانەشی كردووە كە لە ئەستەنبووڵ دامەزراون.

د. عەبدوڵلا جەودەت پێیوابووە دەكرێ كەمە نەتەوەكان و تاقمە ئەتنییەكان لە چوارچێوەی سنوورەكانی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا، كولتورەكانی خۆیان گەشە پێبدەن و كێشەكانیان چارەسەر بكەن، بەوجۆرەش ئەو قۆناغە لایەنگری بیرۆكەی "یەكێتیی عوسمانی" بووە. بەلام ڕۆژانی جەنگ و لەو كاتانەشدا كە بەشێوەیەكی گەرموگوڕتر باسی كێشەی كورد دەكرا، ناوبراو زیاتر لە ڕێكخراوە كوردییەكان نزیك بووەتەوە[١٣٢].

((كاتێك لە میسر گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەنبووڵ، كەوتووەتە بەر كاریگەریی ئەو شەپۆلە نەتەوەخوازییەی كە بەهۆی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی

---

[١٣٠] شادیلی، ل١٥٦.

[١٣١] یلدز، لە عەشیرەتەوە...، ل٨٤.

[١٣٢] هانی ئۆغلو، ل١٣٥.

کورد– عوسمانی‌یەوە گەشەی کردبوو. بەڵام ئەو کاتانەش لە میسر بووە، هەوڵی یارمەتیدانی ڕێکخراوە کوردییەکانی داوەو –بۆ نموونە– لەڕێی بڵاو کردنەوەی نووسینەکانی سەعیدی کوردی‌یەوە لە گۆڤاری "ئیجتیهاد"دا ویستوویەتی یارمەتیی ئەو بزووتنەوەیە [نەتەوەخوازیی کوردی] بدات. دەبێ ئەوەش فەرامۆش نەکرێ کە عەبدوڵڵا جەودەت وەڵامی ڕۆژنامەی "ژاماناك"ی ئەرمەنەکانی داوەتەوە کە سەبارەت بە داهاتووی کوردستان و ئەرمەنستان، شیکردنەوەی جۆراوجۆری بڵاوکردووەتەوە و شیکردنەوەیەکی ڕۆژنامەکەیشی ڕەتکردووەتەوە، لەو ڕووەوە کە ناوچە کوردنشینەکان لە داهاتوودا دەبنە بەشێك لە خاکی ئەرمەنستان، ئەو وەڵام دانەوەیەشی بووەتە جێی ڕەزامەندیی گرووپە نەتەوەییە جیاییخوازەکان [کورد]))[١٣٣].

وەك ئەوەی شوکری هانی ئوغڵوو باسی دەکات، عەبدوڵڵا جەودەت لە بنەڕەتدا لەگەڵ ڕەوتە نەتەوەخوازەکانی کورددا هاوهەڵوێست بووە و وەك ڕۆشنبیرێکی کورد جووڵاوەتەوە. پێویستە عەبدوڵڵا جەودەت لە ڕیزی ئەو کەسانە دابنرێ کە داوای سەربەخۆیی کوردیان کردووە: ((کاتێك لێکۆڵینەوە لە مێژووی بیروبۆچوونی ژۆن تورکەکان سەبارەت بە یەکێتیی عوسمانی دەکەین، ئەوەمان بەرچاو دەکەوێ کە ژمارەیەك لە نوێنەرانی گرووپە ئەتنییەکان لەنێو ئەوانەدا دژی ئەوە بوون هەموو گرووپە نەتەوەیی و ئەتنییەکان لەژێر چەتری گرووپی نەتەوەییی تورکدا کۆبکرێنەوە، بۆیە لایەنگری بیرۆکەی یەکێتیی عوسمانی بوون. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك دەرفەتی گونجاویان بۆ ڕەخساوە، یەکسەر بوونەتە کەسانێکی نەتەوەخواز. عەبدوڵڵا جەودەتیش کە زەمانێك دوای ڕاگەیاندنی مەشرووتییەت بە توندی دژایەتیی

---

[١٣٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٨.

دامەزراندنی ئەرمەنستانی کردووە و بەرامبەر بەوەش بەرگریی لە بیرۆکەی یەکێتیی عوسمانی کردووە، لە ڕۆژانێکدا کە بە گەرمی باسی سەربەخۆیی کورد دەکرا، بووبوو بە لایەنگری سەربەخۆیی کورد و وازی لە بۆچوونەکانی جاران هێنا بوو))[١٣٤].

عەبدوڵڵا جەودەت دوو تایبەتمەندیی هەیە کە لە زۆن تورکەکانی دیکە جیای دەکاتەوە: یەکێك لە مانەوە ئەوەیە کە عەبدوڵڵا جەودەت پێی وابوو پێویستە سەرچاوەی هێزی دەوڵەتی عوسمانی لە بنەماڵەوە نەبێ بەڵکوو لە بەرژەوەند و چارەنووسی هاوبەشی پێکهاتەکانی ئەو دەوڵەتەوە بێ. خاڵی دووەمیش ئەوەبوو کە عەبدوڵڵا جەودەت پێی وابوو پێویستە هەموو گرووپە ئەتنی و نەتەوەیی‌یەکان مافی یەکسانیان لەو یەکێتییەدا هەبێ و بتوانن کولتووری خۆیان گەشە پێبدەن: ((... بڕوانن من کوردم، کورد و کوردیشم خۆش دەوێ. بەڵام مادام لەڕووی ماف و ئەرکەوە لەگەڵ ئەوانی تردا یەکسان بم، بەر لە هەموو شتێك منیش هاووڵاتییەکی تورکیام و تورکم... با کەس وا تێنەگات مەبەستم ئەوەیە زمان و نەتەوەخوازیی کوردی پشتگوێ بخرێ. بە پێچەوانەوە، پێویستە کورد کوردی و ئەرمەنیش زمانی ئەرمەنییەکەی خۆی گەشە پێبدات. ئەو کەسانەش کە پێیان‌وایە تورکیا لەمەدا زیان دەکات، یا کەسانی بێ مێشکن یا بەکرێگیراو))[١٣٥].

ئەو مۆدێلەی کە عەبدوڵڵا جەودەت باسی دەکات مۆدێلی دەوڵەتێکە هەموو نەتەوەکان بەرژەوەند و مافی یەکسانیان تێدا هەبێ و بتوانن ئیرادەی خۆیان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا یەکبخەن.

---

[١٣٤] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٩.

[١٣٥] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٧.

((هۆکاری دەربڕینی بۆچوونێکی وەها لەلایەن عەبدوڵڵا جەودەتەوە، بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خۆی سەر بە یەکێك لە پێکهاتە نەتەوەییەکانی دەوڵەتی عوسمانی بووە. عەبدوڵڵا جەودەت بۆ ئەوەی کەڵك لە بۆچوونەکانی وەربگیرێ و [کاردانەوە لە دژی پیشان نەدرێ]، خۆی وەك کەسایەتییەکی ئۆپۆزسیۆنی سەر بە کەمە نەتەوەیەك پیشان نەداوە))[١٣٦].

سەرچاوەیەکی گرنگ کە لە بارەی عەبدوڵڵا جەودەتەوە بڵاو کرابێتەوە، کتێبی (د. عەبدوڵڵا جەودەت و نەتەوەخوازیی کوردی لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا)ی مالمیسانژە. ناوبراو لە کتێبەکەیدا دەڵێت: ((هەندێ کەس پێیان‌وایە عەبدوڵڵا جەودەت لە ڕۆشنبیرانی کورد دوورەپەرێز بووە))، بەڵام ((ناوبراو لەڕێی بیروبۆچوونەکانی خۆیەوە، ڕۆڵێکی زۆری لە گەشەپێدانی هۆشیاریی نەتەوەیی و ئاگاداریی و زانیاریی سەردەمیانەی کورددا، هەبوە.)) و وەکوو ڕۆشنبیرێکی کوردیش لە قەڵەمی داوە. مالمیسانژ لە ڕوانگەی کوردایەتیەوە، لێکۆڵینەوەی لەسەر عەبدوڵڵا جەودەت کردووە. ((عەبدوڵڵا جەودەت سەرتای سەدەی بیستەم لەڕووی فیکری و عەمەلییەوە، ڕۆڵێکی زۆری لە زیندووکردنەوەی نەتەوەخوازیی کوردیدا هەبوە))[١٣٧].

عەبدوڵڵا جەودەت لە مێژووی بیری کوردیدا ڕۆڵێکی گرنگ و پڕ بەرهەمی هەیە. کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، زیاتر لە هەر ڕۆشنبیرێکی دیکەی کورد سەبارەت بە هۆشیاری و زانیاریی نەتەوەیی لەڕووی فیکرییەوە، هەوڵ و کۆششی داوە. ئەوەی کە بووەتە هۆی دروستبوونی مشتومڕ و قسەو باسێکی زۆر لەسەر ئەم ڕۆشنبیرەی کورد، ئەوەیە کە ناوبراو جاربەجار بیروبۆچوونی خۆی سەبارەت بە مەسەلەی کورد

---

[١٣٦] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٢.

[١٣٧] مالمیسانژ، ل٩.

دەربڕیوە، ئەمەش لەگەڵ بیرکردنەوەکانی دیکەدا ناکۆك بووە. بۆ نموونە، لە کاتێکدا دژایەتیی سیاسەتی نەتەوەخوازیی تورکەکان و ئیتیحادوتەرەقی کردووە، پێشتر لە جەنگەکانی باڵقان و ترابلۆسی خۆرئاوادا شیعری بە باڵای تورك و سەمبولە نەتەوەییەکانی تورکدا وتووە. سەرەڕای ئەو قسەو باسانەی کە دەرهەق بە عەبدوڵڵا جەودەت دەکرێن، ناوبراو یەکێك بووە لە بیرمەندە گرنگەکانی کورد لە سەردەمی خۆیدا. نووسینێکی عەبدوڵڵا جەودەت لە گۆڤاری "ڕۆژی کورد"دا هەستیاریی خۆی لە بارەی [کوردایەتی]یەوە هێناوەتە سەر زمان: ((... دۆستێکی بەڕێز و گەورەم لەسەر مێزەکەم گۆڤاری "ڕۆژی کورد"ی بینی و وتی: ((ئەم گۆڤارە چییە؟)) منیش وتم: ئۆرگانی کوردۆلۆژییە و نووسین و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی و نەژادی سەبارەت بە کوردەکان بڵاو دەکاتەوە.

گۆڤارەکەی کردەوە و چاوی بە وتارێکی کەوت. وتی: ((مادام بە تورکی نەنووسراوە و بە کوردی بڵاوکراوەتەوە، ئەمە دەبێتە هۆی جیاکاری و دابەشبوون)). دوای ئەوەش گۆڤارەکەی لە سەر مێزەکە دانایەوە. بەڕای من، پێویستە سەرنج و گرنگییەکی زیاد بدرێتە ئەم ڕووداوە، چونکە فەلسەفەیەکی ساختەو هەڵبەستراوی تێدایە و پێم ناخۆشە لەنێو ئێمەیشدا بڵاو بوونەتەوە))[١٣٨].

عەبدوڵڵا جەودەت لە ڕۆژانی جەنگی باڵقاندا، بەتایبەتی لەسەر ئەو خاڵە گیرساوە کە پێویستە کوردەکان بۆ پاراستنی زمان و کولتووری خۆیان و هەروەها بۆ گەشەپێدانی مێژوو و پێوەندییە نەتەوەیەکانیان، هەوڵبدەن و تێکۆشن. دواکەوتوویی کوردەکان لەڕووی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیییەوە،

[١٣٨] عەبدوڵڵا جەودەت، ڕێگای یەکگرتن، ڕۆژی کورد، ژمارەی ٢، ٦ی تەمووزی ١٣٢٤، ل٨، هانی ئۆغڵوو لە هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٦دا باسی کردووە.

بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەوان بە شێوەیەکی (سروشتی) کەسایەتییەکی ملکەچیان هەبێ، بۆیە پێویستە بەرامبەر بەوە هەوڵی گەیشتن بە ئاستێکی پێشکەوتووی کولتوری بدرێ. ئەمەش لەو ڕۆژانەدا بە گونجاوترین و باشترین بیروبۆچوون لەقەڵەم دەدرێ بۆ کوردەکان. د. عەبدوڵڵا جەودەت لە نووسینێکدا لە "ڕۆژی کورد"دا باسی پێشخستنی بیرو هۆشیاریی مێژووی کوردی کردووە و لەو ڕووەشەوە بابەتی گرنگی وروووژاندووە: ((... نەتەوەیەك کە مێژوویەکی ڕێکوپێك و تەواوی نەبێ، وەکوو ئەوە وایە هیچ نەژیابێ. کورد مێژوویەکی هەیە؟ تەنیا بە شەرەفنامەیەك نەتەوەیەك ناتوانێ پێی وابێ مێژووی شەرەف و شەرەفی مێژوویی خۆی هەن. ئەم سەدەیەی کە تێیدا دەژین، سەدەی گاڵتەجاڕی نییە، سەدەی بیستەمە! ئەوەی کە ئاگای لە ڕابردووی خۆی نەبێ و خاوەنی داهاتووی خۆی نەبێ، ناتوانێ ببێتە خاوەنی خۆی. ئەو نەتەوەیەش کە نەتوانێ خاوەنداری لە خۆی بکات، دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی تاکەکان و دەبێتە موڵکی کەسانی تر))[١٣٩].

((د. عەبدوڵڵا جەودەت دەڵێت: کاتێك لاوانی کورد لە گوندێکی کوردیدا قوتابخانەیەکی سەرەتایی دروست بکەن و ببنە مامۆستای ئەو قوتابخانەیە و کاتێك ببنە قایمقام و بەڕێوەبەری شوێنێکی دوورەدەست و پەراوێزخراو [ی کوردستان]، ئەوا دەبێ بزانن ئەوان بە ڕێگایەکدا دەڕۆن کە پێویستە پێیدا تێپەڕن)). ئەم بیروبۆچوونەی ناوبراو سەبارەت بە لاوانی کورد، بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا هەڵوێستەکانی ئەو لەباری نەتەوەیی‌یەوە دەردەخات. نووسەرە تورکەکان پێیان‌وایە ئەو جۆرە نووسینانە گوزارشت لە جیاییخوازیی عەبدوڵڵا جەودەت دەکەن و باسی ئەوەش دەکەن کە

---

[١٣٩] عەبدوڵڵا جەودەت، گوتارێك، ڕۆژی کورد ژمارەی ١، ٦ی حوزەیرانی ١٣٢٩، ل٤، هانی ئۆغلۆ لە هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٧دا باسی کردووە.

نووسینەکانی ناوبراو لە ڕۆژنامەکانی "هەتاوی کورد" و "تەرجومانی حەقیقەت"دا، پتر لایەنە کوردییەکەی ئەو دەردەخەن. هانی ئۆغڵوو لەو بارەیەوە دەڵێت: ((... نەتەوەخوازە جیاییخوازەکان [ی کورد] بە شێوەیەکی لەڕادەبەدەر پەسنی عەبدوڵلا جەودەتیان داوەو بە شانوباڵیدا هەڵیان داوە. ئەمەش خاڵێکە نابێ فەرامۆشی بکەین)). بەوجۆرەش باسی هەڵوێستی نەتەوەخوازیی عەبدوڵلا جەودەت دەکات[١٤٠].

بیرو بۆچوونەکانی عەبدوڵلا جەودەت لە سەردەمی مەشرووتییەتدا، لە ڕۆژانی جەنگدا گۆڕابوون و بۆ خۆیشی لە ڕەوتی نەتەوەخوازیی کوردیدا شوێن و پێگەیەکی گرنگی پەیدا کردبوو. بۆیە ڕوونترو چالاکانەتر لە جاران، بیروبۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە کوردایەتی دەردەبڕی.

((یەکێکی دیکە لەو گۆڕانانەی وا کە ڕۆژانی جەنگ لە بیروبۆچوونەکانی عەبدوڵلا جەودەتدا ڕوویان دابوو، ئەوە بوو ناوبراو بە پێچەوانەی جارانەوە ئیدی پێی وابوو دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بەسەر پێکهاتە و گرووپە ئەتنییەکانی ژێر حوکمی خۆیدا جۆرێکە لە ئەمپریالیزم)). ئەم بیرکردنەوەیەشی بە کاریگەریی بیروبۆچوونی نەتەوەخوازیی ڕۆشنبیرانی کورد بووە کە بەهۆی "هەلومەرجی ڕۆژانی جەنگ"ەوە گەشەی کردووە[١٤١].

عەبدوڵلا جەودەت لە ڕۆژانی جەنگدا بە شێوەیەکی ئاشکرا بیروبۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە کێشەی کورد هێناوەتە سەر زمان و لەو بارەیەشەوە هەوڵ و تەقەلای داوە. بەڵام کاتێك جووڵانەوەی کەمالیستی سەرکەوتووە و دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی وڵاتی خستووەتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، هەندێ گۆڕان لە بیروبۆچوونەکانی ناوبراودا دروست بووەتەوە.

---

[١٤٠] هانی ئۆغڵوو، ل٣١٨.

[١٤١] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٠.

عەبدوڵڵا جەودەت ناوبەناو بۆچوونەکانی خۆی گۆڕیوە و بەرگریی لە هەندێ شت کردووە، ئەم گۆڕانانەیش دواجار بوونەتە هۆی ئەوەی کە ناوبراو ملکەچی دەسەڵاتی کەمالیستەکان بێ.

((بە شێوەیەکی گشتی، دەتوانین بڵێین ڕەوتی پێشکەوتنی بیروبۆچوونەکانی عەبدوڵڵا جەودەت، بەدەر لە هەندێك حاڵەتی تایبەت، وەك شێوازی بیرکردنەوەی ڕۆشنبیرانی سەر بە گرووپە ئەتنییەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی بووە. ئەو ڕۆشنبیرانە لە قۆناغی جەنگدا پتر بەرگرییان لە هەڵوێستی جیاییخوازیی گرووپە ئەتنی و نەتەوەییەکان دەکرد، بەڵام کاتێك جووڵانەوەی ئەنادۆڵ گەشەی کرد و بەهێزبوو، وازیان لە بۆچوونی نەتەوەییەکان هێنا و دەستیان کردەوە بە بەرگریکردن لە بیرۆکەی یەکێتیی عوسمانی. عەبدوڵڵا جەودەتیش بەمجۆرە جووڵانەوەی ئەنادۆڵ سەرکەوتنی بەدەست هێنا، عەبدوڵڵا جەودەت بە تەواوی وازی لە بیروبۆچوونەکانی جارانی هێنا))[١٤٢].

بنکەی ژین
www.zheen.org

گۆڕان لە بیروبۆچوونەکانی عەبدوڵڵا جەودەتدا لە قۆناغی دامەزراندنی کۆماری تورکیادا، لە نووسینەکانی ناوبراودا لە یەکەم ژمارەی خولی نوێی گۆڤاری "ئیجتیهاد"دا بۆ پێداهەڵدان و پەسندانی حکوومەتی نوێ بەئاشکرا دەردەکەوێ[١٤٣]. هەندێ کەس پێیان‌وایە بیروبۆچوونە نوێکانی عەبدوڵڵا جەودەت سەبارەت بە ئیدارەی کەمالیستی و (بێدەنگی و ملکەچبوون) و (تەسلیم بوونەکەی) و تەنانەت پێداهەڵدانەکەیشی، سەرچاوە لە چۆنیەتیی بیرکردنەوەکانی جارانی دەگرێت. ((هەڵوێست وەرنەگرتنی ناوبراو بەرامبەر بە کەمالیستەکان تەنیا لەبەر ترس نەبوە، بەڵکوو لەبەر بۆچوونەکانی خۆی

---

[١٤٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢١.

[١٤٣] مالمیسانژ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.

بووه سەبارەت بە ڕیفۆرم و خۆرئاوایی بوون، کە پێی وابووە بەشێك لەو بۆچوونانەی لەگەڵ هەوڵەکانی کەمالیستەکاندا یەکدەگرێتەوە)). مالمیسانژ پێیوایە هەندێك لە بیروبۆچوونە تازەکانی عەبدوڵڵا جەودەت بە گوشاری کەمالیستەکاندا بووە و لەو بارەیەیشەوە باسی هەندێك لە نووسینەکانی عەبدوڵڵا جەودەت دەکات کە پێیوایە بە گوشاری دەسەڵاتداران نووسراوە.

((... ئەوەتا پارتی گەل کە مەشخەڵی ڕێمانە، ئەوەش بۆچوونەکانی بەڕێوەبەری ئیجتیهادە! ڕوون و ئاشکرایە ئەمانە چەندە لەیەك دەچن و وەك یەکن... حکوومەتی پارتی گەل لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا، بە شەو و بە ڕۆژ کاری کردووە بۆ ئەوەی ئەم خەون و خەیاڵە خۆشانەمان بێنە دی و تاقە حکوومەتێکیشە بۆ ئەوانە هەوڵی دابێ)). هەرچەندە لەوانەیە هێنانە سەرزمانی ئەم بۆچوونانە لەلایەن عەبدوڵڵا جەودەتەوە تا ڕادەیەك پەیوەندیی بە گوشارەکانی حکوومەتەوە هەبێ، بەڵام پێویستە ئەوەش بزانرێ کە بەشێکیشی پێوەندیی بەوەوە هەیە کە عەبدوڵڵا جەودەت بە شێوەیەکی بەرنامە بۆدانراو ئەوەی شی نەکردووەتەوە کە پێویستە نەتەوەکان لەڕووی سیاسییەوە توانایی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەبێ. ڕۆشنبیرانی کورد لەو قۆناغەدا هێشتا بەتەواوی نەگەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێ نەتەوەکان و بەتایبەتی نەتەوەی کورد، بە ئازادی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەبێ و ناوەڕۆکی ئەمەشیان نەخستووەتە ناو شێوازی بیرکردنەوەی گشتی و چوارچێوەیەکی سیاسیی دیاریکراویان بۆ دەستنیشان نەکردووە و لەڕووی سیاسیشەوە ئەمەیان نەکردووەتە هێزێکی ڕێکخراو تا بتوانن بیگەننە ئەنجام و لەو ڕووەشەوە بەرنامەیەکی نەتەوەیی کوردییان دانەناوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

گۆڕان لە بیروبۆچوون و کردەوەکانی عەبدوڵڵا جەودەتدا لە سەردەمی کۆماردا، بە شێوەیەکی قووڵ پێوەندیی بە کاراکتەری حکوومەتەوە هەیە. ئیدارەی کۆمار هیچ کاتێك بە شێوەیەکی نیازپاکانە لە عەبدوڵڵا جەودەت نزیك نەبوەتەوە و ناوبراویش هیچ کاتێك زەمینەی سازشکردنی لەگەڵ حکوومەتدا دروست نەکردووە. بیرو بۆچوونەکانی عەبدوڵڵا جەودەت سەبارەت بە کورد و کوردایەتی، هەموو کاتێك کەمالیستەکانی نیگەران کردووە. کەمالیستەکان هەر لە ڕۆژانی هەیئەتی تەمسیلییەی ساڵی ١٩١٩وە بە چاوی کەسێکی جیاییخوازەوە سەیری عەبدوڵڵا جەودەتیان کردووە. ((ڕۆژی ٣٣٥/١١/١٦ نووسراوێك بۆ جەمال پاشای وەزیری حەربییە بەرزکراوەتەوە، سەبارەت بە گۆڕینی [ئەرکەکانی] د. عەبدوڵڵا جەودەت کە وانەی بە نەتەوەخوازەکانی کورد وتوەتەوە، لەگەڵ ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ [و: ناوی ئەم ڕاوێژکارە نەهاتووە]دا کە خیانەتیان بەشیتمان سەلمێنراوە))[١٤٤].

عابدین نەسیمی ئیددیعایەك سەبارەت بە عەبدوڵڵا جەودەت بڵاودەکاتەوە کە گوماناوییە و لە هیچ سەرچاوەیەکی دیکەدا باسی نەکراوە. بە گوێرەی ئەو، عەبدوڵڵا جەودەت لە بەلشەڤیکەکانی ڕووسیا نزیك بووەتەوە و شەفیق حوسنی پێشنیارێکی ئەوی بۆ پێکەوە کارکردن ڕەت کردووەتەوە.

((دوای شۆڕشی بەلشەڤیکەکان لە ڕووسیای قەیسەری، چووەتە ئازەربایجان، لەوێش نەك بەلشەڤیکەکان، بەڵکوو هاوکاریی مەنشەڤیکەکانی کردووە. کاتێك بەلشەڤیکەکان لە ئازەربایجان دەسەڵات دەگرنە دەست، عەبدوڵڵا جەودەت دەگەڕێتەوە بۆ تورکیا و دەست دەکاتەوە بە دەرکردنی

---

[١٤٤] بەکر سدقی بایکاڵ، بڕیارەکانی هەیئەتی تەمسیلیە، ئەنقەرە، بڵاوکراوەکانی TTK، ١٩٧٤، ل٥٨.

بنکەی ژین
www.zheen.org

گۆڤاری "ئیجتیهاد". بەگوێرەی ئەو قسانەی کە "ساری مستەفا" بە منی وتوون، عەبدوڵلا جەودەت زوو زوو سەری لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی داوەو چاوی بە شەفیق حوسنی کەوتووە. عەبدوڵلا جەودەت لەو قۆناغەدا وازی لە مەنشەڤیك بوون هێناوە و بووەتە بەلشەڤیك. ناوبراو ویستوویەتی بچێتە ناو پارتی سۆسیالیستی جووتیار و کرێکاران، بەڵام حوسنی داواکاریی ئەندامبوونی ناوبراوی ڕەتکردووەتەوە. دوای دەرچوونی یاسای (تەقریری سکون) گۆڤاری "ئایدنلك" داخراوە و بەو هۆیەیشەوە عەبدوڵلا جەودەت بە شەفیق حوسنی ڕاگەیاندووە کە بابەت و نووسراوی نووسەرەکانی گۆڤاری ئایدنلیك بە سوپاسەوە لە "ئیجتیهاد"دا بڵاو دەکاتەوە، بەڵام شەفیق حوسنی ئەو پێشنیارەیشی ڕەت کردووەتەوە))[١٤٥].

کەسایەتیە ناودارەکانی ئەندامی کلووب (یانە)ی کوردی لە دیاربەکر، دکتۆر فوئاد، پارێزەر محەمەد ئاختی "کە بە باقیٚ تۆژۆ ناسراوە" و مەلا حەمدی بەگ بوون. مەلا حەمدی ئەفەنی، دواتر بووەتە ڕاوێژکار، یەکەم دەستەی بەڕێوەبەریی ئەو کلووبە لە ئەکرەم جەمیل پاشازادە، جەرجیزادە کەریم، جەرجیزادە فیکری، گانیزادە ڕەشاد، جەمیل پاشا و عومەر بەگ پێك هاتبوو. ئەمانە توانیبوویان بە شێوەیەکی فراوان بیرۆکەی کوردایەتی لەنێو ڕۆشنبیر و بازرگان و پارێزەر و خوێندکارانی کورددا، بڵاو بکەنەوە. بێگومان لەمەشدا لاوان و ڕۆشنبیرانی سەر بە جەمعییەتی هێڤی ڕۆڵێکی زۆریان هەبوە.

[١٤٥] عابدین نەسیمی، هەڵسەنگاندن وبیرەوەریەکان لە پارتی کۆمۆنیستی تورکیادا ١٩٠٩ تا ١٩٤٩، ئەستەنبووڵ، بڵاوکراوەکانی پرۆمەتە، ١٩٧٠، بەرگی ١، ل٩٨.

## هێڤی:

ئەم جەمعییەتە پاش گەشەکردنی نەتەوەخوازیی تورکی لە نێو دەوڵەتی عوسمانیدا لە ساڵەکانی دوای ١٩٠٨ەوە، بۆ یەکخستنی کوردەکان دامەزراوە. ڕێکخراوە کوردییەکانی ئەو سەردەمە، زۆرتر نەتەوەیی بوون و نفووزی زۆریان لەنێو خوێندکارانی کوردی نیشتەجێی ئەستەنبووڵ هەبوە. هێڤی بە شێوەیەکی ڕەسمی لە ساڵی ١٩١٢دا دامەزراوە و یەکەم دامەزرێن و ئایدۆلۆگی ئەو ڕێکخراوەش د. شوکری محەمەد سەگبان بووە. خەرجییەکانی نووسینگەی ئەم جەمعییەتە بەرامبەر بە پۆستەخانەی گەڕەکی سیرکەجی، هەر لەلایەن د. شوکری محەمەد دابین کراوە، یەکەم سکرتێری بەرپرسی ئەو جەمعییەتە [هێڤی] "عومەر جەمیل پاشا" بووەو "دەراهینلی تایپ عەلی"ش بەرپرسی لق و ڕێکخستنەکانی دەوروبەر بووە. دەراهینلیی تایپ عەلی، یەکەم لقی ڕێکخراوەکەی لە ئەرزڕووم کردووەتەوە و بۆ خۆی کەسێك بووە، ساڵی ١٩٢٥ لە ڕاپەڕینی کوردەکاندا بەشدار بووە و دواتریش بووەتە ئەندامی ڕێکخراوی خۆیبوون و لەو ڕێکخراوەشدا، ڕۆڵێکی چالاك و گرنگی گێڕاوە[١٤٦].

جەمعییەتی هێڤیی تەلەبەی کورد ڕۆژی ١٩١٢/٧/٢٧ لە ئەستەنبووڵ دامەزراوە[١٤٧]. دامەزرێنەکانی ئەو ڕێکخراوەیش ئەمانەی خوارەوە بوون:

١. قەدری جەمیل پاشا (ئامەد).
٢. عومەر جەمیل پاشا (ئامەد).
٣. فوئاد تەمۆ (وان).
٤. جەڕاحزادە زەکی (ئامەد).

---

[١٤٦] شادیلی، ل١٥٦.

[١٤٧] ژین، ژمارە ٢٤، ل٧، بۆزئارسلان، ل٢١.

٥. د. شوكری محەمەد (باقر مەعدەن).

٦. کەمال فەوزی (بتلیس)

٧. دکتۆر فوئاد بەرخۆ (ئامەد).

٨. مەمدووح سەلیم (وان).

٩. ئەکرەم جەمیل پاشا (ئامەد).

١٠. زیا وەهبی.

١١. نەجمەدین حسێن (کەرکووك).

١٢. عەزیز بابان (سلێمانی).

١٣. شەفیق ئەرواسی (وان).

١٤. موکسولوو حەمزە (وان).

١٥. تایپ عەلی (خارپووت).

١٦. عەبدولکەریم (سلێمانی).

١٧. ساڵح (ئامەد).

١٨. عەبدولقادر (ئامەد).

١٩. ئاصەف بەدرخان (بۆتان).

٢٠. مستەفا رشەشاد (ئامەد).

٢١. د. مستەفا شەوقی (مەهاباد).

٢٢. میهری (سنە).

٢٣. عەبدولڕەحمان ڕەحمی (هەکاری).

ئەو ناوانەی کە باس کران، بەشدارییان لە کاروچالاکیەکانی جەمعییەتی "هێڤی"شدا کردووە و لە کەسایەتیە گرنگ و ناودارەکانی کوردیش بوون. یەکەم سکرتێری هێڤی، عومەر جەمیل پاشازادە بووە و دواتریش مەمدووح سەلیم بەگی وانلی شوێنی گرتووەتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

سەرەڕای ئەوەی کە بەرپرسانی هێڤی لە دەستپێکردنی جەنگی جیهانی یەکەمدا براونەتە سەربازی و کاروچالاکیەکان وەستان و پەخشی بڵاوکراوەکانیشیان ڕاگیرا، بەڵام کۆنگرەکانی هێڤی بەردەوام لە وادەی خۆیدا بە شێوەی ڕێکوپێك بەڕێوە چوون. جگە لە د. شوکری محەمەد، سەیید عەبدولقادریش پاڵپشتی هێڤی بووە کە کاریگەری و نفووزێکی زۆری لەنێو حەماڵ و کرێکارە کوردەکاندا لە ئەستەنبووڵ هەبوە، حاجی مووسای سەرۆکی خێڵی قۆچکران یەکێك بووە لەو کەسایەتیانەی کە یارمەتیی هێڤییان داوەو وتوویەتی: ئەگەر ((لاوانی کورد تەنوورێك یان فڕنێك دروست بکەن، ئێمە خۆمان دەکەینە سووتەمەنی بۆ ئەو فڕنە)). ناوبراو ساڵی ١٩١٤ لەلایەن ئەندامانی کۆمیتەی ئەرمەنەکانەوە کوژراوە. حەمدوڵڵا سوبحی هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی ڕۆشنبیرانی کوردی لایەنگری هێڤی لەژێر چەتری ڕێکخراوی [نەژاد پەرستی] تورك ئوجاغیدا کۆبکاتەوە و بیروبۆچوونی تورکایەتی بخاتە مێشکی لاوانی کورد. ناوبراو کاتی خۆی پێشنیاری کردووە کە هێڤی لە ژوورێکی بینای ڕێکخراوی تورك ئوجاغیدا کاروبارەکانی بەڕێوەببات، بەڵام لاوانی کورد بە گەرمی پێشوازییان لەم پێشنیارە نەکردووە.

لەو کاتانەدا عومەر جەمیل [پاشا زادە] کە سکرێتری هێڤی بووە، زوو زوو براوەتە ئەشکەنجەخانەی ئەو کاتە کە پێیوتراوە بلووکی بەکر ئاغا[١٤٨]. جگە لەو لقەی هێڤی کە لە ئەرزڕووم کراوەتەوە، دوو لقی دیکەی ئەو ڕێکخراوە لە سویسرا و لۆزان کراوەتەوە. لاوان و ڕۆشنبیران و ئەو هاووڵاتیە کوردانەی بەهۆی جیاوازەوە، لە ناوچە و شوێنە جۆراوجۆرەکانی ژیاون، توانیویانە

---

[١٤٨] قۆچگیری، ل٢٩.

لەڕێی ئەو لقانەوە کێشەی کورد و هەلومەرجی ژیانی ئابووری و سیاسیی کوردستان و ئازار و مەینەتییەکانی مرۆڤی کورد و داواکارییە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیەکانی، بگەیەننە کۆڕو کۆبوونەوە نێودەوڵەتیەکان و لە ئاستێکی جیهانیدا قسەو باسی لەسەر بکەن. کلووبی کوردی لە دیاربەکر لەلایەن لاوان و ڕۆشنبیرانی کوردی سەر بە هێڤیەوە دامەزراوە. کلووبە کە نزیکەی سەد ئەندامی هەبوە، کە کەسانی دکتۆر، پارێزەر و خوێندەوار و بازرگان و گوندییان تێدا بووە و کەسانی سەر بە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا بەشدارییان لە کار و چالاکیەکانی هێڤیدا کردووە.

قەدری جەمیل پاشا کە بە زنار سلۆپی ناسراوە و نووسەری کتێبی "دۆزا کوردستان"یش بووە، کاروبارەکانی "هێڤی"ی لە دەوروبەری دیاربەکر ئەنجام داوە. حکوومەتی عوسمانی بەهۆی پێشکەوتنی کار و چالاکیەکانی جەمعییەتی هێڤیەوە سەبارەت بە مەسەلەی کورد، ئەو ڕێکخراوەی داخستووە و کادێرە کەمالیستەکان لە ئەنادۆڵ پێویستیەکانی ئەو بڕیارەی حکوومەتیان جێبەجێ کردووە. دوای ڕۆژی کورد، هەتاوی کورد و پەژدەکی کە هێڤی دەریکردوون، گۆڤاری "ژین" بڵاو کراوەتەوە. ژین لە بنەڕەتدا ئۆرگانی ڕاگەیاندنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بووە. دوای ئەو جیابوونەوەیەی کە لە جەمعییەتەدا ڕوویدا، ئەو لایەنەی کە بە سەربەخۆخوازەکان دەناسران، جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەیان دامەزراند. یەکەم ئۆرگانی ڕاگەیاندنی هێڤی "ڕۆژی کورد" بووە کە ڕۆژی ٦ی حوزەیرانی بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی دەستی بەچاپ و بڵاوکردنەی کردووە. دوای چوار ژمارەش ناوی ئەو گۆڤارە بۆ "هەتاوی کورد" گۆڕاوە کە کەسانی وەك ساڵح بەدرخان، کەرکووکلی نەجمەدین، فەخری، مەسعوود سلێمانیەیی، دیاربەکرلی نەجەت، فوئاد تەمۆ، عەبدولکەریم سلێمانیەیی،

خەلیل مۆدانی، میدحەت خارپووتلی، عەزیز بابان، عەبدوڵلا جەودەت و بابانزادە ئیسماعیل حەقی، بابەتیان بۆ نووسیوە. بەهۆی ئەوەوە کە "ڕۆژی کورد" و نووسەرانی ئەو گۆڤارە ڕەخنەیان لە سیاسەتی شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستانەی ئیتیحادوتەرەقی دەگرت و داوایان لە کوردەکان دەکرد کاردانەوەیان دژی ئەو سیاسەتە نەژادپەرستانەیە هەبێ، حکوومەت چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکەی قەدەغە کرد و سالح بەدرخانیش کە یەکێك بووە لە نووسەرانی ئەو گۆڤارە، دەسگیر کراوەو دراوەتە دادگا[١٤٩].

گۆڤاری "هەتاوی کورد" کە موکسولو حەمزە بەڕێوەی دەبرد، تا ساڵی ١٩١٤ کە ئامادەکاریی گشتی ڕاگەیەنراوە، بەردەوام چاپ و بڵاو کراوەتەوە. دوای ڕاگەیاندنی شەڕ، بەهۆی ئەوەوە کە بەشێکی زۆر لە لاوان و ڕۆشنبیرانی سەر بە هێڤی، بەپێی بڕیاری خزمەتی تایبەت بۆ سەربازی بران، بە ناچاری چاپ و بڵاو کردنەوەی ڕۆژنامەکە [و: دەبێ مەبەستی گۆڤارەکە بێ ] ڕاگیراوە.

جگە لە بایەخی هەڵوێستی هێڤی سەبارەت بە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردی، ئەو ڕێکخراوە لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی کوردیشدا، سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێناوە و لەڕووی پێشخستنی زانیاریی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی کوردەوە، ڕۆڵی گرنگی هەبوە.

زنار سلۆپی کە یەکێك بووە لە کەسایەتیە گرنگەکانی ڕێکخراوە کوردییەکان، لە بیرەوەریەکانی خۆیدا بەمجۆرە باسی هەلومەرج و هۆکارەکانی دامەزراندنی جەمعییەتی هێڤی دەکات: ((ساڵی ١٩١١ چووبوومە مەکتبەی باڵای کشتوکاڵیی هاڵکاڵی. لە مەکتەبدا لەگەڵ هاوڕێ کوردەکانمدا

---

[١٤٩] قوتلای، ل٤٥.

به تێروتەسەلی باسی کێشەی نەتەوەییمان دەکرد. هەر ئەو کاتانە بەڕێز خەلیل خەیاڵی کە فەرمانبەری ژمێریاری بوو لەو مەکتەبەدا، زانیاریی زۆری پێدەداین و هانی دەداین تا هەستە نەتەوەییەکانمان گەشە پێبدەین. دواتر لەگەڵ هاوڕێکانمدا ڕێك کەوتین تا جەمعییەتی تەلەبی کورد دابمەزرێنین. من و عومەر جەمیل پاشا و فوئاد تەمۆی کوڕی تەوفیق بەگی نوێنەری وان، لەگەڵ جەڕاحزادە زەکی دیاربەکری، چەندین ڕۆژ لە مزگەوتی مەکتەبەکەدا کۆ بووینەوە، بۆ ئامادەکردنی پێڕەوی جەمعییەتێکی خوێندکاری بە ناوی هێڤییەوە، دوای تەواوکردنی ئەوەش، ساڵی ١٩١٢ بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوەکە داوای مۆڵەتی ڕەسمیمان لە حکوومەت کرد. دوابەدوای ئەوەیش دامەزراندنی (هێڤی)مان ڕاگەیاند. ئەو خوێندکارە کوردانەی وا لە مەکتەبەکانی دیکەی ئەستەنبووڵ دەیانخوێند، هەمان هەستو بیروبۆچوونی ئێمەیان هەبوو، بۆیە بە شێوەیەکی گەرم پێشوازییان لە دامەزراندنی هێڤی کرد. ئێمە کە جەمعییەتەکەمان دامەزراندبوو، وتمان با تا بەستنی کۆنگرە بە شێوەی کاتیی عومەر جەمیل پاشا زادە ببێتە سکرتێری بەرپرسی ڕێکخراوەکە. ئەکرەم جەمیل پاشا و مەمدووح سەلیم بەگ کە هەموو کاتێك لە مەسەلە نەتەوەییەکاندا لەگەڵمدا بوون، لە ڕۆژی یەکەمەوە بوونە ئەندامی هێڤی و بەشدارییان لە کار و چالاکیەکانی جەمعییەتی هێڤیدا کرد. ژمارەی ئەندامانی هێڤی لەبەر پێشوازیی گەرمی خوێندکارانی کورد، لە ماوەیەکی کورتدا زۆر زیادی کرد.

ماوەیەکی کورت لە دامەزراندنی هێڤی، چوومە سویسرا و لەو ڕێکخراوە دوور کەوتمەوە. ساڵی ١٩١٣ لەگەڵ ئەکرەم جەمیل پاشا و شەمسەدینی برای و بابانزادە ڕەجایی و نوهەت و سەلیم سەعیدی دێرسیمی، داوامان لە ناوەندی هێڤی کرد لە ئەستەنبووڵ تا ڕازی بێ لە لۆزان لقێکی ڕێکخراوەکە

بکەینەوە. ئامانجەکەشمان ئەوەبوو کە لەگەڵ خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا پێوەندیی بگرین، تاکوو پێکەوە کار بۆ ناساندنی کێشەی نەتەوەکەمان بە وڵاتانی ئەورووپایی، بکەین)) [١٥٠].

هێڤی، بە مەبەستی کۆکردنەوەی کوردەکانی ئەستەنبووڵ، لە دەوری یەك کۆبوونەوە و مەراسیم و ئاهەنگی جۆراوجۆری ڕێك خستووە. زنار سلۆپی بەمجۆرە باسی کۆبوونەوەیەکی فراوان دەکات کە بەبۆنەی یەکەم ساڵیادی دامەزراندنی هێڤیەوە ساز کراوە: ((بە پشتیوانیی شوکری محەمەد بەگ لە شێخ زادە باسی شوێنێکمان بۆ کۆبوونەوەی یەکەم ساڵیادی دامەزرادنی هێڤی بەکرێ گرت. لەو کۆنگرەیەدا کە ساڵی ١٩١٣ بەسترا، پیرینچیزادە فەوزی بەگ نوێنەری شاری دیاربەکر و پیرینچچی زادە زولفی بەگ و محەمەد بەگی نوێنەری ویلایەتی گەنج و خەلیل بەدرخانی بەگ و شوکری محەمەد بەگ، ئامادە بووبوون. مەمدووح سەلیم بەگ وە سکرتێری گشتیی هێڤی لە وتارەکەی خۆیدا گلەیی لە کەمتەرخەمیی گەورەپیاوان کرد سەبارەت بە کاروبارە نەتەوەییەکان. کەمال فەوزی بەگیش لە وتارێکی بەتین و بەسۆزدا پشتگیریی قسەکانی مەمدووح سەلیم بەگی کرد. زیا وەهبی بەگیش قەسیدە بەناوبانگەکەی ئەحمەدی خانی خوێندەوە کە لە "مەم و زین"دا بۆ وەسف و ستایشی کورد نووسیویەتی. بەڵام پیرینچیزادە فەوزی بەگ نوێنەری دیاربەکر، داوای لە لاوان کرد کە خۆیان تێکەڵاوی سیاسیەت نەکەن و دەرسەکانیان بخوێنن. بەوجۆرەش وەڵامی ڕەخنەکانی مەمدووح سەلیم بەگی دایەوە سەبارەت بەوەی کە گەورەپیاوانی کورد لە ئاستی کێشە نەتەوەییەکاندا کەمتەرخەمن. جگە لەوە، باسی ئەوەشی کرد کە خوێندنەوەی قەسیدەکەی

---

[١٥٠] کوردستان پرێس، ژمارە (15) 44 (١٩٨٨/١٠/٢٠)، ل٨.

ئەحمەدی خانی بۆ وەسفکردنی کورد، جۆرێکە لە داواکاریی سەربەخۆیی. شوکری محەمەد بەگ وەڵامی قسەکانی فەوزی بەگی دایەوەو وتی لەبەر ئەوەی گەورەپیاوانمان خۆیان بە کێشە نەتەوەییەکانەوە سەرقاڵ ناکەن، بە ناچاری لاوان ئەو کارە دەکەن. دوابەدوای ئەوە خەلیل ڕەحمی بەگ و شەفیق ئەرواسی ئەفەندیش پشتگیرییان لە قسەکانی شوکری محەمەد بەگ کرد و پاش ئەوە فەوزی بەگ بە تووڕەیی کۆبوونەوەکەی بەجێهێشت. دوابەدوای ئەوە بە بیانووی دانەمەزراندنی هێڤی بە گوێرەی یاسا، ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەریی ئەو ڕێکخراوە درانە دادگا و کاتی موحاکەمەکردن ئامادەکاریی گشتی ڕاگەیەنرا. لەبەرئەوەی یاسای خزمەتی سەربازی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەریی "هێڤی"شی دەگرتەوە، موحاکەمەکردنەکە هەڵوەشێنرایەوە و دەستەکەش بە شێوەی کاتی کاروبارەکانی "هێڤی"ی ڕاگرت.

تورکەکان هەر لە سەرەتای دامەزراندنی هێڤی‌یەوە دژایەتیی ئەو ڕێکخراوەیان دەکرد و ئەمەش بە ئاشکرا دیار بوو. شەفەق جەمال پاشا کاتێ فەرماندەی بارەگای ناوەندی هێزەکانی ئەستەنبوولی لە ئەستۆ بوو، چەندین جار گوشاری خستووەتە سەر ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی هێڤی و چەند جارێکیش [عومەر] جەمیل پاشای سکرتێری ئەو ڕێکخراوە بە فەرمانی ئەو براوەتە زیندانی بلووکی بەکیر ئاغا[١٥١].

هێڤـی بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ وەکـوو (مەشـخەڵی هیـوا) درەوشـاوەتەوە. لەسـەرەتاکانی جـەنگی جیهـانی یەکەمـدا، بەڕێوبـەر و بەرپرسـانی گۆڤـاری هـەتاوی کـورد دەسـگیرکراون و ڕەوانـەی بـەرەی جـەنگ کـراون. بـەوجۆرەش جەمعییەتەکە (ئیفلیج) کراوە و جموجووڵی لێ براوە[١٥٢].

[١٥١] کوردستان پرێس، ژمارە (17) 46 (١٩٨٨/١١/٣)، ل٨.

[١٥٢] بۆزئارسلان، ل٢١.

لەساڵی ١٩١٩ دا کە شەڕ کۆتایی پێهاتووە و لەگەڵ ئەو هەلومەرجەدا کە بەهۆی دەستپێکردنی شەڕی (ئاندرۆس)ـەوە دروست بووە، دیسان هێڤی بەکادرێکی نوێوە دەستی کردۆتەوە بە کار و چالاکیەکانی خۆی. ئەمجارەیان وەك بڵێی لەژێر کۆنترۆڵی جەمعییەتی تەعالیی کوردستاندا بووبێت، کارەکانی ڕاپەڕاندووە. لەم قۆناغەدا لە ڕێی بەیاننامەیەکەوە، زیندووبونەوەو هەبوونی خۆی بە کوردەکان ڕاگەیاندووە[١٥٣].

لەبەشێکی بەیاننامەکەدا هێڤی باسی (بڕوا و ناموسی کورد) دەکات و دەڵێت: ((... لاوانی کورد پێیانوایە بۆ ئەوەی کوردەکان بە جەوهەر و ناوەڕۆکی خۆیانەوە بگەنە ئەو پێگەیەی کە شایستەین، پێویستە بەر لە هەموو شتێك بە بڕوایەکی پتەو و بەهێزەوە، ئایدیا و ناموس و بیروبڕوای کوردەکان بپارێزرێت)).

هێڤی بەشێوەیەکی نیازپاکانە، بۆ یەکخستنی کۆمەڵگای کوردی و ڕۆشنبیرانی کورد، هەوڵی زۆری داوە. هێڤی لەبەیاننامەی دووەمجاری دامەزراندنی خۆیدا، باسی ئەوە دەکات کە لاوانی کورد لە چ هەلومەرجێکدا توانیویانە خۆیان ڕێك بخەنەوە: ((ژمارەیەك گەنج وەکو ڕۆڵەکانی نەتەوەیەکی هەژار، لە گۆشە و سوچ و کۆڵانە تاریکەکانی ئەستەنبووڵدا، کۆبوونەتەوە. لەو ڕێگا مەترسیدار و تاریك و سەختەی کە پێیدا دەڕۆیشتن، مەشخەڵێکیان بەدەستەوە بوو کە وەکو لەناوی جەمعییەتەکەشەوە دەردەکەوێت، نیشانەی هیوا و ئومێدیان بووە. هیوا و داخوازی، ڕێبەری داواکارییەکانی ئەم گەنجانە بووە، ڕەمزیشیان سەبر و خۆڕاگری بووە. جگەلەوەش مردن لەم دنیایەدا تاکە خەڵاتێك بووە کە ئەوان بتوانن وەریبگرن.

---

[١٥٣] ژین، ژمارە ٢١، ل٢١، ١٣، ١٥ی ژمارە ٢٢، ل١١-١٣؛ بۆزئارسلان، ل٢١.

لەڕاستیشدا لەڕێگایەکی دوورودرێژدا، هەوڵیان دەداو بە ڕێگایەکی سەخت ودژواردا دەڕۆیشتن. ئەوان، لەزۆر لێوەوە زەردەخەنەی تاڵیان بینیبوو. هەروەها لە زۆر ڕوومەتیشەوە بە گەرمی پێشوازیان لێ نەدەکرا. زۆرجار لێیان تووڕە دەبوون. لەپێناو هیوا و داخوازیەکانیاندا چووبوونە زیندان و خرابوونە ژووری تاکەکەسی و ڕەوانەی دادگا کرابوون. لەبەرئەوەی دەیانزانی سەرەڕای هەژاری و هەموو ئەو نەهامەتیەی کە دێتە ڕێگەیان، ئەو ڕێکخراوەی کە دایدەمەزرێنن وەکو ناموسێکی نەتەوەیی لێهاتووە و [و: بەسەرهاتی] دامەزراوەکەیان دەتوانێت ببێتە نموونەیەکی بچووك لەو ڕووداوانەی کە بەسەر کوردەکاندا دێن. لەبەرئەوەش بەدڵنیاییەکی زیاترەوە، درێژەیان بە کارەکەی خۆیان داوە و لەنێو نەبوونیدا، هەبوونیان دروست کردووە)). ئامانجی هێڤی ((گەشەپێدانی کولتوور و زانیاریی کوردەکان و گەشەپێدانی ئاستی [و: هۆشیاریی] نەتەوەیی بووە))[١٥٤].

لە بەیاننامەیەکدا کە لەلایەن هێڤییەوە بە زمانی تورکی دەرکراوە، بەمجۆرە باسی ئامانجەکانی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە کراوە: ((جەمعییەتی هێڤی تەلەبەی کورد، وەکو ئامانجێکی بنەڕەتی پێیوایە دەبێت هەرچی زووترە نەتەوەی کورد لە ڕووی زانستی و کەلتوورییەوە، پێشبکەوێت و ئاستەکانی لەو بوارانەدا گەشەبسێنێت. لەپێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجەشدا، ئەمجارەیان پەیڕەوەکەی خۆی گۆڕیوە و فراوانتری کردووە. بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش، جگە لەوەی کە لە هەموو لایەکی کوردستان لقی خۆی دەکاتەوە، ژمارەیەك لەئەندامەکانی خۆیشی ڕەوانەی ئەوروپا دەکات، بۆئەوەی لەگەڵ یاسا و ڕێسا سەرەکییەکانی شارستانیەتی ئەم سەردەمەدا ڕابێن))[١٥٥].

[١٥٤] ژین، ژمارە ٢١، ١٨ی حوزەیرانی ١٣٣٥، ل١٣.

[١٥٥] ژین، ژمارە ٢٢، ٢ی تەموزی ١٣٣٥، ل١١.

هێڤی، هەوڵێکی زۆری بۆ نووسینەوەی مێژووی نەتەوەیی کورد داوە، هەروەها ئامادەکردنی فەرهەنگێکی نەتەوەیی خستووەتە نێو ئامانجەکانی خۆی، تاکوو هەوڵی بەدیهێنانی بدات. لەڕێی ئەو بەیاننامە و ڕۆژنامانەی کە دەریکردون، لەگەڵ نووسینی ئەندامەکانیەوە، دەتوانین بگەینە ئەو قەناعەتەی کە (هێڤی) وەك جەمعییەتێکی سەردەمیانەی کورد دابنێین. وتارێکی ئامەدلی تەوفیق کە بە ناوی خوێندکارانی کوردەوە لە کۆبوونەوەی هەشتەمین ساڵیادی دامەزراندنی (هێڤی)دا لە ٢٧ی تەممووزی ١٩١٩دا لە ئەستەنبووڵ ساز کراوە، نیشانەی ئەوەیە کە هێڤی لە مێژووی کورددا خاوەن پێگەیەکی سەردەمیانەیە.

ئامەدلی تەوفیق لە وتارەکەی خۆیدا، باسی ئەوەی کردووە کە پێشکەوتنی کوردەکانی کوردستان، تەنها لەڕێی یەکگرتنی لاوان و پیران لەسەر ئامانجە هاوچەرخەکان و پێکەوە کارکردنیان لە ڕێگەی زانستدا مومکین دەبێت.

ئامەدلی تەوفیق لە بەشێکی قسەکانیدا بەمجۆرە دەڵێت: ((ئێمە دەمانەوێت لەڕێی ڕووناکی زانست و کولتوور و ئەخلاقەوە، ئاسمانی کوردستان ڕوون بکەینەوە، کە بە هەوری ڕەشی زوڵم و نەزانینەوە داپۆشراوە. کەوابوو لە ئێمە حەرەکەت و لە خوداش بەرەکەت و سەرکەوتن...))[١٥٦].

بەگوێرەی ئەو زانیارانەی کە لە ڕێگەی کتێبی (هینکەرێ زمانێ کوردی) یاخود (فێرکەری زمانی کوردی)یەوە دەست دەکەون، هێڤی کارە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی خۆی لە قۆناغی دووەمی دامەزراندنیدا ئەنجام داوە. بەگوێرەی هەندێك سەرچاوە لە ساڵی ١٩١٨دا هێڤی بەناوی (پارتی نەتەوەیی کورد)ەوە درێژەی بە هەبوونی خۆی داوە. دوای ماوەیەکیش ناوی کۆمیتەی سەربەخۆیی کوردستانی بۆ خۆی هەڵبژاردووە[١٥٧].

---

[١٥٦] ژین، ژمارە ٢٤، ٣ی ئەیلولی ١٣٣٥، ل١٠.

[١٥٧] ڕۆژا نوو، بڵاوکراوەکانی ژینانوو، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٦، چاپی دووبارە.

هێڤی لە ئەستەنبووڵدا ڕۆژنامەیەکی بەناوی یەکبوون دەرکردووە کە بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی بڵاوکراوەتەوە. یەکبوون خاوەنی شێوازێکی جیاواز بووە لە گوتارە سیاسیەکاندا. لەکاتێکدا کە لەو سەردەمەدا دەسەڵاتی ملهوڕی پارتی ئیتحادو تەرەقی حوکمی بەدەستەوە بوو، ئەستەم بوو کە یەکبوون بتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە بە هەبوونی خۆی بدات، بۆیە لەدوای دەرکردنی چەند ژمارەیەك کۆتایی بە پەخش و بڵاوکردنەوەی هێنرا. لەیەکبووندا بەزۆری نووسینەکانی ئیبراهیم کوردی و جەلادەت [و: عالی] بەدرخان و مونجی کوردی بڵاو کراونەتەوە. ئیبراهیم کوردی خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەکە بووە[158].

کوردەکانی ئەندامی هێڤی، لە بنەماڵە موڵکدار و سەرۆك خێڵەکانی کوردستان بوون کە توانیبویان لە دامودەزگا گرنگەکانی پەروەردە و فێرکردندا لە ئەستەنبووڵ، لەبەشەکانی پزیشکی و کشتوکاڵ و یاسادا بخوێنن. خەلیل خەیاڵی مۆتکی کە ڕۆڵێکی زۆری لەدامەزراندنی جەمعییەتەکەدا هەبوو، لە مەکتەبی باڵای کشتوکاڵ ژمێریار بووە و لەوکاتەشدا کاروباری دارایی جەمعییەتەکەی بەڕێوە بردووە. جەمعییەتی تەعاون وتەرەقیی کورد، زیاتر ڕێکخراوی بنەماڵە ناودار و ڕەسەنەکانی کورد بووە، لەبەرامبەر ئەوەشدا جەمعییەتی هێڤی، زیاتر وەك ڕێکخراوی ڕۆشنبیران و وردە بوورژواکانی کوردستان بووە[159].

محەمەد میهری کە بیرمەندێکی گەورەی کوردە، یەکێك لە ئەندامە چالاکەکانی هێڤی بووە. لەبنەڕەتدا ناوبراو خەڵکی (سنە)یە لە کوردستانی خۆرهەڵات و لەبنەماڵەی موفتی زادەکانە. ((ئەمڕۆ لە ئێراندا، سنە بە

[158] قوتلای، ل٥٨.

[159] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤.

سەنەندج ناودەبرێت)). سەلاحەدین ئیلاف کە نووسەر و وەرگێڕ بووە، کوڕی محەمەد میهری و شازیەخانمە کە بەڕەچەڵەك قەفقازییە و ساڵی ١٩٢٠ لەگەڵ محەمەد میهری‌دا، ژیانی هاوسەرییان پێك هێناوە[١٦٠].

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، هەندێك دەستەی جۆراوجۆری هەبوە کە وەکو "باڵ" یان "لق"ێکی ئەو ڕێکخراوە کاریان کردووە و لەژێر چەتریدا کۆبوونەتەوە. یەکێکیش لەوانە (جەمعییەتی نەشری مەعاریفی کورد)ە کە لەهەموویان چالاکتر بووە. یەکێکیی دیکەشیان (ڕێکخراوی ژنانی کورد)ە کە لە مێژووی کورددا خاوەن پێگە و گرنگییەکی تایبەتە. (جەمعییەتی تەعالیی ژنانی کورد)، لایەن یاخود ڕەهەندێکی جیاوازی ژیانی نەتەوەی کوردە لەڕووی کۆمەلایەتی و پەیوەندییەکانی ناو خێزان و نەریتی کوردەوارییەوە. ئەمەش یەکەم ڕێکخستنی ژنانی کوردە. ژنانی کورد لەڕێی دروستکردنی ئەمجۆرە ڕێکخراوانەوە، وایان پیشانداوە کە ئەوان لەپەیوەندییە بنەماڵەییەکانی خۆیاندا، خاوەنی قسە و بڕیارن و بە پێچەوانەی بنەماڵە تورکەکان کە زۆر موحافەزەکار و داخراون، بنەماڵەی ئەمان کراوەیە و ژنان تێیدا دەسڕۆیشتوون.

---

[١٦٠] مالمیسانژ، ل٧١.

## ١- جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورد

جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورد لەسەرەتاکانی ساڵی ١٩١٩دا دامەزراوە و وابەستەی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بووە، بەوجۆرە درێژەی بەکار و چالاکیەکانی خۆی داوە. لەبنەڕەتدا ئەم جەمعییەتە بۆ کارکردن لەبواری ڕاگەیاندن و پەروەردەدا، دامەزراوە. لەهەمانکاتدا دامەزرێنەرەکانیشی لە کەسایەتییە ناودارە کوردەکانی ناو جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بوون کە بەمجۆرەن:

١- بەدرخان زادە ئەمین عالی بەگ.

٢- دکتۆر عەبدوڵلا جەودەت.

٣- بەدرخانزادە میدحەت بەگ.

٤- سەیفوڵلا بەگ (نوێنەری ئەرزڕوم بووە).

٥- تەها بەگ (نوێنەری هەکاری بووە).

٦- تەوفیق بەگ (نوێنەری وان بووە).

www.zheen.org

٧- بەدرخانزادە کامیل بەگ.

٨- بەدرخانزادە عەبدوڕەحمان بەگ.

٩- محەمەد ئەفەندی (نوێنەری گەنج بووە).

١٠- میر سەیفیزادە حسین عالی بەگ.

١١- میرئالآی مەحموود سامی بەگ.

١٢- دیاربەکری محەمەدفایەق ئەفەندی (کارمەندی مەحکەمەی شەرعییە).

١٣- بەدیعوزەمان سەعیدی کوردی.

١٤- موتکیلی خەلیل خەیاڵی ئەفەندی.

١٥- کوردیزادە ئەحمەد رامیز.

دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە کوردیە بەپێناسەیەکی زانستی و سەربەخۆوە لـە ئەسـتـەنبوولْ ڕاگەیـەنراوە و لـە ڕێنمـاییی دامەزراندنەکەشـیدا، بـەمجۆرە باسی ئامانجەکەی کراوە:

((مادەی دوو: ئامانجی ئەم جەمعییەتـە ئەوەیـە کـە لـەنێو کوردەکـانـدا زانسـت و هونەر گەشەپێبدات کە لە نێو ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانەدا، پتر لەهەموان بێبەش کراون.

مـادەی سـێ: حـاڵی حـازر ئـەم جەمعییەتـە قوتابخانەیـەکی سـەرەتاییی بـۆ منداڵانی کورد لە ئەستەنبوولْ دەکاتەوە و دواتریش بەپێی زیادبوونی یارمـەتی کەسانی نیشتمانپەروەر و هەوڵ و هیمەتی ئەوان، هەوڵدەدات لـەنێو خێڵـەکان و لـە زۆربـەی ئـەو قـەزا و گوندانـەدا کـە کوردەکـان تێیانـدا نیشـتەجێن و زۆرینـەن، قوتابخانە دروست بکات))[١٦١].

چەند مادەیەکی تری پێڕەوەکەی بەمجۆرە بووە:

((مـادەی سیازدە: ئێسـتا بارەگـای جەمعییـەت لـە ئەسـتەنبوولْ دەبێـت و لـە ویلایـەت و قەزاکانیشـدا هەریەکـە و کلوپێـك "یانـە" دەکاتـەوە و لەناحیـە و گوندەکانیشدا لقی خۆی دروست دەکات.

مادەی بیست‌ویەك: لەکاتێکدا کە جەمعییەتەکە لـەڕوی داراییـەوە بەهێزبێت، دامەزراندنی کارگە و کارخانە و کاروباری بازرگانی، کارێکی زەرور و پێویستە.

مـادەی بیست‌وهەشـت: بـەهۆی پێویسـتی زۆری کوردسـتانەوە، هـەموو ساڵێك جەمعییـەت دوو خوێنـدکار بۆ خوێنـدن "لەبەشـی کشـتوکاڵ" دەنێرێت، لەلایـەن سـندوقی جەمعییەتیشـەوە، خـەرجی و پێداویسـتییەکانیان دابـین دەکرێت.

---

[١٦١] مالمیسانژ، ل٤١- ٤٢.

مادەی سی ویەك: پرۆگرامی ئەو دەرسانەی کە لە مەکتەبەکاندا دەخوێندرێن، لەلایەن دەستەی دامەزرێنەوە دیاری دەکرێن)).

پرۆگرامی جەمعییەتەکە لە ١٩١٩/٢/٢دا، بەتەواوی لە "ژین"دا بڵاوکراوەتەوە. ژین لەو ڕۆژە بەدواوە، لەلایەن جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کوردەوە دەردەکرێت و بڵاودەکرێتەوە:

((لەمەوبەدوا جەمعییەتی هێڤی بەڕێوەبردنی گۆڤاری "ژین"یش دەگرێتە ئەستۆ کە ماوەیەکە دەردەچێت و تاکوو ئەو کاتەی کە خودا بیەوێت، پەخش و بڵاو دەکرێتەوە. لەبەرئەوەش داوا لەهەموو هاونەتەوەییەکانی خۆی دەکات کە کۆمەك و یارمەتیەکانیان بۆ ئەم ڕێکخراوە بنێرن))[١٦٢].

هۆی سپاردنی بەڕێوەبردنی ژین بەم جەمعییەتە ئەوەیە کە جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورد، ڕێکخراوێك بووە کە بۆ کاروباری ڕاگەیاندن و پەروەردە دامەزراوە. بێگومان کادێران و نووسەرانی سەرەکی ژین، هەروەها دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ئەو گۆڤارە، سەر بە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بوون. سیاسەتی پەخشی ژین لەلایەن جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و ئەو کادیرانەوە دیاری دەکرا کە ئەوان دەستنیشانیان کردبوون. لەنێوان دەستەی بەڕێوبەرایەتی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و کادیرانی دەستەی بەڕێوبەرایەتیی جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورددا، جیاوازیەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت. هەر ئەو کەسانەی کە جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کوردیان دامەزراندووە و سیاسەتەکانیان دیاری کردووە، لەهەمانکاتدا ئەندام و بەڕێوەبەرانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش بوون. یەکەم بەڕێوبەری جەمعییەتی

[١٦٢] ژین، ژمارە ١٠، ٢ی شوباتی ١٣٣٥، ل١٤.

تـەعمیمی مـەعاریف و نەشـرییاتی کـورد، موسـکیلی حـەمزە بـەگ بـووە. ((کەسـێکی بـەبڕوا و ئـازا و نیشـتمانپەروەری کـورد بـووە، هـەروەها خـاوەن قەڵـەمێکی بەهێز بووە و نووسـەری ژینیش بووە. پێشەکیشی بۆ مەم و زیـن نووسـیوە. ئـەم پێشـەکییە لەچاپی سـاڵی ۱۹۱۹ و لـە ژمـارەی ۱۹ی ژینیشـدا بڵاوکراوەتەوە)) [١٦٣].

لە بەیاننامەیەکی جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورددا کە لـە ۱۹۱۹/۱/۲ لـە ژینـدا بڵاوکراوەتـەوە، وەهـا دەگوترێـت: ((ئامادەکـاری بـۆ دامەزراندنی جەمعییەتێك بەناوی جەمعییەتی تـەعمیمی مەعاریف و نەشـرییاتی کورد، کۆتایی پێهاتووە، کە کۆمەڵەیـەکی زانستیە و هەوڵدەدات بۆ پەرەپێدانی دامودەزگـا سـەردەمییەکان لـەنێو ژیـانی کوردەکانـدا. هـەروەها لێکۆڵینـەوە لـە مێژوو و جوغرافیا و ئابووری و باری کۆمەڵایەتی کوردەکان دەکات.

داوا لەکەسـانی پەیوەندیـدار دەکـەین کـە بـۆ هەڵبـژاردنی دەسـتەیەکی بەڕێوەبردن، کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆی ڕۆژی هـەینی ۱/۱۰ لـە کۆڵانی پشت دانیشـتای، لـە بارەگـای جەمعییـەتی کوردسـتان لـە بینـای بەهجـەت پاشـا، ئامادەبن، تا ئەو دەستەیە بەدوای وەرگرتـی مۆڵـەتی ڕەسمی لـە حکوومـەتی پایەبەرز بکەوێت و کاروبارەکان ڕایی بکات)) [١٦٤].

زۆر ڕێـی تێدەچـێ، جەمعییـەتی تـەعمیمی مـەعاریف و نەشـرییاتی کـورد سـەرەتای مـانگی یـەکی سـاڵی ۱۹۱۹ دامـەزرابێ و لـەڕێی بەیاننامەیەکـەوە، پرۆگرامەکـەی خـۆی ڕاگەیانـدبێ: ((ئامـانجی دامەزراوەکـەمان ئەوەیـە کـە داهاتوویـــەکی ســـەردەمیانە و توانایـــەکی زانســـتیانە و هاوچـــەرخ، بـــۆ نەتەوەکەمان ئامادە بکات، کە ناهێڵن لەڕێگـەی سیاسیەوە درێژە بە بوونی

---

[١٦٣] سلۆپی، ل٦٤.

[١٦٤] ژین، ژمارە ۷، ۲ی کانونی دووەم، ل١٩.

خۆی بدات و خۆی بسەلمێنێت. بەگوێرەی سەدەی بیست، کورد لەڕووی زانستیەوە، لەحاڵێکدایە کە پێویستە شیوەنی بۆ بکرێت و گریانمان بێت. لەهەلومەرجی تێکۆشان و مەیدانی کێبڕکێکانی داهاتوودا، بۆ بەدیهێنانی مافەکان و درێژەپێدانی ژیان، لەبەرامبەر ئەو چەکە لەناوبەرانەی کەوا هەن، نەتەوەکەمان خاوەن هیچ شتێك نییە تا خۆی پێ بپارێزێت))[١٦٥].

پرۆگرامی جەمعییەتەکە بیست مادەیە و ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت:

١- ئامادەکردنی فەرهەنگێکی کوردی.

٢- دروستکردنی قوتابخانەی سەرەتایی بۆ پەروەردە بە زمانی کوردی لە کوردستاندا و گەشەپێدانی ئەو جۆرە قوتابخانانە.

٣- چاپکردنی کتێبی وانەی کوردی.

٤- کردنەوە و گەشەپێدانی قوتابخانە هونەرییەکان لەکوردستاندا.

٥- چاپکردن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە کلاسیکییەکانی کورد.

٦- کردنەوەی مەکتەبێکی پێگەیاندنی مامۆستایانی کورد.

٧- دروستکردنی گروپێکی مۆسیقای کوردی.

٨- دروستکردنی دەستەیەکی هاوئاهەنگی و ڕێکخەر بۆ کاروباری ناوخۆی کورد...

جەمعییەتەکە لەدوای دامەزراندنی خۆی و لەپێناو جێبەجێکردنی ئەم پرۆگرامەدا، هەوڵ و تەقەلایەکی فراوانی داوە و پێی وابووە بەفیڕۆدانی کات، زیادەڕۆیی و زیانێکی گەورەیە بۆ ژیانی نەتەوەیی کورد. مەمدوح سەلیم بەگ کە ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بووە و لەهەمانکاتیشدا یەکێك لە کەسایەتییە ناودار و کاریگەرەکانی جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و

---

[١٦٥] ژین، ژمارە ١٠، ل١٠.

نەشرییاتی کورد بووە، سەبارەت بە دامەزراندن و ئامانجەکانی جەمعییەتەکە، ئەم زانیاریانە دەدات: ((بەسوپاس و پێزانینەوە، ئەمەوێت ئەوە بڵێم کە جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورد، بەبێ ئەوەی حساب بۆ پێشوازی خەڵك بکات لەخۆی، هەروەها بەبێ ئەوەی ئەوە لێکبداتەوە کە چەند گرنگی پێدەدەن و بەبێ ئەوەی گرنگی بەو کێشە و زەحمەتیانە بدات کە تووشی دەبن، پابەندی ئامانجەکانی خۆیەتی و هەوڵ بۆ جێبەجێکردنیان دەدات. ئەو ئەرکانەی خستوونیەتە سەرشانی خۆی، زۆر گرنگن. یەکێك لەوانە، کێشەی زمان و ئەدەبیاتە کە خۆی لەخۆیدا کێشەیەکی قورس و گەورەیە. من لەو بڕوایەدام ئەم جۆرە کارە قورسانە، نەك ئیرادە و هیممەتی جەمعییەتەکە ناشکێنن و لەناوی نابەن، بەڵکوو بەپێچەوانەوە لەپێناو بەدیهێنان و جێبەجێکردنی ئامانجەکانی، بەهێزتری دەکەن))[١٦٦].

نووسەرێکی کورد بەناوی "کوردی بتلیسی" کە لە "ژین"دا نووسیویەتی و ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش بووە، لەنووسینێکی خۆیدا بەناوی "لەسەر زمانی کوردی" بەمجۆرە باسی دامەزراندنی جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کوردی کردووە: ((زۆر خۆشحاڵ بووم کاتێك جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورد دامەزرا و دەستی بە کار و چالاکیەکانی خۆی کرد. جگەلەوەش هەستم بەشانازی کرد کاتێك کە زانیم لەسەدەی بیستەمدا و لەسەردەمی شارستانیدا، درك بەپێویستی ڕێکخستن کراوە کە هەموو نەتەوەیەك هەست بە پێویستی و گرنگی ئەو ڕاستییە دەکات. لەم سەردەمەدا کار و چالاکی تاکلایەنانە – مەبەستم لە دەستپێشخەری تاکەکەسی نییە. شکست دەهێنێت و هیچ ئەنجامی لێ ناکەوێتەوە))[١٦٧].

---

[١٦٦] ژین، ژمارە ١٦، ١٠ی نیسانی ١٣٣٥، ل٨.

[١٦٧] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤، ژمارەی ١١.

لــە نووســینێکی مەمــدووح ســەلیم بەگــەوە، بــە نــاوی ((٣١ی ئــاب ڕۆژی تایبــەتی کــاوە))، وادەردەکــەوێت کــە جەمعییــەتی تــەعمیمی مــەعاریف و نەشرییاتی کورد، ڕۆژێکی بەناوی (ڕۆژی نەتەوەیی کاوە) داناوە. هەروەها بەو بۆنەیەوە مەراسیمێکیشی ساز کردووە و زۆر کەسیشی بۆ سەیرکردن و بەشداریکردنی ئەو ڕێوڕەسمە، بانگهێشت کردووە. بەڵام لە "ژین"دا بەشێوەیەکی دیاریکراو باسی ئەو ڕۆژە نەکراوە. نووسینەکەی مەمدوح سەلیم بەگ لەڕۆژی ٢ی مانگی ١٠دا دەرچووە، بەو پێیەش پێدەچێت مەراسیمەکە لە ٣١ی ئابدا سازکرابێت))[١٦٨].

جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورد بە مەبەستی کارکردن لەسەر ((جوغرافیا و مێژووی کورد و زمان و ئەدەبیاتی کوردی، لەگەڵ پەیوەندییە بنەماڵەییەکانی کورد و کاریگەرییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی ژیانی خێڵەکی لەنێو کوردەکاندا، هەروەها بۆ کارکردن لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی کوردەکان))، دامەزراوە.

یەکەم ئیشێك کە جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورد کردوویەتی، بڵاوکردنەوەی "مەم و زین"ی ئەحمەدی خانی بووە، کە کاریگەرییەکی فراوانی لەسەر یادگەی کوردەکان هەیە و ڕۆڵێکی زۆریشی لە گەشەپێدانی نەتەوەخوازیی کوردی و بەهێزکردنی هۆشیاریی سەردەمیانەی کوردەکاندا هەبوە. چاپکردنی ئەم کتێبە، وەکوو یەکەم کاری جەمعییەتەکە، سەبارەت بە حاڵەتی دەروونی و ڕۆحیی جەمعییەتەکە سەرەداوی گرنگمان بەدەستەوە دەدات، هەروەها ئەوەشمان بۆ دەردەخات کە لەڕاستیدا جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورد، خاوەن ڕۆح و

[١٦٨] بۆزئارسلان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

وشـیارییەکی نەتـەوەیی بـووە. لـەو نووسـین و ئاگادارییانـەی کـە لەژینـدا بڵاوکراونەتـەوە و جەمعییەتەکە گرنگیـەکی زۆری پێـداون، وادەردەکـەوێت کـە جەمعییـەتی تـەعمیمی مـەعاریف و نەشـرییاتی کـورد، هـەوڵ و تەقەلایـەکی فراوانـی بـۆ چـاپکردنی ئـەم بەرهەمـە داوە. لەژینـدا وەکـو مزگێنییـەك بـۆ کوردەکـان، باسـی چـاپکردنی ئـەو بەرهەمـە نـەمرەی ئەحمـەدی خـانی کـراوە. هـەتا ئـەو کاتـەی کـە چاپی کتێبەکە تـەواو بووە، ئـەو ئاگادارییە بـەردەوام بـە زمـانی کـوردی و تـورکی لـە ژینـدا بڵاوکراوەتـەوە. ئاگاداریەکـە لـەژێر نـاوی "مـژدەدا" بڵاوکراوەتـەوە و بـەم جـۆرە بـووە: ((بەیارمـەتی خـودا، دەسـتمان کـردووە بـە چـاپکردنی ڕۆمـانی مـەم و زیـن کـە بەرهـەمی حـەزرەتی مـەلا ئەحمـەدی خـانیـیە کـە سمبوڵی فەساحەت و بەلاغـەتی زمـانی کوردییە و بـە وردی بنیـاتی شارسـتانیمان بـۆ ڕوون دەکاتـەوە. سـەرەڕای ئـەوەی کـە خەرجییـەکانی کاغـەزی چـاپ، ڕۆژ بـە ڕۆژ گـرانتر دەبـن، بڕیارمـان داوە بـە فیداکاریـەکی زۆرەوە و هـەروەها بەشێوەیەك کـە شایسـتەی جەمعییەتەکـەمان بێت، ئەو بەرهەمە بڵاوبکەینەوە. ئەمـەش مزگێنییـەك بێت بۆ هـەموو خوێنـەرە بەڕێزەکانمان))[١٦٩].

یەکەمجار ئاگادارییەکە لـە ژمـارە ١١ی گۆڤارەکـە و لـە ١٩١٩/١١/١٥دا، بڵاو کراوەتـەوە و هـەتا تـەواوبوونی کاروبـاری چـاپەکەش، درێـژەی کێشـاوە. هـەروەها تـەواوبوونی کاروبـاری چـاپکردن و بڵاوکردنـەوەی کتێبەکـە، لـەڕێی ئاگـاداریی تـرەوە بـۆ ڕای گشـتی ئاشـکرا کـراوە: ((بەرهـەمی مـەم و زینـی حەزرەتی مەلا ئەحمەدی خانی کە ماوەیەکە جەمعییـەتی تـەعمیمی مـەعاریف و نەشـرییاتی کـورد کـار بـۆ چـاپ و بڵاوکردنـەوەی دەکـات، بەمزوانـە

---

[١٦٩] ژین، ژمارەی ١١، ١٥ی شوباتی ١٣٣٥، ل١٧.

بڵاودەکرێتەوە. بەگشتی مەم و زین دەبێتە یەکەم کتێبێك کە جەمعییەتەکەمان بڵاوی کردبێتەوە. سەرەڕای گرانبوونی نرخی کاغەز و چاپکردنی کتێب، مەم و زین بە باشترین جۆر و بەشێوەیەکی سەنجڕاکێش چاپکراوە و لەچاپکردنی کتێبەکەشدا، چاومان لە هیچ بەرژەوەندییەکی ماددی نەبووە، تەنیا ئامانجمان ئەوە بووە کە ئەدەبیات و کەلتوری کوردی بڵاوبکەینەوە و خزمەتی کۆمەڵگا بکەین. بۆیە سەرەڕای ئەو هەموو خەرجیە زۆرەی کە کراوە، کتێبەکە لە بەڕێوەبەرایەتی جەمعییەت بە ٥٠ قوروش دەفرۆشرێت و بۆ ناوچەکانی دەوروبەریش لەڕێی پۆستەوە بەمەرجی گەرەنتی گەیاندن، بە ٦٠ قوروش دەفرۆشرێت))[١٧٠].

جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورد، کاری لەسەر زمانی کوردیش کردووە و لەبەیاننامەیەکی خۆیشیدا، بەمجۆرە باسی گرنگی زمان دەکات: ((دەڵێن هەر نەتەوەیەك بۆئەوەی ببێتە خاوەنی مافەکانی خۆی، دەبێت زمان و مێژوویەکی هەبێت کە لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بگونجێت و دەبێت بە واتایەکی ئەمڕۆیی هەوڵی ڕزگاری نەتەوەیی بدات. ئەمانەش نیشانە و شوناسێکی خوداییین. من واز لە نەزانی و ئیدیعای درۆ و دەلەسە دەهێنم و ددان بەوەدا دەنێم کە لەم ڕووەوە، کوردایەتی کەموکوڕی هەیە. ئەمەش جێی خەم و پەژارەیە))[١٧١].

لە بایاننامەکەدا باسی ئەوە کراوە کە لابردن و تەواوکردنی کێشە و کەموکوڕییەکانی تایبەت بە زمانی کوردی، هەروەها پڕکردنەوەی کەلێنەکانی ئەو بوارە، کارێکی زەحمەت و دژوار نییە، بەڵکوو لەڕێی هەوڵ و هیممەت و تەقەلایەکی درێژخایەنەوە، چارەسەر دەکرێن.

---

[١٧٠] ژین، ژمارە ١٧، ٢٦ی نیسانی ١٣٣٥، ل٣.

[١٧١] ژین، ژمارە ١٠، ل١٣.

جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورد، هەوڵی داوە فەرهەنگێکی زمانی کوردی ئامادە بکات. ئەمەشی وەکو بەندێك لە پڕۆگرامی خۆی داناوە و کەسێکی بەناوی "کوردی بتلیسی" بۆ ئامادەکردنی ئەو فەرهەنگە ڕاسپاردووە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەو جەمعییەتە چەندە گرنگی بە دروستکردنی فەرهەنگێکی نەتەوەیی کوردی داوە. کوردییەی بتلیسی پێشنیاری کردووە کە بە شێوەیەکی زانستی لێکۆڵینەوە لەسەر زمانی کوردی و زاراوەکانی بکرێت: ((دەتوانین زمانێکی هاوبەشمان هەبێت؟ سەرەڕای ئەوەی کە هەوڵێکی فراوانی دەوێت و پێویستە لەماوەیەکی درێژخایەندا کاری لەسەر بکرێت، دەتوانین بەکورتی بە بەڵێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە.

کەوابوو ئێمەی کورد چۆن دەتوانین ببین بە خاوەنی زمانێکی هاوبەش؟ دەزانم هەندێك لایەن پێیان وایە لەبەر ئەوەی کوردەکان لەهجە و زاراوەی جۆراوجۆریان هەیە، دروستکردنی زمانێکی هاوبەش شیاو نییە. بەڵام ئەمانە خۆیان دەخەڵەتێنن و بەشێوەیەکی سەرپێیانە بیر لە ڕووداوەکە دەکەنەوە. زاراوەکان زیاتر لەوەی کە ببن بە ئاستەنگێك لەبەردەمی دروستکردنی زمانێکی یەکگرتوودا، دەتوانن ببن بە گەنجینەیەکی بەهێزی دەستەواژە بۆ زمانەکەمان. کەوابوو ئەوانە دەبن بە نیعمەتێکی باش بۆ ئێمە. لێکۆڵەرێکی باش کە بتوانێت ڕێگای لێکۆڵینەوە لەو زاراوانە بدۆزێتەوە، دەتوانێت ڕێ خۆش بکات بۆئەوەی هەتاهەتایە کەڵك لەو زاراوانە وەربگرین))[١٧٢].

لە بەشی دووەمی نووسینەکەیدا کوردی بتلیسی باسی ئەوە دەکات کە پێویستە ئەو کار و لێکۆڵینەوانەی لەسەر زمانی کوردی دەکرێن، بەجدییەت

---

[١٧٢] ژین، ژمارە ١٤، ل١٣.

و بە هەستکردن بە بەرپرسیارییەوە، ئەنجامبدرێن. هەروەها باسی ئەوەش دەکات کە بەر لە ئەنجامدانی ئەو کارانە، پێویستە ئامادەکارییەکی فراوان بکرێت و بەرنامەیەکی زانستی بۆ ئامادە بکرێت: ((لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا، سەبارەت بە زمانی نەتەوەکان یاسایەك هەیە، ئەویش ئەوەیە کە زمانی جەوهەری و پاکی هەر نەتەوەیەك، ئەو زمانەیە کە کەسە نەخوێندەوارەکان، بەتایبەتی ژنانی پیر، قسەی پێدەکەن. لەبەر ئەو هۆیەش دەمەوێت لەمەسەلەی کۆکردنەوەی زماندا، گرنگی بەو بنەمایانە بدرێت کە خەڵکی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگاش، بۆ قسەکردن بەکاریان دەهێنن. بۆ ئێمە، ئەمە دەبێتە گەنجینەیەکی ڕاستەقینە. کاتێك ئەو گەنجینە پڕ خێر و بەرەکەتەمان بەدەستهێنا، دەتوانین بەشێوەیەکی زانستی یاسا و ڕێزمانی بۆ دابنێین. کاتێك ئەوەشمان کرد دەتوانین زمانەکەمان بکەینە دەوڵەمەندترین و باشترین زمانی قسەکرن و نووسین لە دنیای ئەمڕۆدا))[١٧٣].

کوردی بتلیسی بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر زمان و چۆنێتیی کەڵك وەرگرتن لە سەرچاوە ڕاستەقینەکانی زمان، پێشنیاری ئەوەی کردووە بەرنامەیەکی زانستی دابنرێت. ناوبراو لە پرۆگرامەکەی خۆیدا، پێشنیاری دامەزراندنی ئەنجومەنێکی زمانەوانیشی کردووە کە سەر بە جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورد بێت. بەگوێرەی پێشنیارەکە، دەبوایە ئەو ئەنجومەنە تەنیا لەسەر زمانی کوردی کاری بکردایە. داوای ئەوەی کردبوو کە بە شێوەیەکی زانستی لەزمانی کوردی بکۆڵرێتەوە و کۆبکرێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو بەرنامەیەی کە کوردییەی بتلیسی بۆ کۆکردنەوەی زمانی کوردی دابنابوو، نەتوانرا جێبەجێ بکرێت، چونکە جەمعییەتی کولتووری

---

[١٧٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

کورد کە هەوڵی دابوو کار لەسەر زمانی کوردی بکات، نەیتوانی ماوەیەکی زۆر لەسەرپێ بمێنێتەوە و لەسەر کاروبارەکانی خۆی بەردەوام بێت.

یەکێکی دیکە لە کارەکانی جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورد، ئامادەکردنی کتێبێکی ڕێزمانی کوردی بووە بەناوی "مقدمة العرفان". لە گۆڤاری "ژین"دا، چەند جارێك ئاگاداری سەبارەت بە ئەو کتێبی ڕێزمانە، بڵاوکراوەتەوە کە نووسەرەکەیشی دیار نییە. هەروەها ئامۆژگاری کوردەکانیش کراوە تا ئەو کتێبە بخوێننەوە. جگە لەوەش لەژیندا ئەلف و بێیەکی کوردی کە بەپیتی عەرەبی نووسراوە و لەلایەن ئەندامانی جەمعییەتەکەوە ئامادەکراوە، بڵاوکراوەتەوە. هەموو ئەو دەنگانەی کە لەزمانی کوردیدا هەن، لەگەڵ پیتە عەرەبییەکاندا بەراوردکراون و وشەیەکیش وەکو نموونە لەبەرامبەر هەر دەنگێکدا، دانراوە. ئەلف و بێ کە لەچەند ژمارەیەکی ژیندا بڵاو کراوەتەوە و یارمەتیدەرێك بووە بۆ ئەو کارانەی کە لەسەر زمانی کوردی کراون.

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەڵوێستی جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورد سەبارەت بە پیاوانی ئایینی و مەسەلەی دین، گرنگییەکی تایبەتی لە مێژووی کورددا هەیە. جەمعییەتەکە هەوڵی داوە بەرامبەر ئەو کەسانەی هەڵوێستێك وەر بگرێت کە ویستویانە دین بۆ قازانج و بەرژەوەندی سیاسی و ماددی خۆیان بەکار بهێنن، هەروەها هەر لەڕێی دینەوە هەستە نەتەوەییەکانی کورد بۆ مەبەستی خراپ بەکاربهێنن. جەمعییەتەکە هەوڵی داوە کاردانەوەی توند بەرامبەر هەندێك لە بەگ و پیاوانی ئایینی کورد پیشان بدات کە ویستویانە دین و هەستە نەتەوەییەکانی کوردەکان بکەنە ئامرازێك بۆ بەرژەوەندییە سیاسی و ماددییەکانی خۆیان. هەروەها ویستویەتی کاردانەوەکانی مرۆڤی کوردیش لەدژی ئەوانە، ڕێك بخات و نەهێڵێ ڕووداوی لەو جۆرە دووبارە ببێتەوە. بۆ ئەو

مەبەستەش، لەدژی ئەو بەگ و شێخ و پیاوانی ئایینی و بنەماڵە موڵکدار و دەرەبەگانەی کورد، بەیاننامەی جۆراوجۆری بڵاو کردووەتەوە کە ویستویانە کۆمەڵگای کوردی بۆ مەبەستی خراپی خۆیان بەکار بهێنن.

((ئەم لایەنانە پێیان وابووە بەدەستهێنان و پاراستنی بەرژەوەندە شەخسیەکانی خۆیان، لە ڕێی نەزانی و بێئاگاهێشتنەوەی میللەتەوە، شیاو دەبێ. بۆیە جگە لەوە، هەوڵی نانەوە و پەرەپێدانی دووبەرەکی و ململانێی نێوان خەڵکیان داوە. لە چ جێیەکیش تیشك و ڕووناکییەکیان بەدی کردبێ، یەکسەر هێرشیان کردووەتە سەری و لەڕێی ئەو هێزەوە کە بەدەستیانەوە بووەو تەنیا بۆ لەناوبردن و وێرانکردن بەکاریان هێناوە، هەموو دەستپێشخەرییەکیان نەهێشتووە و هەموو ڕووناکی و پرشنگێکیان کوژاندووەتەوە))[١٧٤].

وەکو دەبینرێت جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورد، لەنێو ڕێکخستنە کوردییەکانی تردا، خاوەن نەریتێکی دیموکراتی و مۆدێرنە بووە. ئەم ڕێکخراوە هەوڵی داوە، تا ئاستی پەروەردەیی و کولتووری و نەتەوەیی و کێشەکانی شوناسی تاکی کورد لە بەرنامەکەی خۆیدا جێ بکاتەوە و لەڕێی زانستی و مۆدێرن و دیموکراتیەوە، هەوڵی چارەسەرکردنیان بدات. هەروەها تەقەلا و کۆششێکی فراوانیشی کردووە بۆ ئەوەی بەهاکانی کوردایەتی بباتە پێشەوە و ئەمانەشی خستووەتە نێو پرەنسیپەکانی کارکردنی خۆی. بەڵام جەمعییەتەکە تەمەنی درێژ نەبوە و نەیتوانیوە ئەو جۆرە کارانەی خۆی تەواو بکات. لەگەڵ داخستنی گۆڤاری "ژین"دا، کار و چالاکیەکانی ڕاگیراوە و بێدەنگ ماوەتەوە. بەئەگەرێکی زۆر

[١٧٤] ژین، ژمارە ١٠، ل١٤.

لەگـەڵ داخسـتنی گۆڤـاری "ژیـن"دا، کۆتـایی بـەکار و چـالاکیەکانی ئـەم ڕێکخراوە مۆدێرنەی کوردستان هاتووە[175].

هـەروەها ئەگـەری ئـەوەش هەیـە کـە جەمعییەتەکـە لەلایـەن حکوومەتـەوە داخرابێـت. دەکرێـت وەرگرتنـی بەرپرسـیاری بڵاوکردنـەوەی گۆڤـاری "ژیـن" لەلایـەن جەمعییەتەکـەوە، وەکـو هۆکارێـك لەقەڵـەم بـدرێت کـە حکوومـەت ئـەم جەمعییەتـەی داخسـتبێت. جەمعییـەتی تـەعمیمی مـەعاریف و نەشـرییاتی کورد، هەوڵێکی زۆری داوە بۆئـەوەی کە بەرهەمـە نەمرەکـەی ئەحمـەدی خـانی بـەناوی مـەم و زیـن کـە لـە مێـژووی کـورددا وەکـو یەکـەم بەرهـەمی نەتـەوەیی سـەیر دەکرێـت، چـاپ و بـڵاو بکاتـەوە. دەتوانرێـت بوترێـت کـە یەکـەم کـاری فراوانی جەمعییەتەکە، بە چاپکردنی ئەم بەرهەمـە دەسـتی پـێ کـردووە و بـە بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمەش، کۆتاییی پـێ هـاتووە. ((ئەمـە یەکـەم و دوایـین کاری جەمعییەتەکە بوو))[176].

هــەوڵ و تەقــەلاکانی دیکــە و هــەموو ئــەو پرۆگــرام و بەرنامانــەی کــە ئەنـدامانی جەمعییـەت لـە ژینـدا پێشـنیاریان کـردووە، تـەنیا لـە چوارچێوەی پێشنیاردا ماونەتەوە و نەکەوتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

## ٢- جەمعییەتی تەعالیی ژنانی کورد

جەمعییــەتی تــەعالیی کوردســتان، وەکــو ڕێکخراوێکــی (دایــك) بــووە و لەدەوروبەریدا، هەندێك ڕێکخراوی دیکە، کاروباری کەلتووری و کۆمەڵایـەتیان ئـەنجام داوە. لـەو قۆناغـەدا، جەمعییـەتی تـەعالیی کوردسـتان توانـای ئـەوەی

---

[175] بۆزئارسلان، ل٦٤.

[176] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

هەبوە کە لەڕووی ڕێکخستنیەوە نوێنەرایەتی هەموو هەوڵەکانی سەبارەت بە کوردایەتی بکات. هەروەها ئەو ڕێکخراوە لەڕووی ڕێکخستنیشەوە، ئەوەندە نەرم بووە کە بتوانێت چەندین ڕێکخراوی دیکە لەتەنیشت خۆیەوە بەڕێوەببات و کاریگەری لەسەر هەموو ئەو جموجووڵانە هەبێت کە سەبارەت بە مەسەلەی کورد ئەنجام دەدرێن. وشیاری نەتەوەیی کورد لە قۆناغی جەنگدا، بەهۆی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە گەشەی کردووە و توانراوە بەگوێرەی ئەوەش ڕێکخستنی تایبەت دروست بکرێت. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، توانیویەتی کار و چالاکیەکانی سەبارەت بە کوردایەتی ڕێك بخات و لەژێر چەتری خۆیدا، چەندین جەمعییەتی ورد و درشتی دیکە بەڕێوە ببات کە بە ئامانجی کەلتووری و کۆمەڵایەتی دروست کراون. یەکێك لەمانەش (جەمعییەتی تەعالیی ژنانی کورد)ە کە بۆ جاری یەکەم لەمێژووی کورددا، دامەزراوە. تایبەتمەندییە نەریتییەکانی بنەماڵەی کوردی و ژنانی کورد و قۆناغی جەنگ، هەروەها ڕێکخراوە کوردییەکان کە لەو سەردەمەدا دامەزراون، زەمینەی ئەوەیان دروست کردووە تاکوو ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنان دابمەزرێت. هەرچەندە ژنانی کورد بەشداریان لە کار و چالاکیەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستاندا، کردووە، بەڵام لە نێو جەمعییەتی تەعالیی ژنانی کوردیشدا ((وەکوو ڕێکخراوێکی سەر بە ڕێکخراوە گشتییەکە)) هەوڵیان داوە کوردایەتی و زانیاری و وشیاری نەتەوەیی، لەمێشکی ژنانی کورد و مرۆڤی کورددا، گەشە پێبدەن.

لەمێژووی کورددا چەندین ڕێکخراو و جەمعییەت و دەستپێشخەری سیاسی هەن کە مێژووی دامەزراندنیان بە تەواوەتی نازانرێن. جەمعییەتی تەعالیی ژنانی کوردیش یەکێك لەو ڕێکخراوانەیە کە مێژووی دامەزراندنەکەی بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا نازانرێت. هەواڵی دامەزراندنی

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەم جەمعییەتە، لەڕێگەی نووسینێکی "مەمدوح سەلیم بەگ"ـەوە دەزانین کە بەناوی (دوو بەرهەمی پڕ خێر) لە گۆڤاری "ژین"دا، بلاوی کردوونەتەوە[177].

بەداخەوە نووسەر لە بابەتەکەیدا مێژووی دامەزراندنی جەمعییەتی تەعالیی ژنانی کورد ئاشکرا ناکات، بەلام بە ئەگەرێکی زۆرەوە، ئەم جەمعییەتە بەر لە حوزەیرانی ساڵی ١٩١٩ و لەمانگی مایسدا دامەزراوە. هەواڵەکانی تایبەت بەو جەمعییەتە لەو کاتەدا، ئەم ئەگەرە بەهێزتر دەکەن. لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردیەکاندا وا بلاوکراوەتەوە کە جەمعییەتەکە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩١٩دا (مەولوود)ی کردووە. "ئەنجوم یامولکی" خانم، وتەیەکی لە ڕێوڕەسمی مەولوودەکەدا بەناوی ژنانی کوردەوە پێشکەش کردووە. ئەنجوم خانم کاتێك باسی کار و چالاکیەکانی جەمعییەتەکەی کردووە، ئەمانەی هێناوەتە سەرزمان: ((خاتوونە بەڕێزەکان! جەمعییەتی تەعالیی ژنانی کورد کە بۆ ئامانجێکی بەرز و پیرۆز دامەزراوە، بەبۆنەی دەستبەکاربوونی خۆیەوە، مەولووی کردووە. بەدەر لەهەموو شتێك داوا لە جەنابی حەق دەکەین کاروبارەکانمان پڕ خێر بکات و ببێتە هۆی بەردەوامبوونمان لە سەرکەوتنی زیاتر. دواتر بەناوی نەتەوەی کوردەوە، سوپاسی ئەو خاتوونە بەڕێزانە دەکەین کە بەشداریان لەکۆبوونەوەکەدا کردووە و داوایان لێدەکەم کە ڕێگەم بدەن تا چەند وتەیەك پێشکەش بکەم))[178].

ئەنجوم یامولکی لە قسەکانی خۆیدا باسی کێشەی کوردی کردووە و وتویەتی: ((کوردەکان دژی تورکەکان نین، تەنانەت پشتیوان و دۆستی ئەوانن. خۆی لەبنەڕەتدا گەلە موسوڵمانەکان نابێت دژایەتی و دوژمنایەتی یەکتری بکەن)).

---

[177] ژین، ژمارە ٢٠، ٤ی حوزەیرانی ١٣٣٥، ل٥– ٩.

[178] ژین، ژمارە ٢٢، ٢ی تەموزی ١٣٣٥، ل٦– ٧.

له درێژەی قسەکانیشیدا باسی ئەوەی کردووە کە پێویستە کوردەکانیش وەکوو نەتەوەکانی دیکە، بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان، هەوڵ و تەقەلا بدەن. ئەوەشی وتوە کە ئەوان داوای مافە کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتییەکانی کورد دەکەن. لەدرێژەی قسەکانیدا باسی ئەوەشی کردووە کە ژنانی کورد بەڵێنیان بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتیەکانیان داوە و ئەوەی لەدەستیان بێت دریخی نەکەن و بەمجۆرە باسی ئامانجی دامەزراندنی جەمعییەتەکەیانی کردووە: ((خاتوونە بەڕێزەکان! ئامانجی جەمعییەتەکەمان ئەوەیە یارمەتی ئەو ژنانە بدەین کە نیاز و پێداویستیان هەیە. دەماونەێ ئیشیان بۆ بدۆزینەوە. جگەلەوەش قوتابخانە بۆ منالانی هەتیو بکەینەوە و بەخێویان بکەین و بەگوێرەی ئیمکان و هەل‌و دەرفەت ببینە ماموستایان. مەبەستم ئەوەیە کە جەمعییەتەکەمان تا ئەو جێگەیەی پێی بکرێت، لەڕووی ماددی و جەستەیی‌یەوە، یارمەتیی ژنان و منداڵانی نیازمەند دەدات)).

ئەنجوم خانم لە قسەکانیدا باسی ئەوەی کردووە کە جەمعییەتەکەیان چەندین کۆبوونەوە و کۆنفرانس و مەراسیمی جۆراوجۆر سازدەکات. هەروەها ئەوەشی ڕوون کردووەتەوە کە پێویستە ژنانی کورد بە چ جۆرێك بەشداری لەو چالاکییانەدا بکەن و یارمەتی جەمعییەتەکە بدەن: ((جەمعییەتەکەمان بۆ پێچانەوەی برینی نەتەوەکەمان، پێویستی بە یارمەتی و فیداکاری ئێوەیە. ئەگەر هەر مرۆڤێکی کورد دەستی یارمەتی بۆ ئێمە درێژبکات و فیداکاری بکات، ئەو کاتە دەبینن کە دەتوانین داواکاری و ویستە نەتەوەییەکانمان، جێبەجێ بکەین))[١٧٩].

[١٧٩] ژین، ژمارە ٢٥، ل١٤.

ئەم ڕێکخراوەی ژنانی کورد، بەشێوەیەکی بنەڕەتی، کار و چالاکیەکانی خۆی بۆ چەند پرسێك چڕکردووەتەوە، وەك: گەشەپێدانی ئاستی ژنانی کورد، دروستکردنی شوناسێکی ڕێکخستنی بۆ ژنانی کورد، ڕیفۆڕمی کولتووری لەژیانی بنەماڵە، یارمەتیدانی منداڵە هەتیو و بێوەژنەکانی کورد– کە بەهۆی قەتڵوعام و کوشتاری بە کۆمەڵەوە، لەهەژاری و نەداریدا ژیاون–.

جەمعییەتەکە پێگەیەکی بەهێزی لەڕێی ئەم کار و چالاکیانەی خۆیەوە، لەنێو ژنانی کورددا، پەیدا کردووە. هەروەها توانیویەتی دەنگی خۆیشی بگەیەنێتە کوردستان. بەگوێرەی نووسینێکی عەزیز یامولکی لە گۆڤاری "ژین"دا، وا دەردەکەوێت کە جەمعییەتی تەعالیی ژنانی کورد لە مانگی ئابی ساڵی ١٩١٩دا، واتە دوای دوو تا سێ مانگ لە دامەزراندنی خۆی، بەبۆنەی جەژنی قوربانەوە لە نەخۆشخانەی منداڵان لە "شیشلی"، مەراسیمێکی تایبەتی بۆ خەتەنەکردنی منداڵانی کورد ساز کردووە. لەو مەراسیمەشدا، باسی ئازایەتی و پێگەی ژنانی کورد لەنێو بنەماڵەکانیاندا کراوە. لەو قۆناغەدا، جەمعییەتی تەعالیی ژنانی کورد هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی ژنانی کورد ببنە خاوەنی شوناسی نەتەوەیی. هەروەها هەوڵیشی داوە کە ئاستی پەروەردەیی منالانی کورد باش بکات و ویستویەتی ژنانیش ببنە خاوەنی ڕێکخراوی خۆیان. ژنی کورد لەقۆناغی جەنگدا، لەڕێی ئەم ڕێکخراوەوە، توانیویەتی بەشداری پێکهاتەی سیاسی بکات. وشیاری ژنانی کورد لە چوارچێوەی داواکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کورددا، بەهۆی ئەم جەمعییەتەوە گەشەی کردووە و شاعیری کورد عەبدوڕەحیم ڕەحمی سەبارەت بەم لایەنەی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، شیعرێکی نووسیوە کە لەبەشێکیدا دەڵێت:

((وتیان دایکان جەمعییەتی تەعالی‌یان دامەزراندووە

خوایە تۆ ئەوانە بەڕێی ڕاستدا بەرەو سەریان بخە
ڕەحمی، دیارییەکی باشی نەدۆزییەوە تا پێشکەشیان بکات
ئەگەر لێم قبولْ بکات، گیانی خۆمی پێشکەش دەکەم))[180].

دەربارەی ئەنجوم یامولکی، زانیارییەکی تەواومان نییە، بەڵام پێدەچێت کە خزمی عەزیز یامولْکی و مستەفا یامولْکی بێت کە لە نووسەرانی "ژین"ن. بەڵام زیاتر لەوە دەچێت کە خێزانی مستەفا پاشای یامولْکی بووبێت[181].

بە ئەگەرێکی زۆرەوە، ئەنجوم یامولکی سەرۆکی جەمعییەتەکە بووە، چونکە بەناوی جەمعییەتەوە وتاری پێشکەش کردووە. هەروەها مەزەندەی ئەوەش دەکرێت کە سەرۆکایەتیی کۆبوونەوە باڵاکانی جەمعییەتەکەشی کردبێت. بەگوێرەی نووسینێکی ڕۆژنامەی "ئیستیقلال" لە ٩ی تەموزی ١٩١١دا، جەمعییەتی تەعالیی ژنانی کورد تەلگرافێکی بۆ "لەیلاخانم" [ئامینەخانم- و]ی خێزانی شەریف پاشا لەپاریس ناردووە و بەهۆی کار و چالاکیەکانییەوە، سوپاس گوزاری لێکردووە. لەیلاخانیش پێشنیاری سەرۆکایەتییەکەی ئەوانی قبولْ کردووە. سەبارەت بە دامەزرێنەران و ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەی ژنانی کورد، زانیارییەکی تەواومان لەبەردەستدا نییە، لەمبارەیەوە، بیرەوەری نووسەکانی کوردیش، زانیاری وردیان نەنووسیوە.

---

[180] ژین، ژمارە ٢٢، ل١٦.

[181] بۆزئارسلان، ل٦٠.

## بەشی دووەم:

# ناو!رؤكي جةمعييةتي تةعاليي كوردستان و
# (ةو #ي)انة' وا ناك&كيان لة%$يدا #ة"و!

### ١- ناوەرۆك:

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لەساڵی ١٩١٨و ساڵانی دواتردا، توانیویە کەڵك لەو هەلومەرجە وەر بگرێت کە لە قۆناغی جەنگدا بەدی هاتوون. هەروەها توانیویە کەڵك لە ناڕوونیی سیاسیی قۆناغی ئاگربەستیش وەر بگرێت، بۆ ئەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی کورد ڕێك بخات و گەشەی پێبدات. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ڕێکخراوێکی مۆدێرن و دیموکراتیکی کوردەکانە، توانیویە داواکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کورد لە مەیدانی سیاسیدا باس بکات و بیانخاتە بەر باس و گفتوگۆ. ئەو ڕێکخراوە کەسانێکی لەژێر چەتری خۆیدا کۆ کردووەتەوە کە هەستیان بە شوناسی نەتەوەییی خۆیان کردووە و کوردایەتییان کردووە. جگە لەوانە، ڕۆشنبیران و سەرۆك خێڵ و دیپلۆمات و بیرۆکراتە کوردەکان، هەروەها ئەفسەرە پلەبەرزەکانی کوردیشی لەژێر چەتری خۆیدا کۆ کردووەتەوە، کە توانیویانە سەرکەوتنی گەورە لەنێو جەنگەکان و سوپای عوسمانیدا بۆ خۆیان تۆمار بکەن. لە قۆناغی جەنگدا، توانیویە وەك ئۆپۆزسیۆنی کورد خۆی دەربخات و لە ئاستێکی بەرزدا داواکارییەکانی کورد بهێنێتە سەر زمان. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، هەوڵی داوە کوردە نارازییەکان بگەڕێنێتەوە شوێنی خۆیان کە بەهۆکاری جۆراوجۆرەوە لەشوێنی خۆیان دوور خراونەتەوە. هەروەها هەوڵی داوە لەناوچە کوردنشینەکاندا، فەرمانبەر

و بەڕێوبەری کوردیش دابمەزرێنێ و خۆیشی پەیوەندییەکی ئۆرگانیك و ڕێکخراو، لەگەڵ حکوومەتە کوردییەکەی سلێمانیدا ببەستێت[182].

قەیرانێکی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لەم قۆناغەدا، لەنێو ئیمپراتۆریای عوسمانیدا ڕووی دابوو. ئەمەش بەجۆرێك بوو کە ئیدی نەدەتوانرا باسی ئیمپراتۆریەت بکرێت. بەگوێرەی جاران، لەو هەلومەرجەی کە بەدی هاتبوو، کوردەکان دەیانتوانی بەختێکی باشتر و شانسێکی پتریان هەبێت، تاکوو لەڕووی سیاسییەوە، کەڵکێکی زۆرتر وەربگرن. ڕۆشنبیران و ئەرستۆکرات و سەرۆك خێڵە کوردەکان کە پێشەنگی نەتەوەخوازیی کورد بوون، دەیانتوانی کەڵك لەو هەلومەرجە وەربگرن کە شەڕ بۆی دروست کردبوون، تاکوو بیرۆکەی کوردایەتی و کوردستان گەشە پێبدەن. سەرەڕای ئەوەی کە ئەو لایەنانە بە ئەندازەی پێویست خۆیان ڕێك نەخستبوو، بەڵام لە قۆناغی جەنگدا، وەکوو بەرهەمێکی ئەو قۆناغە، توانییان ڕێکخراوێکی کوردی دروست بکەن و لەو چوارچێوەیەدا، خۆیان کۆ بکەنەوە. باسی ئەوە دەکرێت کە ئەم ڕێکخراوە قورسایی زیادی خستۆتە سەر لایەنی سیاسی و دیبلۆماتیك، بەڵام ئەوەندە گرنگی بەخۆ ڕێکخستن لەنێو کوردستان و کوردەکاندا نەداوە و لەڕووی سەربازیشەوە، کەمتەرخەمیی کردووە[183].

لە سەرەتای سەدەی بیستدا، بیرۆکەی نەتەوەخوازی و نیشتمانپەروەریی کوردی، لەنێو ڕۆشنبیر و خوێندکارانی کورددا، بەشێوەیەکی فراوان بڵاو بووبووەوە. لەنێو ئەم کەسانەدا، کاریگەری ئەحمەدی خانی بە شێوەیەکی

---

[182] ئەم پەیوەندیە لەگەڵ شەریف پاشادا کە لە کۆنفرانسی پاریسدا بەرگری لە مافەکانی کورد کردووە لە لایەن وەفدێکەوە بە سەرۆکایەتی عاریف پاشا، بەرقەرارکراوە: کوردستان، ژمارە ١٩، ١٣٣٥، ل٧" ژین، ژمارە ٢١، ١٨ی حوزەیرانی ١٣٣٥، ل٤.

[183] بۆزئارسلان، ل١٤.

فـراوان بـەدی دەکـرا. بەرهەمـەکانی ئەحمـەدی خـانی، لـەڕووی بیرۆکـەی نەتـەوەخوازی و نیشـتمانپەروەرییەوە، وەکـوو میراتێکـی بـاوی [گـەلی] کـورد بـوون، بـۆ جەمعییـەتی تـەعالیی کوردسـتان و گۆڤـاری "ژیـن" کـە ئۆرگـانی ڕاگەیانـدنی ئـەو ڕێکخـراوە بـووە. ڕۆشـنبیران و سـەرباز و سـەرۆك خێڵـە کوردەکـان، بـۆ کـەڵك وەرگـرتن لـە هەلومـەرجی جـەنگ، بـۆ ڕزگـاری کـورد و کوردسـتان و بـەدیهێنانی داواکارییـە سیاسـییەکانی خۆیـان، لـەژێر پێناسـەی سیاسـی ئـەم جەمعییەتـەدا، خۆیـان کـۆ کردبـووەوە. جەمعییـەتی تـەعالیی کوردستانیش ئازار و مەینەتییـەکانی کـوردانی لەمەیدانی سیاسیدا، دەهێنایـە سـەر زمـان و نوێنەرایـەتی کوردسـتانی دەکـرد. بێگومـان ئـەم ڕێکخـراوە لـە کەسایەتییەکەی خۆیدا، هەندێك لاوازی هەبوە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بەشـێوەیەکی بـاش نوێنەرایـەتی کوردسـتان نـەکات، بـەڵام نوێنەرایـەتیکردنی بیرۆکەی کوردستان، بەشێك بووە لە شوناسی ئەو ڕێکخراوە.

جەمعییـەتی تـەعالیی کوردسـتان، یەکێکـە لـەو ڕێکخـراوە دەگمەنانـەی کوردە کـە ڕێـزی لـە مـافی نەتـەوەکانی دی گرتـووە، سـەبارەت بـەدیاریکردنی چارەنووسـی خۆیـان و بەشـێوەیەکی دوژمنکارانـە سـەیری ئـەو هەوڵانـەی نـەکردووە کـە بـۆ بەدەسـتهێنانی مـافی کەمـە نەتـەوەکانی دیکـە دراون. هەوڵـەکانی ئـەو ڕێکخـراوە بـۆ بەدەسـتهێنانی مافـە نەتـەوەیی و کۆمەڵایەتیـەکانی کـورد، نەبوونەتـە هـۆی ئـەوەی دژایـەتیی مـاف و داواکـاریی نەتـەوە و کەمـە نەتـەوەکانی دیکـە بکـات. هەرچـەندە بیرۆکـەی دابینکردنـی یەکسـانیی تـەواو لـەنێو نەتەوەکانـدا، لـەڕێی ئیرادەیـەکی ئـازاد و دڵخوازانـەوە، بەتەواوەتی وەکوو بەشێك لـە شوناسـی جەمعییـەتی تەعالیی کوردستان، دەر نەکـەوتووە، بـەڵام لەوبارەیـەوە سیاسـەتێکی زۆر گونجـاوی پێـڕەو کـردووە. یووسف زیا بەگی بتلیسی کە ئەنـدامی جەمعییـەتی تـەعالیی کوردسـتان بووە

و به شەهیدی کورد ناسراوە، لە نووسینێکی خۆیدا، باسی بۆچوونەکانی ئەو ڕێکخراوە دەکات سەبارەت نەتەوەکانی دیکە: ((پێم وانییە هۆشیاری و جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردەکان، زیان بە هیچ نەتەوەیەکی دیکە بگەیەنێت. هیواشم وایە بیروبڕوای نێو کوردەکان و ئەو هۆشیارییە نەتەوەییەی کەوا پێی دەگەن، ببێتە هۆی گەشەپێدانی هەستی پابەندی و برایەتیی زیاتر. بێگومان خۆشەویستی و ملکەچبوونێکی ئاگایانە، زۆر باشترە لە پابەندبوونێکی کوێرکوێرانە. توندوتیژی نابێتە هۆی دروستبوونی یەکێتی، بەڵکوو بەپێچەوانەوە ساردوسڕی پتر دەکات))[١٨٤].

ئەنجوم یامولکی لە نووسینێکی خۆیدا کە لە ژین بڵاوکراوەتەوە، باسی هەڵوێستی ئەو کاتەی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و کوردەکان دەکات، بەرامبەر بە نەتەوەکانی دیکەدا: ((لە ڕۆژی ئەمڕۆدا کە چارەنووسی نەتەوەکان ئاراستەیەکی جیاوازی گرتووە و هەر کەسە و مافێك بەدەست دەهێنێت، ئێمەش داوای مافەکانی خۆمان دەکەین. چونکە کوردستانێکی گەورە هەیە کە بە ملیۆنان کوردی تێدا دەژی. ئامانجی ئێمە دژایەتی کردنی تورکایەتی نی یە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە پشتگیری کردنیەتی. ئێمە دەمانەوێت خۆمان بناسێنین. خۆی لەخۆیدا شەریف پاشا کە ئەرکی پاراستنی مافەکانی کوردی لە پاریس پێسپێردراوە، لبەیاننامەکەی خۆیدا لەم ئامانجە دوور نەکەوتووەتەوە))[١٨٥].

عەبدوڕەحیم ڕەحمی شاعیر و نووسەری کورد کە ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بووە، لە نووسینێکی خۆیدا بەمجۆرە باسی گرنگیی یەکێتیی نێوان نەتەوەکان دەکات: ((هەموو نەتەوەکان، سەرەتا یەکدەگرن و

---

[١٨٤] ژین، ژمارە ٢٢، ٢ی تەممووزی ١٣٣٥، ل٤.

[١٨٥] ژین، ژمارە٢٢، ل٦.

دواتر له چارەسەرکردنی کێشەکانیشیاندا، سەر دەکەون. ئامانجی ئێمەش کە لەنەتەوەکانی دیکە بەجێماوین، ئەوەیە کە دەرس لەوانی دی وەربگرین و یەکێتییەکی بەهێز بنیات بنێین، ئەگینا پێویستە فاتیحەی خۆمان بخوێنن و خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئەوەی چۆن بەرامبەر بە خودای گەورە، وەڵام بدەینەوە. چونکە خودا حیسابی نەتەوەیەکی بێچارەی وەها لە ئێمە دەپرسێتەوە. من ئەمە دەڵێم و پێویستە ئێوەش هەوڵ بۆ یەکێتی و یەکڕیزی بدەن))[١٨٦].

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و ئەندام و نووسەرە کاریگەرەکانی، سیاسەتێکی گونجاویان پەیڕەو کردووە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و شەڕ و ئاژاوەی نێوان بنەماڵە و خێڵ و لێک تێنەگەیشتنی تاکەکەسی و سیاسی نێوان کوردەکان. ڕۆشنبیرانی کورد، خەمی زۆریان بۆ ئەم جیاوازی و پارچەپارچەبوونەی کوردەکان خواردووە. بۆیە بەردەوام باسی پێویستیی یەکێتی و یەکڕیزییان کردووە. مستەفا شەوقی لە نووسینێکی خۆیدا بەناوی "یەکێتی"یەوە کە لەگۆڤاری "ژین"دا بڵاوی کردووەتەوە، هەستی ڕۆشنبیرانی کورد لەمبارەیەوە ڕوون دەکاتەوە: ((بێگومان ئێوەی خاوەن شەرەف، گوێ لە قسەکانی من دەگرن. وەرن با لەبەر خاتری باو و باپیرانمان، یەك بگرین و وڵاتە جوانەکەی خۆمان نەکەینە قوربانی هەندێك بەرژەوەندی بچووك و کورسیی سەرۆکایەتی، چونکە کاتمان نییە و دوژمنیش کەڵك لە کەمتەرخەمی و غەفڵەتی ئێمە وەر دەگرێت. وەرن با هەوڵی ڕزگاری بدەین. ئەگەنا دواتر پەشێمان دەبینەوە و بەداخەوە ئەوکاتەش پەشێمانی هیچ سوودێکی نابێت))[١٨٧].

---

[١٨٦] ژین، ژمارە ٣، ٢٠ی تشرینی ١٣٣٤، ل١٤.

[١٨٧] ژین، ژمارە ٤، ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٣٣٤، ل١٦.

عەبدوڕەحیم ڕەحمی شاعیر و نووسەری کورد و ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان کە یەکێك بووە لە نووسەرانی گۆڤاری ژین، گرنگیی بە مەسەلەی یەکێتی و یەکڕیزیی کوردەکان داوە و سەبارەت بەوەش، شیعرێکی بەناوی (دەستێ تونی دەنگ ژێ نائیت)ەوە نووسیوە:

((ئەی مللەتێ صاحیب نفاق لازم ژبۆ تەئیتتفاق

تەئسیس نەکن ئەم یەك ویفاق مەحوییەتە بیلئتتفاق

عەقلێ خوە بەر هوو کن هەمی

یەك شەخصی شوول نائیتە سەر شەخصییەتێ باوێنە دەر

شوولا ئومێدا مە ل سەر یەك بن نەمینت بێئەثەر

عەقلێ خوە بەر هوو کن هەمی

دەست دەنە یەك شبی برا هلکن ژبۆ خوە یەك چرا

ڕییا کو طارییە ژمەڕا ڕۆناهی لازم وی صەرا

عەقلێ خوە بەر هوو کن هەمی))[188]

وەك ئەنجامێکی هەلومەرجی قۆناغی ئاگربەست، ئەندامانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و ڕۆشنبیرانی کورد، لەو ڕۆژانەدا قورسایی‌یان خستووەتە سەر مەسەلەی یەکێتی و یەکڕیزیی کوردان و بە شێوەیەکی فراوان، کاریان لەسەر ئەو بیرۆکەیە کردووە. ڕۆشنبیرانی کورد پێیان وابووە کوردەکان تەنیا لەڕێی یەکێتی و یەکڕیزییەوە، دەتوانن کەڵك لەو هەلومەرجە سیاسیە تێکەڵ‌وپێکەڵەی ئەوکاتە وەر بگرن. سیڤەرەکلی حیلمی کە نووسەر و ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بووە، لە نووسینێکی خۆیدا

---

[188] ژین، ژمارە ٥، ١٢ی کانونی یەکەمی ١٣٣٤، ل١٤.

www.zheen.org

بەناوی (گلەییەك)ەوە باسی ئەوەی کردووە کە کوردەکان لە خەویکی قووڵدان و تائێستاش هەستیان بەوە نەکردووە کە چاڵێکی گەورە لەو ڕێگایەی وا پێیدا دەڕۆن، هەیە. پێویستە ئەوەش ببینرێت. ((ئێمە و ئێوە و هەموو کەس، ئەمەمان بە چاوی خۆمان بینی کە لەو ڕێگا پڕ چاڵ و چۆڵەدا پێویستیمان بە یەکێتی هەیە)). ناوبراو لەڕێی وتنی ئەم دێڕانەوە، گرنگی بە یەکێتی و یەکڕیزیی کوردان داوە[189].

داوەر ئەردەڵانی شاعیر و ئەندامی ئەنجومەنی تەعالیی کوردستان، لە شیعرێکی خۆیدا بەناوی (هەموومان) باسی ئەوەی کردووە کە کوردەکان کۆیلەن و لە کۆتاییی شیعرەکەیدا ئەوەشی هێناوەتە سەرزمان کە تەنیا لەڕێی یەکێتی و یەکڕیزییەوە، دەتوانین لەو کۆیلایەتییە ڕزگارمان بێت: ((کاتی قسەی لە خوت و خۆڕایی نەماوە، با ئیتر هەموومان لەم چەنەلێدانە ڕزگارمان بێت، باهەموومان نەتەوەی کورد بەرز و پیرۆز بکەین و کرمانج و کورد و لوڕ، پێکەوە یەك بگرین))[190].

ئاگربەستی دوای یەکەم جەنگی جیهانی، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کۆمەڵگای کوردی داناوە. ڕۆشنبیران و سەرۆك خێڵ و شێخ و پیاوانی ئاینی و بنەماڵە دەستڕۆ و کاریگەرەکانی کورد، هەستیان بە بایەخی ئەم قۆناغە کردووە و داواکارییە نەتەوەییەکانی کوردیان لەڕێی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە، هێناوەتە سەرزمان. ئەوان پێیان وابووە، لەوانەیە ئەم قۆناغە بۆ جووڵانەوەی نەتەوەییی کورد، قۆناغێکی بەکەڵك بێت. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە ئاستێکی بەرزدا وەکوو پلاتفۆرمێکی سیاسی و

بنکەی ژین
www.zheen.org

[189] ژین، ژمارە ١٦، ١٠ی نیسانی ١٣٣٥، ل١٤.
[190] ژین، ژمارە ٢١، ١٨ی حوزەیرانی ١٣٣٥، ل١٨.

دیپلۆماتیی کورد، لەناوخۆ و دنیای دەرەوەدا، داواکارییە نەتەوەییەکانی کوردی هێناوەتە سەرزمان و بەرامبەر بە داگیرکەری، مافەکانی کوردستانی پاراستووە. بەشێوەیەکی گشتی، ڕۆشنبیرانی کورد زۆرتر بەرگرییان لە بیرو بۆچوونەکانی ئەم ڕێکخراوە کردووە. ئەوان داوای ئەوەشیان کردووە کە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، بیرۆکەی مۆدێرن بۆ کۆمەڵگا و نەتەوەی کورد گەشە پێبدات.

مەمدووح سەلیم ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە نووسینێکی خۆیدا بەناوی (ڕەوتە پێشکەوتنخوازەکانی ناو کورد) باسی ئەوە دەکات کە پێویستە نەتەوەی کورد خۆی بەگوێرەی شارستانێتیی سەردەم نوێ بکاتەوە و بیرو بۆچوون و بیرۆکەی مۆدێرن قبوول بکات، هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات کە نەتەوەی کورد لە ناوەڕۆکی خۆیدا، بۆ هەر جۆرە بیرو بۆچوونێکی مۆدێرن کراوەیە، دینیش بە هیچ شێوەیەك لەبەردەمی شارستانێتی و گەشەسەندندا ئاستەنگ نییە. ئەو کەسانەش کە بەناوی دینەوە دەیانەوێت ڕێگە لە پێشکەوتن و شارستانێتی بگرن، داگیرکەرن و دەیانەوێت دین وەك ئامرازێك بۆ پاراستنی شوێن و پێگەی خۆیان، بەکار بهێنن: ((من کەسانێکم بینی باسی دین دەکەن و پێیان وایە ئەوانەی بۆینباخ دەبەستن و سمێڵیان دەتاشن، گاور و ناموسوڵمانن، بەڵام هەر ئەو کەسانە بیستوچوار سەعات لە مەیخانەکاندان و بەبێ هیچ دوودڵییەك ڕەنجی شانی هەزاران کەسی ڕەنجدەر و بێچارە دەخۆن کە بە عارەقی ناوچەوانی خۆیان پەیدایان کردووە و لە ڕۆزیی ماڵ و منداڵی خۆیان گرتووەتەوە، بە هەمان شێوە کەسانێکیشم بینیوە ماوەی پازدە ساڵ لە مەکتەبە دینیەکاندا خوێندوویانە و پاڵێوراون بۆ ئەوەی پۆستی ئاینی وەربگرن، کەچی (بەرتیل) بە شتێکی حەڵاڵ لەقەڵەم دەدەن. ئەو جۆرە کەسانە دەیانەوێت زانست بۆ ئەوە بەکار بهێنن کە ماڵ و

کیسەی میللەتی بێچارە و بێتاوانی پێ بۆ خۆیان تالاَن بکەن. کەسانێکیشم بینی باسی پێشکەوتنخوازی دەکەن و خەڵك بە مێروو و سیسرك ناو دەبەن و پێیان سووك نییە قسە لەگەڵ حەماڵێکی نەتەوەکەی خۆیاندا بکەن. ئەوان پێیان وایە نکوولیکردن لە نەریتە نەتەوەییەکان و سووکایەتیکردن بە هاونەژادەکانی خۆیان، نیشانەی گەشەسەندن و پێشکەوتنخوازییە))[191].

ڕزگاری کورد و کوردستان و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان، ناوەڕۆکی بیر و بۆچوونی سەرجەم پێکهاتە کوردییەکانی ئەو سەردەمە و بەتایبەتی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانی پێك دەهێنا. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئەمەی وەکو میراتێك لەڕێکخراوە کوردییەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم، بۆ بەجێمابوو. دەرکەوتنی بنەماکانی بیرۆکەی ئازادیی کوردستان، هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا، لەلایەن ڕێکخراوە نەتەوەخوازەکانی کوردەوە دانرابوو، ئەوان لە مەیدانی سیاسیشدا ئەمەیان لە گوتارەکانی خۆیاندا دەهێنایە سەرزمان. تا ئەو جێگەیەی کە بزانرێت یەکەم ڕێکخراوێك کە ڕۆشنبیرانی کورد دایانمەزراندبێت، جەمعییەتی عەزمی قەویی کورد بووە، بەگوێرەی ئەو سەرچاوە کوردییانەی کە لە بەردەستدان، ئەم یەکەم ڕێکخراوە لەلایەن "فیکری ئەفەندیی دیاربەکری"یەوە دامەزراوە[192].

جەمعییەتی عەزمی قەویی کوردستان لە ساڵی (١٩٠٠)دا دامەزراوە، نەتەوەخوازیی کوردی لەگەڵ دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەدا، دەچێتە یەکەم قۆناغی ڕێکخستنی خۆیەوە. ڕەوتە ڕێکخراوەییەکانی کورد لە ئەستەنبووڵ و کوردستان، ڕۆژبەڕۆژ لەسەر ئەو میراتە گەشە دەکەن و جەمعییەتی تەعالیی

[191] ژین، ژمارە ٧، ٢٦ی نیسانی ١٣٣٥، ل٣- ٦.

[192] سلۆپی، ل٢٥- ٢٦.

کوردستانیش لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە. ئەو کەسایەتییە کوردە گرنگانەی کە بۆ دژایەتیکردنی ڕژێمی عەبدولحەمید لە ڕیزەکانی جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقیدا جێگەی خۆیان گرتبوو، لە سالآنی دوای (١٩٠٠)ەوە، ئیتر هەوڵی دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان داوە. دوای دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوی کوردی کە جەمعییەتی عەزمی قەوی بووە، وردەوردە ڕێکخراوی دیکەی کوردیش دادەمەزران. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ڕێکوپێکترین و بەرزترین شوێنی لە ژیانی ڕێکخستنی کورددا هەبوە.

ئەم جەمعییەتە کوردیانە کە لە هەلومەرجی پڕتەنگوچەڵەمەی سیاسی و سەربازیی سەردەمی عوسمانیدا، لە جیهاندا بەناوی کوردەوە دەستیان بە سیاسەت کردووە، وردەوردە کوردەکانیان لەسەر داواکارییە نەتەوەییەکانیان ڕاهێناوە. لەم ڕووەشەوە، بەتایبەتی شوێن دەستی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لە پێشکەوتنی هۆشیاریی نەتەوەییی کوردەکاندا، دیارە. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان نەیتوانیوە کاریگەرییەکی درێژخایەن لەسەر ئەو شەپۆلی هۆشیاریی کوردایەتییە دروست بکات کە لە ئەنجامی جەنگ و هەلومەرجەکانی قۆناغی ئاگربەستەوە دروست بووبوون، ئەوەش ڕۆڵی هەبوە لەوەی کە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کورد چارەسەر نەکرێن و ڕێ لەوەش نەگیرێت کوردستان وەك ناوچەیەکی داگیرکراو بمێنێتەوە. هەوڵە سیاسی و دیپلۆماتیەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان پشتی بە لایەنی سەربازی و جەماوەری کورد نەبەستووە تا لەڕووی سیاسییەوە کاریگەرییەکی گرنگ دابنێن. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، وەك نەتەوە و کەمەنەتەوەکانی دیکە، هێزێکی چەکداری لە قۆناغی ئاگربەستدا و بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد، بۆ خۆی دروست نەکردووە، تا پشتیوانیی هەوڵە سیاسیەکانی پێبکات. بەگشتی لەم قۆناغەدا، هەوڵی داوە

بەشـێوەیەکی فـراوان لـەڕێی دیبپلۆماسـی و سیاسـییەوە، چارەسـەرێك بـۆ کێشـەی کوردسـتان بدۆزێتـەوە. ئـەو جەمعییەتـە بووەتـە ناوەنـدێکی سیاسـی، نـەیتوانیوە لـەڕێی هێـزی سـەربازی و چـەکدارییەوە، بـەرگری لـە چارەسـەرە سیاسیە نەتەوەییەکانی خۆی بکات. واتـە وەکوو جۆرە ناوەنـدێکی سیاسـیی لـێ هـاتووە کـە خـاوەنی بـەهاکانی کوردایەتییـە و هەسـتیارە دەرهـەق بـە کێشەکانی کوردستان!

بەشـێوەیەکی گشـتی، ئەنـدامانی جەمعییـەتی تـەعالیی کوردسـتان، لـەم قۆناغـەدا خـاوەنی میراتـی "ئەحمـەدی خـانی"ی نـەمرن. ئـەو میراتـەش میراتـی نیشتمانپەروەری و نەتەوەخوازی و بیرۆکەی کوردایەتی بوو[193].

هەست و میراتـی کوردایـەتی کـە بـە شـێوەیەکی فراوان کاریگـەریی لەسـەر کۆمـــەڵگای کـــوردی و ڕێکخـــراوە کوردیـــەکان و جەمعییـــەتی تـــەعالیی کوردســـتانیش دانـــابوو، بـــە لایـــەنی ســـەربازی و چـــەکدارییەوە، بـــەهێزتر نەکرابوو، کوردستان لە قۆناغی جەنگدا بێچەك و بێبەرگری، بە چەوساوەیی و بێچـارەیی مـابووەوە، قۆنـاغی ئاگربەسـتیش کـورد و کوردسـتانی لـەم بێچارەیی و دەستەپاچەییەدا گرتبوو.

ناوەنـدی بڕیـاری کەمالیسـتی لـە قۆناغێکـدا هاتووەتـە کوردسـتانەوە، کـە کوردەکـان ڕێکخراوێکـی سـەربازی و سـەرکردایەتییەکی بـەهێزی سیاسـییان نـــەبوە. جەمعییـــەتی تـــەعالیی کوردســـتان، لـــە هەلومـــەرجی سیاســـیی تێکەڵوپێکـەڵی قۆنـاغی ئاگربەسـتدا، نـەیتوانیوە واقیعێکـی سیاسـی لـە کوردستاندا دروست بکـات و هۆشـیاریی نەتـەوەیی کوردەکـان بـە هێزێکـی سـەربازییەوە پڕچـەك بکـات. ژەنەڕاڵـەکانی عوسمـانی و هێزەکـانی قـووای

[193] بۆزئارسلان، ل٢٤.

میللییە و تەشکیلاتی مودافەعەی حقووقی میللییە لە کوردستان ڕووبەڕووی کۆمەڵگایەکی کوردی بوونەتەوە کە بێچەك بووە و خاوەنی تەکتیك و ستراتیژێکی ڕوون و ئاشکرای سیاسی و سەربازی نەبوە. سەرەڕای ئەوە، هەندێك لە ڕۆشنبیر و سەرۆك خێڵ و بنەماڵە ناودارەکانیش، یارمەتیی ئەوانیان داوە تا پێگەی کەمالیەکان لە کوردستان بەهێزتر بکەن.

کادێران و هێزە سەربازییەکانی کەمالیەکان لە کوردستان ، لەلایەن جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە پێشوازییان لێ کراوە و هێزە کوردیەکان هەستیان بە پێگەی ناوەندی بڕیاری کەمالیەکان لە ناوچەکەیاندا نەکردووە. لەبەر ئەمە بووە کە قووای میللییە و تەشکیلاتی مودافەعەی حقووق توانیویانە، لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە، خۆیان لە کوردستان ڕێك بخەن و بجووڵێنەوە. لەم قۆناغەدا، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە سەربازی و سیاسییەی کە بتوانێت بەناوی کوردەکانەوە قسە بکات. ئەمەش وەکوو یەکێك لە گەورەترین کەموکوڕی و کێشەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لەقەڵەم دەدرێت. بەڵام سەرەڕای ئەم لاوازییەی کە لە کەسایەتیی جەمعییەتی تەعالیی کوردستاندا هەبوە، ئەو ڕێکخراوە لەو سەردەمەدا تاکە ڕێکخراوێك بووە کە بتوانێت هەوڵ بۆ ئازادیی کورد و کوردستان بدات. ئەو ڕۆشنبیرە کوردانەش کە داوای سەربەخۆییی کوردستانیان کردووە، لەم قۆناغەدا بە شێوەیەکی گشتی لە جەمعییەتی تەعالیی کوردستاندا سەرقاڵی کاری سیاسی و سەربازی بوون.

محەمەد ئەمین بۆزئارسلان باسی ئەوە دەکات کە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، هیچ لایەنێکی (شەڕکەر)ی نەبوە: ((... نیشتمانپەروەرە کوردەکان، تەنیا لایەنی نیشتمانپەروەری و نەتەوەخوازییان لە (میراتی خانی) وەرگرتووە و بە هیچ شێوەیەك شێوازی شەڕکردنیان وەرنەگرتووە،

یان وەك ئەو بەشەیان فەرامۆش کردووە و پشت گوێیان خستووە، زۆربەی کار و ئاژاوەکانی خۆیان بردووەتە ناو دیوانەکان [و: مەبەست شوێنە ڕەسمییەکانە] و گوێیان نەداوەتە ئەوە چالاکییانەی کە پێویستە لە مەیدانەکاندا بەڕێوە ببرێن. لەڕووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە، کاری باش و چڕوپڕیان ئەنجام داوە، بەڵام لەنێو جەماوەری خەڵکی کورددا، هێزێکی چەکداریان دروست نەکرد تا دەسکەوتە سیاسیەکانی خۆیان و ئەنجامی کار و چالاکیەکانی ئەوان و خەڵکی کوردی پێ بپارێزن.

سەرەڕای ئەوە، ئەگەر بەئینسافەوە تێبڕوانین، پێویستە قبووڵی بکەین کە ئەوان هەندێك کاری گرنگیان لەڕووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە کردووە کە ئەنجامەکەیان بەدیهاتنی (پەیماننامەی سیڤەر) بووە. بەڵام دەبێت ئەوەش قبووڵ بکەین کە ئەوان کەسانێکی دڵپاك و نیازپاك و کورتبین بوون و نەیانتوانیوە مەسەلەکان بۆ ماوەی دوورودرێژ هەڵبسەنگێنن و پێشبینیی ڕووداوەکان بکەن))[194].

بنکەی ژین
www.zheen.org

محەمەد ئەمین بۆزئارسلان باسی ئەوەش دەکات کە سەرکردەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان نەیانزانیوە چ فێڵ و داوێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ کوردەکان ئامادە دەکرێت و نەیانتوانیوە بە گوێرەی ئەوەش تەکتیك و ستراتیژێکی کوردی ئامادە بکەن. لە بنەڕەتیشدا هەوڵیان داوە کوردستان، لەڕێی قەڵەم و زانستی یاساوە، ڕزگار بکەن[195].

لەو ڕۆژانەدا، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و ژین، قورساییی خۆیان خستووەتە سەر کێشەی نەزانی لە کۆمەڵگای کوردیدا و هەوڵیان بۆ ئەوە داوە کە کوردەکان بە ئاگا بێننەوە و ڕێ بۆ خوێندن و ڕۆشنگەری لەنێو

---

[194] بۆزئارسلان، ل٣١.

[195] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣.

کوردستان بکەنەوە. ژین، بەشێکی زۆر لە لاپەڕەکانی خۆی بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردووە و هەوڵی داوە کارێك بکات کۆمەڵگایەکی خوێندەوار بنیات بنێت. نووسەر و شاعیرانی کورد و ئەندامانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، بەردەوام باسی ئەوەیان کردووە کە نەزانی چ زیانێکی بە کۆمەڵگای کوردی گەیاندووە و چۆن کاری کردووەتە سەر دواکەوتوو مانەوەی کوردستان؟ هەروەها باسی ئەوەیان کردووە کە پێویستە کۆمەڵگای کوردیش پێش بکەوێت و لە نەتەوە پێشکەوتووەکانی تر بەجێ نەمێنێت. شەفیق ئارواسی، ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لە نووسینێکی خۆیدا بەناوی (زانست لەپێش هەموو شتێکەوە دێت)، بەمجۆرە بانگەواز بۆ کوردەکان دەکات: ((برایانی من! دەبینین ئەمڕۆ زانست و کولتوور لەنێو هەموو نەتەوەیەکدا گەشەی سەندووە، لە بچووك هەتا گەورەی ئەوان، هەموو ئاگاداری کاروباری دین و دنیان. تەنیا نەتەوەی ئێمە و ئێمەین لەم نیعمەتە گەورەیە بێبەشین، لەبەر ئەوەشە کە ئەو لێهاتووییە سروشتییەی لەنێو نەتەوەکەی ئێمەدا هەیە، لەخوتوخۆڕایی لەناو دەچێت. بەپێچەوانەوە، دەبنە هۆی ئەوەش کە زیاتر بچووك ببینەوە و لەلایەن کەسانی دیکەوە بەخراپ سەیر بکرێین. بۆ نموونە ئێمە دینداری، بەڵام ئاگاداری فەرمانەکانی دین نین، تا بە گوێرەی ئەوانە بجوولێینەوە. ئێمە هەتا بڵێی جوامێر و ئازاین، بەڵام ئازایەتیەکەی خۆمان بۆ کوشتنی یەکتر بەکار دەهێنین. ئێمە زۆر بەخشندە و دەستبڵاوین، بەڵام ئەو بەخشندەییەی خۆمان بۆ جێبەجێکردنی فەرمانێکی دینی بەکار ناهێنین، بەڵکوو لە زەماوەندەکاندا دەیدەینە قەرەجەکان و لە سکاڵاکاندا وەك بەرتیل دەیدەین و لە شانۆکاندا دەیدەین بە ئەکتەرەکان و لە جەژنەکانیشدا دەیدەین بە دیاری بۆ ئاغا و شێخەکان. هۆی هەموو ئەمانەش نەزانینە. مادام ئەمەش دەزانین، دەبێ ئێمەش لەئەمڕۆ بەدواوە، بەر لە هەموو

شتێك، گرنگی بە زانست بدەین، ڕێگای ئەمەش بە خوێندن و زانستدا تێپەڕ دەبێت، ئەوەش تەنیا بە زمانەکەی خۆمان جێبەجێ دەبێت، چونکە پێویستمان بە تەمەنێکە بۆ فێربوونی زمانێکی دیکە. دوای ئەوە، مەگەر تەنیا فێری زمانی زانستەکە بین کە ئەوەش بۆ هەموو کەسێك جێبەجێ نابێت))[196].

ئەندامانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەزانی لە کوردستاندا، بەرگرییان لەوە کردووە کە پێویستە قوتابخانە لە هەموو لایەکی کوردستاندا بکرێتەوە. لەڕێگەی نووسەرانی "ژین"ەوە، ئاگاداری ئەوە دەبین کە ئەوان گرنگییان بە زانست داوە و داوایان کردووە قوتابخانەیەك لە هەر گوندێکدا بکرێتەوە. کوردیزادە کەمال بەگ ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لە نووسینێکی خۆیدا بەناوی (ئەرکەکانی ئەمڕۆمان)ەوە وەها دەڵێت: ((بۆئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی زامنکراو، کوردایەتی بۆ نەوەکانی داهاتوو بەجێ بهێڵین، پێویستە ڕێگای خۆشبەختی و پاراستنی مافەکانی ئەوان بە زانست و زانیاری بەهێزتر و باشتر بکەین. هیوا و ئامانج و ئارەزوومان ئەوەیە لاوانی کورد لە دەوری یەك کۆ بکەینەوە و بەڵای نەزانی لە کوردستان دوور بخەینەوە، چونکە ئەم سەردەمەی ئێمە، سەردەمی پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونە))[197].

بنکەی ژین
www.zheen.org

کوردیزادە لە شیعرێکی خۆیدا بەناوی (بۆ کوردەکان)ەوە کە لە "ژین"دا بڵاوی کردووەتەوە، بەمجۆرە باسی گرنگیی خوێندنی منداڵانی کورد دەکات:

((گەلی کوردا! شوورەك دکەم — حەموو کرمانج دەستەك بینن
پاشی ئەمی ڕاحەت بکن — لاوێ خۆنا خۆندیش بدن

---

[196] ژین، ژمارە ٢، ١٤ی تشرینی دووەم، ل١٥.

[197] ژین، ژمارە ٦، ٢٥ی کانونی یەکەمی ١٣٣٤، ل١١.

بۆنا مە مەکتەب لازمێ | بۆنا مە صەنعەت لازمێ
بۆنا مە ئیمان لازمێ | بۆنا مە نمێژ لازمێ
هەر کو نەدیدە مەکتەب ڤەکین | پاشی قەدرێ وی فەهم دکین))[198].

عەبدولڕەحیم ڕەحمیی شاعیر و ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لە شیعرێکی خۆیدا بەناوی (نەزانی)یەوە کە لە "ژین"دا بڵاوی کردووەتەوە دەڵێت: ((ئەی جەهلۆ نەزانین، توویی دوژمن، توویی خائین

ظوڵما تەیە هێلان هەمی بێصەنعەتو بێدین

قەهرا تەیە وێرانە کری، ئاه.. وەطەنی من

کینا تەیە بێلانە کری، جسمو تەنی من))[199].

ئەندامانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ڕۆڵێکی گرنگیان لە نووسینەوەی مێژووی کورد و هەروەها لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە زمان و کولتووری کوردیدا هەبوە. لاپەڕەکانی ژین، پڕن لە هەندێ زانیاریی خەیاڵی و گرنگ سەبارەت بە کولتووری کوردی و شێوازی پێشخستنی زمان و لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە مێژووی کورد. بەتایبەتی هەوڵ و چالاکییەکانی جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورد، کە لەلایەن ئەندامانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە دامەزراوە، لەو ڕووەوە گرنگییەکی تایبەتیان هەیە.

ئەندامانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، هەوڵیان داوە بەرهەمە کلاسیکییەکانی کورد و هۆنراوە کوردییەکان بنووسنەوە و گەشە بە شیعری کوردی بدەن. هەروەها چیرۆکنووسە کوردەکانیشیان هان داوە بنووسن و

---

[198] ژین، ژمارە ١٢، ٢٥ی شوباتی ١٣٣٥، ل١٦.

[199] ژین، ژمارە ١٧، ٢٦ی نیسانی ١٣٣٥، ل١٦.

هەوڵیان داوە پەندی پێشینان و ئەفسانە و بەهاکانی کۆمەڵگای کوردیش زیندوو بکەنەوە. ئەندامانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەریتی کوردەواری، ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە خێڵەکییەکان و فۆلکلۆر و شێوازی بنیاتنانی بنەماڵە و چۆنێتیی بیرکردنەوەی کوردەکان کردووە و هەوڵیان داوە کەسایەتییەکی نەتەوەیی بە کۆمەڵگای کوردی بدەن. ئەندامانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، هەوڵ و تەقەلایەکی زۆریان سەبارەت بە دۆزینەوە و باسکردنەوەی ئەفسانە کوردیەکانیش لە کوردستاندا داوە. نووسینێکی کەمال فەوزی کە لە "ژین"دا بڵاو کراوەتەوە، لەو بارەوە زۆر سەنجڕاکێشە: ((تا ئەو جێگەیەی کە توانیومە ئەفسانە و حیکایەتە کوردیەکانم کۆ کردووەتەوە و لەڕێی لاپەڕە بەنرخەکانی ژینەوە، دەیخەمە بەردەستی زانایانی بواری میتۆلۆژی، تا هەڵسەنگاندنی دادپەروەرانەی خۆیانی بۆ بکەن. زۆر ڕێی تێدەچێ، نانکوێری و خراپەکاریی کەسێکی دیاربەکریش لەڕێی ئەم نووسینانەوە کە ئەفسانەیەکی جوانی کوردی بردووە و ناوەکەی بۆ چیرۆکی (دەدە کورکوت) گۆڕیوە، دەر بکەوێت))[200]

ئەو ئەندامانەی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان کە لە بواری ئەدەبی و کولتووریدا کاریان کردووە، هەوڵیان داوە پەندی پێشینانی کوردی کۆ بکەنەوە. ئەمەش بە ڕوونی لە لاپەڕەکانی "ژین"دا، دەر دەکەوێت. لەم بارەیەوە، لاو ڕەشید و حیلمی سیڤەرەکلی، نووسینی زۆر بەنرخیان بڵاو کردووەتەوە. ئەوان بە زمانی تورکی و بە شێوەیەکی زانستی، هەوڵیان داوە ئەو پەندە پێشینانە هەڵبسەنگێنن، ئەمەش نیشانەی ئەوە بووە کە ڕۆشنبیرانی کورد لەو قۆناغەدا گرنگییان بە بیرو بۆچوونی زانستی داوە.

---

[200] ژین، ژمارە ٢٢، ٢ی تەمووزی ١٣٣٥، ل٧.

ئـەركی سـەرەكی جەمعییـەتی تـەعالیی كوردسـتان و ئەندامـەكانی، پەرەپێدانی خۆشەویستی بووە بەرامبەر بە كوردستان. هەر لەو ڕۆژانەوە هەندێك لە شاعیرانی كورد ئەوەیان هێناوەتە سەر زمان كە نەتەوەی كورد نەتەوەیەكی مافخوراوە و جەستە و مێشكیشی دابەش كراوە. شاعیران و نووسەرانی كورد، بە شێوەیەكی بنەڕەتی لە بەرهەمەكانی خۆیاندا، تیشكیان خستووەتە سەر ئەو زوڵم و ستەمەی وا لەسەر كورد و كوردستان دەكرێت. میهری لە شیعرێكی خۆیدا بەمجۆرە باسی ئەو زوڵم و ستەمە دەكات كە لە كوردەكان كراوە:

((بە تەعذیبی ئەمن مەقصوودی دڵبەر تێگەیاندن بوو
كە من كوردم، بەشی من دائیما هەر خوارییە، پەستی
حەقیقەت هەیكەلی ئەم میللەتە بێچارە بیمارە
بڕاوە لێو و ئەزمانی، شكاوە پێ و سەر و دەستی
لەكن هەر كەس عیاذی حاڵی ئێمە طوولی پێ ناوێ
نیفاق و بوغضی خۆمان كافییە بۆ یەئس و بۆ پەستی))[٢٠١].

خۆشەویستیی كوردستان لە هەست و بیرو بۆچوونەكانی ئەندامانی جەمعییەتی تەعالیی كوردستان و هەموو شاعیر و نووسەرانی كورددا، بەڕوونی دیارە. شاعیری كورد "قازی زادە مستەفا شەوقی"، ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی كوردستان، لە شیعرێكی خۆیدا بەناوی "حەزی گەنجێتی و تامەزرۆیی نیشتمان" بەمجۆرە باسی خۆشەویستیی خۆی بەرامبەر بە كوردستان دەكات:

((كە خاكی پاكی وی لانكە لەبۆ ئێسقانی باپیرمان

---

[٢٠١] ژین، ژمارە ٧، ٢ی كانونی دووەمی ١٣٣٥، ل١٠.

لەسەر قەبری جەوانان دیدەیی شللێرە گریانە

تەماشای هەر قەدی داریّ مەکە ئەوڕۆ بە گیانسەختی

کە ئەو شینایی‌یە یادگاری قەدیمی دایکی کوردانە

لەویّ ئەوڕۆ بەبیّ تۆ دەردەدارە دایکی سەرشینت

بەبیّ تۆ دەزگیرانت، فاگە چاوجوان، دیدە گریانە

ئەوی موڵکی قەدیمو مەوگینی ئەجدادی (پێی خۆتە؟)

بە مەردی مەیڕووخێنە، چون حەریمی موڵکی بابانە

بە عیلمو مەعریفەت ئیراد بکە فیکری جەوانیت، تا

دەگەڵ "شەوقی" بەجووتە موتتەفیق بین مەردو مەردانە![202]))

ئەو ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدارانەی کورد کە لەژێر چەتری جەمعییەتی تەعالیی کوردستاندا کاریان کردووە، بەهەر ڕێگە و شێوازێك بوو بێت، پابەندی خۆیان بۆ بیرۆکەی ئازادی کوردستان دەربڕیوە. قازی لەتیف لە شیعرێکی خۆیدا بەناوی "خەزاڵ"ەوە داوا لە شاعیرانی کورد دەکات کە بۆ بەژن و بالاّی ژن، شیعر و هۆنراوە نەنووسن، بەڵکوو بۆ ڕزگاری کورد و کوردستان و سەبارەت بە مەینەتیەکانی گەلی کورد شیعر بنووسن. شاعیر لە درێژەی شیعرەکەی خۆیدا ناوی هەموو خێڵەکانی کورد دەهێنێت و داوایان لیّ دەکات بۆ ڕزگاری کوردستان، ئەنجومەن یان وەك دەستەی پاراستنی خێڵەکانی کورد دروست بکەن:

((چاکە ئەو ذاتانە ئەوڕۆ فرصەتە هیممەت بکەن

مەجلیسێکی مونعەقید کەن تا نەبیّ کورد تارومار

هەرکەسیّ تابیع نەبیّ بەو مەجلیسە، من ضامنم

پاش عقووباتێکی زۆر دێنمو دەیدەم لە دار

---

[202] ژین، ژمارە ٤، ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٣٣٥، ل١٤.

خۆ ئەگەر بێتو ئەمن ڕاهی بکەن بۆ موڵکی خۆم
کوردی ئێرانێش هەموو صەف صەف دەکەم هەروەك قەطار
هەر چلۆنێ ڕەئیی مەجلیس بێ، وەهایان پێدەڵێم
صەدهەزاران بایعین بۆ ئەمری ئەو پیری هەژار))[٢٠٣].

سەرەڕای ئەوەی هێشتا پەیمانی ئاشتی لۆزان مۆر نەکرابوو، کوردستان بووبووە سێ بەش و ئەمەش کاریگەری زۆری لەسەر جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و ئەندامەکانی دانابوو. ئەوان باسی ئەوەیان کردووە کە لەو دابەشکردنە نیگەرانن و بەهۆی ئەمەشەوە، ئازار و مەینەتی دەچێژن. شاعیر "سلێمان بۆهتی" لە شیعرێکی خۆیدا باسی ئەم دابەشکردنەی کوردستانی کردووە و پێی وابووە نەزانی هۆکاری ئەو کارەساتە بووە:

((طاڤا خۆشیێ ل سەر مە دەرکەت فەڕضە ژمەڕا تفاق و هیممەت
مێر و ژن و کچ حەمی نەڤانن هو لێ نە غەریب و بێمەکانن
طاڤا خۆشیێ ل سەر مە دەرکەت تالان کرنە سەریرو دیار
سێ دەولەت ظالم و قاسی و هار طاڤا خۆشیێ ل سەر مە دەرکەت))[٢٠٤].

لە قۆناغی ئاگربەستدا، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بووەتە ناوەندێکی کولتووری و سیاسی کە بارودۆخی دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتی نەتەوەی کوردی لەگەڵ خۆشەویستی بۆ نیشتماندا، هێناوەتە سەر زمان. ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدار و بیرۆکرات و ئەفسەر و سەرۆك خێڵ و ئەندامانی بنەماڵە بەناوبانگەکانی کورد و خوێندکار و لاوانی کورد، لەو قۆناغەدا توانیویانە لەژێر چەتری جەمعییەتی تەعالیی کوردستاندا، بیرو

---

[٢٠٣] ژین، ژمارە ٧، ل١٨.

[٢٠٤] ژین، ژمارە ٢٠، ٤ی حوزەیرانی ١٣٣٥، ١٧.

بۆچوونەکانی خۆیان بهێننە سەر زمان. لەم قۆناغەدا، خۆشەویستی نیشتمان و کوردستان، بووەتە داواکاری هەموو کوردەکان و زۆربەی شاعیر و نووسەرانی کوردیش ئەمەیان هێناوەتە سەر زمان. سیڤەرەکلی حیلمی لە شیعرێکی خۆیدا بەناوی یەکدەنگی کە بۆ منداڵانی کورد نووسیویەتی، حەسرەت و تامەزرۆیی خۆی بەنیسبەت کوردستانەوە، لەدڵەوە دەهێنێتە سەر زمان:

((باڤێ مەیە هەر هەفت عەزمان	دیا مەیە خۆش کوردستان

ئەم ئەولادە حەموو کوردان	ئەم دخازین عیلم و عیرفان))[205].

لە کۆتاییەکانی ئەم سەدەیەدا، لەکاتێکدا شەڕێکی وێرانکەر و ماڵوێرانکەر بۆ کوردەکان بەڕێوە بوو، نیشتمانەکەی لە ئەنجامی ئاگربەستدا دابەش کرا. هەروەها دوابەدوای ئەوە و سەرەڕای دەستپێکردنی جەنگی نێوان یۆنان و تورك، تورك و ئەرمەنەکان، وێرانی و نەهامەتییەکی زۆر لە کوردستان دەستی پێکرد. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی کە توانیویە ڕۆشنبیران و کەسایەتییە کاریگەرەکانی کوردستان لەژێر چەتری خۆیدا کۆ بکاتەوە، لەو قۆناغەدا نەیتوانیوە سیاسەتێکی ڕوون بۆ کوردستان دابنێت، ئەمەش لە ئاستێکی زۆردا ڕۆڵی هەبوە لەوەدا کە مەسەلەی ڕزگاریی کوردستان سەر نەگرێت. لەو قۆناغە گرنگەدا کە پێویستی بە بەرپرسیاریی گرنگ هەبوە، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لەلایەن هەموو یەکە کوردییەکانەوە، لە ئەستەنبووڵ پشتگیریی لێ کراوە: ((لەوکاتانەدا ژمارەیەکی زۆر لەو کوردانەی کە پێشتر نەدەزانرا کوردن، وەکو کەسانی نیشتمانپەروەر و نەتەوەخواز لە مەیدانەکەدا دەردەکەوتن. ئەمانەش کەسانی وەکو مەلا و زانا و نەزان و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی لەخۆدەگرت. هەر ئەوانەش وەکو

---

[205] ژین، ژمارە ٢٥، ٢ی تشرینی یەکەمی ١٣٣٥، ل٢٤-٢٥.

بەرگریکارێك لە مافە نەتەوەییەکانی کورد، خۆیان پیشاندەدا. ئەو کەسانە دەیانزانی کە خەلافەت و سەڵتەنەت، بەرەو کۆتایی دەچێت. بۆیە ئارەزوو و هیواکانی داهاتووی خۆیان، بە دامەزراندنی کوردستانێکەوە بەستبووەوە))[٢٠٦].

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لە قۆناغی هەلومەرجی سیاسیی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، لەکاتێکدا بنەمای دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان قبوولٚ کرا، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر جیهان دانا، لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیران و بیرۆکرات و ئەفسەر و نەتەوەخوازە کوردەکانەوە، دامەزرا و سیاسەتێکی کوردستانی پێڕەو دەکرد. بەڵام ئەم ڕێکخراوە کوردییە، هێشتا لەڕووی تیۆرییەوە، نەبووبوو بە خاوەنی چەمکێکی دروستی جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی و بیرو بۆچوونەکانی خۆیشی لە پرۆگرامێکی دیاریکراوی سیاسیدا دانەڕشتبوو. هەروەها خاوەنی ئەو مەنتیقەش نەبوو کە پێویستە چالاکی و جموجووڵی سەربازیی بۆ بەهێزکردنی ئەو پرۆگرامە سیاسییە هەبێت. تارق زەفەر تونایا حەقی خۆیەتی کاتیٚ دەڵێت کە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ڕێکخراوێکی سیاسیی نەتەوەیی کورد بووە کە لە نیزامنامە و پێڕەوەکەی خۆیدا گرنگی بە چالاکیی جۆراوجۆر داوە.

محەمەد ئەمین بوزئارسلان و بیرەوەرینووس و لێکۆڵەکانی کورد، ڕەخنە لە پێکهاتەی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دەگرن. لە پەراوێزی ژمارەیەکی زۆر لەو سەرچاوانەی کە باس کراون، ئەو گومانە بەهێزتر دەبێت کە جەمعییەتەکە لەڕووی پێکهاتە و توانستەوە لاواز بووە: ((جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، جووڵانەوەیەکی ڕزگاریی ڕێك خستووە، بەڵام لەجیاتیی "کوردستان" لە "ئەستەنبوولٚ" دانیشتووە و خاکی کوردستانی بۆ مستەفا کەمال پاشا بەجیٚ

[٢٠٦] سلۆپی، ل٥٨.

هێشتووە. ئەویش لەو ناوچانەدا پێگەی خۆی بەهێزتر کردووە. دوای ئەوەی کە جێ‌پێی خۆیشی لەو ناوچانە بەهێزتر کردووە، وردەوردە دەستی کردووە بە داخستنی لقەکانی جەمعییەتی تەعالی لە کوردستان))[207].

((دەستەی بەڕێوەبەر، پتر لە کەسانێك پێك دەهات کە لە کوردستاندا ناسراو بوون و ئەندامی بنەماڵە خاوەن کاریگەر و دەستڕۆکانی ناوچەکە بوون. ئەگەر ئەو کەسانە زۆری و زەحمەتی کار و چالاکییەکانی خۆیانیان لە کوردستان لەپێشچاو بگرتایە و پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ ئەو جەمعییەتەی تەعالیی کوردستان‌دا ببەستایە کە لە دیاربەکر دامەزرابوو [و: لەوانەیە مەبەستی لقی دیاربەکری جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بێت]زۆر ڕێی تێ‌دەچێ بیتوانیبایە کاریگەریی پتری هەبێت و کاری باشتر لەگەڵ کەسانی دەستڕۆی ناوچەکەدا بکات))[208].

نووری دەرسیمیش هەمان بۆچوونی سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتیی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان هەیە. ئەم نووسەرە کوردانە ڕەخنەی ئەوە لە بەڕێوبەرانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دەگرن کە هێزێکی سەربازی و چەکدارییان لە کوردستان دانەمەزراندووە تا پاڵپشتی ئەوان بێت. بەڕای من، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان خاوەنی کادیرێکی تیۆری‌داڕێژ نەبوە تا بتوانێ پرۆگرام و بەرنامەیەکی ڕێکوپێك لەڕووی تیۆری و سیاسییەوە دابنێت. هەروەها لەڕووی سەربازیشەوە، کەسانێکی زانای نەبوە تا بتوانێت لە تەکتیك و ستراتیژی سەربازی ئاگادار بێت و کاری پێ بکات. ئەمەش وەك خاڵێکی لاوازی ئەو ڕێکخراوە لێك دەدرێتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە ئەوان نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی سیستەماتیك بیر بکەنەوە و بەشێوەیەکی ڕێکخراو بجووڵێنەوە،

---

[207] بۆزئارسلان، ل٢٤.

[208] سلۆپی، ل٢٧.

بـــەڵام بەڕێوەبـــەرەکانی جەمعییـــەتی تـــەعالیی کوردســـتان هەریەکـــە و نیشـتمانپەروەرێك بـوون بـۆ خۆیـان. دامەزرێنـەکانی جەمعییـەتی تـەعالیی کوردسـتان، پیـاوانی تێکۆشـان و خـەباتی گـەورە بـوون، لـە سـەدەی بیسـتەمدا هاواری ئازادی و ڕزگارییان بـەرز کردووەتـەوە، کێشـەی کوردیان بردووەتـە نێو کـۆڕ و کـۆنفرانس و کۆبوونـەوە نێودەوڵەتیـەکان و جیهانیـان لـێ ئاگـادار کردووەتەوە))[209].

بێگومـان جەمعییـەتی تـەعالیی کوردسـتان ڕێکخراوێکـی چـالاکی کـوردی بـووە. بـەڵام لەمبارەیەشـەوە ڕەخنـە لـەم ڕێکخـراوە دەگیرێـت کـە نـەیتوانیوە چـالاکیی کوردەکـان بەشـێوەیەکی کاریگـەر ڕێـك بخـات. دیـارە چـاوت بـە چالاکییەکی سیاسـی و سـەربازیی ڕێکخـراوی جەمعییـەتی تـەعالیی کوردسـتان لە کوردستاندا ناکەوێت. لەبەر ئەوەی جەمعییـەتی تـەعالیی کوردستان خاوەنی سـەرکردایەتییەکی سیاسـی و سـەربازی و بەرنامەیـەکی نەتـەوەییی کـوردی نەبوە، نەیتوانیوە سەرۆکایەتیی ڕاپەڕینەکەی قۆچگیری بکات.

ئایـدۆلۆژیای ئـەو سـەردەمەی خوێنـدکاران و ڕۆشـنبیرانی کـورد، لەسـەر بنەمای نەتـەوەخوازی و نیشـتمانپەروەری و خۆشەویسـتی کوردسـتان دانرابوو. دیارە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لـەڕێی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانـەی کە دەری کردوون، هەوڵی داوە ئەم بیرو بۆچوون و هەسـتی کوردایەتیانـە، لە بیرو زەینـی نەتەوەی کورددا جێگیر بکات. لـەڕووی ڕاگەیاندنیشـەوە، ئەو جەمعییەتە کار و چـالاکیی گـرنگ و باشـی هـەبوە و یەکـەم پێکهاتـەی کوردییـە کـە لـە بـواری بڵاوکردنەوە و ڕۆژنامەگەریی کوردیدا پێشکەوتنی گرنگی بەدەست هێناوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[209] بۆزئارسلان، ل٢٩.

بیرو بۆچوونەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لەڕێی گۆڤارەکانی ژین و کوردستان و ڕۆژنامەکانی دیکەوە، دەگەیشتنە کۆمەڵگای کوردی. وەك ئەوەی کامەران عالی بەدرخان بەگ لە نووسینێکی خۆیدا باسی دەکات، ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە لەڕێی لقەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و ڕۆشنبیران و خوێندکارانی کوردەوە لە ئەرزڕۆم و وان و بتلیس و دیاربەکر و خارپووت و مەعمورەت ئەلعەزیز و لە جوگرافیایەکدا کە پانتاییەکەی ۲۰۷ هەزار کیلۆمەترە، بڵاو کراونەتەوە. واتە ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە لەڕێی ڕۆشنبیر و خوێندکار و لقەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە، لەو ناوچانەدا بڵاو کراونەتەوە[۲۱۰].

لەو مۆرەی کە لە نامە ڕەسمیەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دەدرا، بەتەنیشت نووسینی "جەمعییەتی تەعالیی کوردستان"ەوە بە زمانی فەرەنسیش "ئۆتۆنۆمیك دو کوردستان- کوردستانی ئۆتۆنۆمی"

---

[۲۱۰] بۆ زانیاری و وردەکاری زیاتر لەبارەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان، سەیری ئەم سەرچاوانە بکەن: جاوید ئۆگان توتەنگی، ڕۆژنامەگەری تورکی لە ئینگلتەرا لە دوای عوسمانیە نوێیەکانەوە ۱۸٦۷ تا ۱۸٦۷، ئەستەنبووڵ، بڵاوکراوەکانی بەڵگە، ۱۹۸۵، ل۹۲، چاپی دووەم؛ ژین، محمد ئەمین بۆزئارسلان، وەرگێڕانەکەی، پێشەکیەکەی، ل۳-۸٦؛ مالمیسانژ و مەحموود لەوەندی، لە کوردستانا...؛ جاسمێ جەلیل، کاریگەری بیروبۆچوونەکانی کوردەکان لەسەر پێشەکەوتنی ئایدۆلۆژیای جووڵانەوەی ریفۆڕمیستی تورکی لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا (بە پێشەنگایەتی ڕۆژنامەی کوردستان)، داهاتووی ئازاد، ژمارە ۸، تەمووزی ۱۹۸۹ ل۳٤؛ بەشێکی دابڕاو لە مێژووی سیاسیمان، لە جەژنی ڕۆژنامەگەری کوردیا یادێك لە میقداد بەدرخان دەکەینەوە، خۆری میدیا، ژمارە ۳، حوزەیرانی ۱۹۸۸، ل٤۱؛ ئەنوەر زیا کاراو، مێژووی عوسمانی، بەرگی شەشەم، ئەنقەرە، TTKY، ۱۹۸۳، ل۵۱۳؛ مەحموود لەوەندی، ڕۆژنامەگەری کوردی لەتەمەنی ۹۲ساڵیدا، کوردستان- یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ۱۸۹۲ تا ۱۹۰۲، بەرهەم، ژمارە ۸، ۱۹۹۰، ل۱۵- ۲۰.

هەڵکەندرابوو. دیارە ئامانجی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش ئەوەبوو کە دەیویست مەسەلەی (ئۆتۆنۆمی کوردستان بە زمانێکی سیاسی) بهێنێتە سەرزمان. بیرۆکەی ڕزگاریی کوردستان و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد، بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەنێو جەمعییەتی تەعالیی کوردستاندا گفتوگۆی لەسەر دەکرا و گەشەی پێدەدرا. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم بیرو بۆچوونانەش لەنێو جەمعییەتی تەعالیی کوردستاندا هەبوون، ئەو ڕێکخراوە نەیتوانیوە پێڕەو و پرۆگرامێکی دیاریکراو دابنێت، بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە ئەوان چ جۆرە کوردستانێکیان دەوێت؟ هەروەها ستراتیژ و تاکتیکەکەی خۆیشیان سەبارەت بە ئازادیی کوردستان دیاری نەکردووە. هیچ گومانێك نییە بە گوێرەی ئەو زوڵم و ستەمە مێژووییەی کە لە کوردەکان کراوە، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ڕۆڵێکی پێشکەوتنخوازانەی هەبوە و بەرگریی لە مافەکانی کورد کردووە. بەڵام بۆ ڕێگرتن لە دابەشکردنی کوردستان و ڕێگرتن لەو گۆڕانکارییانەی کە دەبنە هۆی ژێردەستەکردنی خەڵکی کورد، نەیتوانیوە لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە، هۆشیارییەکی سیستەماتیك لەنێو مرۆڤی کورددا گەشە پێبدات. بەشێکی زۆر لە بیرەوەری‌نووس و سیاسەتمەدارانی کورد و جەنگاوەر و سەرکردەکانی ڕاپەڕینە کوردییەکان کە لە ژیاندا ماونەتەوە، لەو قەناعەتەدان کە گرنگترین کەموکوڕیی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ئەوەبووە کە نەیتوانیوە هۆشیاری ڕێکخراوەیی لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە لەنێو مرۆڤی کورددا گەشە پێبدات.

## ٢- ئەو هێزانەی کە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ناکۆکیی لەگەڵیاندا هەبوە:

جووڵانەوەی مودافەعەی حقووقی تورك و هێزەکانی قووای میللییە و بە شێوەیەکی گشتیش لەگەڵ جووڵانەوەی کەمالیستیدا بەتەواوەتی لە ناکۆکی و پێکدادان بووە. نوێنەری ئەلازیغ و دیاربەکر کە وەك پایتەختی کوردی لە زەینی مرۆڤەکاندا جێی خۆی گرتووە، بەشدارییان لە کۆنگرەی ئەرزڕۆمدا نەکردووە. ئەمەش بە شێوەیەکی توند کاردانەوەی نوێنەرانی جووڵانەوەی مودافەعەی حقووق و خودی مستەفا کەمال پاشای لێ کەوتووەتەوە. موفتی ئیبراهیم ئەفەندی کە وەك نوێنەر و ئەندام بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەکانی سیواس و ئەرزڕۆم هەڵبژێردراوە، لەگەڵ دکتۆر نەجائەتی کە لە لیوای ماردین بۆ بەشداریکردن لەو کۆنگرانەدا دەستنیشان کرابوو، لەگەڵ عەلی ئەفەندی کە بازرگانێك بووە، پێکەوە نەیانتوانیوە بەشداری لەو کۆنگرانەدا بکەن.

ئیحسان حامد بەگ کە بە "تیگرام" ناسراوە، بە کاریگەریی سلێمان نەزیف و زیاگویك ئالپدا بووە و وەك نوێنەری دیاربەکر بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی سیواس هەڵبژێردراوە. ناوبراو سەرەڕای ئەوەی چووەتە شوێنی کۆنگرەکەش، بەڵام بەبێ ئەوەی بەشداری بکات، گەڕاوەتەوە. بۆ ئەوەی ئیحسان حامید ببێتە کەسایەتییەکی کاریگەر و دەستڕۆ لە کوردستان و دیاربەکر، کراوە بە ئەندامی ڕاوێژکاری هەیئەتی تەمسیلییە. کاتی گەڕانەوەشی لە سیواس، بە ورەیەکی بەرزەوە دەستی بە کار و چالاکیەکانی خۆی کردووە. ناوبراو کاریگەریی لەسەر هەندێك لە لاوان داناوە و لقێکی جەمعییەتی مودافەعەی حقووقی میللییەی لە دیاربەکر کردووەتەوە و وەك بەشێك لە ڕێکخستنی تورکەکان دەستی بە کار و چالاکیەکانی خۆی کردووە[٢١١]. دیاربەکر هەلومەرجێکی سیاسیی لەباری هەبوە بۆ ئەوەی ڕۆشنبیرانی کورد بتوانن کاروباری ڕێکخستنی خۆیان لەوێ ئەنجام

بنکەی ژین www.zheen.org

---

[٢١١] مەمدووح گالۆغلوو، کۆنگرەی سیواس، ئەنقەرە، چاپخانەی باشنور، ١٩٦٩، ل٣٠.

بـــدەن. هۆشـــیاریی نەتـــەوەیی بەشـــێوەیەکی فـــراوان لـــەنێوان ڕۆشـــنبیر و گوندییەکانی ئەم ناوچەیەدا بڵاو بووەتەوە. ئەو ڕۆشنبیرە کوردانەی کە توانای خوێندنیان لە دیاربەکر هەبوە، توانیویانە کاروباری ڕێکخستن بۆ جووڵانەوەی ڕزگـاریی نەتـەوەییی کـورد ئـەنجام بـدەن. ئـەوان توانیویانـە دیاربـەکر بکەنـە پێگەیەکی ڕێکخستنی جووڵانەوەی کوردستان. ئەو دەرفەتـەی بۆ پروپاگەندەی کوردایـەتی و دروسـتکردنی ڕێکخسـتن لـەو ناوچـەیەدا ڕەخسـاوە، بووەتـە هـۆی ئـەوەی کـە مەیـدانی مـانۆڕ و جووڵانـەوەی نەتـەوەخوازەکانی تـورك، بەتایبـەتی ڕێکخـراوی نەتـەوەخوازەکانی تـورك و لایـەنگرانی (ARNH) بتـوانن بەئاسـانی بجووڵێنـەوە و تـۆڕی ڕێکخسـتنەکانی خۆیـان فراوان بکـەن. ژمارێـەکی زۆر لـەو ئەفسەر و بیرۆکرات و کەسایەتیانەی سەر بە حکوومـەتی مەرکـەزیی عوسمانی بـوون، (بەتایبـەتی هێزەکـانی سـوپا و پـۆلیس)، لەکاتێکـدا جووڵانـەوەی تورکایەتی بەهێزتر بووە، هـەوڵیان داوە ڕێ لـە جموجووڵی ڕۆشنبیرانی کورد و هەوڵـەکانی دروسـتکردنی جەمعییـەت لـە دیاربـەکر بگـرن. والیـی دیاربـەکر زۆر نیگەران بووە لەوەی کە لقی جەمعییـەتی تـەعالیی کوردستان لـەوێ دامـەزراوە و پێی وابووە کاروبارەکانی ئەو لقە، بەپێچەوانەی یاساوەن. دواجار بە فەرمانی پارێزگـار کلـووبی کـوردی یـاخود یانـەی کـوردیی لـە دیاربـەکر داخـراوە و وردەکاریی ڕووداوەکـانیش بە خـودی مسـتەفا کـەمال ڕاگەیـەنراوە کـە بـە وردی چاودێریی بارودۆخەکەی کردووە.

((١٩١٩/٦/٨

لە دیاربەکرەوە بۆ بەشی لێکۆڵینەوەکانی یەکەکانی سوپای نۆیەم

Y: ١٩١٩/٦/١ کۆدی ٤٤

لێرە لـە ویلایەتـەکانی شـەرق، جەمعییـەتی مودافەعـەی حقووق دامـەزراوە. بـەڵام هەنـدێك لـە خەڵکـە مەسـیحیەکانی ناوچـەی (ترابـزون) کـە نیگـەرانن لـەو

تەلگرافانەی وا لەنێوان ئەرزڕۆم و تەرابزۆندا دەکرێن، سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان سکالاَیان بۆ لای ئێمە هێناوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەلایەن پارێزگارەوە هۆشیاری دراوەتە ڕۆشنبیران.

لێرەدا هەندێك لە لاوانی کورد دەیانەوێت کوردستانێکی سەربەخۆی وابەستەی ئینگلیز دابمەزرێنن و پروپاگەندەش بۆ ئەو مەبەستە دەکەن. ئەوانە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری "میستەر مێجەر نۆیل" بەڕێوەبەری سلێمانی، بەلاَم لەبەر ئەوەی خەڵکی ئێرە بەتوندی بەرپەرچی داونەتەوە و لەبەر ئەوەی کە جموجووڵەکانی ئەو جەمعییەتەش بەپێچەوانەی یاسان، بڕیار درا ئەو جەمعییەتەی کە ناوی برا دابخرێت و سەبارەت بەو ڕێکخراوەش، لێکۆڵینەوەی یاسایی دەست پێ بکرێت. حاڵی حازر لە دیاربەکر تەنیا پارتی ئیئتیلاف و حوڕییەت هەیە و جگە لەوەش هیچ جەمعییەتێکی دیکە بارەگای نییە.

مستەفا جێگری والی))[212].

دیاربەکر بۆ مستەفا کەمال پاشا، وەك ناوەندێکی گرنگی کوردی بووە. ناوبراو درکی بەوە کردووە کە کوردەکان لەوێ توانیویانە هێزێکی کاریگەری کوردی پێکەوە بنێن. هەر لەبەر ئەوەش گرنگی بەوە داوە کە لە ڕێی جەمعییەتی مودافەعەی حقووقی میللییەوە، هێزێکی گەورە پێکەوە بنێت تا بتوانێت ئەو هۆشیارییە نەتەوەییە لەناو ببات کە لەوێ دروست بووە. لەوێ هەندێك بڕیاری گرنگ دراون و هەوڵی ئەوە دراوە جەماوەر بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. ئیحسان حامید بەگ کە وەك ئەندام بۆ کۆنگرەی سیواس هەڵبژێردراوە، بەزۆری خۆی، خۆی کردووە بە ئەندامی هەیئەتی تەمسیلییە و ئەمەش نیشانەی ئەوە بووە کە هۆشیاریی نەتەوەیی کورد و ڕێکخستنی کوردی لە دیاربەکر چەند بەهێز بووە. [و: مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە

---

[212] سۆیلەڤ، بەرگی ٣، ل٩، بەڵگە ٨.

هۆشیاریی نەتەوەییی کورد زۆر بووە و کەمالیەکان لەبەر ڕاگرتنی دڵی ناوبراو و لەبەر هەستیاریی بارودۆخەکە ئیحسان حامیدیان کردووەتە ئەندامی هەیئەتی تەمسیلییە.]

((ڕۆژی ۳۵/۹/۱۳

کۆد: C

سوپاسی هەستە نەتەوەییەکانی حەزرەتی والی بەگ ئەفەندی ئەکەین. ئیحسان بەگ کراوە بە ئەندامی هەیئەتی تەمسیلییە، لەبەر ئەوەش پێویستە بە زووترین کات بگاتە سیواس.

بۆ خۆیشی بەتایبەتی ویستوویەتی ببێت بە ئەندامی ئەو دەستەیە ٤١، ١٤، ٢٤، ٤٢.

ئەرکانی حەربی سێیەم قۆڵی سوپا.

۳۵/۹/۱٦ موزەفەر))[۲۱۳].

((بۆ فایەق بەگ ئەفەندی والیی دیاربەکر

سیواس، ۱۳۳۵/۹/۱٥

ئیحسان بەگ کە بەناوی دیاربەکرەوە دیاری کراوە بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی سیواس، کراوە بە ئەندامی هەیئەتی تەمسیلییە و لەبەر ئەوەش پێویستە بە زووترین کات بگاتە سیواس. لەبەر ئەوە داواکارین بەزووترین کات بینێرن.

۱٦ی ئەیلول))[۲۱٤].

((۳. K. K

[۲۱۳] ئەرشیڤی ئەتاتورك لە بەڕێوەبەرایەتیی مێژووی جەنگدا، ۱۳۳۵/٥/۲، ٤٤.

[۲۱٤] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ۱۳۳۵/٥/۲، ٤٥.

ئیحسان بەگی نوێنەر، دوێنێ لەگەڵ تانەر بەگدا، بەرەو مەڵاتیە بەڕێ کەوتوون. ئەمڕۆ گەیشتووەتە مەڵاتیە و لەوێشەوە دێتە سیواس. بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە مەڵاتیە چاوەڕێی گەیشتنی کەلوپەلەکانی خۆی دەکات، ئەگەر بکرێت ئۆتۆمبیلێك بنێرن بەدوایدا تا بیگەیەنێتە سیواس.

خالید، سەرۆکی سیازدەهەمین ئەرکانی حەربییە))[215].

سەرەڕای هەموو هەوڵ و کۆششەکانی نوێنەرانی حکوومەت و هەیئەتی تەمسیلییە، نەتوانراوە نوێنەرێکی دیاربەکر ڕەوانەی کۆنگرە بکرێت. لەبەر ئەوەش ئەندامانی جەمعییەتی مودافەعەی حقووقی میللییە، زۆر نیگەران بوون. ((... سەرەڕای هەموو ئەو هەموو هەوڵ و کۆششانەی کە دراون و سەرەڕای ئەو کار و چالاکیانەی کە بۆ ناساندنی ئامانجەکانی کۆنگرە ئەنجام دراون، لە پارێزگاکانی دیاربەکر و ئەلازیغ، کەس ئامادە نەبوە بەشداری لە کۆنگرەکەی ئەرزڕۆمدا بکات، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هێشتا جەمعییەتی مودافەعەی حقووق لەوێ دانەمەزراوە و نەتوانراوە تاکەکانی نەتەوەکەمان ڕێك بخرێن...))[216].

مستەفا کەمال پاشا هەوڵە قەدەغەکەرەکانی مستەفا بەگی جێگری پارێزگاری دیاربەکری سەبارەت بە یانەی کوردی لەو پارێزگایەدا بە باشی زانیوە و سەرەڕای ئەوەی کە هێشتا نەبووبوو بە سەرکردەی جووڵانەوەی نەتەوەیی تورك، ڕێوشوێنی خۆی گرتووەتە بەر بۆ ئەوەی ڕێ لە گەشەکردنی پێکهاتە و جووڵانەوەی کوردی بگرێت. پارێزگاری دیاربەکریش وەك بیرۆکراتێکی سەر بە کۆشکی عوسمانی جووڵاوەتەوە و هەوڵەکانی مستەفا

---

[215] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢/٥/١٣٣٥، ٤٦.

[216] سۆیلەڤ، بەرگی سێیەم، ل٨٠، بەڵگە ٨٨.

کەمال پاشای لەدژی کوردەکان بە هاوتەریبی ئەو سیاسەتەی "عوسمانی" زانیوە کە ئەو کاری بۆ کردووە[217].

لەو ڕۆژانەدا، مستەفا کەمال پاشا هەوڵی داوە هۆشیاریی نەتەوەییی کورد بتوێنێتەوە و ئەو هەوڵانەی کە بۆ ڕێکخستنی کوردەکان دەدرێن، بخرێنە ڕیزەکانی جەمعییەتی مودافەعەی حقووقی میللییە. هەر لە یەکەم مانگەکانی ساڵی ١٩١٩ەوە، ناوبراو دەستی کردووە بە پەیوەندی گرتن لەگەڵ بەڕێوەبەرانی دیاربەکر و بەرپرسە حکومیەکانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی لەو ناوچەیەدا، تاکو ڕێ لە گەشەکردنی ڕێکخستنی نەتەوەییی کوردی لە دیاربەکر بگرێت.

((بۆ جێگری پارێزگاری دیاربەکر

ئاماسیا ١٣٣٥/٦/١٦

هەواڵگری

کۆد: Y: ٣٣٥,٦,٨

لەم ڕۆژانەی ئەمڕۆماندا کە هەوڵی سەربەخۆیی و مانەوەی نەتەوەیەك دەدرێ، ڕێگرتن لە کار و چالاکیی جەمعییەتێك کە دەیەوێ ببێتە کلکی وڵاتێکی بیانی و دیلی ئەو وڵاتە و بیرۆکەی تێکدەرانە گەشە پێدەدات، کارێکی نیشتمانپەروەرانەو پێویستە، بەڕای من هەڵوێستەکەی ئێوە بەرامبەر بە جەمعییەتی کوردی هەڵوێستێکی نیشتمانپەروەرانە و گونجاو بووە (...).

---

[217] بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ڕەفتار و سیاسەتەکانی مستەفا کەمال سەبارەت بە کوردەکان، بڕوانە ئەم سەرچاوە: عەبدولڕەحمان ئارسلان، مستەفا کەمال و کوردەکان لە سامسۆنەوە هەتا لۆزان، ١٩١٩– ١٩٢٣، ئەستەنبووڵ، بڵاوکراوەکانی دۆز، ساڵی ١٩٩١؛ جگە لەوە لە کتێبی ڕاپەڕینی گەورەی کوردیی ساڵی ١٩٢٥ وردەکاریی زیاتر سەبارەت بە کەمالیەکان و کورد و کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

پێشنیاری ئەوەتان بۆ دەکەم یارمەتیی دامەزراندنی لقەکانی جەمعییەتی مودافەعەی حقووقی میللییە و جەمعییەتی ڕەددی ئیلحاق لە دیاربەکر و ناوچەکانی دەوروبەریدا بدەن. زۆریش گونجاوە دانوستان لە چوارچێوەی ئەم تەلگرافەی مندا لەگەڵ ئەندامانی جەمعییەتی کوردیدا بکرێت و لەگەڵیاندا ڕێك بکەون.

لێکۆڵی سوپای سێیەم، ژەنراڵ مستەفا کەمال، هاوڕێی فەخری پادشا))[218].

ئەو نیگەرانی و ناڕەحەتییەی کە ناوەندی بڕیاری کەمالیستی لەدژی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان هەیبووە، لەدژی هەموو ئەو کەسانەش بووە کە لە کوردستان بیر و بۆچوونیان وەك جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بووە. جموجووڵ و کار و چالاکیەکانی خەلیل بەگی موتەسەڕیفی (مەلاتیە) کە لە بنەماڵەی بەدرخانیەکان بووە و هەوڵی بۆ سەربەخۆییی کوردستان داوە، ئەندامانی جەمعییەتی مودافەعەی حقووقی میللییەی زۆر نیگەران کردووە. خەلیل بەگ هەموو بەڕێوبەرەکانی ناوچەی (بوجاخ)ی لە کەسە کوردەکان هەڵبژاردووە و ئەمەش بەتەواوەتی ناوەندی بڕیاری کەمالیستی نیگەران کردووە. خەلیل بەگ کاروباری نەتەوەییی لەنێو خێڵەکانی دێرسیمدا ئەنجام داوە و ئەمەش لەلایەن ناوەندی بڕیاری کەمالیستییەوە وەك هەوڵێك بۆ کۆکردنەوەی هێز لەدژی دەوڵەتی عوسمانی لێك دراوەتەوە و بووەتە مایەی نیگەرانیی ئەوان. لەبەر ئەوەش بیرۆکراتەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ناوەندی بڕیاری کەمالیستی بۆ ڕێگرتن لە جموجووڵی سەربازی لە کوردستان و هەروەها بۆ ڕێگرتن لە چالاکی و کاروبارەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان

---

[218] سۆیلەڤ، بەرگی سێیەم، ل١٠، بەڵگەی ژمارە ٩.

و خەلیل بەگ، تەگبیر و ڕێوشوێنی زۆریان گرتووەتە بەر: ((خەلیل ڕەمزی بەگ موتەسەڕیفی مەلاتیە، وەك جەمعییەتی تەعالیی کوردستان کە لە ئەستەنبووڵ خەریکی دابەشکردنی کۆمەڵگای عوسمانییە، بە یارمەتیی قەشەکانی ئەرمەنی و جەمعییەتی کوردی کە لە مەلاتیە دامەزراوە، هەوڵی سەربەخۆیی کوردستان دەدات... پێویستە لەمە پەند وەربگیرێت و تا ئەو کاتەی ئاشتی گشتی بەرقەرار دەبێت، بەرپرسی پلەبەرز ڕەوانەی کوردستان نەکرێت))[٢١٩].

((زۆر گرنگ و نهێنیە، نابێت یەك خولەکیش دوا بخرێت.

لە دیاربەکرەوە

١٣٣٥/٩/١٤

بۆ فەرماندەی قۆڵی سێهەم لە سیواس و بۆ نوێنەرانی کۆنگرەی گشتی

لەو شوێنەی کە من کاری لێ دەکەم، جگە لە بەشێکی بچووکی بتلیس، دوژمن هیچ شوێنێکی داگیر نەکردووە. لەبەر ئەوەش لە ناوچەکەی ژێر دەسەلاتی مندا و لە ناوچەکانی خۆرهەلاتدا، لەڕووی بیر و بۆچوونەوە یەکێتییەکی نەتەوەیی بەدی ناکرێت. ئامادەکاریەکانی دوو مانگ بەر لە ئێستا بۆ ڕاپەڕینێك لە دیاربەکر و دواین ڕووداوی مەلاتیە، باشترین بەڵگەی ئەم ڕاستییەن. دیارە کاریگەری ژمارەیەك لە لاوانی کورد کە ئینگلیزەکان هانیان داون و پارەیان پێداون، لەم ڕووداوانەدا زۆرن. سەرەڕای ئەوەی کە بەردەوام هەوڵی ڕۆشنگەری و هۆشیارکردنەوەی خەڵك دراوە، بەلام هیچ کەس ئامادە نەبوە لە دیاربەکر و ئەلەزیغەوە، بەشداری لە کۆنگرەی ئەرزڕۆمدا بکات و ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هێشتا جەمعییەتی مودافەعەی حقووق لەوێ دانەمەزراوە و لەڕووی ڕێکخستنیەوە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە داواکراوە.

---

[٢١٩] هەمان سەرچاوەی پێشوو، بەرگی سێیەم، ل١٨٧، بەڵگەی ١٥٦- ١١١.

دوا هەوڵەکانیش بۆ دروستکردنی یەکێتییەکی نەتەوەیی، هێشتا نەگەیشتوونەتە ئامانجی خۆیان.

ئەحمەد جەودەت، جێگری فەرماندەی سێهەم قۆڵی سوپا)) [٢٢٠].

هەر لەو ڕۆژانەی سەرەتاوە، مستەفا کەمال پاشا کە وەك هاوڕێی فەخری پادشا چووەتە ئەنادۆڵ، ویستوویە ڕێ لە هەوڵەکانی ڕێکخستنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بگرێت. ئەو هێزانەش کە بۆ ڕێگرتن لە جووڵانەوەی نەتەوەییی کوردی بەکاری هێناون، هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی و بیرۆکراسیەتی دەوڵەت بوون. ئەو کاتانەی لە (ئاماسیا) بووە، لەگەڵ جێگری پارێزگاری دیاربەکر و فەرمانەدەکانی سوپای عوسمانیدا، ویستوویانە ڕێکخراوی جەمعییەتی مودافەعەی حقووقی میللییە ڕێك بخەن. لەڕاستیشدا ڕێکخەر و بەڕێوەبەری سەربازیی ئەو ڕێکخراوە، خودی مستەفا کەمال پاشا بووە. ئەو هێزەش کە لە کوردستان خراوەتە ژێر دەسەڵاتی هەمان ڕێکخراو، هێزی سوپای عوسمانی بووە. مستەفا کەمال پاشا کە خۆی ژەنراڵێکی سوپای عوسمانی بووە، لەگەڵ ژەنراڵ و فەرماندەکانی دیکەی سوپای عوسمانیدا ڕێك کەوتووە بۆ ئەوەی جووڵانەوەی نەتەوەییی کورد بەر لەوەی پێ بگات، لەناو ببەن. پێویست بوو ڕۆشنبیران و سەرۆك خێڵەکان و نەتەوە گەراکانی کورد کە هەوڵیان بۆ پاراستنی هۆشیاری نەتەوەیی و کوردایەتی داوە، هێزێکی سەربازی پێکەوە بنێن. ئەوان لەساڵی ١٩١٩دا، ناچار بوون لەلایەك لەگەڵ هێزی پۆلیس و سوپای عوسمانی، لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ هێزەکانی بیرۆکراسی عوسمانی و سێهەم لایەنیش لەگەڵ جووڵانەوەی نەتەوەخوازیی تورکدا، ڕووبەڕووی یەك ببنەوە کە هێشتا نەهاتبووە ئەنادۆڵ و دواتر لە

[٢٢٠] هەمان سەرچاوەی پێشوو، بەرگی سێیەم، ل٨٠، بەڵگەی ٨٨.

کوردســتان خـۆی ڕێـك خســتووه. (کوردەکـان) وەك چـوارەم لایـەنیش لەگـەڵ دەوڵەتە هاوپەیمانەکاندا، بەتایبەتی دەوڵـەتی ئینگلیـز، کەوتوونەتـە ململانـێ کـە سیاســـەتی ((دابـــەش بکـــەو بـــەڕێوەی ببـــە))* ی هـــەبوە. ڕۆشـــنبیران و نەتـەوەخوازەکانی کـورد، لـە ڕووی فیکـری هۆشـیارییەوە، نەگەیشـتبوونە ئـەو ئاسـتەی کـە بتـوانن ئـەم هـەموو فێـڵ و داوەی کـە لـە دژیانـە، تێـك بـدەن و وردەکاریەکانی ئـەو یەکێتییـە دژە کوردەی کـە هەیـە، شـی بکەنـەوە و بـەگوێرەی ئەوەش ستراتیژ و بەرنامەیەکی نەتەوەییی کوردی دابنێن و پلانـی سیاسیی بۆ دەستنیشان بکەن.

جووڵانەوەی مودافەعەی حقووقی میللییە کە لەدژی ڕێکخراوی کوردی لـە دیاربەکر دامەزراوە، لەلایەن جەودەت بەگی جێگری پارێزگار و پارێزگاوە، ڕێك خراوە و پاڵپشـت کـراوە. هێـزە سەربازیەکەشی لەلایـەن مستەفا کـەمال پاشـاوە دروسـت کـراوە. لەڕاسـتیدا هـەردوو دەزگـا عوسمانیەکـەش، لەلایـەن مسـتەفا کـــەمال پاشـــاوە بـــەڕێوە بـــراون. هێـــزی ســـەربازی و بیرۆکراســـیی دەوڵـــەتی عوسمانی، لەلایەن مستەفا کەمال پاشاوە بۆ لەناوبردنی هۆشیاریی نەتـەوەییی کورد لە کوردستاندا، ڕێك خراوە. جووڵانـەوەی کەمالیستی، هێـزی لـەو کادیرە سیاسـی و سـەربازیانەی دەوڵـەتی عوسمـانی وەرگرتـووە. ئـەو سەرچـاوانەش هەموو هێزەکانی خۆیان خستووەتە گەڕ بۆ ئـەوەی نەهێڵن جووڵانـەوەی کوردی گەشە بکات و بەر لەوەی پێبگـات، لـەناوی ببـەن. دەوڵـەتی ئینگلیـز زۆر بـەوردی هەسـتی بـە پلانـەکانی ئـەو ناوەنـدی بڕیـارە کـردووە کـە لـە دژی هەسـت و سیاسـەتی کوردەکانـە و وایکـردووە ((کەمالیـەکان هەسـت بـەوە بکـەن کـە لەگـەڵ ئەماندا، داهاتوویەکی هاوبەشیان هەیە)). بەرامبەر بەم هێزە ڕێکخراوانـە، هێـزی کوردیش لاواز بووەو لـە ڕووی سیاسیشـەوە بـێهێز بـووە. لـە ڕووی ئـابووری و

* هەروەك لێرە پێی گوتراوە: پەرتگە و زاڵ بە.

سەربازیشــەوە، توانایــەکی ئــەوتۆی نــەبوە. جووڵانــەوەی کــوردی هــەر لــە ســەرەتاکانی خۆیــەوە، بەرامبــەر بــە هێــزە ڕێکخراوەکــانی دەوڵــەتی تورکیــا و پشتیوانییە سیاسی و سەربازیەکانی دەوڵەتی ئینگلیز بە تەنیا هێڵراوەتەوە. ئەندامانی جەمعییەتی مودافەعەی حقووقی میللییە و کەمالیەکان، لەڕێی ئەو توانا و دەسەڵاتەی کە دەوڵەتی عوسمانی لە ئەستەنبووڵ پێی داون، هەوڵیان داوە لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە، کوردستان بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. بەرامبەر هەر جووڵانەوەیەکی کوردەکان لە دیاربەکر، کاردانەوەی توندیان نیشان داوە و ئەمەش نیشانەی ئەوە بووە کە هێزە ڕێکخراوەکان لە ئەنقەرە و (ئەستەنبووڵ)، لەدژی کورد یەك هەڵوێستی هاوبەشیان هەبوە. بە واتایەکی دیکە، هێزی سەربازی و بیرۆکراسیی دەوڵەتی عوسمانی، هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ ئەوەی کەمالیەکان لە کوردستان گەشە بکەن. کادیرە سیاسی و سەربازیەکانی ناوەندی بڕیاری کەمالیستی لەم سەرچاوەیەوە دێن. ئەوان هەر لەسەرەتاوە هەوڵیان داوە، جووڵانەوەی کوردی لەناو بەرن. دەبوایە ڕۆشنبیرانی کورد، بەرامبەر بە دەوڵەتی عوسمانی و سوپا بیرۆکراسیەکەی و کەمالیەکان و قووای میللییە، کۆمەڵگای کوردی بپارێزن. لەگەڵ ئەوەشدا هەلومەجێکی زۆر نالەباری سیاسی و ئابووریيان هەبوە. هەر لە قۆناغی سەرەتاوە، جووڵانەوەی کوردی بەرامبەر بە هێزە ڕێکخراوەکانی دەوڵەتی تورك، بێ جموجووڵ ماوەتەوە. دەوڵەتەکانی جیهانیش هیچ پشتگیرییەکیان لە (هاوپەیمانەکەیان) نەکردووە.

بەگوێرەی ئەو وردەکاریانەی باس کران، دەتوانرێت بگوترێت لە کوردستان بەگشتی و لە دیاربەکریش بەتایبەتی، ناکۆکی و ململانێیەکی قورس لەنێوان نیشتمانپارێزە کوردەکان و نەتەوەخوازە تورکەکاندا هەبوە. ئەمەش گەیشتووەتە ئاستێك کە مستەفا کەمال پاشا بەدەستهێنانی لایەنگریی

کەسێکی وەك ئیحسان حامید بەگی وەك سەرکەوتنێکی کۆشك ڕاگەیاندووە: ((حاڵی حازر ئیحسان حامیدی نوێنەری دیاربەکر و میرزا بەگزادە حاجی مووسا بەگی نوێنەری مووش و وان و دەوروبەری لەلای منن. هەموویان ئاگاداری ئەو تەلگرافەن کە لەڕێی حەزرەتی فوئاد پاشاوە نێردراوە، ئێستاش ئاگاداری ئەو کۆنگرەیەن کە ئەنجام دەدرێت))[221].

هەرچەندە لەوانەیە مستەفا کەمال پاشا کاتێك لەڕێی تەلگرافەوە ئەمانەی بە کەریم پاشا ڕاگەیاندووە، مەبەستی ئەوە بووبێت کە بەرامبەر بە کۆشك، خۆی وەك کەسایەتییەکی بەهێز پیشان بدات. بەڵام ئەمە بارودۆخە بابەتیەکە ناگۆڕێت. لە ناوەڕۆکی ئەو خۆبەزل نیشاندانە و ئامانجەکانی یەکگرتندا، ڕێگرتن و لەناوبردنی جووڵانەوەی سەربەخۆیی کورد، شاردراوەتەوە. ئەمەش تا کۆتاییەکانی جەنگی تورك و یۆنانیەکان و جەنگی تورك و ئەرمەنەکانیش، وەك بابەتێکی هەستیار و گرنگ سەیر کراوە. لە ڕێی نووسینەکانی نێوانیانەوە، ئەوە دەردەکەوێت کە مستەفا کەمال پاشا و دەسەڵاتی ناوەندی کۆشکی عوسمانی، یەکێتی و یەکڕیزییەکیان بەرامبەر بە کوردەکان و چالاکیەکانی ئەوان هەبوە. کادیرە کەمالیەکان هەوڵێکی زۆر جدییان لە کوردستان داوە بۆ ئەوەی ڕێ لە کاروباری ڕێکخستنەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بگرن. سەبارەت بە جموجووڵەکانی کادیرانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، سیخوڕەکانی حکوومەتی ناوەندیی ئەستەنبووڵ و ئەندامانی تەشکیلاتی تایبەتیش، زانیاریی هەوڵگرییان بە کەمالیەکان داوە))[222].

---

[221] هەمان سەرچاوەی پێشوو، بەرگی سێیەم، ل١٨، بەڵگەی ١١٢.

[222] دێرسیمی، بیرەوەریەکانم، ل٤٩.

جگە لەوەش، بەو پێیەی کە هەندێك لە ئاغا و شێخەکانی کوردستان هاوکاریی ناوەندی بڕیاری کەمالییان کردووە، وا دەردەکەوێت کە ئەوان لەسەر جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش سیخوڕییان کردووە و زانیاریان بە کەمالیەکان داوە. لە ڕۆژانی ڕاپەڕینی قۆچگیریدا (موراد پاشای سەرۆکی خێڵی گینیان) لەنێو جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە زانیاریی هەواڵگریی بە کەمالیەکان داوە. سەرەتا موراد پاشا لەلایەن حکوومەتی عوسمانییەوە بەکار هێنراوە و دواتریش وەك سیخوڕێك کاری بۆ یەکە حکوومییەکانی ئەنقەرە کردووە و زانیاریی سەبارەت بە ڕاپەڕینەکەی قۆچگیری پێداون[٢٢٣].

هاوکاریی ژمارەیەك لە شێخ و ئاغاکانی کوردستان و خیانەتکردنیان، دەگاتە ئاستێکی بەرز و دەبێتە هۆی شکستهێنانی ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٢٥ (لە کتێبەکەماندا بەوردی لە ڕاپەڕینە گەورەکەی ساڵی ١٩٢٥ی کوردەکان دەکۆڵینەوە). ڕۆشنبیران و سەرۆك خێڵ و نەتەوەخوازەکانی کورد، جگە لەوەی کە ناچار بوون لەگەڵ هێزە دژە کوردەکاندا ململانێ بکەن، ناچاریش بوون لەگەڵ ژمارەیەك بەکرێگیراوی ناو نەتەوەکەی خۆیشیاندا بجەنگێن و ناکۆکییان هەبێت. ئەو برینەش کە ئەو سیخوڕانە لە جەستەی کۆمەڵگای کوردیدا دروستیان کردووە، نەوە دوای نەوە ماوەتەوە و تائێستاش فەرامۆش نەکراوە.

دکتۆر نووری دێرسیمی لە بیرەوەریەکانی خۆیدا باسی ئەوە دەکات جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە ئەستەنبووڵ بە توندی خراونەتە بەر کۆنترۆڵ و جموجووڵەکانی خراونەتە بەر چاودێرییەکی ورد: ((ئێمە هەموومان ئاگاداری ئەوە بووین ئەم سیخوڕانە ڕۆژ بە ڕۆژ بەوردی چاودێریی هەموو جموجووڵ و کار و چالاکی و پرۆژەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و کەسایەتیەکانی کوردیان دەکرد. ئاشکرابوونی هەموو جموجووڵەکانی من لە

---

[٢٢٣] قۆچگیری، ل٤٥.

ئەستەنبوولْ و کار و چالاکیەکانم بۆ بەدەستهێنانی چەك بۆ کوردەکان و دەوامەکەم لە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و لابردنی من لە دیوانی جەنگ، دەستی سیخوڕەکانی تەشکیلاتی تایبەتی تێدا بووە. جگە لە کار و چالاکیەکانم، زانیاریی تەواویان لەڕێی نامەیەکی دووورودرێژەوە لەسەر من بە مستەفا کەمال پاشا داوە کە سەرقاڵی ئامادەکردنی جووڵانەوەی نەتەوەی تورك بووەو ئەویش ئەو نامەیەی وەك خۆی بۆ ڕەشید پاشای والیی سیواس، ناردووە. ڕەشید پاشاش ئەو نامەیەی وەك خۆی بۆ قایمقامی دیڤریغی ناردووە و بۆشی نووسیوە بە فەرمانی مستەفا کەمال دەستگیر بکرێم))[٢٢٤].

لە کۆنگرەی ئەرزڕۆمدا، بەر لەوەی مستەفا کەمال پاشا بەرنامەی کار و چالاکیی کەمالیەکان لە کوردستان ئاشکرا بکات، کازم قەرەبەکر کە فەرماندەیەکی بالای سەربازی بووە، ڕێوشوێنی توندی ئەمنیی لەدژی ڕەوتە کوردیەکان گرتووەتە بەر. لە قۆناغی جەنگیشدا، کازم قەرەبەکر درێژەی بەو ڕێوشوێنە ئەمنییانەی خۆی داوە و بەرپرسییەکانی خۆی بەرامبەر بە مستەفا کەمال پاشا و حکوومەتی کۆشك (حکوومەتی عوسمانی) بۆ دژایەتیکردنی ڕەوتە کوردیەکان جێبەجێ کردووە. لە بیرەوەریەکانی خۆیدا، شانازی بەو ڕێوشوێنانە دەکات کە دژ بە کوردەکان گرتوونیەتە بەر. کازم قەرەبەکر بەشێوەی ڕاپۆرتی تایبەت، ئەنجامی ڕێوشوێن و کارەکانی خۆی لەدژی ڕەوتە کوردیەکان بە مستەفا کەمال پاشا و حکوومەتی ئەنقەرە و هەیئەتی تەمسیلییە و حکوومەتی کۆشك ڕاگەیاندووە. هەروەها باسی ئەوەشی کردووە کە پێویستە چ جۆرە ڕێوشوێنێکی سەربازی لەدژی ئەو ڕەوتانە بگیرێتە بەر. کازم قەرەبەکر کە سەرکردەیەکی سەربازیی تورکەکان بووە، نەك تەنیا باسی نیگەرانییەکانی خۆی بۆ ئەو بەرپرسانەی دەوڵەتی تورکیا کردووە، بەڵکوو

---

[٢٢٤] دێرسیمی، ل٩٤- ٩٨.

لـەبارەی کوردەکانـەوە، ڕاپـۆرتی بـە ئەمریکیـەکانیش داوە: ((دوای کشـانەوەی عوسمانیەکان لە عیراق، ئینگلیزەکان هەتا زاخۆ هاتوون و ویلایەتی مووسڵیان داگیر کردووە و بوونەتە حاکمی ئەو ناوچەیە. لەو کاتەش بەدواوە، دەستیان کـردووە بـە پروپاگەنـدە لـەنێو خێڵەکانـدا و بیرۆکـەی سـەربەخۆیـیـان لـەنێو ئەوانەدا گەشە پێداوە. بەمجۆرەش هەوڵی ئەوەیان داوە خێڵەکانی دانیشتووی ناوچـەی سـلێمانی هـەتا وان، پەیوەندییـەکانی خۆیـان لەگـەڵ دەوڵـەتی عوسمانیدا بپچڕێنن. ویستوویانە لە ناوچەکانی ڕونیا [و: دەبێت مەبەستی ورمـێ بێـت]، لـە ناوچـەکانی خـۆی، وان و جزیـرە، ڕەوتێکـی کـوردی دروسـت بکەن و ئەم دوو نەتەوە موسوڵمانە لەیەکتر جیا بکەنەوە کە لێك دانابڕێن. ئەوان هـەوڵیان داوە تـۆوی شـەڕ و دووبـەرەکی لەنێویانـدا [و: دوو نەتـەوەی کـورد و تـورك] بچێنن. لەوبارەیەشـەوە سـەیید تـەهای شـەمزینانیان هەڵخەڵەتانـدووە و ئـەوجۆرە بیرۆکانـەیان خستووەتە مێشکیەوە. ئـەوان پـارە و بـەرتیل و بـەڵێنی پۆسـتیان بـە سـەیید تـەها داوە و پێیـان وتـووە دەتکـەین بـە سـەرۆکی ئـەو حکوومەتەی کە دایدەمەزرێنین. سەرەتاش بۆ ڕەواندوز بانگهێشتیان کردووە و دواتریش، جارێکی دیکە لە مووسڵ میوانداریيان کردووە))[٢٢٥].

لەنێو ئەو ڕێوشوێنانەی وا کازم قەرەبەکر گرتوونیەتە بەر، هۆشداریدان بە سـەرۆك خێڵـە کوردەکـان و گەشـەپێدانی پـەروەردە و فێرکـردن [و: پەرەردەیـەك کە لە کوردایەتی دووریان بخاتـەوە] لەنێو کوردانـدا جێیـەکی تایبـەتیان هـەبوە: ((... تەنانـەت لـە ناوچـەکانی تورکیشدا، کوردایـەتی گەشـەی کـردووە و ئەمـەش لـە دەسـتدرێژیەکانی ئـەو کەسـەی کـە بـە "بـەفراوی" ناسـراوە، مەترسـیدارترە.

---

[٢٢٥] ڕاپۆرتی کازم قەرەبەکر سەبارەت بە نیگەرانییەکانی ناوبراو دەربارەی کوردەکان لە ٢٥ی ئەیلوولی ١٣٣٥دا دراوەتە وەفدی ئەمریکی بە سەرپەرشتی ژەنراڵ هاربورد: کازم قەرەبەکر، شەڕی ڕزگاربوونمان، ئەستەنبووڵ، خانەی بڵاوکردنەوەی مەرگ ASH، ١٩٨٨، ل٩.



بنکەی ژین www.zheen.org

مەفرەزەیەکی سوپای شەشەم کە بۆ پشکنین و گەڕان چووەتە ناوچەی کووفە، کەوتووەتە بەر دەستدرێژی و هێرشی ئەم ڕێگرانە...))[226]. ((... هەر لەو کاتانەدا خێڵەکانم ڕێك خستنەوە. بانگهێشتی ئەو سەرۆك خێڵانەم کرد کە وەك فەرماندە بەشدارییان لە جەنگی گشتیدا کردووە و باسی مەسەلەی کوردایەتیم بۆ کردن. پێم گوتن لە ئەنجامدا ئەمانە دەیانەوێ کوردەکان بە دەستی ئەرمەنەکان، بە کوشت بدەن. پێشم ڕاگەیاندن ئەگەر پێکەوە کار بۆ ڕزگاریی نیشتمانەکەمان نەکەین، ئەوا لە هەردوو دنیادا لەعنەتمان لێ دەکرێت. ئەوانیش بەڵێنیان داو سوێندیان بۆ خواردم. دیارە پروپاگەندەی گرنگ بۆ کوردایەتی کراوە. ڕۆژنامەیەك بەناوی "ژین"ەوە، زۆر بێناموسانە دەنووسێت. بەڵام دەڵێت هەتا سەربەخۆیی ناڕۆین (واتە باسی سەربەخۆیی ناکەین)، بەڵام باسی سەربەخۆیی دەکات. بەتایبەتی کەسێك بەناوی حەیدەر بەگ کە فەرماندەی چوارەمین ئالای خێڵەکان بووە و بەشداریی لە جووڵانەوەی دژی ئەرمەنەکاندا کردووە، ساڵی ١٩٢٠، پارەی زۆری بۆ ئەو جۆرە پروپاگەندانە خەرج کردووە. بەڵام ناوبراوم بۆ ئەرزڕۆم بانگ کرد و هۆشداریم پێ دا، ئەویش سوێندی بۆ خواردم واز لە بیرۆکەی سەربەخۆیی بهێنێت))[227].

((... دیاربوو مەسەلەی سنوورەکان و پروپاگەندەی سەربەخۆیی کورد، کۆتاییی پێ نایێ. بەڵام لەدژی ئەو جۆرە پروپاگەندانە، بەر لە هەموو شتێك پێم ڕاگەیاندن ئەمانە دەیانەوێت کوردستان بکەنە ئەرمەنستان. بەڵام ئێمە ڕێ نادەین برا کوردەکانمان لەناو ببرێن. بەو جۆرەش سەرنجی کوردەکانم ڕاکێشابوو))[228].

---

[226] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

[227] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.

[228] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١١٣.

داوای ئەوە کراوە لە ڕێی کار و چالاکیەکانی جەمعییەتی مودافەعەی حقووقی میللییەوە، لە ویلایەتی شەرقییە و لە ناوەند و ئەرزڕۆم، ڕێ لە کار و چالاکیەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بگیرێت. لەو بارەیەوە، کازم قەرەبەکر لەڕووی سەربازییەوە یارمەتیی لقی ئەرزڕۆمی داوە. بەگوێرەی بۆچوونەکانی دوو کەس لە بەڕێوەبەرانی جەمعییەتی مودافەعەی حقووقی میللییە لە ویلایەتی شەرقییە، کە "جەودەت دورسون ئوغڵوو" و "سولەیمان نەزیف" بوون، بیرۆکەی کوردستان و جەمعییەتی تەعالیی کوردستان مەترسییەکی زۆر گەورە بوون. هەردوو بەڕێوەبەرەکەی جەمعییەتی مودافەعەی حقووقی میللییە لە ویلایەتی شەرقییە، زووبەزوو کۆبوونەوەیان کردووە و هەوڵیان داوە مەیدانی کار و چالاکیەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بەرتەسك بکەنەوە. ئەوان بڕیاری لەناوبردنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لەژیانی کوردەکاندا و هاتنی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیان بۆ ناو جەمعییەتی مودافەعەی حقووقی میللییە داوە. لەو بارەیەشەوە پەیوەندییان لەگەڵ جەمعییەتی تەعالیی کوردستاندا گرتووە: ((... ڕۆژی دواتر چووینە بارەگای ئەو ڕێکخراوە لەتەنیشت ماڵی ئیجتیهاد. سەیید عەبدولقادری سەرۆکی جەمعییەتەکە و سێ لاوی دیکە لەوێ ئامادە بوون. تەنیا یەکێك لەو گەنجانەم دەناسی، ئەویش "نەقیب ئەمینی بتلیسی" بوو. ئەمینم لە بەرەی جەنگی خۆرهەڵات ناسیبوو، ئەو کاتە تورکایەتیی دەکرد. کاتێك ئەمینم لەنێو ڕێکخراوێکدا بینی هەڵگری بیرو بۆچوونی ئۆتۆنۆمییە بۆ کوردەکان، زۆر سەرم سوڕما! دوو گەنجەکەی دیکە، دوو منداڵی دەوڵەمەند بوون لە ئەستەنبووڵ، کە زۆر بە باشی بە زمانی تورکی قسەیان دەکرد. من زۆر دڵنیابووم کە لەو کاتەدا، ئەو دوو گەنجە یەك وشەی کوردیشیان نەدەزانی. زۆر بەساردییەوە پێشوازییان لێ کردم. بەڵام "سولەیمان نەزیف" گوێی بەو ساردییە نەدا و

باسی ئەوەی کرد کە پلانێکی گەورە لەدژی ویلایەتە شەرقییەکانی نیشتمانەکەمان هەیە و ئەرمەنەکان چاویان بڕیوەتە ئەو بەشەی خاکی نیشتمانەکەمان. بەرامبەر بەمە، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی موسڵمانەکان لەو ناوچەیەدا بەردەوام بێت، پێویستە خەڵکەکە هەوڵی یەکێتی و یەکڕیزی بدەن. دامەزراندنی ڕێکخراوێك بەناوی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە، تورك و کورد لەیەك جیا دەکاتەوە. بەڵام جەمعییەتی مودافەعەی حقووقی میللییە لە ویلایەتی شەرقییە، هیچ جیاکارییەك لەنێوان کورد و تورك و نەتەوەکاندا ناکات. بەو جۆرەش بە جۆش‌وخرۆشەوە لە قسەکانی خۆی بەردەوام بوو، بەڵام ئەندامانی وەفدەکەی ئەوان پێیان گوتین ئەوان هیچ بابەتێکیان نییە تا لەگەڵ ئێمەدا قسەی لەسەر بکەن و دەوڵەتە هاوپەیمانەکان یارمەتیی ئەوان دەدەن. باشتر وایە ئێوە بیرێك لە خۆتان بکەنەوە و ئاگاتان لە چارەنووسی خۆتان بێت و بەو جۆرەش کۆتاییان بە قسە و گفتوگۆ هێنا))[229].

سولەیمان نەزیف و جەواد دروسون ئۆغڵوو، لە ئەستەنبووڵ و ئەرزڕۆم، بوونەتە هۆی ئەوەی کاردانەوەیەکی توند لە ئاستێکی باڵادا لەدژی پێکهاتە کوردیەکان دروست ببێت. ئەوان، دوو هاوڕێ بوون لەو بارەیەوە پەیوەندییان لەگەڵ کازم قەرەبەکر و مستەفا کەمالیشدا گرتووە. سولەیمان نەزیف باسی ئەوەی کردووە کە پێویستە کوردەکانیش ببنە بەشێك لە تورکەکان و زمانێکیش نییە ناوی زمانی کوردی بێت: ((ئەگەر کوردەکان دەیانەوێت پێش بکەون، ناچارن وەك لاز و چەرکەزەکان فێری تورکی ببن. جگە لەوەش

[229] جەواد دورسونولوو، ئەرزڕۆم لە تێکۆشانی نەتەوەییدا، ئەنقەرە، ١٩٤٦، ل١٩، شوعەی قەرەقاش، سولەیمان نەزیف، ئەنقەرە، بڵاوکراوەکانی KTB، ١٩٨٨، ل١٢٥- ١٣١.



بنکەی ژین www.zheen.org

تێکـەڵبوونی کوردەکـان لەگـەڵ تورکەکانـدا کـە لـەوان بەشـەرەفتر و بـەهێزترن، تەنازول نییە، بەڵکوو پێشکەوتن و گەشەسەندنە))[230].

لەڕاستیدا کازم قەرەبەکر، وەك فەرماندەیەکی باڵای سەربازیی عوسمانی لە کوردستان کە هەوڵی بۆ لەناوبردنی هێزی ڕێکخستنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لەنێو کوردەکاندا داوە، وابەستەی مستەفا کەمال پاشا بووە کە هاوڕێی فەخری پادشا (سوڵتان) بووە. قۆناغی دوای کۆنگرەی ئەرزڕۆم، مستەفا کەمال بە کردەوە و فیکر، سەرکردایەتیی جموجووڵەکانی دژ بە ڕەوتە کوردیەکان لە ئەستۆ گرتووە و لەو بارەیەوە هەوڵ و کۆششێکی فراوانی داوە. لە هەندێك نامەی ئەودا، وا دەردەکەوێ بەهۆی ئەوەوە کە کاتی خۆی لە کوردستان کاری کردووە و هەندێك پەیوەندیی دامەزراندووە، بە ئاسانی توانیویە بیر و بۆچوون و کردەوەکانی خۆی لەوێ جێبەجێ بکات (لەو بارەیەوە لە کتێبی ڕاپەڕینی گەورەی کوردەکان لە ساڵی ١٩٢٥دا، بەوردی لێکۆڵینەوەمان لەسەر ئەوانە کردووە).

زنار سلۆپی لە کتێبی بیرەوەریەکانی خۆیدا، بەمجۆرە باسی پەیوەندییەکانی مستەفا کەمال پاشا لە دیاربەکر، دەکات: ((... مستەفا کەمال پاشا لەکاتی جەنگدا، وەك فەرماندەی سوپای دووەم لە دیاربەکر کاری کردووە و ئەو ماوەیەش کە لەوێ بووە، پەیوەندییەکی زۆر توندوتۆڵی لەگەڵ سەرۆکە کوردەکاندا بەستووە، ئەمەش تەنانەت گەیشتووەتە پلەیەك وەك برایەتیی لێ هاتووە. دوای سەرکەوتن، بۆ لەناوبردنی میرایەتییە کوردیەکان و تواندنەوەی کوردان لەنێو سیاسەتی تورکیدا، ئیتر فێڵ و تەڵەکەی هەڵبەستووە. حەسەن خەیری دێرسیمی، تابوورێکی سەربازیی پێکەوە ناوە، هەموویان جلوبەرگی

---

[230] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦– ٩٧.

کوردییان لەبەردا بووە. بێگومان ئەمەش بەپێچەوانەی ویستی حکوومەتی تورکەوە بووە کە ویستوویە ناوی کورد لەدنیادا بسڕێتەوە. مستەفا کەمال پاشاش هەموو کاتێك دوو منداڵی هەتیوی کوردی لەگەڵ خۆیدا گەڕاندووە، تەمەنیان نزیکەی ٨ بۆ ١٠ساڵ بووە و جلوبەرگی سەربازە کوردەکانیان لەبەردا بووە. مستەفا کەمال پاشا بەهۆی گەڕاندنی ئەو دوو منداڵە هەتیوە کوردەوە کە بەردەوام جلوبەرگی پاك و خاوێنیان لەبەردا بووە، توانیویە سەرنجی کوردەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و وایان لێ بکات ئەوان وا قەناعەت بکەن، بەڵێ، مستەفا کەمال خیانەت لە کوردەکان ناکات. ئەم جۆرە ڕەفتارەی مستەفا کەمال پاشا، لەلایەکەوە بۆ داپۆشینی تاوانەکانی بووە لەدژی نەتەوەی کورد، لەلایەکی دیکەش بۆ ئەوە بووە کارێك بکات خەڵك بڵێن پاشا (مستەفا کەمال) حەز لە کوردەکان دەکات. ئەم جۆرە ڕەفتارانەی مستەفا کەمال پاشا کە بەڕواڵەت شتێکی دەکرد و لەپشتی پەردەشەوە شتی دیکەی دژی کوردەکان دەکرد، وای کردبوو هەندێك کەس هەنگاوێك پتر بچنە پێشەوە و تەنانەت بڵێن مستەفا کەمال پاشا بە ئەسڵ کوردە))[٢٣١].

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بەرامبەر بەو جۆرە ڕەفتارە هەڵخەڵەتێنانەی مستەفا کەمال پاشا، نەیتوانیوە هێزێکی سەربازی پێکەوە بنێت تا دژایەتیی ئەوی پێ بکات. بە وتەی بۆزئارسلان ((ئەوان پیاوە گەورەکانی تێکۆشانی کوردستان بوون و توانییان لە سەدەی بیستەمدا ببنە چرایەك بۆ ڕزگاریی کورد و کوردستان. ئەوان کێشەی کوردیان بردووەتە نێوان کۆڕ و کۆنفرانسە نێودەوڵەتیەکان و دنیایان لێ ئاگادار کردووەتەوە))[٢٣٢].

---

[٢٣١] کوردستان پرێس، ژمارە ٤٨ (١٩)، ١٩٨٨/١١/١٧، ل٨.

[٢٣٢] بۆزئارسلان، ل٣٩.

بەڵام هەر بە وتەی بۆز ئاسلان ((ئەوان ویستوویانە تەنها لە ڕێی قەڵەم و زانستی یاساوە، کوردستان ڕزگار بکەن)) [٢٢٣]. لەبەر ئەوەش بووە کە کاتێك ناوەندی بڕیاری کەمالیستی لە کوردستان بەهێز بووە و هەوڵی داوە ئەوان لەناو بەرێت، نەیانتوانیوە هێزێکی سەربازی و میکانیزمێکی سیاسی پێکەوە بنێن تا بەرامبەر بەوە بەرگری لە خۆیان بکەن. بوونی سیاسی و سیستمی بیرکردنەوەی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ڕێی بەمە نەدەدا. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لەو ڕۆژانەدا کە شەڕی تورك و ئەرمەنەکان دەکرا و جەمعییەتی مودافەعەی حقووقی میللییە لە کوردستان هێزی سەربازیی پێکەوە دەنا، هیچ کات بیری لەوە نەکردووەتەوە کە هێزێکی سیاسی و سەربازیی کوردی دروست بکات. لە شوێنێکی وەك دیاربەکر کە کوردایەتیی تێدا بەهێز و جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش لەوێ زۆر کاریگەر بووە، لە ماوەی یەك شەودا، لقی ئەو ڕێکخراوە لەناو براوە، بەڵام هیچ کاردانەوە و بەرگرییەك نەکراوە: ((... هێزەکانی حکوومەت لە ماوەی یەك شەودا، هێرشیان کردە سەر ناوەندی جەمعییەتەکە و کەلوپەلەکانیان زەوت کرد و ژمارەیەك لە ئەندامەکانیشیان دەستگیر کرد. ئەندامەکانی دیکەی جەمعییەت، بەناچاری پاشەکشەیان کرد و بە بێدەنگی مانەوە. ئەکرەم جەمیل پاشاش کە یەکێك بووە لە چالاکترین ئەندامەکانی جەمعییەت، سەرەڕای ئەوەی کە زۆر بە دوایدا گەڕاون تا بیگرن، بەڵام ڕایکردووە و توانیویە بۆ ئەستەنبووڵ بچێت)) [٢٣٤].

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، کە نەتەوەخواز بووە و لەسەداسەد ئامانجی سیاسیی هەبوە، لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی و عوسمانیشدا، پەیوەندییەکی پڕ لە کێشە و پێکدادانی هەبوە. دەسەڵاتی ناوەندیی

---

[٢٢٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٢٣٤] سلۆپی، ل٤٣.

عوسمـــانیش دژی ئـــەوە بـــووە کـــە جەمعییـــەتی تـــەعالیی کـــار و چـــالاکی لـــە کوردستان ئەنجام بدات[235].

لەبەر مەسەلەی کوردستان، حکوومەتی کۆشك بەشێوەیەکی خراپ سەیری جموجووڵـەکانی جەمعییـەتی تـەعالیی کوردسـتانی کـردووە، بـەڵام بـەهۆی ئـەو هەلومەرجە سیاسییەوە کە بەهۆی ئاگربەستەوە دروست بووە، پادشا بانگی بەرپرسـانی ئـەو ڕێکخـراوەی کـردووە و دانوسـتانی لەگەڵـدا کـروون. ئەمـەش بووەتـە هـۆی ئـەوەی دەنگـۆی ئـەوە بـڵاو بێتـەوە کـە گوایـە پادشـا و حکوومـەت پشـتگیری لـە جەمعییـەتی تـەعالیی کوردسـتان دەکـەن. ئەمـە شـیکردنەوە و هەڵسـەنگاندنێکی زۆر هەڵەیـە. هەڵسـەنگاندنێکی مێژووییانـەی کەمالیەکانـە کـە نایانەوێت لە ڕوانگەی کوردەکانەوە شیکاری لەسەر قۆناغی ئاگربەست بکرێت. ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە جەمعییـەتی تـەعالیی کوردستان و ژمارەیـەکی زۆر لە ئەندامانی جەمعییەتی مودافەعەی حقووق و هەیئەتی تەمسیلییەش بۆ کۆبوونەوەی شوورای سەڵتەنەت بانگهێشت کراون، ئەو کاتە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتـەوە کـە ئـەو جـۆرە هەڵسـەنگاندنەی دەڵێت گوایـە "جەمعییـەتی تـەعالیی کوردسـتان" وابەسـتەی کۆشـك بـووە، هەڵسـەنگاندنێکی کەمالیسـتانەیە بـۆ مێـژوی ئـەو سـەردەمە. شـوورای سـەڵتەنەت دوای داگیرکردنـی ئیـزمیر لەلایـەن یۆنانیەکانـەوە و دروسـتبوونی هەنـدێك ڕووداوی مەترسـیدار، لـە ٢٦ی مایسـی ١٣٣٥دا، لەلایـەن پادشـاوە کـۆ کراوەتـەوە و یەکـەم کۆبوونـەوەی سـاز کـردووە. لـەو کۆبوونەوەیـەدا کـە زۆر جەمعییـەت و کەسـایەتیی کاریگـەر بەشـدار بـوون و بانگهێشت کراون، بەرپرسانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش ئامادە بوون. لقـەکانی جەمعییـەتی مودافەعـەی حقـووقی میللییـە، لـە ترابـزۆن و ئەدەنـە و

[235] تونایا، بەرگی دووەم، ل١٩١– ١٩٥.

ئیزمیر و ویلایەتی شەرقییە و کۆنگرەی میللیش، بەشدارییان لە کۆبوونەوەی شوورای سەڵتەنەتدا کردووە[٢٣٦]. شایانی باسە، بە نوێنەرایەتیی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە، دوو کەس بۆ ئەو شوورایە بانگهێشت کراون. شووراى سەڵتەنەتیش تەنیا کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاری بووە، بە وتەیەکی کورتی پادشا دەستی پێکردوە[٢٣٧].

کەسانی سەر بە ڕەوت و بیرو بۆچوونی جیاواز، بەشدارییان لەو کۆبوونەوەیەدا کردووە: ((زەحمەتە بیر لەوە بکرێتەوە کە ئەو کەسانەی بیرو بۆچوونی جیاوازیان هەبوە، توانیویانە لەو کۆبوونەوانەدا یەك هەڵوێست و یەك بڕیار گەڵاڵە بکەن))[٢٣٨].

حکوومەتی عوسمانی کە جەمعییەتی تەعالیی کوردستانی بۆ شووراى سەڵتەنەت بانگهێشت کردووە، لە کار و چالاکیەکانی ئەو جەمعییەتەدا لە کوردستان، زۆر نیگەران بووە. هەروەها پێی وابووە کار و چالاکیی لقەکانی ئەو جەمعییەتە لە وان و دیاربەکر و بتلیس و مووسڵ لەدژی حکوومەتن و پێویستە سەرنجیان بدرێتێ. سەبارەت بە کار و چالاکیەکانی کورد لەو ناوچانە، نوێنەری سیاسیی ئینگلیزەکان لە مووسڵ ڕاپۆرتی بۆ ئەوان ناردووە. هەر بەهۆی ئەو ڕووداوانەشەوە بوو کە حکوومەتی عوسمانی لە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان نیگەران بوو. لە کۆبوونەوەی ١٨ی حوزەیرانی حکوومەتدا، باسی ئەوە کراوە کە پێویستە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بە گوێرەی یاساکان بجووڵێتەوە. جگە لەوەش بڕیاری ئەوە دراوە وەفدێکی پێکهاتوو لە

[٢٣٦] سینا ئاکشین، حکومەتەکانی ئەستەنبووڵ و تێکۆشانی نەتەوەیی، ئەستەنبووڵ، خانەی بڵاوکردنەوەی جەم، ل١٣٢.

[٢٣٧] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٢.

[٢٣٨] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٤.

"حەیدەریزادە ئیبراهیم ئەفەندی" و "عابووق ئەحمەد" و "عەونی پاشا" ڕەوانەی کوردستان بکرێن[239].

حکوومەتەکانی داماد فەرید (پاشا)، جەمعییەتی تەعالیی کوردستانی وەك ڕێکخراوێکی ناڕەوا و نایاسایی لەقەڵەم داوە. لەبەر ئەوە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان چووەتە ڕیزی نەیارانی حکوومەتەکەی داماد فەرید پاشا. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، بەشداریی لە کۆبوونەوەیەکدا کردووە کە پارتەکانی (سوڵح و سەلامەی میللی، ئەحرار، فیرقەی سۆسیالیستی عوسمانلی، فیرقەی سۆسیال دیموکرات، جەمعییەتی عەدەمی مەرکەزیەتی ترابزۆن و دەوروبەری، جەمعییەتی مودافەعەی حقووقی میللییە لە ئیزمیر، جەمعییەتی مودافەعەی حقووقی عوسمانی لە ئیزمیر و کۆنگرەی میللی) بەشدارییان تێدا کردووە و پێکەوە بڕیاریان داوە دژایەتی حکوومەتەکەی داماد فەرید پاشا بکەن و ئەوەش بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکەن و دژایەتیەکەشیان بۆ حکوومەت، بە سوڵتان ڕابگەیەنن. لەو کۆبوونەوەیەدا باسی ئەوە کراوە کە حکوومەتەکەی داماد فەرید پاشا ناڕەوا و نایاسایی‌یە و پێویستە پێکەوە دژایەتیی ئەو حکوومەتە بکەن. لە کۆبوونەوەکەدا ئەوەش وتراوە کە پێویستە دەقێکی ئیدانەکردن لەدژی حکوومەت ئامادە بکرێت و بەشێوەی ڕەسمی لە ڕۆژنامەی "ئیدراك"دا کە ئۆرگانی ڕاگەیاندنی "فیرقەی سۆسیالیست" بووە، بڵاو بکرێتەوە. دوای بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامەیە، پۆلیس ڕۆژنامەکەی داخستووە. جگە لەوەش پۆلیس ڕێی لە خۆپیشاندانێك گرتووە کە بڕیار بووە بە بۆنەی ساڵڕۆژی ڕاگەیاندنی ئازادی لە ٢٣ی تەمووزدا لە (مەیدانی سوڵتان

---

[239] تونایا، بەرگی دووەم، ل١٩٢ و ٢٤.

ئەحمەد)، ساز بکرێت. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بەشداری هەموو جموجووڵەکانی دژ بە حکوومەتەکەی داماد فەرید پاشا بووە.

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لە ڕیزی ئەو بەرەیەی ئۆپۆزسیۆندا بووە کە ڕەخنەی لە حکوومەتی داماد فەرید پاشا گرتووە (کە لە ٢١ی تەموزی ساڵی ١٩١٩دا دامەزراوە). بەرەی ئۆپۆزسیۆن پێی وابووە حکوومەتەکەی داماد فەرید، توانای بەڕێوەبردنی حکوومەت و چارەسەرکردنی کێشەکانی نییە و ناتوانێت بەرگری لە مافەکانی نەتەوە بکات، لەبەر ئەوە پێویستە دەست لەکار بکێشێتەوە. ئەم هەڵوێستەی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش، نیشانەی ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوە لەو ڕۆژانەدا هەڵوێستێکی دژی بەرامبەر بە دەسەڵاتی کۆشک هەبوە[٢٤٠].

بەڕێوەبەرایەتیی عوسمانی لەبەر هەبوونی کورد، بەپێویستی زانیوە لەو کۆبوونەوەیەدا [و: کۆبوونەوەی شوورای سەڵتەنەت]، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بەشداری بکات. حەیدەری زادە پێی وابووە بە گوێرەی ئەو تەلگرافانەی کە لەلایەن والیەکانەوە نێردراون، ئەو جەمعییەتەیە (مەبەست جەمعییەتی تەعالیی کوردستانە) بەخێرایی لەنێو وڵاتدا گەشەی کردووە و هەڵگری بیرو بۆچوونی سەربەخۆیی‌یە و گەیشتووەتە ئاستێکیش ئیتر دەسەڵاتی حکوومەت قبووڵ ناکات. لەبەر ئەوە بەناوی حکوومەتەوە بانگهێشتی وەفدی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان کراوە. حکوومەت زۆر بە پەلە بووە بۆ ئەوەی بزانێت ئەو ڕێکخراوە داوای چ جۆرە مافێك بۆ کوردەکان دەکات؟ ویستوویە بە شێوەیەکی نووسراو داواکاریەکانی کوردی پێ‌بگات. هەر بەو بۆنەیەوە، حەیدەری زادە داوای لە وەفدێکی جەمعییەتی تەعالیی

[٢٤٠] ئاکشین، ل٤٤٠.

کوردستان کردووە داواکاریەکانی خۆیان بەشێوەی نووسراو ئامادە بکەن. بەرپرسانی حکوومەت و کەسایەتییە ناودارەکانی کورد لە ئەستەنبووڵ، کۆبوونەوەیەکیان بەر لە ٢١ی تەمووز، ڕۆژی پێکهێنانی حکوومەتەکەی داماد فەرید پاشا، ڕۆژی ١٠ی تەمووز ساز داوە. لەرێی هەندێك لە پیاوانی دەوڵەتەوە، بابی عالی سەرکردە کوردەکانی بانگهێشت کردووە و لێپرسینەوەی لەگەڵدا کردوون[241].

لە هەمان کاتیشدا، بابی عالی بەگومانەوە سەیری جموجووڵەکانی "میستەر نۆئێل"ی کردووە. وەك دەبینرێت و بەپێی قسەکانی "سینا ئاکشین"، حکوومەتی کۆشك لە ئەستەنبووڵ وەك لایەنێك کە پێویستە لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، مامەڵەی لەگەڵ کەسایەتیە ناودارەکانی کورد و جەمعییەتی تەعالیی کوردستاندا کردووە. حکوومەت لە پێکهاتە کوردیەکان نیگەران بووە و پێی وابووە ئۆپۆزسیۆنی کوردی، ناوەڕۆکێکی سیاسیی لەدژی حکوومەتی ناوەندی هەیە. لەو کۆبوونەوەیەدا کە بە داواکاریی حکوومەت ساز کراوە، "حەیدەریزادە ئیبراهیم ئەفەندی" و "عابووق ئەحمەد پاشا" و "عەمید عەونی"، وەك نوێنەرانی حکوومەتی ئەستەنبووڵ بەشداریان کردووە و سەرۆکی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش "سەیید عەبدولقادر" و "ئەمین عالی بەدرخان" و "مەولانزادە ڕەفعەت" و "نەقیب ئەمین" وەك ئەندامانی وەفدی کورد بەشدارییان لەو کۆبوونەوەیەدا کردووە. ئەو داوەتنامەیەی کە بۆ بانگهێشتکردنی "ئەمین عالی بەدرخان بەگ- ئەندامی وەفدی جەمعییەتی تەعالی" نێردراوە، بەمجۆرەیە:

((بابی عالی، نووسینگەی صەدری ئەعزەم،

بنکەی ژین
www.zheen.org

[241] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣٧.

قەڵەمی کاروباری تایبەت: ژمارە ١٢٨

بۆ بەدرخان پاشازادە ئەمین عالی بەگ ئەفەندی:

بڕیار دراوە ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو کۆبوونەوەیەك لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەراندا بکرێت، بەڕێزیشتان بۆ ئەوێ داوەت کراون و پێویستە لەو ڕۆژەدا کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆ لە بابی عالی ئامادە بن... ئەفەندم

١ی حوزەیرانی ١٣٣٥

بەناوی صەدری ئەعزەمەوە، مەجلیسی تایبەت؟ نوێنەران؟))[٢٤٢].

نوێنەرانی حکوومەت سەرکردەکانی کوردیان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە دەیانەوێت لە دەوڵەتی عوسمانی جیا ببنەوە و دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دابمەزرێنن. ئەندامانی وەفدی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش، داماد فەرید پاشایان بەوە تۆمەتبار کردووە کە لە پاریس لەگەڵ ئەرمەنەکان ڕێك کەوتووە بۆ ئەوەی خاکی کوردستانیان وەك نیشتمانێك پێ‌بدات. حەیدەری‌زادە پێی وابووە ئەم لاف‌وگەزافەی ئەندامانی وەفدی کوردی، لایەنی ڕاستی تێدایە، بۆیە ئاماژەی بەوە کردووە کە پێویستە چاوەڕوانی گەڕانەوەی داماد فەرید پاشا بن، تا بزانن ئەمانە چەندە ڕاست و دروستن.

هەروەها باسی ئەوەش کراوە ئەگەر تەنانەت لە پاریسیش باسی شتێکی وەها کرابێت، لانی کەم پێویستە چاوەڕوانی گەڕانەوەی داماد فەرید پاشا بن، بۆ ئەوەی بتوانن هەڵەکان ڕاست بکەنەوە. لە کۆبوونەوەکەشدا، عەونی پاشا باسی ناڕوونیی داهاتووی کردووە. هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە پێویستە پێکەوە کار بکەن. ئەگەر حکوومەتی عوسمانی بگاتە ئاستێك نەتوانێت کوردەکان بپارێزێت، ئەو کاتە کوردەکانیش دەتوانن چارەنووسی

[٢٤٢] مالمیسانژ، ل٧٨.

خۆیان دیاری بکەن. مەولانزادە ڕەفعەتیش، باسی ئەوەی کردوە کە لەوانەیە هەموو کەس بڕیارەکانی کۆنفرانسی پاریس جێبەجێ نەکات و ئەوکاتەش ئیتر درەنگ دەبێت بۆ ڕزگارکردنی کوردەکان. سەبارەت بە ئۆتۆنۆمیی بۆ کوردستان، لەبنەڕەتدا هەردوو لایەنیش بەشێوەی جۆراوجۆر خاوەنی بۆچوونێکی سیاسی بوون. هۆی ڕێکنەکەوتنەکەشیان بۆ نیازەکانی هەردوولا دەگەڕێتەوە. حکوومەتەکانی ئەستەنبووڵ نەیاندەویست کوردستان لەلایەن ئیرادەیەکی سیاسیی سەربەخۆی کوردییەوە کۆنترۆڵ بکرێت و بەڕێوە ببرێت، هەروەها نەیاندەویست خاکی کوردەکان لەلایەن ڕێکخراوەکانی خۆیانەوە ئیدارە بکرێت. هەر لەبەر ئەوە، لە ناوەڕۆکەوە دژی هەبوونی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بوون. کۆشکی عوسمانلی و حکوومەتەکانی، دەیانویست کوردەکان و هێزی سیاسیی کوردی و جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش، ملکەچی دەوڵەتی ناوەندی و پادشا بن. لەبەر ئەوە، لایەنی حکوومەت بە باشی پێشوازیی پێشنیارێکی ئەمین عالی بەدرخان بەگی نەکرد کە سەبارەت بە پێدانی ئۆتۆنۆمی بە کوردەکان بوو. بەڵام نوێنەرانی حکوومەتی ئەستەنبووڵ لە کۆبوونەوەکەدا بەهۆی ئەو بارودۆخە نادیارە سیاسییەوە کە لەبەر ئاگربەست دروست بووبوو، هەروەها لەبەر نادیاریی ئایندەی حکوومەتی عوسمانییەوە، بەتوندی پێشنیارەکەی لایەنی کوردییان بۆ ئۆتۆنۆمی ڕەت نەکردووەتەوە و بەپێچەوانەوە ئاماژەیان بەوە داوە کە لەوانەیە ئەم پێشنیارە قبووڵ بکرێ. لە کۆبوونەوەکەدا، عەونی پاشا باسی ئەوەی کردووە کە ئەو جۆرە چارەسەرانە لە (یەمەن) ئەنجامی باشیان بەدەست هێناوە. بەڵام ناکرێت لێرە باسی سەربەخۆیی و بەڕێوەبردنی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی کوردییەوە بکرێت. دەسەڵاتی ناوەندی داوای ئەوەی دەکرد کوردەکان وابەستەی حکوومەتی ناوەندی بن و ببنە هاووڵاتییەکی دەوڵەتی عوسمانی و

کۆشـك و حکوومەتـەکانی، مافـەکانی کـورد دیـاری بکـەن. بـەڵام حکوومـەتی عوسمـانی نەیـدەتوانی چاوپۆشـی لـە هەنـدێك نیگـەرانیی کوردەکـان بکـات و هەوڵیشی بۆ ئەوە دەدا هەندێك لەوانە چارەسـەر بکات. ئەوان دەیانگوت دەبێت کوردسـتان وەك بەشـێك لـە خـاکی عوسمـانی بمێنێتـەوە و کوردەکـانیش ببنـە گرووپێکـی ئـەتنی و وابەسـتەی حکوومـەتی ناوەنـدی عوسمـانی بـن. بۆیـە لـە بنەڕەتـدا باسـی ئۆتۆنـۆمی یـاخود سـەربەخۆیی کوردسـتانیان نـەدەکرد. قسـەیەکی "عـابووق پاشـا" سـەبارەت بـەوەی کـە دەکرێـت بـە لەبەرچاوگرتنی ئـەزموونی یەمـەن بـیر لـە چارەسـەری ئۆتۆنـۆمی بـۆ کوردسـتان بکرێتـەوە، نیشـانەی ئـەوە نییـە کـە حکوومـەتی ناوەنـدی عوسمـانیش سیاسـەتێکی چارەسـەرکردنی کێشـەی کـوردی بـە شـێوەی ئۆتۆنـۆمی هـەبوە. ئەمـە تـەنیا نیشـانەی ئەوەیـە کـە ویسـتراوە چارەسـەرێك لـەنێو وەفدەکـەدا لـەو بارودۆخـە تێکەڵوپێکەڵـە سیاسـیەدا بدۆزرێتـەوە. جگـە لـەوەش ئەمـە ئـەنجامی هەلومەرجێکی نادیارە کە بەهۆی ئاگربەستەوە دروست بووە.

ئەمین عالی بەگ لەو کۆبوونەوە ڕەسمییەدا کە لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتی ئەستەنبووڵدا کراوە، داواکارییـەکی بـەگوێرەی واقیعی ئـەو ڕۆژانـە پێشکەش کرد و باسـی ئـەوەی کـرد کـە پێویسـتە والی و فەرمانبـەری کـورد لـە کوردسـتان دابمەزرێن. عـەونی پاشـا وتـی: پێویسـتە ئێـوە چـەند ناوێکمـان بـۆ ئـەو جـۆرە والیانـە بـۆ پێشـنیار بکـەن. عەبـدولقادریش باسـی ئـەوەی کـرد کـە حکوومـەت سیاسـەتێکی نیازپاکانـەی لـەو بارەیـەوە نییـە. ئاماژەی بـەوە کـردووە کـە والیـی کـورد لەبـەر پێداگریـەکانی ئـەو بـۆ دیاربـەکر و ئـەلازیغ دامـەزراون، بـەڵام ڕۆژی دواتـر ئـەو بڕیـارە لەلایـەن دامـاد فەریـد پاشـاوە هەڵوەشـێنراوەتەوە. هـەروەها لەسـەر دامـاد فەریـد پاشـاش وتوویـە: نـاوبراو لـە دەروونـی خۆیـدا دژی کـورد و کوردسـتانە. وەفـدی حکوومـەتیش ویسـتوویە ئـەم داواکارییـە دیـار و ڕوونـەی

سەرۆك سەیید عەبدولقادر، بە زمانێكی سیاسی تێپەڕێنێت. عەونی پاشا باسی ئەوەی كردووە كە داماد فەرید پاشا بەرپرسی هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە نییە، بەڵام ناتوانێت باسی ئەوە بكات چ كەسێك لە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دامەزراندنی والیی كورد بۆ دیاربەكر و ئەلازیغ بەرپرسە. پێشنیارەكەی وەفدی كوردی سەبارەت بە دامەزراندنی والی و فەرماندەی كورد لە كوردستان، لە كۆتایی گفتوگۆكاندا قبوولْ كراو لایەنی حكوومەتیش ڕایگەیاند ئەوان چاوەڕوانی پێشنیارەكانی وەفدی كوردین.

حكوومەتەكانی پایتەخت و پەرلەمانی عوسمانی، لە جەمعییەتی تەعالیی كوردستان نیگەران بوون و كاردانەوەیان لەدژی پیشان داوە. بەرامبەر بەوە، ئەو ڕێكخراوە چووەتە ڕیزی نەیارەكانی ئەو ناوەندە سیاسیانەوە. دیارە ئەوەش ڕوون و ئاشكرایە كە جەمعییەتی تەعالیی كوردستان لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیی عوسمانیشدا كەوتووەتە ململانێ و ناكۆكییەوە. هەوڵەكانی جەمعییەتی تەعالیی كوردستان بۆ جیابوونەوە لە كۆمەڵگای عوسمانی و گەشەپێدانی هۆشیاریی نەتەوەیی كورد لە مێشكی گوندییەكانی كورددا، حكوومەتەكانی ئەستەنبووڵی تووڕە كردووە. حكوومەتەكانی ئەستەنبووڵ پێیان وابووە سەیید تەها كە یەكێك بووە لە كۆنە مەبعووسەكان، بەرپرسی هەموو ئەو چالاكییە هەرێمیانەیە كە لە كوردستان دەكرێن.

سەیید تەها:

ساڵی ١٨٧٨، لە شەمزینان لەدایك بووە، لە قوتابخانەیەكی ئەوێ خوێندوویە، دواتریش خوێندنی تایبەتی تەواو كردووە، كاتێك (ساڵی ١٩٠٣) باوكی كۆچی دوایی كردووە، تەمەنی ٢٤ ساڵ بووە و بووەتە سەرۆكی

خێڵەکەی خۆیان و بەرپرسی کاروبارە ئیداریەکانی ئەوێ. دەزانرێت سەردەمی سوڵتان ڕەشاد، لە ئەستەنبوولْ دەستگیر کراوە و خراوەتە بەر چاودێری. بەڵام بەر لەوەی قۆناغی چاودێریکردنەکەی کۆتایی پێبێت، ڕای کردووە بۆ ڕووسیا، لەوێشەوە بۆ ئێران. لەوێش لە گوندی (ڕاژان)ی سەر بە (ناحیەی دزە) لە قەزای ڕەزائیە ماوەتەوە. ئەوەش دەزانرێت کە نزیەی ٢٠٠ تا ٣٠٠ چەکداری هەبوە و بەردەوام لەگەڵ هێزەکانی حکوومەتدا شەڕی کردووە و لەو بەرگری و ڕاپەڕینەی کە لەوێ ڕووی داوە، بەرپرس بووە. هۆی نیگەرانیەکانی دەوڵەتی عوسمانی و حکوومەتەکانی کۆمار لە سەیید تەها، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هێزە بەرگرییەی کە دروستی کردووە.

لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا، کاتێك سوپای ڕووس باکووری ئێران داگیر دەکات، سەیید تەها دەستگیر دەکرێت و بۆ ناوچەی باکۆ دوور دەخرێتەوە، بەڵام لەوێ هەڵدێت و بۆ مووسڵ دەچێت. سەیید تەها کە ماوەیەك قایمقامی ڕەواندوزیش بووە، مامی شێخ سەعیدی پاڵۆییە[٢٤٣].

سەیید تەها لەگەڵ عەلی ڕەزای کوڕی شێخ سەعیددا، چووەتە ناو (جەمعییەتی تەعالیی کورد) کە لە ساڵی ١٩٢٧ لە سووریا، بۆ دژایەتیکردنی (خۆییبوون) دامەزراوە. هەرچەندە شێخ عەلی و سەیید تەها چوونەتە ڕیزی جەمعییەتێکەوە کە دژی جەمعییەتی (خۆییبوون)ی کورد بووە، بەڵام ئەوەیان ڕاگەیاندووە کە ئامانجەکانی ئەوانیش سەربەخۆیی کوردستانە. سەیید تەها نەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییە و بەشداری لە ڕاپەڕینی کوردەکان بە

---

[٢٤٣] نەزمی سەفەگەن، کوردە تورکەکان بە بەڵگەکانی عوسمانییەوە، میرنشینە تورکەکان لە خۆرهەڵات و باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵدا، بڵاوکراوەکانی ئەنیستیتۆی لێکۆڵینەوەی کەلتوری تورکی، ئەنقەرە ١٩٨٢، ل١٧٣- ١٧٥.

سەرۆکایەتیی سمکۆ لە ئێران کردووە[٢٤٤]. باسیلی نیکیتین پێی وایە سەیید تەها ئەندامی (جەمعییەتی ئیستیخلاسی وەتەن) بووە و ویستوویە کوردستان بە هاوکاریی ڕووسەکان ڕزگار بکات[٢٤٥].

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، هەمیشە دژی سیاسەتی حکوومەتەکانی داماد فەرید پاشا بووە کە سەبارەت بە ئەرمەنەکان و پڕۆژەی ئەرمەنستانی گەورە گرتوونیەتە بەر. هەڵوێستە سیاسیەکانی کۆشکی عوسمانی بەرامبەر بە کوردستان و سیاسەتی دوژمنکارانەی داماد فەرید پاشا بەرامبەر بە کوردەکان، وای کردووە مەیدانی ململانێی سیاسیی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیدا فراوانتر بێت. ڕۆشنبیرانی کورد و جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، بەتوندی دژایەتیی حکوومەتەکانی داماد فەرید پاشایان کە لە قۆناغەکانی جەنگ و ئاگربەستدا دامەزراون، کردووە. هیچ یەکێك لەو حکوومەتانەی دەسەڵاتی عوسمانی و کۆشکی بابی عالی بە ڕووخۆشییەوە پێشوازییان لە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان نەکردووە و هیچ جۆرە پشتگیرییەکی سیاسیشیان لە پێکهاتە کوردیەکان نەکردووە. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە هەموو قۆناغەکاندا ناکۆکی و ململانێی لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی و حکوومەتەکانیدا هەبوە[٢٤٦].

دەسەڵاتی عوسمانی بەر لە ئاگربەست و دوای ئەو قۆناغەش، هەوڵی داوە کۆچی زۆرەملێ لە کوردستان دەست پێبکات و کوردەکان لەناو بەرێت. لەبەر

---

[٢٤٤] لە بارەی جووڵانەوەکەی سمکۆ و سەیید تەهاوە، سەیری ئەم سەرچاوەیە بکەن:
کەریم حوسامی: پێگە و گرنگی جووڵانەوەی سمکۆ لەسەر کوردستان، بەرهەم، ژمارەی ١٠، چلەیا پاشین ١٩٩١، ل٧-٢٢.

[٢٤٥] نیکیتین، بەرگی ٢، ل٣٧.

[٢٤٦] بەهجەد جەمال، ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید، ئەستەنبووڵ، بڵاوکراوەکانی سەل، ١٩٥٥، ل١٤.

ئـەوە ڕۆشـنبیرانی کـورد کاردانـەوەیان پیشـان داوە. ئەمـەش بووەتـە هـۆی ئەوەی کە پەیوەندییـەکانی جەمعییـەتی تـەعالیی کوردسـتان لەگـەڵ دەسـەڵاتی ناوەندیدا بەرامبـەر بـە یـەکتر پـڕ لـە ململانـێ و دوژمنایـەتی بێـت. حکوومـەت، هەموو کاتێك بە چاوی دوژمنـەوە ڕوانیویەتـە جەمعییـەتی تـەعالیی کوردسـتان و هەوڵی لەناوبردنی داوە. پادشـا لەگـەڵ ئـەو حکوومەتانـەدا کـە دەسـتنیشـانی کـردوون، بــەردەوام هــەوڵی لــەناوبردنی ڕێکخــراوە کوردیــەکان و بیرۆکــەی کوردستانیان داوە. جموجووڵـەکانی سـەیید تـەها لـە کوردسـتان، بـەهۆی ئـەم بـیر و بۆچـوونە سیاسـیانەوە، بــە مەترسـیدار لەقەڵــەم دراون. بــەردەوام سـیخوڕەکانی دەوڵـەتی عوسمـانی زانیاریـان لەسـەر ئەنـدامانی جەمعییـەتی تــەعالیی کوردســتان و هەلومەرجــەکانی دروســتبوونی ئــەو ڕێکخــراوە کــۆ کردووەتـەوە. حکوومـەتی عوسمـانی نـەك تـەنیا لـەڕێی زانیـاریی هـەواڵگری و توند و تیژییـەوە هـەوڵی لەناوبردنی بیرۆکـەی کوردسـتان و کوردایـەتیی داوە، بەڵکوو گرووپـی تایبـەت بـە ئامۆژگاریکردنیشـی دروسـت کـردووە و ڕەوانـەی کوردسـتانی کـردوون تـا بیرۆکـەی کوردایـەتی لـە مێشـکی خـەڵك بسـڕنەوە. ژمارەیــەك کەســایەتیی نــاودار و کاریگــەر و پیــاوانی ئــاینیی کوردیــان خسـتووەتە نێـو گرووپـی ئامۆژگـاری، تـا پروپاگەنـدەکانیان لـە کوردسـتان کاریگەریی زۆرتـری هـەبێت. حەیدەریزادە ئیبراهیم ئەفەندی، وەك تاکێك کـە ویستوویە خزمەت بەم ئامانجە بکات، کراوە بە سەرۆکی دەستەی ئیرشـاد و ڕەوانـەی کوردسـتان کـراوە. بـە قسـەی خۆشیان، ئامـانجی ئـەم هەیئەتـە ئـەوە بووە کە ڕۆشنگەری و ئیرشاد لـە کوردستان بکـەن. بـەڵام ئامانجی سـەرەکیی ئــەم جــۆرە وەفدانــە ئــەوە بــووە بیرۆکــەی کــورد و کوردســتان و فیکــری سـەربەخۆیی و باسـەکانی تایبـەت بـە مافـە نەتەوەییـەکانی کـورد، لـە زەیـن و بـیری کوردەکانـدا بسـڕنەوە و هــەوڵی تواندنـەوەی نەتـەوەییی ئـەوان بـدەن.

دەوڵەتی عوسمانی پێی وابووە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ئەو جۆرە بیر و بۆچوونانەی هەیە و لە گەشەسەندنی ئەو بیرۆکانە لە کوردستان بەرپرسە. ئەم دەستەی ئیرشادەی عوسمانی کە ئاگای لە گەشەکردنی بیرۆکەی سەربەخۆیی لە کوردستان هەبوە، هەوڵی داوە بەر لەوەی گەشەی پتر بکات، ئەو بیرۆکەیە لەناو ببات، بەردەوام ڕاپۆرتی بۆ دەسەڵاتی ناوەندی ناردووە و لە کاروبارەکانی خۆیشیدا یارمەتیی لە هەندێك دەرەبەگی ناوچەکە وەرگرتووە. لەو ڕوانگەیەوە حەیدەریزادە پێی وابووە دەستەیەکی وەها لە کوردستان کاریگەریی زۆری دەبێت و لەبەر ئەوەش دایمەزراندووە. حەیدەریزادە ئیبراهیم ئەفەندی، ڕۆشنبیرێکی سەیر و سەمەرەی کوردی ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و وابەستەی خەلیفە بووە. نووسینەکانیشی سەبارەت بە کورد، لە "ژین"دا بڵاو کراونەتەوە، جگە لە کوردایەتی، باسی پابەندیی خۆی بە خەلافەتی عوسمانییەوە دەکات: ((لەبەر ئەوەی خۆشەویستەکەی ناو ویژدانی کوردەکان، دین و ئیمانە و هەموو کاتیش ئامادە بوون بۆ ئەوەی قسەکانی خودا بەرز و پیرۆز ڕابگرن، کاتێك بانگەوازێکیان لەلایەن خەلیفەوە پێ گەیشتووە، یەکسەر سەری (بەڵێ)یان بۆ لەقاندووە و دەستیان بۆ چەکەکانیان بردووە. ئامادە بوون بچنە مەیدانی جەنگ، بەوجۆرەش پێگەیەکی گرنگیان لە مێژووی خەلافەتی ئەمەوی و عەباسی و عوسمانیدا هەیە))[٢٤٧].

دەستەی ئیرشاد کە ساڵی ١٩١٩ بۆ لە بیربردنەوەی داواکاریەکانی کورد سەبارەت بە سەربەخۆیی دامەزراوە، بە ئەندامێتیی هەر یەکە لە وەزیری ئیشغاڵ "عابووق پاشا" و وەزیری دەریاوانی "عەونی پاشا" و

---

[٢٤٧] ژین، ژمارە ١، ٧ی تشرینی دووەمی ١٣٣٤، ل٣.

"شێخولئیسلام حەیدەریزادە ئیبراهیم ئەفەندی" پێك هاتووە. حەیدەریزادە ئیبراهیم ئەفەندی کە بەرەچەڵەك کورد بووە، سێ جار لە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا بووەتە شێخولئیسلام کە یەکیان لە ١٩١٨/١١/١١دا بووە تا ١٩١٩/٣/٤ و یەکێکی دیکەشیان لە ١٩١٩/١٠/٢ بووە تا ١٩٢٠/٤/٥[٢٤٨].

حەیدەری زادە بۆ خۆی کورد بووە و لە یەکەم ژماری گۆڤاری "ژین"یشدا، نووسینێکی بڵاو کراوەتەوە. جگە لەوەش لەژمارەی دووەمی گۆڤاری ژیندا، بە باشی و بە خۆشی باس لە هەڵبژاردنەوەی ناوبراو (وەك شێخولئیسلام) دەکرێت. لەهەندێك سەرچاوەدا باسی ئەوەش دەکرێت کە حەیدەری زادە ئیبراهیم ئەفەندی پەیوەندی لەگەڵ پێکهاتە و ڕێکخراوە کوردییەکاندا هەبوە[٢٤٩].

هەمان سەرچاوە باسی ئەوەش دەکەن کە ئەو پەیوەندییانە زۆرتر لەکاتێکدا بوون کە ناوبراو لە ئیراقدا بووە. حەیدەری زادە لە٣٠ی مایسی١٩٣٠دا، بووەتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی "یانەی سەرکەوتن" کە لەلایەن کوردەکانی بەغداوە دامەزرێنراوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

[٢٤٨] ئەنسیکلۆپیدیای تورکی، بەرگی ٣٠، ل٢٧٩.

[٢٤٩] مالمیسانژ، ل٧٨.

- هەڵبژاردنی حەیدەری زادە وەك شێخولئیسلام لە ژیندا وەکو هەواڵێکی خۆش و مایەی خۆشحاڵی بڵاوکراوەتەوە، لەڕێگەی نووسینێکەوە پیرۆزبایی ئەمەشی کردووە: "وەکو ئەندامانی بەڕێزی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەمان، زۆر خۆشحاڵ بووین بەوەی کە حەیدەری زادە ئیبراهیم ئەفەندی کە سەر بە بنەماڵەی حەیدەرییە و یەکێکە لە بنەماڵە خاوەن مەعریفە و زانیارییەکان لە کوردستاندا، کە کوردستانیان بە عیلم و عیرفانەوە ڕازاندووەتەوە، بووەتە شێخولئیسلام. نەك خودی بەڕێزیان بەڵکوو پیرۆزبایی لە هەموو نەتەوەی نەجیبی عوسمانی دەکەین بە بۆنەی ئەوەی کە شێخولئیسلامێکی وەهای بۆ دیاری کراوە. لە دڵیشەوە هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین. " ژین، ژمارە ٢، ١٤ی تشرینی دووەمی ١٣٣٤، ل٣.

حەیـــدەری زادە هەنـــدێك لـــە شـــیعرەكانی "لامـــارتین"ی وەرگێـــڕاوە و ماوەیـەكیش بووەتـە وەزیـری ئـەوقافی ئیراق و لەسـاڵی ١٩٣١یشـدا مـردووە. حەیـدەری زادە ئیـبراهیم ئەفەنـدی بـەناوی پادشـاوە بانگهێشـتی جەمعییـەتی تەعالیی كوردستانیشی كردووە، تاكو سەردانی بابی عالی بكەن[٢٥٠].

جەمعییەتی تەعالیی كوردستان، لەژێر كایگەری ئەو هەلومەرجە سیاسیی و كۆمەڵایەتیـەدا بـوو كـە مەسـەلەی دیـاری كردنـی چارەنووسـی میللەتـەكانی لەلایـەن خۆیانـەوە هێنـابووە كایـەوە و كاریگـەری خێـڵ و بنەماڵـە كاریگـەرە كوردەكانیشـی بەسـەرەوە دیـار بـوو. ئـەو جەمعییەتـە پێـی وابـووە كوردەكـان نەتەوەیەكی جیاوازن و ئیمپراتۆریای عوسمانیش لە كاتی گیانـدان دایـە، بۆیـە بەرلـەوەی كـە ڕەوتـی نەتەوەگـەرایی كەمالیـەكان گەشـە بكـات، داوای كـردووە بەپێی پرەنسیپەكانی "ویلسۆن" مافـە نەتەوەییـەكان بدرێتـە كۆمـەڵگای كوردی و لەڕووی سیاسیەوە هـەوڵی بەدەستهێنانی ئـەو مافانـەی داوە. ئـەم جەمعییەتـە كـە كاریگـەری نەتەوەگـەرایی كـوردی پێـوە دیـار بـووە، ڕێكخراوێكـی سیاسـی كوردیـە كـە لـە ژیـانی سیاسـی كوردەكانـدا دەركـەوتووە. بـۆ كۆمـەڵگای كـوردی، بارودۆخی سیاسـی سـاڵی ١٩١٩ بارودۆخێكی سیاسـی زۆر جیاواز بووە و لـەو قۆناغــەدا، جەمعییــەتی تــەعالیی كوردســتان هــەوڵی داوە كەســانی خــاوەن بیروبۆچوون و پێكهاتـە جۆراوجۆرەكـانی كۆمـەڵگای كـوردی، لـەدەوری یـەك كـۆ بكاتــەوە. جەمعییــەتی تــەعالیی كوردســتان، وەكـو سـەنتەرێكی پەیوەندییــە خێڵەكییـەكان و ژیـانی ئـایینی و كۆمەڵایـەتی كوردسـتان بـووە و لـەو قۆناغـەدا، توانیویـەتی هـەبوونی خـۆی بـۆ كـورد و كوردسـتان بسـەلمێنێت. ئـەمین عـالی بـەدرخان كـە كـوڕی بـەدرخان پاشا بـووە و موفەتیشی پێشـووی ئەدیرنـە بـووە،

---

[٢٥٠] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.

لەگەڵ موراد بەدرخان و سەیید عەبدولقادر، لە کۆبوونەوەیەکدا لە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، باسی ئەو پێشنیارانەیان کردووە کە پێویستە وەکو داواکاری کورد بدرێنە حکوومەتی ئەستەنبووڵ. لەو قۆناغەدا، ئەو داواکاریانەش لانی کەمی ویستەکانی کورد بوون:

١- دانی ئۆتۆنۆمیی کوردستان، بە مەرجێك لە کۆمەڵگەی عوسمانیدا بمێنێتەوە.

٢- گرتنەبەری ڕێوشوێنی کاریگەر بۆ ڕاگەیاندن و جێبەجێکردنی ئەو ئۆتۆنۆمییە.

مالمیسانژ پێیوایە ئەو دوو بڕیارەی کە لەسەرەوە باسکران، لە کۆبوونەوەی نێوان وەفدی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و وەفدی حکوومەتی ئەستەنبووڵدا، لە بابی عەلی وەرگیراون. دیارە ئەوەش دەزانرێت کە هیچ کات ئەو بڕیارانە جێبەجێ نەکراون و هەڵوێستێکی هاوبەشیش لەسەر ئەوانە نەبوە.

((هەلومەرجی ساڵی ١٩١٩ زۆر جیاواز بووە. لەو ساڵەدا هێشتا کاریگەری سیاسی پێکهاتەی خێڵ، زۆر و فراوان بووە. هەر خێڵە و سنوورێکی تایبەت بەخۆی هەبوە و لەنێو ئەو سنورانەشدا، خێڵەکان هێزی چەکداری تایبەت بەخۆیانیان هەبوە و ژیاون. لەگەڵ ئەوەشدا، ژمارەیەك لە بەگ و دەرەبەگ و فیۆداڵە کوردەکانیش کە بوونەتە عوسمانی، دەستیان بە زوڵم و ستەم کردووە. سیستەمەکانی یاسادانان و دەسەڵاتی داد و وەرگرتنی باج و دامودەزگاکانی فێرکردن و پەروەردە، کە پشت بە تواندنەوەی نەتەوەکان دەبەستێت و... کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر پێکهاتەی خێڵەکان نەبووە. سەرەڕای ئەو دەسەڵاتە دژە کوردەی کە جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقی دایمەزراندبوو، توانرا جەمعییەتێکی وەکو جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش، دابمەزرێنرێت. هەروەها قوتابخانەی وەها دامەزراون کە توانیویانە پەروەردە و فێرکردنیان بە

زمانی کوردی بێت. لەهەمانکاتدا، توانراوە چەندین گۆڤاری وەکو "کوردستان" و "ڕۆژی کورد" و "هەتاوی کورد" و "ژین"، بە زمانی کوردی بڵاو بکرێنەوە))[251].

بەڵگە و زانیاری لەبەردەستدان سەبارەت بەوەی کە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان هەڵگری بیرۆکەیەك بووە سەبارەت بە پێدانی ئۆتۆنۆمی بە کوردستان. لەو کاتانەدا، ئەو بیر و بۆچوونەی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لەنێو کۆمەڵگای کوردیشدا بڵاو بووەتەوە. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، جگە لەهەڵگرانی ئەو بیروبۆچوونە کەسانی لایەنگری سەربەخۆیی کوردستانیشی لەژێر چەتری خۆیدا کۆ کردووەتەوە. ئەو بیر و بۆچوونە سەربەخۆخوازانەش، جاربەجار گەیەنراونەتە کۆمەڵگای کوردی و توانراوە پڕوپاگەندەیان بۆ بکرێت. ئەوەش کە لە ڕاستیدا حکوومەتی عوسمانی نیگەران کردووە، بیر و بۆچوونەکانی تایبەت بە سەربەخۆیی کوردستان بووە. دیارە کەمالیەکانیش سەبارەت بەو بۆچوونانە نیگەرانییان هەبوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[251] قۆچگیری، ل٦.

## بەشی سێهەم:

## كاري*ةريي جةن*ي جيرا + لةسةر كۆمة$*ا' كورد' و
## #$ةوي. - جةمعييةتي تةعاليي كوردستان

جەمعییـــەتی تـــەعالیی کوردســـتان، بـــە وردی چـــاودێریی هەڵوێســـتی بەڕێوبەرایـەتی دەوڵـەتی عوسمـانی کـردووە کـە لـە کـاتی یەکـەم جـەنگی جیهانیــدا، لەبەرامبــەر کوردەکانــدا گرتوویەتیەبــەر. هــەروەها بــە وردی چـاودێری ئـەو مـاڵوێرانی و کاولکاریـەی کـردووە کـە ئـەو جەنگـە لەســەر کۆمەڵگای کوردی دروستی کردووە. بەشێکی زۆر لـە ئەندامانی جەمعییـەتی تەعالیی کوردستان، بۆ خۆیان ئەو مەینـەتی و ئازارەیان چەشتووە کە جـەنگ بــە کۆمــەڵگای کــوردی گەیانــدووە. ئــەو ئــازار و مەینەتیانــەش، بوونەتــە سەرچـاوەیەکی سیاسـی و دەروونـی بـۆ گەشەسـەندنی دژایـەتی بەرامبـەر بـە حکوومــەتی عوسمــانی. بــەهۆی ئــەو برســێتی و نەهامەتیــەی کــە تووشــی کۆمەڵگای کوردی بووە، دەتوانرێت بگوترێت کە لە یەکـەم جـەنگی جیهانیدا، هـیچ نەتەوەیـەك بـە ئەنـدازەی نەتـەوەی کـورد، تووشـی کێشـە و گیروگرفـت نەبوە. ڕێککەوتننامەی دابەشکردنی (لۆزان) کە لـە دوای جەنگەکانی تـورك و یۆنان، تورك و ئەرمەنەکان کە پاش یەکـەم جـەنگی جیهانی دەستیان پێکرد، جگـە لـە خراپـی و مـاڵوێرانی، هیچـی دیکـەی بـۆ کوردسـتان نـەهێنا. بـەڵکوو بووەتە هۆی ئەوەی کە خاکی کوردستان دابەش بکرێت.

محەمەدئـەمین زەکـی کـە بـۆ خـۆی ئاگـاداری بـارودۆخی ژیـانی کۆمـەڵگای کـوردی بـووە لـە قۆنـاغی جەنگـدا، وەهـا دەنووسـێت: ((پێویسـتە بـە ئاشـکرا باسی ئەوە بکرێت کە قۆناغی پێش یەکـەم جـەنگی جیهـانی و کـاتی جـەنگ و تەنانــەت لــەدوای جــەنگیش، ئــەو گەلــە غــەیرە تورکانــەی کــە لــە ســنووری

ئیمپراتۆریـــای عوسمانیـــدا ژیـــاون، لـــه نیشـــتمانەکەی خۆیـــان دەرکـــراون. نەخۆشیی گشتگیر لەنێویاندا بڵاو بووەتەوە، بەشێکیان لە برسێتیدا مردوون و وڵاتانی بیانیش هێرشیان کردووەتە سەریان. بەو جۆرە هیچ کاتێك کێشە و بەڵایان لێ دوور نەکەوتووەتەوە. برسی و بێئاو و بێنیشتمان مانەوە. لەنێو هـــەموو ئـــەو خراپانـــەدا، زیـــاتر لـــە هـــەموو کەســـێك کوردەکـــان زیانیـــان پێگەیشـــتووە. ســـاڵی ١٩١٩، کاتێـــك ســـوپای دووەمـــی عوســـمانی خـــۆراك و خواردەمـــەنیی لـــێ بـــڕا، ژمارەیـــەکی زۆر لـــە ســـەرباز و مەدەنیـــە کوردەکـــانی ناوچـــەی دیاربـــەکر و دەوروبـــەریان، بـــەزۆرملێیی ڕەوانـــەی مووســـڵ کـــرد. بەشێکی دیکەشیان بۆ ئەدەنە و حەڵەب دوور خستەوە. بەشێکی زۆریشیان بەدرێژایی ساڵانێك لە برسێتی و نەخۆشیدا، گیانیان لەدەستدا. بە گوێرەی هەندێك لـە شـایەتحاڵەکان، ژمارەیـەکی زۆر لـەو کەسـانەی کـە بـەرەو مووسـڵ بەڕێ کەوتوون، لەڕێگاکان و لە سەر جادە و شەقامەکاندا، بەکۆمەڵ تووشی نەخۆشی بوون و هەندێکیشیان گیانیان لەدەست داوە، ئەمەش وای کردووە دڵـی ئـەو کەسـانەی چـاوی بەمانـە دەکـەوێت، دڵیـان پێیـان بسـووتێت و بەزەییان پێدا بێنەوە))[٢٥٢].

لە کاتی یەکەم جەنگی جیهانیدا، محەمەدئەمین زەکی بەم جۆرە باسی چارەنووسی ٧٠٠ هـەزار کـورد دەکـات: ((لـەکاتی دەسـت پێکردنـی جـەنگ و لەساڵی ١٩١٤ بەدواوە، کوردەکان تووشی زەرەر و زیانێکی گەورە بوون. ئەو کەسـەی توانـای جـەنگی هەبوایـە، یەکسـەر بۆ سـوپایان دەبـرد. ئەوانـەش کـە بەجێمابوون، ژنـان و منـداڵان و پیاوانی پیر بوون، لەبەرئەوەش کـەس ئاگـای لێیـان نـەبوو، تووشـی نەهامەتییـەکی زۆر بوون. سـەرەڕای ئـەوەش، وەك بڵێـی

[٢٥٢] محەمەدئەمین زەکی، ل٢٤.

هیچ نەبوو بێت، حکوومەت باجی زۆری لە خەڵك وەردەگرت. ماڵ و موڵکی خەڵکی دەبرد و تەنانەت بەزۆر چەند سەر ئاژەڵێکی کوردەکانیشی دەبرد کە بۆ گوزەرانی ماڵی خۆیان بەخێویان دەکردن. سوپا چەند ناوەندێکی بڕیاری خۆی لە ئەرزڕۆم و سیواس و شوێنە جۆراوجۆرەکانی دیکە دانابوو. خواردەمەنی و خواردنەوەی خۆی لەسەر پشتی ئەو خەڵکە هەژارە بەدەست دەهێنا. حکوومەتی عوسمانی بەبێ ئەوەی گوێبداتە ئەو هەموو خراپەکارییەی کەوا دەستی پێکردبوو، لەنێو خەیاڵی خۆیدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجی تۆرانێتی هەوڵی دەدا... سەرەتاکانی یەکەم جەنگی جیهانی، گەریلا پێشەنگەکانی سەربازانی ڕووسیا کە زۆرتر ئەرمەنی بوون، زیانێکی زۆریان بە کوردەکان گەیاند. داوبەداوی ئەوە، زوڵم و ستەمی خەلیل پاشا بەرامبەر بە کوردەکان دەستی پێکرد. خەلیل پاشا شانازی بەو زوڵم و ستەمەی خۆی بەرامبەر بە کوردەکان دەکرد. ٧٠٠ هەزار کورد لە کوردستان ناچار کران کۆچ بکەن و بەشێکی زۆری ئەمانەش لە ڕێگاکاندا لە برسێتی و لەبەر نەخۆشی، گیانیان لەدەست دا))[٢٥٣].

بنکەی ژین
www.zheen.org

جەلادەت عالی بەدرخان بەگ بە یەکێك لە نوێنەرانی ڕەوتی نەتەوەخوازیی نوێ و لە کەسە هەڵبژاردە نەتەوەخوازە بورژواکانی کورد لەقەڵەم دەدرێت و لەبنەڕەتیشدا بۆ خۆی کەسێکی زمانزان بووە، کە لە مێژووی کورددا بە کوردۆلۆگێکی مێژوویی کورد ناسراوە. ناوبراو لە ڕۆژانی داوی ئاگربەستدا لە ئەستەنبووڵ بووە و هەستی بەو ئازار و مەینەتیانە کردووە کە تووشی کۆمەڵگای کوردی بوون:

[٢٥٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٢.

((ڕۆژانی دوای ئاگربەست، کاتێك بۆ ئەستەنبوولْ گەڕامەوە، لێکۆڵینەوەیەکم سەبارەت بە کۆچبەران لەنێو تۆمارەکانی بەڕێوبەرایەتیدا کرد و بۆم دەرکەوت ٦٥٠ هەزار کورد، کوردستانیان بەجێ هێشتووە و بەسەر ویلایەتەکانی خۆرئاوای ئەنادۆڵدا دابەش بوون. کاتێك بۆ بەرەی جەنگ دەڕۆیشتم لە ملەکانی تۆرۆسدا، چاوم بەو جەماوەرە کۆچبەرانە کەوتبوو. کاروانی ئەو مرۆڤانەم بینی کە وەك بڵێی لە دەوری یەك کۆ کراونەتەوە. ئەوان لە بارودۆخێکی زۆر زۆر خراپدا، ژیانیان بەسەر دەبرد. بەشێکی زۆر لەو مرۆڤانەی لە نیشتمانەکەی خۆیان دوور خرابوونەوە، لەبەر برسێتی و سەرما و نەخۆشی، لەناو چوون. ساڵی ١٩١٨، لەکاتی گەشتەکەمدا بۆ کوردستان، دیسان کاروانێکی دیکەم لەو مرۆڤانە بینی کە بۆ نیشتمانەکەی خۆیان دەگەڕانەوە. ئەوان پێیان گوتم کاتێك لە نیشتمانەکەی خۆیان دوور خراونەتەوە، ٤٨٥ کەس بوون، بەڵام ئێستا تەنیا ٢٢٥ کەسیان لێ ماوەتەوە. بەڵی حەزرەتی پاشا ئەمە ئامارێکی کەمە سەبارەت بەو کوردانەی کە کاتی جەنگ و لەکاتی دەسەڵاتی ئیتیحادو تەرەقیدا لە کوردستان دوور خراونەتەوە و هەوڵ دراوە بۆ ئەوەی بکرێنە تورك))[٢٥٤].

## چی لە کۆچبەرانی کورد ماوەتەوە؟

| | ئەرزروم | وان | بتلیس (٥٤٩) |
|---|---|---|---|
| ئەدەنە | ١٢٥٠ | ٢٥٠٠ | ٣٥٣٢ |
| ئەنقەرە | ٧٩١٧٣ | ٥٤٩٠ | ٢٥٢٣٥ |
| حەڵەب | ٠ | ٦٧٤٠ | ٢٠٠٠٠ |

[٢٥٤] جەلادەت عالی بەدرخان، نامەیەکی کراوە بۆ حەزرەتی گازی مستەفا کەمال پاشا سەرۆك کۆماری تورکیا، ئەنقەرە، بڵاوکراوەکانی کۆمەڵ، ١٩٧٨، ل٣١.

| | | | |
|---|---|---|---|
| خوداوەندگار (٥٥٠) | ٢٧٦ | ٠ | ٠ |
| دیاربەکر | ٠ | ٢٣٤٠٥ | ٢٢٥٣٥ |
| سووریا | ٠ | ٠ | ٢٧٩ |
| سیواس | ٣٠٠٠٠ | ١٥٠٠٠ | ٤١٦٣ |
| قەستەموونوو | ٩٠٠٩ | ٠ | ٠ |
| قۆنیە | ٠ | ٧٨٢٤ | ١٥٠٠٠ |
| خارپووت | ٠ | ٥٥٣٨ | ١٨٠٠٠ |
| مورسون | ٠ | ٠ | ٠ |
| ئۆرفە | ٨٠٠٠ | ٣٠٠٠٠ | ١٠٧٢٨ |
| ئیزمیر | ١٠٠٠ | ٠ | ٠ |
| ئەسکی شەهیر | ٢٠ | ٠ | ٠ |
| بۆلوو | ٧٣٢ | ٠ | ٠ |
| چەناقەلە (٥٥١) | ٣٦٦٧٢ | ٠ | ٠ |
| قارس (٥٥٢) | ٣١٠٠ | ٠ | ٠ |
| قەیسەری | ١١٦٠٧ | ٠ | ١٢٢٥٠ |
| مەرعەش | ٥٠٠٠ | ٤٨١١ | ٥٠٠٠ |
| نیغدر | ١٢٣٥ | ١٥٠٠ | ١٥٠٠ |
| کۆی گشتی | ١٨٧٤٧٤ | ١٠٢٨٠٨ | ١٢٨٢٢٢ |

بنکەی ژین
www.zheen.org

دوای ئەوەی کە بەبۆنەی دەیەمین ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە، لەڕێی ڕۆژنامەکانەوە لێبوردنێکی گشتی بڵاوکرایەوە، جەلادەت عالی بەدرخان نامەیەکی بۆ مستەفا کەمال پاشا سەر کۆماری تورکیا ناردووە و تێیدا باسی ئەوەی کردووە کە سیاسەتی دەسەڵاتی ئیتیحادوتەرەقی سەبارەت بە کۆچی زۆرەملێی کوردەکان، بووەتە هۆی ئەوەی ڕەوتی کوردایەتی گەشە بسەنێت.

هەروەها باسی ئەوەشی کردووە کە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، وەك کاردانەوەیەك لەبەرامبەر ئەو سیاسەتە، هاتووەتە ناو ژیانی سیاسی کوردەکانەوە: ((حکوومەتی ئیتیحادو تەرەقی بەبێ ئەوەی لەپلانەکانی خۆیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، لەناوچوو. ئەو کۆچی زۆرەملێ و کوشت و کوشتارەی کە لەدژی کوردەکان دەستی پێکردبوو، نەبووە هۆی ئەوەی ڕەوتی کوردایەتی لەناو ببات. بەپێچەوانەوە، ئەو زوڵم و ستەمانەی کە لە قۆناغی جەنگدا لە کوردەکان دەکران، بوونە هۆی ئەوەی کە ڕەوتی کوردایەتی بەخێرایی گەشە بسەنێت و فراوانتر بێت. ئیرادە و ویستی وەك (کورد مانەوە) و (کورد ژیان) کردن لە کوردستان بەهێزتر بوو. هەرچی دەهات، ئەم ویست و ئارەزوەش بە شێوەیەکی بەهێزتر و باشتر دەهێنرایە سەر زمان))[٢٥٥].

کاتی یەکەم جەنگی جیهانی، دەسەڵاتی ئیتیحادو تەرەقی دەیویست پلانەکانی خۆی سەبارەت بە کوردەکان لەڕێگای بەڕێوبەرایەتی گشتی خێڵ و کۆچبەرانەوە جێبەجێ بکات. کەسێك بەناوی "شوکری قایا" کرابووە بەڕێوبەری ئەو دەزگایە کە دواتر لە سەردەمی حکوومەتەکەی مستەفا کەمال پاشادا پۆستی وەزیری ناوخۆی وەرگرتبوو))[٢٥٦].

((... لەنێو ڕێنماییەکانی بەڕێوبەرایەتیی گشتیی کۆچبەراندا کە لە سەردەمی حکوومەتەکانی ئیتیحادو تەرەقیدا دامەزاروە، باسی ئەوە کراوە کە پێویستە کوردەکان لە چەك دابماڵرێن و بەشێوەی گرووپی بچووك بچووك ڕەوانەی ناوچەی دیکە بکرێن. دەبێ ئەمەش بە جۆرێك بێت کە ئەو

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[٢٥٥] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٢٥٦] بۆ زانیاری و وردەکاریی زیاتر سەبارەت بە سیاسەت و ڕەفتارەکانی جەمعییەتی ئیتیحادوتەرەقی دەرهەق بە کوردەکان لە قۆناغی یەکەم جەنگی جیهانی و کردەوەکانی حکومەتەکەی، سەیری قوتلای، A، G، E، E، مالمیسانژ، عەبدوڵا جەودەت... بکەن.

شوێنانەی کوردەکانی بۆ دەنێردرێت، نفووزی غەیرە کوردی تێدا زۆرتر بێت و کوردەکان تەنیا لەسەددایەکی ئەو ناوچانە پێك بهێنن و کارێك بکەن ئەوان بە هیچ شێوەیەك نەگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. هەروەها سەرۆك خێڵە کوردەکان و سەرکردە و پیاوانی ئاینی و خاوەن کاریگەریی کوردیش، لەو جەماوەرانە دوور بخرێنەوە. ئەم ڕێنماییەش بەڵگەیەکی ئاشکرایە سەبارەت بە نیازخراپیەکەی جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقی سەبارەت بە کوردەکان. ساڵانی دواتر و لەکاتی کۆماریشدا، هەر ئەو شێواز و سیاسەتەی جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقی بەرامبەر بە کوردەکان، جێبەجێ کرا))[٢٥٧].

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و گۆڤاری ژین، هەموو کاتێك گرنگییان بە بارودۆخی کۆچبەرانی کورد داوە و ئازار و مەینەتیەکانی ئەوانیان باس کردووە. ئەو خراپی و ماڵوێرانیانەی کە بەهۆی جەنگەوە لە کوردستان ڕوویان دەدا، لە گۆڤاری "ژین"دا هێنراونەتەوە سەر زمان و باس کراون. کەسێك بە ناوی "ڕەمەزانی هەکاری" لە نووسینێکی خۆیدا بەناوی (کۆچبەرانی کورد لە چ بارودۆخێکدان؟)ەوە، لە گۆشەیەکی "نامەی خوێنەر" ناودا بەمجۆرە باسی کۆچبەرانی کوردی کردووە: ((... لە خزمەکانمان "تەیا خورشید" و "ئیحسان" و "مەحمەد بەگ" ماونەتەوە و سڵاویان بۆت هەیە. هەرچەندە ئیحسان بەگی برام لە بەهارەوە بۆ نیشتمان گەڕاوەتەوە، بەڵام هێشتا نازانم لەکوێیە؟ "ڕەسوڵ بەگ" و "قادر بەگ" کۆچی دواییان کرد. "عوسمان بەگ"ی براشی لەلای "چەتۆ ئاغا"ی سەرۆکی خێڵی "ئۆرامار"ە. لە خێڵەکەی "سەعدی بەگ" تەنانەت یەك کەسیش نەماوەتەوە. کوڕە بچووکەکەی "عوبەیدوڵڵا بەگ"یش کۆچی دوایی کردووە. لە هەموو خەڵکی

---

[٢٥٧] قوتلای، ل٦٤.

گوندەکەمان، تەنیا سیازدە کەس ماونەتەوە. ئێستاش لەبەر زستان ناتوانین بــۆ شــوێنەکەی خۆمــان بگەڕێینـــەوە، بەناچــاری هـــەتا بـــەهار لێـــرە دەمێنینەوە))[٢٥٨].

گۆڤاری ژین لە نوسینێکی خۆیدا لە ١٣٣٥/١٢/١٥دا، باسی ژمارەیەك کورد دەکات، کە بەهۆی جەنگەوە، لە ناوچەکانی ئەرزڕۆم و وان و بتلیس کۆچیان کــردووە. هــەروەها زانیاریمــان دەربــارەی ئــەو شــوێنانەش کــە ئــەوان بــۆی ڕۆیشــتوون پــێدەدات: ((چــی لـــە ویلایەتـــەکانی وان و ئـــەرزڕۆم و بتلـــیس ماوەتــەوە؟ خەڵکەکــەی چــییان لــێ هــات؟ ئیســتا ســەبارەت بــە بــارودۆخی کۆچبەرەکانمان لەو شوێنانەی کەوا لێی دەژین، زانیاریتان پێدەدەم. ئاستی ئەو زوڵـم و ستەمەی کـە لـە خەڵکـە بێچارەکانی ئـەو ویلایەتانـە کـراوە، لـەو ئامارانەوە دەست دەکەوێت کە لەبەردەست دان. بەشێکی زۆر لەو کەسانەی کە خاوەن کێڵگە و لە کوردستان کەسانی موڵکدار بوون، ئێستا نابووت بوون و هەندێکیشـیان بـۆ دەرهێنـانی نـانی ڕۆژانـەی خۆیـان، جگـەرە دەفرۆشـن. لـەم کاتانـەی دواییشـدا، پـارەی ڕۆژانەیان لـە بەشێکی زۆر لـەو کۆچبەرانە بڕیـوە، ئەوانیش جگە لەوەی چاوەڕوانی مەرگی خۆیان بکەن، هیچ چارەیەکیان نییە)).

ڕۆژانی یەکەم جەنگی جیهانی، کۆچێکی گەورە لە کوردستان ڕووی دا. بەشێکی زۆر لە کوردەکان بوونە کۆچبەر و ئەمەش بابەتێکی جێی سەرنجی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و گۆڤاری ژیـن بـووە. لەڕاسـتیدا ئـەو کـۆچ پێکردنـە ئـەنجامی سیاسـەتی جەمعییـەتی ئیتیحـادو تـەرەقی و سیاسـەتی نەژادپەرستی حکوومەتە تورکەکان بوون: ((ئەو حکوومەتە ویستوویە خەڵکی

---

[٢٥٨] ژین، ل٨، ٩ی کانوونی دووەمی ١٣٣٥، ل٨.

کورد لە ناوچە کوردنشینەکان دەر بکات و لەجیاتیی ئەوان، تورکەکانی لیٚ نیشتەجیٚ بکات))[259].

عەبدولڕەحیم ڕەحمی، یەکێك لە ئەندامانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و نووسەرانی گۆڤاری ژین، لە نووسینێکی خۆیدا بەناوی (کۆچبەرانی کورد لە چ بارودۆخێکدان؟) باسی بەسەرهات و ژیانی کوردەکان دەکات: ((لە بەسەرهاتەکانی کام نەتەوەدا، ئەوە هەیە کە لە گوندێکی سەدوبیست ماڵیدا، تەنها دە کەس بمێنێتەوە؟ ئەمانە چییان لیٚ هات؟ بۆچی لەناوچوون؟))[260].

مەحموود نەژاد شاعیری سلێمانییەیی لە شیعرێکی خۆیدا بەناوی (هەستەکانی منداڵێکی کورد) بەمجۆرە باسی ئازار و مەینەتیەکانی کۆچبەرانی کورد دەکات. لەو شیعرەدا کە بە وتەی "بۆ کوردستانی خۆشەویستم" دەست پیٚدەکات، لە زمانی منداڵێکی کوردەوە باسی بەسەرهاتەکانی کۆچبەرانی کورد دەکات:

((ئاخ ئەی نیشتمان، ئەی مەیدانی خەم کە خوێناوی کراویت
ئەی ئەو دایکەی کە خەمناکی و منداڵەکەت لەدەست چووە
ئاخ هەموو خەیاڵم هاتن و ڕاکردن بوو بۆ لای تۆ
بەڵام ئێستا زستانە و ناتوانم بێم
بەبیٚ ئەوەی پێت بگەم، بمرم و جەستەم لە شاخەکان بمێنێتەوە
با هەموو شەوان و بەیانیانێك بۆنی نیشتمان بکات))[261].

عەبدولڕەحیم ڕەحمیش لە شیعرێکی خۆیدا بەناوی "ناڵە و هاواری منداڵێکی هەتیوی کورد" بەمجۆرە باسی نەهامەتی ئەو کۆچبەرانە دەکات:

---

[259] بۆز ئارسلان، ل٥١.

[260] ژین، ژمارە ٨، ل٦.

[261] ژین، ژمارە ٨، ل١١.

ئەو مامە سیوی، بێداو بابم
خانیێ من سۆتن ئەز ماڵ خەرابم
بابی من کوشتن بێدین، کوفاران
موحتاجم ئیرۆ دەستی نەیاران
گورگیت دووپێ هاتن کەتنە گریان
موهاجرم ئەز وی کەتمە دەریان
نانك دخازم ژبۆ وەژینی
ڕەحمێ بەمە ناکن ژ غەیر کینی))[٢٦٢].

کەمال فەوزی گرنگی بە بارودۆخی کۆچبەرانی کورد داوە و لە گۆڤاری ژینیشدا نووسینی لەسەر ئەوان بڵاو کردووەتەوە: ((لەکاتێکدا کچانێك هەبوون لە ماڵەکانی ئەستەنبووڵ و لەنێو کۆشکە سپیەکاندا، خواردنەوەیان دابەش دەکرد، دایکانێك هەبوون لە ڕێگا سەخت و بەفراویەکانی قەفقازدا، منداڵەکانیان لەسەر مەمکەکانی خۆیان دەخەواند و منداڵەکانیش مەمکی دایکیان دەمژی و لە برسییێتیدا دەگریان. منداڵانێکی هەتیو و بێخاوەن هەبوون، تەنانەت کەسانێکیش نەبوون سەرێکیان لێ بدات، ئەوانیش لەو سەرما و بێچارەییەدا، کۆچی دوایی‌یان دەکرد و بۆ دنیاکەی دیکە دەڕۆیشتن. پیاوانێکی پیر هەبوون لە برسێتی و ماندوێتیدا، لەڕ و لاواز بووبوون. ئەوان دوایین هەناسەکانی ژیانی خۆیان هەڵدەکێشا و لەپێناوی بەدەستهێنانی پاروویەکدا، تەمەنی خۆیان لەدەست دەدا. ئەو کاروانی مرۆڤانە کە لەڕێگا سەخت و بەفراویەکاندا دەڕۆیشتن، وەك قۆچی قوربانییان لێ کرابوو و بارودۆخەکەیان وای لێ هاتبوو ئاواتی مەرگی خۆیان دەخواست و بەو جۆرەش گیانی خۆیان تەسلیمی بەفر و مەزارە ساردەکان دەکرد))[٢٦٣].

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، بە وردی ئاگای لە بارودۆخی ئەو کوردە دوورخراوانە بووە کە سەدان کەسیان لە ڕێگاکاندا لەناوچوون. هەوڵیشیان

[٢٦٢] ژین، ژمارە ١٥، ١٥ی شوباتی ١٣٣٥، ل١٢.
[٢٦٣] ژین، ژمارە ١٤، ل٣- ٥.

داوه لەڕێی ئەو نووسینانەی کە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا سەبارەت بە دوورخراوەکانی کورد نووسیویانە، حکوومەت لە بارودۆخی ئەوان ئاگادار بکەنەوە. لە نووسینێکدا کە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاو کراوەتەوە، ویستراوە سەرنجی وەزیری ناوخۆ بۆ بارودۆخی ژیانی کوردە دوورخراوەکان ڕابکێشرێت: ((کاتێك باسی کۆچی زۆرەملیٚ دەکەین، ئەوە تەنیا تایبەت بە ئەرمەنەکان نییە. ئەگەر کۆچی زۆرەملێی ئەرمەنەکان تەنیا جارێك ڕووی دابێت، ئەوا کوردەکان چەندین جار ڕووبەڕووی ئەو سیاسەتە بوونەتەوە. نامەوێت سەبارەت بە کۆچی زۆرەملێی کوردەکان سەرتان بئێشێنم. بەڵام دەمەوێت تەنیا باسی دوو ماددەی ڕێنماییەکانی بەڕێوبەرایەتیی گشتیی کۆچبەران بکەم کە بڵاویان کردووەتەوە. ماددەی دوانزە: کوردەکان دەکرێنە جەماوەر و کاروانی بچووك بچووك و چەکەکانیان لیٚ دەسەندرێتەوە و ڕەوانەی هەندێك ناوچەی جیا دەکرێن، ئەمەش بەجۆرێك دەبێت کە ژمارەی کورد لەو ناوچانەدا لەسەددا پێنجی دانیشتوانی ناوچەکە تێپەڕ نەکات... و... و سەرکردە و پیاوانی ئاینی و خاوەن نفووزی کورد لەگەڵ کەسانی دیکەدا دوور دەخرێنەوە، بەڵام کاتێك گەیشتنە شوێنەکانی خۆیان، ئەوان جیا دەکرێنەوە و لەژێر چاودێریی حکوومەتدا دەمێننەوە))[٢٦٤].

کۆچبەرانی کوردیش بۆ ئاگادارکردنەوەی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە بارودۆخی خۆیان، بەردەوام نامەیان بۆ ئەو ڕێکخراوە ناردووە. کەسێکی "عەرەب" ناو، بەناوی دوورخراوەکانی ئەرزڕۆمەوە، لە کەچی بۆلوو، هەروەها کەسێکی دیکەش بەناوی "نەقیب یووسفی حەیدەرانلی" بەناوی کۆچبەرانی وانەوە، نامەیان بۆ جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ناردووە و بەمجۆرە باسی

[٢٦٤] کوردستان، ژمارە ٥، ڕەجەبی ١٣٣٧، ل٤٥- ٤٧.

بارودۆخی خۆیان دەکەن: ((ئەمە چوارەم جارە کە سەبارەت بە بارودۆخی خۆمان سکالاّ دەگەیەنینە ئێوە. ئەگەر نەتوانین ببینە هۆی ئەوەی کە سەرنجتان ڕابکێشین و کارێك بکەین کە بەزەییتان پێماندا بێتەوە، بزانن کە هۆکاری ئەمە، تەنیا کوردایەتیە. ئایا کوردەکان خزمەتی گەورەیان بە دەوڵەتی گەورەی عوسمانی نەکردووە؟ لەکاتێکدا کە لەتێپەڕبوونی ئەرمەنەکاندا، پشـوودان و شێوازی تێپەڕبوونی باش (و...) زۆر بەباشی ڕەچاو کراوە، ئێمەیان هەروا بەحاڵی خۆمانەوە بەجێهێشتووە و لەبرسێتی و بێچارەیی و بێ جلوبەرگیدا ماوینەتەوە و تاکەکانی بنەماڵەکانمان لەنێو کۆڵانەکاندا پشوودەدەن...

دواین داواکاریمان: یان ئەوەیە کە بمانگەڕێننەوە بۆ ئەو وڵاتەی خۆمان کە خەریکە لەناودەچێت، یان بەشێوەی کاتی لێرە کێڵگە و ئاژەڵ و دانەوێڵەمان پێبدەن تا بتوانین خۆمان بژێنین و لەشوێنێکدا نیشتەجێبین. بەردەوام باسی ئەوە دەکەین کە بارودۆخمان زۆر خراپە و خەریکین دواین هەناسە هەڵدەکێشین و گیان دەدەین، بۆیە پێویستە بەزەیتان پێماندا بێتەوە))[٢٦٥].

ڕۆژنامەی "سەربەستی" کە لە ئەستەنبووڵ بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بەو کوردانەی کە بەزۆرەملێ لەناوچەکانی بۆردور و ئیسپارتا جێگیر کراون، لیستێکی بڵاو کردووەتەوە[٢٦٦].

## کوردە کۆچبەرەکانی سنجاقی بۆردور: سەرۆك خێڵەکان

| | | |
|---|---|---|
| تاقمی عەبدوڵڵا ئاغا لە ناودارانی ناوچەی وان | خێڵەکەی | ٣٠٠ |
| تاقمی قاسم ئاغا لەناودارانی ناوچەی وان | خێڵەکەی | ١٩٠ |

[٢٦٥] مالمیسانژ، ل٦٦.

[٢٦٦] سەربەستی، ٣٠ی نیسانی ١٩١٩.

| | | |
|---|---|---|
| تاقمی شێخ حەمزە لەناودارانی ناوچەی وان | خێڵەکەی | ١٢٥ |
| تاقمی محەمەد ڕەشید کە لە زانایانی ناوچەی بتلیس بووە | | ١٣٠ |
| تاقمی نەجمەدین ئەفەندی لە ناودارانی ناوچەی مووش | | ١٥٠ |
| تاقمی جەعفەر بەگ لە ناودارانی ناوچەی موش | | ١٥٠ |
| تاقمی مستەفا ئەفەندی لە ناودارانی ناوچەی موش | | ١٠٠ |
| تاقمی قوتاس ئاغا لە ناودارانی ناوچەی وان | | ٢٧٠ |
| تاقمی ئیسماعیل ئاغا لە ناودارانی ناوچەی وان | | ١٣٠ |
| تاقمی ئەحمەد ئاغا لە ناودارانی ناوچەی وان | خێڵەکەی | ١٠٠ |
| تاقمی کامیل ئاغا کە لە ئەفسەری خێڵەکانە | | ١٠٠ |
| تاقمی یووسف ئاغا لە ناودارانی ناوچەی وان | خێڵەکەی | ٦٠ |
| تاقمی جندی ئاغا لە ناودارانی ناوچەی وان | خێڵەکەی | ٧٠ |
| تاقمی جەعفەر ئاغا لە ناودارانی ناوچەی وان | خێڵەکەی | ١٠٠ |
| تاقمی ئەحمەد ئاغا لە ناوچەی بتلیس | | ١٠٠ |
| چەند خێزانێکی تر | | ٥٠٠ |

**کۆچبەرانی کورد لە سنجاقی ئیسپارتە:**

| | |
|---|---|
| تاقمی نەسرەدین ئەفەندی لە ناودارەکانی ناوچەی بتلیس | ٤٧٧ |
| تاقمی مەلاسەعید ئەفەندی لە ناودارەکانی ناوچەی بتلیس | ٨٠ |
| تاقمی بورشەن ئاغا لە ناودارەکانی ناوچەی بتلیس | ١٢٥ |
| تاقمی سەعدون ئاغا لە ناودارەکانی ناوچەی بتلیس | ٨٠ |
| تاقمی مەلا محەمەد ئەفەندی لە زانایانی ناوچەی بتلیس | ١١٠ |
| تاقمی رزوان ئاغا لە ناودارانی ناوچەی ئەرزڕۆم | ١٥٠ |

| | |
|---|---|
| تاقمی ئەرەب ئاغا لە ناودارانی ناوچەی ئەرزڕۆم | ١٣٠ |
| تاقمی شێخ مەحمودئەفەندی لەناودارانی ناوچەی ئەرزڕۆم | ٢٠٠ |
| تاقمی نەقیب یووسف ئاغا کە یەکێك بووە لە ناودارانی ناوچەی وان و ئەفسەری خێڵەکان بووە. | ٣٦٠ |
| تاقمی یەس ئاغا لە ناودارانی ناوچەی وان | ٩٠ |
| تاقمی مەلا محەمەد ئەفەندی لەناودارانی ناوچەی موش | ٨٠ |

کۆی گشتی ٤٦٤٧

مەحموود عوسمان بەدرخان لە نووسینێکی خۆیدا بەناوی (کۆچبەرانی کورد چیان بەسەردێت؟) ەوە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا، بەمجۆرە باسی بارودۆخی ژیانی کوردە کۆچپێکراوەکان دەکات: ((لەم بەهارەدا، خانەکانی ئەنقەرە و قۆنیا و سیواس و مووسڵ، لەنێو گەوڕ و لەسەر داروپەردوویماڵەکانی خۆیاندا دەست بە هاوار و ناڵە ناڵ دەکەن. شێخ و زانا و خانەدان و ئەو سەرۆکانەی کە هەموو ڕۆژێك سەدان کەس لەسەر خوانی ئەوان تێری دەخوارد و لە دیوەخانەکانی ئەواندا پشوویان دەدا، ئێستا لەو شوێنانەی کە کۆچیان بۆ کردووە بەدوای پاروویەك ناندا دەگەڕێن، دەست بۆ هەموو مرۆڤێکی هیچ و پووچ و تەنانەت دوژمنێکی بێنرخیش، درێژ دەکەنەوە. ڕۆژنامەنووسە بەگ ئەفەندییەکان کە هەموو ڕۆژێك دروشمی (کردەوەمان دەوێت، کردەوەمان دەوێت)یان دەوتەوە و داوای ئەوەیان دەکرد کە بەرپرسانی ئیتیحادوتەرەقی و بەرپرسانی دیوانی حەربەکان، لە مەیدانی سوڵتان ئەحمەددا، لەسێدارە بدرێن، کەی واز لە تورکایەتی دەهێنن و باسی ئەو کوردانە دەکەن کەوا ناحەقییان لەبەرامبەردا کراوە))[٢٦٧].

[٢٦٧] کوردستان، ٢٢ی نیسانی ١٩١٩، ل٦٢.

کوردستان بەتەواوی بووبوو بە مەیدانی جەنگ. لە وڵاتی کوردەکاندا، دەوڵەتی عوسمانی و سوپای وڵاتانی ڕووس و ئینگلیز، نائارامیەکی زۆریان دروست کردبوو، بووبوونە هۆی ئەوەی کە جەماوەرێکی فراوان لەو خەڵکە، بەناچاری لە نیشتمانەکەی خۆیان کۆچ بکەن و بڕۆن. هەر لەسەرەتاوە، کۆمەڵگای کوردی کەوتە نێو بەرەی جەنگەوە[٢٦٨].

نیشتمانی کوردەکان بووبووە مەیدانی جەنگێکی بەرفراوان. سوپای وڵاتانی عوسمانی و ڕوس و ئینگلیز، بۆ ماوەی چوار ساڵ لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا، ڕووبەڕووی یەك بوونەتەوە و شەڕی قورسیان لەگەڵ یەکتردا کردووە. بەهۆی ئەو جەنگانەوە، کوردستان تووشی شکستێکی گەورە بوو. خەڵکی کوردیش ئازار و مەینەتییەکی زۆری چێشت. لە کۆمەڵگای کوردیدا، ماڵوێرانی و ماڵکاولییەکی گەورە ڕووی دا و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکیش، گیانیان لەدەست دا. ژمارەیەکی زۆر لە منداڵانی کورد کە هێشتا لە سەرەتای تەمەنی لاوێتی خۆیاندا بوون، بۆ سەربازی بران و لەجەنگەکاندا گیانیان سپارد. سوپای نۆیەم لە ئەرزڕۆم و سوپای دەیەم لە سیواس و سوپای یانزەیەم لە ئەلازیغ و سوپای دوازدەیەم لە مووسڵ، بەشێوەیەکی فراوان لە کوردەکان پێك هاتبوون. ئەمە بەجۆرێك بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرەکانیشی هەر کورد بوون. سوارەکانی سوپای حەمیدییەش کە لە کوردەکان پێکهاتبوو لە بەرە جۆراوجۆرەکانی جەنگدا،

---

[٢٦٨] بۆ وردەکاری زیاتر سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان لە قۆناخی یەکەم جەنگی جیهانی و پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن، هەروەها کاریگەرییەکانی جەنگ لەسەر کۆمەڵگەی کوردی، بڕوانە: دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان و قەتڵوعامی ئەرمەنەکان لە کاتی یەکەم جەنگی جیهانیدا، ستۆکهۆڵم، خانەی بڵاوکردنەوەی کوردستان، ١٩٨٦، چاپی یەکەم، وەرگێڕانی مستەفا دوزگوین.

جـێگیر دەکـران و ئـەوانیش ژمارەیــەکی زۆریــان لــێ کـوژرا. خــەڵکی کــورد، لەماوەی ساڵانی جەنگدا، تووشـی زۆری و زەحمەتییـەکی فراوان بـوو، ئازار و زەحمەتیـەکی زۆری چەشـت. لـەماوەی نێـوان سـاڵانی (١٩١٤-١٩١٨)دا، هـەر لایەکی کوردستان بووبوو بە مەیدانێکی گرنگی جەنگ. سوپاکانی عوسمانی و ئینگلیــز و ڕووس و هێــزە خێڵەکیــەکانی کــورد و بەرپرســانی ئــەڵمانی، هەریەکە و لەلایەکەوە بوونە هۆی ئەوەی کە گوندییەکانی کوردستان و لاوانی کورد کـە بـۆ سـەربازی برابوون، بـەجۆرێك لـەجۆرەکان، گیـان لەدەسـت بـدەن و بمرن. وا لە کوردستان کرا بۆ هەر جۆرە فشارێکی ئابووری و سیاسـی، کـراوە بێت. ئاگری یەکەم جەنگی جیهانی ماڵی کوردەکانی گرتەوە و کێشـەکانی ئـەو جەنگەش، بەرۆکی کوردسـتانی گـرت: ((خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـت و خۆرهـەڵاتی دوور، بووبــووە مەیــدانی ململانێــی وڵاتــە گــەورەکان، بەتایبــەتی بریتانیـا و ڕووســیا و فەڕەنســا و ئــەڵمانیا. کوردســتانیش وەك بەشــێکی گــرنگ و ستراتیژی ئەم ناوچەیە، بەر لـە جـەنگ و دوای جـەنگیش، شوێنێکی تایبـەتی لە پلانی ئەو زلهێزانەدا هەبوو. بەر لە دەستپێکردنی یەکـەم جـەنگی جیهـانی، بریتانیا و ڕووسیا و فەڕەنسا، هەریەکە لـەلای خۆیـەوە، هـەوڵێکی زۆری دا بـۆ ئـەوەی پێگـەی خۆیـان لـە کوردسـتان بـەهێز بکـەن و بـازاڕی کوردسـتان لەگـەڵ بازاڕەکــەی خۆیانــدا، یەکبخــەن و دەســت بەســەر دەوڵەمەنــدیی و ســامانە سرووشتیەکانیدا بگـرن. یـەکێك لـە هۆکـارە گـەورەکانی بەشاراوە هێشـتنەوەی ئەمەش، هەبوونی نەوت بوو))[٢٦٩].

یەکـەم جـەنگی جیهـانی و ئـەو کێشـانەی کـە دروسـتی کـردن، ئاسـتەنگی گـەورەیان لەبـەردەمی گەشەسـەندنی نەتـەوەی کـورد و پێشـکەوتنیدا دروسـت

[٢٦٩] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

کرد. هەروەها بوونە ڕێگر لەبەردەمی قوڵبوونەوەی تێکۆشانی نەتەوەییی کوردەکاندا. بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە کۆمەڵگای کوردی لە قۆناغی جەنگدا وازی لە تێکۆشان هێنابێت. کوردەکان تەنانەت لە قۆناغی جەنگیشدا، هەل و دەرفەتی ئەوەیان دۆزییەوە تا داواکارییە نەتەوەییەکانی خۆیان بهێننە سەر زمان: ((سەرەڕای ئەوەی کە قۆناغی بەر لەجەنگ، چەکیان دا بە دەست ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی کورد و ڕەوانەی مەیدانەکانی جەنگیان کردن وجەمعییەتە سیاسیەکانی کوردیشیان قەدەغە کرد، بەڵام بەوەشەوە نەیانتوانی تامەزرۆیی جەماوەری خەڵکی کورد بۆ ئازادی لەناو بەرن، بەڵکوو تەنیا توانییان تۆزێك دەنگ و هاواری کوردەکان بۆ ئازادی کپ بکەنەوە. سەرەڕای ئەمە، ئەوەش دەزانرێت کە لە قۆناغی جەنگدا، نائارامییەکان بە ئاسانی لە بەشێکی زۆری ناوچەکانی کوردستاندا گۆڕاون و بوونەتە ڕاپەڕینی چەکداری. ساڵی ١٩١٥، خەڵکی بۆتان لەدژی سوڵتانەکانی عوسمانی ڕاپەڕین و دەستیان دایە چەك بۆ بەرگریکردن لە خۆیان))[٢٧٠].

سەرەڕای ئەوەی کە جەنگ کاریگەریی لەسەر ڕێکخستنی داواکارییە نەتەوەییەکانی کورد هەبوە، برسێتی و قەتڵوعامیش برینی زۆر قووڵیان لە جەستەی کۆمەڵگای کوردیدا دروست کرد، بەڵام تێکۆشانی سیاسی و ئازادی ساڵانی یەکەم جەنگی جیهانیش درێژەی پێدراوە. ڕق و نەفرەتی خەڵك بەرامبەر بە دەسەڵاتی عوسمانی، زۆرتر بوون و هەستە نەتەوەییەکانیش زیندوو بوونەوە. لەڕووی دەروونییەوە، ساڵانی جەنگ ئەو کاریگەرییەی لەسەر خەڵکی کورد دانا کە ئیتر لەوەبەدوا بۆ عوسمانیەکان نەجەنگن. جەنگ نەبوە هۆی ئەوەی هیچ گۆڕانێك لە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانیدا سەبارەت بە کورد

---

[٢٧٠] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩.

و کوردستان دروست ببێت، هەروەها سیاسەتی گوشاربۆهێنان و تواندنەوەی کوردەکان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، بەبێئەوەی بگۆڕێت، بەردەوام بوو. دەسەڵاتی تورك ساڵانی کۆتاییی جەنگ، فەرمان و ڕێنماییی تایبەتی سەبارەت بە کوردەکان دەر دەکرد و دەیویست ژمارەی کورد لە کوردستان کەم بکاتەوە. کوردەکان بۆ گوندە تورکنشینەکان لە خۆرئاوای ئەنادۆڵ کۆچیان پێدەکرا، بە مەرجێك ڕێژەی کورد لە ٥٪ تا لە ١٠٪ تێنەپەڕێت. هەر لە سەرەتاکانی جەنگەوە، سوپای عوسمانی بە بیانووی شەڕ و ئاژاوەوە، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشوانی مووش و بتلیس و دیاربەکری لە شوێنەکانی خۆیان دەر کردبوو. هەر لەو قۆناغەدا بوو کە نزیکەی ٧٠٠ هەزار کەس لە دانیشتوانی کورد، لە کوردستان دوور خرانەوە. زۆربەی ئەمانە لە ڕێگاکاندا لەبەر برسێتی یاخود نەخۆشی و سەرما، گیانیان لەدەست دا. لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر کەم لەو مرۆڤانە –ئەویش دوای جەنگ– توانییان بە سەلامەتی بگەنە ئەو شوێنانەی کە بۆیان دیاری کراوە تا لێی نیشتەجێ بن. ئەوانیش ڕووبەڕووی ژیانێك بوونەوە کە پڕبوو لە نەخۆشی و بێکاری و برسێتی و کەسیش لێی نەدەپرسینەوە. ژمارەیەکیشیان بەهۆی ئەو هەلومەرجانەوە گیانیان لەدەست دا))[٢٧١].

بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی مووسڵ و بتلیس و دیاربەکر کە نیشتەجێکردنی زۆرەملێ دەیگرتنەوە، بەبێ گوێدانە زستان و هاوین، لە ڕێگاکانی مووسڵ و حەڵەب، لە دەشت و چۆڵەوانیەکاندا، ژیانیان بەسەر دەبرد. سەدان هەزار کوردستانی بوونە قوربانی جەنگ. مێژوونوسی کورد محەمەدئەمین زەکی، باسی ئەوە دەکات کە نیوملیۆن کورد، لە قۆناغی جەنگدا، گیانیان لەدەست داوە[٢٧٢].

---

[٢٧١] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨.

[٢٧٢] محەمەدئەمین زەکی، ل٣٨٠.

ئەوەی ڕاستی بێت، ژمارەی قوربانیەکان لەوە پترە. دکتۆر لازاریف کە بە کەڵك وەرگرتن لە ئەرشیڤەکانی قۆناغی قەیسەری لە ڕووسیا، لێکۆڵینەوەی گرنگی لەسەر کوردەکان ئەنجام داوە، باسی ئەوە دەکات لە قۆناغی جەنگدا، ژمارەیەکی زۆر لە بنەماڵە کوردەکان کە نزیکەی بیست تا سی کەس بوون، تەنیا سێ تا چوار کەسیان لێ ماونەتەوە[٢٧٣].

بەگوێرەی نووسینێکی حەیدەریزادە ئیبراهیم کە لە گۆڤاری "ژین"دا بلاوی کردووەتەوە و پشتی بە ڕوونکردنەوەی ڕۆژنامە ڕووسیەکان بەستووە، ژمارەی قوربانیەکانی کوردستان لە قۆناغی جەنگدا، ٨٠٠ هەزار کەس بووە[٢٧٤].

لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگدا، پێکهاتەی ئابووریی کوردستان تووشی دارمان و ڕووخانێکی گەورە بووە. گەنجە کوردەکان و ئەو پیاوانەی کە ئیشیان دەکرد، یان ڕەوانەی مەیدانی جەنگ دەکران، یاخود بۆ شاخەکان هەڵدەهاتن. سوپای عوسمانیش بە بیانوی جەنگەوە، ئاژەڵی گەورەی خەڵکی کوردی بۆ خۆی دەبرد. دانەوێڵەیەکی کەم کە لەو قۆناغەدا لە کوردستان بەرهەم دەهات، لەلایەن سوپای عوسمانییەوە زەوت دەکرا و ئەوانەش کە بیانویستایە دانەوێڵەکانیان بە سوپای عوسمانی نەدەن، ڕووبەڕووی مەترسی دەبوونەوە و کێشە و گیروگرفتیان بۆ دروست دەکرا. قاتوقڕی و گرانییەکی بێوێنە لەوکاتەی کوردستاندا دەستبان پێکردبوو. گوندنشینەکان و ئەو گەنجانەی کورد کە بۆ چیاکان چووبوون، بۆ ئەوەی نەمرن گیایان دەخوارد. لەتێك نان و مشتێك فاسۆلیا بووبوو بە دەرمان... تەنانەت لاشەی ئاژەڵە تۆپیوەکانیش دەست نەدەکەوت))[٢٧٥].

---

[٢٧٣] مەزهەر ئەحمەد، ل٤٨.

[٢٧٤] ژین، ژمارە ١، ٧ی تشرینی دووەمی ١٣٣٤، ل٤.

[٢٧٥] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩.

یەکەم جەنگی جیهانی کە چوار ساڵی خایاند، جگە لە مەرگ و برسێتی و لەناوچوون و کۆچی زۆرەملێ، هیچ شتێکی دیکەی بۆ کورد و کوردستان نەهێنا. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی دووردا، هیچ گەلێك بە ئەندازەی کورد و ئەرمەن و ئاسووری لە قۆناغی جەنگدا، ئازار و مەینەتیان نەچەشتووە و ئەوەندە پەرێشان و دەربەدەر نەکراون[٢٧٦].

کوردەکان بەهۆی یەکەم جەنگی جیهانی و ئەو جەنگەوە کە لەمێژوودا بە تراژیدیای "ساری قامیش" تۆمار کراوە، تووشی زیانێکی گەورەی مرۆیی بوونەوە. قارەمان و قوربانیەکەی تراژیدیای ساری قامیش، سوپای سێەم بووە کە بەر لە جەنگ لە لقەکانی چوار و پێنج و شەش پێك هاتبوو. سوارەکانی سوپای حەمیدییە و سوارە خێڵەکییە یەدەگەکانی کوردیش، وابەستەی ئەو هێزانە بوون. دەستەیەکی ئەو هێزانە، لە خنس و دەستەیەکی دیکەشیان لە قەرەکوێی بوون[٢٧٧].

سێهەم هێزی سوارەی یەدەگی خێڵەکی کوردی لە (ئەرجیش) بوو، بەشێکیشی لە (وێران شەهر) جێگیر کرابوو. ئەم ناوچانە کە لە بەرەی جەنگی ڕووسیادا نزیکترین شوێن بوون، لە قۆناغی جەنگدا لەلایەن سێهەم قۆڵی یەکەکانی سوپای سێیەمەوە دەپارێزرا کە هێزەکانی خۆی لە ئەلازیغ و مووش و وان و ئەرزڕۆم و سامسوون بڵاوە پێ‌کردبوو. کوردستان لەگەڵ بەرەی ڕووسەکاندا کرابووە هەرێمێکی جەنگی. سەرەتای شەڕەکە، ئەنوەر پاشا فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای سێهەمی دەکرد کە ١٩٠ هەزار سەرباز و ٦٠ هەزار حەیوانی لەژێر دەستدا بوو. لەم شەڕانەدا، لەبەر قسەکانی ئەنوەر پاشا، هەموو سوپای سێهەم بەتەواوەتی لەناو چوو. بەمجۆرە لاوە

---

[٢٧٦] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٢٧٧] ئایدەمیر، ل١٠٤.

جەنگاوەرەکانی کوردیش کە لەنێو ئەو هێزانەدا بوون، ژیانیان لەدەست دا. هەندێك وایان داناوە، ژمارەی قوربانیەکانی سوپای سێهەم لەو جەنگەدا ، لانی کەم ٦٠ هەزار کەس و لانی زۆریش ٩٠ هەزار کەس بوون. بۆیە لەو ڕوانگەیەوە ڕووداوی جەنگی ساری قامیش بۆ کوردەکان، تراژیدیایەکی گەورەیە. لە کەش و هەوایەکدا کە پلەی گەرما بۆ ٢٥ پلەی ژێر سفر دابەزیوە و زیاتر لە یەك مەتر و نیو بەفر باریوە. یەکەکانی سوپای عوسمانی کە ژمارەیەکی زۆر مرۆڤی کوردی تێدا بووە، لە سەرمادا ڕەق بوونەتەوە و گیانیان لەدەست داوە: ((... بەمجۆرە لە تراژیدیای ساری قامیشدا، شەوانی (ئەڵلاهو ئەکبەر) بەمجۆرە دەست پێدەکات. ئەو ڕوداوە ئەوەندە مرۆترسێن بوو کە بیرهێنانەوەکەشی مەترسیدارە و شەوانی (ئەڵلاهو ئەکبەر) وتن لە جەنگی ساری قامیشدا، شەوانی مەرگ و بێدەنگی بوو، بێدەنگییەکی ڕەش و زەرد! بەفر مرۆڤی دادەپۆشێت. لە تاریکییە سپییەکەی بەفردا، دارستان و فەرتەنە بووبوون بە دێوەزمەیەك بۆ مرۆڤەکان... لەلایەکەوە برسێتی و قاتوقڕی دەستی پێکردبوو، یەکەکانی سوپا لەنێو بەفردا، گیریان کردبوو. وردە وردە سەربازەکان لەسەرما ڕەقدەبوونەوە. بەشێکی زۆریان لە شوێنەکانی خۆیاندا دەمردن. پاشنیوەڕوانیش، بەفرێکی زۆر دەستی پێدەکرد. جگە لە ئاگر و تۆپی دوژمن، یاسا بێبەزەیییەکانی سروشت، سەربازەکانی سوپای دەکوشت، ژمارەیەکی زۆر لە سەربازەکان بەهۆی سەرما و برسێتییەوە شێت بوون))[٢٧٨].

لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانیدا، یەکەم جەنگی جیهانی لە ڕوانگەی زیانی مرۆیی و لەناوچوونی کەرەستە و ئامێرەکانەوە، هەروەها لە ڕووی ئەو زیانانەوە کە بەر دەوڵەت کەوتوون، لەگەڵ هیچ یەك لە شەڕەکانی ڕابردوودا

---

[٢٧٨] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١- ١٤٣.

بەراورد ناکرێت. بەگوێرەی ئامارە ڕەسمیەکان لە یەکەم جەنگی جیهانیدا، دەوڵەتی عوسمانی نزیکەی (دوو ملیۆن و هەشتسەدوپەنجا هەزار) (٢٨٥٠٠٠٠) کەسی چەکدار کردبوو، بۆ ئەوەی بەشداری لە جەنگدا بکەن. لەکاتی مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ئاگربەستی مۆندرۆس‌دا، لەو ژمارەیە تەنیا (پێنجسەد و شەست هەزار) (٥٦٠٠٠٠) کەسیان مابوونەوە. بەگوێرەی لارچەر، ژمارەی قوربانیەکانی ئەو جەنگە، لەنێوان (پێنجسەد هەزار تا شەشسەد هەزار) (٥٠٠٠٠٠ تا ٦٠٠٠٠٠) کەسدا بووە. زیانە مرۆییەکانی ئەم جەنگە، پتر لە کوردستان بووە: ((کۆمەڵگەی ئەنادۆڵ پێنجیەکی نفوسەکەی خۆی و یەک لەچواری نفوسی پیاوان و سێیەکی ژمارەی ئەو کەسانەی لەدەست داوە کە توانیویانە چەک هەڵبگرن. ژمارەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە دوازدە ملیۆن کەس بووە، بەڵام بۆ خوار دە ملیۆن کەس دابەزیوە))[٢٧٩].

مانگی یازدەی ساڵی ١٩١٤، کاتێک بەهۆی هێرشەکانی سوپای ڕووسیاوە شەڕی قەفقاسیا دەست پێدەکات، بەهۆی پێکدادانەکانی تیفۆسەوە، هەزاران کورد ژیانی خۆیان لەدەستداوە. ئەو لاوانەی کورد کە توانیویانە چەک بەدەستەوە بگرن، لە شەڕەکانی ساری قامسش، گیانیان سپاردووە و کوژراون. هەزران سەربازی کورد بەبێ پێڵاو و بەبێ خواردن و بەبێ چادر، لەنێو یەک متر و نیو بەفردا ڕەق بوونەتەوە و مردوون. لە چل هەزار سەربازی لقی پێنجەمی سوپادا، تەنیا سێ هەزار کەسیان توانیویانە بگەنە پێدەشتەکانی چیاکانی (ئەڵلاهو ئەکبەر). لقەکانی چوارەم و پێنجەمی سوپا کە لە ١٩١٤/١٢/١٨دا، ڕۆژی ١٠ی هەمان ساڵ، هێرشیان کرد بۆ ئەوەی سوپای ڕووسیا لەناو بەرن، بەڵام بۆ خۆیان بەتەواوەتی لەناو چوون. لە ماوەی دوو هەفتەدا، لە لقێکی

---

[٢٧٩] دۆغان ئاوجی ئۆغڵوو، مێژووی ڕزگاری نەتەوەیی لە ١٨٨٨ وە تا ١٩٩٥، چاپخانەی ئەستەنبووڵ، بەرگی سێیەم، ١٩٧٤، ل٢٢.

سوپاوە کە پتر لە سەدهەزار سەربازی هەبوە، تەنیا دە هەزار تا پازدە هەزار کەسی بەجیٚماوە. هەر لەو ڕۆژانەدا، ژمارەی ئەو کوژراوانەی کە لە تیفۆس دەکوژران، لە ژمارەی قوربانیەکانی جەنگەکانی ساری قامیش پتر بوون))[280].

سەرەڕای ئەوەی کە یەکەم جەنگی جیهانی، جگە لە نابووتی و ماڵوێرانی هیچ شتێکی دیکەی بۆ کورد و کوردستان نەهێنا، بەڵام بووە هۆی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەنێو کۆمەڵگادا. ئەو جەنگە بووە هۆی ئەوەی کە کوردەکان پێشکەوتنی بەرچاو لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆیاندا بەدەست بهێنن. لەو قۆناغەدا، کوردەکان هەوڵی دامەزراندن و گەشەپێدانی ئەو ڕێکخراوە سیاسیانەیان داوە کە شوناسێکی کوردییان هەبوە. ڕێکخراوە سیاسیەکانی کورد بە شوناسی کوردییەوە، لە مەیدانی سیاسیدا، جێی خۆیان گرتووە و ئەرکێکی قورسیشیان هەڵگرت بۆ ئەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی و کوردایەتی لە بیرو زەینی کۆمەڵگای کوردیدا دروست بکەن. دەرفەتی ئەوەشی بۆ ڕۆشنبیرانی کورد دروست کرد تا بەها نەتەوەییەکانی کورد لەنێو مێشکی مرۆڤی کورددا گەشە پێبدەن، بۆ ئەوەی بە شوناسێکی کوردییەوە ڕووبەڕووی ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکان ببنەوە. ئەو جەنگە بووە هۆی ئەوەی کە کوردەکان لەژێر چەتری ڕێکخراوە نەتەوەییە کوردیەکاندا خۆیان کۆ بکەنەوە. لەبەر ئەو هۆیانەشە دەکرێت بگوترێت وەك چۆن یەکەم جەنگی جیهانی لە ژیانی زۆربەی نەتەوەکانی دیکەدا بووەتە هۆی دەرکەوتنی ناکۆکیی قووڵ، لە ژیانی نەتەوەیی کوردیشدا ناکۆکیی لە پەیوەندییە سیاسیەکان و پێشهات و گۆڕانکارییە مێژووییەکانیدا دروست کردووە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[280] بۆ وردەکاریی زیاتر بڕوانە: ئالبتەکین مودەریس ئۆغلۆ، تراژیدیای ساری قامیش، ئەستەنبووڵ، خانەی بلاوکردنەوەی کاستاش، ١٩٨٨، بەرگی دووەم.

بەر لە جەنگ و دوای جەنگ، دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان گرنگییەکی زۆریان بە کوردستان داوە. دیارە (نەوت) لە سیاسەتی ئەو دەوڵەتە زلهێزانەدا بەرامبەر بە کوردستان، هۆیەکی گرنگ بووە. ساڵانی جەنگ، دەوڵەتە زلهێزەکان هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی خاکی کوردستان داگیر بکەن و ئەو ناوچانەی کە نەوتیان لێیە، بیخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. کوردەکان و کوردستانیش، بوونەتە لایەنی ئازارکێش و بەشمەینەتی ئەو جەنگە نەوتییەی کە لە کوردستان ئەنجام دراوە. بێگومان تەنیا لەبەر نەوت نەبوە کە جەنگ ئەو هەموو کاریگەرییەی لەسەر کوردستان داناوە. یەکێکی دیکە لەو هۆیانەی کە بووتە مایەی ئەوەی جەنگ کاریگەریەکی زۆری لەسەر کوردستان هەبێت، پێگەی ستراتیژیی کوردستان بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەمەش وای کردووە دەوڵەتە گەورەکان سیاسەتی خۆیان بەرامبەر بەو نیشتمانە دیاری بکەن. پڕۆژەی ڕێگای ئاسنی بەغدا، ئەنجامی سیاسەتی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان بوو بەرامبەر کوردستان[٢٨١].

بنکەی ژین
www.zheen.org

دەوڵەتە زلهێزەکان لەبەر بەرژەوەندی ئابووریی خۆیان، پلانی تایبەتیان سەبارەت بە داهاتووی دەوڵەتی عوسمانی داڕشتبوو. هەروەها بەهۆی ئەو سیاسەتەوە کە پێشتر دایانڕشتووە، لەڕووی دیپلۆماسی و شەڕی چەکدارییەوە هەوڵیان دەدا بەرژەوەندەکانی خۆیان دابین بکەن. بەهۆی ئەو بەرژەوەندە سیاسی و ئابوورییە دیاریکراوانەوە بووە کە لە سیاسەتەکانی خۆیاندا گرنگیان بە کوردستان داوە. یەکەم جەنگی جیهانی، هۆکاری گرنگی پیلانی ئەو وڵاتانەی بەڕوونی بەرامبەر بە کوردستان ئاشکرا کرد و

---

[٢٨١] مەزهەر، ئەحمەد، ل١٨-٢٣.

بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە ڕێگەی ئاسنی بەغدا، بڕوانە: ڕێگەکانی ئاسن لە نێوان ئەنادۆڵ و بەغداد، ئەستەنبووڵ، بڵاوکراوەکانی ئاربا، ١٩٨٨.

جەنگەکەش کاریگەریی خۆی لەسەر ئەنجامەکانی ئەو سیاسەتانە دانا. لە ڕێککەوتننامەکانی دوای جەنگدا، کوردستان کرایە ماددەیەکی ناو ڕێککەوتننامەکان و دابەش و داگیر کرا[282].

کوردستان تەنیا جێگای سەرنجی دەوڵەتە زلهێزەکان نەبوو، بەڵکوو ڕووسیاش لەبەر بەرژەوەندی دەوڵەت و بەرژەوەندە ئابووریەکانی خۆی، بایەخی بە کوردستان دەدا. قۆناغی جەنگ سوپای قەیسەری ڕووسیا لە کوردستان خراپەکاری زۆری کرد. ((لە قۆناغی جەنگدا، سوپای ڕووسیا ژمارەیەکی زۆر چەکداری ئەرمەنی هێنایە تورکیا، ئەوانیش چەندین جار خوێنی گوندنشینە بێچارەکانی کوردستانیان ڕشت))[283].

محەمەدئەمین زەکی باسی ئەو کاولکارییە دەکات کە سوپای ڕووسیا لە کوردستان کردوویە: ((سەرەتاکانی یەکەم جەنگی جیهانی، گەریلاکانی پێشەنگی سوپای ڕووسیا (کە ئەرمەنی بوون)، زیانێکی زۆریان بە کوردەکان گەیاند. دوابەدوای ئەوەش، زوڵم و ستەمی خەلیل پاشا بەرامبەر بە کوردەکان دەستی پێکرد، کە شانازیی بە زوڵم و ستەمەکانیەوە بەرامبەر بە کوردەکان دەکرد. کاتێك ٧٠٠ هەزار کەس لە کوردستان بە زۆرەملی کۆچیان پێکرا و بەشێکی زۆری ئەوانەش لەڕێگاکاندا لەبەر برسێتی و نەخۆشی گیانیان لەدەست دا، ئەو سوپا ناڕێکوپێکانەی کە فەرماندەییەکی سەربازیی

---

[282] بۆ زانینی وردەکاری و زانیاری و هەڵسەنگاندنی زیاتر بڕوانە: بێشکچی، کوردستان کۆڵۆنیای نێودەوڵەتی، ئەستەنبووڵ، خانەی بڵاوکردنەوەی ئالان ١٩٩٠.

[283] مەزهەر، ئەحمەد، ل٢٥، جگە لەوە سەبارەت بە پەیوەندیەکانی کورد و ئەرمەن و سیاسەتی ڕووسیای قەیسەری سەبارەت بە کوردستان، بڕوانە: ساسۆنی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١–١٥٨؛ خالفین، شەڕ لەسەر کوردستان لە سەدەی نۆزدەیەمدا، ئەنقەرە، بڵاوکراوەکانی کۆمەڵ، ١٩٧٦، ل٤٥– ٥٢، ٦٩–٧٨، ٨٩– ٩٦، ٩٧– ١١٤.

باشیان نەبوو، ڕەوانەی ئەملاوئەولا دەكران و ئەوانیش لە ڕێگاكانی خۆیاندا دەچوونە ناو گوند و شارەكان و داوای خۆراكیان لە خەڵك دەكرد و بەرامبەر بەوە یانپارەیەكیان پێ‌دەدان كە پارەكە نەدەڕۆیشت، یا بەزۆر ئەو خواردەمەنیانەیان وەردەگرت. هەندێك لە فەرماندەكانیش بۆ ڕێگرتن لە برسێتیی سەربازەكانی خۆیان، بەناوی گەنجینەی دەوڵەتەوە، پسووڵەی قەرزیان بەخەڵك دەدا و دەیانگوت خۆراك بە سەربازەكان بدەن، دواتر دەوڵەت پارەكەتان پێ‌دەداتەوە. بەشێوەیەكی سروشتی پێدانەوەی ئەو قەرزانەش، شتێكی نەشیاو بوو. بەرامبەر بەوە بارودۆخی خەڵكیش زۆر خراپ بوو. سیستەمی ئابووری بەتەواوەتی تێك چوو بوو. خەڵك لەبەر برسێتی و قاتوقڕی پەرێشان بووبوو. كاتێك خەڵك دەنگۆی هاتنی سەرباز و بەڕێوبەرەكانی دەبیست، یەكسەر خۆراكەكەی خۆی و كەلوپەلەكانی هەڵدەگرت و لەگەڵ ماڵ و منداڵەكانیدا دەچوونە شاخەكان، یا لە شوێنێكدا خۆیان حەشار دەدا[٢٨٤]. دكتۆر نووری دێرسیمی بەشێوەیەكی تایبەتی سەرنجی ڕاكێشاوەتە سەر ئەو كاولكارییەی كە بەهۆی جەنگی ڕووسەوە لە كوردستان ئەنجام دراوە: ((... ئەنوەر پاشا بەهاری ١٩١٥، سوارەكانی سوپای حەمیدییە و هەندێك مەفرەزەی كوردی، پێكەوە نا و چووە چیاكانی (ئەڵڵاهو ئەكبەر) و لەوێش لەبەر كەیفی خۆی، كۆمەڵگای كوردی تووشی تراژیدیا و خەفەت و مەینەتییەكی زۆر كرد و ژمارەیەكی زۆر لە قارەمانە كوردەكان بە كوشت دا. دواجاریش خۆی بەشكستخواردوویی و ناچاری گەڕایەوە. هاوینی ١٩١٥ ڕووسەكان بە هێزێكی گەورەوە هێرشیان كردە سەر بەرەی ئەرزڕۆم. ئەرزنجانیش لەنێو جۆش‌وخرۆشێكی گەورەدا بوو. لەنێو

---

[٢٨٤] محەمەدئەمین زەكی، ل٢٤.

سوپا و گوندەکاندا، نەخۆشیی گرانەتێ (تیفۆئید) بڵاو بووبووەوە و ئەمەش کوردستانی تووشی مەینەتی و نەهامەتییەکی گەورە کردبوو. هەزاران منداڵی هەتیوی کورد کە باوکەکانیان لەجەنگدا کوژرابوون، لەبن دیوارەکاندا بە برسێتی و بە ڕووتی کەوتبوون، بەزۆریش لەبەر برسێتی دەمردن. ئەو دایکانەی ڕۆڵەکانیان لەدەست دابوو، ئەو بووکانەی کە مێردەکانیان کوژرابوون، هەموو کات ڕەشپۆش بوون. لە هەموو ماڵەکانی گوندەکەدا، نەخۆشەکان وەك حەسیر کەوتبوون. لە هەر گوندێکدا، دەیان کەس دەمردن. مانگەکانی کۆتایی ساڵی ١٩١٥، چەندین مەتر بەفر بارییبوو. کۆچبەرەکانی ناوچەی وارتۆ و خنس، پەنایان دەبردە دیاربەکر و ئەلازیغ))[٢٨٥].

بەهۆی جەنگەوە، بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری، زۆر لە جاران قورستر بووبوو. ئەمەش بووبووە هۆی ئەوەی کە هەستی نەتەوەیی و داواکاریی نەتەوەیی لە کۆمەڵگای کوردیدا بەرز بێتەوە. ئەمە و چەندین هۆی دیکە، بووبوونە مایەی ئەوەی کە ژمارەی ئەو کەسانەی وا داوای سەربەخۆیی یان لانی کەم ئۆتۆنۆمی بکەن، ڕۆژ بە ڕۆژ لە کوردستاندا لەزیادبووندا بن. لەو قۆناغەدا، کوردەکان ڕێکخراوی سیاسی بە شوناسی نەتەوەییی خۆیانەوە دادەمەزرێنن و گەشەی پێدەدەن. ئەوەی ڕاستی بێت، ڕێکخراوی سیاسیی کوردی و جەمعییەت و پارتە کوردیەکان، ماوەیەك بەر لە دەستپێکردنی جەنگ، بە هەوڵ و هیممەتی ڕۆشنبیر و بیرۆکراتەکانی کورد، هاتبوونە ناو ژیانی سیاسییەوە. چەندین بڵاوکراوەش کە ناوەڕۆکێکی نەتەوەییان هەبوو، کاریگەرییان لەسەر ژیانی کولتووری و کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کورد دانابوو. هەست و ڕێکخستن و پەیوەندییە نەتەوەییەکانی کورد، لە قۆناغی

[٢٨٥] دێرسیمی، بیرەوەریەکانم، ل٧٧.

جەنگدا شكڵێكی نوێیان بەخۆوە گرت و هەستی كوردستانیبوون، بەهێزتر بوو. جەمعییەتی تەعالیی كوردستان، وەك بەرهەمێكی ئەم قۆناغە، دامەزرا. قۆناغی ئاگربەستی دوای جەنگ، زەمینەیەكی لەباری بۆ سیاسەتی كوردی فەراهەم كرد. ئەو قۆناغە، سەرتاپا كاریگەرییەكی سیاسی و كولتووریی لەسەر كوردستان دانا: ((كۆتاییەكانی یەكەم جەنگی جیهانی و كاتی ڕووخانی ئیمپراتۆریای عوسمانی، جموجووڵە كولتووری و سیاسییەكان لە باكووری كوردستان زۆرتر بوون. ئەو ڕێكخراوانەی كە بەهۆی جەنگەوە كار و چالاكیەكانی خۆیان ڕاگرتبوو، دیسان دەستیان بە كارەكانی خۆیان كردەوە. جگە لەوانە، چەند ڕێكخراوێكی سیاسیی دیكەی كورد دامەزران و چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێكی كوردیش بڵاو كرانەوە. هەموو ئەو ڕێكخراو و بڵاوكراوە كوردیانە، بە هێز و توانای خۆیانەوە، بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەكانی كورد لە دنیای نوێ و بەتایبەت لە هەلومەرجە سیاسیەكانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا كەوتنە جموجووڵ. هەر بۆ ئەو مەبەستەش، ئەو ڕێكخراوانە پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتە هاوپەیمانەكاندا دروست كرد. توركەكان كە ترسی لەدەستچوونی باكووری كوردستانیان لێ نیشتبوو، پەنایان بردەوە بەر چەكێكی كۆن كە ئەویش گەشەپێدان و قووڵكردنەوەی هەستە دینیەكانی كورد بوو))[٢٨٦].

[٢٨٦] دكتۆر كەمال مەزهەر ئەحمەد، پرۆفیسۆر دكتۆر ئەرسەنیەچیف حەسرەتیان، مێرجوان، ڕاپەڕینی ١٩٢٥ی كوردەكان یاخود ڕاپەڕینی شێخ سەعید، ستۆكهۆڵم، بڵاوكراوەكانی ژینانوو، ١٩٨٥، ل٣٦.

بنكەی ژین www.zheen.org

## بەشی چوارەم:

## جةمعييةتي تةعاليي كوردستان و "ةند!كا+ ويلا. /

بەڕێوەبەران و کەسە ناودارەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و ڕۆشنبیرانی ئەندامی ئەو ڕێکخراوە، داوای جێبەجێکردنی بنەمایە چواردە ماددەییەکەی ویلسن "سەرکۆماری ئەمریکا"یان لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا، کردووە. کە بۆ ڕای گشتیی جیهان، ئاشکرای کردوون. ئەو چواردە ماددەیە کاریگەرییان لەسەر کۆتاییپێهێنانی جەنگدا هەبوە و ڕۆڵێکی زۆریشیان سەبارەت بەپێدانی مافی نەتەوە و کەمینەکان هەبوە، لەبەر ئەوە ڕۆشنبیرانی کورد و بەڕێوەبەرانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، کەوتوونەتە جموجووڵ، لەپێناوی جێبەجێکردنی بەندەکانی ئەو ماددانەدا لە کوردستان. ئەو بەندانە چەندەی لەلایەن ڕۆشنبیران و کەسانی دیموکرات و لیبراڵ و نەتەوە ژێردەستەکانەوە قبووڵ دەکرا، ئەوەندەش لەلایەن "لینین"ەوە پەسند دەکرا[287].

ماددەی دوازدەیەمی ئەو چواردە بەندەی کە بەناوی ویلسنەوە بڵاو کراونەتەوە، لەنزیکەوە پەیوەندیی بە ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە هەبوە. ناوەڕۆکی ماددەی دوازدەیەمی ئەو بەندانە، کاریگەریی لەسەر ژیان و نەتەوەی کوردەکان دادەنا کە کوردستانی نیشتمانی ئەوان، لەژێردەسەڵاتی ئیمپراتۆریی عوسمانیدایە و تائێستا دەسەڵاتی دەرەبەگی ئیمپراتۆریای عوسمانی و حکوومەتی ناوەندی مافەکانی زەوت کردوون و لە هەژاریدا هێشتوونیەتەوە و ئازار و مەینەتیی پێ چێشتوون.

---

[287] ڕزگاری، ژمارە ٣، ٢١ی نیسانی ١٩٧٦، ل٤٦.

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان کە ڕێکخراوێکی ڕەسەنی کوردی بووە، هەرچەندە لەڕووی هەڵسەنگاندنی سیاسییەوە، کەموکوڕیی هەبوە، بەڵام تاڕادەیەك هەوڵی داوە بۆ ئەوەی بتوانێت ماددەی دوازدەیەمی ئەو بنەمایانە، سەبارەت بە نەتەوەی کورد و گوندنشینە هەژارە کوردەکان، جێبەجێ بکات. سەرەڕای ناوەڕۆکی دیموکراتیکی، بەندە چواردە ماددەییەکەی ویلسن و داواکاریی جێبەجێکردنیان لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا، حکوومەتەکانی عوسمانی و ئەنادۆڵ کە دواتر بەهێز بوون و بوونە ناوەندێکی دەسەڵات، بە گەرمی پێشوازییان لەو داواکارییانە نەکردووە و بەرامبەر بە دەستپێشخەریی ڕێکخراوە کوردیەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددانە، هەوڵی ئاستەنگ دروستکردنیان داوە.

ویلسن سەرکۆماری ئەمریکا، لە ڕۆژی ١٩١٨/١/٨دا، لە کۆنگرەیەکدا هەلومەرجەکانی ئاشتیی ڕاگەیاندبوو. ئەو بەندانە کاریگەریی زۆریان لەسەر ئاشتی داناوە کە بڕیار بووە لە جیهاندا بەرقەرار بێت. هەروەها کاریگەریشی لەسەر ئەو سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەییە هەبوە کە خەریك بووە لەو سەردەمەدا شکڵ بگرێ. سەبارەت بە مافی نەتەوە و کەمە نەتەوەکانیش لەنێو سنووری ئیمپراتۆریای عوسمانیدا، ئەو بەندانە ناوەڕۆکێکی سیاسییان هەبوە و لەبارەی داهاتووی ئەو کۆمەڵگایانەشەوە گرنگی تایبەت بە خۆیان هەبوە. ماددەی دوازدەیەمی ئەو چواردە بەندە، بەشێوەی ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر داهاتووی کوردەکان دادەنا کە وەك نەتەوەیەك لەژێر دەسەڵاتی ملهوڕی ئیپراتۆریای عوسمانیدا ژیاون، کەوا سنوورەکانی خۆی کردووە بە زیندانێك بۆ نەتەوە و کەمینەکانی دیکە. ماددەی دوازدەیەمی ئەو بەندانە بەمجۆرە بووە: ((پێویستە ئیمپراتۆریای عوسمانی لە بەشە تورکنشینەکانیدا فەرمانڕەواییەکی سەقامگیر دابین بکات،

بەڵام دەبێت هەل و دەرفەتێکی نوێ بۆ ئەو نەتەوانەی کە لەژێر دەسەڵاتیدا دەژین، بخوڵقێنێت، تا ژیانیان پارێزراو بێت و دەرفەتی ئۆتۆنۆمییان بۆ بڕەخسێت. پێویستە گەروەکان (گەروەکانی سنووری دەوڵەتی عوسمانی) بەردەوام کراوەبن، تا نەتەوەکان بتوانن بازرگانی بکەن و بە شێوەیەکی بەردەوام بە گەمیەکانی خۆیان هاتوچۆیان پێدا بکەن))[٢٨٨].

دەتوانرێت بگوترێت ئەو چواردە بەندە و بەتایبەتی ماددەی دوازدەیەمی، هیچ کاتێك جێبەجێ نەکراون: ((ئەو بەندانە بوونەتە هیوایەکی بێئەنجام بۆ ئەو نەتەوە و کەمینانە کە ساڵی ١٩١٨ بارودۆخیان لەنێو دەوڵەتە مەرکەزیەکاندا خراپتر بووە و هێشتا دیار نەبوە ئاخر و سەرەنجامیان بە چی دەگات. لەبەر سەرنەگرتن و بێئەنجامبوونی ئەو هیوایە، لە ساڵی ١٩١٩ بەدواوە، ئەو بەندانە بوونەتە هۆی دەرکەوتنی هەندێك ڕووداوی نوێ. لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیان نەبوە، بەندەکانی ویلسن خزمەتی ئاشتییەکی بەردەوامیان نەکردووە، بۆیە هەڵە نابێت ئەگەر بگوترێت، بەپێچەوانەوە زەمینەیان بۆ شەڕێکی نوێ خۆش کردووە))[٢٨٩].

چواردە بەندەکەی ویلسن، بەبێ پرس و ڕاوێژ بە وڵاتانی ئەورووپی و بەبێ ڕێککەوتن لەگەڵ ئەواندا ڕاگەیەنرابوو. هەر جۆرێك بن، ئەو بەندانە لەنزیکەوە

---

[٢٨٨] بۆ زانینی دەقی بنەمایەکانی ویلسن بە تەواوەتی بڕوانە: دکتۆر مینا ئەرۆڵ، مەسەلەی دروستکردنی ماندای ئەمریکی لە تورکیا ١٩١٩ تا ١٩٢٠، گیرەسون، خانەی بڵاوکردنەوەی ئیلەری، ١٩٧٢، ل٦؛ کامەران گرون، تورکیا و دونیای جەنگاوەر، خانەی بڵاوکردنەوەی بیلگی لە ئەنقەرە، ١٩٨٨، ل٢٦؛ فەتحی تەڤە ئۆغلو، دامەزراوە و ڕێکخراوەکان لە ساڵەکانی تێکۆشانی نەتەوەییدا، ئەنقەرە، بڵاوکراوەکانی ئێزگەی مێژوویی تورك، ١٩٨٨، ل١٥١.

[٢٨٩] گرون، ل٢٦.

پەیوەندییان بە ژیانی نەتەوە و کەمینەکانەوە هەبوە و بوونەتە هۆی پێشکەوتن و دروستبوونی گۆڕانکاریی بەرچاو لە داواکاریی نەتەوەکاندا. بەڵام بۆ ئەوەی ئەمجۆرە داواکاریانە جێبەجێ بکرێن، پێویست بووە ڕێکخراوی نەتەوەیی و سەربازی هەبێت، تا جێبەجێکردنی ئەوانە دەستەبەر بکات. کۆمەڵگای کوردی و ڕۆشنبیران و سەرۆك خێڵ و بیرۆکرات و ئەفسەرە کوردەکان، هێشتا نەگەیشتبوونە ئەو ئاستەی کە ڕێکخستنی نەتەوەییی کوردی گەشە پێبدەن و پرۆگرام و ستراتیژ و تەکتیکی دیاریکراوی خۆیان بۆ جەنگێکی نەتەوەیی ئامادە بکەن. هەڵبەتە بەندەکانی ویلسن کاریگەریی لەسەر داواکاریەکانی لایەنە کوردیەکان داناوە و زەمینەیەکی سیاسیشی بۆ گەشەکردنی بیر و بۆچوونەکانی ئەوان سەبارەت بە کوردستان فەراهەم دەکردەوە. ئەوەی ڕاستی بێت، ماددەی دوازدەی چواردە بەندەکەی ویلسن، بەتایبەتی بۆ کوردستان و کوردەکان نەنووسرابوو، بەڵکوو لەبنەڕەتدا لە داواکاری و نیگەرانیی سیاسییەوە سەبارەت بە دامەزراندنی سیستمی سەرۆکاری (ماندات)، سەرچاوەی گرتووە: ((بەگوێرەی ئەو، پێویست بوو هیچ کاتێك دەوڵەتە گەورەکان حوکم بەسەر دەوڵەتە بچووکەکانەوە نەکەن. بە قسەی ئەو، ئەگەر دەوڵەتە بچووکەکان سەربەخۆیی‌یان بەدەست بهێنایە، جیهان دەگەیشتە ئاشتییەکی هەمیشەیی. ویلسن بەر لە ڕاگەیاندنی چواردە بنەماکەی خۆی، دژی داگیرکردنی (خاك) بوو، داوای دەکرد دەوڵەتە گەورەکان سەربەخۆییی دەوڵەتە بچووکەکان قبووڵ بکەن. بەڵام دەیگوت لەبەر ئەوەی ئەوان هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستە، دەکرێ ئەمە بە بڕیاری (کۆمەڵەی گەلان) لەلایەن ماندانی هەندێك لە وڵاتەکانەوە بەڕێوە ببرێن. پێویست بوو ئەو دەوڵەتانەش لەو شوێنانەی کە لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا بوون، بەشێوەیەکی یەکسان مافی نەتەوەکان بدەن و بەرژەوەندی خەڵکەکانی

بنکەی ژین
www.zheen.org

بپارێزن، لەویٚ خۆیان بە میوان بزانن. ویلسن دەیویست ئەم سیستەمە بەسەر ئەو گەلانەشدا جێبەجیٚ بکرێت کە دەیانەوێت لە تورکەکان جیا ببنەوە)) [290].

بەوپێیە بەر لەوەی سیستمی ماندات دابمەزریٚ، پێویست بوو کۆمەڵەی گەلان دابمەزرێت. تەنیا لە سایەی ڕکێفی دەزگایەکی ئاوهادا، دەتوانرا سیستمی ماندات جێبەجیٚ بکرێت. دەبێت لەبەر ئەم هۆیە بووبێت کە ویلسن ڕۆڵێکی زۆری لە دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلاندا گێڕاوە. لەڕێی ئەو چواردە بنەماکەوە کە ویلسنی سەرکۆماری ئەمریکا بە جیهانی ڕاگەیاندبوو، هەوڵی هێنانی سیستەمێکی نویٚ بۆ جیهان دەدرا. کوردستانیش لەنێو ئەو سیستەمە نوێیەی جیهاندا وەك کۆیلە و نیشتمانێکی دابەشکراو و بیٚبەش لە شوناسی نەتەوەیی، دەیتوانی درێژە بە ژیانی خۆی بدات. "مینا ئەرۆڵ" پێی وایە ویلسن ئامانجی مرۆڤایەتیی هەبوە. دیارە ئەم ئامانجە مرۆییەش دەبوە زمانێکی سیاسی بۆ داواکاریەکەی ناوبراو سەبارەت بە سیستمی ماندات لە جیهاندا. جگە لەوە، کوردەکان هەوڵێکی مرۆیی و ئامانجێکی مرۆیی ئەمریکا و سەرۆکەکەیان کە ویستویەتی سیستەمێکی نویٚ بۆ جیهان بهێنێتە کایەوە، لەو قۆناغەدا سەبارەت بە کوردستان نەبینیوە. ماددەی بیست‌ودووی نیزامنامە یاخود پێڕەوی کۆمەڵەی گەلان کە لە ٢٨ی نیسانی ساڵی ١٩١٩دا قبووڵ کراوە، لەگەڵ بنکەمانی ویلسن‌دا گونجاوە و ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە هەبوە: ((بەر لە هەموو شتێك هەندێك تاقمی سەر بە ئیمپراتۆریای عوسمانی، تاڕادەیەك پێشکەوتنیان بەخۆوە بینیوە. تا ئەو کاتەی ئەو تاقمانە دەتوانن خۆیان بکەنە نەتەوەیەکی سەربەخۆ و سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن، هەروەها بۆ ڕیٚپیشاندان لەڕووی

[290] ئەرولٚ، ل٣.

ئیدارییەوە، دەکرێت دەوڵەتی ماندداتیان بۆ دابمەزرێنرێت. پێویستە ئەولەویەتیش بە ویست و ئارەزووی ئەو تاقمانە بدرێت)) [291].

کوردەکان و کوردستان، بابەتی سەرەکیی ئەو دانوستانانە و ئەو نیزامنامەیە نەبوون کە ئامادە دەکران. مەسەلەی بەڕێوەبردنی کوردستان لەلایەن خودی کوردەکانەوە، بەشێوەیەکی ئۆتۆنۆمی یا سەربەخۆ یان لە ڕێی دروستبوونی بەڕێوبەرایەتییەکی مانداتەوە، بە چاودێریی دەوڵەتێکی دیکە، لەنێو ناوەڕۆکی سیاسیی نیزامنامەکەدا جێ نەکراوەتەوە. کوردستان، لە بیر و بۆچوونی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان و بەتایبەت ئەمریکادا کە دەیویست لەڕێی ئەو چواردە بنەمایەوە سیستەمێکی نوێ لەدنیادا دابمەزرێنێت، بە نیشتمانی تورکەکان لەقەڵەم دەدرا. لایەنی سیاسیی ماددەی دوازدەیەمی ئەو بنەمایانە، نیشانەی هەبوونی ئەو بیر و بۆچوونەیە. لەو ماددەیەدا باسی ئەوە کراوە کە پێویستە ئۆتۆنۆمییەکی فراوان بە ئەو نەتەوانە بدرێت کە لەژێر دەسەڵاتی تورک دان. بەگوێرەی ئەم مەنتیقە، پێویستبوو ئەو گەلانەی کە تورک نین، لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریاکەدا دەر بخرێن. ویلسن ویستوویە ناوی ئەو گەلانە لەنێو ماددەکەدا جێگیر بکات، بەڵام "ماندەر هاوس"ی ڕاوێژکاری، ڕێی لەوە گرتووە. ئەو گەلانە ئەرمەن و گەلانی سووریە و عیراق و فەلەستین و عەرەبستانی بوون [292].

لە زمانی سیاسیی سیستەمی ماندداتی ویلسندا، هیچ گوزارشتێك سەبارەت بە سەربەخۆیی یا پێدانی ئۆتۆنۆمی بە کوردەکان و کوردستان نەبوە، ئەوان بەپێکهاتەیەك لەقەڵەم نەدراون کە خاوەنی نەتەوەیەك بن و خاکێکی یەکپارچەیان هەبێت. وادادەنرێت کە ماددەی دوازدەی ئەو بنەمایانە

[291] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

[292] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

و ماددەی بیست و دووی نیزامنامەی کۆمەڵەی گەلان، سەبارەت بە کوردەکان نووسراون. لە گوتارە سیاسیەکان و بیرو زەیندا، کوردستان وەك بەشێك لە خاکی عوسمانی و تورکیا و تورکەکان، دەژمێردرا. لە بیرو بۆچوونە سیاسییەکانی ویلسندا، زیاتر لە کورد و کوردستان، ئەولەویەت و گرنگی بە ئەرمەنستان دراوە و ئەمریکا دەیویست بەشێوەی ڕاستەوخۆ کوردستان لەژێر دەسەڵاتی پادشاکانی تورکدا بمێنێتەوە[٢٩٣].

بەرپرسانی سیاسیی ئەمریکا و گەورە پیاوانی دەوڵەتی ئەو وڵاتە، بە هەر هۆیەك بێت، لایەنگرییان لە ئەرمەنەکان دەکرد: ((وەك دەردەکەوێت، سەرۆك ویلسنیش لەنێو ئەمانەدا بووە، لەڕاستیدا ئەو ئۆتۆنۆمییە فراوانەی کە لە ماددەی دوازدەی بنەماکانی ویلسندا بۆ گەلان باسی لێوە کراوە ، بەر لە هەموو کەسێك، ئەرمەنەکانی دەگرتەوە، ویلسن بەشێوەی ڕاستەوخۆ باسی ئەمەی نەکردووە، بەڵام لە ئەمریکا پشتیوانییەکی زۆری ئەرمەنەکان و پروپاگەندەیان بۆ کراوە. جگە لەوە، هاوکاریی ماددی کراون و بەرپرسانی پلەبەرزی دەوڵەتی ئەمریکاش هەوڵیان بۆ ئەرمەنەکان داوە، تا بگەنە ئۆتۆنۆمییەکی فراوان. لەمەشەوە ئەوە دەردەکەوێت کە ئەرمەنەکان لە سەرووی ئەو گەلانەوە دێن کە بەڵێنی ئۆتۆنۆمییان پێ دراوە))[٢٩٤].

بێگومان کورد لە بیر و زەین و زمانی سیاسیی ویلسنی سەرکۆماری ئەمریکادا، بەهایەکی وەك یەکی لەگەڵ (ئەرمەن)دا نەبوە. ئەوە بەپێویست نەدەزانرا کوردەکانیش لەسەر خاکەکەی خۆیان بە ئیرادە و بەڕێوەبەرایەتیی خۆیانەوە بژین. وەها بیر دەکرایەوە نیشتمانی کوردەکان و زۆربەی شارە کوردنشینەکانی وەك: وان، قارس، بتلیس، ئەرزڕۆم، ئەلازیغ و دیاربەکر،

---

[٢٩٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

[٢٩٤] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

بکەونە سنووری دەوڵەتی ئەرمەنستانەوە. سەرەڕای هەموو ئەم حسابە وردانەی کە سەبارەت بە بەرژەوەندە سیاسییەکان کراون، کاتێك بنەماکانی ویلسن ڕاگەیەنراون، ڕۆشنبیرانی کورد زۆر خۆشحاڵ بوون. لە قۆناغەکانی دواتردا، ئەو ڕۆشنبیرانەی کورد هەستیان بەوە کرد کەسانێك بیر لەوە دەکەنەوە کوردستان بخرێتە نێو سنووری ئەرمەنستان، بۆیە خۆشحاڵییەکەیان بۆ کاردانەوە بەرامبەر بەو بنەمایانە گۆڕا.

ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی کورد بەگشتی، بەشێوەیەکی باش پێشوازییان لە چواردە بەندەکەی ویلسن کردووە کە بۆ ڕای گشتیی جیهان ئاشکرای کردوون. لە گۆڤاری "ژین"دا کە وەك گۆڤاری نیمچە ڕەسمیی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بووە، سەبارەت بە تۆماس وۆدرۆ ویلسن سەرکۆماری ئەمریکا، بابەت و نووسراو و هەواڵی جۆراوجۆر نوسراوە کە خاوەنی ئەو بنەمایانەیە و بە باشی باسی ناوبراوی تێدا کراون. نووسەرێك بەناوی کوردێکەوە کە دەزانرێت "عەبدوڵڵا جەودەت" بووە، بابەتێکی سەبارەت بەو بنەمایانە نووسیوە و بە باشی باسی کردوون: ((... ڕۆژگار ئەرکی ئەو داواکارییە خودایی‌یەی خستووەتە سەر شانی ویلسنی ئەمریکایی و وڵاتی ئەمریکا. ڕۆحی بەرز و ئازادی واشنگتۆن و دڵە هەستیار و پڕ بەزەییەکەی لۆنگفێڵۆ و زانایی و کردەوەکانی ویلسن، ژیانێکی گەرموگوڕ و تازە دەبەخشن. وەك چۆن پرۆمەتە بەرامبەر بە ژوپیتەر- موشتەری- وتوویە، لە هەموو لایەکەوە ڕووناکییەکەی من ژیان دەبەخشێتە ئاسمانەکانی تۆ، بەو جۆرەش ڕووناکییەکەی ویلسن، بەسەر بەرپرسەکانی ئیمپراتۆریا و گەورە پیاوانی دەوڵەتدا بڵاو دەبێتەوە))[٢٩٥].

---

[٢٩٥] کوردێك، (کوردەکان نەخەتوون)، ژین، ژمارە ١، ٢٣ی تشرینی دووەم، ل٦.

کامەران عالی بەدرخانیش هەمان بیرو بۆچوونی هەیە: ((ئەوە ڕاگەیەنراوە کە بەگوێرەی چواردە مەرجەکەی ویلسن، ئیتر لەمەوبەدوا هەر نەتەوەیەك دەتوانێت خۆی خۆی بەڕێوە بەرێت و ئەمەش لە جیهاندا جێبەجێ دەکرێت. هەروەها باسی ئەوەش دەکرێت کە نابێت مرۆڤایەتی ببێتە یاریی دەستی بەرژەوەندە سیاسیەکان. ئەمەش پێشنیارێکی نیازپاکانەیە کە شایستەی مرۆڤایەتی و دڵپاکییە))[٢٩٦].

عەبدولڕەحیم ڕەحمیش کە یەکێك لە کەسایەتیە ناودارەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بووە، بە گەرمی پێشوازیی لەو بنەمایانە کردووە: ((بەڵێ، تائێستا ئێمەی کورد بیرمان لە پێویستیی دەرکەوتن لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی تورك و کۆمەڵگای عوسمانیدا نەکردووەتەوە. ئێستا سەیر دەکەین ویلسن دەڵێت ئێمە کەسانی غەیرە تورك ناخەینە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان. ئەمە لەکاتێکدایە ئەوان لەجیاتیی ئێمە دەڵێن، جگە لە دووسێ فەرمانبەر کە ئەویش بۆ ئەرکی ڕەسمی هاتوونەتە ئەوێ، هیچ تورکێك لە کوردستان ناژی. ئەوان دەڵێن تورکی لێ نییە و ئەرمەن یا نەتەوەی دیکەی لێیە، بەڵام ئەوەش دەزانرێت کە ئەرمەنەکان تەنیا (٥٪)ی دانیشتوانی ئەو ناوچانە پێك دێنن و ژمارەی لایەنەکانی تریش تەنیا لە ٢٪ی دەبێت. کەوابوو لە کوردستاندا، جگە لە کوردەکان هیچ نەتەوەیەکی دیکە نییە. کەوابوو کوردستان حەقی کوردەکانە و جگە لەوان، کەسی تر بۆی نییە ببێتە خاوەنی))[٢٩٧].

کامەران عالی بەدرخان لە نووسینێکی دیکەیدا، باسی خۆشحاڵیی خۆی لە ڕاگەیاندنی بەندەکانی ویلسن دەکات: ((لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا، هەر ڕەوتێکی

---

[٢٩٦] کامەران عالی بەدرخان، بۆ کوردەکان، ژین، ژمارە ٣، ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٣٣٤، ل٦.

[٢٩٧] عەبدوڕەحمان ڕەحمی، بارودۆخی ئێستامان، ژین ژمارە ٦، ٢٥ی کانونی یەکەمی ١٣٣٤، ل١٧.

سیاسی دەبێت بابێت و چ ڕێگا و ڕێبازێکی دەبێت با هەیبێت، لە کۆتاییدا زۆرتر یاساکانی حەق و عەدالەت سەر دەکەون. ئەمەش لە بیر و بۆچوونی ویلسن "سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا"دا، ڕەنگی داوەتەوە کە لە کورسیەکانی زانکۆوە چووەتە سەر کورسیی سەرۆکایەتی و بیر و بۆچوونێکی سەیر و سەرنجڕاکێش و پڕلەعەدالەتی باس کردووە. بێگومان ئەمڕۆ، ئەو بیر و بۆچوونانە، لەلایەن وڵاتانی ئەوروپاییشەوە قبوولْ دەکرێن. بۆیە ئەوانە بەسەر هەموو جۆرە ناحەقی و ناڕەواییەکدا سەردەکەون))[298].

لەو سەردەمەدا، ئیحسان نووری پاشاش کە دواتر بووە بە سەرکردەی ڕاپەڕینەکەی ئاگری، کەوتووەتە بەر کاریگەریی بەندەکانی ویلسن، دەڵێ: ((بەڕێز ویلسن سەرکۆماری ئەمریکا، بەشێوەیەکی مرۆڤدۆستانە قسەی کرد و داوای لە مرۆڤایەتی کرد لە بەردەم ویژدانی خۆیدا، بەرگری لە حەق و عەدالەت بکات. ئەم وتانەی ناوبراویش، وەك مەڵهەمێك بوون بۆ ئەو برینەی کە ساڵانێکە ستەمکاران لە جەستەی نەتەوە و خەڵکە زۆرلێکراوەکاندا دروستیان کردووە))[299].

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە نووسراوێکی یەکەم ژمارەی "ژین"دا کە دەزانرێت هیی "عەبدوڵڵا جەودەت" بووە، بە ئاشکرا ئەوە دەبینرێت کە تا چ ڕادەیەك پشتگیریی لەڕادەبەدەر لە بنەماکانی ویلسن کراوە: ((ئێلمەرسن، بیرمەند و شاعیری گەورەی ئەمریکایی، نزیکەی پازدە تا دە ساڵ بەر لە ئێستا، سەبارەت بە جەنگ، بەم وتانە کۆتایی بە نووسینێکی خۆی هێنابوو: ئەی ئەمریکای خودا

[298] کامەران عالی بەدرخان، کوردستان و کوردەکان، ژین، ژمارە ۹، ١٦ی کانونی دووەمی ١٣٣٥، ل٩.

[299] ئیحسان نوری، پرنسیبەکانی ویلسن و کوردەکان، ژین، ژمارە ١٥، ٣٠ی ئاداری ١٣٣٥، ل٥- ٦.

و مرۆڤـەكان! لـە دنیـادا ئاشـتی سـەردەكەوێت یـا جـەنگ؟ ئـەوی بتوانێـت ئـەم بڕیـارە بـدات، تـەنیا تۆیـت. ڕۆژگـار باسـكردن و جێبـەجێكردنی ئـەو داواكارییـە خوداییـەی خسـتووەتە ئەسـتۆی ویلسـنی ئـەمریكایی. ڕۆحـی بـەرز و ئـازادی وانتۆن و دڵی هەستیار و پڕبـەزەییی لۆنگفێڵن و زانایی و كردەوەكانی ویلسن، ژیانێكی گەرموگوڕ و تازە دەبەخشن)) [300].

بەگوێرەی ئەو نووسینانەی كە لە "ژین"دا بڵاو كراونـەتـەوە، وادەردەكـەوێت ئەو ئەندامـەی جەمعییـەتی تـەعالیی كوردسـتان و ئـەو ڕۆشـنبیرە كوردەی كـە لـە هـەموان پـتر كەوتووەتـە بـەر كاریگـەری بنەمایـەكانی ویلسـن، دكتـۆر "عەبـدوڵڵا جەودەت" بووە: ((... بنەماكانی ویلسن، بنەمایەك نین كە تا ئـەو كاتـەی گونجـاو بێت، جێبەجێ بكرێن. هەر نەتەوەیەك ئازادە بۆ دیـاریكردنی چارەنووسـی خـۆی و هەڵبـژاردنی حكوومـەت و شـێوازی بـەڕێوەبردنی خـۆی. هـەروەها نابێـت هـیچ نەتەوەیـەك بەسـەر نەتەوەیـەكی دیكـەدا زاڵ بێـت. كاتێـك باسـی ئـەم بنەمایـە دەكرێـت، نـابێ تـەنیا لـەڕێی ئیدانـەكردنی ئـەوەی كـە ئیـزمیر كەوتووەتـە ژێـر دەسـەڵاتی یۆنانـەكان، باسـی جێبـەجێكردنی ئـەم بنەمایـە بكرێـت. دەبێـت كـاتێكیش باسـی ئـەو ویلایەتانـە دەكرێـت كـە زۆرینـەی دانیشـتوانی كـوردن و كاتێـك باسـی كوردسـتانیبوونیان دەكرێـت، ئـەو بنەمایـە قبـووڵ بكرێـت و پێویسـتیەكانی جێبـەجێ بكـرێن. كەواتـە بـۆ توركـەكان ڕێـی كـاری ژیرانـە، بـۆ ئـەوەی بتـوانن عـەرەب و چـەركەز و كـورد و لاز و ئەرمـەن و ڕۆمـەكان لـەژێر دەسـەڵاتی خۆیانـدا بهێڵنـەوە، ئەوەیـە كـە وەك هێزێـك بجووڵێنـەوە لای هـەموان قبـووڵكراو بێـت. ئەگـەر بەپێچـەوانەی ئەمەشـەوە بجووڵێنـەوە، ئـەوا لـەڕووی سیاسییەوە دەكەونە غەفڵەتەوە)) [301].

---

[300] ژین، عەبدوڵڵا جەودەت، AGM، ژمارە ١، ل٦.

[301] عەبدوڵڵا جەودەت، نەتەوەكان و مرۆڤایەتی، ژین، ژماری ٢٣، ٢١ی ڕەجەبی ١٣٣٨.

جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش وەك ڕێکخراوێك، بەهای بە بنەمایەکانی ویلسن داوە و کاتێك ماددەی دوازدەیەمی ئەو بنەمایانە ڕاگەیەنراوە، کەوتووەتە بەر کاریگەریی و لە کۆبوونەوەکانی خۆیدا کەسە ناودارەکان و بەرپرسەکانی، بەشێوەیەکی باش باسی ئەو ماددەیەیان کردووە و پێیاندا هەڵداوە. بە گوێرەی نووسینێکی "مەمدوح سەلیم" کە لە گۆڤاری "ژین"دا بە ناوی (گفتوگۆیەك لە یانەی کوردیدا)وە بڵاو کراوەتەوە، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان مانگی حوزەیرانی ١٩١٩، کۆبوونەوەیەکی ڕێك خستووە، تایبەت بووە بە گفتوگۆکردن لەسەر بنەمایەکانی ویلسن. لەو جۆرە کۆبوونەوانەدا کە بە زۆری ڕۆشنبیران و خوێندکارانی کورد بەشدارییان تێدا دەکرد، باسی هەوڵ و کار و چالاکیەکانی جەمعییەت دەکرا، لەڕووی سیاسی و دیپلۆماتی و کۆمەڵایەتییەوە. بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە کەسی بەرپرس [و: مەبەست کەسی بەرپرسی ناو کۆبوونەوەکەیە] ڕایگەیاندووە، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان پێی وابووە دەکرێت بە پشتبەستن بە بنەماکانی ویلسن، مافە نەتەوەییەکانی کورد بەدەست بهێنرێن و ئەمەشی خستووەتە بەرنامەی کاری خۆیەوە. لەبەر ئەوە، زانیاریی پێویست سەبارەت بە داواکاریەکانی گەلی کورد و نەخشەی کوردستان لەناو دۆسییەکدا کۆ کراونەتەوە و بە نوێنەرانی هەرچوار دەوڵەتە گەورەکە (ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا و ئیتالیا) دراون))[٣٠٢].

ئەو جۆرە دەستپێشخەریانەی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، نیشانەی تێگەیشتوویی ڕۆشنبیران و پێکهاتە کوردیەکان بووە لە قۆناغی جەنگ و دوای جەنگدا. لەو قۆناغەدا، ڕۆشنبیران و پێکهاتەکانی کورد خاوەنی پرۆگرامێکی دیاریکراو نەبوون تا ڕێ لە دابەشکردنی کوردستان بگرن،

---

[٣٠٢] مەمدووح سەلیم، گفتوگۆیەك لە یانەی کوردیدا، ژین، ژمارە ٢١، ١٨ی حوزەیرانی ١٣٣٥، ل٣.

کۆمەڵگای کوردی لە ڕووی سیاسییەوە، زۆر پێش نەکەوتبوو. لەو قۆناغەدا، داواکاریی مافە نەتەوەییەکان و سیاسیبوون لە کوردستاندا، نەگەیشتبووە ئەو ئاستەی کە ببێتە هۆی دروستکردنی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی: ((جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بەتایبەتی و هەموو نیشتمانپەروەرە کوردەکان بەگشتی، هیوای خۆیان بەو بنەمایانە و وڵاتانی ئەوروپایی بەستبوو. ئەوان مەبەستیان نەبوە بەهۆی بڵاوکردنەوەی بیرۆکە ئەنتەرناسیۆنالیستیەکانەوە لە گۆڤارەکاندا وڵاتانی ئەوروپایی بترسێنن. ئەوان پێیان وابوو ئەمریکا و ئەوروپا، یارمەتیی گەلی کورد دەدەن و بەگوێرەی بنەماکانی ویلسنیش، پێویستە کوردەکان بتوانن داهاتووی خۆیان دیاری بکەن و لەو بارەیەوە بڕیار بدەن))[٣٠٣].

لەو قۆناغەدا، تەنیا جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و ڕۆشنبیرانی کورد بایەخیان بە بنەماکانی ویلسن نەدەدا، بەڵکوو دامەزراوەکانی تورك و ڕۆشنبیران و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و سیاسەتمەدار و کادیرە کەمالیستەکان و ئەفسەرانی سوپای تورك و هەندێك لە لایەنەکانی حکوومەتی کۆشکی عوسمانیش، بەشێوەیەکی فراوان کەوتبوونە بەر کاریگەریی ئەو بنەمایانە کە بۆ ڕای گشتیی جیهان، بڵاو کرابوونەوە. هۆی دامەزراندنی جەمعییەتی بنەماکانی ویلسنیش لەلایەن ڕۆشنبیرانی تورکەوە بۆ ئەم ڕاستییە دەگەڕێتەوە: ((... جەمعییەتی بنەماکانی ویلسن، سەرەڕای ئەوەی کە تەمەنێکی کورتی هەبوە، بەڵام پڕ کاریگەری بووە و سەرەتای تێکۆشانی نەتەوەیی لەلایەن ژمارەیەك کەسەوە کە زۆربەیان ڕۆژنامەنووس و نووسەر و پرۆفیسۆر و دکتۆر و پارێزەر بوون، لە ئەستەمبوڵ دامەزراوە، بەو هیوای ئەوەی کە ئەمریکا پشتگیرییان لێ بکات))[٣٠٤].

---

[٣٠٣] بۆز ئارسلان، ل١٨.

[٣٠٤] تەڤە تۆغلوو، ل١٤٨.

دامەزرێنـەکان و ئەنـدامانی ئـەو جەمعییەتـە، زۆرتـر کەسـانێك بـوون لـەنێو قوای میللییە و جەمعییـەتی مودافەعەی حقووق و جووڵـانەوەی ڕەددی ئیلحاق و کادیرە کەمالیستەکاندا بوون. کەسانی وەك خالیدە ئەدیب (ئادیڤار)، یوونس نـادی (ئابـالی ئۆغلـوو)، جـەلال نـووری (ئیلـەری)، لـە دامەزرێنـەکانی ئـەو جەمعییەتە بوون.

نووسەرانی تورك پێیان وایە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، جیاییخواز بووە و دامەزرێنەکانیشی کەسانی نیازخراپ بوون و کەوتوونە بەر کاریگەریی بەنـدەکانی ویلسـن، لەلایـەن ئەوانـەوە بـە کوردایـەتی لەقەڵـەم دەدرێ، بـەڵام دامەزراندنی جەمعییەتێك بە ناوی (جەمعییەتی بنەماکانی ویلسن)ەوە لەلایەن ڕۆشـنبیرانی تورکـەوە، بـە هـەوڵێکی نیازپاکانـە لەقەڵـەم دەدەن. ئەمـەش لەکاتێکدایـە کـە کوردەکـان داوایـان کـردووە بنـەماکانی ویلسـن سـەبارەت بـە خۆیان و بەو خاکەی کە تێیدا ژیاون، جێبـەجێ بکرێت. دیارە زۆربەی نەتەوە و کەمینەکانیش کەوتبوونە بەر کاریگەریی ئەو بنەمایانە و بەدوای سەرەداوێکدا دەگەڕان بۆ بەدەستهێنانی داواکاریە نەتەوەییەکانی خۆیان. بنـەماکانی ویلسن، لە ناوەڕۆکدا بۆ کوردستان تەنیا نوسراوێك بووە لەسەر کاغەز[٣٠٥].

جەمعییەتی ویلسنچییە تورکەکان، لەلایەن ئەو تورکەکانەوە دامـەزرێنراوە کە ویستوویانە کەڵك لە چواردە ماددەکەی ویلسن وەربگرن. ئەوی ڕاستی بێـت، ئـەو کەسـایەتییە تورکانـە خـاوەنی بیرۆکـەی ئایدۆلۆژیایـەکی تێکـەڵی (ئەستەنبووڵ- ئەنادۆڵ)ن. ئەم بیر و بۆچوونە تورکییـە، جەمعییـەتی تـەعالیی

---

[٣٠٥] جەمعییـەتی پرەنسیبەکانی ویلسن، سـەبارەت بـە جەمعییـەتی پرەنسیبەکانی ویلسن و ڕۆشنبیرەکانی تورك و زانکۆ و پرۆفیسۆرەکانیان، هـەروەها دەربارەی متمانە و لایـەنگیری و هیـوا و بیروبۆچـوونەکانیان، دەتـوانن بڕواننـە: هـەمان سەرچـاوەی پێشـوو، ل١٤٨- ١٩٤، تونایا، بەرگی ٢، ل٢٤٥-٢٥٩.

کوردستانی بە جیاییخواز لەقەڵەم داوە و داواکاریی کەسایەتیە ناودارەکانیش بۆ جێبەجێکردنی ماددەی دوازدەی بنەماکانی ویلسن، سەبارەت بە کورد و کوردستان، لەلایەن ئەوانەوە ڕەت کراوەتەوە و بە توندی کاردانەوەیان لەدژی پیشان داوە. ئەوان ئەو شتانەی کە بۆ خۆیان ویستوویانە و بۆ خۆیان بە حەق و ڕەوا لەقەڵەم داوە، بۆ نەتەوەیەکی دیکە نەیانویستووە. ڕۆشنبیرە ناودارەکانی تورک کە پێیان وابووە ئەو کەسانەی داوای جێبەجێکردنی بنەماکانی ویلسن بۆ کوردەکان دەکەن، کەسانێکی نیازخراپن، هەروەها هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەنووس و نووسەر و سیاسەتمەدار و پرۆفیسۆر و مێژوونووسانەی تورکدا کە هەڵگری بیرۆکەی تورکایەتی بوون، دژایەتیی دروستبوونی شوناسی کوردییان کردووە و خاوەنی بیرۆکەیەك بوون لەلایەن ناوەندی بڕیاری کەمالیستییەوە دروست کراوە. ئەو ڕۆشنبیر و بیرۆکرات و ئەفسەرە تورك و کەمالیستانە، هەر لەسەرەتاوە بە بیر و کردەوە هەوڵی لەناوبردنی شوناسی کوردایەتی و کوردستانیان داوە.

بنەماکانی ویلسن کە لە قۆناغەکانی کۆتاییی جەنگدا ڕاگەیەنراون، بەشێوەیەکی فراوان کاریگەری لەسەر پێکهاتە و ڕێکخراوە تورکیەکان داناوە. جەمعییەتی مودافەعەی حقووق، لە ڕێی بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و کۆبوونەوە و نامەی ڕێنیشاندەری خۆیەوە، هەروەها لە کۆنگرە و دانیشتنە داخراو و ئاشکراکانی خۆیدا، بەشێوەیەکی باش و بە چاوێکی پڕ لە هیواوە، سەیری ئەو بنەمایانەی کردووە. پێویستە باسی ئەو ڕاستیە بکرێت کە ڕۆشنبیرانی کورد و جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش، هەردوو وەك تاکە هێزی کاریگەری کوردی، لەو قۆناغەدا بەئەندازەی ڕۆشنبیرانی تورك و ڕێکخراوە تورکیەکان بایەخیان بە بنەماکانی ویلسن و نزیکبوونەوە لە ئەمریکا نەداوە. ئەو جەمعییەتە هەرێمیانەی کە لە ناوچە تورکنشینەکان و کوردستاندا

دامەزراون، لەو بارەیەوە بەشێوەیەکی کاریگەر جووڵاونەتەوە. بەیاننامەیەکی جەمعییەتی موحافەزەی میللییەدا لە ترابزون، ئاوها ڕایگەیاندووە: ((ئەو نەتەوانەی کە لە جەنگەکاندا بوونەتە قوربانی و زوڵم و ستەمیان لێ کراوە، بە گیان و دڵ پێشنیارەکانی ویلسنی سەرکۆماری ئەمریکایان بۆ هەموو نەتەوەکان قبووڵ کردووە. ئەو پێشنیارانە، داوای ڕزگارکردنی نەتەوەکان دەکات لە ئازار و مەینەتی و هەوڵی گەیشتن بە ئاشتییەکی بەردەوام دەدات. ئەمەش ئەرکێکی مرۆڤایەتییە. کاتێک داواکارییەکی حەقپەرستانە و پڕ لە عەدالەتی بەمجۆرە سەبارەت بە نەتەوەکان دەکرێت، پێویستە نەتەوەی ستەملێکراوی تورکیش فەرامۆش نەکرێت))[٣٠٦].

جەمعییەتی مودافەعەی وەتەنی ژنانی ئەنادۆڵ، بۆ کارکردنە سەر ژنەکەی ویلسن، تەلگرافێکیان لە ١٩٢٠/١/١٧دا بۆ ژنەکەی ویلسن ناردووە و پێیان ڕاگەیاندووە نەتەوەی تورک متمانەی بەو بنەمایانە و خۆی تەسلیمی کردووە، بۆیە پێویستە مافەکانی بدرێت: ((خاتوونی بەڕێز! وەک ژنانی موسڵمانی سیواس، ئەمڕۆ کۆبوونەوەیەکمان کرد و بڕیارمان دا ئەم تەلگرافە وەک خاتوونێکی بەڕێزی نەتەوەی ئەمریکا کە ئەمڕۆ خزمەتی هەموو مرۆڤایەتی دەکات، بۆ جەنابتان بنێرین. دەمانەوێت لەڕێی ئەم تەلگرافەوە داواکاریی خۆمانتان پێ ڕابگەیەنین. ئێمە وەک ژنانی تورک، هیوامان بەوە هەیە کە بەڕێزتان داواکارییەکانمان قبووڵ بکەن. ئێمە هاوسەرەکەی بەڕێزتان وەک فەیلەسووف و زانایەکی گەورە دەناسین کە دەیەوێت هەوڵی دابینکردنی ئاشتی و ئارامی لەجیهاندا بدات. بۆ ئەو مەبەستەش، کۆمەڵێک بنەمای بۆ دنیای نوێ ڕاگەیاندووە کە لەلایەن میللەتەکانەوە قبووڵ کراوە. ئێمەی تورک،

---

[٣٠٦] زەکایی گوینەر ئۆرهان پاباتاش، ڕاگەیاندن و بەیاننامەکانی قۆناغی تێکۆشانی نەتەوەیی، ئەنقەرە، بڵاوکراوەی AKDTYKAKM، ١٩٩٠، ل٧٥.

ئەو بنەمایانەمان بەگیان و بەدڵ قبووڵ و متمانەمان پێکردووە. بنەماکانی ویلسن، یەکێك لە مەرجەکانی ئاگربەستی دەوڵەتەکەمانە لەگەڵ حکوومەتە هاوپەیمانەکاندا... داواتان لێ دەکەین وەك مافی خۆتان، بەرگری لە مافی ئێمەش بکەن... خاتوونی بەڕێز! لای ئێمەی تورك، واباوە کە قسە ناموسە، ئێمە نەتەوەیەکی گەورەین، متمانەمان بە قسەکان و بنەماکانی ویلسن کردووە. داوا لە بەڕێزیان دەکەین مافی هەموو تورکەکان بدات.

١٧ی کانونی دووەمی ١٣٣٦))[٣٠٧].

هەیئەتی ئەرزڕۆم، دوو تەلگرافی بە ئیمزای "مەسعود" و "سلێمان نەجائەتی" و "کازم" و "مێجلگەت" و دوو کەسی دیکە کە ناوەکانیان ناخوێندرێتەوە، ڕەوانەی کۆنگرێسی ئەمریکا کردووە. لە یەکێك لەو تەلگرافانەدا، بەشێوەیەکی باش باسی بنەماکانی ویلسن کراوە: ((بنەماکانی ویلسن، وەك نیشانەیەکی بەرزی بیرۆکە و هەستی مرۆڤایەتی و حەقپەرستانەی دەوڵەتی یەکگرتووی ئەمریکا، لەقەڵەم دەدەین و بڕوامان وایە ئەو بنەمایانە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کۆتایی بە سەردەمێکی پڕ لە زۆرداری و ستەم دەهێنێت و قۆناغێکی نوێ دەکاتەوە... متمانەمان بە مرۆڤدۆستی و حەقپەرستیی ئەمریکا هەیە و لەبەر ئەوەش ئیدانەی داگیرکردنی ئیزمیر دەکەین و پێمان وایە پێویستە ئەو بنەمایانەی کە لە سەرەتاوە باس کران، بپارێزرێن و بەشێوەیەکی یەکسان جێبەجێ بکرێن...))[٣٠٨].

ئەو بنەمایانەی کە ویلسن بۆ ئاشتیی جیهان باسی کردوون، بەتایبەتی کاریان کردووەتە سەر ژیانی نەتەوە و کەمینەکانی ناو ئیمپراتۆریای

---

[٣٠٧] بەکر سدقی بایکاڵ، جەمعییەتی مودافەعەی وەتەنی ژنانی ئەنادۆڵ و تێکۆشانی نەتەوەیی، ئەنقەرە، بڵاوکراوەکانی AKDTYKAKM، ١٩٨٦، ل٣٢.

[٣٠٨] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

عوسمانی. هەروەها، ئەو بنەمایانە بەهەمان شێوە ڕۆشنبیرانی عوسمانی و بیرۆکرات و ئەفسەرە کەمالیستەکان و ئەو ڕۆشنبیرە تورکانەشی هێناوەتە جۆش وخرۆش کە دواتر بوونەتە ئەندامی جووڵانەوەی مودافەعەی حقووق. سەبارت بەو سەردەمە، بەڵگە و دۆکیومێنتی زۆر هەیە کە کاریگەریی ئەو بنەمایانەیان پێوە دیارە. لە شەڕەکانی تورك و یۆنان، تورك و ئەرمەنەکاندا، ئەدەبیاتی جەنگ پڕ بووە لە پەسن و پێداهەڵدانی ویلسن. لەو قۆناغەدا، تورکەکان بایەخێکی زۆریان بە ئەمریکا و سەرۆکە (ئاشتیخوازەکەی) داوە!

ڕێکخراوە کوردیەکانیش لەو کاریگەرییە بەدەر نەبوون. سەباحەددین سەلەك باسی ئەو هیوایانە دەکات کە بە ئەمریکا بەستراوە، ((بەتایبەتی کاتی ڕاگەیاندنەکانی سەرۆك ویلسن بۆ ئاشتیی جیهانی و لە کۆتاییەکانی ئاگربەستی مۆندرۆس‌دا لە تورکیا، هیوا بە ئەمریکا پتر بوو. هەروەها هەندێك پەیوەندی لەنێوان ئەو دوو وڵاتەشدا گەشەی کرد))[309].

ئەمریکا پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ئەنقەرەی کەمالیستدا، درێژە پێداوە. ئەوی ڕاستی بێت، کاتی دەستپێکردنی جەنگی نیسانی ١٩١٧، ئەمریکا کە ناچار بووە لەگەڵ دەوڵەتە هاوپەیمانەکاندا بەشداری لە جەنگدا بکات، هیچ کاتێك شەڕی لەدژی تورکیا ڕانەگەیاند و تەنیا پەیوەندییە سیاسیەکانی خۆی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا ڕاگرت. ڕاگەیاندنی بنەماکانی ویلسنیش، ئامارژەیەك بوون بۆ ئەوەی کە ئەمجۆرە پەیوەندییە سیاسیانە لەنێوان هەردوو وڵاتدا گەشە بکەن. سەبارەت بە پەیماننامە (میساق)ی میللی "سەباحەددین سەلەك" دەڵێت: ئەو بنەمایانە لە چوارچێوەی میساقی میللیی تورکەکاندا گەڵاڵە کراون و بەوجۆرەش باسی ئەوە دەکات کە هەلومەرجێکی وا لە قۆناغەکانی کۆتاییی

---

[309] سەلاحەدین سەلەك، شۆڕشی ئەنادۆڵ، ئەستەنبووڵ، خانەی بڵاوکردنەوەی بۆرچاك، ١٩٦٨، ل٤٥٣.

جەنگدا دروست بووە کە پەیوەندیی سیاسی نێوان تورکیا و ئەمریکای تێدا گەشە بسێنێت. میساقی میللی نەبوەتە کێشەیەکی گەورە بۆ ئەمریکا، جگە لەوە لە کۆتاییی جەنگدا، سەرسامییەکی گەورە لە تورکیا بەرامبەر بە ئەمریکا دروست بووە. ڕۆشنبیرانی تورك بنەماکانی ویلسنیان بە گەلاڵەی ئاشتییەکی دادپەروەرانە لەقەڵەم داوە و بەرامبەر بە ئەمریکا حەیران ماونەتەوە[310]. ئەمریکا وەك وڵاتێکی بێزیان و خێرخواز، سەیر دەکرا و خودی مستەفا کەمال پاشاش، هەمان بیر و بۆچوونی هەبوو[311]. لێدوانێکی ناوبراو لە ١٧ی تەموزی ساڵی ١٩٢١دا بۆ پەیامنێری "یونایتد تەلگراف"، نیشانەی ئەو بیر و بۆچوونەی مستەفا کەمال پاشایە بەرامبەر بە ئەمریکا: ((گەلی تورکیا بە چاوی لایەنێکی خێرخواز و مرۆڤدۆست و لایەنگری ئازادی دەڕوانێتە ئەمریکا. دەمانەوێت لە هەوڵەکانی خۆماندا بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەمان، بەشێوەیەکی فراوان کەڵك لە سەرچاوە ئەمریکیەکان وەربگرین. بەڵام نەتەوەکەمان بەرامبەر بە هیوا و ئارەزووی داگیرکەرانەی دەوڵەتی بریتانیا سڵ دەکاتەوە و خۆی بەدوور دەگرێت))[312].

بنکەی ژین
www.zheen.org

پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئەنقەرەی کەمالیست، هەر لە قۆناغی کۆتاییی جەنگەوە گەشەی کردووە. زەمینەی ئەوەش فەراهەم بووە کە ئەو پەیوەندیانە بەشێوەیەکی باش و دوولایەنە بەرەوپێش بچن. کۆمیساری باڵای ئەمریکا لە ئەستەنبووڵ "ئادمیراڵ مارك بیستڵ" هۆشداریی داوەتە ئیدارەی واشنگتۆن، سەبارەت بە بەڕەسمی نەناسینی ئەنقەرە و بێهەڵوێست مانەوەی ئەو وڵاتە،

---

[310] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٧.

[311] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[312] لێدوان و قسەکانی ئەتاتورك، ئەنقەرە، بڵاوکراوەکانی ئەنیستیتووی مێژووی شۆڕشی تورکی، بەرگی سێیەم، ١٩٥٤، ل١٨.

بەرامبەر بە حکوومەتی ئەنقەرە. هەروەها داوای ئەوەشی کردووە کە ئەمریکا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە ئەنقەرە بگۆڕێت. هەر لەو کاتانەدا، بۆ ئەوەی پەیوەندیە سیاسیەکانی ئەمریکا لەگەڵ تورکیادا نەکەونە بەر مەترسی و لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و سیاسەتی دەرگای کراوە پشت بەستوو بە تین‌وتوانە ئابووریەکان لە تورکیا، هەوڵ دەدرا پەیوەندیەکانی واشنگتۆن و ئەنقەرە پتر گەشە بسێنن. ڕەوانەکردنی "جولیان گیلەسپ" وەك پاشکۆی بازرگانیی سەر بە کۆمسیاریای باڵای ئەمریکا بۆ ئەنقەرە، بەشێوەیەکی ناڕەسمی نیشانەی ئەوە بووە کە پەیوەندیەکانی ئەمریکا و ئەنقەرە لە داهاتوودا دەگاتە ئاستێکی ڕەسمی. هەرچەندە ناوبراو بەشێوەیەکی ناڕەسمی و بەناوی لێکۆڵینەوەی بازرگانییەوە سەری لە ئەنقەرە داوە، بەڵام لەڕێی دانوستانەکانی خۆیەوە لەگەڵ مستەفا کەمال پاشا و دکتۆر عەدنان و یووسف کەمال و حسێن ڕەوف و بەرپرسانی دیکەی ڕەوتی کەمالیستیدا، هەستی بەوە کردووە کە ئەنقەرەی کەمالیست، لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە، خوازیاری پەرەپێدانی پەیوەندیەکانی خۆیەتی لەگەڵ ئەمریکادا. حسێن ڕەوف باسی ئەوەی دەکرد کە ئەگەر هاتوو جەنگ تەواو بێت، حکوومەتی ئەنقەرە بیر لەوە دەکاتەوە پێشنیار بکات هەموو ئەولەویەتەکانی خۆی و هەندێك مافی تایبەتی بداتە وڵاتێکی بێلایەنی وەك ئەمریکای یەکگرتوو. هەروەها سەبارەت بە مەسەلەی سەرچاوە نەوتیەکانیش، باسی ئەوەی دەکرد کە ئەولەویەت بە چ گرووپێکی کۆمپانیاکانی ئەمریکا دەدەن، تا لەسەر نەوتەڵانەکانی مووسڵ کار بکات. گلیسپیش گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە حکوومەتەکەی ئەنقەرە خوازیاری ئەوەیە ئەمریکا یارمەتیی گەشەسەندنی ئابووریی تورکیا بدات و دەیەوێت سەرمایەی ئەمریکا لە وڵاتەکەیدا ببینێت: ((تورکەکان لەدڵەوە دەیانویست پەیوەندیی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ ئەمریکادا دروست بکەن)).

وەزیری دەرەوەی حکوومەتەکەی ئەنقەرە "یووسف کەمال" مانگی ئاداری ساڵی ١٩٢٢، کاتێك ویستوویە بۆ ئەورووپا بڕوات، لە ئەستەنبووڵ "ئەدمیراڵ بریستۆل"ی بینیوە و پێی ڕاگەیاندووە کە تورکیا پێویستی بە یارمەتیی ئەمریکایە و پێویستە ئەمریکاش زیاتر لە هەموو وڵاتێکی دیکە، حەز بە سەرکەوتنی تێکۆشانی ڕزگاریی تورکیا بکات.

مستەفا کەمال پاشاش بۆ خۆی هەوڵێکی جیددیی داوە بۆ ئەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەمریکای یەکگرتوودا گەشە پێدات و تەقەلای زۆری کردووە تا "ڕۆبەرت و. ئیمبرەی"، یەکێك لە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، بەتایبەتی سەر لە ئەنقەرە بدات. ئیمبرەی لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی "حاکمییەتی میللییە" ڕایگەیاندووە ئەمریکا هەستێکی دۆستانەی بەرامبەر بە تورکیا هەیە و بۆ خۆیشی هەمان هەستی هەیە و لایەنی تورکەکان دەگرێت[٣١٣].

یەکێکی دیکە لە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، "دۆڵسی" ناو، هەمان هەستی دەرهەق بە ئەنقەرە هەبووە: ((ڕەوتی کەمالیستی، شایستەی پشتگیریی ئەمریکایە، چونکە ئەوانە ڕەوتێکی پاکی بەرگریی نەتەوەیین)). بەگشتی ئەمجۆرە هەستانە سەبارەت بە تورکیا لەو قۆناغە و لەنێو سیاسیەکانی ئەمریکادا زاڵ بوون[٣١٤].

بیرۆکەی بوون بە مانداتی ئەمریکاش، لەسەر بنچینەی ئەو پەیوەندیە سیاسیانە گەشەی کردووە. ئەم بیرۆکەیە، لە قۆناغەکانی جەنگی تورك و یۆنان و تورك و ئەرمەنەکاندا، لەنێوان ڕێکخراوەکانی مودافەعەی حقووق و ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوە و زۆربەی ڕۆشنبیراندا بەربڵاو بووە. بەقسەی

---

[٣١٣] حاکیمیەتی میللیە، ٣٠ی ٦ی ١٩٢٢.

[٣١٤] سەلاحی سۆنیە و شەڕی ڕزگاری تورك و سیاسەتی دەرەوە، ئەنقەرە، بڵاوکراوەکانی دەزگای مێژوویی تورك، بەرگی ٢، ١٩٨٦، ل٢٤٠.

"دۆغان ئاغجی ئۆغڵو": ((ژمارەیەك لە نەتەوەخوازان ڕێی ڕزگاری و پاراستنی یەكپارچەییی خاكەكەیان لەوەدا بینیوەتەوە كە ببنە منداتی ئەمریكا))[315].

لەنێو كەمالیستەكان و ڕۆشنبیرانی ئەستەنبووڵیشدا كە زۆربەیان لایەنگری حكوومەتی ئەنقەرە بوون، بیرۆكەی بوون بە مانداتی ئەمریكا زۆر بەربڵاو بووە، تەنانەت "عیسمەت پاشا"ش یەكێك لەوانە بووە كە بەرگریی لەو بیرۆكەیە كردووە. عیسمەت پاشا لە نامەیەكیدا كە ١ی حوزەیرانی ساڵی ١٩١٩ بۆ "كازم قەرەبەكر"ی نووسیوە و لە نامەیەكی دیكەشیدا كە ٢٧ی ئابی هەمان ساڵ بۆ ئەوی ناردووەتەوە، باسی ئەوەی كردووە كە پێویستە ئەمریكا توركیا بخاتە سەر ولاتەكەی خۆی، تا دابەش نەكرێت: ((ئەگەر لە ئەنادۆڵ هەموو خەڵك ڕوو لە ئەمریكاییەكان بكەن و پەنا ببرێتە بەر نەتەوەی ئەمریكا، ئەو كاتە زۆر كەڵكی دەبێت. دەگوترێت منیش بەتەواوەتی ئەو بیر و بۆچوونەم هەیە. بەر لەوەی ولاتەكە بەتەواوەتی دابەش ببێت، باشتر وایە وەك ڕێگەچارەیەك هەمووی بخرێتە ژێر دەسەلاتی ئەمریكا. بەهای نرخی ئەو بیر و بۆچوونەی من لەمەدایە))[316].

بنكەی ژین
www.zheen.org

٥ی ١٢ی ساڵی ١٩١٨، ژمارەیەك ڕۆژنامەنووس و نووسەری ناوداری نەتەوەخوازی تورك كە كەسانی وەك (خالیدە ئەدیب، یوونس مەهدی، ئەحمەد ئەمین، دكتۆر جەلال موختار، عەلی كەمال، جەلال نووری، نەجمەدین سادق، محەمەد سادق، محەمەد جەمال، والید ئەبوزیا- كە وەزیرێكی پێشوو بووە)یان تێدا بووە، ئیمزای نامەیەكیان بۆ سەرۆك ویلسن ناردووە و داوای ئەوەیان تێدا كردووە، توركیا بخرێتە ژێر دەسەلاتی ئەمریكا و ئەمەش باشترین بەڵگەیە بۆ باری دەروونیی ئەو كاتەی ڕۆشنبیرانی كەمالیست: ((بەڕێز وۆدرۆ ویلسن

---

[315] ئاوجی ئۆغڵوو، هەمان سەرچاوەی پێشوو، كتێبی یەكەم، ١٩٧٤، ل٢٥٣.
[316] قەرە بەكر، ل٥٨- ٧١.

سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، ژمارەیەك لە ڕۆشنبیرانی سەر بە پیشە جیاوازەکان و بەشێکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسان، جووڵانەوەیەکیان بەناوی –یەکێتیی تورکە ویلسنچیەکان–ەوە دروست کردووە. ئامانجەکەیان ئەوەیە بێنە سەردانی سەرۆکی گەورەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کە داوای کردووە مافی نەتەوەکان لەلایەن دۆستان و دوژمنانیشەوە قبوول بکرێ و لە جیهاندا ئاشتی و سیستمێکی نوێ دابمەزرێت.

هیوامان وایە سەرۆکی گەورەی کۆماری ئەمریکا، گوێ لە داواکاریەکەی ئێمە بگرێت و هەوڵی خێرخوازانەی خۆی بدات بۆ ئەوەی ناوبژیوانیی ئێمە و وڵاتە هاوپەیمانەکان بکات، چونکە ناوبراو هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی زۆرداری و ستەم و چەوساندنەوەی نەتەوەکان لە جیهاندا نەمێنێت و ئاشتی بەرقەرار بکرێت... پێمان وایە ئەو پرۆگرامەی کە ویلسن سەبارەت بە ئازادیی نەتەوەکان بڵاوی کردووەتەوە، لەکاتی خۆیدا پێشکەوتن و بنەما نەتەوەییەکانی ئێمەش دەستەبەر دەکات...))[٣١٧].

لە لایەنەکانی دەوروبەری حکوومەتیشدا، بیرۆکەی بوون بە مانداتی ئەمریکا هەبوە. لە کۆبوونەوەی شوورای سەڵتەنەتدا کە ٢٦ی مایس لەلایەن سوڵتانەوە ڕێك خراوە، ڕەوف ئەحمەد داوای کردووە ببنە مانداتی ئەمریکا. ٣١ی مایسی ١٩١٩، "ئەحمەد عیزەت پاشا" و "چروك سوڵوو مەحمود پاشا" و فەرماندەیەکی سوپا بە ناوی "جەواد پاشا" کە دەستی لە دەربازکردنی مستەفا کەمال پاشادا بۆ سامسون هەبوە و بە "چوبانلی" ناسراوە، پێکەوە چوونەتە دامەزراوەی ئەمریکی لە ئەستەنبووڵ و لەوێ داوایان کردووە ئەمریکا دەوڵەتێکی ماندات لە هەموو تورکیادا دابمەزرێنێت.

---

[٣١٧] ئاوجی ئۆغڵوو، ل٢٥٥– ٢٥٨.

((ئـەم ژەنەراڵانــە زامنکردنــی ئەوەشــیان داوەتــە نوێنەرەکــەی ئــەمریکا کــە دەتوانێت لەو بارەیەوە پشت بە سوپای تورك ببەستێت))[٣١٨].

وەك دەبینرێــت لــە ڕۆژانــی ئاگربەســتدا، ســەرنجی هــەموو نەتــەوەکان و ڕێکخـراوە نەتەوەییـەکان چـووەتە سـەر ئـەمریکا و گرنگییـان بـەو وڵاتـە داوە. ڕێکخــراوە کوردیــەکانیش وەك ئــەوانی دیکــە، گرنگییــان بــە ئــەمریکا داوە. لیژنەی "کینـك کراین" کـە بـۆ لێکۆڵینـەوە لەسـەر مانداتی ئـەمریکا بـۆ تورکیا هـاتووە، پەیوەندییـەکی نزیکـی لەگـەڵ ڕۆشـنبیران و ڕۆژنامەنووسـانی تورکـدا هــەبوە. زۆر کــەس لــە کــۆنگرەی ســیواس باوەڕیــان وابــوو ئەگــەر یارمــەتیی دەوڵـەتێکی گـەورە نـەبێت، تورکیـا ڕزگـاری نابێـت. "دۆغـان ئـاغجی ئۆغڵـوو" دەڵێـت: لـە کۆنگرەکـەی سـیواس بـوون بـە مانـداتی ئـەمریکا لەبـەر پرەنسـیپ ڕەت نەکراوەتــەوە، بــەڵکوو لەبــەر ئــەوە ڕەت کراوەتــەوە کــە ڕاگەیانــدنی ئــەو منداتە لەکاتێکی نەگونجاودا بە دژمان دەشکێتەوە[٣١٩].

هــەروەها جــەخت لــەوە دەکــات کــە لەبــەر ئــەوەی ئــەمریکا دامەزرانــدنی دەوڵەتێکی منداتی لە تورکیا ڕەت کردووەتەوە، ئەو لایەنانـەی بـەرگرییان لـەو بیرۆکەیە کـردووە، پاشەکشـەیان کـردووە: ((بـەڵام دەبێـت ئـەوە ڕوون بێـت کـە ئەگـەر ئـەمریکا دامەزرانـدنی دەوڵـەتێکی مانـداتی لـە تورکیـا قبـووڵ بکردایـە، ئەستەم بوو لایـەنگرانی ئـەو لـە کۆنگرەی سیواس شکسـت بخـۆن. بێئاگـایی لەوەی کە ئەمریکا چ هەڵوێستێکی بەرامبەر بە دامەزراندنی دەوڵـەتی مانـدات لـە تورکیـا دەبێـت، تـا ئاستێك گەشـەکردنی بیرۆکـەی لایـەنگرانی دامەزرانـدنی دەوڵــەتی مانــداتی ڕاگرتــووە. کێشــەی مانــدات لــە کــۆنگرەی ســیواس بــە

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[٣١٨] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٨.

[٣١٩] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٠.

بـانگکردنی دەسـتەیەکی ئـەمریکی بـۆ لێکۆڵینـەوە لەسـەری، کۆتـاییی پێهاتووە))[320].

سەبارەت بە چواردە بەندەکەی ویلسن، پروپاگەندەیەکی فراوان کراوە. ئەو پروپاگەندانـە لـە قۆناغـەکانی جـەنگ و ئاگربەستیشـدا هەلومـەرجێکی تێکەڵوپێکـەڵ و نادیـاری سیاسـیی دروسـت کـردووە و کـاری کردووەتـە سـەر کوردەکانیش. کوردەکان ویستوویانە بەتایبەتی کەڵك لەو بنەمایە وەربگرن کە باسی دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان دەکات و هەوڵیان داوە لەڕێی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و ڕێکخراوە نەتەوەییەکانەوە کەڵك لەو ماددەیە وەربگرن. لایەنگرانی قووای میللییە و ڕۆشنبیرانی تورك و بیرۆکرات و ئەفسـەرەکانی عوسمـانی کـە لـە ئەسـتەنبووڵ جەمعییـەتی ویلسـنیان دادەمەزراندبوو، دەیانویست بە کەڵكوەرگرتن لە بنەماکانی ویلسن دەوڵەتێکی سەربەخۆی تورك لە ئەنادۆڵ و تورکیا دابمەزرێنن. کوردستانیش دەخرایە نێو سنوورەکانی ئەم دەوڵەتە. کەمالیستەکان کە ترسی ئەوەیان لێ نیشتبوو لە ئەنادۆڵ هەرێمی تایبەت بە ڕۆم و ئەرمەنەکان دابمەزرێت، بۆ ئەوەی کار بکەنە سەر کوردەکان، بەردەوام باسی بنەماکانی ویلسنیان دەکرد و ئەو بنەمایانەیان لەڕووی سیاسییەوە پشتگوێ نەخستبوو.

نـاوەڕۆکی سیاسـی بنـەماکانی ویلسـن، سـەربەخۆیی و مـافی چـارەی خۆنووسـینی بۆ کوردەکـان تێدا نـەبوو. ئـەوی ڕاسـتی بێت، ئـەو بنەمایانـە لـە سیاسەتی قۆناغی جەنگی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکاندا، گوزارشتێکی دیکە بوو. بەڵام ئەو بنەمایانە لەنێو نەتەوە ژێردەستەکان و کەمەنەتەوەکان و ئەو گەلانەدا کـە لەجەنگـدا شکسـتیان هێنـابوو، بـە گـەرمی پێشـوازیی لـێ کـرا: ((تـەنیا

---

[320] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

تورکـەکان باوەڕیـان بـەو شـتانە نـەبوو کـە دەوڵەتـە هاوپەیمانـەکان گوایـە بـە ئامانجـــەکانی جـــەنگ ناویـــان دەبـــردن، بـــەڵکوو ئەرمـــەن و ڕۆم و کـــورد و عەرەبـەکانیش باوەڕیـان پـێکردبوو. ئـەو ئامانجانـە لـەنێو ئـەو گەلانـەدا کـە شکستیان هێنابوو، تێڕوانین و بیر و بۆچوونێکی جیاوازیان دروست کردبوو. چوارده بەندەکـەی سـەرۆك ویلسـن لـە هـەموو ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا دەزانـرا و زۆر کەس بە جیددی وەریـدەگرتن. بەگوێرەی ئەو شتانەی کە مامۆستا "ماری میـڵس پاتریـك" قونسـوڵی ئـەمریکا لـە بەغـدا باسـی کـردوون، لـەو ناوچـانەدا تەنانـەت میرنشـینە عەرەبـەکانیش کـە لەوانەیـە خوێندەواریشـیان نـەبووبێت، بـەجۆش و خرۆشـەوە باسـی چـوارده بەنـدەکانی ویلسـنیان کـردووە. ژەنـەراڵ "جـەیمس جـی هـاربۆرد" سـەرۆکی دەزگـای هـاربۆردی ئـەمریکی کـە مـانگی ئـەیلولی سـاڵی ١٩١٩ بـۆ ئەنجامـدانی لێکۆڵینەوەیـەك بەتایبـەتی سـەری لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت و ئـەنادۆڵ داوە، ١٦/١٠/١٩١٩ و لـە ڕاپـۆرتێکی خۆیـدا، باسی ئەوەی کردووە کە لەو ناوچانەی وا ئەو سەری لێ داون: لە (شەمەر)ەوە تا (بەسرە)، لەنێو عەرەبە بیابانشینەکاندا، بەشێوەیەکی فراوان گفتوگۆ لەسەر چوارده بنەماکەی سەرۆك ویلسن کراوە. تەنانـەت حکوومەتـەکانی (ئـەودیوی قـەفقاس) و خـەڵکی داغسـتان و ڕەوتـە نەتـەوەخوازە تورکـەکان لـە سـیواس و ئەرزڕۆم و سـەرکردە بەهێزەکانیان، بەشێوەیەکی باش و بـە گـەرمی باسـی ئـەو بنەمایـەیان کـردووە کـە ئامـاژە بـە دیـاریکردنی مـافی چـارەی خۆنووسـین دەدات))[٣٢١].

نەتـەوە غـەیرە تورکـەکانی نـاو سـنوورەکانی ئیمپڕاتۆریـای عوسمـانی، بەتایبـەتی ئەرمـەن و کـورد و ڕۆمـەکان، کۆتـاییی ١٩١٨ و سـەرەتای ١٩١٩،

---

[٣٢١] سۆیلەڤ، بەرگی یەکەم، ل٤.

هەوڵیان داوە کەڵك لە بنەماکانی ویلسن وەربگرن، بۆ ئەوەی هەندێك لە داواکارییە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیەکانیان سەبارەت بە شوناسی نەتەوەییی خۆیان پێش بخەن. بیر و بۆچوونەکان، لە قۆناغی کۆتاییی جەنگدا، سەبارەت بە جێبەجێکردن و بەدەستهێنانی هەندێك مافی ئابووری و سیاسی و ئەتنی و دیمۆگرافی، پتر بووبوون. لەو قۆناغەدا، کوردەکان لە ڕێی تاکە ڕێکخراوێکی کاریگەری کوردییەوە کە هەبوو و ئەویش "جەمعییەتی تەعالیی کوردستان" بووە، هەوڵیان داوە داواکارییە نەتەوەییەکانی خۆیان بە پشتیوانیی ئەو بنەمایانە بهێننە سەرزمان و پێشی بخەن. ڕۆشنبیرانی کورد و کەسایەتیە ناودارەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، هەوڵیان داوە کەڵك لە بنەماکانی ویلسن وەربگرن، بۆ ئەوەی بتوانن لەڕووی سیاسییەوە ڕێیەك بۆ داهاتوو بدۆزنەوە. ئەو بنەمایانە وەك ڕێگەچارەی نەتەوە غەیرە تورکەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی سەیر کراون. ((ڕۆشنبیران و خوێندکارانی کورد، ئەو هەلومەرجە تێکەڵ و نادیارە سیاسیەیان بە دەرفەتێك زانی تا بتوانن چالاکیی نەتەوەیی ئەنجام بدەن و ڕێیەك بۆ ڕزگاریی کوردستان بدۆزنەوە))[٣٢٢].

لەو قۆناغەدا، کوردەکان لە ڕێی نوێنەرانی سیاسیی خۆیان و کەسایەتیە کاریگەرەکانی کوردەوە کە جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیان دامەزراندووە و کەسانی ڕۆشنبیر و بیرۆکرات و ئەفسەر و سەرۆك خێڵ بوون، هەوڵیان داوە سیاسەت بکەن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان. لە ڕێی ئەو نوێنەرانەی خۆیانەوە، ویستوویانە کێشەی کورد ببەنە نێو کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتیەکان و باسی بکەن. بێگومان کەسایەتیەکانی کورد و جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش، خاوەنی سیاسەت و بەرنامەیەکی ڕوونی نەتەوەییی

---

[٣٢٢] بۆز ئارسلان، ل٤.

کــوردی نــەبوون. سیاســەت و بەرنامــە و چــالاکیەکانی ئــەوان، کێشــە و کەموکوڕییان تێدا بووە. دواکەوتوویی کۆمەڵگای کورد لە ڕووی سیاسییەوە، کاریگەرییــەکی زۆری لەســەر کاروبــارە سیاســیەکانی ئــەو قۆناغــە هــەبوە. لەوکاتانەدا، کوردەکان سەرکردەیەکی سیاسی و سەربازیی وەهایان نەبوو کە ستراتیژ و تەکتیکەکانی جەنگ بە باشی بزانێ و بەوردی ئاگای لە زانستی سیاسەت بێت، تا بتوانێ جووڵانەوەیەکی پێ ڕێك بخات. ئەو کادیرە سیاسیانەش کە هەبوون، کەسانی بیرۆکرات و ئەفسەر بوون، پەیوەندییەکی خێڵەکی و دەرەبەگایەتیان هەبوە و ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە لە ڕووی نەتەوەخوازیشەوە پەیوەندییەکی سیاسیی بەهێزیان نەبێت. ئەو هۆکارە سەرەکیەی کە وەك پاڵنەرێك وای دەکرد تا ئەو کادیرانە شکڵ بگرن و تێبگەن، بیرۆکەی ڕزگارکردنی کوردستان و ئەو زوڵم و ستەمە بوو کە لەو بارودۆخەدا لە کوردستان دەکرا. ئەوان هیچ بەرنامەیەکیان نەبوو ڕوونی بکاتەوە کوردستان لەسەر چ بەرنامەیەکی سیاسی و چ پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و سەربازی و لەلایەن چ جۆرە هێز و هاوپەیمانێتییەکەوە ڕزگار دەکرێت؟ لەبەر ئەوەی ئەوان خاوەنی بەرنامەیەکی نەتەوەیی کوردی و هێزێکی تایبەت نەبوون بۆ جێبەجێکردنی ئەوە، بە کردەوە هەوڵ و چالاکیەکانیشیان سەبارەت بە کەڵك وەرگرتن لە بنەماکانی ویلسن، نەدەبوە هۆی ئەوەی کار بکەنە سەر هاوسەنگیەکانی هێز و ئەنجامێکی ئەوتۆیان لێ بکەوێتەوە. بەڵام –سەرەڕای ئەوە– ئەو سەرکردانەی کورد لە قۆناغی کۆتاییی جەنگدا بارودۆخی کۆمەڵگای کوردی و پێگەی کوردستان و داواکاریە سیاسیەکانی کوردیان بردووەتە نێو کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتیەکان و هەموو ئەو مەسەلانەیان گەیاندووەتە نوێنەرانی باڵای دەوڵەتەکان. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لەم قۆناغە سیاسیەدا، پتر ڕۆڵی بینیوە. دانوستانەکانی نوێنەرانی ئەمریکا لەگەڵ

نوێنەرانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و ڕۆشنبیرانی کورددا، بەهۆی دەرکەوتنی ئەو قۆناغە سیاسیەوە بوون. دەکرێت ئەمە وەك هەنگاوێك لە مێژووی نەتەوەی کورد و مێژووی سیاسەتی کورددا لەقەڵەم بدرێت. ئەگەرچی ئەو سەرکردانەی کورد لە هەلومەرجی سیاسیی نادیار و تێکەڵی ساڵی ١٩١٨دا، بێکەموکوڕی نەبوون، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە هەوڵی جیدییان بۆ کۆمەڵگای کوردی داوە و یارمەتیی گەشەکردنی زانستی سیاسەتی کوردی و مێژووی نەتەوەی کوردیان داوە. لەو قۆناغەدا، ئەوان هەموو کۆبوونەوەیەکیان سەبارەت بە کۆمەڵگای کوردی هەڵسەنگاندووە و ئەمەش لە ڕووی هەڵسەنگاندنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و چالاکیی کەسایەتیەکانیەوە، گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە. سەردانی ئەو نوێنەرانە بۆ لای دەزگای لێکۆڵینەوەی ئەمریکی و باسکردنی داواکاریە نەتەوەییەکانی کورد و بەرگریکردن لەو داوایانە، جێی بایەخ و هەڵسەنگاندنە. لەو ڕۆژانەدا، دەستەی لێکۆڵینەوەی ئەمریکی کە گوێی لە قسەی بەرپرسانی حیزب و ڕێکخراو و کۆمەڵە و ڕۆژنامەنووسان گرتووە، گوێی لە بیر و بۆچوون و قسەکانی کەسایەتیەکانی کوردیش گرتووە. جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش بەشداریی لەو کۆبوونەوانەدا کردووە و داواکاریە سیاسیەکانی خۆی بەناوی کۆمەڵگای کوردەوە هێناوەتە سەرزمان. ٤ی ئابی ١٩١٩، بابانزادە شوکری" و "سەیید عەبدولقادر" بە نوێنەرایەتیی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، بەشدارییان لە کۆبوونەوەیەکی وەهادا کردووە و داواکاریەکانی کوردیان هێناوەتە سەرزمان. ئەوان لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی دەستەی لێکۆڵینەوەکەدا، وتوویانە نزیکەی چوار تا پێنج ملیۆن کورد لە تورکیا دەژین و سێ ملیۆن کوردی دیکە لە ئێران هەن و پێویستە ڕێیەکی کوردستان بگاتەوە سەر دەریای ڕەش و دەیانەوێت کەڵك لە بەندەری

(ئەسکەندەروون) و ڕووباری دیجلە و فورات وەربگرن و دەبێت مووسڵیش بەتەواوەتی ببێتە بەشێك لە خاکی کوردستان[٣٢٣].

لەو قۆناغەدا، ئەوان تەنیا بۆ ئەوەی داواکاریە نەتەوەییەکانی کورد باس بکەن، هەوڵیان داوە پەیوەندی لەگەڵ نوێنەرانی ئەمریکادا بگرن. زنار سلۆپی

---

[٣٢٣] وەقت، ٤ی ئابی ١٩١٩، زەکی ساریهان، یاداشتی ڕۆژانەی جەنگی ڕزگاری، ئەنقەرە، بڵاوکراوەکانی دونیای مامۆستا، بەرگی ٢، ١٩٨٤، ل٣٢.

– لە ڕۆژنامەی وەقتدا بەمجۆرە باسی دانوستانی وەفدی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لەگەڵ وەفدی ئەمریکایی و داواکاریەکانی ئەو جەمعییەتە دەربارەی کوردەکان کراوە: ((بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە دوێنێ دەستمان کەوتوون، ئەمڕۆش وەفدی ئەمریکی لەگەڵ نوێنەرانی چەندین پارت و کۆمەڵەی جۆراوجۆردا کۆبوونەوە دەکەن. لەنێو ئەمانەشدا بۆ جاری یەکەم چاویان بە نوێنەرانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دەکەوێت و گوێیان لێ ڕادەگیرێت. ئەو کۆمەڵەیە کە سیناتۆرێکی "سەیید عەبدولقادر ئەفەندی" ناو سەرۆکایەتیی دەکات، کەسێکی "بابانزادە شوکری بەگ" ناوی، کە پێشتر کاتبی باڵیۆزخانە بووە، بە نوێنەری خۆی دیاری کردووە. دوێنێ یەکێك لە نووسەرەکانمان چووەتە بارەگای کۆمەڵەکە و ویستوویە زانیاری سەبارەت بە کۆبوونەوەکە لە ڕوشدی بەگ –سکرتێری کۆمەڵەکە– وەربگرێت. ڕوشدی بەگیش وای وتووە: ((دیارە کێشەی ئەرمەن ڕێك و ڕاست پەیوەندیی بە کوردستانەوە هەیە و هەموو کەسێکیش دەزانێت کوردستانێك هەیە. لەبەر ئەوە سەبارەت بە کێشەی ئەرمەنستان، پێویستە تەنها بۆچوونی کوردەکان وەربگیرێت و بۆچوونەکانی جەمعییەتی ویلایەتی شەرقییە هیچ بەهایەکی ئەوتۆیان نییە)). ڕۆژنامەی "وەقت"، ٤ی ئابی ١٩١٩.

ڕۆژنامەی "وەقت" لە ژمارە ٦٣٥ی ٥ی ئابی خۆیدا، دیسان باسی دانوستان و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ وەفدی ئەمریکیدا کردووە و لەو هەواڵەدا باسی ئەوە کراوە کە وەفدی ئەمریکی دانوستانی لەگەڵ نوێنەرانی جەمعییەتی مودافعەی حقووقی ویلایەتی شەرقییەدا کردووە کە لە: نەدیم، والیی پێشووی حیجاز، ئیسماعیل حەقی والیی پێشووی بەیرووت، سولەیمان نەزیف والیی پێشوویی بەغدا و ساکیم بەگ بەڕێوەبەری پۆست و تەلگرافی بەیرووت، پێك هاتبوو.

کە یەکێکە لە بیرەوەری‌نووسەکانی کورد، لە بیرەوەریەکانی خۆیدا بەمجۆرە باسی ئەو دانوستانانە دەکات: ((ئەو کەسانەی کە بە نوێنەرانی دەستەی بەڕێوبەرایەتی جەمعییەت هەڵبـژێردرابوون، لە ئەستەنبووڵ سەریان لە کۆمیسیاریای ئەمریکا و ئینگلیز و فەرەنسا داوە و سەبارەت بە مافە نەتەوەییەکانی کورد سکالایان کردووە. لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ کۆمیسیاری ئەمریکایی، سەیید عەبدولقادر ئەفەندی و ئەمین عالی بەدرخان بەگ و بەدیعوزەمان مەلا سەعید و دکتۆر محەمەد بەگ، بەدرێژی باسی کوردستانیان کردووە و لەسەر نەخشە ئەوەیان ڕوون کردووەتەوە کە پێویستە ڕێی کوردستان بۆ سەر دەریا بکرێتەوە. کۆمیسیارە ئەمریکیەکەش لە کۆبوونەوەکەدا، باسی ئەوە دەکات کە بڕیار دراوە ئەرمەنستان لەسەر بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستان دابمەزرێت و بەرامبەر بەوەش، بەدیعوزەمان وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت ئەگەر کوردستان کەناری دەریای هەبوایە و کەشتیەکانی ئێوەش بیتوانیایە نزیکی ئەو کەنارانە ببێتەوە، ئەوکاتە دەتانتوانی ئەو بیرۆکەیە جێبەجێ بکەن، بەڵام کەشتیەکانی ئێوە ناگەنە شاخەکانی کوردستان و لەبەر ئەوە ناتوانن ئەو بڕیارەتان جێبەجێ بکەن. لەکۆتاییشدا داوایان کردووە ئەمریکا یارمەتیی دابینکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد بدات. ئەویش کۆتاییی بە کۆبوونەوەکە هێناوە و وتوویە تۆ یارمەتیی خۆت بدە، خوداش یارمەتیت دەدات))[٣٢٤].

ژمارەیەك لە ڕێکخەرە کوردەکان، وەفدێکیان بەناوی کوردە دیموکراتەکانەوە پێك هێناوە کە بە وتەی "محەمەد ئەمین بۆزئارسلان" بەناوی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە دروست کراوە و پێی وتراوە

[٣٢٤] کوردستان پرێس، ژمارە ٥٠، ١/١٢/١٩٨٩، ل٨.

دیموکراته کوردەکان، له ڕۆژانی ئاگربەستدا، بۆ کەڵك وەرگرتن لە بنەماکانی ویلسن، لە ئەستەنبووڵ سەریان لە نوێنەرانی وڵاتانی دیکە داوە، بەتایبەتی نوێنەری بریتانیا (زانیاری ورد لەکتێبێکماندا بەناوی ڕاپەڕینی گەورەی کوردی لە ساڵی ١٩٢٥دا، سەبارەت بە ڕێکخەرە کوردەکان و پەیوەندیی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لەگەڵ ئینگلیزەکاندا، بڵاو دەکەینەوە). بابەتی سەرەکیی ئەو جۆرە دانوستانانەش ئەوە بووە کە بەرگری لە مافەکانی کورد و کوردستان بکرێت و ئەو مافانە بخرێنە ڕۆژەڤی سیاسیی وڵاتانەوە. لە ڕۆژانی ئاگربەستدا، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بەوردی چاودێریی بارودۆخی سیاسی و پێکهاتە سیاسیەکانی ئەو کاتەی کردووە و لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتە خۆرئاواییەکاندا لە ئەستەنبووڵ، سەبارەت بە مافەکانی کۆمەڵگای کوردی، دانوستانی کردووە. لەو قۆناغەدا، نیگەرانیی گەورەی نوێنەرانی کورد ئەوە بووە چۆن ئەوە بسەلمێنن کە پێویستە کوردەکان لەسەر خاکی کوردستان خاوەن قسە بن، نەك ئەرمەنەکان کە لەسەر خاکی کوردستان بەڵێنیان پێدراوە؟ هەر بەو هۆیەوە وەفدی کوردی هەوڵێکی جیددیی داوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت لەو شوێنانەی کە بەڵێن دراوە کە ئەرمەنەکان بدرێت، زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن و خاکەکانیش خاکی کوردستانن. وەفدی کوردی لەهەر دانوستانێکدا باسی مێژووی کورد و مافەکانی کوردی دەکرد و باسی ئەوەی دەکرد کە پێویستە کوردەکان بتوانن مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەبێت، ئەو وەفدە هەوڵی دەدا بیسەلمێنێت بەشێك لە دانیشتوانی سیواس و ئەنقەرە و قۆنیە و حەڵەب و ئەدەنە کوردن و زۆربەی دانیشتوانی ئەرزڕۆم و وان و بتلیس و خەرپووت و دیاربەکر و مووسڵیش کوردن. سەبارەت بەم داواکاریانەی خۆیشی، وەفدەکە

بەیاننامەیەکی ئامادده کردبوو. لەو بەیاننامەیەدا داواکاریەکانی کورد بەمجۆرە ڕیز کرابوون:

١- پێویستە نیشتمانێك بدرێتە کوردەکان کە یەکپارچە و لەڕووی جوگرافییەوە سنوورەکانی دیاریکراو بێت.

٢- پێویستە کوردەکانیش کەڵك لەو هاوکاریانە وەربگرن کە لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە بۆ کەمینەکانی وەك (عەرەب و ئەرمەن و کلدانی) کراون.

٣- پێویستە مافی ئۆتۆنۆمیی کوردەکان بە ڕەسمی بناسرێت[٣٢٥].

وەفدی کوردی وەفدێکی سیاسی بووە، لە قۆناغی ئاگربەستدا بەناوی کورد و کوردستانەوە کاری کردووە و توانای ئەوەشی هەبوە لە ڕووی سیاسییەوە لە ئاستی نێودەوڵەتی و نەتەوەییدا بەناوی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و کۆمەڵگای کوردیشەوە بڕیار بدات و داواکاریەکان بهێنێتە سەرزمان. هەر لە ئەنجامی ئەو جۆرە کار و چالاکیانەی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە بووە کە داواکاریەکانی کورد گەیشتوونەتە نێو کۆنفرانسی پاریس. لە ڕووی سیاسی و دیبلۆماسییەوە، هەوڵ دراوە مافەکانی کۆمەڵگای کوردی لەلایەن هەموو دەوڵەتە بەشدارەکانەوە قبووڵ بکرێت. سەبارەت بە دیاریکردنی پێگەی داهاتووی کوردستان و ڕوونکردنەوەی لایەنی جوگرافی و ئەتنۆگرافی و مێژوو و ئابووریی کوردستان، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و نوێنەرانی کورد پەیوەندییان لە ئەستەنبوڵ لەگەڵ نوێنەرانی چوار دەوڵەتی گەورەدا هەبوە. ئەو بەیاننامەیەش لەو چوارچێوەیەدا ئامادده کراوە.

لایەنی کوردی لە پەیوەندیەکانی خۆیدا، لەگەڵ دەوڵەتانی خۆرئاوادا، باسی ئەوەی دەکرد پێویستە لەو شوێنانەدا کە زۆرینەی دانیشتوان کوردن،

---

[٣٢٥] سونیەڵ، بەرگی ١، ل٢٧.

مافـه نەتەوەییــەکانی کـورد بـدرێن و لەوێشـدا کوردەکـان بـەئیرادەی خۆیـان بەڕێوەبەرێتییــەك دیـاری بکـەن. جەمعییــەتی تــەعالیی کوردســتان، ئـەم بـیر و بۆچوونانەی وەك بۆچوونی لایـەنی کـوردی دەهێنایـە سـەرزمان، هاوکـات لەگـەڵ بنەمایەکانی ویلسنیشدا دەگونجان[٣٢٦].

هەوڵەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، بۆ باسکردنی کێشەی کورد و گەیاندنی ئەو مەسەلەیە بە ڕای گشتیی جیهان و گەیاندنی داواکاریەکانی کورد بە وەفدی ئەمریکی، لەکاتێکدا بووە کە هەلومەرجێکی تایبەتی سیاسی و پڕ لەبارگرژی و نادیار لە قۆناغی ئاگربەستدا هەبوە. دەکرێت ئەو دانوستانانەش وەك دەستپێشخەرییەکی دیپلۆماتی لەقەڵەم بدرێن. هەرچەندە کوردەکان لەڕووی سیاسییەوە پێنەگەیشتبوون، بەڵام ئەو قۆناغە هەوڵی ئەوەیان داوە لە ڕێی دیپلۆماسییەوە داواکاریە نەتەوەییەکانی خۆیان بهێننە سەرزمان. کوردەکانیش وەك نەتەوەکانی دیکە کە کەڵك وەرگرتنیان لە قۆناغی ئاگربەست پشتگوێ نەخستبوو، دەیانویست لە ڕێی دیپلۆماسیەوە داواکاریەکانی خۆیان بهێننە سەرزمان و بۆ ئەو مەبەستەش وەفدی سیاسی و جەمعییەتی سیاسییان دامەزراندووە، ئەمەش لەگەڵ بنەمایەکانی ویلسندا گونجاوە. هەوڵدانی کوردەکان بۆ کەڵك وەرگرتن لە دینامیزمی دەرەکی لەپێناوی پاراستنی مافە نەتەوەییەکانی کۆمەڵگای کورددا، لەکاتێکدا ئیمپراتۆریای عوسمانی بەرەو پارچەبوون دەڕۆیشت، گوزارشتێکە لە ویست و ئارەزووی کوردەکان و کۆمەڵگای کوردی، بۆ کەڵك وەرگرتن لە بنەماکانی ویلسن. جگە لەوە، بنەماکانی ویلسن مافێکی تایبەت نەبوە تەنیا تورك و ئەرمەنەکان بەکاری بهێنن و بۆ داواکاریە سیاسیەکانی خۆیان سوودی لێ وەربگرن. کۆمەڵگای کوردیش

---

[٣٢٦] بۆز ئارسلان، ل٢٦.

وەك نەتەوەیەك كە لە سنوورەكانی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا مافەكانی زەوت كراوە و هەوڵ دراوە بۆ ئەوەی بەها كولتووریەكانی لەناو ببرێن، نەتەوەیەك بووە و ناویشی لە جیهاندا بڵاو بووەتەوە و وەك هەر نەتەوەیەكی زۆرلێكراو و كەمینەكی دیكە، مافی ئەوەی هەبوە داوای مافەكانی خۆی بكات و لەو بارەیەوە پەیوەندیی دیپلۆماسی بەرقەرار بكات. جەمعییەتی تەعالیی كوردستان، وەك تاكە ڕێكخراوێكی سیاسی لە كۆمەڵگای كوردیدا، ساڵی ١٩١٨، بۆ كەڵك وەرگرتن لەو مافانەی كە لە بنەمایەكانی ویلسن‌دا بەڵێنیان درابوو، پەیوەندیی لەگەڵ وەفدی ئەمریكیدا گرتووە. "مەحموود گویل ئۆغڵوو" دەڵێت "سەیید عەبدولقادر" و "ئەمین بەگ" و"مەولانزادە رەفعەت"، بەناوی جەمعییەتی تەعالیی كوردستانەوە، لە چوارچێوەی بنەمایەكانی ویلسن‌دا، داوای هەندێك مافیان كردووە، لەو بارەیەوە، بەتایبەتی لە كوردستاندا، عەبدولقادر و بەدرخان هەندێك كار و چالاكییان ئەنجام داوە[٣٢٧].

جەمعییەتی تەعالیی كوردستانیش، لە كۆتاییی جەنگ و قۆناغی ئاگربەستدا، گەیاندنی مافە نەتەوەییەكانی كورد و داواكاریەكانی بە كۆنفرانس و كۆبوونەوە نێودەوڵەتیەكانی دەوڵەتە خۆرئاواییەكان، كردووەتە كاری سەرەكیی خۆی و لەو بارەیەوە هەوڵی دروستكردنی پەیوەندیی داوە. ئەو پێگەیەی جەمعییەتیش بووەتە هۆی ئەوەی كە ڕۆشنبیران و نووسەرانی كورد، ڕەخنەی لێ بگرن: ((ئەوان وا باوەڕیان كردبوو كە بە كۆتایی هاتنی یەكەم جەنگی جیهانی و قبووڵكردنی كورد لە كۆنفرانسەكەی پاریس‌دا، ئیتر لە جیهاندا بەڕاستی حەق و عەدالەت زاڵ دەبێت و گەلی كوردیش بەبێ هیچ كێشەیەك دەتوانێت مافەكانی خۆی لە چنگی دوژمن دەر بهێنێت))[٣٢٨].

---

[٣٢٧] گۆل ئۆغڵوو، ل١٢١.

[٣٢٨] بۆز ئارسلان، ل٣٣.

وا دەردەکەوێت سەرکردەکانی کورد و جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئومێدێکی زۆریان بە بنەماکانی ویلسن و کۆنفرانسی پاریس هەبووبێت، کە لەو ڕۆژانەدا بەستراوە. ئەمەش هەم لەو ڕۆژانە و هەمیش لە ڕۆژانی دواتردا بووەتە هۆی ئەوەی ڕەخنەیان لێ بگرێت: ((سەرکردە هەڵبژێردراوەکانی کورد و جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە ئەستەنبووڵ دانیشتوون و هیوایان بە کۆنفرانسی پاریس بەستووە و لەولاشەوە، مستەفا کەمال پاشا لە کوردستان کاری کردووە. سەرەتا لە ئەرزڕۆم و دواتریش لە سیواس کۆنگرەی بەستووە و خۆی لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە بەهێز کردووە، بەمجۆرە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان خاکەکەی خۆی و مەیدانی کاروبارەکەی خۆی بۆ کەمال پاشا بەجێ هێشتووەو... میللەتەکەی خۆی بەجێهێشتووە، بێئەوەی گوێ بداتە هیچ شتێك و بە کەمتەرخەمی لە دەرەوەی کوردستان، لە ئەستەنبووڵ دانیشتووە. بەمجۆرەش جەمعییەتی تەعالیی لە کوردستان دوور خراوەتەوە. بەواتایەکی تر، جەمعییەتی کوردستان بێ کوردستان ماوەتەوە))[٣٢٩].

ئەو ڕەخنانەی کە محەمەدئەمین بۆزئارسلان لەو ڕێکخراوە کوردییەی گرتووە، لایەنی ڕاستی هەیە و ئەوەش دەزانرێت کە لەو قۆناغەدا، لەنێو ئەو کوردانەی کە لەژێر چەتری جەمعییەتی تەعالیی کوردستان‌دا کاریان کردووە، هەندێك کەس هەبوون بیر و بۆچوونی لیبراڵتریان هەبوە. ڕۆشنبیرانی کورد کە دواتر لەژێر ناوی "جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کورد"دا کاریان کردووە، لەگەڵ سەرۆك خێڵ و ئەفسەرەکاندا کە لەناو جەمعییەتی تەعالیی کوردستان‌دا کاریان کردووە، بەهۆی ئەوەوە کە پرۆگرامێکی دیاریکراویان سەبارەت بە کورد و کوردستان نەبوە، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەوانە سەبارەت

---

[٣٢٩] بۆز ئارسلان، ل٣٢.

بە کوردستان خاوەنی ستراتیژ و تەکتیکێکی دیاریکراوی جەنگ و سەربازی نەبوون و هەڵسەنگاندێکی سیاسیی سەردەمیانەیان نەبوە، سەبارەت بە بنەمای دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین لاواز ماونەتەوە. هەبوونی کەموکوڕی و ئومێدەکانی ئەوان بە بنەمایەکانی ویلسن و کۆنفرانسی ئاشتی پاریس، لەو تایبەتمەندیانەوە سەرچاوە دەگرن. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لەو قۆناغەدا، ڕێکخراوێکی کوردی بووە، خزمەتی بەرژەوەندە نەتەوەییەکانی کۆمەڵگای کوردی کردووە و لەڕووی سیاسیشەوە بۆ ئەو مەبەستە دەستپێشخەری کردووە. لە قۆناغێکدا کە بیر و بۆچوونی کۆمەڵگای کوردی، ڕۆشنبیرانی کورد، ئاستی سیاسیەکان و پەیوەندیە خێڵەکیەکان، بێپەروەردەیی و نەزانیی کۆمەڵگای کوردی، چەمکە دەرەبەگیەکان و شێوازی بیرکردنەوەی فیۆداڵی، ئاڕاستەی بە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان داوە، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان کەوتووەتە بەر کاریگەریی بنەمای دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین، بەڵام خاوەنی ئەو کادیرە سیاسیانە نەبوو کە بتوانێت هەموو کۆمەڵگای کوردی ڕێک بخات و بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی کورد لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە، پەیوەندیەکان ڕێك بخات و ئیرادەیەکی کوردی دروست بکات. کاتێك بنەماکانی ویلسن ڕاگەیەنراون، ڕێکخراوی کوردی و کۆمەڵگای کوردی ئەو جۆرە کادیرانەی سیاسی و پەیوەندیی هەبوە. داهاتووی سیاسیی کوردەکان و کوردستان لەلایەن ئەو کادیرە سیاسیانەوە شکڵ دراوە کە هێشتا خۆیان لە پەیوەندیە خێڵەکی و دەرەبەگایەتیەکان ڕزگار نەکردووە و لەنێو کۆمەڵگایەکی دواکەوتوودا ژیاون و هێشتا لە سیستمی سیاسی عوسمانیش، دانەبڕاون و سەرقاڵی دامەزراندنی جەمعییەت و دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەش بوون... بێگومان بەهۆی ئەو ئەنجامە سیاسیەوە کە لەبەر جەنگ دروست بووە، بنەماکانی

ویلسنیش کە ئەو کاتانە ڕاگەیەنراون، هەلی سەرکەوتن و جێبەجێکردنیان پتر هەبوو، بەڵام ژیانی سیاسیی کوردەکان و ئەو ڕێکخراوە سیاسیانەی کەوا دروستیان کردوون، لە قۆناغەکانی دواتر و لەکاتی کۆماردا بەتەواوەتی لەناو دەبرێن و هەوڵ دەدرێت بۆ ئەوەی شوناسی کوردی و کوردستان بەتەواوەتی لە زەیندا بسڕێتەوە. ژیانی سیاسیی یەکە سیاسیەکانی کورد بەهۆی پەیوەندییەکی دواکەوتووی سیاسییەوە دامەزرابوو، لەبەر ئەوە ئەو قۆناغە، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و کادیرەکانی توانای دروستکردنی میکانیزمێکیان نەبوە تا ژیانی خۆیان بپارێزن و درێژە بە کارەکانیان بدەن، بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا، کۆتاییان پێهات و هەندێك لەوانیش بۆ خۆیان لە کار و چالاکیەکان دوور کەوتوونەتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

# بەشی پێنجەم:

## جةمعييةتي تةعاليي كوردستان و 3ة2اننامة' سيـ1ةر

پەیماننامـەی سیڤەر کـە ١٠ی ئابی ١٩٢٠ ئیمـزا کـراوە، خـاڵێکی گرنگـە لـە مێـژووی کێشـەی کـورددا، چـونکە لـە بەڵگەیـەکی دیپلۆماسـیدا بـۆ یەکـەم جـار باسی پێدانی ئۆتۆنۆمی بە کوردەکان کراوە، لەو ناوچانەی کە نەتـەوەی کـورد تێیانـــدا زۆرینـــەن: ((لـــەو مێـــژووە بـــەدواوە، ئیـــدی کێشـــەکە ڕەهەنـــدێکی نێودەوڵـەتیی بەخۆوە گرتـووە. وەك ئـەوەی کـە پرۆفیسـۆر "ئـەی مانـدیس تـام" شـارەزای بـواری کەمینـەکان، ئامـاژەی پـێ دەکـات، کـارێکی بـاش نـەکراوە کـە مەرجی یەکسانی مافە سیاسی و مەدەنییـەکانی گـەلان لـە پەیماننامـەی لۆزانـدا کـە شـوێنی پەیماننامـــەی ســـیڤەری گرتووەتـــەوە، تـــەنیا بـــۆ کەمینـــە غـــەیرە موسڵمانەکان داوا کراوە، ئەوەش دەکاتە مادەی ٣٢))[٣٣٠].

دووەم تایبەتمەندیی گرنگی پەیماننامەی سیڤەر لە مێژووی کورددا ئەوەیـە کە کەسێك وەك نوێنەری کـوردان و جەمعییـەتی تـەعالیی کوردسـتان بەشوناسـی خۆیەوە لـە کۆبوونـەوەکانی کۆنفرانسـی ئاشـتیی پـاریس‌دا دانوسـتانی کـردووە. شـەریف پاشـا (١٨٥٦–١٩٤٤) کـە ئەنـدامی جەمعییـەتی تـەعالیی کوردسـتان بووە و لـە کەسـایەتیە ناودارەکـانی کـورد بـووە، لەگـەڵ چـەند ئەنـدامێکی دیکـەدا پێکـــەوە بـــە هەماهـــەنگی جووڵاونەتـــەوە و نوێنەرایـــەتیی کوردەکانیـــان لـــە دانوستانەکانی پـاریس‌دا کـردووە. شـەریف پاشـا دامـەزرێن و سـەرۆکی فیرقـەی ئیصلاحاتی عوسمانییە بووە))[٣٣١].

---

[٣٣٠] نیکیتین، بەرگی ٢، ل٣٨.

[٣٣١] تونایا، بەرگی ١، ل٢١٨– ٢٣٣.

لەو کاتەدا، کە شەریف پاشا لە ستۆکهۆڵم باڵویز بووە، لە ڕیزەکانی ئیتیحادو تەرەقیدا لەدژی سوڵتان عەبدولحەمید کاری کردووە. دوای ڕاگەیاندنی مەشرووتییەتیش بووە بە سەرۆکی لقی پانگاڵتی ئەو ڕێکخراوە. لەدوای ساڵی ۱۹۰۹ش، لەدژی جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقی دەرکەوتووە و وازی لەو ڕێکخراوە هێناوە و بۆ پاریس چووە. ئەو کاتانەی کە لە پاریس بووە، دژایەتییەکی توندی دیکتاتۆریی جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقیی کردووە. لەوێش لەنزیکەوە بەدوای کێشەکانی کورددا چووە و بووەتە هۆیەك بۆ ئەوەی ئەو کێشانە بهێنرێنە سەرزمان و بەرگریی لە کوردەکان کردووە[٣٣٢].

لە ۱۹۰۹/۱۰/۱۵بەدواوە، شەریف پاشا لە پاریس ڕۆژنامەیەکی بەناوی "مەشرووتیەت" بە هەردوو زمانی تورکی و فەرەنسی بڵاو کردووەتەوە و تا ساڵی ۱۹۱٤ بەردەوام بووە. شەریف پاشا کە خوێندنی لە (غەڵەتەسەرای و CNT-CYR سەن سیری فەڕەنسی) تەواو کردووە، لەو قۆناغەدا، یەکێك بووە لە کەسایەتیە ڕۆشنبیرەکانی کورد[٣٣٣].

شەریف پاشا لە قۆناغی مەشرووتییەتی دووەمدا، سیمایەکی ڕەنگینی کورد و کوڕی سەعید پاشای کورد بووە. باوکی وەزیری حەربییە [ڕاستتر وەزیری دەرەوە– و] و سەرۆکی "شوورای دەوڵەتی عوسمانی" بووە. شەریف پاشا یەکێك لە بەرپرسە باڵاکانی دەوڵەتی عوسمانی بووە. ئەو ساڵانەی کە لە برۆکسل و پاریس بووە، بیرەوەریەکانی خۆی نووسیوەتەوە و تێیدا باسی هەست و بیر و بۆچوونەکانی خۆی بەرامبەر بە پارتی ئیتیحادو تەرەقی و کوردەکان کردووە و لەو بارەیەوە بابەتی ڕەخنەگرانەی نووسیوە. دوای دەست

[٣٣٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٢، گویڤسا، ل٣٦٩، ماددەی شەریف پاشا.

[٣٣٣] تانەر تیموور، ڕۆژنامەی مەشرووتییەت و شەریف پاشا وەك دوژمنێکی ئیتیحادچییەکان، مێژوو و کۆمەڵگا، ژمارە ٢٧، ١٢ی ١٩٨٩، ل١٧.

لەکار کێشانەوەکەی (لە نوێنەرایەتیکردنی کورد لە پاریس) باسی ئەوەی کردووە کە ((بۆ وەرنەگرتنی بەرپرسیی ئەو ئەنجامانەی کە بەهۆی یاریکردن بە چارەنووسی میللەتەوە دروست دەبن، دەست لەکار دەکێشمەوە))[٣٣٤].

ناکۆکیەکانی ناوبراو لەگەڵ پارتی ئیتیحادو تەرەقی‌دا، تەنیا لایەنی سیاسی و زانستییان نەبوە، بەڵکوو ((لایەنی ئەخلاقیشیان هەبوە)). ((ئەوان ئەوەندە ڕەوشتیان خراپ بوو تەنانەت بیریان لە کوشتنی کەسانی نەیاری خۆیان و ئەو کەسانەش دەکردەوە کە بە گوێرەی جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقی ناجووڵێنەوە. لە بیرەوەریەکانیدا زۆر باسی ئەو جۆرە ڕەخنانەی کردووە. ناکۆکیەکانی ناوبراو لەگەڵ جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقی‌دا و دەست لەکارکێشانەوەکەشی بەهۆی ئەو ڕەخنانە بووە کە هەیبوون. دژایەتییەکانی شەریف پاشا بووەتە هۆی تووڕەکردنی ئیتیحادچییەکان. بۆیە لەو بروشور و بەیاننامانەدا کە بڵاویان کردووەتەوە، بەتوندی ناوبراویان تاوانبار کردووە. نامیلکەیەك بەناوی (پیاوی هیچ‌وپووچ) کە دەگوترێت لەلایەن سلێمان نەزیفەوە نووسراوە، یەکێك بووە لەو هەڵمەتە سەیر و سەمەرە و پروپاگەندانەی کە جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقی لەدژی شەریف پاشا بڵاوی کردوونەتەوە. (نامیلکەی پیاوی هیچ‌وپووچ ساڵی ١٩١٠ لە ئەستەنبووڵ بڵاو کراوەتەوە، بەڵام ناوی نووسەرەکەی لەسەر نییە) ئەو کتێبە کە بە یەکێك لە لاوازترین بەرهەمەکانی "سلێمان نەزیف" لەقەڵەم دەدرێت، تەنیا بۆ سووکایەتی پێکردن و ڕەخنەگرتن لە شەریف پاشا نووسراوە. لەو کتێبەدا، بە جێنودان و قسەی خراپ باسی ژیانی شەریف پاشا دەکات))[٣٣٥].

---

[٣٣٤] شەریف پاشا، ل٩.

[٣٣٥] کاراکاس، ل٢١١.

لەلایەن جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقیەوە، شەریف پاشا لە دیوانی حەربدا لە پاشملە بە سزای لەسێدارەدان مەحکوم کراوە و لە پاریسیش لە هەوڵێکی تیرۆرکردن ڕزگاری بووە. کاتێک ساڵی ١٩١٢ بۆ ئەستەنبووڵ گەڕاوەتەوە، بڕیاری لەسێدارەدانەکەی هەڵوەشێنراوەتەوە. شەریف پاشا بەهۆی گوشارەکانی ئیتیحادچییەکانەوە لەسەر بابی عالی ساڵی ١٩١٣، ناچار بووە بۆ پاریس بگەڕێتەوە. ناوبراو تۆمەتبار کراوە کە دەستی لە ڕووداوی کوشتنی "مەحموود شەوکەت پاشا"دا هەبوە، کە لەلایەن ڕەشەکوژێکەوە تیرۆر کراوە. لەبەر ئەوە بۆ جاری دووەم لە پاشملە لە دیوانی حەرب موحاکەمە کراوەتەوە و سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرکراوە. شەریف پاشا زیاتر بەهۆی سیاسەتی شۆڤێنی و جیاکارییەوە ڕەخنەی لە دەسەڵاتی ئیتیحادو تەرەقی گرتووە. هۆی داواکردنی ناوبراو بۆ دابینکردنی مافی یەکسانی بۆ گرووپە دینی و ئەتنییەکان لەنێو ئیمپراتۆریای عوسمانیدا، ئینتیمای شوناسە کوردیەکەی بووە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ناوبراو لەدژی سیاسەتەکانی جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقی کە لایەنگری ئەڵمانیا بووە، بەرگریی لە دیبلۆماسییەك کردووە کە لایەنگری ئینگلیز و فەرەنسا بووە. کاتی کۆنفرانسی ئاشتی پاریس، یاداشتنامەیەکی سەبارەت بە کوردەکان ئامادە کردووە کە بەرگریی تێدا لە مافەکانی کورد کردووە (یاداشتێك سەبارەت بە ماف و داواکاریەکانی گەلی کورد-١٩١٩). لەو یاداشتنامەیەدا، باسی ئەوەی کردووە کە پێویستە دەوڵەتێکی کوردی لە چوارچێوەی بنەماکانی ویڵسندا دابمەزرێت. ڕێککەوتنەکەشی لەگەڵ "بۆغۆس نۆبار" پاشای نوێنەری ئەرمەنەکاندا لە ١٩٢٠/١١/٢٠دا، بەگوێرەی ئەو داواکارییە سیاسییە بووە. شەریف پاشا فەلسەفەی سیاسیی خۆی لەسەر بنەمای ڕەخنەگرتن لە شوفێنیزم داناوە.

ئەو لایەنەی کە ناوبراو لەو ڕۆشنبیرانە جیا دەکاتەوە، کە سالأنێك بۆ یەکپارچەیی و یەکڕیزیی عوسمانی تێکۆشاون، کوردبوونەکەی ناوبراوە. کاتێك دڵنیا دەبێت ئیمپراتۆریا دابەش دەبێت، ئەولەویەت بە پاراستنی مافەکانی نەتەوەکەی، لە قۆناغی جەنگ و ئاگربەستدا، دەدات.

ساڵانی پڕ جموجووڵی خۆی لە پاریس بەسەر بردووە و لەدوای ساڵی ١٩٢٣شەوە، لە قاهیرە نیشتەجێ بووە و تا کۆتاییی تەمەنی لەوێ ماوەتەوە*. لە بیرەوەریەکانی خۆیدا، کە بەناوی (بیرەوەریەکانی بەرهەڵستێك)ەوە بلاو کراوەتەوە، وەها دەڵێت: ((سەدان ساڵە ناهاوسەنگی و ڕێکنەکەوتن، بەوتەیەکی دیکە، پێکەوە نەگونجانێکی گەورە لەنێوان موسوڵمان و مەسیحی و کورد و ئەرمەنی و تەنانەت بەشە جیاوازەکانی ناو پێکهاتە و نەتەوەکانی وڵاتی عوسمانیدا هەبوە. سەرەڕای ئەوەش، ئەوانەی کە بە تورکە لاوەکان... ناو دەبەن، بەتایبەت جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقی یا (هەیئەتی ئینحیصاریەی ژۆن تورکەکان) کە ئەمڕۆ بوونەتە پەتایەك بۆ چارەنووسی نەتەوەییمان، نایانەوێت جگە لە خۆیان کەسی دیکە سەر هەڵبڕێت، هەر جۆرێك بێت، ئەو ڕێکخراوە کە سەرەتا بەشێوەیەکی باش جووڵاوەتەوە و بەهێز بووە، وردە وردە بووە بە ڕێکخراوی هەڕەشەکردن و زۆرداری))[٣٣٦].

---

* شەریف پاشا کە لە دووەم ژنی "مەلەك" ناوی کە سکرتێری خۆی بووە، کچێکی "کەریمە" ناوی هەبوە، شووی کردووە بە "کۆنت بیکاردۆ ماسۆنی"ی ئیتاڵی لە شاری (کاتانزارۆ)، پاشماوەی تەمەنیی لەوێ و بەسەر بردووە، تا لە (ناپۆلی) کۆچی کردووە. ئەگەرچی وەسێتی کردووە تەرمەکەی بسووتێنرێ و بخرێتە زەریاوە، بەلام وەچەکانی بردوویانەتە (قاهیرە) و لەوێ ناشتوویانە. [بنکەی ژین]

[٣٣٦] شەریف پاشا، ل٢١.

لەو قۆناغەدا، شەریف پاشا کە لە پاریس ماوەتەوە و لە وڵاتەکەی دابڕاوە، وەك لایەنێکی سیاسی لاواز ماوەتەوە. ناوبراو دەستپێشخەرێکی سیاسیی دیاریکراوی بەناوی کورد و کوردستانەوە نەکردووە. هەروەها هەڵوێستێکی سیاسیی ڕوونی نەبوە کە ئایا لەنێوان سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمیدا داوای چی دەکات؟ هەڵوێستێکی بە بنەمای کوردانەی وەرنەگرتووە. بێگومان ئەمەش لەنزیکەوە پەیوەندیی بە کەسایەتی و پێناسی سیاسیی ناوبراوەوە هەیە. بەڵام دابەشبوونی سیاسیی کوردان و یەکنەبوونیان لەڕووی سیاسی و دواکەوتنیان لەڕووی کەلتوورییەوە، زەمینەی ئەمەیان فەراهەم کردبوو. "عابدین نەسیمی" باسی لایەنێکی دیکەی شەریف پاشای کورد دەکات: ((دوو کەس کاریگەرییان لەسەر ئەو هەبوە کە "حیلمی" پارتی سۆسیالیستی عوسمانی دابمەزرێنێت. یەکەمیان شەریف پاشا و ئەوی دیکەشیان "میتالی ئەفەندیی یەهوودی" بووە. بێگومان شەریف پاشای کورد کە لەدژی جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقی بووە، یارمەتیی هەموو ئەو دەزگا و بڵاوکراوانەی داوە کە پێشنیاریان کردووە ئیمپراتۆریای عوسمانی لەگەڵ ئەڵمانەکاندا ڕێك نەکەوێت، بەڵکوو لە ئینگلیزەکان نزیك بێتەوە. لەبەر ئەوەی کە پارتەکەی حیلمی سۆسیالیست و ڕاگەیاندنەکانی، بانگەشەی ئەمەیان دەکرد. پێدەچێت شەریف پاشا یارمەتی ئەوانیشی دابێت. ئەوەی ڕاستی بێت، "پەرتەو تەوفیق" کە یەکێك لەدامەزرێنەرانی ئەو پارتە بووە، سکرتێری تایبەتی شەریف پاشا بووە. هەروەها "عەلی نامیق"یش کە یەکێکە لەدامەزرێنەرانی ئەو حزبە، کەسێك بووە کە شەریف پاشا متمانەی پێکردووە))[٣٣٧].

"عابدین نەسیمی" باسی ئەوەی نەکردووە کە بۆ ئەم قسە و نووسینانەی خۆی پشت بە چ بەڵگەیەك دەبەستێت. لەبەرئەوە، ئەو قسانە ڕەنگدانەوەی

---

[٣٣٧] نەسیمی، ل٤٠.

کەسایەتی شەریف پاشا نین. ئەوەی کە لە ڕوانگەی کوردەکانەوە گرنگ بێت ئەوەیە کە وەك چۆن "ماجید قوتلای" باسی دەکات، ناوبراو لە پاریس هەڵوێستێکی سیاسی سەقامگیری سەبارەت بە بەرگریکردن لە مافەکانی کورد، نەبووە. زۆربەی ڕۆشنبیرانی کورد و تورك کە لە سویسرا بوون، لە ۱۹۱۹/۱/۱٦دا، کۆنگرەیەکیان لە (جنێف) بەستووە و شەریف پاشایان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی لەلای وڵاتە هاوپەیمانەکان بەرگری لە مافەکانی دەوڵەتی عوسمانی بکات. هەروەها ئەو بڕیارەی خۆیشیان لە چەند تەلگرافێکی جۆراوجۆردا بۆ ویلسن (ئەمریکا) و لۆید جۆرج (بریتانیا) و کیلمەنسو (فەرەنسا) و ئۆرلاندۆ (ئیتاڵیا) ناردووە[٣٣٨].

بەگوێرەی هەواڵێکی ڕۆژنامەی "ئیقدام" کە لە ۱۹۱۹/۱/۲۱دا بڵاوی کردووەتەوە، شەریف پاشا وەك ئەندامی دەوڵەتی عوسمانی بەشداری کۆنفرانسی پاریس بووە. بەڵام هاوکات نوێنەرایەتیی کوردەکانیشی کردووە[٣٣٩]. زنار سلۆپی کە یەکێك بووە لە بیرەوەرینووسەکانی کورد، باسی ئەوە دەکات کە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، شەریف پاشای هەڵبژاردووە تا بەرگری لە مافە نەتەوەییەکانی کورد بکات و هەروەها "دیاربەکرلی فەخریشی" وەك جێگری ئەو دەستنیشان کردووە))[٣٤٠].

چوونی شەریف پاشا بۆ کۆنفرانسی پاریس بەناوی کوردەکانەوە، لەنێو کوردەکاندا بە ڕووداوێکی گرنگ سەیر کراوە، ئەمەش بووەتە بەرگی ژمارەی

---

[٣٣٨] ئیقدام، ۲۱ی ۱۱ی ۱۹۱۹، لێدوانی شەریف پاشا لە پاریس؛ ئیقدام، ۲۷ی شوباتی ۱۹۱۹، شەریف پاشا لە پاریسەوە هۆشداری دەدات سەبارەت بەبارودۆخی ناوخۆییمان، ئیقدام ۷ی نیسانی ۱۹۱۹.

[٣٣٩] سۆنیەل، بەرگی ۱، ل۱۷.

[٣٤٠] سلۆپی، ل٥۲.

بیستوپێنجی گۆڤاری "ژین" کە ٢ی تشرینی یەکەمی ١٣٣٥ بڵاو کراوەتەوە. جگە لەوە، عەبدولڕەحیم ڕەحمی کە یەکێك بووە لە شاعیرانی

کورد، شیعرێکی بۆ شەریف پاشا نووسیوە و باسی هەستی کوردەکانی بەرامبەر بەم ڕووداوە کردووە:

((دیسا ژی شەجاعەتا تە ئەی خان — دەریەك ڤەبوویە ژی بۆ مە کوردان

ئیدی بەسە! ئەو جەفاوو ذیللەت — بێ عیلمو فەضل بمینە میللەت

ئەو عەصرە بلندیێ دێ خازت — حەتتا وەکوو ژین چییە؟ بناست

فەخری دێ کەن ئەم بێ تە توو کوردی — ئەلحەق کوو توو مێری، هەم توو مەردی

پووشتا تەیە جوملە کورد، کرمانج — لەورا کوو تە حەق کرییە ئارمانج

کرمانج حەقیقەت ئاشنانە — لەورا د وێ ڕێییێدا فیدانە)).

وا دەردەکەوێت ئەو کاتانەی شەریف پاشا لە پاریس بووە، ڕێکخراوێك بەناوی "جەمعییەتی ئیستیقلالی کوردستان"ەوە لە میسر دامەزراوە. دامەزرێنەکەیشی "سورەییا بەدرخان بەگ" بووە. ئەو جەمعییەتەش بە سەرۆکایەتیی "عارف پاشا" وەفدێکی کوردی ڕەوانەی پاریس کردووە. جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش پەیوەندیی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە کوردییەدا گرتووە و وەفدە کوردیەکەی میسر کە عارف پاشا سەرۆکایەتیی کردووە، بەشداری ئەو دەستەیە بووە کە شەریف پاشا سەرۆکی بووە. جگە لەوە، هەر لەو مێژوەدا، حکوومەتی کوردی بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموودی بەرزنجی کە لە باشووری کوردستان دامەزرابوو، وەفدێکی ڕەوانەی پاریس کردبوو. ئەو وەفدەش بە سەرۆکایەتیی "شەریف پاشا" درێژەی بە کارەکانی خۆی داوە[٣٤١].

---

[٣٤١] بۆز ئارسلان، ل٢٩.

مەبعووسی دێرسیم "لوتفی فکری بەگ" ساڵی١٩٢٥ زانیاریی داوەتە دادگا و ئەوەی ڕەت کردووەتەوە ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بووبێت. باسی ئەوەشی کردووە کە

سەرچاوەیەکی دیکە کە باسی نوێنەرایەتیی شەریف پاشا دەکات لە پاریس بە ناوی حکوومەتی عوسمانی و کوردەکانەوە، نووسراوێك بووە ڕەوانەی تۆقات [و: شارێکی تورکنشینی نزیکی دەریای ڕەش] کراوە. جەمعییەتی موحافەزەی حقووقی تورکەکانی (قەرە دەنین) کە بۆ ڕێگرتن لە کار و چالاکیەکانی ڕۆمیەکان لە ناوچەی سامسۆن دامەزراوە، نووسراوێکی بۆ تۆقات ناردووە و باسی ئەوەی تێدا کردووە کە "شازادە سەباحەدین" و شەریف پاشا هەڵبژێردراون بۆ ئەوەی بەشداری لە کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس بکەن و ئەوانیش ئەمەیان پێ قبووڵە[٣٤٢].

بەگوێرەی هەواڵەکانی ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە، شەریف پاشا لە کۆنفرانسەکەدا سەرۆکایەتیی وەفدی عوسمانیشی کردووە[٣٤٣].

ڕۆژنامەکانی "ئیقدام" و "یەنی گوین" و "ئیستیقلال"، لە لاپەڕەکانی خۆیاندا لێدوانەکانی شەریف پاشایان بڵاو کردووەتەوە. بەگوێرەی هەواڵ و شیکردنەوە و نووسینەکانی ناو ئەو ڕۆژنامانە، وا دەردەکەوێت شەریف پاشا لە جنێڤەوە هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی وەك نوێنەری تورك و کوردەکان، بەشداری لەو کۆنفرانسەدا بکات. شەریف پاشا وەك نوێنەری عوسمانی چووەتە پاریس

---

بەشداریی لە کار و چالاکیەکانی ئەو وەفدەدا نەکردووە. لوتفی فکری بەگ لە لێپرسینەوەکەی خۆیدا باسی ئەوەی کردووە کە قونسوڵخانەی فەرەنسا بانگی ئەویان کردووە و تەلگرافێکی شەریف پاشایان پێداوە. لە تەلگرافەکەدا، شەریف پاشا نوسیویەتی: ((هەردوومانیان وەك ئەندام هەڵبژاردووە، زوو وەرە.)) ئەویش بە قسەی خۆی لە وەڵامی تەلگرافەکەدا، باسی ئەوەی کردووە ئەگەر نوێنەرایەتیی هەموو عوسمانیەکان بکات، بە سوپاسەوە دێت بۆ پاریس، بەڵام ئەگەر نوێنەرایەتیی کوردەکان بکات ئەوا ناچێتە ئەوێ. باسی ئەوەشی کردووە کە لەبەر ئەو هۆیە نەچوە بۆ پاریس. (جمهوورییەت، ١ی ئابی ١٩٢٥)

[٣٤٢] خالس ئاسار قایا، تۆقات لە شەڕی نەتەوەییدا، خانەی بڵاوکردنەوەی تۆقات، ١٩٣٦، ل١١.

[٣٤٣] ساریهان، بەرگی ٢، ل١١١.

و جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش، دەسەڵاتی بە شەریف پاشا داوە تا نوێنەرایەتیی کوردەکانیش بکات. بەگوێرەی ئەو شتانەی کە لە هەواڵی ڕۆژنامەکان و کتێبی بیرەوەریینووسەکانی کوردەوە دەیزانین، سەرەتا شەریف پاشا لەلایەن جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە، وەك سەرۆکی وەفدی دانوستانکەری کورد لە کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس هەڵنەبژێردراوە، بەڵام جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ئەو دەسەڵاتەی داوەتە شەریف پاشا تا نوێنەرایەتیی جەمعییەتەکە و کوردەکانیش بکات. بۆیە شەریف پاشا وەك نوێنەری جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش بەشداریی لە کۆنفرانسی پاریسدا کردووە. ٣ی شوباتی ساڵی ١٩١٩، وەفدێکی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان چووەتە کۆمیسارییای باڵا لە فەرەنسا و ڕایگەیاندووە: لەبەر ئەوە "جەمعییەت" ئەو دەسەڵاتەی بە شەریف پاشا داوە، تا لە پاریس نوێنەرایەتیی ئەوانیش بکات[٣٤٤].

شەریف پاشا کە وەك نوێنەری کوردەکان و عوسمانی بەشداری لە کۆنفرانسی پاریسدا کردووە، دوای ماوەیەك بڕیار دەدات تەنیا نوێنەرایەتیی کورد بکات. ڕۆژنامەی ئیقدام ڕایگەیاندووە: شەریف پاشا لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی "مەتین" باسی ئەوەی کردووە کە واز لە نوێنەرایەتیکردنی عوسمانییەکان لە کۆنفرانسی ئاشتیی پاریسدا دەهێنێت و تەنیا بەرژەوەندەکانی کورد دەپارێزێت. بەگوێرەی ئەو هەواڵە، مانگی یەکی ساڵی ١٩١٩ شەریف پاشا تەنیا چوار مانگ دوای دەستبەکاربوونی کاروبارەکانی کۆنفرانسی ئاشتی لە کۆشکی ڤەرسای، وازی لە نوێنەرایەتیکردنی عوسمانییەکان هێناوە، لەو کۆنگرەیەدا، تەنیا نوێنەرایەتیی کوردەکانی

بنکەی ژین www.zheen.org

[٣٤٤] م. کەمال ئوێکە، کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ، ١٩١٨ تا ١٩٢٦، ئەستەنبووڵ، بڵاوکراوەکانی ئەنیستیتۆی لێکۆڵینەوە کەلتوری تورکی، ١٩٨٧، بەرگی ٤٧.

کردووه[٣٤٥]. ڕۆژنامەکان ئەوەشیان نووسیبوو کە دواتر شەریف پاشا وازی لەو ئەرکەش هێناوە.

شەریف پاشا کە لە ١٩١٩/١/٢١دا وەك نوێنەری عوسمانیەکان بۆ نوێنەرایەتیکردنی عوسمانیەکان لە کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس هەڵبژێردراوە، ١٦ی نیسانی ١٩١٩، وازی لە نوێنەرایەتیکردنی عوسمانیەکان هێناوە و تەنیا وەك نوێنەری کوردەکان، بەشداری کۆنفرانسەکەدا بووە[٣٤٦].

دوای ماوەیەك شەریف پاشا وازی لە نوێنەرایەتیی کوردەکانیش هێناوە. لە ڕاگەیاندنەکاندا، باسی ئەوە کراوە ناوبراو ٢٤ی نیسان وازی لە نوێنەرایەتیی کوردەکان هێناوە و دەکرێت هۆکاری زۆریش بۆ ئەم کارەی پیشان بدرێت. لە نامەیەکدا کە بۆ جاوید بەگی ناردووە، بۆ خۆی یەکێك لەو هۆکارانە ڕوون

[٣٤٥] ساریهان، بەرگی ٣، ل١٤.

[٣٤٦] ئیقدام، ١٦ی نیسانی ١٩١٩. لە پەیامێکدا کە ٢١ی نیسانی ١٩١٩ لە مۆنتی کارلۆوە بەتەلگراف نێردراوە و لە ژمار ٢٤ی نیسانی پەیامی "سەباح"دا بڵاو کراوەتەوە، وتوویە (بەهۆی پابەندبوونمەوە بە خەلیفە و سەڵتەنەت، واز لە سەرۆکایەتیی وەفدی کوردی لە کۆنفرانسی ئاشتی دەهێنم)). هەروەها تەلگرافێکی شەریف پاشا کە لە تەلگرافخانەی سترێنەوە نێردراوە و لە ژمارە ٨٨٢ی ڕۆژی ٢٤ی نیسانی١٩٢٠ی ڕۆژنامەی "وەقت"دا بڵاو کراوەتەوە، بەمجۆرەیە: ((بەهۆی پابەندبوونی قووڵمەوە بە پێگەی خەلافەت و سەڵتەنەتەوە، لەبەر ئەوەی نامەوێت بیر و بۆچوونەکانم سەبارەت بە جیابوونەوە، زیان بەو پابەندییەم بگەیەنن، وازم لە سەرۆکایەتیی وەفدی دەسەڵاتپێدراوی کوردی هێناوە، لە کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس. لێرەوە ئەوە ڕادەگەیەنم بەبێ ئەوەی گوشاری هیچ پارت و لایەنێکی سیاسیم لەسەر بێ، هەموو هەوڵ و توانایەکم دەخەمە گەڕ بۆ پاراستنی مافەکانی خەلافەت)). نەسیمی فراتلی، ئەو ڕاستیانەی کە ئایدۆلۆژیای ڕەسمی پێشکەشی دەکەن، جووڵانەوە دیموکراتیە نەتەوەییەکانی کورد، دەنگ، ژمارە ١٣، تەمووزی ١٩٩١، ل٢٧.

- پەیامی سەباح، ٢٤ی نیسانی ١٩٢٠.

دەکاتــەوە. جگــە لــەوە، تــەلگرافی دەســت لەکارکێشانەوەکەشــی، بەهــەمان هەسـتەوە نووسـیوە. ئـەو هەسـتەش هەسـتی پابەنـدبوونی بـووە بـە خەلیفـە و سوڵتانی عوسمانییەوە. لە تەلگرافی دەست لەکارکێشانەوەیدا کە لە (مۆنتی کارلۆ)وە ناردوویە و لە ڕۆژنامەی "پەیامی سەباح"دا، بڵاو کراوەتەوە، باسی ئەوەی کردووە کە ((بەهۆی پابەندبوونمەوە بە خەلافەت و سەڵتەنەت، وازم لە سەرۆکایەتیی وەفدی کورد، لە کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس هێنا)). وتەکانی ئەم ڕۆشنبیر و بیرۆکراتەی کورد کە پلەی بەرزی لەنێو یەکەکانی دەوڵەتی عوسمانی و دامودەزگا سەربازیەکاندا بڕیوە و پۆستی گەورەی بەدەست هێناوە، نیشانەی ئەوەیە کە کەسە سەربازیەکانی کورد تا چ ڕادەیەك پابەندی بەها ئیسلامیەکان و پەیوەندیە خێڵەکیەکان بوون. هەروەها نیشانەی ئەوەش بووە کە تا چ ڕادەیەك خەلیفە و پادشا، کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی هەبوە[٣٤٧].

بەگوێرەی ئەو یاداشتە ڕۆژانەیەی کە "جاوید بەگ" نووسیویەتی، دەست لەکارکێشانەوەکەی شەریف پاشا هۆیەکی دیکەشی هەبوە. دیسان لە نامەیەکدا کە لە مۆنتی کارلۆوە بۆ جاوید بەگی ناردووە، شەریف پاشا دەڵێت: ((بەهۆی جیاوازی بیرو بۆچوونەوە لەگەڵ ئەو کوردانەدا کە داوای سەربەخۆیی دەکەن، شەریف پاشا وازی لە نوێنەرایەتیکردنیان هێناوە و ئەمەشی بە کوردەکان و سەرۆکایەتیی کۆنفرانسەکەش ڕاگەیاندووە)). ئەم دێڕانەی کە لە بیرەوەریەکانی جاوید بەگەوە وەرگیراون، لایەنێکی دیکەی شەریف پاشا ڕوون دەکەنەوە کە ئەوەش ناکۆکیەکانیەتی لەگەڵ ئەو لایەنە کوردیانەی کە لە قۆناغی پەیماننامەی سیڤەردا، لەژێر چەتری جەمعییەتی تەعالیی کوردستاندا سیاسەتیان کردووە.

---

[٣٤٧] تەنین، ١٩٤٦/٢/٢.

لـه هـەمان کاتـدا، ئـەم قۆناغـە دەبێتـە قۆنـاغی دابەشـبوونی جەمعییـەتی تەعالیی کوردستان. بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی کورد لەڕووی سیاسییەوە، لـە جەمعییـەتی تـەعالیی کوردسـتان، جیـا دەبنـەوە. هۆکـاری سـەرەکیی ئـەم دابەشـبوونەش، بـۆ شـێوازی دژایـەتیکردنی دەسـەڵات ناگەڕێتـەوە، بـەڵکوو جیـاوازیی بـیر و بۆچـوونەکانە بـووە سـەبارەت بـە کوردسـتان کـە هـەوڵی دامەزراندنی دەدرێت. شەریف پاشا ڕۆشنبیرێکی کورد بووە، هێشتا لە زەینی خۆیدا بڕوای بە بەهاکانی عوسمانی هـەبوە. ناوبراو دەیویست کوردستانێک هەبێت لەڕووی سیاسی و یاسایییەوە، وابەستەی دەوڵـەتی عوسمانی و پادشا و خەلیفە بێت و کێشەی کوردیش چارەسەر بێت. بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی کـورد، هێشـتا لـەڕووی هەسـت و بیرکردنـەوەوە، بڕوایـان بـە سـەربەخۆییی کوردستان نەبوە و شەریف پاشاش یەکێک لەوان بووە.

هەرچـەندە لـە سیڤەردا، شـەریف پاشا نوێنەرایـەتیی بۆچـوونە سیاسـییە کوردسـتانیەکانی کـردووە، بـەڵام بـۆ خـۆی هـیچ جـۆرە دەستپێشـخەریەکی نەکردووە و تا کۆتاییهاتنی کۆنفرانسەکەش، لەنێوان ئەو بیر و بۆچوونانەدا کە لایەنگریی ئۆتۆنۆمییان کردووە و ئەوانەش کە داوای سەربەخۆیییان کردووە، هیچـیانی هەڵنەبـژاردووە. لـە سـیڤەردا، وەک نوێنـەری کـورد، سیاسـەتێکی دیاریکراو و سەقامگیری کوردستانیانەی پێڕەو نەکردووە. جگە لەوە، بەشێکی زۆر لەو بیر و بۆچوونانەی کە کاریگـەرییان لەسـەر وڵات هـەبوە و ئـەو هێزانـەش کـە ڕاسـتەوخۆ لـە مەیدانـەکانی جەنگدا بەشـدارییان کـردووە، نـەیانتوانیوە لـە کۆنفرانسەکەدا دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوە[٣٤٨].

[٣٤٨] یلدز، ل٢٧.

لەلایـــەکی دیکـــەوە، دروســـتکردنی ئاســـتەنگ لەلایـــەن ئینگلیـــز و فەرەنسیەکانەوە لەبەردەم هەر هەوڵ و دەستپێشخەرییەك، بووەتە کێشەیەکی گەورەی ئەو ڕێکخراوە کوردیانە کە نەتوانن دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوە و داواکاریەکانی خۆیان بە ئاشکرا باس بکەن. بەو جۆرە شەریف پاشا لە کۆنفرانسەکەدا لە پێکهاتە و ڕێکخراوە کوردی و کوردستانیەکان دادەبڕێت و بەبێ‌ئەوەی کاریگەرییەکی هەبێت، دەمێنێتەوە[٣٤٩].

پێکهاتـە و ڕێکخـراوە سیاسـیەکانی کـورد، لـە قۆنـاغی سـیڤەردا، زۆر پەرتـەوازە بـوون، پێویسـتە ئەمـەش وەك فاکتـەرێکی کاریگـەر لەسـەر شکستەکەی شەریف پاشا لەبەرچاو بگیرێت: ((ئەوهێزانەی کە دەیانتوانی ببنە سەرکردەکانی جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی، بەهۆی ئەو جەمسەرانەوە کە هێزە ئەمپریالیەکان دروستیان کردبوو، هەوڵی دابەشکردن و لەناوبردنی یەکتریان دەدا. هەروەها هەبوونی ڕەوتی سەربەخۆییخواز و ئۆتۆنۆمچی و ئەو لایەنانەی کە لەنێو هیزە تورکیەکاندا جێی خۆیان گرتبوو، بەبێ هیچ بنەمایەك داوای یەکڕیزییان دەکرد، هەروەها بووبونە هۆی ئەوەی کە جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد بگاتە بنبەست و تووشی گرفت ببێت))[٣٥٠].

جووڵانەوەی کەمالیستی، دابڕانی شەریف پاشای لە نوێنەرایەتیی کورد بەر لە تەواوبونی دانوستانەکانی سیڤەر، وەك ئامرازێك بۆ پروپاگەندەی خۆی بەکار هێناوە. ڕۆژی ٢ی مایسی ساڵی ١٩٣٦، کازم قەرەبەکر لە ئەرزڕۆمەوە نامەیەکی بۆ سەرۆکایەتیی مەجلیس ناردووە و باسی ئەوەی تێدا کردووە کە وازهێنانی شەریف پاشا لە سەرۆکایەتیی وەفدی کوردی، نیشانەی گەڕانەوەیەکە بەرامبەر بە هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانە و دیندارانەی برا

---

[٣٤٩] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٣٥٠] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.

کوردەکـان، لەبـەر ئـەوە پێویسـتە بەشـێوەیەکی گونجـاو ئـەم ڕووداوە بـڵاو بکرێتەوە و مەجلیس کار لەسەر هەستی کوردەکان بکات))[٣٥١].

بەشێکی زۆر لە کێشـەکانی تایبـەت بە کوردستان لـە پەیماننامـەی سیڤەردا بـە چارەسـەرنەکراوی هێڵراوەتـەوە. بـەر لـە هـەموو شـتێك، سـنورەکانی نێـوان کوردسـتان و ئەرمەنسـتان، نادیـار بـوون. ئـەو شـتەی کـە لـە هـەموو شـتێك پـتر کوردەکـانی لـە سـیڤەردا، بـەخۆوە سـەرقاڵ دەکـرد، ئـەوەبوو کـە سـنوورەکانی کوردسـتان بـە تـەواوەتی ڕوون نەکرابوونـەوە و دیـار نـەبوو پەیوەندیـەکانی ئـەو ئەرمەنسـتانەی کـە بڕیـار درابـوو دابمـەزرێت، لەگـەڵ کوردسـتاندا چـۆن دەبێـت. مەسـەلەی خـاك یـەکێك بـووە لـەو بابەتـە سـەرەکیانەی کـە کوردەکـانی بەخۆیـەوە سەرقاڵ کردبوو. کوردەکان کە دەیانویست کەڵك لە بنـەماکانی ویلسـن وەربگـرن، لـە سـیڤەردا داوایـان کـرد کوردسـتانێکی سـەربەخۆ یـا ئۆتۆنـۆم دابمـەزرێت. وەفدی جەمعییـەتی تـەعالیی کوردسـتان، بـە بـەردەوامی ئـەوەیان بـۆ نوێنـەرانی دەوڵەتانی خۆرئاوا ڕوون کردووەتەوە، ئەو بەشـە لـە خـاکی کوردستان کـە بـەڵێن دراوە بــە ئەرمەنــەکان بــدرێت، لــە داهــاتوودا دەبێتــە سەرچــاوەی کێشــە و گێروگرفت، چونکە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو خاکە کوردەکانن. وەفدی کوردی، ســەرەڕای ئــەوەی کــە بــەردەوام بــە نوێنــەرانی وڵاتــە بیانیــەکانی ڕاگەیانــدووە زۆرینـەی دانیشـتوانی کوردسـتان ئەرمـەن نـین، بـەڵکوو کـوردن، بـەڵام هەمیشـە لـەوە نیگـەران بـوون کـە داواکاری و ویستەکانی ئـەوان پشـتگوێ بخـرێن. دیـارە هـۆی ئـەم گومانـەش بـۆ پەیوەنـدیی نێـوان ئەمپریالیـەکان لەگـەڵ ئەرمەنەکانـدا دەگەڕێتــەوە. چــونکە لــە دانوســتانەکانی ســیڤەردا بەپێچــەوانەی بنــەماکانی

[٣٥١] قەرەبەکر، ل٦٦٣.

ویلسـنەوە، نوێنـەرانی ئەرمـەن لەلایـەن هێـزە ئەمپریالیەکانـەوە لـەدژی ئـەو نەتەوەیەی کە پێکەوە لەگەڵیدا دەژیان، وروژێنرابوون و هاندرابوون[٣٥٢].

هەوڵ دراوە لـە بەشـی خۆرهـەڵاتی فورات و بەشێکی زۆر لـەو شوێنانەی کـە ئەرمەنـەکان لـەزووەوە بـەجێیان هێشـتوون و زۆربـەی دانیشـتوانی کـورد بـوون، ئەرمەنسـتانێك دابمـەزرێنن. ئەمـەش هۆکـاری سـەرەکیی نـاڕوونیی ڕێککەوتننامەکە بوو. سنوورەکانی نێوان ئەرمەنستان و کوردستان، بەنادیاری دەهێڵرانـەوە و دەیانویسـت ناوچـەی مووسـڵیش لـە دەرەوەی کوردسـتان بهێڵنەوە. ئەمە بووبووە هۆی کاردانەوەی کوردەکان. لەبەر ئەوەی سنوورەکانی کوردستان لە پەیماننامەی سیڤەردا بۆ کوردەکان دیاری نەکرابوون و بیر لـەوە کراوەتـەوە ئەرمەنسـتان لـە پارێزگـا کوردنشـینەکان دابمـەزرێنرێت، لەلایـەن کوردەکانـەوە پێشـوازییەکی زۆری لـێ نـەکراوە، بەپێچـەوانەوە بووەتـە هـۆی ئەوەی کاردانەوەی ئەوانی لێ بکەوێتەوە[٣٥٣].

ئەگەر بەگوێرەی سیڤەر بوایە، کوردەکان نەیاندەتوانی لەسەر خاکی خۆیـان خـۆ بـەڕێوە بـەرن. لـە کۆنفرانسـەکەدا، ڕۆژی ٢٦ی شـوباتی ١٩١٩، "بۆغـۆس نۆبـار" کـە یـەکێك بـووە لـە وتەبێـژی ئەرمەنـەکان و "ئـەهارونیا"ی سـەرکۆماری ئەرمەنستان، بیر و بۆچوونەکانی خۆیـان هێناوەتـە سـەرزمان و ئەمـەش بووەتـە هـۆی زیـادبوونی گومـان و نیگەرانیـەکانی کوردەکـان. بـەگوێرەی بۆچوونەکانی ئـەوان، دەبوایـە ناوچـەکانی (چـوقورئوڤا، ئـەرزڕۆم، بتلـیس، وان، دیاربـەکر، خەرپووت، سیواس، ئەردەهان و بەشێك لـە ترابزۆن) بە ئەرمەنـەکان بـدرێن و لـە سنووری ئەرمەنستاندا بن. بۆغۆس نۆبار پاشا کە وەك نوێنـەری ئەرمەنـەکانی

---

[٣٥٢] یلدز، ل٢٢.

[٣٥٣] ج. ئـالاداخ، داگیرکردنـی کوردسـتان و جووڵانـەوە نەتەوەییـەکانی کـورد، بڵاوکراوەکـانی ڕێگای ڕزگاری، ئەستەنبووڵ، ١٩٧٨، ل٧٧.

تورکیا بەشداریی لە کۆنفرانسەکەدا کردبوو، شوباتی ١٩١٩، پێشنیارنامەیەکی خستووەتە ڕوو بۆ ئەوەی سنورەکانی ئەرمەنستان دیاری بکرێن و ئەمەش گومانی کوردەکانی بەهێزتر کردووە. ناوبراو داواکاریی ئەرمەنەکانی بەمجۆرە ڕیزکردبوو: ((١- داوای (وان و بتلیس و دیاربەکر و خەرپووت و سیواس و ئەرزرۆم و ترابزۆن)یان دەکرد. ٢- داوای ئەوەشیان کردبوو کە لە بەشی باشووری خۆرهەڵاتەوە (مەرعەش و کۆزان و جەبەل بەرەکەت و بەندەری ئیسکەندەروون و پارێزگای ئەدەنە) بە ئەرمەنستان بدرێت و ئەمانەش بە ڕەسمی لە سنوورەکانی ئەو دەوڵەتەدا جیٚ بگرن))[٣٥٤].

نوێنەرانی ئەرمەن، ٢٦ی شوبات، چوونەتە لای دەستەی بەڕێوەبەری کۆنفرانسی ئاشتی و ئەو داواکاریانەیان هێناوەتە سەرزمان و ویستوویانە دەوڵەتێکی یەکگرتووی ئەرمەنستان دابمەزرێت. بەگوێرەی "سەلاحی سۆنیەڵ" سەرۆك ویلسنیش بەرگریی لەوان کردووە[٣٥٥].

دەزانرا ئەمریکیەکان سیاسەتێکی نوێیان گرتووەتە بەر. کۆنگرێسی ئەمریکا دامەزراندنی دەوڵەتی مانداتی ئەمریکای لە ئەرمەنستان ڕەت کردبووەوە. لە کۆنفرانسی لەندەندا ١٢ی ئادار، بڕیار درابوو مەسەلەی دامەزراندنی مانداتی ئەرمەنی بۆ کۆمەڵی گەلان پێشنیار بکرێت. دواجار لە ٢٦ی ئەو مانگەدا، سەرۆك ویلسن ئەو پێشنیارەی کردووە و دەوڵەتە هاوپەیمانەکانیش لە ٢٧ی نیسانی هەمان ساڵدا پرسیاریان لە ئەمریکا کردووە کە ئایا قبووڵ دەکات مانداتێکی ئەرمەنی دابمەزرێنێت یان نا؟ لەبەرئەوە ویلسن داوای لە کۆنگرێس کردووە هەڵوێستی خۆی ڕوون بکاتەوە. کۆنگرێس بە ١٣ دەنگی ڕازی و ٥٢ دەنگی ناڕازییەوە ئەو پێشنیارەی ڕەت کردووەتەوە،

[٣٥٤] سۆنیەڵ، بەرگی ١، ل١.

[٣٥٥] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

چونکە پێی وابووە ئەو ماندانە هیچ جۆرە دەسکەوتێکی بۆ ئەمریکا نییە، بەپێچەوانەوە دەبێتە بارێك بەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە. بێگومان ئەم بڕیارە، کاری کردە سەر ئەنقەرەی کەمالیست، چونکە ((بڕیارەکەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی ئەنقەرەی سەبارەت بە خۆرهەلآت ئاسانتر دەکرد))[٣٥٦].

فەرەنساش وەك دۆستێك، پشتگیریی داواکاریەکانی بۆغۆس نۆبار پاشای ئەرمەنی دەکرد. "فەوزی بەگ" کە لە دواین (مەجلیسی مەبعووسانی دەوڵەتی عوسمانی)دا نوێنەری دیاربەکر بووە، باسی ئەوەی کردووە ئەرمەنەکان لە هیچ شوێنێکی کوردستان لە ١٠٪ی دانیشتووی ئەو ناوچانە پێك ناهێنن، بەڵام ئەوان دەیانویست ئەو شوێنانە لە کوردەکان وەربگرن و بە ئەرمەنەکانی بدەن))[٣٥٧].

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەمەش لەوانەیە لە داهاتوودا ببوایەتە هۆی دروستبوونی کێشە و گرژییەکی گەورە لەنێوان ئەرمەن و کورداندا: ((لە دانوستانەکانی سیڤەردا، بەرپرسانی ئەرمەن جیاوازتر لە کوردەکان کە بوونەتە قوربانیی ئەو سیاسەتە، ویستوویانە کێشەکەی خۆیان چارەسەر بکەن، بەشێوەیەك کە ئامادەی ئەوەش بوون لەگەڵ کوردەکاندا بکەونە شەڕ و پێکدادان. بەم سیاسەتەشەوە، هێزە ئەمپریالیەکان ویستوویانە تا ئەو جێیەی کە بکرێت کوردەکان بە تەنیا بهێڵرێنەوە، هەروەها لەگەڵ گەلانی دەوروبەری خۆیاندا بکەونە جەنگ، بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن سیاسەتەکانی خۆیان لە حاڵەتی دروستبوونی کێشە و بە بنبەست گەیشتنی چارەسەری کێشەکاندا جێبەجێ بکەن))[٣٥٨].

---

[٣٥٦] ئەرۆڵ، ل١٩.

[٣٥٧] گویك بیلبین، ل٢٩.

[٣٥٨] یلدز، ل٢٣.

گرژی و ئاڵۆزیی نێوان ئەرمەن و کوردەکان لە دانوستانەکانی سیڤەردا، لەو ڕۆژانەشدا کاری کردە سەر پێشکەشکردنی یاداشتنامەکەی شەریف پاشا کە لە کۆنفرانسی ئاشتی‌دا پێشکەشی کردبوو. ئەو ناکۆکی و گرژییەی کە لە ئاستی دیپلۆماسیدا هەبوو، لە کوردستان قووڵتر و بەرفراوانتر بوو. کادیرە کەمالیەکان کەڵکێکی زۆریان لە بارگرژی و ئاڵۆزیەکانی (کورد و ئەرمەن) بینیوە بۆ دامەزراندن و بەهێزکردنی قووای میللییە لە کوردستان کە کازم قەرە بەکر ڕێی بۆ دامەزراندنی کردووەتەوە. لە بیرەوەریەکانی خۆیدا، بەڵگەی زۆری هەن سەبارەت بەوەی کە ئەوان کەڵکیان لە ناکۆکیەکانی نێوان ئەرمەن و کوردەکان وەرگرتووە: ((مەسەلەیەك کە بایەخی پێ‌دەدەن، ڕەوتی کوردایەتییە لە ئەستەنبووڵ. لەو بارەیەوە کار و چالاکیی زۆرم ئەنجام دا. من بۆ خۆم دەتوانم سەرۆك خێڵ و بەگەکانی ناوچەکەی خۆمان بانگ بکەم و ڕایان بگرم. کاتێك بڵێین کوردستان دەبێتە ئەرمەنستان، کێشەکە بە ئاسانی چارەسەر دەبێت))[٣٥٩].

کازم قەرەبەکر، وەك حکوومەتی ئەستەنبووڵ و ئەنقەرەی کەمالیست، بیری لە نابووتکردنی ڕەوتی کوردایەتی کردووەتەوە. لە ناوەندی بڕیاری سەربازیی خۆیەوە لە ئەرزڕۆم، هەوڵی بۆ لەناوبردنی ڕەوتی کوردایەتی لە کوردستان دەدا. لەو نامە و نووسراوانەی کە زوو زوو بۆ وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی ئەستەنبووڵ و سەرۆکایەتیی پەرلەمانەکەی ئەنقەرەی ناردوون، باسی ئەوەی کردووە کە پێویستە ڕەوتی کوردایەتی لەناو ببرێت. لەڕووی سەربازیشەوە، پلانی داڕشتووە بۆ ئەوەی کوردەکان لە قۆناغی سیڤەردا لەدژی ئەرمەنەکان ڕێك بخات و هێزی کوردەکان لەناو قووای میللییەدا جێگیر بکات. ئەمەش

---

[٣٥٩] قەرەبەکر، ل١٩.

دەگاتە ئاستێك كە كوردەكان و بەشێك لە سەركردەكانی لەو قۆناغەدا بكەونە بەر كاریگەریی ئەم هەوڵە فرەلایەنی سیاسی و سەربازییە. كەمالیەكان، هەوڵی ڕاكێشانی "سەیید عەبدولقادر"یان داوە كە بە گومانەوە سەیری سیاسەتی ئەمپریالیەكانی سەبارەت بە كێشەی ئەرمەن كردووە. بۆچوونەكانی ناوبراو سەبارەت بە ڕەوتی كەمالیستی نەرم دەبێت، بەڵام ناگاتە ئاستێك واز لە پێداگریەكانی خۆی سەبارەت بە مافە نەتەوەییەكانی كورد بهێنێت. بەدرخانیەكان كە لەگەڵ سەیید عەبدولقادردا هاوهەڵوێست بوون، سەبارەت بە مافەكانی كورد و بەتایبەت لە ناوچەی بۆتان، پەیوەندییەكی بنەماڵەیی و خێڵەكی و هێزێكی دەرەبەگیان بۆ كوردایەتی ڕێك خستبوو، داوای سەربەخۆییی كوردستانیان دەكرد و هەوڵی ڕێكخستنی ئەو بیرۆكەیەیان دەدا و داوای خۆدوورخستنەوەیان لە داواكاریی ئەرمەنەكان دەكرد. كادیرەكانی ئەم چەمكە سەربەخۆییخوازە، بەگومانەوە دەیانڕوانییە سیاسەتەكانی ئینگلیز. سیڤەر، بەهۆی هەلومەرجی ناسەقامگیری سیاسی و هەموو كاریگەریەكانی ترەوە، تۆڕێكی فراوانی ناكۆكیی بۆ كوردەكان دروست كردووە. ناكۆكیەكانی كورد و ئەرمەن كە بەهۆی ئەو هەلومەرجە سیاسیەوە دروست بوون، بوونەتە ڕێگر لەبەردەمی ئەوەی وا كوردەكان هیوایان بە كۆنفرانسی ئاشتیی سیڤەر هەبێت و بەو هەستەوە لە پەیماننامەی سیڤەر نزیك نەبوونەتەوە. ئەوان خۆیان ئامادە كردووە بۆ ئەوەی ڕوو لە هەندێك شوێنی دیكە بكەن و دینامیزمە نەتەوەییەكانی خۆیان بەهێز بكەن[٣٦٠].

لەگەڵ ئەمەشدا، ژمارەیەك لە سەرۆك خێڵە كوردەكان كە كەوتبوونە بەر كاریگەریی جەمعییەتەكانی مودافەعەی حقووق، وردە وردە دەچوونەپاڵ

---

[٣٦٠] یلدز، ل٢٥.

ڕێکخراوەکانی تورك کە لەدژی ئەرمەنەکان دەجووڵانەوە. ناوەندی بڕیاری کەمالیستی سوودێکی زۆری لە دەرکەوتنی ئەو جۆرە ڕووداوانە وەرگرتووە. لەو قۆناغەدا، کەناڵی فراوان کراونەتەوە بۆ گەیاندنی بیرۆکەی گەلانی موسڵمان کە سیاسەتێکی ئەنجامدار بووە. ڕۆژانی کۆنفرانسی لەندەنیش، ئەو جۆرە چەمکانە بەهێزتر دەبن. بەزۆری لە ڕۆژانی سیڤەردا، باس لە هەستەکانی یەکگرتنی گەلانی تورك و کورد کراوە. ((ئەم بارودۆخە بەجۆرێکی دیکە ژەنەراڵ شەریف پاشای نوێنەری کوردەکانی لە دانوستانەکانی سیڤەردا تووشی کێشە و گرفت کردووە))[٣٦١].

لەوکاتانەدا، زۆر باسی ئەوە دەکرا کە پێویستە بەشێکی زۆر لە پارێزگاکانی کوردستان بدرێتە ئەرمەنستان. کاردانەوەیەکی زۆر لە کوردستانیش پیشان دەدرا و ئەمە بۆ شەریف پاشا کارئاسانییەکی زۆر بوو. لەو قۆناغەدا کە سەیید عەبدولقادر زیاتر وەك کەسایەتییەکی ئۆتۆنۆمخواز ناسرابوو، هەڵوێستەکانی لە سەربەخۆییخوازەکان نزیکتر بووبووەوە. هەروەها ئەوەش دەردەکەوێت کە شەریف پاشا خۆی لەگەڵ کاردانەوە و چەمکە سەربەخۆییخوازەکاندا گونجاندووە. شەریف پاشا لە کۆنفرانسەکەدا ئەوەی ڕاگەیاندووە کە نە لەڕووی ئەتنی و نە لەڕووی جوگرافییەوە ناکرێت کوردستان دابەش بکرێت و کوردستان لە ئاسیادا مایەی ئاشتییە و ئەمەش گونجانی ناوبراو لەگەڵ بیرۆکەی سەربەخۆییخوازەکاندا پیشان دەدات. بەگوێرەی شەریف پاشا، کۆمسیۆنی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بە بەردەوامی کوردەکانیان پشتگوێ خستووە و تەنیا گوێیان لە دەسەڵاتی تورکەکان گرتووە کە هەمیشە ویستوویانە کوردەکان بخەنە هەڵە و کەموکوڕییەوە.

---

[٣٦١] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

گوشاری حکوومەتەکانی عوسمانی لەدژی ڕێکخراوە کوردیەکان و داخستنی یەك بەیەکی ئەو ڕێکخراوانە، هیچ کێشەیەکی بۆ دەوڵەتە خۆرئاواییەکان دروست نەدەکرد. لەبەر ئەوە هیچ کاردانەوەیەکیان لەدژی ئەوانە پیشان نەدەدا. بە قسەکەر وەرنەگرتنی ئەندامەکانی کورد لە کۆنفرانسەکەدا، لەلایەن دەوڵەتەکانی وەك ئینگلتەرا و فەرەنساوە کە لە دەوڵەتە بەهێزەکانی ئەوکاتە بوون، شەریف پاشا و سەیید عەبدولقادری نیگەران کردبوو. شەریف پاشا لەو ڕۆژانەدا گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بەردەوام کوردەکان پشتگوێ دەخەن.

ئەرمەنەکان لە قۆناغی سیڤەردا نەیانتوانی لەڕێی پیاوانی ئاینیی خۆیانەوە، بەجیا لەگەڵ کوردەکاندا چارەسەرێك بدۆزنەوە بۆ کێشەکانی خۆیان. لەبەر ئەوە لە کۆتایی کۆنفرانسەکەدا هەستیان بەوە کرد و باسی ئەوەیان کرد کە دەتوانن لەڕووی سیاسییەوە، لەگەڵ نوێنەرانی کورددا هەندێك ڕێگەچارە ببیننەوە. بەڵام لەئەنجامدا ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانەش نەبوونەتە جێی سەرنجی دەوڵەتە ئەمپریالیەکان، ((هەردوو گەلەکەش لەنێو هاوسەنگیە تازەکاندا فەرامۆش دەکران))[٣٦٢].

بنکەی ژین
www.zheen.org

بیرۆکەی دامەزراندنی کوردستانێك لەناو ڕێککەوتننامەی سیڤەردا، جیددی نەبوو. نوێنەرانی کورد و جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش ترسی ئەوەیان هەبوو ئەو جۆرە دەستپێشخەرییانە جێبەجێ نەکرێن. قۆناغی ڕێککەوتننامەی سیڤەر، پڕە لە فێڵ و مانۆڕی دەوڵەتە ئەمپریالیەکان، بەرامبەر بە نەتەوە و کەمە نەتەوەکان. بێگومان دەوڵەتە ئەمپریالیەکان بیریان لە کۆمەڵگای ئەرمەنی و نەتەوەی کورد نەدەکردەوە، ئینگلیز و فەرەنسایی و

---

[٣٦٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

ئیتالیاییەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون بەشێك بۆ خۆیان وەربگرن و نەوتی مووسڵیش لەژێر چنگی خۆیاندا بهێڵنەوە. بابەتی سەرەکی لەلای دەوڵەتە خۆرئاواییەکان ئەوە بوو ڕکێفی کوردستان لە دەستی ئەوان دەرنەچێت، لە ناوەڕۆکدا بیریان لەم سیاسەتە دەکردەوە بۆ هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. لە کۆبوونەوەی ١٩١٩/١٢/٢٢ی باڵیۆزەکانی وڵاتانی فەرەنسا و ئینگلیز و هەروەها لە دانوستانەکانی ١٢/٢٣دا، سەبارەت بە داهاتووی کوردستان قسە کراوەو ئەمەش لە ئەنجامی نیگەرانیی سیاسیی ئەوانەوە بووە لەسەر ئەو ناوچەیە. "بەرتۆلەت"ی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا، پێشنیاری ئەوەی دەکرد بەشێك لە خاکی کوردستان بخرێتە ژێر دەستی ئینگلیزەکان لە میزۆپۆتامیا، هەروەها بەشێکی دیکەشی لە چوارچێوەی فیدراسۆنی خێڵەکاندا بخرێتە ژێر دەستی تورکەکان. "کورزن" باسی ئەوەی کردووە کە ئەوان بە دابەشکردنی کوردستان ڕازی نین، بەڵام باڵادەستیی ئینگلیزەکان لەسەر باشووری کوردستان بەگونجاو دەبینن[٣٦٣].

بنکەی ژین

کوردەکان و جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و نوێنەرەکانیان لە فەرەنسا و شەریف پاشا، هەموو پێکەوە بە یەك شێوەی سیاسەتکردن هەوڵیان بۆ کوردەکان دەدا. کوردەکان خاوەنی ئەو دیپلۆماتە خۆبەخش و بەویستانە نەبوون کە ئەرمەنەکان هەیانبوو. ئەوان سیاسەتمەدارێکی وەهاشیان نەبوو بتوانێت لە مەیدانی دیپلۆماسیدا (بەشێوەی دیپلۆماسی) کێشەکانیان بهێنێتە سەرزمان. لە پاریس، وەفدێکی کوردیی توانا نەبوو بتوانێت لەڕووی سیاسییەوە سەبارەت بە کێشەی کورد بنەمای دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین شی بکاتەوە و لەکۆنفرانسەکەدا باسی بکات، هەروەها هەلومەرجە سیاسیەکان بۆ کوردەکان هەڵبسەنگێنێت و لەو بارەیەوە سیاسەتێکی دروست

[٣٦٣] بایتۆك، ل٣٣.

پێڕەو بکات. کوردەکان هێزێکی ڕێکخراو نەبوون لە پاریس، بەڵام سەرەڕای ئەوە شەریف پاشا و وەفدی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان پێکەوە سەبارەت بە داواکاریەکانی کورد هەوڵی گەورەیان داوە.

لە ئەنجامدا ناتوانرێت بگوترێت شەریف پاشا سیاسەتێکی جێگیری لە پاریس سەبارەت بە نەتەوەی کورد هەبوە. "ناجی کوتلای" دەڵێت ناوبراو نیازی جیاوازی هەبوە و لە ناوەڕۆکیشدا باسی کەموکوڕیەکانی ئەو دەکات: ((شەریف پاشا، سیاسەتێکی جێگیری پێڕەو نەدەکرد و دەیویست بە یارمەتیی کۆنە "ئیتیحاد و تەرەقی"چییەکان کە بێ سەرۆك مابوونەوە، ببێتە سەرۆك وەزیر. لە سویسرا چاوی بە "جاوید بەگ"ی وەزیری پێشووی داراییی حکوومەتی ئیتیحاد و تەرەقی کەوتبوو، باسی ئەم بیرۆکەیەی خۆی بۆ کردبوو. هەروەها لەگەڵ "تەڵعەت پاشا"شدا کە سەرۆکی ئیتیحاد و تەرەقی و سەدری ئەعزەمی پێشوو بووە، ئەو بابەتەی باس کردووە))[٣٦٤].

بەشێکی زۆر لە نووسەران و بیرەوەرینووسەکانی کورد و زۆربەی لێکۆڵەکانی کورد گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە هەوڵەکانی شەریف پاشا سەبارەت بە کورد و کوردستان کەموکوڕیی تێدا بووە. پێویستە بە بایەخەوە بڕوانرێتە ئەو یاداشتنامەیە کە ناوبراو سەبارەت بە داواکاریەکانی کورد بەرامبەر بە داواکاریی ئەرمەنەکان لە کۆنفرانسەکەدا باسی کردووە و ویستوویە بەو جۆرە ویست و داواکاریی ئەرمەنەکان ڕوون بکاتەوە. شەریف پاشا نەخشەیەکی کوردستانیشی لە سیڤەر پیشان داوە و بەگوێرەی ئەو، کوردستان لە باکوورەوە لە ناوچەی (زیڤەن)ی قەفقازیاوە دەستی پێدەکرد، لە خۆرئاواشەوە (ئەرزڕۆم و ئەرزنجان و تاماح و عەرەبگیر و بەهیسمی و دیرڤیک)یشی لەخۆ دەگرت. لەباشوورەوە (حەڕان، چیاکانی سنجان و

[٣٦٤] قوتلای، ل١٣٧؛ "تەنین"، ٢٦- ١٩٤٥/١٢/٣٠، ١٩٤٦/٢/٢، ١٩٤٦/٢/١٠.

تەلەعفەرو كەركووك و سلێمانی و عاكەلمان و هێڵی سینا) لەخۆ دەگرێ و لە خۆرهەڵاتیشەوە، لە (ڕەواندوز و باشقەڵا و وەزیرقەڵا"وە دەگاتە سنوورەكانی ئێران[٣٦٥].

شەریف پاشا بە پشتبەستن بە چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر، بەردەوام هەوڵی داوە ئەوە بسەلمێنێت كە ئەرمەنەكان هەمیشە لە كوردستان وەك كەمینەیەك ژیاون. بەردەوام جەختی لەوە دەكردەوە كە كوردەكان بە سنگفراوانییەوە لەنێو ئیمپراتۆریای عوسمانیدا ژیاون. بەڵام هیچ كاتێك دەستیان لە ئۆتۆنۆمیی خۆیان نەهەڵنەگرتووە. شەریف پاشا ئاماژەی بەوەش دەكرد كە "میسیۆنێر"ە ئەوروپاییەكان لە سەدەی هەژدەیەمەوە ویستوویانە كوردەكان بكەنە مەسیحی، بەڵام ئەو هەوڵەشیان ئەنجامێكی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە. ناوبراو پێی وابوو ناحەقییەكی زۆر لە كورد كراوە بۆ قازانجی ئەرمەنەكان و بەڕێوەبەرانی عوسمانی بۆ لەناوبردنی ئەو ناحەقیانە دەستەپاچە ماونەتەوە. هەروەها پێشی وابوو ئەرمەنەكان لە قۆناغی جەنگدا بە ئارەزووی خۆیان ئەو شوێنانەیان بەجێ هێشتووە و چوونەتە قەفقاس، لەبەر ئەوە ناتوانن بە هیچ شێوەیەك داوای مافی خاوەنداریێتیی ئەو شوێنانە بكەن. كوردەكان لەگەڵ ئەرمەنەكاندا خاوەن ژیانێكی زۆر جیاوازترن. ئەوان داب و نەریتەكانی خۆیان پاراستووە، بەڵام ساڵانێكی دوورودرێژ لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیەكاندا بە متمانەپێكراوی ماونەتەوە و ئێستا دەیانەوێت داهاتووی خۆیان لە چوارچێوەی بنەماكانی ویلسندا دیاری بكەن. لە قۆناغی یەكەمدا،

[٣٦٥] سۆنیەڵ، بەرگی یەك، ل٢٦.

پێشنیاری ئەوەی دەکرد لێکۆڵینەوەیەك بۆ دەرکەوتنی ئەم ڕاستیانە دەست پێبکات[٣٦٦].

شەیف پاشا ٣ی حوزەیران، لە (مارسیلیا) چاوی بە "سێر پێرسی کۆکس" کەوتووە و لەوێش هەر ئەو بۆچوونانەی خۆی هێناوەتە سەرزمان. بە کورتی، شەریف پاشا داوای لە ئینگلیزەکان دەکرد هەمان ئەو مافانەی کە بەڵێن دراوە بە عەرەبەکان بدرێن، بە کوردەکانیش بدرێن[٣٦٧].

ئەو جۆرە دەستپێشخەرییە دیپلۆماسیانەی خۆیشی درێژە پێدەدا و سەبارەت بە قبوولکردنی مافەکانی کورد، دەیویست بڕیارێك بەڕەسمی دەربچێت. ئەو یاداشتنامەیەی کە ڕۆژی پێنجشەممە (٥ی شوباتی ١٩١٩) لە کۆنفرانسی ئاشتیی پاریسدا پێشکەشی کردووە، هەروەها ئەو ڕاپۆرتەش کە ٢٢ی ئاداری ١٩١٩ سەبارەت بە مافەکانی کورد ئامادەی کردووە، بەشێك بوون لەو دەستپێشخەرییانەی ناوبراو[٣٦٨].

بەگوێرەی هەواڵێك کە لە ژمارەی حەوتەمی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو کراوەتەوە، شەریف پاشا و وەفدی کوردیی هاوڕێی لە پاریس، داواکاریەکانی کوردیان هێناوەتە سەرزمان[٣٦٩].

---

[٣٦٦] م. کەماڵ ئویکە، کار و چالاکیەکانی نوێ و سیاسەتی ئینگلتەرا لە باشووری ئەنادۆڵ، ١٩١٩، ئەنقەرە، بڵاوکراوەکانی ئەنیستیتووی لێکۆڵینەوەی کولتووری تورکی، ١٩٨٨، ل٧٦.

[٣٦٧] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.

[٣٦٨] جێسیکا، بەرگی ١، ل٢٢؛ "سەباح"، ٢٣ی شوباتی ١٩١٩، ٢٩ی نیسانی ١٩١٩.
ئەو یاداشتنامەیەی کە ٢٩ی نیسانی ١٩١٩ لەلایەن شەریف پاشا و دکتۆر نیهاد ڕەشاد و ڕەفیق نەوزاد و غالیب عەلی و هاوڕێکانیەوە دراوەتە کۆنفرانسی ئاشتی، لە ڕۆژنامە تورکیەکانیشدا بڵاو کراوەتەوە. بڕوانە: تورکچە، ئەستەنبووڵ، ٢٩ی نیسانی ١٩١٩.

[٣٦٩] تانەر بایتۆك، شەڕی ڕزگاری تورك بەپێی سەرچاوەکانی ئینگلیز، ئەنقەرە، چاپخانەی بازنوور، ١٩٧٠، ل٢٦.

بـەڵام سـەرەڕای هـەموو ئـەو دەستپێشـخەریانەی کـورد، ئـەنجامێك لـە سـیڤەردا دەرنەدەکـەوت هـەموو کوردەکـان لێـی ڕازی بـن. دیـاری‌نـەکردنی سنوورەکان لەگەڵ ئەرمەنستاندا، سەرچاوەی دروستبوونی ئەو نیگەرانیانـە بـوو، گوایـە پارێزگاکـانی کوردسـتان دەخرێنـە نـاو سـنوورەکانی ئەرمەنستانەوە. کارمەندێکی سیاسی لە کۆمسیاریای باڵای ئینگلیز بەناوی "ڕیان"ەوە لە ڕاپۆرتێکیدا کە ٢٢ی ئەیلولی١٩٢٠ ئامادەی کردووە، ئاماژەی بە سەرچاوەی نیگەرانیەکانی کـورد کـردووە: ((پێویسـتە ئـەوە فـەرامۆش نـەکرێت کـە کوردەکـان لـەم قۆناغـەدا نیگـەرانن لـەوەی وا سـنوورەکانی کوردستان بەرتەسك کراونەتەوە و بەشێك لە خاکەکەشیان کراوەتە هەرێمی فەرەنسی، هەروەها سنوورەکانیشیان لەگەڵ ئەرمەنستاندا نادیارن. ئەوەی کە هەموو کوردەکان یەك دەخات، دژایەتیکردنی ئەوەیە کە ناوچەکانیان بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەرمەنەکان، هەروەها بە چاوی لایەنێکی نەزان و توندڕەوی مەسیحی دەڕواننە ئەمریکاییەکان)).

بنکەی ژین
www.zheen.org

ناتوانرێت بگوترێت نوێنەرانی دەوڵەتە خۆرئاواییەکان زۆریان حەز لە بیر و بۆچـوونەکانی ژەنـەراڵ شـەریف پاشـا (بـاڵیۆزی پێشـووی عوسمـانی لـە ستۆکهۆڵم) سـەبارەت بـە مافـەکانی کـورد و داهـاتووی کوردسـتان کـردووە. "لۆرد کورزن" پێی وابووە شەریف پاشا کەسێکی گونجاو نییە بۆ قسەکردن لەسـەر چارەنووس و داهـاتووی کوردسـتان و ئـەو یاداشـتنامەیەی شـەریف پاشایشـی بـەگونجاو نـەزانیوە کـە لـەپاریس بـڵاوی کردووەتـەوە. کەسـێك بەناوی "ڤێب" لە (کۆمیسیاریای باڵا)وە لە ئەستەنبووڵ، لە نووسینێکیدا کە ٨ی ئـەیلوول لـە ئەسـتەنبووڵەوە ناردوویـە، باسـی ئـەوەی کـردووە کـە لافوگەزافـەکانی شـەریف پاشـا بـە نـاوی کـوردەوە بێبنـەمان. ڤێـب نووسیویشـیە: شـەریف پاشـا لـەو سـەرکردانە نییـە کـە لـە کوردسـتان

کاریگەرییان هەیە. هەروەها وادیار دەبێت هەمان بیر و بۆچوون لە وەزارەتی دەرەوەشدا هەبووبێت. لەو وەڵامەدا کە بۆ ڤێب نێردراوەتەوە، بیر و بۆچوونەکانی ناوبراو قبووڵ کراون. (٢٨. X. ١٩١٩)

یاداشتنامەکەی شەریف پاشا لەکۆنفرانسەکەدا بارگرژی و دژایەتییە دیپلۆماسیەکانی نێوان کورد و ئەرمەنەکانی لەناو نەدەبرد. ئەو بارگرژی و ئاڵۆزیانە، تەنیا لە قۆناغەکانی کۆتایی کۆنفرانسدا کە هەردوولا سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەکان لەیەك نزیك بووبوونەوە، چارەسەر کران. بەڵام ئەمجارە دەوڵەتە ئەمپریالیەکان، بایەخیان بە داواکاریەکانی ئەوان نەدەداو لە سیڤەریش بڕیاری دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ یا ئۆتۆنۆمی دەرنەدەچوو. ئەو دەستەواژەی کوردستانەی کە نوێنەرانی دەوڵەتە ئەمپریالیەکان لەنێو ماددەکانی ڕێککەوتننامەکەدا هێناویانەتە سەرزمان بۆ دامەزراندنی کوردستان، بە کردەوە هیچ هەنگاوێکی بەدواوە نەبوو. بەشێك لە ڕۆشنبیرانی کورد لەو قۆناغەدا ناڕاستەوخۆ و بە شێوەیەکی دیپلۆماسی بە ئینگلیزەکانیان ڕاگەیاندووە کە کوردەکان دەیانەوێت چارەنووسی خۆیان لە چوارچێوەی بنەماکانی ویلسۆندا دیاری بکەن و ببنە خاوەنی مافە نەتەوەییەکانیان و پێویستە ئەوەش جێبەجێ بکرێت، چونکە ورەی نەتەوە زۆرلێکراوەکان بەرز دەکاتەوە.

بەڕێوەبەرایەتیی وەزارەتی ناوچە داگیرکراوەکانی حکوومەتەکەی چەرچڵ لە بریتانیا، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا کۆمەڵێك حیسابی سیاسی و ئابوریی لەسەر کوردەکان کردووە و لەسەر بنەمای ئەو حساب و بەرژەوەندانەش ویستوویە تۆڕی پەیوەندیەکانی خۆی دروست بکات و لە کوردەکان نزیك ببێتەوە. ئەوان بیریان لەوە دەکردەوە کە کوردستانێك لەژێر دەسەڵاتی خۆیاندا لە میزۆپۆتامیا دابمەزرێنن. ناتوانرێت باسی ئەوە بکرێت

کوردەکان و جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بەشێوەی ڕاستەوخۆ یا ڕووبەڕوو پەیوەندییان لەسەر ئەو بابەتە لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان و کاربەدەستانی دەوڵەتی بریتانیادا گرتووە. ڕێکخراوە کوردیەکان و جەمعییەتی تەعالیی کوردستان سەبارەت بە داهاتووی نیشتمانەکەیان، بەشدارییان لە پڕۆژەیەکی وەهادا نەکردووە. کەسایەتی و ڕێکخراوە کوردیەکان بیرۆکەیەکی وایان لا دروست نەبووبوو کە کوردستانێك لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکی دیکەدا دابمەزرێنن. کورد و ڕێکخراوە سیاسیەکانی، لەگەڵ جەمعییەتی تەعالیی کوردستان‌دا، لایەنگری ئەوە نەبوون دەوڵەتێکی ماندات لە کوردستان دابمەزرێت. ئەو جۆرە بیرۆکانە لەناو جەمعییەتی تەعالیی کوردستان‌دا گفتوگۆیان لەسەر دەکرا و لە داهاتووشدا دەبوونە هۆی دروستبوونی هەندێك ڕووداوی سیاسی کە گەورەبوونی جەمعییەتەکەی لیّ دەکەوتەوە. هەڵبەت نابێت ئەوەش فەرامۆش بکرێت کە هەندێك لە ڕۆشنبیرانی کورد، هەرچەندە ژمارەشیان کەم بووە، ویستوویانە ڕۆڵی سیاسیی بریتانیەکان سەبارەت بە داهاتووی خۆیان و پەیوەندیە خێڵەکیەکانیان هەڵبسەنگێنن و کەڵکی لیّ وەرگرن. لە مەنتیقی سیاسی و دیپلۆماسیی ئەو جۆرە پەیوەندیانەدا ئەوە دەردەکەوێت کە لەو قۆناغەدا هەستێکی کوردایەتی هەبوە و هەلومەرجیش بە قازانجی کوردەکان گەشەی کردووە. من پێم وایە ئەو ژمارە کەمەی کەسایەتیە کوردەکان کە دەگوترێت پەیوەندیی ناڕاستەوخۆیان لەگەڵ ئینگلیزەکاندا هەبوە، بەگوێرەی هەلومەرجەکانی ئەو ڕۆژانە کاریگەریی بیرۆکەی کورد و کوردستانیان لەسەر بووە. پێ‌دەچێت ئەو جۆرە پەیوەندیانە لە چوارچێوەی بنەماکانی ویلسن‌دا و بەگوێرەی واقیعی سیاسیی ئەو ڕۆژانە دروست کرابێت. لێرەدا پەیوەندیە خێڵەکیەکان و نیگەرانییە سیاسیەکانیان سەبارەت بە داهاتوو تەنها لایەنێکی ڕاستیەکە پێك دەهێنن. ئەو سەردەمە، بۆچوونی زاڵ لەنێو

سەرکردەکانی کورد و جەمعییەتی تەعالیی کوردستاندا ئەوە بوو کە کوردەکان تێنەتوانی ئەوەیان هەبێت چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. دەبێ وا بیر بکرێتەوە کە سیاسەتی ئینگلیزەکان لەسەر کوردستان کە لە واقیعدا جێبەجێ نەکراوە، لەگەڵ ئەو بیر و بۆچوونەی کوردەکاندا نەگونجاوە. ساڵانێکی دوورودرێژ لە بەغداوە تا هەکاری و هەتا وان، لەسەر شاخەکانی کوردستان لەگەڵ بریتانیەکاندا شەڕ کراوە و ئەو شەڕانەش بوونەتە بەشێك لە ژیانی کوردەکان. سیڤەر نەیدەتوانی ئەو شێوازی ژیانەی کوردەکان بگۆڕێت، چونکە تایبەتمەندیی بەڵگەیەکی نەبوو کە بتوانێ جێبەجێ ببێت. هەروەها هێزێکی سیاسی و سەربازیشی نەبوو کە بتوانێت بەرگریی لێ بکات.

کوردەکان لەو قۆناغەدا ویستوویانە زەمینە بۆ سەربەخۆییی کوردستان فەراهەم بکەن، بەڵام شەریف پاشا کەسایەتیەکی گونجاو نەبوو بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجە. ئەوەی کە کردوویەتی، ئەوە بووە لە سیڤەردا لە ڕێی دیپلۆماسییەوە گوزارشتی لە بوونی کوردان کردووە. هەڵبەتە ڕۆڵێکی زۆری گێڕاوە بۆ ئەوەی مافەکانی کوردستان لە بیر و زەینی ڕای گشتیدا بچەسپێنێت، بەڵام کارەکانی بەشێوەیەکی سیستەمی نەبوە و لە ڕووی سیاسییەوە پێنەگیشتووە و بەرنامە و پرۆژەیەکی ڕێکخراوی سەبارەت بە کوردستان پێ نەبوە. کێشەکەش تەنها شەریف پاشا نەبوو، بەڵکوو پرۆگرام و پرۆژەیەکی لەو جۆرە لەسەر کوردستان لە مەنتیقی سیاسیی هەموو ڕێکخراوە کوردیەکانی ئەو کاتانەدا شکڵی نەگرتبوو.

شەریف پاشا لە سیاسەتی ڕاستەقینەی ئینگلیز و فەڕەنسا و ئەمریکا بەرامبەر بە کوردەکان بێئاگا بوو. ئەوان لە ناوەڕۆکدا دژی ئەوە بوون کێشەی کورد ببرێتە سەر مێزی دانوستان[٣٧٠].

ئەو کوردانەی کە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوون، لەگەڵ ئەو کوردانەدا کە لە ئێران بوون، یەك بیر و بۆچوونیان هەبوو. هەموویان لایەنگری ئەوە بوون بۆ خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. جێبەجێکردنی ئەمەشیان بە جووڵانەوەی گشتیی کوردەوە بەستبووەوە. کوردەکانی ئێران، سەرەڕای ئەوەی کە لە کۆنفرانسەکەدا شەریف پاشایان وەك نوێنەری خۆیان قبووڵ کردبوو، پێیان وابوو لەوێ کێشەکان پشتگوێ دەخرێن. فەرەنسیەکان سیاسەتێکی بێدەنگیان لە ئاستی کوردەکانی ئێراندا هەبوو. "فەخری بەگی عەبدی" کە لە کۆنفرانسەکەدا نوێنەری کوردەکانی ئێران بوو، بەبێدەنگی لەلایەن فەرەنسیەکانەوە پێشوازیی لێ کراوە و ئینگلیزەکانیش ڕێیان لەوە گرتبوو "شێخ تاهیر" بەشداری لە دانوستانەکانی پاریسدا بکات. فەرەنسیەکانیش پشتگیرییان لەو هەڵوێستە کردووە.

شەریف پاشا ١٥ی نیسانی ١٩١٩ سەری لە "ویلسن کلیمەنسۆ" و "جۆرج ئۆرلاندۆ" داوە، بۆ ئەوەی باسی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی کێشەی کورد و کوردستان و بارگرژیەکانیان بۆ بکات، بەڵام نەیتوانیوە بە شێوەیەکی فراوان سەرنجی دەوڵەتە ئەمپریالیستیەکان بۆ بایەخی ژیانیی ئەو کێشەیە ڕابکێشێت. ئەو، پێشنیاری دامەزراندنی حکوومەتێکی کاتیی کردبوو، بۆ پاراستنی بەرژەوەندەکانی کۆمەڵگەی کوردی و نەتەوەی کورد و دابینکردنی ئاسایشی وڵاتان. سەرەڕای هەموو ئەو دانوستانانە و ئەو دەستپێشخەرییە

---

[٣٧٠] یلدز، ل٤١.

دیپلۆماسیانە، وەفدی کوردی نەیتوانیوە لە ڕووی سیاسییەوە، ئەوەندە کاریگەر بێت کە ئاڕاستەی ڕووداوەکان بگۆڕێت. دەوڵەتە ئەمپریالیەکان، لەبەر بەرژەندی ئابووری و سیاسیی خۆیان، دەیانویست سیستەمێکی نوێ لە جیهان دابمەزرێنن. کێشەی کورد و ئەرمەنەکانیش، لە چوارچێوەی ئەو داهاتووە بەرفراوانە و ئەو جۆرە پەیوەندیانەدا بیری لێ دەکرایەوە کە ئەو دەوڵەتانە دەیانویست دروستی بکەن. کوردەکان نەیاندەتوانی لە دانوستانەکانی ئاشتیدا، ئەنجامی ئەو هەوڵ و تەقەلایەی کە لەسەر خاکەکەی ئەواندا دەدرا و ئەنجامی ئەو کارانەیش کە ئەمپریالیەکان بۆ پارچەکردنی خاکەکەی ئەوان دەیانکرد، بە سوودی خۆیان بشکێننەوە. لە کۆنفرانسەکەشدا، لە ڕووی سیاسییەوە بەهێز نەبوون و کەوتبوونە داوی ڕووداوەکان.

یەکێك لە گرنگترین هەنگاوەکانی سەبارت بە ژیانی ئەرمەن و کوردەکان لە قۆناغی سیڤەردا، مۆرکردنی ڕێککەوتننامەیەك بوو لەنێوان کورد و ئەرمەنەکاندا. ڕێککەوتننامەی کورد و ئەرمەن لەنێوان شەریف پاشا و بۆغۆس نۆبار پاشای نوێنەری ئەرمەنەکاندا ئیمزا کرا[٣٧١].

گارۆ ساسۆنی مێژوونووسی ئەرمەن پێی وایە: کورد و ئەرمەنەکان لە هاوینی ١٩١٩ بەدواوە، بەردەوام و بە شێوەیەکی جیددی بەدوای ئەو ئەو ڕووداوە ناوخۆییانەدا چوون کە لە ناو دەوڵەتی عوسمانیدا ڕوویان داوە. ئەرمەن و کوردەکان لەنێو هەموو ئەو خافڵاندنانەدا، بەدرێژاییی یەك ساڵ تا ڕێککەوتننامەی ئاشتیی سیڤەر چاوەڕوان مابوونەوە. ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە مستەفا کەمال و هێزە بیرۆکراتی و سەربازیەکانی عوسمانی کە لەژێر فەرمانیدا بوون، هێزێکی گەورەیان پێکەوە نابوو. ڕێککەوتنی کورد و

---

[٣٧١] جێسیکا، بەرگی ١، ل٧٧.

ئەرمەنەکان، لە ناوەڕۆکی خۆیدا نەیدەتوانی ببێتە هۆیەك بۆ ڕێگرتن لەو گۆڕانکاریانە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو کەموکوڕیانەش، گۆڕانکارییەکی گەورە و گرنگ بوو. هەرچەندە ئەو ڕێککەوتننامەیە نەیدەتوانی کێشەکانی نێوان کورد و ئەرمەنەکان بەتەواوەتی چارەسەر بکات، بەڵام لە ڕووی دبلۆماسییەوە هەنگاوێکی گرنگ بوو. ئەو ڕێککەوتننامەیە کە لە دوادواییەکانی کۆنفرانسدا مۆ رکرا، ئاماژەیەك بوو بۆ ئەوەی کە درك بە مافەکان کراوە، هەروەها درك بەوەش کراوە کە دەتوانرێت پێکەوە چارەسەرێك بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە. بەڵام بەداخەوە ئەو هەوڵانەش لەلایەن دەوڵەتە ئەمپریالیەکانەوە بەهەند نەگیران.

کوردان لەنێو ئەو هاوسەنگییە نوێیانەدا کە لەدنیا دروست دەبوون، پشتگوێ دەخران. لەکاتێکدا کەمالیەکان ناوەندێکی دەسەڵاتیان بۆ خۆیان لە کوردستان دروست دەکرد، ئینگلیزەکان پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ ئەنقەرەدا ڕێك خستبوو. ئەو پەیوەندییەش دواجار دەبوە هۆی ئەوەی کوردستان دابەش بکرێت. سیڤەر نەیدەتوانی بە کردەوە زەمینەیەکی سیاسی بۆ دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ و یەکگرتوو دروست بکات کە ڕێ لە قۆناغی دابەشکردنی خاکی کوردستان بگرێت. ڕێککەوتننامەی کورد و ئەرمەنەکانیش، نەیدەتوانی ببێتە ڕێیەك بۆ بەرگرتن لە دابەشکردنی خاکی کوردستان. لەبەر ئەوەی پەیمانی سیڤەر لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە هیچ هەلێکی جێبەجێکردنی نەبوو، مافەکانی کورد تەنها وەك چەند ماددەیەکی سەر کاغەز بوون و لەوە زیاتریش هیچ شتێکی دیکەی بۆ کوردەکان بەدواوە نەبوو. زەمینە و بارێکی گونجاو بۆ ئەو هەوڵانەی کە ڕێکخراوە کوردیەکان لە ڕووی سیاسییەوە، بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ دەیان دا، نەڕەخسابوو.

ئەرمەنەکان لەبنەڕەتدا داوای ئەرمەنستانێکی گەورەیان دەکرد کە لە دەریایەکەوە بگاتە دەریایەکی تر. بە گوێرەی ئەوان، دەبوو شارە کوردنشینەکان لەنێو سنوورەکانی ئەو دەوڵەتەدا، بمێننەوە. داواکاریی کوردەکان و هەوڵی ئەرمەنەکان بۆ دامەزراندنی ئەرمەنستانی گەورە، پێکەوە نەدەگونجان. هەڵبەتە ڕێککەوتننامەی نێوان ئەندامانی وەفدی کوردی و ئەرمەنی، نەیدەتوانی کێشەکانی نێوان کۆمەڵگەی ئەرمەنی و نەتەوەی کورد چارەسەر بکات، بەڵام نەرمونیانییەکی بەشێوەیەکی فراوان بەرامبەر بە یەکتر دروست کردبوو. ئەمەش ئاماژەیەك بوو بۆ خاوبوونەوەی بارودۆخەکە، بەڵام ڕێککەوتنەکە کاریگەرییەکی ویستراوی لەنێوان کۆمەڵگەی ئەرمەنی و خێڵە کوردیەکاندا دروست نەکردبوو. "ئارام گارۆ" یا "دکتۆر کارەکین پاسترمەجا" باڵیۆزی کۆماری ئەرمەنستان لە واشنگتۆن، نامەیەکی ناڕەزاییی بۆ "بۆغۆس نۆبار پاشا" و "ئیج ئۆهان جایان" ناردووە کە ڕێککەوتننامەکەیان لەگەڵ کوردەکاندا مۆر کردووە. لە نامەکەیدا ئیدانەی ئەوانی کردووە و بەو جۆرەش کاردانەوەی کۆمەڵگای ئەرمەنی بەرامبەر بەو ڕێککەوتننامەیە ئاشکرا کردووە. بە گوێرەی ئارام گارۆ، تەنازوول لە ڕێککەوتننامەکەدا لەسەر مەسەلەی خاك بۆ کوردەکان کراوە. کێشەکەش لەنێو ڕاگەیاندنی ئەرمەنەکاندا بووبوو بە بابەتێك. نوێنەرانی ئەرمەن کە هیوایان وابوو بەهۆی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە کاردانەوەکان کەم دەبنەوە، ١٩٢٠/١/٢٩ لە پاریسەوە لێدوانیان داوە تا لە ئەمریکا بڵاو بکرێتەوە. ئەوان ڕایانگەیاندبوو: وەفدی نەتەوەییی ئەرمەن کە ئەو ڕێککەوتننامەیەی ئیمزا کردووە، پێی وانییە بە هیچ شێوەیەك ئەو

ڕێککەوتننامەیە بەرژەوەند و داواکاریی ئەرمەنەکانی خستبێتە بەر مەترسی[٣٧٢].

وەك دەبینرێت ناتوانرێت بگوترێت ڕێککەوتننامەی کورد و ئەرمەن بووەتە هۆی ئەوەی کە کێشە و ناکۆکیەکان لەڕووی سیاسییەوە نەمێنن، بە هیچ شێوەیەکیش نەیتوانیوە ببێتە هۆی ئەوەی ناکۆکیی کورد و ئەرمەن بەتەواوەتی لەناو بچێ. بەگوێرەی ئەو یاداشتنامەیەی کە ژەنراڵ شەریف پاشا لە کۆنفرانسی ئاشتی و مەیدانی دیپلۆماسیدا بڵاوی کردووەتەوە، وادەردەکەوێت ئەو ڕۆژانە بارگرژی لە کوردستان لە ئاستێکی بەرزدا بوون. هەرچەندە نوێنەرانی کورد و ئەرمەن لە کۆتاییەکانی کۆنفرانسدا ڕێك کەوتوون و ویستوویانە لەڕێی ئەو ڕێککەوتنامەیەوە کۆتایی بە بارگرژی بیهێنن، بەڵام ئەو ڕێککەوتننامەیە لەبنەڕەتدا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوە.

وادەردەکەوێت نوێنەرانی ئەرمەن لە شەریف پاشا نیگەران بوون کە نوێنەری کوردەکان بووە. "گارۆ ساسۆنی" پێی وایە هەندێك لە ڕەفتارەکانی شەریف پاشا لە پاریس، نیشانەی بێبڕیاریی ناوبراو بووە. ((شەریف پاشا بیرۆکەیەکی دیاریکراوی سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان نەبوە و سنوورە چاوەڕوانکراوەکانی ناوبراو لە دەروونی خۆیدا هەڵگری کارەکتەری نوێنەرانی عوسمانی بوون، لەکاتێکدا دەیویست چارەسەرێك بۆ کورد بدۆزێتەوە، فێڵە دیپلۆماسیەکانی عوسمانیی جێبەجێ دەکرد))[٣٧٣].

ساسۆنی پێی وایە: شەریف پاشا دواتر نکوولیی لەو ڕێککەوتننامەیە کردووە کە لەنێوان کورد و ئەرمەنەکاندا ئیمزا کراوە. کوردەکان لە قۆناغی سیڤەردا، بەشێوەیەکی ڕێکخراو نەچوونەتە جیهانی دیپلۆماسییەوە. ئەوان بە

---

[٣٧٢] ساسۆنی، ل١٦٤.

[٣٧٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٥.

تیپێك لەو كادێرانەوە چوونەتە نێو دانوستان كە لەنێو دامودەزگاكانی عوسمانیدا پێگەیشتوون و هێشتا بەتەواوی هۆشیان بە شوناسە نەتەوەییەكەی خۆیان نەبوە و بەشێوەیەكی سەرنجڕاكێش پابەندی بە خەلیفە و پادشای عوسمانی بوون. ئەوانە كەسانێك بوون لەو سەرباز و بیرۆكرات و سەرۆك خێڵانە پێك هاتبوون كە پلەوپایەی بەرزیان لەنێو دامودەزگاكانی دەوڵەتی عوسمانیدا بەدەست هێنابوو. ڕەفتارە سیاسیەكانی شەریف پاشا، لەو پەیوەندیە كۆمەڵایەتیانەی ئەوەوە سەرچاوەیان دەگرت. هۆكاری دەستپێشخەریە سیاسیە لاوازەكانیشی لە سیڤەردا دەگەڕێتەوە بۆ جۆری پەیوەندیەكانی كۆمەڵگایەكی دواكەوتوو. بەپێی پێكهاتە چینایەتیەكەی، چاوەڕوان نەدەكرا لە ڕووی سیاسیشەوە بتوانێت چارەسەرێك بۆ كێشەی كورد و كوردستان لە سیڤەردا بدۆزێتەوە. جەمعییەتی تەعالیی كوردستان و شەریف پاشای نوێنەری، نوێنەرایەتی و توانایەكی سیاسیی لەو جۆرەیان نەبوو.

شەریف پاش، سەرەڕای كەموكوریە سیاسیەكانی، سەبارت بە مەسەلەی دابەشكردنی كوردستان لە سیڤەردا زۆر هەستیار بووە. بەگشتی هەموو ڕێكخراوە سیاسیەكانی كورد لە قۆناغی سیڤەردا هەمان هەستیارییان سەبارەت بە خاكی كوردستان هەبوە. نامەیەكی سەیید عەبدولقادری سەرۆكی جەمعییەتی تەعالیی كوردستان بۆ كۆمیتەی ئاشتی كە لە ڕێی شەریف پاشاوە بۆی ناردووە، بەڵگەیەكە سەبارەت بە هەستیاریەكانی كورد لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە. سەیید عەبدولقادر كە بە كەسایەتییەكی ئۆتۆنۆمیخواز ناسرابوو، ئەندامی مەجلیسی پیرانی عوسمانی بووە. بە توندی دژی سیاسەتی ئینگلیزەكان بووە بەرامبەر بە دابەشكردنی كوردستان. ١٩١٩/١٠/٢ و لە یاداشتێكدا بۆ سەرۆكایەتیی كۆنفرانسی سیڤەر، باسی ئەوەی كردووە كە ((ئەگەر دەتانەوێت لە كوردستان ئاسایش بەرقەرار بێت، پێویستە واز لە

دابەشکردنی ئەو وڵاتە بێنن و ڕێ لەوە بگیرێت ببێتە منداتی وڵاتێکی دیکە)).

بەگوێرەی عەبدولقادر، کوردستان لەنێو ئەو دابەشکاریەدا دەبێتە مەیدانێك بۆ ئاژاوە و کێشمەکێشێکی فراوان. نامەکەی سەیید عەبدولقادر لەگەڵ شەریف پاشادا، کە سەبارەت بە دابەشکردنی کوردستان یەك هەستیارییان پیشان داوە، دەکرێ بە بەڵگەیەکی سەیری کوردەکانیش لەقەڵەم بدرێ:

((قوستەنتینۆپڵ، ۱۹۱۹/۱۰/۲

بەڕێز سەرۆك!

دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەتەوە کە کوردستان دەکرێتە دوو بەشی باشوور و باکوور. دەمەوێت سەرنجی بەڕێزتان بۆ ئەوە ڕابکێشم کە دابەشکردنی کوردستان، بارودۆخی (خۆرهەڵاتی نزیك) لەو شوێنانەی کە لە ژێر دەستی دەسەڵاتی هاوپەیمانەکاندا نەبوون، باشتر ناکات. کوردان لەدژی هێزی هاوپەیمانان دەستیان بۆ چەك نەبردووە و لەو شوێنانەشدا کە لە ژێر دەسەڵاتی تورکەکاندا نەبوون، ئەرمەنەکانیان پاراستووە. ئێستاش داوا لە عەدالەت و کۆنفرانسەکە دەکەین کوردستانێکی یەکپارچە بناسێت. لەڕاستیدا ئەگەر ئەو سنوورانەی کوردستان کە پێشکەشی کۆنفرانسمان کردوون، دابەش بکرێن و بخرێنە ژێر دەسەڵاتی منداتی هێزە جیاوازەکان، ئەوا ئەو بەشانە ڕووبەڕووی کێشە و ئاژاوەیەکی بەرفراوان دەبنەوە.

بۆ سەرۆکایەتیی دەستەی باڵای پاریس، سیناتۆر سەیید عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندیی وەرزیی کوردی))[٣٧٤].

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، کاردانەوەی دژ بە سیاسەتی ئینگلیزەکان لە سیڤەر سەبارەت بە دابەشکردنی خاکەکەی پیشان داوە. لەبەر ئەوە، ۳ی

---

[٣٧٤] یلدز، ل٦٧– ٦٩.

شوبات، سەری لە کۆمیسارییای باڵای ئەستەنبووڵ داوە. لەو سەردانەدا، سەیید عەبدولقادر ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە شەریف پاشا نوێنەری ئەوانە. ئەوەشی وتوە: لە سیاسەتەکانی ئینگلیز نیگەرانن. کوردەکان لەو دەنگۆیانەی کە بڵاوبوبوونەوە سەبارەت بەوەی ئینگلیزەکان دەیانەوێت کوردستان لە سیڤەردا دابەش بکەن، نیگەران بوون. ئەوان نەیاندەویست ڕاستیی دەنگۆکان بزانن. لەبەر ئەوە، کۆمیسیارییای باڵاش دەیتوانی ئەوە بەوان بڵێت کە سەرچاوەی ئەو هەواڵەی بە ئەوان گەیشتووە، شەریف پاشا خۆی بووە[٣٧٥].

شەریف پاشا نامەیەکی لە پاریسەوە بۆ ژمارەیەك لە بەڕێوەبەرانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و هەندێك لە هاوڕێیانی نوسیوە و باسی ئەوەی کردووە کە زۆر ڕێی تێدەچێ دوو کوردستان لە سایەی سەرپەرشتیی ئینگلیز و فەرەنسییەکاندا دابمەزرێت، ئەمەش بووەتە هۆی کاردانەوەی لایەنە کوردیەکان و جەمعییەتی تەعالیی کوردستان کە نوێنەرایەتیی کوردی دەکرد. ئەمە هۆکاری سەرەکیی سەردانەکەیان بوو بۆ کۆمسیارییای باڵا. سەیید عەبدولقادر، دوای نامەکەی شەریف پاشا، بەبێ کات فیڕۆدان، چووەتە لای "ڕیان" و ویستوویە لە نیاز و هەڵوێستی فەرەنسییەکان ئاگادار بێت. ناوبراو بە "ڕیان"ی ڕاگەیاندووە بەرگەی دابەشکردنی خاکی کوردستان ناگرن. هەواڵ و زانیاریش سەبارەت بە کاردانەوەی کوردەکان گەیێنراوەتە لەندەن. ئەوانیش داوایان لە کۆمسیارییای باڵا کردووە کوردەکان ئارام بکەنەوە. کاردانەوەی کوردەکان بەرامبەر بە دابەشکردنی کوردستان لەو قۆناغەدا، دژی دەستپێشخەریی ئیمپریالیەکان بەگشتی لە هەموو لایەنێکی کوردییەوە دەبینرا و لەناو کوردەکاندا بووبووە هەڵوێستێکی زاڵ.

---

[٣٧٥] ئوێکە، مەسەلەی مووسڵ، ل٤٧.

کۆمسیاریای باڵای ئینگلیز، لە ١٥ی مایسدا، بە لەندەنی ڕاگەیاندووە "حەمدی بابان" و "نەعیم بەگ"، بەشداریی هەڵمەتێکیان لەدژی ئینگلیزەکان کردووە، ((هەڵوێستەکانی شەریف پاشا بەرامبەر بی بیرۆکەی دەوڵەتە خۆرئاواییەکان بۆ دابەشکردنی کوردستان لەنێوان ئینگلیز و فەرەنسییەکاندا، بەرپرسانی دەوڵەتە ئەمپریالیەکان بەگشتی و ئینگلیزی بەتایبەتی نیگەران کردووە))[٣٧٦]. ئینگلیزەکان زۆر ناڕەحەت دەبن لەو کاردانەوانە و بیر لەوە دەکەنەوە شەریف پاشا لە پاریس بانگ بکرێتەوە و چەند کەسێکی دیکە ڕەوانەی ئەو کۆنفرانسە بکرێت، تا ئەوان بتوانن قەناعەتیان پێبکەن. سەیید عەبدولقادر و کەسایەتیە ناودارەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لەو قۆناغەدا پێیان وابووە سیاسەتی ئینگلیز و فەرەنسییەکان لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندا نییە. سەیید عەبدولقادر سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان، هەستیارییەکی تایبەتی هەبوە. هەروەها بەهۆی کێشەی ئەرمەنیشەوە، بایەخێکی پتری بە ڕووداوەکە داوە. ئەو بە نیگەرانییەوە ڕوانیویەتیە سیاسەتی ئەمپریالیەکان و ڕووداوەکە[٣٧٧]. کاردانەوەکانی سەیید عەبدولقادر لەو قۆناغەدا کە خۆی کەسایەتییەکی ئۆتۆنۆمیخواز بووە، لە دژایەتیە نەتەوەییەکانیەوە سەبارەت بە دابەشکردنی کوردستان سەرچاوە دەگرن. بنەماڵەی بەدرخانیەکان کە لایەنگری بیرۆکەی سەربەخۆیی بوون و لە ناوچەی بۆتان خێڵەکانیان ڕێك خستبوو، لەو قۆناغەدا دژی جووڵانەوەی کەمالیەکان دەجووڵانەوە. پاراستنی یەکپارچەیی کوردستان و دابینکردنی مافەکانی کورد و بیرۆکەی ڕێگرتن لەوەی کە کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ئەمپریالیەکاندا دابەش بکرێت، لەو قۆناغەدا کاریگەریی لەسەر جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و سەیید

ژین www.zheen.org

---

[٣٧٦] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨.

[٣٧٧] یڵدز، ل٤٢.

عەبدولقادر و شەریف پاشا و ئەو کەسانەش هەبوە کە بە ناوی کوردەوە سیاسەتیان کردووە. ئەو کەسایەتیە کوردانە کە بە گومانەوە سەیری سیاسەتەکانی ئینگلیزیان کردووە، کاریگەرییان لەسەر وەفدی کوردیش لە سیڤەر هەبوە.

ناکۆکیی کورد و ئەرمەن و ئەو ڕێککەوتننامەیەی کە مۆرکرابوو، بووبوونە ڕێگرێکی بەردەمی ئەوەی کە لایەنە سەربەخۆییخوازەکان بە هیواوە بڕواننە سیڤەر بۆ کوردستان. کوردان بەهۆی سیاسەتی دەوڵەتە ئەمپریالیەکانەوە بەرامبەر بە کورد، بە نیگەرانییەوە تەماشای سیڤەریان کردووە و متمانەیان بە سیڤەر نەبوە. لایەنە سەربەخۆییخوازەکان، زۆر بەهیوا نەبوون بەو ڕێککەوتننامەیەی کە لەنێوان کورد و ئەرمەندا مۆر کرابوو. کەمالیەکان لە کوردستان لە ڕێی پارێزگار و بەرپرسانی دەوڵەت و ئەفسەر و پیاوانی دینی و سەرکردە کاریگەرەکانی کوردەوە، پروپاگەندەی ئەوەیان بڵاو کردەوە کە کوردستان دەبێتە بەشێك لە ئەرمەنستان و بەو جۆرەش کاردانەوەی کوردانیان لە دژی ڕێککەوتننامەکە وروژاندووە و ڕێك خستووە. ئەوان دەیانویست کوردان لە دژی ئەرمەنەکان کاردانەوە پیشان بدەن. تەلگرافەکانی دژ بەنزیکبوونەوەی کورد و ئەرمەن، کە لەڕێی سەرکردەی خێڵەکانی ئەرزڕۆم و سیواسەوە بۆ پاریس نێردراون، لەڕاستیدا کاردانەوەی کەمالیەکان بوون لە کوردستان. ئەو تەلگرافانە کە ناوەڕۆکێکی پڕوپاگەندەی کەمالیستە تورکەکانی بەسەرەوە بووە، زیاتر سەبارەت بەو شارە کوردانە بوون کە ناکۆکیی کورد و ئەرمەنیان تێدایە. ئەو ناوچانەش سەبارەت بە ناکۆکیەکانی کورد و ئەرمەن زۆر هەستیار بوون و دەقی پروپاگەندەی کەمالیەکان لەلایەن هەندێك لە سەرۆك خێڵ و پیاوانی ئاینیی کورد و فەرمانبەرانەوە، بە ئیجابی پێشوازیی لێ کراوە، بەڵام ژمارەیەك لە ڕۆشنبیرانی کوردیش، کاردانەوەیان لەدژی پێشان داوە.

ژمارەیەکی ڕۆشنبیرانی کورد کە ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بوون، پێیان وابووە ئەو تەلگرافانە بە گوشار ڕەوانەی پاریس کراون و بەشێکیشیان دروستکراو بوون. بەڵام سەرەڕای ئەوە، زەمینەیەکی گونجاو لەو قۆناغەدا بۆ یەکێتیی ناو کوردەکان فەراهەم نەبووبوو. سەرباری ئەو هەموو پەیوەندییە تێکەڵوپێکەڵانە، ١٠ی ئابی ١٩٢٠، ڕێککەوتننامەی سیڤەر ئیمزا کرا و کێشەی کورد بۆ یەکەمجار لە ڕێی پەیمانی سیڤەرەوە برایە ناو پلاتفۆرمێکی نێودەوڵەتی. ئەو ناوەڕۆکە هیوابەخشەی کە لەنێو دەقی ڕێککەوتننامەی سیڤەردا سەبارەت بە کوردەکان هەبوە، دانانی ناوی کوردستان بووە لەنێو ئەو ڕێککەوتننامەیەدا:

((کوردستان،

ماددەی ٦٢:

لە ماوەی ٦ مانگدا، دوای جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە کۆمیسیۆنێکی ٣ کەسی لە نوێنەرانی فەرەنسا و ئینگلیز و ئیتاڵیا، لە ئەستەنبووڵ پێک دەهێنرێت، بۆ جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ ئەو ناوچانەی کە کوردەکانی تێدا زۆرینەن و باکووری سنوورەکانی عیراق و تورکیا و سوریا دەگرنەوە، لەگەڵ خۆرهەڵاتی فورات و باشووری سنوورەکانی ئەرمەنستان، کە لە داهاتوودا دیاری دەکرێن. ئەو سنوورانەش بە گوێرەی بەندەکانی ٢ و ٣ی ماددەی (٢٧)ن. ناکۆکیەکان لە هەر کێشەیەکدا بەتەواوی چارەسەر نەکرێن، پێویستە ئەندامانی ئەو کۆمسیۆنە کێشەکە ببەنەوە لای حکوومەتی وڵاتەکەی خۆیان. ئەم پلانە دابینکردنی دەستەبەری پاراستنی سوریانی و کلدانەکانیش لەو ناوچانەدا لەخۆ دەگرێت. بۆ بەدیهێنانی ئەوەش، کۆمسیۆنێکی لێکۆڵینەوە بە بەشداریی نوێنەرانی ئینگلیز و فەرەنسا و ئیتاڵیا و ئێران و کورد پێک دەهێنرێت و بەگوێرەی

ڕێککەوتننامەکەش پێویستە ئەندامانی ئەو کۆمسیۆنە بۆ ڕێکخستنەوەی سنوورەکانی تورکیا و ئێران لەو ناوچانە بدەن)).

((ماددەی ٦٤

ئەگەر دوای ساڵێك لە جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، سەلمێنرا دانیشتوانی ئەو ناوچەیەی وا بە گوێرەی ماددەی ٦٢ دیاری کراوە و زۆرینەیان کوردن، داوای سەربەخۆیی دەکەن و دەیانەوێت لە تورکیا جیا ببنەوە و داواکاریەکەیان بۆ کۆنگرەی کۆمەڵەی گەلان بەرز کردەوە و لەوێش ئەگەر کۆمەڵەی گەلان گەیشتە ئەو قەناعەتەی وا ئەمانە تیێنوتوانی سەربەخۆیی‌یان هەیە، ئەو کاتە پێویستە وازیان لێ بهێنرێت. ئەو دەمە تورکیا ناچار دەبێت واز لە هەموو هەقەکانی خۆی بەسەر ئەو ناوچانەوە بهێنێت و لەکاتی پێویستدا ڕێ بە سەربەخۆیی‌یان بدات. ئەگەر بێتو دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ داوا بکەن بخرێنە سەر سنوورەکانی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد، ئەو کاتە دەوڵەتە هاوپەیمانەکانیش هیچ ناڕەزایی‌یەك لەدژی ئەو داواکاریە پیشان نادەن))[٣٧٨].

ڕێککەوتننامەی سیڤەر بە قەڵەمێك ئامادە کراوە کە چارەسەرێکی سنووورداری بۆ کێشەی کورد داناوە، تا لەداهاتوودا ڕووبەڕووی زۆر و زەحمەتێکی فراوان ببێتەوە. "حەسەن یڵدز" لەبەر ئەو هۆیە پێی وایە ڕێککەوتننامەی سیڤەر –لەڕاستیدا– بەڵگەیەك بووە دابەشبوونی کوردستانی لەگەڵ خۆیدا هێناوە: ((لەبەر ئەو هۆیانە دەتوانرێت بگوترێت

---

[٣٧٨] سەها. ل. مەرای، عوسمان ئۆڵجای، بەڵگەکانی ڕووخانی ئیمپراتۆریای عوسمانی (ئاگربەستی موندرۆس، پەیماننامەی سیڤەر و بەڵگەی پەیوەندیدار، زانکۆی ئەنقەرە، بڵاوکراوەکانی CBF، ١٩٧٧ ل٦٧– ٦٨" سلۆپی، ل٥٦– ٥٨.

کوردستان نەك لە لۆزان، بەڵکوو لە ڕێککەوتنامەی سیڤەریشدا دابەش کراوە و لە لۆزانیش پەسند کراوە. هەر لەبەر ئەو هۆیانە، بنەمای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە نێو ماددەکانی سیڤەردا، زۆر جیددی و گرنگ نییە. لەڕاستیدا ئەمە زۆرتر ماددەیەك بووە بۆ دەستخەڕۆکردنی کوردان و کارتێکی فشار و هەڕەشەش بووە لەسەر مستەفا کەمال و دەسەڵاتی عیراق))[٣٧٩].

ڕێککەوتننامە و دانوستانەکانی سیڤەر، هەلومەرجی ئاڵۆزی سیاسی و پەیوەندی و بەرژەوەندەکانی دەوڵەتە ئەمپریالیەکان و ناکۆکیی کورد و ئەرمەن و شەڕی تورك- یۆنان و تورك- ئەرمەن، بارودۆخی ژیانی نەتەوەی کوردەیان تێکەڵوپێکەڵ کردووە و بەجۆرێك گۆڕیویانە کە ئەنجامەکەی لەدژی کوردەکان بێت. ڕاستیەکەی -بەگشتی- سیڤەر بە کاریگەریی ئینگلیزەکان و ئەنجامەکانیشی لە بەرژەوەندی ئەواندا بووە. نەدەکرا سنوورەکانی عیراق هەتا دیاربەکر و مەڵاتیە درێژ بکرێنەوە و بخرێنە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکان، چونکە ئەو دەوڵەتانەی دیکەش کە پێکەوە ڕکابەرییان دەکرد، داوای بەشی خۆیان دەکرد))[٣٨٠].

بنکەی ژین
www.zheen.org

سیڤەر کوردستانێکی ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆی دانەمەزراند، چەرخی مێژووش لەو قۆناغەدا بە قازانجی کەمالی و تورکەکاندا دەسووڕایەوە. بەو جۆرە بەر لە پەیمانی لۆزان، زەمینەی دابەشکردنی کوردستان لە ڕووی سیاسییەوە فەراهەم کرا. سیاسەتی ئەمپریالیستیی ئینگلتەرە و سیاسەتی پڕ لە تەگبیری فەرەنسیەکان، لە داهاتوودا هەرچی چوو، زیاتر کەوتە خزمەتی سیاسەتەکانی ئەنقەرە. لە قۆناغەکانی دوای سیڤەردا، ئەنقەرە بووە ناوەندی دەوڵەتێکی موحافەزەکاری سەربازی. ئەرمەنەکان ساڵی ١٩٢١،

---

[٣٧٩] یلدز، ل٧٩.

[٣٨٠] ساسۆنی، ل٦٧.

تێگەیشتن دوای تێکۆشانێکی ١٠ ساڵە، هەموو هیوایەکیان بەفیڕۆ چووە و هیچ ئەنجامێکیان دەست نەکەوتوە. بارودۆخەکە هەمان ئەنجامیشی بۆ کوردەکان بەدواوە بوو. ((کۆتاییەکانی ١٩٢٠، کوردەکان بەئاگا هاتبوونەوە، بەڵام ئیتر کارلەکار ترازا بوو، چونکە تورکەکان هەموو شتێکیان خستبووە ژێر دەستی خۆیان و هیوا بە دەستتێوەردانی نێودەوڵەتیش نەمابوو. کوردەکانیش ناچار مابوون تەنیا متمانە بە هێزی خۆیان بکەن))[٣٨١].

لەو ڕووەوە سیڤەر ئەنجامی خراپی لێ کەوتەوە و کوردستانێکی ئۆتۆنۆم دانەمەزرا و ویست و داواکاریی سیاسیی ئەمپریالیەکان لە کوردستان جێبەجێ بوو. ساڵانی ١٩١٥ تا ١٩٢٥، تێکۆشانێکی ئەمپریالیستی لەسەر کوردستان هەبوو. ئەوانەی کە لافی خاوەندارێتیی کوردستانیان دەکرد، لەگەڵ یەکدا دەکەوتنە جەنگ و ململانێ، بۆ ئەوەی بەشێکی زۆرتر بۆ خۆیان بەرن. ئەوەی کە لەو قۆناغەدا ئاڕاستەی بە ڕووداوەکان داوە، شەڕ و تێکۆشانی چەکداری بووە. بەڵام ئەو لایەنانەی کە لافی خاوەندارێتییان لەسەر کوردستان هەبوو، لە کۆتاییەکانی ئەو قۆناغەدا ڕێی سازش و ڕێککەوتنیان لەگەڵ یەکتردا گرتە بەر. لەمەبەدوا ئەوەی کە ئاڕاستەی بە قۆناغی دواتر دەدا، هاوکاری و سازشکردن بوو))[٣٨٢].

هەرچەندە پەیماننامەی سیڤەر دەستەواژەی کوردستانی لەنێو ماددەکانی خۆیدا جێگیر کردووە، بەڵام نەبوەتە هۆی ڕازیکردنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و کەسایەتیە کوردەکانی ئەو قۆناغە. ئەوان هەستیان دەکرد دەوڵەتە ئەمپریالیەکان بەرگرییان لە تێکۆشانی کوردەکان نەکردووە و هەوڵیان داوە کوردستان دابەش بکەن. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و

[٣٨١] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩.

[٣٨٢] بێشکچی، ل١٣.

سەیید عەبدولقادری سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە، ئاگاداری ڕەفتاری سیاسیی دەوڵەتە ئەمپریالیەکان بوون و نیگەرانیەکانی خۆیان لەو بارەیەوە بۆ ڕۆژنامەی "ئیقدام" هێناوەتە سەر زمان))[٣٨٣].

سەیید عەبدولقادر لە لێدوانەکەی خۆیدا باسی ئەوەی کردووە کە قۆناغی پاریس نەبوەتە مایەی ڕەزامەندیی کوردەکان. قۆناغی پاریس کاریگەریی لەسەر ڕۆشنبیرانی کورد و ئەو گۆڕانکاریانەش داناوە کە بوونەتە هۆی داخستنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان. شەریف پاشا بۆ خۆی ڕەشبین بووە لە کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس،. ناوبراو پێی وابووە کۆنفرانسەکەی پاریس سەبارەت بە مافی نەتەوەییی کوردان، بە کردەوە هیچ هەنگاوێکی هەڵنەگرتووە و کوردەکانیش نەگەیشتوونەتە ویست و داواکاریەکانی خۆیان.

لەڕاستیدا کێشەی ئەمڕۆی کوردەکان، هەر لە قۆناغی دوای یەکەمجەنگی جیهانییەوە دەرکەوتووە. ئەو دیاردانەی کە کاریگەرییان لەسەر کێشەکە هەیە، لە قۆناغی دوای یەکەم جەنگی جیهانیدا دەرکەوتوون. پێویستە لەنێو هەموو ئەو ڕووداوانەدا کە کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبوە، بیر لە پەیماننانەی سیڤەر بکرێتەوە. ئەو قۆناغەی کە ئەمپریالیەکانی تێدا هەوڵی دابەشکردنی خاکی کوردستانیان داوە، هەمان ئەو قۆناغەیە کە ڕێککەوتننامەی سیڤەری تێدا مۆر کراوە.

دەوڵەتە ئەمپریالیەکان لە سیڤەردا، لە بنەڕەتدا سیاسەتێکی دژە کوردیان پێڕەو کردووە. سەرەڕای ئەوەی کە پروپاگەندە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتەکانی کورد و ئەرمەن دەکرا و لە دانوستانە سیاسیەکانی سیڤەریشدا باسی لێ

---

[٣٨٣] ئیقدام، ٣ی ٥ی ١٩٢٠.

دەكرا، دەوڵەتە ئەمپریالیەكان لەوبارەیەوە نیازپاك و جیددی نەبوون. سەبارەت بە دامەزراندنی ئەو دوو دەوڵەتە، ئەوان لایەنگری هەڵگرتنی هیچ جۆرە هەنگاوێكی جیددی نەبوون. بەرامبەر بە كوردەكان، ڕەفتارێكی سیاسیی دووڕوویانە پێڕەو كراو لایەنە سیاسیەكانی ئینگلیز پەیوەندییان لەگەڵ مستەفا كەمال پاشادا بەرقەرار كردبوو. فەڕەنساش هەر لە شەڕی یۆنان و توركەوە لایەنگریی لە ئەنقەرە كردبوو، بەمجۆرە كورد و ئەرمەن دەبوونە قوربانیەكانی سیاسەتی ئەمپریالیەكان. هەوڵی كوردەكان بۆ ئەوەی لە ڕێی شەریف پاشاوە لە دانوستانەكانی سیڤەردا كاریگەرییان هەبێت، هەروەها تێكۆشانی جەمعییەتی تەعالیی كوردستان بۆ ئەوەی كە كێشەی كوردستان لە گفتوگۆ سیاسیەكانی كۆنفرانسەكەدا بهێڵێتەوە، هیچ ئەنجامێكی لێ نەكەوتەوە. ئەمەش لە ئاستێكدا بوو كە كۆمیتەی ئیستیقلالی كوردستان (قاهیرە)، هەر ئەو ڕۆژانە باسی ئەوەی كردبوو كە مافەكانی كورد و ئەرمەن لە مەترسییەكی جیددیدان و نیگەرانیەكانی خۆی سەبارەت بە چاوەڕوانكردنی ڕوودانی هەر ڕووداوێكی نالەبار هێنابووە سەرزمان. دیارە هەر لەبەر ئەم نیگەرانیانە بووە كە "بەدرخان"ی سكرتێری گشتیی كۆمیتەكە، ٢٢ی ئاداری ١٩٢٠، نامەیەكی بۆ سەرۆكایەتیی كۆنفرانس و بەرپرسانی دەوڵەتی فەڕەنسا ناردووە. لەو نامەیەدا باس لەوە كراوە كە كۆنفرانسەكە لە ژێر كاریگەریی مستەفا كەمالدا بووە.

لەوانەیە شەریف پاشا پێشبینیی ئەوەی كردبێت كە كۆنفرانسەكە ئەنجامێكی گەورەی لێ ناكەوێتەوە و لەبەر ئەوەی ڕەخنەی زۆری لێ گیراوە، دەستی لە كار كێشابێتەوە. ئەمەش قووڵبوونی ئاستی كێشەی كورد و كوردستان لەو قۆناغەدا ڕوون دەكاتەوە. كشانەوەی ناوبراو لە كۆنفرانسەكە، لە ٥ی مایسی ١٩٢٠دا، كاریگەریی لەسەر كەسایەتیە ناودارەكانی

جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش لە ئەستەنبووڵ داناوە. دوای ئەمە، لە١٧ی مایسی ١٩٢٠دا، سەیید عەبدولقادر تەلگرافێکی بۆ پاریس ناردووە و باسی ئەوەی تێدا کردووە کە لەمەوبەدوا کوردەکان هیچ نوێنەرێکیان لە کۆنفرانسەکەدا نییە، لەبەر ئەوە هەر بڕیارێك بدرێت، پەیوەندیی بە نەتەوەی کوردەوە نابێت و کوردەکان پابەندی نابن. ڕێککەوتننامەی سیڤەر، وەك دەقێك هەر لەو ساتەوەختەوە کە ئیمزا کراوە، توانایی جێبەجێکردنی نەبوە و هەلومەرجی جێبەجێکردنی ماددەکانی نەخولقێنراوە. "سێر هاری لۆك" باسی ئەوەی کردووە کە پەیماننامەی سیڤەر سەرشێتانە نووسراوە و بە مردوویی لەدایك بووە[٣٨٤].

ئەنقەرە پێشتر پەیوەندیی لەگەڵ فەڕەنسادا، کە یەکێك لە دەوڵەتەکانی بەشداری کۆنفرانسەکە بووە، بەرقەرار کردووە. ئینگلیزەکانیش ئامادەکارییان بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی باو لەگەڵ تورکدا دەکرد. کێشەی کوردستان کە لەنێو پەیماننامەکەدا جێگیر کرابوو، لە ڕەوتی پێشکەوتنی تۆڕی پەیوەندیە ئەمپریالیەکانی داگیرکەراندا دەشاردرایەوە. کێشەی کورد بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی خاك و سنوورەکانی، هەروا بە هەڵواسراوی مایەوە. جێگیرکردنی کێشە نەتەوەییەکانی کورد لەنێو دەقی ڕێککەوتننامەکەدا لەبەر ئەوە نەبوو کە بنەمای دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین لەلایەن بەشدارانی کۆنفرانسەکەوە قبووڵ کراوە. لەڕاستیدا دەوڵەتە ئەمپریالیە خۆرئاواییەکان، بیریان لە نەتەوەی کورد و کۆمەڵگەی ئەرمەنی نەدەکردەوە. لەبنەڕەتدا ئەوان بیریان لەوە دەکردەوە چۆن مەیدانێکی دەستڕۆیی لە کوردستان بۆ خۆیان دروست بکەن. ئینگلیزەکان لەبەر نەوت، داوای (مووسڵ)یان دەکرد. هۆکاری

---

[٣٨٤] گۆتهارد جێسیکا، بەڵگەکانی دەوڵەتی ئینگلیز سەبارەت بە شەڕی ڕزگاری، ئەنقەرە، بڵاوکراوەکانی دەزگای مێژووی تورك، ١٩٧١، ل٢٠٦.

هەوڵ و داواکاریەکانی ئینگلیز بۆ مانەوەی مووسڵ لە سنووری دەوڵەتی عیراقدا تا ڕادەیەکی بەرچاو پەیوەندیی بە نەوتەوە هەبوو. نەتەوەی کورد لەدڵەوە پێشوازییان لە پەیماننامەی سیڤەر نەکرد. قبووڵنەکردنی مافە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکانی نەتەوەی کورد و دیارینەکردنی سنووری نیشتمانەکەی، بوونە هۆی ئەوەی کە سەرکردە سەربەخۆییخوازەکانی کورد پەیماننامەی سیڤەر قبووڵ نەکەن[٣٨٥].

سیڤەر بووبووە هۆی دەرکەوتنی هەندێك کێشەی ئاڵۆز سەبارەت بە ژیانی نەتەوەی کورد. یەکێك لەو کێشە تێکەڵ و ئاڵۆزانە، هەوڵ و تێکۆشانی کەمالیەکان بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕووداوەکان لە کوردستان. جموجووڵ و جووڵانەوەی ژمارەیەك لە ئاغا و بەگ و بیرۆکرات و ئەفسەر و پیاوانی ئاینیی کورد، لەگەڵ کەمالیەکاندا (هەرچەندە ژمارەشیان کەم بووە) لەگەڵ نەتەوەخوازەکانی تورکدا کە دەیانگوت با پێکەوە نیشتمانەکەتان لەدژی ئەرمەنەکان بپارێزین، لەگەڵ ڕۆحی پەیماننامەی سیڤەردا یەکی دەگرتەوە. لە قۆناغی جەنگدا، جەمعییەتەکانی مودافەعەی حقووق و موحافەزەکارە کەمالیەکان و ئەفسەرە کەمالیەکان و فەرماندەکانی قووای میللییە، لە پروپاگەندەکانی خۆیاندا، هەروەها لە بەڵگەکانی کۆنگرە گشتی و ناوچەییەکاندا، هەوڵ دەدرا لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای ئیسلامدا یەکڕیزی لەگەڵ کوردەکاندا دروست بکەن. ئەوان باسی ئەوەیان دەکرد کە لە سیڤەردا ئەوە قبووڵ کراوە کوردەکان لەناو ببرێن و بەمجۆرەش هەوڵیان دەدا کوردەکان لە چوارچێوەی مودافەعەی حقووقدا بهێننە ناو تێکۆشانی تورکەکان. پێشتر ژمارەیەك لەو خانەدانانەی کەوا ڕۆڵیان لە کۆچ پێکردنی ئەرمەنەکاندا هەبوە

---

[٣٨٥] یلدز، ل٧-٨٠.

(کۆچی زۆرەملیٚ) و لە تاڵانکردنیماڵ و موڵکی ئەرمەنەکاندا دەستیان هەبوە، بەشدارییان لە جووڵانەوەی مودافەعەی حقووقدا کردووە و بەو جۆرەش بوونەتە هۆی ئەوەی وا کەمالیەکان لە کوردستان بەهێز بن. مستەفا کەمال پاشا بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو جۆرە کوردانە بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت، وتوویە ئەرمەنستانێك دادەمەزرێت و کوردستانیش دەبێتە بەشێك لەو وڵاتە. ئەو دەیگوت هەوڵ دەدات تا خەلیفە و پادشا لە بەند ڕزگار بکات و مافە کۆمەڵایەتی و نەژادییەکانی کوردیش دەدات. بەم جۆرەش پروپاگەندەی کردووە و کاردانەوەکانی کوردی لەدژی سیڤەر ڕێك خستووە. ناوەندی بڕیاری کەمالی ئەو جۆرە ڕووداوانەی کۆنترۆڵ کرد و بەو جۆرەش خۆی بەهێزتر کرد.

پەیماننامەی سیڤەر نەیتوانیوە ئارەزووی کوردەکان بەدی بهێنێت و لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەشدا ژمارەیەك لە خێڵە کوردەکان بەرەو لای ناوەندی بڕیاری کەمالی چوون و بوونەتە هۆی ئەوەی کە ناکۆکی و ململانێیەکی نویٚ لە کێشەی کوردستاندا بێتە ئاراوە. بۆیە دەتوانرێت بگوترێت: سیڤەر بووەتە هۆی دروستبوونی دووبەرەکیی ناو کوردان.

بنکەی ژین
www.zheen.org

سەرەڕای ئەوەی کە سیڤەر کەموکوڕیی سەبارەت بە ژیانی نەتەوەییی کوردەکان هەبوە، بەڵام یەکەم دەقی نێودەوڵەتیشە کە مافە نەتەوەییەکانی کوردی تێدا لە ئاستێکی جیهانیدا باس کردبێت. هەرچەندە سیڤەر گرنگی بە ژیانی نەتەوەییی کوردەکان داوە، بەڵام نەیتوانیوە ڕیٚ لە دابەشکردنی کوردستان بگرێت. کوردەکان بۆ جاری یەکەم بە وەفدی خۆیانەوە توانیویانە داواکاریەکانی خۆیان بگەیەننە بەردەمی وڵاتانی جیهان و ئەمەش گۆڕانکارییەکی گرنگ بووە کە سیڤەر بۆ کوردەکانی بەدی هێناوە.

کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس لە ١٩١٩/١/١٨دا، لە کۆشکی (ڤەرسای) دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. کۆنفرانسەکە بۆ پێدانی شکڵێکی نویٚ بوو بە

سیستەمی نوێی جیهانی لەلایەن دەوڵەتە هاوپەیمانەکانەوە. هەروەها بۆ بڕیاردان بوو لەسەر داهاتووی ئەورووپا. نزیکەی ٥٠٠ ڕۆژنامەنووس بۆ چاودێریکردنی کۆنفرانسەکە چووبوونە ڤەرسای و ئەم دەوڵەتانەی خوارەوەش نوێنەریان ڕەوانەی کۆنفرانسەکە کردبوو: ئینگلتەرە، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، ژاپۆن، بەلژیکا، سربستان، بەرازیل، کەنەدا، نەمسا، ئەفریقای باشوور، هیندستان، چین، چیکوسلۆڤاکیا، پۆڵۆنیا، یۆنان، حیجاز، پرتوگال، ڕۆمانیا، سیام، نیوزلاند، بۆلیڤیا، کووبا، ئیکوادۆر، گواتیمالا، هایتی، هیندۆراس، لیبریا، نیکاراگوا، پاناما، ئۆرۆگوای.

لەنێو ئەو دەوڵەتانەشدا، چوار دەوڵەتی گەورەی ئەو قۆناغە، کە ئینگلتەرە و ئەمریکا و فەرەنسا و ئیتاڵیا بوون، ئاراستەیان بە کارەکان داوە و کۆنفرانسەکەیان خستووەتە بەر تین‌وتاوی خۆیان[٣٨٦].

هیچ گومانێکی تێدا نییە کە دەوڵەتە ئەمپریالیەکان دەیانویست ڕێککەوتننامەی سیڤەر بە گوێرەی بەرژەوەندە سیاسی و ئابوریەکانی خۆیان بێت. ئەوان بیریان لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ یاخود ئۆتۆنۆمی کوردستان نەدەکردەوە. مێژونووسی کورد محەمەدئەمین زەکی بەگ باسی هۆکاری بایەخدانی دەوڵەتە خۆرئاواییەکان بە کوردستان دەکات: ((لە کۆتاییەکانی جەنگی جیهانیدا، کاتێك ئەڵمانیا و لایەنگرەکانی شکستیان هێنا، ئیتر سیاسەتی دەوڵەتەکانیش بەخێرایی گۆڕا و بەتایبەتی گرنگی بە مافی گەلان و نەتەوەکان درا. هەرچەندە ئەمە تەنیا پەیوەندیی بە بیرۆکەی سیاسی و بەرژەوەندی هەندێك لە دەوڵەتە گرنگەکانەوە هەبوو، ئەگەنا هیچ گرنگییەکی دیکەی نەبوو، لەگەڵ ئەمەشدا شەریف پاشا وەك نوێنەری نەتەوەی کورد و

---

٣٨٦ ساریهان، بەرگی ١، ل١٠٦.

**کێشەی کورد بەشداریی لە کۆنفرانسەکەی پاریس‌دا کرد و ڕاپۆرتێکی لەگەڵ نەخشەی کوردستاندا پێشکەش بە دەستەی باڵای کۆنفرانسەکە کرد))[٣٨٧].**

**سیڤەر یەکەم دەقێکە کوردستانی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا و لە مێژووی کورددا بە ڕەسمی ناسیوە: ((لەو ڕێککەوتنەدا، بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردستاندا، لە ئاستێکی نێودەوڵەتیدا، ددان بە مافەکانی کورددا نراوە و دەوڵەتی عوسمانی و وڵاتانی ئەوروپاییش ئیمزایان لەسەر پێدانی مافەکانی گەلی کورد کردووە. هەرچەندە ئەو بەڵگەیەش تەنها لە ئەرشیڤی ئەو دەوڵەتانەدا ماوەتەوە کە ئیمزایان کردووە و جێبەجێش نەکراوە، لەبەر ئەو هۆیانەی باس کران، پەیماننامەی سیڤەر لە مێژووی نەتەوەی کورددا بەڵگەیەکی گرنگە))[٣٨٨].**

**لێکۆڵان و سیاسەتمەداران و بیرەوەری‌نووسانی کورد، لەبەر ئەوەی لە ماددەکانیدا باسی کوردستان کراوە، وەك (بەڵگەیەکی گرنگ) دەڕواننە پەیماننامەی سیڤەر. محەمەدئەمین بۆزئارسلان بەشێوەیەکی گەشبینانە سەیری سیڤەر دەکات و بایەخێکی زۆر بە پەیماننامەی سیڤەر دەدات و باسی ئەوە دەکات کە سیڤەر لە کوردستان بووەتە هۆی خۆشحاڵییەکی زۆر لەنێو جەماوەری کورددا[٣٨٩]. نووری دێرسیمیش هەمان بیر و بۆچوونی هەیە. بەگوێرەی ئەو، دەوڵەتە هاوپەیمانەکان پڕۆژەیەکیان بۆ دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ لە سیڤەردا ئامادە کردبوو و ئەم پڕۆژەیەش لەناو کوردەکاندا بووەتە مایەی خۆشی و شادی. ئەو خۆشحاڵی و جۆش‌وخرۆشە، بووەتە هۆی ئەوەی کوردەکان کە سەدان ساڵە لەژێر دەسەڵاتی ئەوانی**

---

[٣٨٧] **محەمەدئەمین زەکی، ل١٣٦.**

[٣٨٨] **بۆزئارسلان، ل٣٠.**

[٣٨٩] **هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

دیکەدان، هەستنە سەر پێ، بەڵام دەوڵەتە هاوپەیمانەکان گوێیان نەداوەتە ئەو ڕاپەڕینانە و پشتگوێیان خستوون[٣٩٠]. هەردوو نووسەرەکەش باسی ئەوە دەکەن کە بەرزبوونەوەی هەستی خۆشی و شادیی کوردەکان، پەیوەندیی بەو ماددانەوە هەبوە کە سەبارەت بە کوردستان لە پەیماننامەی سیڤەردا جێگیر کرابوون. بێگومان کوردەکان لەبەر ئەوەی کێشەی کوردستان لەنێو ماددەکانی سیڤەردا جێگیر کراون، خۆشحاڵ بوون، بەڵام دیاردەکان هەموو کات بەگوێرەی هەستی نەتەوەکان دەرنەکەوتوون و ڕووداوەکان بەگوێرەی ئەوان نەبوون. سیڤەر نەیدەتوانی ببێتە وەرگێڕی جۆش و خرۆشی کوردەکان. جۆش و خرۆشی کوردەکان، دەربڕی هەستەکانی نەتەوەیەکی ستەملێکراو بوو کە سەدان ساڵە خاکی نیشتمانەکەیان دابەش کراوە و سیڤەریش تەنیا بووە فاکتەرێك بۆ جووڵاندنی ئەو هەستانە. بەڵام ژیانی ڕاستەقینەش بەپێچەوانەی ئەمە بەردەوام بوو. کوردەکان لە قۆناغی دوای سیڤەردا نەیانتوانی بگەنە ئەو کوردستانەی کە خەویان پێوە بینیوە. سەرەتاکانی دابەشکردنی کوردستان، هەر لە قۆناغی سیڤەرەوە، دەستی پێکرد. ئەو خۆشی و جۆش و خرۆشەی کە لە سەرەتاکاندا بەبۆنەی سیڤەرەوە لەنێو کوردەکاندا گەشەی کردووە، دواتر بووەتە هۆی مەینەتی و تووڕەیی. بەو جۆرەش کۆمەڵگای کورد، بە نەفرەت و تووڕەییەوە سەیری پەیماننامەی سیڤەری کردووە، چونکە لە سیڤەرەوە کوردستانێك بۆ کوردەکان دەرنەدەکەوت. بەگوێرەی پەیماننامەی سیڤەر، لە ناوچەیەکدا کە وان و بتلیس و ئەرزرۆم و ترابزۆنیشی لەخۆ دەگرت، دەوڵەتێکی ئەرمەنی دادەمەزرا. بەڵام سەبارەت بە کوردەکان، سنوورەکانی ئەو نیشتمانەی کە

[٣٩٠] دێرسیمی...، مێژووی کوردستان، ل١٧٠.

سەدان ساڵە لەسەری دەژین، زۆر بەرتەسك كرابوونەوە. مافێكی زۆر سەیر بە كوردەكان درابوو، گوایە دەوڵەتێك لە سنوورێكی بەرتەسكی نێو خاكی ئەو كوردستانەی كە ساڵانێك تێیدا ژیاون، بەشێك لە ورمێ و لە دەرەوەی سنوورەكانی سووریا و عیراق و لە دیاربەكر و ئورفە و جزیرە و دەوروبەری ئەوانەدا، بە ڕەزامەندیی وڵاتە زلهێزەكان، دابمەزرێت، بەبێ ئەوەی خۆیان بتوانن بڕیاری لەسەر بدەن. مەترسیدارترین گۆڕانكاری و ڕووداوێك كە سەبارەت بە ژیانی نەتەوەیی كوردەكان لە سیڤەردا ڕووی دابوو، ئەوە بوو كە ڕێ بۆ دابەشكردنی خاكی كوردستان خۆش كرابوو: ((سەرەتا پێویست بوو ڕاپرسی لەو ناوچەیەدا بكرێت و ڕای خەڵك وەربگیرێت، تا بزانن ئایا دەیانەوێت لە ئیمپراتۆریای عوسمانی جیا ببنەوە یان نا؟ دواتر لە كۆمەڵەی گەلاندا كە وەك دەستەی نەتەوە یەكگرتوەكانی ئەمڕۆیە، ئەو مەسەلەیە باس دەكرا و دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەوان، حكوومەتی عوسمانی ئاگادار دەكرایەوە و ڕەزامەندیی ئەویش وەردەگیرا، تا هەرێمێكی ئۆتۆنۆمی كوردستان سەر بە دەوڵەتی عوسمانی دابمەزرێت. ئەو دەوڵەتانەی كە تەنها ئەو مافە بچووكەیان بە كوردەكان ڕەوا بینیوە، مافی زۆر و زەبەندیان بە ئەرمەنەكان دابوو. ئەمەش هیچ دادپەروەری و ئینسافێكی لە كۆنفرانسەكەدا تێدا نەبوو، بەڵام داواكردنی یارمەتی سەبارەت بە كێشەكان لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەكان و لە بەرژەوەندە نێودەوڵەتیەكان و بەرژەوەندی نەتەوەكاندا كارێكی بێمانایە، چونكە هیچ دەوڵەتێك بە دڵپاكییەوە سەیری دەوڵەتێكی دیكە ناكات، بەڵكوو بە چاوی بەرژەوەنەوە تێی دەڕوانێ. كەوابوو ئەو دەوڵەتانەی كە لەسەر مێزی دانوستانەكانی سیڤەر دانیشتبوون، بەرژەوەندەكەیان وای دەویست.

ڕووسیا لەو ڕێیەوە سنوورەکانی خۆی فراوان دەکرد، چونکە بەشێك لە ئەرمەنەکان لە سنووری دەوڵەتی ڕووسیادا دەژیان. لەئەنجامدا لە ڕێی هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیە و مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی لۆزانەوە، ئەو مافانە بە ئەرمەنەکانیش نەدرا و کێشەی کوردیش تەنها لە چوارچێوەی کوردەکانی دەوروبەری مووسڵدا مایەوە))[391].

ماددەکانی پەیماننامەی سیڤەر سەبارەت بە کورد و ئەرمەنەکان، لە بنەڕەتدا بە جۆرێك ئامادە کراون کە نەتەوەی کورد و کۆمەڵگای ئەرمەنی لەدژی یەك بن و پێکەوە بکەونە شەڕ و ناکۆکی. جگە لەوە، لە ڕووی سیاسیشەوە، لە کوردستاندا قابیلی جێبەجێ کردن نەبوون. لەبەر ئەوەی لەلایەن نەتەوە و کەمە نەتەوەکانەوە، بە ئیرادەی ئازادی خۆیان دیاری نەکرابوون، مافی ئەو نەتەوە و کەمە نەتەوانەی ناوچەکە و مەسەلەی ڕزگاریی نەتەوەیییان بەرامبەر بە ئەمپریالیزم و داگیرکاری، بە هیچ شێوەیەك زامن نەکرابوون. بۆیە وەك دەقێکی مردوو و ئامادەکراو لە ژیانی نەتەوەکانیشدا قابیلی جێبەجێکردن نەبوو. جگە لەوە بووە هۆی گەشەکردنی قۆناغێك کە وردە وردە بنەمای کۆیلەکردنی هەمیشەییی ژمارەیەك لە نەتەوە و کەمە نەتەوەکانی تێدا دادەنرا. لەڕووی ئەو ناوەڕۆکەوە، دەتوانین بڵێین داواکارییە نەتەوەیەکانی کورد، یە واتای ڕاستەقینەی خۆیان، لە پەیماننامەی سیڤەردا جێبەجێ نەکراون[392].

ئەو ناوچانەی کە کورد و ئەرمەنەکانی تێدا دەژیان، لەڕووی ژێرخان و سامانەکانی سەر زەوی و سروشتییانەوە، هەروەها لە ڕووی ستراتیژیشەوە (لە لایەکەوە هاوسنووری یەکێتیی سۆڤیەت بوون و لەلایەکی دیکەشەوە

---

[391] بۆزئارسلان، ل١٦٤.

[392] ڕزگاری، ژمارە ١، ل٧٠.

دەگەیشتنە ئەو ناوچانەی کە بەهۆی نەوتەوە سالآنێك ئینگلیزەکان کۆنترۆڵیان دەکردن) بووبوونە جێی مشتومڕێکی زۆر. کورد و ئەرمەن لەبەر پێگەی خۆیان، بووبوونە جێی سەرنجی دەوڵەتە ئەمپریالیەکان. سیاسەتی داگیرکاری بە شێوەیەکی وەستایانە دەمارەکانی ژیانی ئەم دوو کۆمەڵگایەی دەبڕی و سیاسەتی ((دابەش بکە و بەڕێوە ببە))ی ئینگلیزەکانیش بە نەرمی و وردە وردە جێبەجێ دەکرا. لە سیڤەردا، دەتوانین چاومان بە وتاری ئەمجۆرە سیاسەتەی سێ ئەمپریالیستەکە بکەوێت.

لە دوایین شیکردنەوەدا، دەتوانین بڵێین (پەیماننامەی سیڤەر) دەقێکە بە ویستی هێزە ئەمپریالییە داگیرکەرەکان ئامادە کراوە و بەگوێرەی سیاسەتی ((دابەش بکە و بەڕێوە ببە)) داڕێژراوە و لە ئیرادەی ئازاد و داواکاریی نەتەوەکانەوە دوورە. لەبەر ئەوە بووەتە هۆی ئەوەی کە نەتەوە ستەملێکراوەکان ببنە بەشێك لە ئەفەندییەکانی خۆیان و زەمینەی کۆیلەکردنی ئەوانی ئامادە کردووە. لایەنە ڕەسمیەکان باسی ئەوە دەکەن کە کوردەکان پشتگیرییان لە پەیماننامەی سیڤەر کردووە و بەو هۆیەشەوە هاوکاری هێزە ئەمپریالیەکان بوون، بەڵام ئەمە لەڕاستییەوە دوورە و کوردەکان لە هیچ ئاستێکدا کەڵکیان لە پەیماننامەی سیڤەر نەبینیوە. ئەمەش لە ئاستێکدا بووە کە تەنانەت بەشداریی کوردەکان لە کۆنفرانسەکەدا، لە ڕێی شەریف پاشاوە، بووەتە جێی ناڕەزاییی بەرپرسانی سیاسیی دەوڵەتە ئەمپریالیەکان. یەکێك لە بەرپرسانی کۆمیسارییای باڵا لە ئەستەنبووڵ، بەناوی "وێب"ەوە ٨ی ئەیلولی ١٩٢٠، باسی ئەوە دەکات کە لافوگەزافەکانی شەریف پاشا سەبارەت بە کورد، بێواتان. جگە لەوە، باسی ئەوەشی کردووە کە هیچ سەرکردەیەکی کورد پێی وانییە شەریف پاشا سەبارەت بەداهاتووی ناوچەکە خاوەن بڕیار بێت. بە گومانیشەوە باسی

سوودەکانی ناردنی "نوێل" دەکات بۆ کوردستان. ناوبراو پێی وایە هەوڵەکانی نوێل بێئەنجام و مەترسیدارن. لە وەزارەتی ناوخۆشەوە، وەڵامی وێب دراوەتەوە کە بۆچوونەکانی سەبارەت بە شەریف پاشا لە جێی خۆیدان[٣٩٣]. سیڤەر خاوەنی ڕۆڵ و نوێنەرایەتییەکی وەها نەبوو بتوانێت زەمینەی هاوکاریی کورد و دەوڵەتە ئەمپریالیەکان پێکەوە خۆش بکات.

لەبەر ئەوەی بۆ جاری یەکەم لە ئاستێکی نێودەوڵەتیدا باسی مافەکانی نەتەوەی کوردی کردووە و بۆ جاری یەکەم لە دەقێکی نێودەوڵەتیدا باسی دەوڵەتی کوردی کراوە و کوردەکانیش توانیویانە بە وەفدێکی دیپلۆماسیی خۆیانەوە بەشداری لە دانوستانە نێودەوڵەتیەکاندا بکەن و بە شوناسی خۆیانەوە لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە گوزارشت لە خۆیان بکەن، پەیماننامەی سیڤەر پەیماننامەیەکی جیاواز و تایبەتە، بەڵام ئەمە نابێتە مانای ئەوەی کە دەقێك بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و کوردستان. لە ڕوانگەی کوردەکانەوە، خاڵی جیاکەرەوەی سیڤەر لە پەیماننامەی لۆزان، هەبوونی دەستەواژەی کوردستانە. سیڤەر بە کردەوە لەژێر گوشاری سیاسەتی ئەمپریالیدا مۆر کراوە و ئاماژەی تێدا بەوە کراوە کە کێشەی کورد لە جیهان بەگشتی و لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتایبەتی هەیە. لە هەندێکی ماددەکانیدا، هەڵوێستی لەسەر ئەو کێشەیە دیاری کردووە. ئەوی کە ببێتە هۆی ئەوەی وا پەیماننامەی سیڤەر بۆ جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و کوردەکان گرنگ بێت، هەر ئەم لایەنەی پەیمانەکەیە. لەگەڵ ئەمەشدا، سیڤەر میراتێکی خراپی لە تێکۆشانی نەتەوەیی و ژیانی نەتەوەییی کوردەکاندا بەجێ هێشتووە و لە سەرووی هەموو شتێکەوە، بووەتە هۆی ئەوەی کە

---

[٣٩٣] ئۆیکە، سیاسەتی بەریتانیا لە باشووری ئەنادۆڵ...، ل٨٠.

ژمارەیەك لەو خێڵانەی وا نەخشیان لە بەهێزبوونی ناوەندی بڕیاری کەمالیستی و جووڵانەوەی کەمالیستیدا هەبوە، کاردانەوە پیشان بدەن و هەڵوێستەکانیان ڕوون بکەنەوە و بە ئاشکرا لایەنی کەمالیەکان بگرن. سیڤەر لە ناوخۆدا و بە تایبەتی لە کوردستاندا، بە سوودی جووڵانەوەی تورکی و کەمالیەکان شکاوەتەوە. ژمارەیەك لە خێڵە کوردەکان لەبەر پروپاگەندەی مەترسیی دروستبوونی دەوڵەتی ئەرمەنی لەسەر خاکی کوردستان، ڕوویان لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ کەمالیەکاندا کردووە[٣٩٤]. وەك ئەوەی کە لە لایەنی سیاسی و سەربازییەکەیەوە باس دەکرێت، ئەمە ڕێککەوتنی کورد و تورك نەبوە، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی هەندێك گۆڕانکارییە کە لە ناوەڕۆکدا بوونە هۆی –بەکردەوەو لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە– لەناوچوونی بیرۆکەی (کوردستانی سەربەخۆ). مستەفا کەمال پاشا ١٧ی حوزەیرانی ١٩١٩ لە نووسینێکدا بۆ کازم قەرەبەکر کە بە شفرە ناردوویەتی، وەها دەڵێت: ((خەڵکی ویلایاتی شەرقییە، کەوتوونەتە بەر شاڵاوی زوڵم و ستەمی چەتە ئەرمەنە غەددارەکان و لەبەر ئەوانە ڕووی ناخۆشییان بینیوە. ئەوان هەموو جۆرە فیداکاریەکییان کردووە، بەڵام لایەنە ئارامەکانی ئەنادۆڵ بەم جۆرە نین... لەبەر ئەوە ئەو لایەنەی کە تائێستا جەختم لەسەر کردووەتەوە، ئەوەیە کە داهاتووی نەتەوە و گەلەکەمان تەنها لە یەکگرتووییدایە. بۆیە پێویستە لقەکانی مودافەعەی حقووقی میللییە کە کار بۆ ئازادی و ژیانی سەربەخۆیی میللەتەکەمان دەکەن، لە هەموو ناحیەیەکدا دابمەزرێنرێن... من سوورم لەسەر ئەوەی کە

[٣٩٤] بۆ زانیاری و وردەکاریی زیاتر سەبارەت بە ڕەفتاری کوردەکان دەرهەق بە کەمالیەکان، دەتوانن سەیری ئەم سەرچاوانە بکەن: ئارسلان، هەمان سەرچاوەی پێشوو؛ بێشکچی، کوردستان کۆلۆنیای نێودەوڵەتی؛ دێرسیمی...، مێژووی کوردستان؛ سلۆپی، هەمان سەرچاوەی پێشوو؛ ئالاداخ، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

برا کوردەکانمان کەوا تەواوکەری نەتەوەکەمانن، لە دەوری یەك کۆ بکەینەوە و لەڕێی جەمعییەتەکانی مودافەعەی حقووقی میللییەوە ئەمە بە جیهان ڕابگەیەنم))[395]. مستەفا کەمال پاشا لە قۆناغی بەر لە ئیمزاکردنی پەیماننامەی سیڤەردا، هەوڵێکی زۆری داوە بۆ شکاندنی جووڵانەوەی کوردی و بەهێزکردنی مودافەعەی حقووق و ناوەندی بڕیاری کەمالی لە کوردستان. سیڤەریش ئەو قۆناغەی پێش خست و کاری کردە سەر گەشەکردنی ئەو هەولانە. ئەو لایەنەی کە لەڕاستیدا کەڵکی لە پەیماننامەی سیڤەر دەبینی، کوردەکان بوون.

لە کۆنگرەکانی ئەرزڕۆم و سیواسدا، ئاماژە بە مەترسیی ئەرمەنەکان کراوە و تەئکید لەسەر پێویستیی یەکگرتوویی گەلانی کورد و تورك کراوەتەوە. لەڕێی دینەوە، ویستوویانە ئیرادەی نەتەوەییی کوردان لاواز بکەن و لەو بارەیەوە پروپاگەندەی جۆراوجۆریان کردووە. سیڤەریش ئەو جۆرە پروپاگەندانەی لەو قۆناغەدا بەهێزتر کردووە. جگە لەوە، کوردە گوندنشینە موسڵمانەکان، وەك لایەنێك کە پەیماننامەی سیڤەری ئیمزا کردووە، کاردانەوەیان بەرامبەر بە دەسەڵاتی ناوەندیی ئەستەنبووڵ پیشان داوە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی وا کەمالیەکان بەهێزتر بن، چونکە دەسەڵاتی ئەستەنبووڵ لەپێش چاوی خەڵك کەوتووە. جەمعییەتەکانی مودافەعەی حقووق و ڕەددی ئیلحاق و قووای میللییە و ئەنقەرەی کەمالی، لەو ڕۆژانەدا زۆر بەهێز بووبوون. ئەوان کاردانەوەیەکی توندیان لەنێو جەماوەردا لەدژی حکوومەتی ئەستەنبووڵ ڕێك خستبوو، هەروەها بووبوونە سەرکردەی ئەو کاردانەوانە. بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئەو بیر و بۆچوونەوە کە گوایە

[395] ATTB، بڵاوکراوەی ئەنیستیتووی مێژووی شۆڕش، ئەنقەرە، ١٩٧٤، بەرگی ٤، ل٣٤– ٣٥.

پەیماننامەی سیڤەر هیچی بۆ کوردەکان لیٚ ناکەویٚتەوە، ژمارەیەك لە خیٚڵەکانی کورد باوەڕیان بەوە هیٚنا کە چارەنووسیان بە چارەنووسی تورکەکانەوە گریٚ دراوە و کەوتوونەتە بەر کاریگەریی ئەو جۆرە پروپاگەندانەی کەمالیەکان. ژمارەیەك لە بیرۆکرات و ئەفسەرە پلەبەرزەکانی عوسمانی و کەمالیەکان، خەڵکیان هان دەدا تا کاردانەوەی توند لەدژی شەریف پاشا پیشان بدەن و ئیدانەی بکەن[٣٩٦]. ئەوان دەیانویست لەبەر ڕیٚککەوتننامەی کورد و ئەرمەن تەلگرافی بۆ بنیٚرن. ئەمەش لە ناوەڕۆکدا کاردانەوەیەك بوو لەدژی سیڤەر. ئەو کاتانەی کە باسی سیڤەر دەکرا، ناتوانین باسی هەبوونی یەکیٚتییەکی وای نیٚوان کورد و تورك بکەین کە لەسەر هەندیٚك بنەمای سیاسی و ئایدۆلۆژی و لەسەر بیرۆکەی کوردستان دروست کرابیٚت[٣٩٧]. هەبوونی پروپاگەندەی وەك ((کورد و تورك یەکیان گرت)) لەڕاستییەوە دوورە و ئەمجۆرە قسە و باسانەش تەنیا پروپاگەندەی کەمالیەکان بوون. ئەمە هەڵگری لۆژیکی کەمالیەکانە بۆ پروپاگەندە و ورووژاندنی خەڵك. سەرانی کورد و کەمالیەکان، بە هیچ جۆریٚك پیٚکەوە گفتوگۆیان نەکردووە، لەسەر هەندیٚك بنەما سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان و لەوبارەیەوە هیچ جۆرە دانوستانیٚکیان نەکردووە. حکوومەتەکانی عوسمانی و ئەنقەرەی کەمالیستیش، لەو ڕوانگەوە وەك لایەنیٚکی مەترسیدار دەیانڕوانییە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لە قۆناغەکانی جەنگی تورك- یۆنان، تورك- ئەرمەندا، خراوەتە ڕیزی جەمعییەتە مەترسیدارەکان و وەك نویٚنەری

---

[٣٩٦] بۆ دەقی ئەو تەلگرافانە سەیری ئەم سەرچاوانە بکەن: مەحموود گالۆغلۆ، مەشروتییەتی سێیەم، ١٩٢٠، ئەنقەرە، چاپخانەی باشنور، ١٩٧٠، ل٩١؛ یلدز ل٨١ – ٨٣.

[٣٩٧] بیٚشکچی، ل٢٢، ٢٤، ٢٩، ٣١، ٣٢، ٣٣، ٤٢، ٦٣، ٦٤، ٦٥، ٦٧، ٦٩، ٧٢، ٧٣، ٧٩، ٨٥، ٩٣.

کوردەکان و گوزارشتکەری بیر و بۆچوونێك سەیری نەکراوە. کەوابوو جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە قۆناغی سیڤەر و دوای سیڤەریشدا، لەلایەن دەسەڵاتە سیاسیەکانەوە وەك نوێنەری کوردەکان تێی نەڕوانراوە و هیچ دانوستانێکیشی لەو بارەیەوە لەگەڵدا نەکراوە. هاوپەیمانیی کورد و تورك یاخود ڕستەی وەك ((کورد و تورك یەکیان گرت))، لە ناوەڕۆکدا بۆچوونی ڕەسمیی کەمالیەکان بووە. ئەو جۆرە هەڵسەنگاندنەش، تەنها هەوڵێك بووە بۆ ئەوەی مێشکی کوردەکان لە چوارچێوەی بیر و بۆچوونەکانی کەمالیزمدا پەروەردە و فێر بکرێن. لۆژیکی ڕاستەقینە و پشتی پەردەی هەموو ئەمانەش، بەهێزبوونی دەوڵەتی کەمالی بووە. ئەو جۆرە پروپاگەندانەی کەمالیەکان، لە ڕووی سەربازی و بەرزبوونەوەی ورەی کادیرەکانیانەوە لە کاتی جەنگدا دژی سوپای یۆنان و دەرکردنیان لە هەندێك ناوچەدا، ڕۆڵێکی زۆری لە بەهێزبوونی کەمالیەکاندا هەبوە. ئەم هاوسەنگییەش کاری کردووەتە سەر کۆمەڵگای کوردیش. لە بەڵگەکانی مودافەعەی حقووقی کەمالیەکاندا، هەوڵ دراوە کار بکرێتە سەر مێشك و بیر و زەینی کوردەکان و تێزی تورکەکان زەمینەی بۆ دابەشبوونی جووڵانەوەی نەتەوەییی کورد و لاوازبوونی ئەو جوڵانەوەیە خۆش کردووە.

نوێنەرایەتیکردنی کورد لەلایەن شەریف پاشاوە، لە کۆنفرانسی پاریس و بەشداریی لە دانوستانەکاندا بە ناوی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە و ڕێککەوتنی لەگەڵ ئەرمەنەکاندا، حکوومەتەکانی ئەنقەرە و ئەستەنبوڵی تووڕە کردوون. بەرپرسانی حکوومەتی عوسمانی، دوای بڵاوبوونەوەی ڕێککەوتننامەکە لە ڕاگەیاندندا تەلگرافیان بۆ پارێزگارەکانی کوردستان ناردووە و داوایان لێ کردوون کاردانەوەکان لەدژی ئەو ڕێککەوتننامەیە ڕێك بخەن. بەکورتی، لە تەلگرافەکاندا باسی ئەوە کراوە کە کوردەکان نایانەوێت

له ئیمپراتۆریای عوسمانی جیا ببنەوە و پێویستە کوردەکان دەسەڵاتی نوێنەرایەتیکردن لە شەریف پاشا کە بەشداری لەو کۆنفرانسەدا کردووە، وەربگرنەوە، چونکە بە ویست و ئارەزووی خۆی ئەو ڕێککەوتننامەیەی مۆر کردووە و زیادەڕۆیی لە دەسەڵاتەکەی خۆیدا کردووە. ناوبراو بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت نوێنەرایەتیی داواکاریەکانی نەتەوەی کورد بکات و لەبەر ئەوەش پێویستە ژمارەیەك لە سەرۆك خێڵ و دانیشتوانی ناوچەکە و کەسانی ناوداری کورد تەلگراف بۆ نوێنەرانی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لە پاریس بنێرن و نوێنەری خۆیان لەو کۆنفرانسە بکشێننەوە[٣٩٨]. ڕێککەوتنەکەی شەریف پاشا و "بۆغۆس نۆبار پاشا" بووەتە هۆی مشتومڕ و گفتوگۆیەکی توند لەنێو مەجلیسی مەبعووساندا. مەبعووس و نوێنەرەکانی پەرلەمان، بەهۆی هاندانی حکوومەتی عوسمانی و ئەنقەرەی کەمالی و جەمعییەتەکانی مودافەعەی حقووق و ئەفسەرەکانی سوپا و بیرۆکراتەکانەوە، هەروەها بەهۆی ئەو تەلگرافانەوە کە لە کوردستان و ناو پارێزگا تورکنشینەکانەوە دەهاتن، کەوتبوونە جۆش و خرۆش و بە گەرمی باسی ئەوەیان دەکرد کە کورد و تورك یەکن و هەردوکیان خاوەنی یەك نیشتمانن. بەو جۆرە دژایەتیی خۆیان بۆ دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ ڕاگەیاندبوو[٣٩٩].

دواین پەرلەمانی عوسمانی کە زۆربەی ئەندامەکانی کەمالی بوون، هەتا ئاداری ١٩٢٠ لە ئەستەنبووڵ کاری کردووە، لەگەڵ یەکەم خولی پەرلەمانی تورکیادا کە نیسانی هەمان ساڵ لە ئەنقەرە دەستبەکار بووە، بیر و بۆچوونیان سەبارەت بە کوردستان و سیاسەتەکانیان بەرامبەر بە کوردستان و بەتایبەتی هەڵوێستەکانیان سەبارەت بە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان

---

[٣٩٨] سۆیلەڤ، بەرگی ١، ل٧٢؛ قەرە بەکیر، ل١٣٧؛ بایکاڵ، ل٤٧.

[٣٩٩] تونایا، بەرگی دووەم، ل١٩٤– ١٩٧.

وەك یەك بوون. هەڵوێستی پەرلەمانی كەمالیەكان لە ئەنقەرە لەدژی ڕێكخستن و جووڵانەوە كوردیەكان، وەك هەڵوێستی پەرلەمانی عوسمانی و بەرپرسانی ئەو دەوڵەتە بووە[٤٠٠].

بنكەی ژین
www.zheen.org

---

[٤٠٠] ئارسلان، ل٧٩– ٨٣.

## بەشی شەشەم:

## دا"ة45وون و ك&تاييي جةمعييةتي تةعاليي كوردستان

### ١- دابەشبوون:

پێگەی سەیید عەبدولقادر لە مەجلیسی پیراندا چەندە لە دەرەوە بووەتە هۆی کاردانەوە و مشتومڕێکی زۆر، هەڵوێستەکان و بیر و بۆچوونەکانی ناوبراویش لەناو جەمعییەتی تەعالیی کوردستان‌دا بە هەمان ئەندازە لەلایەن ڕۆشنبیرانی کوردەوە ڕەخنەیان لێ گیراوە و بوونەتە جێی باس و گفتوگۆ. سەیید عەبدولقادر کە نەیدەتوانی بەرامبەر بە ڕۆژنامەکانی ئەستەنبووڵ و مەجلیسی مەبعووسان بەرگری لە بیر و بۆچوونەکانی خۆی و هەڵوێستە سیاسیەکانی بکات، هەروەها بۆ ئەوەی لە ئەندازەی ئەو ڕەخنانە کەم بکاتەوە کە لەو بارەیەوە لێی دەگیران، ڕوونکردنەوەیەکی بۆ ڕاگەیاندنەکان دا و ڕایگەیاند کوردەکان سەربەخۆیی‌یان ناوێت. ئەم قسانەش بوونە هۆی گفتوگۆ و مشتومڕێکی زۆر لەناو جەمعییەتدا، هەروەها بوونە سەرەتای دابەشبوونی ئەو ڕێکخراوە[٤٠١]. ژمارەیەك لەو ڕۆشنبیرە ناودارە کوردانەی کە لایەنگری سەربەخۆییی کوردستان بوون بەرامبەر بە بیرۆکەی ئۆتۆنۆمیخوازیی سەیید عەبدولقادر و لێدوانەکەی بۆ ڕۆژنامەکان، لە دەوری یەك کۆبوونەوە و بڕیاری سەربەخۆییی کوردستانیان دا. ئەوان لە کۆبوونەوەکەیاندا بڕیاری ئەوەشیان داوە تێبکۆشن هەتا یەك کەسی بیانی لە کوردستان نەهێڵن، کارێك بکەن جەمعییەتەکە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە تێبکۆشێت. سەرۆکی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دەیگوت لەم بارودۆخە نالەبارەدا لە کوردەکان

[٤٠١] ئیقدام، ٢٧ی شوباتی ١٩٢٠.

ناوەشێتەوە زیان بە تورکەکان بگەیەنن. دەیگوت، پێویستە لەم کاتەدا یارمەتیی تورکەکان بدەین. ناوبراو ئەوەشی دەگوت کە تورکەکان لە بنەڕەتدا بە سەربەخۆییی کورد ڕازین، بەڵام ئەگەر لەمە پەشێمان ببنەوە، ئەوا کورد دەتوانێت بەزۆر و بە بازووی خۆی سەربەخۆیی وەربگرێت. ئەم بیر و بۆچوونانە بووبوونە مایەی نارەزاییی لایەنگرانی سەربەخۆیی لەنێو جەمعییەتدا کە ژمارەیان زۆر بوو[٤٠٢].

لێدوانەکەی سەیید عەبدولقادر بۆ ڕۆژنامە تورکیەکان، بووە هۆی ئەوەی کە ململانێ و ناکۆکیەکانی ناو جەمعییەت ئاشکرا بن و زەقتر ببنەوە. ئەم قۆناغەش هاوکات بووە لەگەڵ ڕۆژانی قۆناغی قۆچگیریدا. بەپێچەوانەی لافوگەزافی مستەفا کەمال، جەمعییەت بەرامبەر بە ڕاپەڕینەکە بێدەنگ ماوەتەوە، یا لانی کەم سەرەتای ڕووداوەکە هیچ ڕۆڵێکی نەبوە. دەتوانرێت هۆی ئەو بێدەنگیەش بۆ ناکۆکیی سیاسی و هەڵوێستە سیاسیەکانی ناوخۆی جەمعییەتەکە بگەڕێندرێتەوە. دکتۆر نووری دێرسیمی بەم جۆرە باسی ئەو لێدوانەی سەیید عەبدولقادر دەکات کە بووەتە هۆی ئەوەی وا ململانێ و مشتومڕەکانی ناو جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە کۆتاییەکانی ١٩١٩ بەدواوە و تا ناوەڕاستی ١٩٢٠ زیاد بکات و بە دابەشبوون کۆتایی پێ بهێنرێت: ((... لە کۆبوونەوەیەکدا، لاوان بڕیاریان دا سەربەخۆییی کوردستان ڕابگەیەنن و داوایان کرد تەنانەت یەك کەسی بیانیش لە کوردستان نەهێڵنەوە. سەیید عەبدولقادری سەرۆکی مەجلیس، دژایەتیی ئەو داواکارییە دەکات و دەڵێت لە کوردەکان ناوەشێتەوە ئەم ڕۆژە نالەبارانە زیان بە تورکەکان بگەیەنن و پێداگری لەوە دەکات یارمەتیی تورکەکان بدرێت.

---

[٤٠٢] ئالاداخ، ل٨٨.

سەرۆك سەیید عەبدولقادر بۆ هەڵخەڵەتانی لاوەکان دەڵێت: تورکەکان لە بنەڕەتدا دەیانەوێت کوردستانێك دابمەزرێنن و ڕازی بوون بەڕێوەبەرایەتییەکی ئۆتۆنۆمی کوردیی سەر بە پادشای عوسمانی دابمەزرێت. هەروەها ئەوەشی دەگوت: ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان تورکەکان لەم بەڵێنەی خۆیان پەشێمان ببنەوە، ئەوا نەتەوەی کورد دەتوانێ بە زۆری بازووی خۆی ئەوە جێبەجێ بکات و بەو جۆرەش دەیەوێت هەستی شانازی و بەخۆنازینی نەتەوەیی کورد بجووڵێنێت. دوای ئەو قسانە، گەنجەکان داوایان دەکرد بچنە کوردستان و لە چوارچێوەی پرۆگرامی جەمعییەتدا دەست بە کاروباری ڕێکخستن بکەن و ڕێ لە دامەزراندنی ئەرمەنستان بگرن، کە بڕیار درابوو لە چوارچێوەی بنەماکانی ویلسندا بەشێکی زۆر لە ویلایەتە کوردیەکان تا ڕووباری سوور بگرێتەوە. هەروەها داوای ئەوەشیان دەکرد بەپێی پەیماننامەی سیڤەر بەرگری لە سەربەخۆیی کوردستان بکرێت. ئەوی لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە سەیید عەبدولقادر لە مەسەلەی کورد و ئەرمەنەکاندا بە هیچ شێوەیەك لایەنگری ئەوە نەبوە فیدراسیۆنێکی کوردستان و ئەرمەنستان لە سنوورێکی هاوبەشدا دابمەزرێت. ناوبراو باوەڕی بە سەربەخۆیی کوردستان نەبوە، بەڵکوو ویستوویە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی کوردی وەك ویلایەتێکی تورکی دابمەزرێت... لاوەکان بەشێك لە خوێندنەوە و تێبینیەکانی سەیید عەبدولقادریان قبووڵ دەکرد و بەشێکی زۆریشیان ڕەت دەکردەوە، ئەمەش بووبووە هۆی ئەوەی کە دوو بۆچوونی جیاواز لە کۆبوونەوەکەدا دەربکەون))[٤٠٣]. بەگوێرەی ئەو شتانەی کە نووری دێرسیمی و ژمارەیەکی دیکە لە بیرەوەرینووسەکانی کورد باسیان کردووە،

---

[٤٠٣] دێرسیمی، مێژووی دەرسیم...، ل١٢٠.

دەتوانرێت بگوترێت دوو بۆچوونی جیاواز لەنێو جەمعییەتی تەعالیی کوردستان‌دا هەبوە. یەکێك لەمانە زۆرتر سەیید عەبدولقادر نوێنەرایەتی دەکرد، لایەنگری دروستکردنی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی کوردی بووە کە وابەستەی دەسەڵاتی عوسمانی بێت و ئەوی دیکەشیان بیرۆکەی سەربەخۆییخوازەکان بوو کە لە بنەڕەتدا لەلایەن بەدرخانیەکان و جەمیل پاشا زادەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرا. بەڵام ناتوانرێت بگوترێت هیچ یەکێك لەو دوولایەنە پرۆگرامێکی نەتەوەیی‌یان هەبوە و بنەماکانی ئەو بەرنامانەیان دیاری کردووە. دیارنەبوونی پرۆگرامێکی نەتەوەیی کوردی، بە شێوازێکی بیرکردنەوەی دیاریکراوی کوردییەوە، کاریگەریی لەسەر ڕووداو و پێشهاتەکانی ئەو قۆناغە هەبوە.

بیرۆکەی ئۆتۆنۆمیخوازیی سەیید عەبدولقادر کە لە هەلومەرجی شێوازی بیرکردنەوە و کەسایەتیی خۆیەوە سەرچاوەی دەگرت، بووە هۆی ئەوەی نائارامی و ناسەقامگیرییەك لەناو جەمعییەتی تەعالیی کوردستان‌دا پەیدا بێ. ئەمەش بووە سەرەتای قۆناغی دابەشبوونی جەمعییەتەکە. بیرۆکەی سەیید عەبدولقادر بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی ئۆتۆنۆم لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا، بووەتە هۆی ئەوەی کە ململانێکانی ناو جەمعییەت قووڵتر ببنەوە و هەلومەرجی دابەشبوونی ئەو ڕێکخراوە پێ‌بگەیەنێت. بە گوێرەی دێرسیمی، سەیید عەبدولقادر بەتەواوی دژی سەربەخۆیی بووە و پشتگیریی دامەزراندنی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی کوردیی کردووە، وەك ویلایەتی تورکەکان بێت[٤٠٤]. ناجی قوتلای ئەو دوو ڕەوتەی ناو جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بە ڕەوتی ڕادیکاڵ و میانڕەوەکان وەسف دەکات و باسی ئەوە دەکات کە

---

[٤٠٤] دێرسیمی، بیرەوەریەکانم، ل٩٩-١٠٠.

سەیید عەبدولقادر سەرکردایەتیی میانڕەوەکان و بەدرخانیەکانیش پێشەنگایەتیی لایەنە توندڕەو و ڕادیکاڵەکانی کردووە[٤٠٥]. بەگوێرەی ئەو شتانەی کە نوری دێرسیمی باسی کردوون، کەسە ناودارەکانی لایەنگری بیرۆکەی سەربەخۆیی، لە ئەنجامی باس و گفتوگۆکانی ناو خۆیاندا، بڕیاریان داوە لە کوردستان دەرباز بن، بەڵام سەیید عەبدولقادر و کەسانی وەك ئەویش بڕیاریان داوە لە ئەستەنبووڵ بمێننەوە. دەتوانرێت هەندێك خاڵ دیاری بکرێت کە نووری دێرسیمی لە کتێبی (مێژووی دێرسیم و بیرەوەریەکانی)دا بە ناڕوونی هێشتوونیەتەوە: ((بۆ ئەوەی بتوانم پەیوەندیی نێوان خێڵە کوردیەکان و عەلەویەکانی قۆچگیری و سیواس، هەروەها خێڵەکانی دێرسیم دروست بکەم، بڕیار درا بۆ کاروباری ڕێکخستن بچمە سیواس. بۆ ئەوەی چوونەکەشم بۆ هەرێمی سیواس لایەنێکی ڕەسمیشی هەبێت، سەرۆك عەبدولقادری سەرۆکی جەمعییەتەکە داوای لە وەزارەتی کشتوکاڵ کرد من بکەن بە بەیتەریی ناوچەکانی (کانگا و دیفریغی و زارا). وەزارەت یەکسەر ڕازی بوو و فەرمانی دەستبەکاربوونەکەمی دەرکرد. لەو کاتانەدا، مستەفا پاشازادە حەیدەر بەگ کە یەکێکی سەرخێڵەکانی قۆچگیری بوو لە ئەستەنبووڵ، هەر بۆ ئەو کاروبارە ڕاسپێردرا. لەگەڵ حەیدەر بەگدا مانگی حوزەیرانی ١٩١٩ لە بارەگای جەمعییەتی تەعالیی کورد لە ئەستەنبووڵ جیا بووینەوە و بەڕێ کەوتین))[٤٠٦]. نووری دێرسیمی لە کتێبی (مێژووی دێرسیم)دا سەیید عەبدولقادر وەك سیخوڕی تورکەکان ناوزەند دەکات، بەڵام لە بیرەوەریەکانی خۆیدا ئەو دەستەواژەیە بەکار ناهێنێت. جگە لەوە، بەگوێرەی کتێبی مێژووی دێرسیم، هەرچەندە سەیید عەبدولقادر لایەنگری

---

[٤٠٥] قوتلای، ل٣٢.

[٤٠٦] دێرسیمی، ل١٠٠.

سەربەخۆیی کوردستان نەبوە، بەڵام دەست و پەیوەندیەکانی خۆی لە ئاستێکی بەرزدا بەکار هێناوە، تا یارمەتیی ئەو کەسانە بدات کە دەیانەوێت بڕۆنەوە بۆ کوردستان و لایەنگری سەربەخۆیی بوون، کە ناجی قوتلای بە ڕادیکاڵەکان ناویان دەبات و یەکێك لەوانەش دکتۆر نووری دێرسیمی بووە. ئەم هەڵوێستانەش بوونەتە هۆی ئەوەی کە بە گومانەوە سەیری ئەو تۆمەتە بکرێت کە گوایە سەیید عەبدولقادر سیخوڕیی بۆ تورکەکان کردووە. لە بەشێکی قسە و باسەکانی "نووری دێرسیمی"دا کە خۆی کەسێکی سەربەخۆییخواز بووە، سەرەداوی ئەوەمان دەست دەکەوێت کە ئەو جۆرە تۆمەتانەی وا بۆ سەیید عەبدولقادر هەڵبەستراون، ڕاست نین: ((کۆبوونەوەیەك بە بەشداری "عەمید خەلیلی دێرسیمی" بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەستەنبووڵ کە ئەندامی مەجلیس بووە، هەروەها بەشداریی سەیید عەبدولقادر ساز کرا و بڕیاری تێدا درا کە ژمارەیەك لە گەنجەکان بۆ کاروباری ڕێکخستن سەر لە ناوچەکانی ویلایەتە شەرقیەکان بدەن. لەو کاتانەدا نەقیبێکی دێرسیمی کە ئێستا ناوەکەی ئاشکرا ناکەم، دیاری کرا تا پەیوەندی لەنێوان دێرسیم و سیواس و قۆچگیریدا دروست بکات و لەبەر ئەوەش کرا بە قایمقامی (ئەغین)، منیش بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان خێڵەکانی سیواسدا کرام بە بەیتەریی ئەو ناوچەیە. بەڵام وەزارەتی جەنگ، مامەڵەی دەستبەکاربوونەکەی نەقیب... ی ڕەت کردەوە))[٤٠٧].

وادەردەکەوێت ناکۆکی و ململانێکانی ناو جەمعییەتی تەعالیی کوردستان زۆرتر لە مانگەکانی کۆتاییی ١٩١٩ و ساڵی ١٩٢٠دا قووڵتر بوویێتنەوە. لەو قۆناغەدا، ڕاوەستانی چاپ و پەخشی "ژین"، ئەم گومانە بەهێزتر دەکات.

---

[٤٠٧] دێرسیمی، مێژووی دەرسیم...، ل١٢١.

بنکەی ژین www.zheen.org

دواین ژمارەی "ژین" لە ٢ی ١٠ی ١٩١٩ دەرکرا[٤٠٨]. دوای ئەو ژمارەیەش، گۆڤارەکە داخراوە. محەمەدئەمین بۆزئارسلان دەڵێت لەوانەیە ڕاگیرانی چاپ و پەخشی "ژین"، لەبەر دووبەرەکی و ململانێی نێوان کادیرانی ژین و جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بووبێت. بەگوێرەی ڕوونکردنەوەکانی ناو دواین ژمارەی گۆڤارەکە، کادیرەکانی ژین لایەنگری درێژەپێدانی چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکە بوون. ئەمەشیان لە ڕاگەیەنراوێك لە ژمارەی ٢٣ی گۆڤارەکەدا بڵاو کردووەتەوە. لەو ڕاگەیەندراوەدا، باسی کراوە کە لەمەودوا گۆڤارەکە ناوەڕۆکێکی سیاسیی دەبێت. بەڵام لەبەر ئەوەی مامەڵە و کاروبارە ڕەسمیەکانی تەواو نەبوون و بۆ ئەوەی خوێنەران لە چاوەڕوانیدا نەهێڵنەوە، بڕیاریان داوە ئەو ژمارەیە بە هەمان ناوەڕۆکی پێشوو بڵاو بکەنەوە[٤٠٩]. ژمارەی ٢٢ی ئەو گۆڤارە، لە ١٩١٩/٧/٢دا و ژمارەی ٢٣ی لە ١٩١٨/٨/٢٨دا بڵاو کراوەتەوە. ((ئەو ئاگادارییەش نیشانەی ئەوە بووە کە بەڕێوەبەرەکان نیازیان بووە درێژە بە چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکە بدەن))[٤١٠]. محەمەدئەمین بۆزئارسلان، سەری لەوە سوڕ دەمێنێ کە دوای ئەو ئاگادارییە، دوو ژمارەی گۆڤارەکە، هەر بە هەمان ناوەڕۆکی جارانەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

ڕاوەستانی کتوپڕی چاپ و پەخشی ئەو گۆڤارە کە کاری زۆری لەسەر دەکرا و کادیرێکی فراوانی هەبوو، لەوانەیە پەیوەندیی بە کاریگەریەکانی دابەشبوونی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە لەسەر گۆڤارەکە هەبێت. ڕێیشی تێدەچێ ئەوەیە گۆڤارەکە لەلایەن حکوومەتەوە داخرابێت، بەڵام بەداخەوە هیچ بەڵگە و زانیارییەکمان لەو بارەیەوە نییە. محەمەدئەمین

[٤٠٨] بۆزئارسلان، ل٨.

[٤٠٩] ژین، ژمارە ٢٣، ٢٨ی ئابی ١٣٣٥، ل١.

[٤١٠] بۆزئارسلان، ل٩.

بۆزئارسلانیش کە گۆڤاری "ژین"ی دووبارە چاپ کردووەتەوە و پێشەکیی بۆ نووسیوە، هەمان بیر و بۆچوونی هەیە. گۆڤارەکە بەهۆی دابەشبوون و دووکەرتبوونی ناو جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە داخراوە*.

دەکرێت لە سەرچاوەیەکی دیکەوە، لێکۆڵینەوە لەسەر دابەشبوونی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بکرێت. لە ڕێی هەواڵی ڕۆژنامەکانی ئەو قۆناغەوە، ئەوە دەزانین کە ئەو دابەشبوونە ساڵی ١٩٢٠ ڕووی داوە. لەوانەیە بڵاوبوونەوەی هەواڵی دامەزراندنی فیرقەی میللەتی کورد (کورد ملت فرقەسی) لە ڕۆژنامە تورکیەکاندا پەیوەندیی بە ناسەقامگیری و تێکچوونی بارودۆخی ناوخۆی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە هەبێت. ئاڵۆزی و کێشەکانی ناو جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە مانگی دیسامبری ١٩١٩دا، بوونەتە سەرەتای قۆناغی دامەزراندنی فیرقەی میللەتی کورد[٤١١]. کەسانی وەك (نەجمەدین حسێن، مەمدووح سەلیم، کەمال فەوزی و بابانزادە عەزیز بەگ) لە ڕیزی دامەزرێنەکانی فیرقەی میللەتی کورددا بوون و دەزانرێت ئەو

* ئەو گۆڤارە لەو (٢٥) ژمارەیە زیاتری لێ دەر چووە کە محەمەدئەمین بۆزئارسلان لە پێنج بەرگدا بڵاوی کردوونەتەوە. ژمارە (٣٤)یشی، بەپێی ژمارە (١٩)ی ڕۆژی ٢٩ی مارتی ١٣٣٦ (١٩٢١)ی گۆڤاری "کوردستان"ی ئەستەمووڵ هەبوە. [بنکەی ژین]

[٤١١] فیرقەی میللەتی کورد لە ڕێی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشەوە داوای مۆڵەتی لە سەدری ئەعزەم کردووە، ئەوانیش داواکاریەکەیان ڕەوانەی شورای دەوڵەت کردووە. عەلەمدار ٥ی ١٢ی ١٩١٩.

عەلەمدار لە خەبەرەکەی خۆیدا لە ١٩ی تەموزی ١٩١٩، باسی فیرقەی میللەتی کوردی کردووە: لە هەواڵەکەدا باسی ئەوەی کردووە کە ئەو پارتە لەلایەن لاوە خوێندکارەکانی کوردەوە کە سەر بە بنەماڵە نەجیبەکانی کوردن، دامەزراوە و بەشێك لە پەیڕەو و پرۆگرامەکەشی تێدا باس کردووە و ئەوەشی وتووە کە بەشێکی زۆری کوردەکان لایەنگری لەو پارتە دەکەن. بڕوانە: عەلەمدار، ١٩ی تەمووزی ١٩١٩.

ڕۆشنبیرانەی کورد پێشتر پێگەیەکی گرنگیان لەناو جەمعییەتی تەعالیی کوردستان‌دا هەبوە. لەو قۆناغەدا، هەواڵی ڕۆژنامەکان ئەو ڕێ‌تێچوونە بەهێزتر دەکەن کە ئەو ڕۆشنبیرە کوردانە لە کۆتاییی ١٩١٩دا وازیان لە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان هێنابێت و دەستیان بە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی کوردیی دیکە کردبێت. لە ڕێی ئەو ڕووداوانەوە، دەتوانین بڵێین ململانێ و ناکۆکیەکانی نێو جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لەو قۆناغەدا گەیشتووەتە ئاستێکی بەرز. "زنار سلۆپی"ش باسی دامەزراندنی فیرقەی میللەتی کورد دەکات. ناوبراو پێی وایە ئەو حیزبە بە گەرموگوڕی کاری بۆ بەدیهێنانی سەروەریی نەتەوەیی کردووە. سلۆپی لە بیرەوەریەکانی خۆیدا، باسی ئەوە دەکات کە فیرقەی میللەتی کورد دواتر بەشداری لە کار و چالاکیەکانی جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتیماعییەدا دەکات. بەگوێرەی هەندێك لە هەواڵی ڕۆژنامەکان، لەوانەیە لایەنگرانی بیرۆکەی سەربەخۆییی کوردستان کە دژی بیر و بۆچوونەکانی سەیید عەبدولقادر بوون، بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی ئۆتۆنۆم لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا، لە ناوەڕاستی ١٩٢٠دا (لەوانەیە مانگی تەمووز بێ)، وازیان لەو ڕێکخراوە هێنابێت و ڕێکخراوێکیان بە ناوی (تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کورد)ەوە دامەزراندبێت. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لەو قۆناغە بەدواوە، هەرچی دەچێت لاوازتر دەبێت و لەناو کوردەکاندا بێ‌هێزتر دەبێت. بەرامبەر بەو گوشارانەی کە حکوومەتەکان دەیانخستنە سەری، وای لێ هاتبوو ئیتر نەیدەتوانی بەرگری لە خۆی بکات. لەو قۆناغەدا جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییە، وەك پێکهاتە و ڕێکخراوێکی پڕ جموجووڵی کوردی دەکەوێتە مەیدان.

کۆتاییەکانی سەدەی ١٩، بەشێکی زۆر لە ئەریستۆکرات و وردە بورژوازیەکانی کورد –بەهۆی جۆراوجۆرەوە– لە ئەستەنبووڵ و شوێنە

جۆراوجۆرەکانی ئەوروپا دەژیان. بەشیکی زۆر لە وردە بۆرژواکان، لەنێو بیرۆکراسیەتی دەوڵەتی عوسمانیدا کاریان دەکرد و بە کاروباری بازرگانییەوە خەریك بوون. لەنێو ڕۆشنبیرانی کورددا، سەیید عەبدولقادر و ئەمین عالی بەدرخان و جەمیل پاشازادەکان، زۆرتر لە هەموان ناوبانگیان پەیدا کردبوو. ئەو ڕۆشنیبرانەی کورد جۆرێك ناکۆکی و ململانێیان سەبارەت بە پەیوەندیە خێڵەکیەکانی خۆیان و شێوازی ژیانیان لەنێواندا هەبوو. مشتومڕ و گفتوگۆیەکی زۆر لەبارەی بیر و بۆچوونە سیاسیەکانی سەیید عەبدولقادر و هەڵوێست و کەسایەتیەکەیەوە، دەکرا. ململانێی (یەکێتیی بۆتان) کە بەدرخانەکان سەرکردایەتییان دەکرد، لەگەڵ خێڵەکەی سەیید عەبدولقادردا، لەسەر ناوبانگ، ناکۆکییەکی لەمێژینە بوو. ڕۆشنبیرانی کورد لە ناوەڕۆکدا خاوەنی ئایدۆلۆژیا و بەرنامەیەکی سیاسی و هەڵوێستێکی بەسیستمکراو سەبارەت بە کوردستان نەبوون. ئەو بیرۆکانەی کە عوسمانیەکان و سیاسەتمەدارانی کورد سەبارەت بە کوردستان هەیانبوو، لە ناوەڕۆکدا جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ یەکدا نەبوو. جیاوازیی سەرەکیی ئەو دوولایەنە لەسەر مەسەلەی ئۆتۆنۆمی یا سەربەخۆیی کوردستان بوو. هەردوو بیر و بۆچوونەکەش، ناوەڕۆکێکی بەسیستمکراویان نەبوو. پابەندییەکی نهێنی لەنێو شێوازی بیرکردنەوەی ڕۆشنبیرانی هەردوو گرووپەکەدا بە دەزگای خەلافەتەوە بەدی دەکرا. دەتوانرێت بگوترێت: پابەندبوون بە بەها ئیسلامیەکان و پادشا و خەلیفە و دەسەڵاتی سیاسییەوە کە نوێنەرایەتیی ئەوی دەکرد، خاڵی هاوبەشی نێوان ڕۆشنبیرانی کوردیش بووە. لەکاتێکدا ڕۆشنبیرانی کورد لەو قۆناغەدا لە شێوازی بیرکردنەوەی باوی خۆیاندا پابەندبوونێکیان دەرهەق بە خەلیفە و پادشا و حکوومەتەکانی عوسمانی هەبوە و هیچ جۆرە بیرۆکەیەکیان سەبارەت بە سەربەخۆیی یان ئۆتۆنۆمیی

کوردستان لە مێشکدا نەبوە. بەڕێوەبەرایەتیی عوسمانیش هیچ کاتێك بیری لەوە نەکردووەتەوە میکانیزمێکی دیاریکراوی وەك (سەربەخۆیی) یا (ئۆتۆنۆمی) بداتە کوردستان. هەرچەندە جاربەجار بەهۆی نیگەرانیی سیاسی و چاوەڕوانیی ڕووخانی ئیمپراتۆریاوە لە قۆناغی ئاگربەستدا باسی دروستکردنی یەکەیەکی ئیداریی ئۆتۆنۆمی کوردیی عوسمانی کراوە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا ئەمە لە چوارچێوەی یەکپارچەییی خاکی عوسمانیدا بیری لێ کراوەتەوە و بەشێوەیەك بووە کە ئەو میکانیزمە ئیدارییە سەر بە دەسەڵاتی عوسمانی بێت. سەیید عەبدولقادر و ڕۆشنبیرانی کوردی دەوروبەری، توانای ئەوەیان نەبوو ڕەفتاری سیاسی و شێوازی بیرکردنەوەی عوسمانیەکان، شی بکەنەوە و هەڵبسەنگێنن. ئەوان لە پێگەی سەربازی و بیرۆکراتیی خۆیانەوە، فێری چەمك و بیر و بۆچوونی عوسمانیەکان بووبوون و ئەمەش بووبووە هۆی ئەوەی نەتوانن شێوازی بیرکردنەوەی کوردی لە مێشکی خۆیاندا گەشە پێبدەن. هەرچەندە ڕۆشنبیرانی کورد لەو قۆناغەدا باسی ئەوەیان کردووە کە پێویستە بەرژەوەندەکان و شێوازی ژیانی کۆمەڵگای کوردی بگۆڕدرێن، بەڵام ئەمە لەئاستێکدا نەبوە بکرێتە پرۆگرامێکی نەتەوەییی کوردی و چارەسەرێك بە شێوەیەکی بەسیستمکراو بۆ هەموو کێشەکانی کۆمەڵگا بدۆزرێتەوە و ببێتە شێوازێکی بیرکردنەوەی دیاریکراو. لەبەر ئەوەی سەیید عەبدولقادر توانای ئەوەی نەبوە ڕووداوە سیاسیەکان بەشێوەیەکی بابەتیانە هەڵبسەنگێنێت، بە ئاسانی کەوتووەتە بەر کاریگەریی بیرۆکەی عوسمانی و ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەش بووبووە پێناسەیەکی سیاسی بۆ ناوبراو، کە سەرچاوەی لە میکانیزمی بیرۆکراتی و پەیوەندیی خێڵەکی و کۆمەڵایەتییەوە گرتووە. جێپەنجەی ئەو کارەکتەرە کۆمەڵایەتیەش بەسەر ململانێکانی ناو جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە دیار بوو. بەرامبەر بەوەیش، ئەو

کەسانەش کە لایەنگری سەربەخۆیی کوردستان بوون، خاوەنی پرۆگرامێکی سیاسیی کوردی نەبوون. سەرکردەکانی کورد، تەنانەت لە کۆتاییەکانی ١٩١٨شدا کە ئیمپراتۆریای عوسمانی بەرەو ڕووخان دەچوو، لەسەر مەسەلەی کوردستان وەك یەك بیریان نەدەکردەوە. ئەو ململانێ و ناکۆکیانەی ناو جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لە ڕاپۆرتی ئینگلیزەکانیشدا باس کراون. کۆمیسێری باڵای ئینگلیز لە ئەستەنبووڵ لە ڕاپۆرتێکدا کە ١٧ی نیسانی ١٩٢٠ بۆ وەزارەتی دەرەوەی ناردووە، باسی ئەو ناکۆکیانەی کردووە. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، سەیید عەبدولقادر سەرەڕای ئەوەی کە دەیەوێت کوردستان لە تورکیا جیا ببێتەوە، لەبەر پابەندیی خەلیفە، نایەوێت بەتەواوی ویستی جیابوونەوەی خۆی ڕابگەیەنێت، بۆیە بەدرخانیەکان و سەرکردەکانی دیکەی کورد لەدژی دەوەستنەوە.

پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و شێوازی ژیانی خێڵەکیی کورد کاریگەرییان لەسەر ئەو ناکۆکیانە هەبوە کە لەنێو جەمعییەتی تەعالیی کوردستان‌دا دەرکەوتوون. قۆناغی سیڤەر لە پاریس، بووەتە هۆی دەستپێکردنی هەندێك ڕووداو کە ئەو جۆرە ناکۆکیانە بە ڕوونی دەربخەن. ناردنی وەفدێك بە سەرۆکایەتیی "عارف پاشا" بۆ یارمەتیدانی شەریف پاشا لە پاریس، لەلایەن جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە، بووەتە هۆیەك بۆ دەرکەوتنی ناکۆکیەکان لە مانگی ئاداری١٩٢٠دا[٤١٢]. بەگوێرەی ڕۆشنبیران و هەندێك لە نووسەرانی کورد، لەو قۆناغەدا، کەسە ناودارەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ڕێك نەدەکەوتن. هەڵوێستی شەریف پاشا لە پاریس و ڕەفتار و شێوازی بیرکردنەوەکانی سەیید عەبدولقادریش، بوونەتە هۆی گەشەکردنی زیاتری

[٤١٢] ژین، ژمارە ٨، ل٧.

ئەو ناكۆكيانە. لەو ڕۆژانەدا، زۆرينەيەك كە زۆرتر لايەنگری بیرۆکەی سەربەخۆيی بوون، لەدژی جەمعييەت هەڵوێستيان نواند[٤١٣] و لەو ڕێكخراوە دابڕان و دەستيان بە دامەزراندنی ڕێكخراوێك بەناوی (جەمعييەتی تەشكيلاتی ئيجتماعييە)وە كرد [٤١٤].

## ٢- دامەزراندنی جەمعييەتی تەشكيلاتی ئيجتماعييە:

ڕۆشنبيران و سياسەتمەدارانی كورد لە جەمعييەتی تەعاليی كوردستان سەرەتا كانی ١٩٢٠ لە قۆناغی مۆركردنی پەيماننامەی سيڤەر و ڕاپەڕينی قۆچگيریدا، كەوتبوونە ناو مشتومڕ و ململانێيەكی قووڵەوە. هەڵوێستی شەريف پاشا لە پاريس و قۆناغی مۆركردنی پەيماننامەی سيڤەر و ڕێككەوتننامەی كورد و ئەرمەن، هەروەها وتەكانی سەييد عەبدولقادر لە ڕاگەياندنی توركدا سەبارەت بەوەی كە كوردەكان سەربەخۆيیيان ناوێت، وێڕای پێشنياری ناردنی بەشێك لە ئەندامانی جەمعييەتی تەعاليی كوردستان بۆ كوردستان و داواكاريەكان لەو بارەيەوە، لە ڕيزی ئەو بابەتانەدا بوون كە ئەو كاتە گفتوگۆ و مشتومڕيان لەسەر دەكرا. ئەمانەش بووبوونە هۆی ئەوەی كە بارودۆخی ناوخۆی جەمعييەتەكە ئاڵۆز بێت.

سياسەتی گوشاری حكوومەتی عوسمانی لە كۆتاييی ١٩١٩ و سەرەتای ١٩٢٠دا لەدژی ئەندامانی جەمعەيتی تەعاليی كوردستان و داخستنی يەك بەيەكی لقەكانی ئەو ڕێكخراوە، هەروەها دەستگيركردن و خستنە بەر چاودێريی ژمارەيەك لە ئەندامەكانی و ناكۆكی و ململانێ ناوخۆييەكانی

---

[٤١٣] تونايا، بەرگی دووەم، ل١٩٧.

[٤١٤] ئيقدام، ٩ی تەمووزی ١٩١٩، ٢ و ٣ی مارتی ١٩٢٠.

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئاماژە بوون بۆ کۆتاییهاتنی ژیانی سیاسیی ئەو ڕێکخراوە. یەکەم دابڕانێك کە ئەو قۆناغە لە جەمعییەتەکەدا ڕووی دا، دامەزرانی ڕێکخراوێکی چالاکی دیکەی کوردی بوو بەناوی جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەوە. ئەو ڕۆشنبیرە کوردانەی کە بە لایەنی ڕادیکاڵ دەناسران و بەرگرییان لە سەربەخۆییی کوردستان دەکرد، لەنێو جەمعییەتی تەعالیی کوردستان‌دا، جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەیان دامەزراند. ژمارەیەك لە خێڵە کوردەکان کە کەوتبوونە بەر کاریگەریی بیرۆکەی سەربەخۆیی و ژمارەیەك لەو کەسانەش کە خوێندبوویان، لە ڕیزی کادیرە سیاسیەکانی ئەم ڕێکخراوە کوردیەدا جێی خۆیان گرتبوو. جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییە، وەك ڕێکخراوێکی چالاك و نوێ، هەروەها وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر بە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لە ژیانی سیاسیی کورددا ڕێك خرا. مەنتیقی سیاسیی ئەم ڕێکخراوە، زۆرتر باسی سەربەخۆییی کوردستانی دەکرد. کەسانی وەك (کەمال فەوزی، ئەکرەم جەمیل پاشا، دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت، ئەمین عالی بەدرخان، فەرید بەگ، مەمدووح سەلیم، نەجمەدین حسێن)، پێشەنگایەتیی دامەزراندنی جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەیان کردووە. بەگوێرەی ئەو شتانەی کە بیرەوەرینووسەکانی کورد باسیان کردووە، ئەمین عالی بەدرخان بەگ، سەرۆکایەتیی سەربەخۆییخوازەکانی کردووە. ناوی جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییە لە مانگەکانی کۆتاییی ساڵی١٩٢٠و سەرەتای ١٢٩٢١دا لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کراوەتەوە. بەگوێرەی زنار سلۆپی، دامەزرێنەکانی جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییە لەم کەسانە پێك هاتبوون:

ئەمین عالی بەدرخان (بۆتان).

فەرید بەگ بەدرخان (سلێمانی).

بنکەی ژین
www.zheen.org

شوكرى بەگ (بابان، سلێمانى).

فواد بەگ (بابان، سلێمانى).

حيكمەت بەگ (بابان، سلێمانى)

دكتۆر عەبدوڵڵا جەودەت (عەرەبگیر).

دكتۆر شوكرى محەمەد بەگ (سەگبان، باقرمادەن).

كەمال فەوزى (بتليس).

ئەكرەم جەميل پاشا (ئامەد).

نەجمەدين حسێن (كەركووك).

مەولانزادە ڕەفعەت بەگ.

مەمدووح سەليم بەگ (وان) [٤١٥].

زنار سلۆپى باسى ئەوە ناكات ئەندامانى دەستەى بەڕێوەبەرايەتيى تەشكيلاتى ئيجتماعييە لە چ ڕۆژێكدا دەستنيشان كراون، هەروەها ئەوەش ڕوون ناكاتەوە كە ئايا ئەوانە لەڕێى هەڵبژاردنەوە دەستنيشان كراون يا ڕێككەوتن؟ بەهەمان شێوە، نوورى دێرسيميش مێژوويەكى دياريكراو لەو بارەيەوە بەدەستەوە نادات. نوورى دێرسيمى بەپێچەوانەى زنار سلۆپىيەوە، لە بيرەوەريەكانى خۆيدا، زانياريەكانى سەبارەت بە دامەزراندنى تەشكيلاتى ئيجتماعييە باس ناكات. ئەو زانياريانەش كە سەبارەت بەو دامەزراوە كوردييە هەيە، هيى زنار سلۆپين كە لە كتێبى بيرەوەرييەكانى خۆيدا بە ناوى (دۆزا كوردستان)ەوە بڵاوى كردوونەتەوە. ناوە ڕاستەقينەكەى خۆيشى "قەدرى جەميل پاشا"يە. زنار سلۆپى باسى ئەوە دەكات كە دامەزراندنى جەمعييەتەكە بە كۆميسارياى دەوڵەتەكان ڕاگەيەنراوە. بەڵام ئەوە ڕوون ناكاتەوە لە چ

---

[٤١٥] سلۆپى، ل٥٩.

کاتێکدا سەریان لە نوێنەرایەتیی دەوڵەتان داوە[٤١٦]. ڕۆژنامە تورکیەکان لەو ڕۆژانەدا هەرچەندە هەندێك لە ناوەکانیان تێکەڵوپێکەڵ کردووە، بەڵام زانیارییان سەبارەت بە دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە کوردییە بڵاو کردووەتەوە. مانگی حوزەیرانی١٩٢٠ ناوی تەشکیلاتی ئیجتماعییە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کراوەتەوە. دوای پەسندکردنی پەیماننامەی سیڤەر، لە ڕۆژنامە تورکیەکاندا باسی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد کراوە و لێدوانی سەرۆکەکەشی کە "ئەمین عالی بەدرخان" بووە، بڵاو کراوەتەوە. ڕۆژنامەی "وەقت" بەیاننامەیەکی ئەمین عالی بەدرخانی لە٧ی حوزەیرانی١٩٢٠دا، بڵاو کردووەتەوە: ((بە پشتبەستن بە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان و هەستی دادپەروەریی دەوڵەتی گەورەی بریتانیا، هەروەها دوابەدوای کۆنفرانسی ئاشتی، کە سەرکردە و ڕۆشنبیرانی کوردی تێدا بۆ گەیشتن بە ئارەزوو و ویستەکانی کورد بەشدار بوون و لەوێش بڕیار لەسەر بوونی نیشتمانی کورد دراوە، ڕێکخراوێك بەناوی جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد دامەزراوە، تا هەموو دەزگا و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیەکان بەگوێرەی پێویستیەکانی ئەم سەدەیە ڕێك بخات. ڕێکخراوەکە ئاسوودەیی و ئازادی و یەکێتیی کۆمەڵایەتیی کوردانی کردووەتە ئامانج و دەیەوێت نەوەی کورد لەنێو کۆمەڵەی نەتەوەکاندا مافی ئەوانی دیکەش لەبەرچاو بگرێت و هەموو کەسێکیش مافی ئەو لەبەرچاو بگرێت. هەروەها دەیەوێت بە شێوەیەکی تایبەت لە چوارچێوەی سنوورە سروشتی و نەتەوەییەکانی خۆی و لەگەڵ دراوسێکانیدا بەشێوەیەکی ئاشتیانە بژی و ببێتە بەشێك لە شارستانی و پارچەیەکی مرۆڤایەتی و بەو شێوەیە گەشە بکات. بۆ ئەو مەبەستەش جەمعییەتەکە، یارمەتی و پشتیوانیی دامەزراوە و

[٤١٦] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ڕێکخراوە کوردیەکانی بەدەست هێناوە. بەشێك لە ئەندامانی ئێستای جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد، پێشتر ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بوون، بەڵام بە هۆی ڕێكنەکەوتن لەسەر جێبەجێنەکردنی پرۆگرامی ئەو ڕێکخراوە، ١٥ی ئاداری ١٩٢٠ لەو ڕێکخراوە جیا بوونەتەوە و لە چوارچێوەی ئەو ئامانجانەدا کار دەکەن کە تا ماوەیەك بەر لە ئێستاش فیرقەی میللەتی کورد کاری لەسەر دەکردن. بەو جۆرە هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی بەختەوەریی ئەمڕۆ و داهاتووی نەتەوەی کورد دابین بکەن. هیواشمان وایە لەم خەباتە ڕەوا مرۆییانەدا، ئەو کەسانەی بەدیهێنانی ئەو جۆرە هیوا و ئارەزوانە بە سەخت و زەحمەت دەزانن، لەگەڵ هەموو کەسانی مرۆڤدۆست و نیشتمانپەروەر و هاونەژادەکانیشماندا، هاوکاریی جەمعییەتەکەمان بکەن)).

ڕۆژنامەکانی تورك کاردانەوەیان لەدژی دامەزراندنی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد و بنەماڵەی بەدرخان پیشان داوە. ڕۆژنامەی "وەقت" کە ئەو بەیاننامەیەی بڵاو کردووەتەوە، بەدرخانیەکانی بەوە تۆمەتبار کردووە کە بە میرات جیاییخوازییان لەباوکەوە بۆ ماوەتەوە: ((بەدرخانیەکان کە جیاییخوازییان لە باوکەوە بە میرات بۆ ماوەتەوە، بە گای نەزاوە چاوی گوێرەکە دەر ئەهێنن! و بەبێ ئەوەی هیچ شتێك دیار بێت، بە ڕێیەکی بنبەستدا دەڕۆن. ئەوانەی لایەنگری کوردایەتین، کاتێك ماددەکانی پەیماننامەی سیڤەریان دیوە کە هیوا بە کوردەکان دەبەخشن، دەستیان بە کار و چالاکی کردووە و لە ئەستەنبووڵ جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کوردیان دامەزراندووە و لەگەڵ ئەوەشدا...)).

"نەجمەدین حسێن" لە ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژانەدا، وەك سەرۆکی جەمعییەتەکە باسی کراوە. ڕۆژنامەی "ئیلەری" لە هەواڵێکی خۆیدا، باسی لێدوانێکی "نیزامەدین حسێن" [و: لەوانەیە مەبەستی نەجمەدین بێت]

سەرۆکی جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کوردی کردووە: ((کوردەکان زۆر خۆشحاڵن بەوەی وا مافەکانیان لە پەیماننامەکاندا باس بکرێت، بەڵام لەبەرچاونەگرتنی سنووری سروشتیەکانی یەکێتیی نەتەوەییان بە گوێرەی دڵی ئەوان بووەتە هۆی نیگەرانییان))[٤١٧]. زنار سلۆپیش باسی ئەوە دەکات کە سەرۆکی جەمعییەتەکە "ئەمین عالی بەدرخان بەگ" بووە[٤١٨].

تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد، لە مانگەکانی دوای دامەزراندنی خۆیدا (لەنێو ساڵی ١٩٢٠دا)، هەوڵی داوە بە کردەوە پەیوەندییەك لەگەڵ کوردستاندا ببەستێت. ئەندامە گەنج و چالاکەکانی جەمعییەتەکەش، دەربازی کوردستان بوون و هەوڵیان داوە ڕەوتێکی فیکری دروست بکەن پشتگیری لە ئامانجەکانی ئەو جەمعییەتە بکات. ساڵی ١٩٢١، "ئەکرەم جەمیل پاشا" و "حەمزە موکسی" ڕەوانەی کوردستان کراون. ئەکرەم جەمیل پاشا لە دیاربەکر بە نهێنی هەوڵی ڕێکخستن و ئەنجامدانی کاروبارەکانی تەشکیلانی ئیجتماعییەی کوردی داوە و لە ماڵی "عەبدولکەریم ڕەمۆ" سەرۆکی خێڵی "هەوکەران" بە میوانی ماوەتەوە. بەڵام دواجار ناوبراو بە فێڵێك دەستگیر و تەسلیمی هێزەکانی حکوومەتی کردووە، تا بیبەنە ئەنقەرە، بۆ ئەوەی لە مەحکەمەی ئیستقلال موحاکەمە بکرێت. حەمزە موکسی بەگیش دەستگیر کراوە و بۆ ماوەیەك لە دیاربەکر زیندانی کراوە[٤١٩]. حەمزە موکسی یا (حاجی بەکر ئۆغلوو حەمزە) ساڵی ١٨٩٢ لە ناحیەی موکس لە قەزای گەواشی سەر بە پارێزگای وان، لەدایك بووە. هەتا قۆناغی ئاگربەست، لە قەزای ئۆمەرلیی سەر بە ئوسکودار، مامۆستای سەرەتایی بووە. حەمزەبەگ، بە بیانووی ئەوەی کە لە

---

[٤١٧] ئیلەری، ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٢٠.

[٤١٨] سلۆپی، ل٥٨.

[٤١٩] سلۆپی، ل٥٩.

دیاربەکر هەوڵی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆی داوە، دەستگیر کراوە. داواکاری دیاربەکر، داوانامەی ژمارە ٦٤ی لە ١٩١٩/١١/٨دا سەبارەت بە ناوبراو ئامادە کردووە. حەمزە بەگ لە نامەیەکی ٤ی تەمووزی ١٩١٩دا کە بۆ دەزگیرانەیی نووسیوە، باسی چۆنێتیی دەستگیرکردنی خۆیی کردووە: ((کاتێك گەیشتمە ماردین، بە جوانی و بە خۆشی بۆنی وڵاتم دەکرد. دەنگی گۆرانی و ئاهەنگی کوردیم دەبیست. ناکۆکییەك لەنێوان هەستە کۆنەکانی سەردەمی منالی و بەهاکانی شارستانی لە قۆناغی گەنجێتیمدا دەستی پێکرد. بە چ ناڕەحەتی و زەحمەتێك گەیشتمە دیاربەکر. تەنیا لەبەر ئەوەی کورد و سەر بەڕێکخراوی TKG [و:؟] بووم، لەلایەن حکوومەتەوە دەستگیر کرام. ئەگەر لێرە ڕزگارم ببێ، دەچمە خەرپوورت)).

ڕۆژنامەی "سەربەستی" لە لە ژمارە ٤٨٢ی ١ی مایسی١٩١٩ی خۆیدا، ئەو داوانامەیەی بڵاو کردووەتەوە کە لەدژی حەمزە موکسی، وەك یەکێك لە ئەندامانی وەفدی بۆ کوردستان ڕەوانەکراوی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، نووسراوە. هەروەها کەسێك بەناوی "نەسیمی فرات" نامەیەکی حەمزە موکسی بڵاو دەکاتەوە کە بۆ دەزگیرانەکەی نووسیوە و باسی ئەوەش دەکات کە ناوبراو لە کۆتاییی نامەکەیدا باسی بارودۆخی زیندانییە کوردەکانی کردووە: ((زۆربەی زیندانیەکان لە ژیانێکی کوشندەدان. زۆر بێدەنگ دێنە بەرچاو. ئەگەر بزانی چەند حەزم لە گۆرانییە کوردیەکانە! هەتا ئێوارە یاری دەکەن، گۆرانی دەڵێن، بە خۆشی کات بەسەر دەبەن. ئەگەر نامەت بۆ من نووسی، لە ڕێی "جەمیل پاشازادە قاسم بەگ"ەوە بۆم بنووسە)).

هەوڵێکی دیکەی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد بۆ گەیشتن بە کوردستان، لە ساڵی ١٩٢١دا بووە: ((وەفدێکی پێکهاتوو لە "خەلیل ڕەحمی بەگ"ی سەرۆکی تەشکیلاتی ئیجتماعییە و "مستەفا پاشا یامولکی" و "کەمال

فەوزی" و "مەلانزادە ڕەفعەت" ساڵی ١٩٢١ چووە کوردستان بۆ ئەوەی دەربازی باکووری کوردستان بێ. بۆ ئەو مەبەستەش ئاودیوی عیراق بوو، بەڵام ئینگلیزەکان ڕێیان لە تێپەڕبنی ئەو وەفدە گرت. تەنیا لەبەر ئەوەی مستەفا پاشا خەڵکی سلێمانی بووە، ڕێیان پێدا بچێتە ئەو شارە. مستەفا پاشا چووەتە سلێمانی و لە حکوومەتی ژێر دەسەڵاتە پاشایەتیەکەی شێخ مەحموودا بووەتە وەزیری پەروەردە)) [٤٢٠].

تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد، لە هەلومەرجێکی دژوار و نالەباردا، لە ئەستەنبووڵ درێژەی بە کار و چالاکیەکانی خۆی داوە. دەسەڵاتی عوسمانی کە بەتوندی بەرپەرچی کار و چالاکیەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانی داوەتەوە. هەر لە سەرەتاشەوە دیار بووە پێشوازیی لە کار و چالاکیەکانی ڕێکخراوێکی ڕادیکاڵی کوردی ناکات، وەك تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد. بڕیاری ڕێکخراوەکە بۆ ناردنی ژمارەیەك لە ئەندامان و بەڕێوەبەران و کاربەدەستانی خۆی بۆ کوردستان، لەو هەلومەرجەدا وەرگیراوە. بەگوێرەی زنار سلۆپی، لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە ماڵی گۆڤاری "ئیجتهاد" ساز کراوە، دوایین کۆبوونەوەی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد ساز کراوە و بڕیاری تێدا لەسەر ئەوە دراوە کە ئیدی هەل و دەرفەتی کارکردن لە ئەستەنبووڵ نەماوە، بۆیە پێویستە دەستەی ناوەندی ئەستەنبووڵ بەجێ بهێڵێ و دەربازی کوردستان بێت. سلۆپی باسی ئەوە دەکات کە سەرەڕای هەبوونی ئەم بڕیارە، ژمارەیەك لە ئەندامەکانی ئەو جەمعییەتە، لەبەر بەرژەوەندی شەخسیی خۆیان لە ئەستەنبووڵ ماونەتەوە [٤٢١].

---

[٤٢٠] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.

[٤٢١] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.

وادەردەکەوێت کوردەکان لەو قۆناغەدا پشتگیرییان لە جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد کردووە. لە بیرەوەریەکاندا، باسی ئەوە دەکرێت کە (فیرقەی میللەتی کورد) و (تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد) لەیەك نزیك بوون و پێکەوە جووڵاونەتەوە، بەڵام فیرقەی میللەتی کورد پێگەیەکی ئەوتۆی لەنێو کورداندا نەبوە. لەکاتێکدا جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بەرەو دابەشبوون ڕۆیشتووە و کار و چالاکیەکانی لە ئاستێکی فراواندا ڕاگیراون، پێگەی جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییە بەهێزتر بووە. تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد، وەك ڕێکخراوێکی سیاسی، کە لایەنگری سەربەخۆیی بووە، گەشەی کردووە و لەبەر ئەوە بووەتە جێی سەرنجی ڕۆشنبیران و لاوانی کورد. بەگوێرەی سلۆپی، ئەو ساڵانە جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییە گەشەی بە کار و چالاکیەکانی خۆی داوە، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بەتەواوەتی کارەکانی خۆی ڕاگرتووە.

لەگەڵ دەستپێکردنی کار و چالاکیەکانی جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورددا، گۆڤاری "ژین" بووەتە ئۆرگانێکی ڕاگەیاندنی ئەو ڕێکخراوە[٤٢٢]. قۆناغی دابەشبوونی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، بووەتە هۆی دروستبوونی دوو ڕێکخراوی دیکە بە ناوەکانی "جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد" و "فیرقەی میللەتی کورد". هەردوو ڕێکخراوەکەش لە ئەنجامی دابەشبوونی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە دامەزراون[٤٢٣].

مالمیسانژ باسی ئەوە دەکات کە شەریف پاشا پەیوەندیی لەگەڵ جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورددا هەبوە و بە شێوەیەکی چالاك جێی لە کاروبارەکانیدا گرتووەتەوە. وەك دەزانرێت شەریف پاشا ئەو قۆناغە لە

---

[٤٢٢] بۆز ئارسلان، ل٨.

[٤٢٣] نیکیتین، بەرگی ٢، ل١٤٩.

پاریس بووه و دوای ماوەیەکیش وازی لە نوێنەرایەتیی کوردەکان هێناوە. ناوبراو پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ تەڵعەت پاشادا کە یەکێك بووە لە سەرکردە گرنگەکانی جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقی و ماوەیەکیش وەزیری دارایی بووە، لە سویسرا گەشە پێداوە. هیچ سەرچاوەیەکی دیکە سەبارەت بەوەی کە شەریف پاشا بەشداریی لە کار و چالاکیەکانی جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەدا کردووە، دەست ناکەوێت. بەڕای من، پێگەی سیاسیی شەریف پاشا و شێوازی بیرکردنەوەکەی کە لەژێر کاریگەریی سیستەمدا [و: سیستەمی عوسمانی] بووە، ئاستەنگ بووە لەبەردەمی ئەوەدا کە ناوبراو بە شێوەیەکی چالاك بەشداری لە ڕێکخراوە ڕادیکاڵە کوردیەکاندا بکات. دوای ئەوەی وازی لە نوێنەرایەتیی کورد لە سیڤەر هێناوە، لەسەر بنەمای داهاتووی سیاسیی خۆی، زۆرتر دەستی بە دروستکردنی هەندێك پەیوەندی کردووە. هیچ زانیارییەکیش نییە بیسەلمێنێت ناوبراو لەو بارەیەشەوە پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوە کوردیەکاندا بەرقەرار کردبێت. ئەم زانیارییەی مالمیسانژ پشت بە هیچ بەڵگە و سەرچاوەیەك نابەستێت[٤٢٤].

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، بە گەرمی پێشوازیی لەلایەن کوردەکانی ئەستەنبووڵەوە لێ دەکرا. ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە تا ئەو کاتە کەس نەیدەزانی کوردن، وردە وردە بەناوی نەتەوەپەروەریی کوردەوە دەردەکەوتن. بە زانا و نەزانەوە، هەموویان بووبوون بە پایزەری مافە نەتەوەییەکان. لەو بارەیەشەوە دەستیان بە کار و چالاکی کردبوو. ئەو کەسانە، هەستیان بە ڕووخانی خەلافەت و سەڵتەنەت کردبوو، هیواشیان بە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بەستبوو. نیگەرانیەکانی ئەوان لە ڕووخانی خەلافەت

[٤٢٤] مالمیسانژ، ل٧٧.

و سەڵتەنەت، زیاتر پەیوەندییان بە پابەندبوونی ئەوانەوە بە نەریت و بەها ئیسلامیەکانەوە هەبوو. هەر هەمان ئەو کەسایەتییە کوردانە، دەبوونە ڕێکخەر و بیرمەندی ڕێکخراوە کوردیەکانیش. ئەو کەسایەتیە کوردانە کە هەستیان دەکرد ئیمپڕاتۆریای عوسمانی خەریکە دابەش دەبێت و هەلومەرجێکی سیاسیی تێکەڵوپێکەڵ دروست بووە، لەبەر کوردستان و هاوکات ڕوویان لە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، دواتریش جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد کردبوو، بۆ داهاتووی پێگەی چینایەتی و کۆمەڵایەتیی خۆیان.

ئەو کادیرە کوردانەی کە بەشدارییان لە جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورددا کردووە، زیاتر ویستوویانە ڕوو لە کوردستان بکەن. پێشتر باسی هەوڵەکانی جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کوردمان کرد، بۆ ڕۆیشتن بەرەو کوردستان، لەو کاتانەدا کە ئەو جەمعییەتە ویستوویە بەرەو کوردستان بڕوات و بکەوێتەوە جموجووڵ، هەندێك دەسپێشخەریی دیکە لە دیاربەکر دەرکەوتوون، زۆرتر لەلایەن کادیرەکانی هێڤی‌یەوە بوون. کادیرەکانی هێڤی لە دیاربەکر، بەگشتی چوونەتە ڕیزەکانی جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد و هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ (شێخ) مەحموود بەرزنجی‌دا بگرن: ((کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ هاوڕێیانی وەك "دکتۆر فواد" و "باڤێ توژۆ" و "چەرخی‌زادە فکری" و "لیجەلی عەلی"دا کە پابەندی نەتەوەکەیان بوون، سەبارەت بە کێشەی نەتەوەیی ساز کرد و لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیارمان دا بۆ ئەوەی بە باشی لە مەحموود بەرزنجی تێبگەین و بەهۆی ڕێکخراوەوە پەیوەندییەکی لەگەڵدا دابمەزرێنین، یەکێك لە هاوڕێکانمان بۆ سلێمانی بنێرین. جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە بە تیروپشك کەوتە سەر شانی باڤێ توژۆ. ئەویش لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، لە ڕێی (ڕامان)ەوە گەیشتە مووسڵ، بەڵام لەبەر ئەوەی سەردانەکەی ناوبراو هاوکات بوو لەگەڵ

هەوڵی ئینگلیزەکاندا دژ بە شێخ مەحموود، ئینگلیزەکان لە مووسڵ باقیٚ تورژۆیان دەستگیر کرد، نەیانهێشت بچێتە سلێمانی و تەسلیمی تورکەکانیان کرد. باقیٚ تورژۆ کە بۆ موحاکەمەکردن برابووە ئەنقەرە، بۆ ماوەیەك لە زینداندا مایەوە و دوای ئەوەش ئازاد کرا و یەکسەر بۆ دیاربەکر گەڕایەوە))[٤٢٥].

ژمارەیەك لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و بەشێکی زۆری ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە، سەر بە خانەدان و بنەماڵە ناسراو و دەسترۆکانی کوردستان بوون. پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئەو کادیرانە وای کردبوو ئەوان لە ئەستەنبووڵەوە هەوڵی ڕزگارکردنی کوردستان بدەن، ئەمەش لەگەڵ واقیعی سیاسیدا نەدەگونجا. جگە لەوە، ئەو کادیرانە لە ڕووی سیاسیشەوە، خاوەنی پرۆگرامێکی ڕوونی کوردی نەبوون. لە ڕووی سەربازیشەوە، کادیرێکی ئەوتۆیان نەبوو لە هونەری جەنگ و زانستی ستراتیژ و تەکنیکەکانی تێبگات و ئەوانە لەنێو یەکە جەنگاوەرەکاندا جێبەجێ بکات. هەروەها ئەو کادیرانە، خاوەنی ئەزموونێکی دیاریکراوی سەربازی نەبوون و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بزاوتە کۆمەڵایەتیەکانی شەڕی ڕزگاریی نەتەوەیی نەکردبوو. هەروەها هیچ پەروەردەیەکیان سەبارەت بە هونەری جەنگ نەدیبوو. لەڕووی دەستپێشخەرییە سیاسی و دیپلۆماتیەکانیشەوە، خاوەنی توانایی و لێهاتوویی‌یەکی زۆر نەبوون. ئەو کەسایەتیانە پەیوەندییەکی سنوورداری سیاسیان لە ئەستەنبووڵ هەبوو. پەیوەندیەکانیشیان لە کوردستان زۆر بەهێز نەبوون. هەلومەرجەکانی گەشەپێدانی پەیوەندیەکانیشیان ڕۆژبەڕۆژ سەخت و دژوارتر دەبوون. زنار سلۆپی بەم جۆرە باسی کادیرەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دەکات کە دواتر لە ئاستێکی بەرزدا لەنێو جەمعییەتی تەشکیلاتی

---

[٤٢٥] سلۆپی، ل٦٢-٦٣.

ئیجتماعییەی کورددا جێیان گرتووە: ((ئەگەر ئەم کەسایەتیانە لەنێو ئەو بارودۆخەدا، زۆری و زەحمەتیەکانی پەیوەندییان لەگەڵ کوردستاندا لە ئەستەنبووڵەوە لەبەرچاو بگرتایە و ناوەندی جەمعییەتەکەیان بۆ کوردستان بگواستایەتەوە و کەسایەتیە دەسترۆکان لە دیاربەکر و شوێنە جیاوازەکانی کوردستان کاریان بکردایە، زۆر ڕێی تێدەچوو ئەنجامێکی باشتر بەدەست بکەوتایە. دوای دەرکەوتنی حکوومەتەکەی مستەفا کەمال پاشا، ئەو جەمعییەتانە پەیوەندییان بە کوردستانەوە پچڕا و لە ئەستەنبووڵ لە ڕووی سیاسییەوە سنووردار کرانەوە. دەستەی ناوەندی، پێشنیارێکی قبووڵ نەکرد سەبارەت بەوەی کە سەیید عەبدولقادر ئەفەندی و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی بڕۆنە کوردستان و لەوێ کاروبارەکانی ڕێکخراوەکە بەڕێوە بەرن))[٤٢٦].

جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد، وەك ئەنجامێکی دابەشبوونی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دامەزراوە. لەبەر بارودۆخی دامەزراندن و لۆژیکی سیاسی و جۆش‌وخرۆشی سەربەخۆییخوازی و ئەو کادیرە ڕۆشنبیرانەی کە لە دەوری خۆی کۆی کردبوونەوە، حکوومەتی عوسمانی و کادیرە کەمالیەکان و دواتریش حکوومەتی ئەنقەرە، کاردانەوەی توندیان لەدژی ئەو ڕێکخراوەیە پیشان دا و بەهۆی ئەو کاردانەوانەشەوە کار و چالاکیەکانی سنووردار کرایەوە. ئاڵۆزی و قەیرانەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، بەتایبەت لە ڕۆژانی قۆچگیریدا، بوونە هۆی دەرکەوتنی جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییە. لەبەری ئەوەی جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییە، شوناسی کوردی و بیرۆکەی سەربەخۆییی کوردستانی زۆرتر لە

---

[٤٢٦] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨.

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بەلاوە گرنگ بوو، دەسەڵاتی سیاسی بە توندی ڕووبەڕووی ئەو جەمعییەتە بووەوە.

هەلومەرجەکانی دامەزراندنی جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییە لە ناوەڕۆکدا گونجاو نەبوون بۆ درێژەدان بە ژیانی ئەو ڕێکخراوە، ((چونکە مستەفا کەمال، ڕێی کوردستانی بە ڕووی ئەواندا داخستبوو))[٤٢٧]. لەو هەلومەرجەدا، جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییە ئیدی نەیدەتوانی زەمینەی کار و چالاکییەکی گەورە لە ئەستەنبووڵیش بڕەخسێنێت، ئەوەش تا ڕادەیەك بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەوان ڕوو لە کوردستان بکەن، بەڵام وەك ئەوەی کە زنار سلۆپی باسی دەکات، ئیتر هەلومەرجی سیاسی لە کوردستان بە قازانجی ناوەندی بڕیاری کەمالیی شکاوەتەوە. هەبوونی ڕێکخراوە سەربەخۆییخوازە کوردیەکان، لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە سیاسیە تازەیەدا ناکۆك بوون کە خەریك بوو وردەوردە گەشەی دەکرد. ناوەندی بڕیاری کەمالیی و جەمعییەتەکانی مودافەعەی حقووق و قووای میللییە و (هەیئەتی نوێنەرانی جێبەجێکردن)، کە دواتر لە ئاستێکی بەرزدا نوێنەرایەتیی هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کردووە (دواتر بووەتە حکوومەتی ئەنقەرە)، سیاسەتی ناکاریگەر هێشتنەوەی ڕێکخراوە سەربەخۆییخوازەکانی وەك جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەیان پێڕەو کردووە. لەبەر ئەوە دەتوانرێت بگوترێت ئیدی درەنگ بووە بۆ ئەوەی جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییە وەفدێك ڕەوانەی کوردستان بکات، چونکە مەیدانی کار و چالاکیەکانیان سنووردار کردووەتەوە. ناوەندی بڕیاری کەمالیی و بیرۆکرات و سوپای عوسمانی و جەمعییەتەکانی مودافەعەی حقووق لە

---

[٤٢٧] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.

کوردستان پێکەوە لە هاوکارییەکی چڕوپڕدا بوون بۆ بڕینی دەمارەکانی ژیانی ئەو جۆرە ڕێکخراوە سەربەخۆییخوازە کوردیانە.

هەوڵەکانی وەفدی جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد کە لە کەمال فەوزی و خەلیل ڕەحمی بەدرخان و مستەفا پاشا یامولکی و مەولانزادە ڕەفعەت پێك هاتبوو، بۆ ئەوەی ساڵی ١٩٢١ بچنە کوردستان و لەوێوە کاروبارەکانیان بەڕێوە بەرن، ڕێگریی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لیٚ کراوە و ناوەندی بڕیاری کەمالیش ئاستەنگی بۆ دروست کردوون. بۆیە نەیتوانیوە سەرکەوتن بەدەست بهێنیٚ.

ڕاپەڕینی قۆچگیریش، لە هەر ڕوویەکەوە، خاڵێکی وەرچەرخان بووە. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە قۆناغی قۆچگیریدا، لەناو چووە و جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەش ئەو کاتانە دامەزراوە. هەلومەرجی ساڵی ١٩٢١ بۆ بوونی سیاسیی کورد و گەشەکردن لەو بوارەدا، گونجاو نەبوو، چونکە ئەو ڕێکخراوەیە ڕووبەڕووی سیاسەتی گوشار و توندوتیژیی ناوەندی بڕیاری کەمالیی بووەوە کە بە ئەندازەی حکوومەتی عوسمانی لە ئەنادۆڵ هێزی بەدەست هێنابوو. هەوڵی ئینگلیزەکانیش بۆ ئەوەی کە جووڵانەوەیەکی سەربەخۆییخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەشە نەکات و نەتوانێت خۆی ڕێك بخات، بووەتە هۆی ئەوەی کە مەیدانی کار و چالاکیەکانی ئەو ڕێکخراوانە زۆر سنووردار بکرێتەوە. ناتوانرێت بگوترێت ڕۆشنبیرانی کوردیش بە شێوەیەکی بابەتیانە ئەو هەلومەرجە سیاسیانەیان لێك داوەتەوە. لەبەر هەموو ئەم فاکتەرانە، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییە، بەرامبەر بەو هەلومەرجە قورس و نالەبارەی کە لەدژی مانەوەی ئەوان گەشەی کردبوو، لەڕووی سیاسییەوە هیچ هەوڵێکیان نەدەدا تا درێژە بە ژیانی سیاسیی خۆیان بدەن. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و

دواتریش جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییە، لە قۆناغی دابەشبووندا ناکاریگەر کراون و زۆر ڕێی تێدەچێ کار و چالاکیەکانی ئەو دوو جەمعییەتە سیاسییەی کورد ساڵێك بەر لە ڕاگەیاندنی کۆمار ڕاگیرابن و هەلومەرجی کارکردنی ئەوانە لەئارادا نەمابێ. هەرچی کات بەسەر دەچوو، ئەو دوو ڕێکخراوە کاریگەریەکانی خۆیان لەسەر کۆمەڵگای کوردی لەدەست دەدا و نەیاندەتوانی کادیر لە کوردستان پێبگەیەنن. هەردوو جەمعییەتەکەش، تین‌وتوانێکی سیاسیی وایان نەبوە ڕووبەڕووی ئەو هەلومەرجە ببنەوە و نەیانتوانیوە لەڕووی سیاسییەوە دەرقەتی ئەو هەلومەرجە بێن. کادیرەکانیان زۆرتر سەر بە بنەماڵە خانەدانەکان بوون کە لە دامودەزگاکاندا فێری پەروەردەی عوسمانی کرابوون. بیرۆکەی کوردایەتی لە مێشکیاندا بەتەواوەتی نەچەسپابوو، ناکۆکی و ململانێی نێوان بنەماڵە و خێڵەکانیشیان کاریگەریی لەسەر هەڵوێستە سیاسیەکانی ئەوان هەبوو. بێگومان ئەو پێکەوە نەگونجانە، ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەو جەمعییەتانەش داناوە کە دامەزراون و کاریگەریی خراپی لەسەر بەجێ هێشتوون. ڕۆشنبیرانی کورد کە لەنێو ململانێیەکی خێڵەکیدا پێگەیشتبوون و لە دامودەزگاکانی عوسمانیدا پەروەردەیان بینیبوو، نەگەیشتبوونە ئەو ئاستەی کە واز لە پەیوەندیە خێڵەکیەکانیان بهێنن و هۆشیاریی نەتەوەیی خۆیان بەشێوەیەکی دیموکراتیانە گەشە پێبدەن. ئەوان ئەم کارەکتەرەی خۆیشیان بردووەتە ناو ئەو جەمعییەتانەی کە دایانمەزراندووە. دەتوانین ئەو جۆرە تایبەتمەندیانە لە یەکەم ڕێکخستنە کوردیەکاندا ببینین. یەکەم ڕێکخراوە سیاسیەکانی کورد، لە شێوەی جەمعییەتەکاندا، لەلایەن ئەو کوردانەوە دامەزراون کە پلەوپایەی بەرزیان لە دامودەزگا ڕەسمیەکانی ئیمپڕاتۆریای عوسمانیدا هەبوە. بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیران و ئەریستۆکراتەکانی کورد، ئایدیای عوسمانیبوونیان لە لاوانی

بنکەی ژین
www.zheen.org

تورك وەرگرتبوو، بەڵام دژی بۆچوونە لیبراڵیەكانی ئەوانیش بوون. ڕۆشنبیران و ئەندامانی بنەماڵە و خانەدانەكانی كورد لە ئەستەنبووڵ، كە دەیانویست لە جەمعییەتی تەعالیی كوردستان جیا ببنەوە، وردە وردە پیرۆكەی دامەزراندنی جەمعییەتی تەشكیلاتی ئیجتماعییەی كوردیان لا دروست بوو.

خوێندكاران و حەماڵە كوردەكان (بەتایبەت لە گەڕەكی -گەدك پاشا- دەژیان)، لەگەڵ كوردە بێكارەكاندا، جەماوەرێكی فراوانیان لە ئەستەنبووڵ پێك هێنابوو. زۆرتر كەسانی سەر بە بنەماڵە و خانەدانەكانی كوردیش، سیاسەتەكانی (جەمعییەتی تەعالیی كوردستان)یان ئاڕاستە دەكرد و جەمعییەتەكەش هەموو كاتێك وەك ناوەندێكی ئەندامە پلەبەرزەكان مایەوە[٤٢٨]. جەمعییەتەكە تەنیا نەتەوەخوازەكانی وەچەكانی پێشوو و شاعیرەكانی چینی ناوەڕاستی لەخۆ نەدەگرت، بەڵكوو ئەندامانی خێڵەكانیشی لەخۆ دەگرت. بەگوێرەی ئەوەی كە "بروینسەن" باسی دەكات، دەستەی بەڕێوەبەرایەتی و كادیرانی جەمعییەتی تەشكیلاتی ئیجتماعییەی كوردیش، زۆرتر لە چینی باڵادەستی كورد و بنەماڵە خاوەن كاریگەریەكان بوون. لەبەر ئەوە جموجووڵێكیان بە جەمعییەتی تەشكیلاتی ئیجتماعییە داوە، كە ئەو كادیرانە داهاتووی خۆیان لە كوردستانێكی سەربەخۆدا بینیوەتەوە. بەدرخانەكان لە ریزی پێشەوەی بنەماڵە ناودارەكانی ناو ئەم ڕەوتەدا بوون. لە ڕووی سیاسیشەوە، داواكاریەكانی سەبارەت بە سەربەخۆیی كوردستانیان ڕێك دەخست. ئەمین عالی بەدرخان، سەرۆكی جەمعییەتی تەشكیلاتی ئیجتماعییەی كورد بوو. ئەندامانی بنەماڵە كاریگەر و دەسترۆكان، زۆربەی كادیرە چالاكەكانی ئەم جەمعییەتەیان پێك دەهێنا. ئەم بنەماڵەیە كە ناكۆكییەكی

---

[٤٢٨] مارتین ڤان بروینسن، ڕاپەڕینی شێخ سەعید، ئوزگور گەلەجەك، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٩، ل٢٨.

ئاشکرای لەگەڵ سەیید عەبدولقادردا لەنێو جەمعییەتی تەعالیی کوردستان‌دا هەبوە، باسی ئەوەیان کردووە کە سەیید عەبدولقادر بەرگری لە بیرۆکەی ئۆتۆنۆمی دەکات و ئەوان داوای سەربەخۆیی دەکەن، بۆیە لەو ڕێکخراوە جیا دەبنەوە و ڕێکخراوێکی دیکە بە ناوی (جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد) دادەمەزرێنن، کە خۆیان ڕۆڵی چالاکیان تێدا دەبێت. بەڵام لەڕووی تیۆرییەوە، وردەکاریەکانی بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستانیان ڕوون نەکردبوەوە. نەریتی سیاسی و کادیرەکانی هەردوو ڕێکخراوەکەش، شتانە گونجاو نەبوون بۆ ئەو جۆرە. دامەزراندنی فەرمانبەری کورد لە کوردستان و گەڕاندنەوەی بنەماڵە کوردەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان کە بەهۆی کۆچی زۆرەملێی ئەرمەنەکانەوە زیانیان بەر کەوتووە، هەروەها دروستکردنی قوتابخانە بۆ پەروەردە بە زمانی کوری، لە ڕیزی ئەو داواکاریانەی کورددا بوون کە لایەن ڕێکخراوەکانی ئەو سەردەمەی کوردەوە بەتایبەتی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد دەهێنرانە سەرزمان. ئەو جۆرە داواکاریانەش نیشانەی ئەوەن کە ئەو قۆناغە لە ڕووی سیاسییەوە، بەشێوەیەکی بابەتیانە هەڵسەنگێنراوە. بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستان لەم قۆناغەدا، لەنێو ئەو جۆرە ڕێکخراوانەدا، پرۆگرامێکی سیاسیی دیاریکراوی نەبوە. جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییە، بەرنامە و هەڵسەنگاندنی سیاسی و وردەکاریەکانی تێزی کوردستانی سەربەخۆی لەلا نەبوو. ئەم تێزەی تەنها لە ئاستی داواکاریدا مابوەوە. هەندێك کادیری دیار بەرگرییان لەم داواکاریە دەکرد، بەڵام ئاگایان لە هونەری جەنگ و ستراتیژی مۆدێرنی سەربازی نەبوو. لەو ڕووەشەوە، هیچ پەروەردەیەکیان نەبینیبوو، بۆیە چاوەڕوانی ئەوە نەدەکرا ئەوان بتوانن ئەو تێزە لە ماوەیەکی درێژخایەندا جێبەجێ بکەن و بتوانن بە چارەسەرێکی بگەیەنن. لەبەر ئەوە دەتوانرێت

بگوترێت، تێزی کوردستانی سەربەخۆ کە زۆرتر لەلایەن جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەوە هێنراوەتە سەرزمان، تەنها لە ئاستی داواکارییەکدا ماوەتەوە و لەوە زۆرتر نەچوەتە پێشەوە.

داواکاریەکانی کورد لە کۆتاییەکانی یەکم جەنگی جیهانیدا و لەو کاتانەدا کە بە کردەوە ئیمپراتۆریای عوسمانی بەرەو ڕووخان دەچوو، بە زمانیکی ڕوون و ئاشکرا خراوەتە ڕوو. ئەندامانی ئەو بنەماڵانەی کە لە کوردستان دەستیان ڕۆیشتووە و لەگەڵ ئەو ڕۆشنبیرانەی کورد کە کەوتبوونە بەر کاریگەریی پێشکەوتنی نەتەوەخوازی لە خۆرئاوا، لەگەڵ بەشێکی زۆر لەو گەنجە کوردانەدا کە توانیبوویان بۆ خوێندن بچنە ئەورووپا، هەروەها ژمارەیەك لەو سیاسەتمەدارە کوردانەی کە لەبەر هۆی جیاواز لەوێ دەژیان، پێکەوە هەوڵیان دەدا کاریگەریی ئەو نەتەوەخوازییە بگەیەننە نێو کۆمەڵگای کوردی کە لە سنوورەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا دەژیان. ئەو کادیرانە دوای مۆرکردنی ئاگربەستی مۆندرۆس، بەشێوەی چالاکانە بەشداری ژیانی سیاسی بوون و دەستیان بە دامەزراندنی جەمعییەتە کوردیەکان کردووە. جەماوەری کورد، وردە وردە سەرنجیان چووەتە سەر ئەو داواکاریانەی کە ڕۆشنبیرانی کورد بە شێوەیەکی بەسیستمکراو هێناویانەتە سەرزمان و بەوجۆرەش هۆشیاریی نەتەوەییی کورد بەخێرایی گەشەی کردووە. ئەوانەی کە لە هەموو لایەك زۆرتر کەوتوونەتە یەر کاریگەریی ئەم ڕووداوانە، بنەماڵە ئەریستۆکرات و سەرۆك خێڵەکانی کورد بوون کە لە شارەکاندا ژیاون و وازیان لە بیرۆکەی سەربەخۆیی نەهێناوە. هەرچەندە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان نەیتوانیوە بەرنامەیەکی نەتەوەیی لە ئاستێکی بالادا بۆ داواکاریەکانی کورد دابنێت، بەڵام ناوەندێکی گرنگی سیاسیی کوردی بووە بۆ گەیاندنی ئەو داواکاریانە بۆ ناو پلاتفۆرمە سیاسیەکان. ئیمپراتۆریای عوسمانی ئەو ساڵانە لە پەلەقاژەدا بوو،

ڕۆشنبیرانی کورد پێیان وابوو دەتوانن هەندێك مافی نەتەوەیی لەو قۆناغەدا بۆ کۆمەڵگاکەی خۆیان دەستەبەر بکەن. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، وەك بەرهەمێکی قۆناغی پرۆسەی نەتەوەسازی دەرکەوتە مەیدان. جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەش، بەردەوامی ئەو پرۆسەیە بووە و بەشێوەیەکی چالاکانە نوێنەرایەتیی کوردەکانی دەکرد. پێویستە ئەوە لەبەر چاو بگیرێت کە هەردوو جەمعییەتەکەش بە کاریگەریی ڕابردوووی کورد و نەریت و بەهاکانی کوردەواری و بنەماکانی پەیوەندیی خێڵەکی و بنەماڵەیی، هەروەها پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان بوون، جگە لەوە بە کاریگەریی ڕاپەڕینە کوردیەکان و هەموو ئەوانەی کە باس کران، درێژەیان بە بوونی سیاسی خۆیان داوە: ((خاڵی ناکۆکی و جیاکەرەوە لەنێوان چینە باوەکانی کوردستان لەگەڵ ئەو نەتەوەخوازە ڕۆشنبیرانەی کە سەر بە بنەماڵە خانەدانەکان بوون (دەکرێت ئەمانە وەك نوێنەرانی سیاسیی چینی باڵادەست و باو لە قەڵەم بدرێن)، لە گفتوگۆکانیاندا سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی بوو. ژمارەیەك لەو ڕۆشنبیرە کوردانەی کە ماوەیەکی زۆر لەنێو جەمعییەتی تەعالیی کوردستان‌دا کاریان کردووە، دوای ئەوەی سەیید عەبدولقادری سەرۆکی جەمعییەتەکە وتوویە کوردان سەربەخۆیی‌یان ناوێت و بۆ خۆشی لایەنگری ئەو بۆچوونەیە، وازیان لە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان هێناوە و تەشکیلاتی ئیجتماعییەیان دامەزراندووە))[٤٢٩].

تایبەتمەندییەکی هەرە گرنگی جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییە لە مێژووی کورددا ئەوەیە کە بە شێوەیەکی چالاکانە باسی کوردستانی سەربەخۆی کردووە، تایبەتمەندییەکی دیکەشی ئەوەیە کە ئاڵایەکی کوردستانی بە گوێرەی داواکاریی یەکەم داناوە. ئەم ڕێکخراوە کوردییە،

---

[٤٢٩] ڕزگاری، ژمارە ٣.

ئالآیەکی کوردستانی دروست کردووە: لەسەرەوە ڕەنگی سوور و ناوەڕاستیش ڕەنگی سپییە، بەڵام هەتاوێکی زەردی تێدایە و لە خواریشەوە ڕەنگی سەوزە. لەوە دەچێت ئەمە یەکەم ئالآی کورد بووبێت[430]. لەنێو ڕێکخراوە کوردیەکانی ئەو قۆناغەدا، بەتایبەت جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییە و جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، هێشتا لە ڕووی تیۆرییەوە بە باشی لە بنەمای دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەکان تێنەگەیشتبوون، لەگەڵ ئەوەدا کە ڕۆشنبیرانی کورد بیرۆکەی دامەزراندنی جووڵانەوەیەکی کوردییان هەبوە، بەڵام کادیری پێویست و پێشکەوتوویان نەبوە بۆ ئەوەی پرۆگرامێکی نەتەوەییی کوردی بە شێوەیەکی بەسیستمکراو دابنێنن و ئەو بیرۆکەیە لە پلانێکی ڕێکخستنیدا جێبەجێ بکەن. سەیید عەبدولقادر کە لەنێو ئەو توێژەدا بووە، هەرچەندە سەرکردایەتیی هەندێك دەستپێشخەریشی بۆ کوردستان کردووە، بەڵام سیاتسەتمەدارێك نەبوە بتوانێت بە جیهانبینیی تێکۆشانی ڕزگاریی نەتەوە ستەمدیوەکانەوە بجووڵێتەوە و شەڕەکان لە ڕووی سەربازی و زانستی جەنگیشەوە هەڵبسەنگێنێت. جگە لەوە،، هێشتا وازی لە هەستەکانی خۆی سەبارەت بە پابەندبوونی بە خەلیفەی عوسمانی نەهێنابوو. هەروەها ئەو ڕۆشنبیر و بیرۆکرات و ئەفسەرە کوردانەی کە بیرۆکەی وەهایان هەبوە، لە میکانیزمی دەوڵەتی عوسمانیدا، پۆست و پلەی گرنگیان پێدراوە و بەرزکردنەوەی پلەوپایەکانی ئەوانیش کاریگەریی لەسەر سیاسەتەکانیان سەبارەت بە کورد و کوردستان دەبوو. ئەمەش ڕۆڵی خۆی لەوەدا کە سنووری کوردستان و داواکاریەکانی کورد دیاری نەکرێن و پرۆگرامێکی نەتەوەیی ئامادە نەکرێت، هەبوە. هەموو ئەو ڕێکخراوە کوردیانەی کە نێوان سالآنی ١٩٨٠– ١٩٢٢ دامەزراون و دواتر داخراون، یا خۆیان هەڵوەشاونەتەوە، لە

بنکەی ژین
www.zheen.org

[430] سلۆپی، ل٦٠.

ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بەمجۆرە بوون. ساڵەکانی نێوان ١٩٠٨ تا ١٩٢٢، سەرەڕای کەموکوڕیەکانی ڕۆشنبیران و سەرباز و بیرۆکرات و نەتەوەخواز و سەرۆك خێڵەکانی کورد، لەبارەی ڕێکخستنی کوردەوە قۆناغێکی گرنگ بووە. ڕێکخراوەکانی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد (١٩٠٨)، جەمعییەتی نەشری مەعاریفی کورد (١٩١٠)، جەمعییەتی تەشریکی مەساعیی کوردستان (١٩١٢)، جەمعییەتی هێڤیی تەلەبەی کورد (١٩١٢)، جەمعییەتی ئیرشاد و ئیرتیقای کوردی (١٩١٢)، جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورد (١٩١٨)، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان (١٩١٨)، جەمعییەتی کوردستان (١٩١٩)، تەشکیلاتی ئیجتماعییە (١٩٢٠)، لەم قۆناغەدا دامەزرێنراون[٤٣١].

ئەو جەمعییەت و پارتە کوردیانەی وا لەنێوان ساڵەکانی ١٩١٨ تا ١٩٢٢دا دامەزراون، هەریەکە و ئەڵقەیەکی قۆناغی گەشەکردنی ڕێکخستنی کوردین کە لە ساڵی ١٩٠٨ـەوە دەستی پێکردووە. ئەو ڕێکخستنە کوردیانەی کە لە ساڵی ١٩٠٨ بەدواوە بە هەوڵی ڕۆشنبیرانی کورد و بە کاریگەری و هۆشیاریی نەتەوەیی دامەزراون، زۆربەیان لە ئەستەنبووڵ دروست کراون و دامەزرێنەکانیش –بە جیاوازییەکی کەمەوە– ژمارەیەك کەسی دیاریکراو بوون. لەنێو هەموو ئەوانەدا، ئەوەی کە زۆرتر سەرنجی ڕاکێشاوە و توانیویە بۆ ماوەیەکی درێژ بمێنێتەوە، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بووە. زۆربەی کادیر و پێشەنگەکانی ئەو جەمعییەتە کوردیانەی کە دواتر دامەزراون، یا لە

---

[٤٣١] بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە ئەم سەرچاوانە: تونایا، بەرگی دووەم، ل١٨٨؛ نەسیمی فراتلی، ئەو ڕاستیانەی کە ئایدۆلۆژیای ڕەسمی پێشکەشی کردوون، جووڵانەوە دیموکراتیە نەتەوەییەکانی کورد، دەنگ، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٩١، ل٣٢-٣٨.

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان یان لە جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەوە، کە دوای ئەو دامەزراوە، هەڵکەوتوون.

وادەردەکەوێت ماوەیەك بەر لە دامەزراندنی کۆمار، کۆتایی بە کار و چالاکیە سیاسیەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییە و ڕێکخراوە کوردیەکان هێنراوە. بەشێکی زۆری ئەو ڕێکخراوە کوردیانە، لەبەر ئەوەی سالآنی پێشتر کارەکانیان بە ئیرادەی خۆیان نەچوەتە پێشەوە، لە ناوەڕۆکدا مەیدانی کار و چالاکیەکانیان بەرتەسك کراوەتەوە. ئەوان لە کوردستاندا، هێزێکیان پێکەوە نەناوە و داخراون. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییە و پارت و کۆمەڵە کوردیەکانی پێشتر، دوای ئەوەی ناکاریگەر بوون، کاروباریان ڕاگیراوە و هەڵوەشێنراونەتەوە. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییە، کە لە هەموان پتر درێژەیان بە بوونی خۆیان داوە، ماوەیەك بەر لە ڕاگەیاندنی کۆمار، کەوتوونەتە بەر گوشاری سیاسی و لەبەر سیاسەتی ڕێنەدان بە بوونی ڕێکخراوی کوردی داخراون و بەو جۆرەش کۆتایی بە کار و چالاکیەکانیان هێنراوە. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، بە کردەوە دەرفەتی ئەوەی نەبوە بتوانێت بیر و بۆچوونەکانی خۆی بباتە ناو ژیانی کوردەکان. لەوانەیە ماوەیەکی کورتی بەر لە ڕاگەیاندنی کۆمار، ناکاریگەر کرابێت و کۆتایی بە کار و چالاکیەکانی هێنرابێت و لەناو چووبێت. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییە، دوو ڕێکخراوی کوردی بوون، ئەو قۆناغە ڕووبەڕووی توندوتیژی و سیاسەتی گوشار دەبوونەوە. ئەمەش بە شێوەیەك بوو کە ساڵی ١٩٢٣ ئیدی نەدەکرا باسی بوونی ئەو دوو ڕێکخراوە بکرێت[٤٣٢].

[٤٣٢] تونایا، بەرگی دووەم، ل١٩١.

## ٣- داخستنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان:

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکێکی سیاسیی کوردی هەبوە و بەرگریی لە بوونی کوردان کردووە، ڕووبەڕووی کاردانەوەی توندی حکوومەتەکانی عوسمانی و ئەنقەرەی کەمالیی بووەتەوە. لەبەر ئەوە هەوڵ دراوە لەناو ببرێت و بە بەردەوامی لەژێر گوشاردا بووە. بەردەوام لەلایەن حکوومەتەکاتی ئەستەنبووڵەوە هەوڵ دراوە گوشار بخرێتە سەر جەمعییەتی تەعالیی کوردستان. کاردانەوەی دژی ئەو جەمعییەتە، زۆرتر لە حکوومەت و پەرلەمانی پایتەختەوە بووە. کردنەوەی لقەکانی ئەو جەمعییەتە لە کوردستان و هەوڵەکانی بۆ داوای جیابوونەوە لە کۆمەڵگەی عوسمانی خستنە نێو مێشکی کوردان، هەروەها گەشەپێدانی بیرۆکەی سەربەخۆیی کورد لەلایەن ئەو جەمعییەتەوە، بوونەتە هۆی تووڕەیی و نیگەرانیی حکوومەتەکانی ئەستەنبووڵ[٤٣٣]. ڕێکخراوە هەواڵگریەکانی عوسمانی و سیخوڕەکانی تەشکیلاتی تایبەت، هەنگاو بە هەنگاو چاودێریی کار و چالاکیەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیان کردووە و ڕاپۆرتیان لەسەر کەسایەتیە دیارەکانی کورد بۆ کۆشك بەرز کردووەتەوە و هەوڵیشیان داوە، مەیدانی سیاسیی ئەوانە بەرتەسك بکەنەوە[٤٣٤].

ساڵی١٩٢٠، ساڵێك بووە گوشارێکی زۆر خراوەتە سەر جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و سەیید عەبدولقادریش کراوەتە ئامانجی سەرەکیی ئەو

---

[٤٣٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٤٣٤] بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر تەشکیلاتی تایبەت بڕوانە ئەم سەرچاوانە: ئەرگون هیچیڵماز، ڕێکخراوە سیخوڕیەکان و تەشکیلاتی مەخسوسە (تایبەت) بە بەڵگەوە، ئەستەنبووڵ، بڵاوکراوەکانی ئونساڵ، ١٩٧٩؛ حوسامەددین ئەرتورك، پشتی پەردەی دوو قۆناغ، ئەستەنبووڵ، خانەی بڵاوکردنەوەی پنار، ١٩٦٤، ل١٠٩-١١٥.

گوشارانە. دوای ئەوەی ناوبراو ڕایگەیاندووە پشتگیریی ڕێککەوتنەکەی کورد و ئەرمەن دەکات، کە شەریف پاشای کورد لە پاریس لەگەڵ نوێنەرانی ئەرمەندا ئیمزای کردووە، گوشارەکانی سەر سەیید عەبدولقادر ڕوویان لە زیادبوون کردووە. تەنانەت بەهۆی ئەو لێدوانەشەوە، گفتوگۆیەك لەسەر ئەوە کراوە کە ئەندامێتیی ناوبراو لە مەجلیسی پیراندا هەڵبوەشێنرێتەوە. کێشەی کورد و گفتوگۆی نێوان شەریف پاشا و سەیید عەبدولقادر و ڕێککەوتننامەی کورد و ئەرمەن لە پاریس، سەرەتا براوەتە نێو مەجلیسی مەبعووسان. تەلگرافی زۆر بەهۆی وروژاندنی جەمعییەتەکانی مودافەعەی حقووقەوە، ڕەوانەی مەجلیسی مەبعووسان کراوە و لەبەر ئەوە نوێنەران هاتوونەتە جۆش‌وخرۆش و کاردانەوەی توندیان بەرامبەر بە سەربەخۆییی کوردستان و دوژمنایەتیی خۆیشیان بۆ سەیید عەبدولقادر پیشان داوە. یەکەم کۆبوونەوەی مەجلیسی مەبعووسان کە زۆربەی ئەندامەکانی سەر بە جەمعییەتەکانی مودافەعەی حقووق بوون، ١٩ی شوباتی ١٩٢٠ سەبارەت بە کێشەی کورد ئەنجام دراوە. لە کۆبوونەوەکەدا، بە شێوەی سەرەکی باسی ڕێککەوتننامەی کورد و ئەرمەن کراوە و گفتوگۆ لەسەر شەریف پاشا کراوە کە ڕێککەوتننامەکەی مۆر کردووە، هەروەها قسەش لەسەر سەیید عەبدولقادر کراوە کە وتوویە ڕێککەوتننامەکەم پێ باشە. یەکەم گفتوگۆ لە مەجلیسی مەبعووساندا سەبارەت بە کورد و دەستەواژەی (نەتەوە) ساز کراوە و مەبعووسەکان لەو کۆبوونەوەیەدا دەیانوت پێویستە مشتومڕ بەشێوەیەکی فراوان لەسەر هەردوو دەستەواژەکە بکرێت. بە گوێرەی ئەو مەبعووسانەی کە سەر بە جەمعییەتەکانی مودافەعەی حقووق بوون، وشەی (تورك) پێکهاتەی ئەتنیی جۆراوجۆری دیکەیشی لەخۆ دەگرت و مەبەستیشیان لە دەستەواژەی (میللەت) تەنها میللەتی عوسمانی بووە.

بەشێك لە قسەکانی "جەلالەدین عارف بەگ" لەو کۆبوونەوەیەدا، بەم جۆرە بووە: ((... ئەوانەی کە نایانەوێت ئەم بنەمایە جێبەجێ بکرێت! هەندێك کەسی بێنیشتمان دەیانەوێت ئەو شتانەی وا ماوەیەك بەر لە ئێستا باسم کردن، بیکەن بە ئامرازێك بۆ دەستی خۆیان و بەکاریان بێنن. بێگومان ئاساییە دەوڵەتێکی برسی و خوێنمژی ئەمپریالیستیش، چاوەڕوانی دەرکەوتنی ئەنجامەکانی ئەمەیە تا سوودی لێ وەربگرێت، بەڵام ئەوانە نازانن کورد و تورکەکان ماوەیەك بەر لە ئێستا، پەندێکی باشیان وەرگرتووە و ئەو پەندەش لە کێشەی ئەلبانی و عەرەبەکاندا بووە))[435].

"عەبدولعەزیز مەجید ئەفەندی"ش لە بەشێکی قسەکانی خۆیدا وا دەڵێت: ((... مەبەست لەمانە، تورك و لاز و کورد و چەرکەس و هەموو ڕەگەزە جیاوازەکانی نەتەوەی ئیسلامییە. وایە؟ (هەموو کەس وتی وایە و چەپڵەیان بۆ لێ دا.) ئەگەر مانای وشەی "تورك" ئەمە نییە، تکاتان لێ دەکەم لەمەوبەدوا کە لێرە قسە دەکەن، لەجیاتیی وشەی "تورك" دەستەواژەی "پێکهاتە ئیسلامییەکان" بەکار بهێنن...، ڕەزا نووری بەگ: وایە! حسین بەگی ئەرزڕۆم: تەنانەت جوولەکەکانیش لەخۆ دەگرێت، مەجید ئەفەندی درێژەی پێ داو وتی: دوای ئەوەی مەجلیس مەعنای وشەی تورکی ڕوون کردەوە، پێویستە ئەوە بە ڕای گشتی ڕابگەیەنرێت و بۆ ئەوەی (نان بە ڕۆنی هەندێك لەو کەسانەدا نەهێنرێت) کە دەڵێن ئێمە کوردین، باشتر وایە ناوەکانی کورد و تورك و لاز و چەرکەس، یاخود توخمەکانی ئیسلامی بەکار بهێنین))[436].

مستەفا کەمال پاشاش بە مانایەکی قووڵتر دەستەواژەی توخمەکانی ئیسلامیی بەکار هێناوە: ((... یەك شت بە تەواوەتی لای ئێمە ڕوون

---

[435] تونایا، بەرگی دووەم، ل١٩٢.

[436] تونایا باسی کردووە، بەرگی دووەم، ل١٩٢ و ٢٧.

بووەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە کورد و تورك و لاز و چەرکەس و ئەوانی تر، (توخمەکانی ئیسلامی) لە سنووری نەتەوەکەماندا هاوبەرژەوەندن و بڕیاریشیان داوە پێکەوە کار بکەن. ئەگەنا بە هیچ شێوەیەك چاو نابڕدرێتە هیچ شوێنێکی دیکە. یەکێتییەکی ئاینی بە شێوەی دڵخوازانە و برایانە لەنێوان ئەمانەدا دروست بووە))[٤٣٧].

دەسەڵاتی ناوەندیی عوسمانی و خەلیفە، هیچ کاتێك بە شێوەیەکی گەرم پێشوازییان لە داواکاریە نەتەوەییەکانی کورد نەکردووە. دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسیی خەلیفە لە مەجلیسی مەبعووساندا، کە زۆربەی ئەندامەکانی سەر بە جەمعییەتەکانی مودافەعەی حقووق بوون، هەڵوێستیان بەرامبەر بە داواکاریەکانی کورد وەرگرتووە و نوێنەرە کەمالیەکانیش لە چوارچێوەی بیرۆکەی توخمەکانی ئیسلامیدا ویستوویانە کورد بتوێننەوە. مەبعووسە کەمالیەکان بە توندی ڕەخنەیان لە سەیید عەبدولقادر و جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دەگرت، گوایە بەپێچەوانەی بەرژەوەندەکانی توخمەکانی ئیسلامییەوە دەجووڵێتەوە (دیارە لەوبارەیەوە ڕەخنەیان لە شەریف پاشاش دەگرت.) مەبعووسە کەمالیەکان، لەبەر ڕێککەوتننامەی کورد

---

[٤٣٧] کازم ئویزتورك، وتەکانی ئەتاتورك لە دانیشتنە کراوە و نهێنیەکانی مەجلیسی گەورەی نەتەوەی تورکدا، ئەنقەرە، بڵاوکراوەکانی KB، ١٩٩٠، بەرگی یەکەم، ل١٩٦.

سەبارەت بە وتەکانی کەمال پاشا و نوێنەرەکانی تر دەربارەی کورد و کوردستان و توخمەکانی ئیسلامی، هەروەها وتەکانی بەرپرسانی دەوڵەت لەوبارەیەوە، بڕوانە ئەم سەرچاوانە: ئەتاتورك و کێشەی کورد، ساچاق، ژمارەی ٣٩ نیسانی ١٩٨٧، ل١٢-٢٢؛ ئاسلان، ل٧١-٧٨، ٧٩-٨٣؛ نوطق، بەرگی سێیەم، ل١٩٠، بەڵگەنامەی ١٩؛ ASD بەرگی ٢، ل١٢؛ ASD بەرگی ١، ل٣٠، ٧٣-٧٧؛ پەرلەمانی نەتەوەی گەورەی تورك GCZ، بەرگی ٢، ل٣٣٥؛ ASD بەرگی ١، ل٢٢١.

و ئەرمەن، زۆر لە شەریف پاشا و سەیید عەبدولقادر تووڕە بوون. ئەو ڕێککەوتننامەیەش بووە هۆی وورووژاندنی ئەندامانی مەجلیسی مەبعووسان و ئەوانیش بە توندی جیابوونەوەی کوردیان ڕەت کردووەتەوە[٤٣٨]. مەبعووسەکان تۆمەتی قورسیشیان خستووەتە پاڵ ئەو دوو کەسایەتیەی کورد.

مەجلیسی مەبعووسان کە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بەشداری لە هەڵبژاردنەکەیدا نەکردووە، ڕۆژی ١٩٢٠/١/١٢دا یەکەم کۆبوونەوەی سەبارەت بە چوارەمین خولی هەڵبژاردن ساز کردووە. ئەو هەڵبژاردنە، بە کاریگەریی جەمعییەتی مودافەعەی حقووق و جەمعییەتی ڕەددی ئیلحاقدا بەڕێوە چووە، کە هێزی قووای میللییەیان لەپشت بووە. کەسایەتیە ناودارەکانی جەمعییەتی مودافەعەی حقووق، دەنگێکی زۆریان لە دواین پەرلەمانی عوسمانیدا بەدەست هێناوە. "ئەلفرێد ڕۆستەم" کە هاوڕێی نزیکی مستەفا کەمال پاشا بووە، لەگەڵ "قەرەواسف بەگ"دا بۆ مەبعووسیی ئەنقەرە هەڵبژێردراون، ((سەرەڕای ئەوەی کە ڕێوشوێن بۆ ڕێگرتن لە دەستوەردان لە هەڵبژاردنەکەدا گیرابووە بەر، بەڵام "خالید پاشا" کە لە (ترابزۆن) خۆی شاردبوەوە، دەستی لە هەڵبژاردنەکان وەر دا و کەسێکی بە ناوی "خەسرەو بەگ (گەرەدە)"ەوە بەزۆر کردە مەبعووس، هیچ پەیوەندییەکی بە ترابزۆنەوە نەبوو))[٤٣٩].

پاشا عەلیی جێگری پارێزگاری ئەدرنە، بەیاننامەی بۆ پشتگیریکردن لە ڕۆشنبیرانی جەمعییەتی مودافەعەی حقووق لە تراکیا بڵاو کردووەتەوە و لە سامسۆنیش هەڵبژاردنێك کراوە زەبروزەنگی تێدا بەکار هێنراوە.

---

[٤٣٨] تونایا، ل١٩٣.

[٤٣٩] گویل ئۆغلوو، ل٤٦.

مەفرەزەکەی "عوسمان ئاغا شەلی گیرەسۆنی" لەبەر هەڵبژاردن، هێرشیان کردووەتە سەر سامسۆن[٤٤٠]. مستەفا کەمال پاشا، وەك مەبعووسی ئەرزڕۆم، بووەتە ئەندامی مەجلیسی مەبعووسان و ڕایگەیاندووە ئەیەوێت ببێتە سەرۆکی مەجلیس. بە سەرۆکی مەجلیس و جێگرەکانیشی ڕاگەیاندووە ناچێتە ئەستەنبووڵ. ڕەوف بەگ کە ئەندامی مەجلیسی مەبعووسان بوو، ئەرکی ئەوەی پێ سپێردرابوو لە مەجلیسدا کار بۆ جەمعییەتی مودافەعەی حقووق بکات[٤٤١]. ئەو دواین پەرلەمانەی دەوڵەتی عوسمانی ١٩٢٠/١/٢١ پەیماننامەی میللی (میساقی میللی)ی قبووڵ کردووە و ئەمەشی بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە.

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لەبەر دەستێوەردانەکانی جەمعییەتی مودافەعەی حقووق کە نموونەیان زۆرە، بەشداریی لە هەڵبژاردندا نەکردبوو. هۆی بەشداری‌نەکردنەکەشی بۆ ڕای گشتی ڕوون کردووەتەوە. سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانیش دانوستانێکی زۆر کرابوو[٤٤٢].

ئەحمەد حەمدی پاشا ١٩١٩/١١/٤ ڕوونکردنەوەیەکی بە ناوی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە داوە و ڕایگەیاندووە ئەوان قووای میللییە بە ڕەسمی ناناسن و بەشداری لە هەڵبژاردنەکانیشدا ناکەن: ((لەبەر دەستێوەردانەکانی قووای میللییە لە کاروباری هەڵبژاردندا، بڕیار دراوە بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا نەکرێت))[٤٤٣]. مەجلیسی مەبعووسانی عوسمانی

---

[٤٤٠] قەرەبەکر، ٣٩٣، ٤٠٥، ٤٠٧، ٤٣٧.

[٤٤١] گویل ئۆغڵوو، ل٥١.

[٤٤٢] ئیفهام، ١٩١٩/١٠/١٤.

[٤٤٣] سەباح، ١٩١٩/١١/٥.

لەژێر کاریگەریی ئەنقەرەدا بووە و ژمارەی مەبعووسە کەمالیەکان زۆر بوون. لە ڕووی فکریشەوە، کادیرە کەمالیەکان کاریگەریی زیاتریان هەبوو. زۆربەی ئەو ڕەخنە توندانەی کە لە سەیید عەبدولقادر و جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دەگیران، زۆرتر لەو مەبعووسە کەمالیانەوە دەهات کە پەیوەندییان بە ئەنقەرەوە هەبوو. ژمارەی ئەو مەبعووسانەی کە دواتر چوونەتە ناو یەکەم پەرلەمانی (نەتەوەی گەورەی تورك)، کە یەکەم دانیشتنی ٢٣ی نیسانی ١٩٢٠ لە ئەنقەرە لەلایەن مستەفا کەمال پاشاوە کراوەتەوە، ٧٠ کەس بووە. ١٠٨ مەبعووس بەشدارییان لە کۆبوونەوەی متمانەداندا بە حکوومەتەکەی سەدری ئەعزەم "عەلی ڕەزا پاشا" کردووە و ١٠٤یان متمانەیان بە حکوومەتەکە داوە[٤٤٤]. ئەگەر ژمارەی ئەو ٧٧ (؟) مەبعووسە لەبەرچاو بگیرێت کە دواتر بەشدارییان لە پەرلەمانی (میللەتی گەورەی تورك)دا کردووە، دەتوانرێت بگوترێت هێزی نوێنەرەکانی سەر بە جەمعییەتی مودافەعەی حقووق لە پەرلەماندا، بۆ متمانەدان بە حکوومەت زۆر بووە. زۆربەی ئەندامانی مەجلیس لەمجۆرە مەبعووسانە بوون[٤٤٥]. جەلالەدین عارف بەگ کە سەرۆکی مەجلیسی مەبعووسان بووە، دوای ئەوەی چووەتە ئەنقەرە، بووەتە نوێنەر لە یەکەم پەرلەمانی (نەتەوەی گەورەی تورك)دا و بە سەرۆکی دووەمی پەرلەمانەکە[٤٤٦]. دەستێوەردانەکانی جەمعییەتەکانی مودافەعەی حقووق لە

---

[٤٤٤] نوتق، بەرگی سێیەم، ل٢٣٤.

[٤٤٥] لەم بارەیەوە دەتوانن بڕواننە ئەم سەرچاوانە: گویل ئۆغلۆو، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٣٥١، ل٥٤-٦١، ٧٨-٨٤، ٨٥-١٠٦، ١٠٧-١١٩. سەبارەت بە زانیاری دەربارەی ئەو کەسانەی کە لە مەجلیسی مەبعووسانەوە چوون بۆ ئەنجامدانی کار و چالاکی لە ئەنقەرە، بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٥-٣٤٩.

[٤٤٦] گویل ئوغلۆو، ل١٦١-٣٤٦.

هەڵبژاردنی بەڕێوەبەرانی هەرێمیدا، بۆچوونەوەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیان سەبارەت بە بوونی دەستێوەردان لە هەڵبژاردنەکاندا پشتڕاست کردووەتەوە.

مەجلیسی مەبعووسان کە ڕەخنەی توندی لە سەیید عەبدولقادر و جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و کێشەی کورد گرتووە و کاردانەوەکانی لەدژی ڕێکخراوە کوردیەکان ڕێك خستووە. لێدوانێکی سەیید عەبدولقادر بۆ ڕۆژنامەیەکی بیانی سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی نێوان شەریف پاشا و بۆغۆس نۆبار پاشا، بووەتە بابەتی کۆبوونەوەیەکی ئەم مەجلیسە. هەر لەوێش بڕیار دراوە هەوڵ بۆ لابردنی ئەندامێتیی ناوبراو لە مەجلیسی پیراندا بدرێت و پێشنیارنامەیەکیش بۆ ئەو مەبەستە ئامادە کراوە. ئەم ناوانەی خوارەوەش، لە لیستی ئەو مەبعووسانەدا بوون، پێشنیارنامەکەیان ئامادە کردوە: حەیدەر (وان)، محەمەد مونیپ (وان)، مەزهەر موفیت (هەکاری)، خەلیل (ئەرزنجان)، ئەشرەف (ترابزۆن)، سلێمان نەجاتی (ئەرزڕۆم)، شەفق (بایەزید)، زەکی (گوموشخانە)، زیهنی (ئەرزڕۆم)، ئەحمەد موختار (ترابزۆن)، ڕفقی (گوموشخانە)، حسێن عەونی (ئەرزڕۆم)، ئاسف (هەکاری)، بەکر سامی (ئەماسیە)، عەلی شوکری (ترابزۆن)، جەلال (گەنج)[٤٤٧].

دووەم دانیشتی چواردەیەمین کۆبوونەوەی مەجلیسی مەبعووسان لە ٢٦ی شوباتی١٩٢٠دا، گفتوگۆیەکی گەرموگوڕی سەبارەت بە سەیید عەبدولقادر و شەریف پاشا و جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و ڕێککەوتننامەی کورد و ئەرمەن، تێدا کراوە. لەکۆبوونەوەکەدا، ئەو تەلگرافانە خوێنراونەتەوە کە لە کوردستانەوە نێردراون و ئیدانەی شەریف پاشا کراوە.

---

[٤٤٧] تونایا، بەرگی دووەم، ل١٩٤ هەروەها ٣١.

نوێنەرەکان لە قسەکانیاندا زوو زوو باسی ئەوەیان کردووە کە کورد و تورک لەنێو کۆمەڵگای ئیسلامیدا لێك جیا نین و هیچ جیاوازییەکیان نییە. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، بووەتە بابەتی ئەو دانیشتنەی مەجلیس و گفتوگۆی لەسەر کراوە. "جەلالەدین عارف" ئەوەی ڕاگەیاندووە کە شەریف پاشا ویستوویە کوردستان بداتە ئەرمەنەکان و جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش وەکالەتنامەی بۆ ئەو جۆرە کارانە ناردووە بۆ شەریف پاشا، لەگەڵ ئەوەدا کە هەمان وەکالەتنامەی بۆ "لوتقی فکری بەگ"یش ناردووە، بەڵام ناوبراو ئەوەی قبووڵ نەکردووە و داوای لە هاووڵاتیانی خۆی کردووە نەفرەت لە شەریف پاشا بکەن.

مەجلیسی مەبعووسمان ئەو ڕۆژانە بەهۆی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و کێشەی کوردەوە، مشتومڕ و گفتوگۆیەکی چڕوپڕ دەکات. ئەو تەلگرافانەی کە مەبعووسەکان قسەیان لەسەر کردوون، لە بنەڕەتدا بە چاودێریی ڕێکخراوەکانی مودافەعەی حقووق نێردراون. ئامانجی ئەو تەلگرافانەش ئەوە بووە شەریف پاشا لە پاریس بە تەنها بهێڵرێتەوە و ڕێکخراوی کوردی پشتی ناوبراو نەگرێت. ئەو گوشارانەی کە لەو قۆناغەدا دەخرانە سەر جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لەو کاتانەوە دەستیان پێکرد کە دەقی تەلگرافەکان ئامادە کرابوون. هەندێك لە خانەدانەکان و مەلا و موفتی و مامۆستا و سەرۆکی شارەوانی و بازرگان و سەرۆك خێڵەکان، لەلایەن ڕێکخراوەکانی موادافەعەی حقووقەوە، ڕازی کراون تا تەلگرافی ئیدانەکردنی شەریف پاشا بنێرن. هەندێك لەو تەلگرافانە، ئیمزای ژمارەیەك لە کەسە ناودارەکانی کوردیشی پێوەیە و ئەمە نیشانەی بەهێزبوونی

پروپاگەندەی کەمالیەکانە لە کوردستان، ئەو دەقانەش بە زمانی پروپاگەندەی کەمالیەکانەوە نووسراون[٤٤٨].

ئەو تەلگرافانەی کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیە هەرێمیەکانی عوسمانییەوە لە کوردستان و فەرماندەکانی سوپا و سەرۆکی بنەماڵە کاریگەرەکان و ژمارەیەك لە خێڵە کوردیەکانەوە، لە ئەنجامی قەناعەت پێکردن و گوشارەوە نێردرابوون، لە بنەڕەتدا بەهۆی هەڵوێستی سیاسیی جەمعییەتەکانی مودافەعەی حقووق و هێزی قووای میللییەوە نێردرابوون، ئەمە ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو سیاسەتە بووە کە کەمالیەکان لە داهاتوودا سەبارەت بە کێشەی کورد جێبەجێیان دەکرد. ناوەڕۆکی ئەم سیاسەتە، بەوجۆرە بوو کە دەیانگوت کێشەیەك بە ناوی کێشەی کورد و کوردستانەوە نییە و پێویستە خەلیفەی عوسمانی پیرۆز بکرێت و لە کۆت و بەند ڕزگاری بێت. هەروەها نیشتمانی کوردەکانیش بخرێتە ناو سنوورەکانی میساقی میللی، بەوجۆرەش مێژوو و کولتوور و نەریت و بەهاکانی کورد و کوردایەتی نکوولییان لیّ دەکرا و دەخرایە بەر سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەیی. لەو قۆناغەدا، دەیانویست کوردەکان لە ڕووی جوگرافی و ئەتنییەوە بتوێننەوە. نووسینی ئەو تەلگرافانە بەهۆی سیاسەتی گوشارەوە نیشانەی سیاسەتێك بووە کە ئەوان لە کوردستان جێبەجێیان کردووە. دەقی تەلگرافەکان لەلایەن کەسانی سەر بە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و جووڵانەوەی نەتەوەییی

---

[٤٤٨] سەبارەت بە وردەکاریی زیاتر دەربارەی وتەکان و ئەو تەلەگرافانەی وا لە مەجلیسی مەبعووساندا پێشکەش کراون، بڕواننە ئەم سەرچاوانە: گویل ئۆغلو، ل٩٠، MMZCD5SI114، ١٩ی شوباتی ١٩٢٠، ل١٦٨–١٦٩؛ TV ٣ی ئاداری ١٣٣٦، ژمارەی ٢٩٧١، پاشکۆ؛ تونایا، بەرگی دووەم، ل١٩٣ و ل٢٨ و ٣٣؛ یلدز، ل٨٠–٨٢؛ ئەو دەقانە لەو ڕۆژنامە تورکیانە وەرگیراون کە لەو ڕۆژانەدا بە بەردەوامی بڵاو کراونەتەوە، ئیقدام ٢ و٣ی مارتی ١٩٢٠.

کوردەوە نەنێردراون، هەروەها داواکاریەکانی جەماوەری هەژاری کوردیشیان لەخۆ نەگرتبوو. ئەو تەلگرافانە زۆرتر لەلایەن کەسانی دەوڵەمەندی شارەکان و ئاغا و موڵکدار و بازرگان و مامۆستا و سەرۆکی شارەوانیەکانەوە نێردراون، کە ناوەڕۆکی چینێکی بۆرژوازیان هەبوە. ئەو تەلگرافانەی کە بەهۆی وررووژاندن و گوشاری بیرۆکراتەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ئەندامانی جەمعییەتەکانی مودافەعەی حقووقەوە نێردرابوون، زۆرتر بە ئامانجی ئەوە نووسرابوون کە سەرنجی کوردەکان لەسەر جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد دوور بخەنەوە و ڕێ لە بەشداریکردن لەو جووڵانەوەیەدا بگرن. ئەوانەی تەلگرافەکەیان ناردووە، زۆرتر لەسەر (یەکێتیی ئیسلام) وەستاون. ئەندامەکانی مودافەعەی حقووق، بۆ ڕێگرتن لە داواکانی کوردان سەبارەت بە سەربەخۆیی، ئەو ڕۆژانە زۆرتر باسی پێگەی خەلافەت و یەکێتیی عوسمانی و عەناسری ئیسلامییە و ئەو جۆرە شتانەیان کردووە، تا ڕێ لە گەشەکردنی بیرۆکەی سەربەخۆیی لەناو کورداندا بگرن. بیرۆکراسیێتیی دەوڵەتی عوسمانی و کادیرە کەمالیەکان لەو قۆناغەدا، لەبەر نیگەرانییە هاوبەشەکانیان سەبارەت بە گەشەکردنی هۆشیاریی نەتەوەییی کورد و پێشکەوتنی ڕێکخستنە کوردیەکان پێکەوە جووڵاونەتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەلومەرجی ساڵی١٩٢٠، لە ڕوانگەی کوردەکانەوە، هەلومەرجێك بووە هاوسەنگیی سیاسیی هێزی جۆراوجۆری تێدا دیاری کراوە و هەوڵ بۆ ئەوە دراوە بە سیاسەتێکی دژەکوردەوە گەمارۆی ڕێکخراوە کوردیەکان بدرێت. بانگکردنی کەمالیەکان بۆ ئەوەی کوردەکان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی پیرۆزی خەلافەتدا هاوپەیمانی ببەستن، لە ناوەڕۆکدا بۆ ئەوە بووە کە یەکێتیی ناوخۆی کوردەکان هەڵبوەشێننەوە. ساڵانی بیستی سەدەی بیستەم، کەمالیەکان داوایان لە کوردەکان کردووە ملکەچی دەسەڵاتی ناوەندی

عوسمانی بن و یەك ڕیز لە دەوری پێگەی خەلافەت دروست بکەن. ئامانجی سەرەکیشیان ئەوە بوو تورکەکان لە جەنگەکانی نێوان تورك و یۆنان و تورك و ئەرمەندا سەر بکەون و هەست و بیرۆکەی کوردایەتیش کە تازە گەشەی دەکرد، لەگەڵ ڕێکخراوە کوردیەکاندا لەناو بچن. مەجلیسی مەبعووسان و دواتریش پەرلەمانی (نەتەوەی گەورەی تورك) لە ئەنقەرە، هەڵوێست و ڕەفتارەکەی خۆی بەرامبەر بە کوردان بە گوێرەی ئەو سیاسەتە، ڕێك خستووە. هەڵوێستی هەردوو پەرلەمانەکە لەدژی کوردەکان، ئەو ڕۆژانە نیشانەی هاوبەشیی داواکاریەکانی ئەوان بووە لەدژی داوای سەربەخۆییی کوردان. ئەوان یەك هەڵوێست و یەك بیر و بۆچوونیان هەبوە و هەردوو ناوەندەکەش بە وردی چاودێریی دەستپێشخەری و کاروباری ڕێکخستنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیان کردووە، هەروەها ویستوویانە ڕێ لە کاروبارەکانی بگرن. ڕەخنە توندەکانی مەجلیسی مەبعووسان لە سەیید عەبدولقادر و داواکاریەکەی سەبارەت بە لابردنی ئەندامێتیی ناوبراو لە مەجلیسی پیران، نیشانەیەکی ئاشکرای سیاسەتی حکوومەتی ئەستەنبووڵ و دەوڵەتی ناوەندیی عوسمانی بووە لەدژی پێکهاتە و ڕێکخراوە کوردیەکان، ئەمەش بەرهەمێکی ئەو سیاسەتانەیە کە بۆ ڕێگرتن لە گەشەکردنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، پیڕەو کراون. هەروەها ئەوەش دەبینرێت کە ناوەندی بڕیاری کەمالیش ڕێوشوێنی هاوشێوەی ئەوانەی لەدژی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان گرتووەتە بەر و جێبەجێی کردووە.

ئەو کاردانەوە توندانەی کە لەدژی جەمعییەتی تەعالیی کودستان و سەیید عەبدولقادری سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە، ڕێك خراون، قۆناغی سیڤەر ساڵی١٩٢٠، گەیشتووەتە ئاستێکی بەرز. بەهۆی لێدوانێکی سەیید عەبدولقادرەوە بۆ ڕۆژنامەیەکی بیانی، داوا کراوە ئەندامێتیی ناوبراو لە

مەجلیسی پیراندا هەڵبوەشێنرێتەوە و بەمجۆرەش ئەمجارەیان کێشەی کورد براوەتە مەجلیسی پیران. ئەو تەلگرافانەی کە لە کوردستانەوە نێردراون، بووەنەتە بابەتی قسەکردنی ئەو مەجلیسەش. یەك بەیەکی ئەو تەلگرافانە خوێنراونەتەوە و ویستوویانە پروپاگەندەیەکی فراوان لەدژی ڕێکخراوە کوردیەکان بکەن. ئەو ڕۆژنامە تورکیانەش کە لە ئەستەنبووڵ بڵاو کراونەتەوە، ئەو ڕۆژانە بەشێوەیەکی تایبەت جێیان بەو نووسین و وتارانە داوە کە ڕەخنەیان لە شەریف پاشا و سەیید عەبدولقادر گرتووە. ئەندامێتیی سەیید عەبدولقادر لە مەجلیسی پیراندا، ئەو بابەتە بووە کە بەزۆری لەلایەن ڕۆژنامە تورکیەکانەوە ڕەخنەی لێ گیراوە. ڕۆژنامەکانی ئەستەنبووڵ ئەمەیان پێ قبووڵ نەکراوە و داوایان کردووە ئەندامێتیی سەیید عەبدولقادر لە مەجلیسی پیران ڕابگیرێت، یا وەك ناوبراو لە بیرۆکەی سەربەخۆییی کوردستان پەشیمان ببێتەوە. بەگوێرەی ڕۆژنامە تورکیەکان، نەدەکرا دوو ئەرك پێکەوە بەڕێوە ببرێت. بەهۆی ئەم پروپاگەندە ڕێکخراوانەی تورکەکانەوە، لە مەجلیسی پیراندا قسە لەسەر جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و سەیید عەبدولقادری سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە و جووڵانەوەی نەتەوەییی کورد کراوە، گفتوگۆش لەسەر ئەو ڕێوشوێنانە کە پێویستن بەرامبەری بگیرێنە بەر، کراوە.

٣ی مارتی ١٩٢٠، مەجلیسی پیران دانیشتنێکی نهێنیی کردووە، بۆ ئەوەی گوێی لە وەڵامەکانی سەیید عەبدولقادر بێت بەرامبەر بەو ڕەخنانەی کە لە ڕۆژنامەکاندا لێی گیراون[٤٤٩]. یەکەم کەسێك کە سەبارەت بە لێدوانەکەی سەیید عەبدولقادر لە مەجلیسی پیراندا مافی قسەکردنی وەرگرتووە،

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[٤٤٩] ساریهان، بەرگی ٢، ل٣٥٧؛ TV، ١٠ی ئاداری ١٣٣٦، ژمارە ٢٧٩٧، پاشکۆ؛ تونایا، بەرگی ٢، ل١٩٤.

"ئەحمەد نەعیم بەگ" بووە، ڕەخنەی توندی لە سەیید عەبدولقادر و جەمعییەتی تەعالیی کوردستان گرتووە. هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە بەتوندی ئیدانەی هەڵوێستەکەی شەریف پاشا دەکات لە پاریس. "عادیل بەگ" کە پێشتر لە وەزارەتی ناوخۆ کاری کردووە، لە قسەکانی خۆیدا زانیاریی سەبارەت بە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان داوە و وتوویە ئەو ڕێکخراوە بەگوێرەی یاساکان دانەمەزراوە، ئەوەشی زیاد کردووە کە پێویستە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دابخرێت. ئەو ڕۆژنامە تورکیانەی کە ئەو ڕۆژانە لە ئەستەنبووڵ بڵاو کراونەتەوە، هەڵمەتێکیان لەدژی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دەست پێکردووە و باسی ئەوەیان لە هەواڵ و شیکردنەوەکانیاندا کردووە کە پێویستە ئەو ڕێکخراوە دابخرێت[٤٥٠]. لێدوانەکەی سەیید عەبدولقادریش، هاوکاتی ئەو ڕۆژانەدا بووە[٤٥١]. ئەو قسانەی کە لە مەجلیسی مەبعووساندا سەبارەت بە سەیید عەبدولقادر کراون، هەروەها ئەو ڕەخنانەش کە لە ڕۆژنامەکاندا لە کەسایەتیی ناوبراو گیراون، کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەری هەبوە. لەوانەیە لێدوانەکەی دواتری ناوبراو، سەبارەت بەوەی کە ئەو لێدوانەی گوایە بە ڕۆژنامەیەکی بیانی دراوە هیی ئەو نەبوە، بە کاریگەریی ئەو ڕەخنانە بووبێت. ناوبراو باسی ئەوەی کردووە کە ئەو قسانەی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کراونەتەوە، هیی ئەو نەبوون. بۆ ئەوەی مەسەلەکە ڕوون بکاتەوە، پێویست بەوە هەیە دانیشتنێکی نهێنی ساز بکرێت. لەبەر ئەوە داواکاریەکەی قبووڵ کراوە[٤٥٢]. ڕوونکردنەوەیەکی نووسراوی سەیید عەبدولقادر ١٥ی مارتی ١٣٣٦ لە نۆزدەیەمین کۆبوونەوەی

---

[٤٥٠] بۆچی مۆڵەت درا بە جەمعییەتی تەعالیی کورد، یەنیگون، ٢٦ی شوباتی ١٩٢٠.

[٤٥١] سەیید عەبدولقادر، کوردەکان و عوسمانلی، ئیقدام، ٢٧ی شوباتی ١٩٢٠.

[٤٥٢] تی ڤی، ١١ی ئاداری ١٩٣٦، ژمارەی ٣٧٨٩ ل١٢٧-١٢٨.

مەجلیسی پیراندا دەخوێنرێتەوە، سەبارەت بەوەی کە ناوبراو بە هیچ شێوەیەك لێدوانی لەو جۆرەی نەداوە:

((بۆ سەرۆکایەتیی مەجلیسی عەیان

ڕۆژی ڕابردوو ژمارەیەك لە مەبعووسەکانی ویلایەتی شەرقییە لە مەجلیسی مەبعووساندا، بە بیانووی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی "ژورنال دۆریان"ەوە کە گوایە من لێدوانم بۆی داوە، داوایان کردووە ئەندامێتیم لە مەجلیسی پیران ڕابگیرێت. لەبەر ئەوە ناچار ماوم هەندێك ڕوونکردنەوە بدەم. ئەوەش ئەوەیە کە من بە هیچ شێوەیەك لێدوانی وام بۆ ڕۆژنامەی ناوبراو نەداوە. لەبەر ئەوە بە نەفرەت و تووڕەییی‌یەوە ئەو شتانەی وا باس کراون، ڕەت دەکەمەوە. سەرەڕای ئەوەی کە دەزانم چ کەسانێك بە چ مەبەستێك دەیانەوێت لەکە بخەنە سەر شەرەف و دیانەتی من، بەهۆی ئەو بارودۆخەی ئێستاوە و لەبەر بەرژەوەندی دەوڵەت و میللەت، نامەوێت هیچ دەستپێشخەرییەك بکەم. هەروەها دەمەوێت بڵێم: لای هەموو کەس ڕوونە کە هەموو هەوڵەکانم بە شەرەف و ڕاستگۆیی‌یەوە بۆ گەشەکردنی دەوڵەت و میللەت و دیانەت بووە، بەڵام ئەگەر وازهێنانم لە مەجلیسی عوسمانییە سوودێکی بۆ وڵات دەبێت، ئەو کاتە ئەمەش بە شەرەف و خزمەتێك دەزانم و ئامادەی دەست لەکارکێشانەوەم. [دەنگی ئافەرین و براڤۆ بەرز دەبێتەوە]

١٢ی مارتی ١٣٣٦ سەیید عەبدولقادر لە مەجلیسی عەیان))[٤٥٣].

وەك دەزانرێت شەریف پاشا، دوو یاداشتنامە و نەخشەیەکی کوردستانیشی پێشکەش بە کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس کردووە. (٢٢ی ئاداری ١٩١٩ و ١ی ئاداری ١٩٢٠)، ١٩٢٠/١١/٢٠، ڕێککەوتننامەیەکی لەگەڵ

---

[٤٥٣] تونایا، بەرگی دوو، ل١٩٤ و ٣٧.

"بۆغۆس نۆبار پاشا"ی نوێنەری ئەرمەنەکاندا مۆر کردووە. بۆغۆس نۆبار پاشا لە ئەنجامی پێداگریەکانی شەریف پاشاوە بۆ مافەکانی کورد، ڕازی بووە ڕێ لە پروپاگەندەی ئەرمەنەکان لەدژی کوردەکان بگرێت. دەقی ڕێککەوتننامەکەش دوای ئەو دەسپێشخەرییانە مۆر کراوە. ئەوی وا لە ناوەڕۆکدا کوردەکانی خۆشحاڵ کردووە، ئەوەیە کە ئەرمەنەکان بەڵێنیان داوە پروپاگەندەکانیان لەدژی ئەوان ڕابگرن. ناوەڕۆکی داواکاریی هەردوو وەفدەکەش لە پاریس، ئۆتۆنۆمیی شەش ویلایەت بووە. شەریف پاشا پێداگریی لەوە کردووە کە زۆربەی دانیشتوانی ئەو شەش ویلایەتە کوردن. کۆنفرانسەکە لەسەر ئەوە بڕیاری داوە وەفدێك ڕەوانەی ناوچەکە بکات. ڕێك لەو کاتانەدا لێدوانێکی سەیید عەبدولقادر لە ڕۆژنامەی "ژۆرناڵ دی ئۆریەنت"دا بڵاو کراوەتەوە کە بە فەرەنسی لە ئەستەنبووڵ دەرچووە. لێدوانەکە وا شی کرابووەوە گوایە سەیید عەبدولقادر و کوردان ئەرمەنستان بە ڕەسمی دەناسن و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە باسی دەرکردنی ناوبراو لە مەجلیسی پیراندا بکرێت. ڕێکخراوەکانی مودافەعەی حقووقیش، لەو ڕۆژانەدا پروپاگەندەی ئەوەیان کردووە کە سەیید عەبدولقادر لایەنگری دامەزراندنی ئەرمەنستانە لە چوارچێوەی سنوورەکانی کوردستاندا، بەوجۆرەش ویستوویانە هەوڵەکانی کورد لە پاریس لاواز بکەن. ئەو تەلگرافانەش کە ئیدانەی ڕێککەوتننامەکەیان کردووە، لەو کاتانەدا ڕەوانەی مەجلیسی مەبعووسان کراون. ئەو تەلگرافانە کە لە ئەنجامی هەوڵەکانی بەڕێوەبەرانی هەرێمیی عوسمانی و کەمالیەکان و دەستپێشخەری ڕێکخراوەکانی مودافەعەی حقووقەوە نێردراون، بۆ ئەوە بوون کە شەریف پاشا لە پاریس بە تەنیا بهێڵرێتەوە و ئەمەش ئاماژەیەك بووە بۆ ئەوەی کە جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش کراوە بە ئامانج و ڕەخنەی لێ دەگیرێت.

هەروەها مشتومڕ و گفتوگۆیەکی گەرم لەو قۆناغەدا لە مەجلیسی مەبعووسان و مەجلیسی پیران، سەبارەت بەو بابەتە دەکرێت. هەردوو مەجلیسەکەش، وەك بەرهەمێکی قۆناغەکە، ڕوانیویانەتە کێشەی کورد و گفتوگۆیان لەسەر کردووە. سەیید عەبدولقادریش ئەو ڕۆژانە بووەتە ئامانجی سەرەکیی ڕۆژنامە تورکیەکان و مەبعووسانی تورك. سەیید عەبدولقادر بە هۆی لاوازیی کەسایەتیەکەیەوە لە ڕووی سیاسییەوە، هەروەها بەهۆی پێگە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکەی خۆیەوە، توانای ئەوەی نەبوە کاریگەریەکانی ئەو پروپاگەندە بەرفراوانەی تورکەکان لەسەر جووڵانەوە نەتەوەییی کورد هەڵبسەنگێنێ و ئاشکرای بکات. ئەم پروپاگەندەیە، بووەتە هۆی ئەوەی کە لەڕێی کەسایەتیی ئەوەوە کاری خراپ بکاتە سەر کوردەکان و قۆناغێك دەست پێبکات کە بووەتە هۆی دابەشبوونی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان. لە ئەنجامی ئەو پروپاگەندە زۆرانەی کەمالیەکانەوە، سەیید عەبدولقادر ئەو ڕۆژانە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیی ساز کردووە و باسی ئەوەی تێدا کردووە کە کوردان سەربەخۆییان ناوێت، بەڵام دەیانەوێت بەڕێوەبەرایەتییەکی ئۆتۆنۆمییان لە سایەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا هەبێت، ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی هەندێك ڕووداو کە بە دابەشبوونی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان کۆتاییان پێهاتووە[٤٥٤]. حکوومەتەکانی عوسمانی، هەموو کات وا ڕوانیویانەتە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان کە ڕێکخراوێکە پێویستە لەناو ببرێت. دەستەی وەزیرانی عوسمانی، بەو هەڵوێستە سیاسییەوە، کۆبوونەوەی لەسەر کێشەی کورد کردووە و بڕیاری داوە ڕێوشوێنەکانی خۆی لە کوردستان لە چوارچێوەی

---

[٤٥٤] دێرسیمی...، مێژووی کوردستان، ل١٢٠.

کاردانەوە لەدژی جەمعییەتی تەعالیی کوردستاندا ڕێك بخات. دەستەی وەزیران ١٨ی حوزەیران بە هۆی هەندێك زانیارییەوە کە سەبارەت بە چالاکیی دژی حکوومەتی نوێنەرانی سیاسیی ئینگلیز لە مووسڵ و بتلیس و دیاربەکر و وان پێیان دراوە، هەروەها کۆبوونەوەیان سەبارەت بە کار و چالاکیەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان کردووە و دەستەی وەزیرانیش بڕیاری داوە ڕێوشوێنە سەربازیەکانی لە کوردستان زۆرتر و ڕێکخراوی ژەندرمە دروست بکات و لە کوردستان جێگیری بکات. هەروەها بڕیاری داوە فەرمانبەری کورد ڕەوانەی کوردستان بکات و مەدالیا بداتە سەرۆك خێڵە کوردەکان و ناو و پلەوپایەیان بداتێ و خەڵاتیان بکات. ژمارەیەك لەو کوردانەش کە سیاسەتی نیشتەجێکردن دەیانگرێتەوە، لە (ئەنقەرە و قۆنیە) جێگیر بکات و ئاژەڵ و چادریان پێبدات. جگە لەوە بۆ زیادکردنی ئامۆژگاری و ڕێنمایی بە قازانجی عوسمانیەکان، دەستەیەکی ئامۆژگاری لە کوردستان دابمەزرێت. یەکێکی دیکە لە بڕیارە گرنگەکانی دەستەی وەزیران، پەیوەندیی بە جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە هەبوو. ئەو بڕیارەش ئەوە بووە کە بەهۆی زیادبوونی هۆشیاریی نەتەوەییی کوردەوە، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بە ڕێکخراوێکی (بێ کەڵك) لەقەڵەم دراوە و ئەو وەفدەش کە بڕیار دراوە ڕەوانەی کوردستان بکرێت، زۆرتر بۆ ڕێگرتن بووە لە کار و چالاکیەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان. ئەو وەفدە لە (حەیدەریزادە ئیبراهیم ئەفەندی، عابووق ئەحمەد، عەونی پاشا) پێك هاتبوو. ئەوان ڕاسپێردابوون بۆ ئەو مەبەستە بچنە کوردستان. "سینا ئاکشین" دەڵێت ئەو بڕیارانەی کە دەستەی وەزیرانی عوسمانی سەبارەت بە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و جووڵانەوەی

نەتەوەیی کورد داونی، بڕیار و هەڵوێستی ئازایەنە بوون[٤٥٥]. حکوومەتەکانی عوسمانی، جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیان بە هۆکار و بەرپرسی گەشەکردنی هۆشیاریی نەتەوەییی کورد و ڕەفتاری کوردایەتی لەقەڵەم داوە. چاوەڕوانییەکی زۆر بەهۆی ئەو نیگەرانیە سیاسییەشەوە، لە دەستەی ئامۆژگاری هەبوە[٤٥٦].

حکوومەتەکانی عوسمانی، زۆر نیگەران بوون لە بوونی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە کوردستان و کار و چالاکیەکانی ئەو ڕێکخراوە لە ئەستەنبووڵ. بۆیە بڕیار دراوە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دابخرێت[٤٥٧]. حکوومەت، هەر لە ساڵی ١٩١٩ـەوە دەستی بە داخستنی لقەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان کردبوو. هەروەها دەردەکەوێت هەندێك لقی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ئۆکتۆبەری ١٩١٨ داخراون. لە سەردانێکی وەفدی جەمعییەتی تەعالیی کوردستاندا بۆ وەزارەتی ناوخۆ بۆ مەسەلەی هەڵبژاردنەکان، ئەندامانی وەفدەکە نیگەرانیی خۆیان سەبارەت بە داخستنی لقەکانی ئەو ڕێکخراوە دەربڕیوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەڕێوەبەرانی حکوومەتی عوسمانی هەر لە ناوەڕاستی ١٩١٩ـەوە بە شێوەیەکی بەسیستەمکراو سیاسەتێکی دژ بە جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیان پێڕەو کردووە. بەگوێرەی هەواڵێکی ڕۆژنامەی ئیقدام کە لە ١٠/١٤دا بڵاو

---

[٤٥٥] ئاکشین، ل٣٥٤.

[٤٥٦] ڕستەکانی کۆتایی کۆنووسینی دانیشتنی ڕۆژی ١٨ی حوزەیرانی ١٣٣٥ی مەجلیسی وکەلا: ((بڕیاردرا لەسەر ئەوەی کە ئەنجومەنێکی هەمیشەیی و تایبەت دروست بکرێت لە حەیدەریزادە ئیبراهیم ئەفەندی و عابووق ئەحمەد پاشا و نازری بەحرییە عەونی پاشا)) بڕوانە: تونایا، بەرگی ٢، ل١٩٢ و ٢٤.

[٤٥٧] ئیقدام، ١١ی حوزەیرانی ١٩٢٠.

کراوەتەوە، وەفدەکە داوایان لە وەزارەتی ناوخۆ کردووە مۆڵەت بدەن تا لقەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بکرێنەوە[٤٥٨]. سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەك بەڕێوەبەری هەرێمەکانی عوسمانی، هەندێك لە لقەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیان داخستووە، ئەو ڕێکخراوە تا کۆتاییی ساڵی١٩٢٠ درێژەی بە کار و چالاکیە ناوەندیەکانی خۆی داوە و بارەگاکەی دانەخراوە. حکوومەتی عوسمانی، ١٩٢٠/١٠/١١، بڕیاری داوە ئەو ڕێکخراوە دابخات، بەڵام بە کردەوە جێبەجێی نەکردووە و بەڵگەیەکیش نییە ئەمە پشتڕاست بکاتەوە. لە سەرچاوەی جۆراوجۆری کوردییەوە، ئەوە دەردەکەوێت کە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان تا دامەزراندنی کۆماریش، کار و چالاکیەکانی خۆی درێژە پێداوە، بەڵام وەك ڕێکخراوی سیاسیی بەهێزی کوردی نەماوە و بەردەوام لەژێر گوشاردا بووە. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، هەر لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە تا ڕۆژی داخستنی، لەژێر گوشارێکی بەسیستەمکراوی هێزە دەوڵەتیەکان و بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی عوسمانی و و فشاری سیاسیی ناوەندی بڕیاری کەمالیدا بووە. پەرلەمانی مەشرووتییەت و مەجلیسی پیرانیش کە ئۆرگانەکانی یاسادانان بوون، بڕیاری سیاسییان لەدژی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان داوە. پەرلەمانی قۆناغی مەشرووتییەت و دواین مەجلیسی مەبعووسانی عوسمانی، لە ماوەی کورتی تەمەنی خۆیدا، لەنزیکەوە چاودێریی کێشەی کورد و جەمعییەتی تەعالیی کوردستانی کردووە و بووەتە یەکێك لەو دەزگایانەی کە سیاسەتیان لە قۆناغێکدا بۆ گوشار خستنە سەر ڕێکخراوە کوردیەکان دیاری کردووە. مەجلیسی مەبعووسان کە زۆربەی ئەندامەکانی سەر بە جەمعییەتەکانی

[٤٥٨] ئیتهام، ١٩١٩/١٠/١٤.

مودافەعەی حقووق بوون، وەك مەجلیسێكی لێهاتوو كاردانەوە و ناڕەزاییەكانی لەدژی گەشەكرنی هۆشیاریی نەتەوەییی كورد و جەمعییەتی تەعالیی كوردستان ڕێك خستووە.

ئەو مەجلیسە، پێی وابووە جەمعییەتی تەعالیی كوردستان، بەرپرسی یەكەمی ئەو هەوڵانەیە كە سەبارەت بە كوردایەتی دەدرێن و پێویستە لەبەر ئەوە دابخرێت. مەجلیسی پیرانیش، هەڵوێستێكی وەهای بەرامبەر بە جەمعییەتی تەعالیی كوردستان هەبوە. هۆكاری سەرەكیی نیگەرانیەكانی هەردوو مەجلیسەكە لە "سەیید عەبدولقادر"، بۆ ئەو هەلومەرجە سیاسییە گەڕاوەتەوە كە دوای قۆناغی ئاگربەست بە قازانجی كوردەكان گەشەی كردووە. جووڵانەوەی كەمالیی و حكوومەتەكانی ئەنقەرە، لە تەنیشت حكوومەتەكانی عوسمانیدا، دەستیان بە ڕێكخستنی كاردانەوە توندەكان كردووە لەدژی جەمعییەتی تەعالیی كوردستان و دەستپێشخەرییە سیاسیەكانی كورد. ئەو دوو ناوەندە سیاسییە، بۆ كزبوونی كاریگەریی جەمعییەتی تەعالیی كوردستان، هێزی پۆلیس و سوپای عوسمانی و بیرۆكراتەكانی حكوومەت و میكانیزمەكانی بەڕێوەبەرایەتییان لەو ناوچانە بەكار هێناوە. كادیرە كەمالیەكان، هەر لە ساڵی ١٩١٩ـەوە، ڕاپۆرتیان لەسەر كار و چالاكیەكانی جەمعییەتی تەعالیی كوردستان و لقەكانیان لە كوردستان بۆ وەزارەتی ناوخۆی حكوومەتی عوسمانی ناردووە. هەروەها پێشنیاری ئەوەیان كردووە ئەو لقانە دابخرێن. بەرپرسە باڵا سەربازیەكانی عوسمانی و والی و قایمقامەكان و سیخوڕەكانی حكوومەت لە كوردستان، بەردەوام چاودێریی كار و چالاكیەكانی جەمعییەتی تەعالیی كوردستانیان كردووە و ڕاپۆرتیان بۆ هەردوو ناوەندی دەسەڵات لە ئەستەنبووڵ و ئەنقەرە ناردووە. داوای ئەوەش كراوە كە لەڕێی توندوتیژییەوە كۆتایی بە كار و چالاكیەكانی

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بهێنرێت. هەیئەتی تەمسیلییە لە سەرووی ئەو لایەنانەوە دێت کە داوایان کردووە لقی (عەرەپگێر)ی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دابخرێت: ((پێویستە لقی عەرەپگیری جەمعییەتی تەعالیی کوردستان کە پەیوەندیی لەگەڵ ئەستەنبووڵدا هەیە و بەناوی ئینگلیزەکانەوە مەسەلەی کوردایەتیی دەرخستووە، لەناو ببرێت و ئەمەش گرنگییەکی تایبەتی بۆ ویلایەتی (ئەلازیغ) هەیە و دەبێ بایەخی پێ بدرێت. ٢٦ی ئەیلوولی ١٣٣٥))[459].

هەیئەتی تەمسیلییە لە دێرسیمیش، هەوڵی داخستنی لقەکانی ئەو جەمعییەتەی داوە: ((داوا لە "سەروەت بەگ"ی والی خاپوور [و: لەوانەیە خەرپووت بێت] کراوە، ڕێ بە کار و چالاکیەکانی ڕەوتێکی درۆینەی وەك "جەمعییەتی تەعالیی کوردستان" نەدات، کە وادیارە لە دێرسیم پێگەی خۆی بەهێزتر کردووە))[460].

هەڵوێستی حکوومەتی عوسمانی لە ئەستەنبووڵ، سەبارەت بە ڕێگرتن لە کار و چالاکیە سیاسیەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و هەوڵەکانی سەبارەت بە کوردایەتی، وەك هەڵوێستی مستەفا کەمال پاشا بووە کە ئەو کاتە هێشتا نەچووبوە ئەنادۆڵ. ناوبراو دەستەیەکی بەناوی هەیئەتی تەمسیلییەوە دامەزراندووە، کاری کردووە بۆ دامرکاندنەوەی جووڵاندنەوەی نەتەوەییی کورد لە ئەستەنبووڵ. مستەفا کەمال پاشا زۆر نیگەران بووە لە کار و چالاکیەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە ئەستەنبووڵ و بۆ ڕێگرتن لەوانەش، لە ئەنەدۆڵەوە بە بەردەوامی ڕێنمایی بڵاو کردووەتەوە:

---

[459] بایکاڵ، هەیئەتی تەمسیلییە...، ل٩.

[460] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

((داوا له دەستەکانی سوپا و ئاغا و خانەدانەکانی کورد کراوە کە تەلگراف بۆ نوێنەرانی حکوومەت بنێرن، باسی ئەوەی تێدا بکەن کە ئەو جەمعییەتە زیانبەخشەی تەعالیی کوردستان کە بە هاندانی ئینگلیزەکان کار دەکات، لەڕاستیدا دژی جووڵانەوەی کوردە ٦/١١/١٣٣٥))[٤٦١].

هەیئەتی تەمسیلییە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری لەدژی سەرکردە دیارەکانی کورد و کار و چالاکیەکانیان لە کوردستان، هەروەها بۆ ڕێگرتن لە گەشەکردنی هۆشیاریی نەتەوەییی کورد و لەناوبرنی ڕێکخراوە کوردیەکان داوە. کادیرە کەمالیەکان بۆ دژایەتیکردنی بەدرخانەکان کە کاریگەرییەکی فراوانیان لە کوردستان هەبوە. ٨ی تەمووزی ١٩١٩ بڕیارەکانی هەیئەتی تەمسیلییە، کە بۆ ناوەندی (سعرت) نێردراوە، باس کراون وا کە ڕێوشوێنی توند دژ بە بەدرخانەکان بگیرێتە بەر))[٤٦٢].

هەیئەتی تەمسیلییە، لەدژی "د. عەبدوڵڵا جەودەت بەگ"یش کە یەکێك بووە لە کەسایەتیەکانی کورد، کاردانەوەی پیشان داوە؛ نەیویستووە "د. عەبدوڵڵا جەودەت بەگ" لە ئەستەنبووڵ کار بکات، بەگوێرەی بۆچوونی ناوەندی بڕیاری کەمالیی "د. عەبدوڵڵا جەودەت بەگ" زۆر کوردپەروەر بووە، لەبەر ئەوە هەیئەتی تەمسیلییە نووسراوێکی وەك ڕاپۆرت لەسەری بۆ وەزارەتی جەنگی حکوومەتی ئەستەنبووڵ ناردووە، داوای تێدا کردووە ناوبراو لەسەر کارەکەی لابەرێت: ((بۆ جەمال پاشای وەزیری حەربییە نووسراوە: ڕاوێژکارێکی ناوخۆ کە خیانەتەکەی بە نیشتمان ئاشکرا بووە...

---

[٤٦١] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.

[٤٦٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩.

لەگەڵ "د. عەبدوڵڵا جەودەت بەگ"دا کە زۆر کوردپەروەرە و خزمەتی ئەو کەسانە دەکات کە کوردایەتی دەکەن، لەسەر کار لاببرێن))[٤٦٣].

وەك دەبینن مستەفا کەمال پاشا، نووسراوی بۆ وەزارەتی جەنگی حکوومەتی ئەستەنبووڵ ناردووە بۆ ڕێگرتن لە گەشەکردنی ڕەوتی کوردایەتی. لەو ڕێیەشەوە، ویستوویە ئەو وەزیرە ڕێوشوێن لەدژی کوردپەروەرەکان لە ئەستەنبووڵ بگرێتە بەر و سیاسەتەکانی حکوومەتی کۆشك سەبارەت بە مەسەلەی کورد ئاڕاستە بکات. تەلگرافێك کە ٢٩ی مایسی ١٩١٩، بۆ فەرماندەیی سوپا نێردراوە، ڕوونکەرەوەی ئەم سیاسەتەی مستەفا کەمال بووە. لەو تەلگرافەدا کە ئەو کاتە ناوەڕۆکەکەی بەنهێنی هێڵراوەتەوە، باس لەوە کراوە کە هەندێك لە کوردان و کەسایەتیە ناودارەکانی کاریگەر لەسەر کورد، لە ڕێی لقەکانی سوپاوە ناچار کراون تا تەلگراف بنووسن. هەروەها باسی ئەوەشی کردووە: بەوانەی ڕاگەیاندووە، پێویستە چ جۆرە هەڵوێستێك وەرنەگرن و پرسیاری ئەوەشی کردووە کە ئینگلیزەکان سەبارەت بە دامەزرانی کوردستانی سەربەخۆ، قورسایی‌یان خستووەتە سەر کام ناوچەیە؟))[٤٦٤].

مستەفا کەمال پاشا و هەیئەتی تەمسیلییە کە ئەو بەڕێوەی بردووە، لەگەڵ هەیئەتی وەکیلەکانی بەڕێوەبردن کە دواتر بووەتە حکوومەتی ئەنقەرە، هاوکاریی لەگەڵ پادشای سەرەڕۆی عوسمانیدا کردووە بۆ دژایەتیکردنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و ڕەوتی کوردایەتی. بەگوێرەی مێژوونوسە کەمالیەکانیش، لەوبارەیەوە، بەڵگە و زانیاریی زۆر لەبەر دەستە و بە قسەی

---

[٤٦٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨. عەبدوڵا جەودەت بەگ لە ڕۆژی ٩ی حوزەیرانی ١٩١٩دا کراوە بە مودیری گشتی بەیتەری، TV3522، ساریهان، بەرگی ١، ل١٩٨.

[٤٦٤] HTVD5، ل٩٠.

ئەوان، ئەمە بۆ ئەوە بووە کە ڕەوتی کوردایەتی لەناو ببرێت. ڕێوشوێنەکان لە دژی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە دیاربەکر و هۆشیاریی کوردەکان لەلایەن لقی سیازدەیەمی سوپاوە ڕێك خراون. جەودەت بەگ فەرمانەدەی ئەو لقەی سوپا، بەردەوام ڕاپۆرتی بۆ حکوومەتی ئەستەنبووڵ و مستەفا پاشای سەرۆکی هەیئەی تەمسیلییە و حکوومەتی ئەنقەرە ناردووە و باسی ئەو ڕێوشوێنانەی تێدا کردووە کە لەدژی دەستپێشخەریەکانی کورد بۆ کاروباری ڕێکخستن گرتوونیەتە بەر. دواجار لقی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە دیاربەکر لە چوارچێوەی ئەو ڕێوشوێنە سەربازیانەدا دادەخرێت.

جەودەت بەگ فەرماندەی سوپای سیازدەیەم، ۳۰ مایسی ۱۹۱۹ ڕاپۆرتێکی لە دیاربەکرەوە بۆ وەزارەتی جەنگ ناردووە و باسی کار و چالاکیەکانی خۆیانی لە ناوچە کوردنشینەکاندا تێدا کردووە. ناوبراو باسی ئەوەی کردووە کە والیی لەدژی ئەو کار و چالاکیانە دەرنەکەوتووە و بۆ ڕێگرتن لە ڕەوتی کوردایەتی فەرمانی دەرکردووە. "شەوکەت تورگوت پاشا" وەزیری جەنگ لەخوار ڕاپۆرتەکەی فەرماندەی ئەو لقەی سوپاوە، یاداشتێکی نووسیوە و باسی ئەوەی تێدا کردووە کە ئەو شتانەی ناوبراو باسی کردوون، ڕاستن[٤٦٥].

جەودەت بەگ فەرماندەی لقی سوپا لە دیاربەکر، زۆر لە کار و چالاکیەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان نیگەران بووە، لەوێ و دواجار بە ڕەزامەندیی مستەفا کەمال پاشا و حکوومەتی کۆشك، ئەو لقەی داخستووە. تەنیا بەوەش نەوەستاوەتەوە و پەیوەندیی بە سەرۆك خێڵ و

---

[٤٦٥] HTVD6، ل۱۳۰.

ژمارەیەك لە سەرۆك بنەماڵە و کەسایەتیە کاریگەرەکانی ناوچەکەوە گرتووە و داوای لێ کردوون ڕێ لە هەوڵەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بۆ گەشەپێدانی هۆشیاریی نەتەوەییی کورد بگرن و حکوومەت کۆشکی لەو جۆرە کار و چالاکیانەی خۆی ئاگادار کردووەتەوە و هەمان ئەو زانیاریانەشی بە مستەفا کەمال پاشا ڕاگەیاندووە[٤٦٦].

فەرماندەی سوپای ئەستەنبووڵ، هەمان بیر و بۆچوونی جەودەت بەگی سەبارەت بە کوردەکان هەبوە. جەودەت بەگ بە فەرمانەکانی فەرماندەیی سوپا لە ئەستەنبووڵ و ڕێنماییەکانی ئەنقەرە، جووڵاوەتەوە. ئەرکی جەودەت بەگ لە دیاربەکر ئەوە بوو لەڕێی تەگبیری سەربازییەوە، ڕێ لە گەشەکردنی پێکهاتە کوردیەکان و هەستی نەتەوەییی کورد بگرێت. ناوبراو نووسراوی لەو بارەیەوە بۆ ئەنقەرە و ئەستەنبووڵ بەرز کردووەتەوە، بۆ کەمکردنەوەی پروپاگەندەی کوردایەتی، هەروەها گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئیداری[٤٦٧].

فەرماندەییی سوپا ١٥ی حوزەیرانی ١٩١٩ پێشنیاری بۆ سەرۆکایەتی کردووە جەودەت پاشا وەك فەرماندەی سوپای سیازدەیەم بهێڵێتەوە و

---

[٤٦٦] HTVD5، ل١٠٦.

[٤٦٧] جەودەت بەگ فەرماندەی لقی ١٣یەمی سوپا،١٤ی حوزەیرانی ١٩١٩ نامەیەکی بۆ وەزارەتی جەنگ ناردووە و سوپاسگوزاریی خۆی تێدا سەبارەت بە داخستنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ڕاگەیاندووە و باسی ئەوەشی کردووە کە دوو کەس لە خانەدانەکانی سیلڤان بە ناوەکانی "سادق بەگ و عەلی ئاغا"وە سەریان لێ داوە و پێیان ڕاگەیاندووە سیاسەتی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان جیاییخوازانەیە و ئەمجۆرە سیاسەتەش خیانەتکارانەیە. فەرماندەییی گشتیی سوپاش لە ڕاپۆرتێکدا کە بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی بەرز کردووەتەوە، باسی ئەوەی کردووە کە ڕێوشوێن و تەگبیری گونجاو لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی سیازدەیەمین لقی سوپادا بگیرێتە بەر بۆ ڕێگرتن لە پروپاگەندەی کوردایەتی.

دەستەی ئامۆژگاری ڕەوانەی کوردستان بکات. ڕاپۆرتەکە بە ئیمزای "شەوکەت تورگوت"ی وەزیری جەن، بۆ سەرۆکایەتی بەرز کراوەتەوە[٤٦٨].

١ی تەمووزی ١٩١٩ جەودەت پاشا ڕاپۆرتێکی دیکەی سەبارەت بە کێشەی کورد بۆ سەرۆکایەتی بەرز کردووەتەوە[٤٦٩]. لە ٨ی تەمووزیشدا، ڕاپۆرتێکی دیکەی سەبارەت بە کار و چالاکیەکانی کوردایەتی، دەداتە سەرۆکایەتی، وردەکاری و زانیاریی وردی تێدایە[٤٧٠].

هەموو ئەم هەوڵە ڕێکخراوانە، بۆ ڕێگرتن بووە لە دەست پێشخەریەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، سەبارەت بە کوردایەتی. لەلایەکی دیکەشەوە، ئاستی ڕێکخستن و کاریگەریەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لەسەر هزری مرۆڤی کورد پیشان دەدات.

فەرماندەی لقی سیازدەیەمی سوپا، بەتوندی لە کار و چالاکیەکانی خەلیل بەگی موتەسەڕیفی مەڵاتیەو یەکێك لە سەرکردەکانی کورد نیگەران بووە، هەوڵێکی زۆریشی بۆ ئەوە داوە لەسەر کارەکەی لاببرێت. ئەوە لە نووسراوەکاندا دەردەکەوێت کە مستەفا کەمال پاشا، بە هەمان شێوە لە خەلیل بەگ نیگەران بووە. فەرماندەیی لقی سیازدەی سوپا ٧ی ئابی ١٩١٩ لە دیاربەکرەوە ڕاپۆرتێکی بۆ وەزارەتی جەنگ بەرز کردووەتەوە و باسی ئەوەی تێدا کردووە کە خەلیل بەگی بەدرخانی موتەسەڕیفی مەڵاتییە خەریکی کوردایەتییە و داوای کوردستان دەکات. "کامەران عالی بەدرخان" و "مەولانزادە ڕەفعەت"یش، بۆ ئەو مەبەستە هاتوونەتە کوردستان. باسی ئەوەشی کردووە کە ئەوان بۆ ڕێگرتن لە کار و چالاکیەکانی ئەو کەسانە،

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[٤٦٨] HTVD4، ل٨٥.

[٤٦٩] HTVD7، ل١٤٧.

[٤٧٠] HTVD10، ل١٠٠.

ئەوەی لەدەستیان بێت ئەنجامی دەدەن. فەرماندەییی ئەو لقەی سوپا، داوای ئەوەشی کردووە کە خەلیل بەگ بۆ ئەستەنبووڵ بگوازرێتەوە [٤٧١].

سەبارەت بە ڕێگرتن لە ڕەوتی کوردایەتی و لەناوبردنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ناوەندی بڕیاری کەمالیی و حکوومەتەکانی ئەستەنبووڵ و بەڕێوەبەریە هەرێمیەکانی عوسمانی لە کوردستان و فەرماندەکانی لقەکانی سوپا، پێکەوە یەك بۆچوون و هەڵوێستیان هەبوە. هەیئەتی تەمسیلییە و حکوومەتەکانی ئەستەنبووڵ، سەبارەت بە ڕێگرتن لە کار و چالاکیەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ڕێنماییی وەك یەکیان بۆ بەرپرسە سەربازییە باڵاکان و بیرۆکراتەکانی حکوومەت لە کوردستان، ناردووە. لقەکانی سوپا و بیرۆکراتەکانی حکوومەتیش، بە هەمان شێوە وەك یەك ڕاپۆرتیان بۆ هەیئەتی تەمسیلییە و حکوومەتەکانی ئەستەنبووڵ ناردووەتەوە. ئەو ڕاپۆرت و فەرمانانەی بۆ یەکتری ڕەوانە کراون، پێکەوە لەگەڵ یەکدا گونجاون. بەڕێوەبەرە هەرێمیەکان و بەرپرسە باڵاکانی سوپا لە کوردستان، سەبارەت بە لەناوبردنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، پابەندی ڕێنمایی و فەرمانەکانی هەردوو ناوەندە سیاسی و سەربازیەکە بوون. کازم قەرەبەکر، هاوکاریی لەگەڵ حکوومەتی ئەستەنبووڵ و مستەفا کەمال پاشادا کردووە و لە ئاستێکی باڵادا هەوڵی ڕێگرتنی کاروباری ڕێکخستنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و گەشەکردنی هۆشیاریی نەتەوەییی کوردی داوە.

مستەفا کەمال پاشا هەر لەو کاتانەوە کە لە (ئەماسیا)دا بووە، سەبارەت بە لەناوبردنی ڕێکخراوی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و هۆشیاریی

---

[٤٧١] HTVD10، ل٢٩٣.

نەتەوەییی کورد، نووسراوی لەگەڵ کازم قەرەبەکردا ئاڵوگۆڕ کردووە. لە نووسراوێکدا کە ١٦ی حوزەیرانی ١٩١٩ لە ئەماسیاوە بۆ کازم قەرەبەکری نووسیوە، باسی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانی کردووە و وتوویە لەبەر ئەوەی ئەو ڕێکخراوە ئامانجی سەربەخۆییی کوردستانی هەبوە، داخراوە[٤٧٢].

تەنیا دوو ڕۆژ دوای ئەو نووسراوەی مستەفا کەمال پاشا بۆ کازم قەرەبەکر، حکوومەتی ئەستەنبووڵ دەست بە گفتوگۆکانی دەکات سەبارەت بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست لەبارەی کێشەی کوردەوە. لەو گفتوگۆیانەشدا، دەکەوێتە کۆبوونەوە بۆ جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی پێویست دەرهەق بە کورد. ڕووداوێکی سەیر لە کۆبوونەوەکاندا ڕووی داوە و دەستەی وەزیران بڕیاری داوە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، بە بێکەڵك دابنێ. ڕووداوەکانی ناو کوردستان و ئەو بڕیارانەی کە لە ئەستەنبووڵ دراون، ئەنجامی ڕەفتار و بیر و بۆچوونێکی هاوبەشن. دەتوانرێت بگوترێت بڕیاری دەستەی وەزیران لە ئەستەنبووڵ سەبارەت بە داخستنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئەنجامی ئەو ڕاپۆرتانە بوون کە ناوەڕۆکێکی هەواڵگرییان هەبوە و لەلایەن کادیرانی کەمالی و بەرپرسانی سوپاوە لەسەر ئەو جەمعییەتە، ڕەوانەی ئەستەنبووڵ کراون[٤٧٣].

ئەوان، لە ئەنقەرە و دیاربەکر و ئەرزڕۆم و ئەستەنبووڵ، ڕەفتار و بیر و بۆچوونێکی هاوبەشیان سەبارەت بە لەناوبردنی هۆشیاریی نەتەوەییی کورد کە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان پێی گەیاندووە، هەبوە. کازم قەرەبەکر لە ئەرزڕۆم، بۆ لەناوبردنی ڕەوتی کوردایەتی، هاوکاریی کۆشکی کردووە و بەڕێوەبەرە هەرێمیەکانیش لە ئاستی سوپادا، هاوکاریی ئەو ڕەوتانەیان

---

[٤٧٢] ATTB، ٥، ل٣٤.

[٤٧٣] ئاکشین، ل٣٨٣.

کردووه کە دژی بوونی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان جووڵاونەتەوە. هەیئەتی تەمسیلییە و حکوومەتی ئەستەنبووڵ، بۆ فەراهەمکردنی زەمینەی بەردەوامبوونی ئەو والی و قایمقامانەی کە لەدژی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لەسەر پۆستەکانی خۆیان جووڵاونەتەوە، پێکەوە هەوڵ و تەقەلایان داوە. لەبەر ئەمە زووبەزوو ڕاپۆرتیان بۆ فەرماندەییی گشتیی سوپا لە ئەستەنبووڵ ناردووە. تەلگرافێك ٢ی ئەیلولی ١٩١٩ سەبارەت بە لەسەرکارلابردنی حەیدەر بەگی والیی وان، ڕەوانەی ئەستەنبووڵ کراوە. کاردانەوە و نیگەرانی لەو تەلگرافەدا بەرامبەر بە لابردنی ناوبراو لەسەر پۆستەکەی هێنراوەتە سەرزمان و باس لەوە کراوە کە حەیدەر بەگ لەدژی ئەو کار و چالاکیانە وەستاوەتەوە کە بۆ سەربەخۆیبی کوردستان دەدرێن و لەبەر ئەوە لابردنی لەسەر پۆستەکەی کارێکی هەڵەیە[٤٧٤].

لە نووسراوێکدا کە کازم قەرەبەکر ٢ی ئەیلوول بۆ فەرماندەییی گشتیی سوپای لە ئەستەنبووڵ ڕەوانە کردووە، سەبارەت بە ڕێگرتن لەو کار و چالاکیانەی کە بۆ سەربەخۆییی کوردستان ئەنجام دەدرێن، پێشنیاری هەندێك ڕێوشوێنی کردووە. لە تەلەگرافێکیشدا کە ٦ی ئەیلولی ١٩١٩ ناردوویە، باسی ئەوەی کردووە کە ٣ی ئەیلوول زانیاریی داوە سەبارەت بەوەی کە (کامەران عالی بەدرخان و جەلادەت عالی بەدرخان) لەگەڵ "دیاربەکری جەمیل پاشازادە ئەکرەم بەگ" و ١٥ سواردا، هاتوونەتە مەڵاتیە

---

[٤٧٤] HTVD، ٩، ل٢١٣.

حەیدەر بەگ ٢ی ئاب لەلایەن دەستەی نوێنەرایەتییەوە لەسەر کارەکەی لابراوە، بەڵام دواتر کراوەتە جێگری پارێزگاری ئەلازیغ و لە ١٠ی ئەیلوولیشدا بۆ دەست بەکاربوونەکەی، بەرەو ئەوێ بەڕێ کەوتووە، ساریهان بەرگی ٢، ل٨٢.

و هێزە سوارەکانی مەڵاتیە نەیانوێراوە دەستگیریان بکەن و لەبەر ئەوە لقی ١٣ی سوپا، داوای مۆڵەتی لە ئەستەنبوڵ کردووە تا دەستگیریان بکات[٤٧٥].

مستەفا کەمال پاشاش کە ئەو کاتە لە سیواس بووە، هەوڵ و تەقەلای زۆری بۆ دەستگیرکردنی سەرکردەکانی کورد داوە، لەوبارەیەشەوە نووسراوی بۆ ئەستەنبوڵ ناردووە، تا ئەو سەرکردە کوردانە هەرچی زووترە دەستگیر بکرێن و سزا بدرێن. هەروەها زووبەزوو فەرمانی بۆ "ئیلیاس بەگ"ی فەرماندەی هێزە سوارەکان دەر کردووە و ئاماژەی بەوە داوە کە پێویستە کەمتەرخەمی لە گرتنەبەری ڕێوشوێنەکاندا سەبارەت بە دەستگیرکردنی ئەو کەسایەتیە کوردانە نەکرێت. لە نووسراوێکیدا فەرمانی ئەوەی داوە کە نابێت مەیدان بە هیچ جۆرە هەوڵ و چالاکییەکی کوردایەتی بدرێت و دەست بەسەر بەڕێوەبەرایەتیەکانی مەڵاتیە و ئەلازیغدا بگیرێت، ئەو کەسانەش لەناو ببرێن کە لایەنگری سەرکردەکانی کوردن و ئەمەش بە خەڵك ڕابگەیەنرێت (١٠ی ئەیلولی ١٩١٩)[٤٧٦].

مستەفا کەمال پاشا، هاوکاریی زۆری لەگەڵ بەڕێوەبەرانی هەرێمیی حکوومەتی عوسمانی و بەرپرسانی سوپادا لە کوردستان کردووە و هەوڵ و تەقەلای زۆری داوە بۆ لەناوبردنی ڕەوتی کوردایەتی و بە قسەی خۆی بزووتنەوەی جیاییخوازی. زۆربەی نووسراوەکانی ئەو سەردەمەی، پەیوەندییان بە کوردەکانەوە هەیە. بە گوێرەی ئەو هەولانەی کە لە کوردستان داویانە، سوپاسنامەی بۆ بەڕێوەبەرە هەرێمیەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە کوردستان ناردووە و داوای لێ کردوون ورەی خۆیان لەدژی جووڵانەوەی

---

[٤٧٥] مەزهەر موفید ئاقانسوو، لە ئەرزڕۆمەوە هەتا مردن لەگەڵ ئەتاتورکدا، ئەنقەرە، بڵاوکراوەکانی دەزگای مێژووی تورك، ١٩٦٦، بەرگی یەکەم، ل٢٥٦.

[٤٧٦] نوتق، ٦٨.

بنکەی ژین www.zheen.org

کوردی بەرز ڕابگرن. ١٤ی ئەیلولی ١٩١٩ و لە تەلەگرافێکیدا، کە لە ڕێی موتەسەڕیفی مەلاتیەوە بۆ "حاجی قایا" و "شازادە مستەفا ئاغا"ی ناردووە، سوپاسی ئەو دوو کەسایەتیەی کردووە بۆ هەوڵەکانیان لەدژی ڕەوتی جیاییخوازی، هەروەها باسی ئەوەشی کردووە کە دژی ڕەوتی کوردایەتییە. هەر لە هەمان تەلگرافدا، سوپاس و پێزانینی خۆیشی بۆ "فایق عەلی بەگ" والی دیاربەکر دەربڕیوە و ئەوەشی ڕاگەیاندوو کە ئیحسان حەمید بەگی کوڕی پوری والی، کراوە بە ئەندامی هەیئەتی تەمسیلیە و لەبەر ئەوەش، پێویستە هەرچی زووترە بگاتە سیواس[٤٧٧].

دانوستانەکانی کازم قەرە بەکر پاشا لەگەڵ فەوزی پاشای سەرۆکی دەستەی لێکۆڵینەوە، سەبارەت بە کێشەی کورد، زۆر سەرنجڕاکێشن. فەوزی پاشا لەو دانوستانەدا، باسی ئەوەی کردووە کە ئەندامانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، کەسانی بەڕێزن و کاری هەڵە ناکەن، چونکە ئەگەر بێت و خۆرهەلاتی ئەنادۆڵ لە تورکەکان وەربگیرێت، ئەوا ئەو ناوچەیە ئەکەوێتە دەستی ئەرمەنەکان. قەرە بەکریش بە توندی دژی ئەم بۆچوونە دەردەکەوێت و باسی ئەوە دەکات کە بیرۆکەی کوردایەتی تەنها بۆ داگیرکردن خراوەتە مەیدانەوە و باسی لەسەر دەکرێت. جگە لەوە، پێی وابووە کە گرنگترین کێشە لەو قۆناغەدا، کێشەی کورد و کوردستان بووە. لەو دانوستانەدا، باسی ئەو

---

[٤٧٧] کامیل ئەردەلها، والی و ویلایەتەکان لە تێکۆشانی نەتەوەییدا، ئەستەنبووڵ، کتێبخانەی ڕەمزی، ١٩٧٥، ل١٥٢.

فایەق بەگ والیی دیاربەکر، ئۆزانسۆی ١٩٢٠/١/١٤ دەستی لە پۆستەکەی خۆی کێشاوەتەوە و چووەتە ئەستەنبووڵ. ناوبراو لە ٥ی تەمووزدا، دەستی بە کارەکەی خۆی کردبوو. والی لەبەر ئەوەی پێی وابووە ناتوانێت ڕووبەڕووی ڕاپەڕینێکی کوردی بێتەوە و سەرکوتی بکات، بۆ ئەوەش کە بە بەرپرسی ئەو ڕاپەڕینە لەقەڵەم نەدرێت، دەستی لەکار کێشاوەتەوە.

ڕێوشوێنانەی کردووە کە پێویستە لە دژی ڕەوتی کوردایەتی بگیرێنەبەر و لەو بارەیەشەوە، ئەزمونەکانی خۆی باس کردووە و وتویەتی شتی هەرە گرنگ ئەوەیە کە ڕەوتی کوردایەتی لە کوردستان لەناو ببرێت و هێزی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش، بشکێنرێت. لەدانوستانەکانیشیدا لەگەڵ دەستەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە شێوازی لەناوبردنی ڕەوتی کوردایەتی، بایەخێکی زۆری بە ئەزموونەکانی خۆی داوە. ناوبراو، بەرزترین پلەی سەربازی سوپای عوسمانی لە کوردستاندا هەبوە و لە دڵەوە، بیر و بۆچوونەکانی لەگەڵ مستەفا کەمال پاشا وەکوو یەك بووە[٤٧٨].

کازم قەرەبەکر تەنها لەدژی کار و چالاکیەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە ناوچەکەی خۆیدا نەوەستاوەتەوە، بەڵکوو تەلگرافیشی بۆ ئەستەنبووڵ ناردووە و سەبارەت بە ڕێگرتن لە کار و چالاکیەکانی ئەو ڕێکخراوە پێشنیاری کردووە و نیگەرانیەکانی خۆی سەبارەت بە گەشەکردنی ڕەوتی کوردایەتی لە ئەستەنبووڵ هێناوەتە سەر زمان[٤٧٩][٧٩].

کازم قەرەبەکر لە کتێبەکەی خۆیدا کە (١١١٢) لاپەڕەیە، باسی ئەوە دەکات کە لە دژی کار و چاکییەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و ڕەوتی کوردایەتی وەستاوەتەوە و داوای لە مستەفا کەمال پاشا و حکوومەتەکانی ئەستەنبووڵ کردووە کە لە دژی ئەو ڕێکخراوە بووەستنەوە و سەبارەت بە چاوەڕوانییەکانی فەرماندەی یەکە سەربازییەکانی عوسمانی و بەڕێوەبەرە هەرێمیەکان لەو ناوچەیەدا، سەبارەت بەو مەسەلەیە، بەڵگە و زانیاری زۆری تێدایە. دەتوانرێت بگوترێت کە کازم قەرەبەکر بەشێکی زۆری

---

[٤٧٨] قەرە بەکیر، ل٣٨٢-٣٨٦.

[٤٧٩] HTVD، ١٢، ل١٠٦.

هەوڵ و تەقەلاکانی خۆی لەو ساڵانەدا کە لەکوردستان کاری کردووە، بۆ ئەوە تەرخان کردووە کە ڕێگا لە گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی کوردی بگرێت[٤٨٠].

مستەفا کەمال پاشا و دارودەستەکەی، ڕاستەوخۆ کەوتوونەتە بەربەرەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان[٤٨١]. مستەفا کەمال پاشا، سەیید عەبدولقادری سەرۆکی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانی وەکو ئاستەنگێکی گەورە لەبەردەم جووڵانەوەی تورکیدا بینیوە، کە خۆی ڕێکی خستووە. بۆیە بۆ لەناوبردنی متمانەی ئەم کەسایەتییە کوردە، لەناو ڕۆشنبیرانی کورد و کورستاندا، هەوڵی داوە وای پیشان بدات کە سەیید عەبدولقادر لایەنگری ئینگلیزەکانە. لە ١٩ی ئاداری ١٩٢٠دا، ڕێنمایی و پەخشنامەیەکی بۆ هەموو

---

[٤٨٠] بۆ زانینی بیر و بۆچوونەکانی کازم قەرەبەکر سەبارەت بە کورد و کوردستان و جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، سەیری ئەم سەرچاوەیە بکەن: قەرە بەکر، ل١٠، ١١، ١٣، ١٤، ١٩، ٢٥، ٢٨، ٣٦، ٣٧، ٣٨، ٥٢، ٤٦، ٧٦، ٩٢، ١١٢، ١١٣، ١٢٨، ١٣٥، ١٦٨، ١٦٩، ١٨٣، ١٨٥، ١٩٣، ١٩٦، ١٩٧، ١٩٨، ٢٠٩، ٢١٢، ٢١٤، ٢١٥، ٢١٦، ٢١٧، ٢٢٩، ٢٣٠، ٢٣١، ٢٨٣، ٢٩٥،، ٣٠٠، ٣٠٣، ٣١٥، ٣٢٩، ٣٣٧، ٣٣٨، ٣٣٩، ٣٤٢، ٣٤٤، ٣٤٧، ٣٥١، ٣٥٢، ٣٧٠، ٣٧١، ٣٧٢، ٣٧٣، ٣٧٤، ٣٧٥، ٣٧٩، ٣٩٣، ٥٠١، ٥٠٢، ٥٢٩، ٥٣٧، ٥٥٠، ٥٩٢، ٦٤٨، ٧٥١، ٧٥٢ ٦٥٤، ٩٠٩، ١٠٤٩، ١٠٥٩، ١٠٦٤، ١٠٦٥ و ١٨٥.

لە بەرهەمێکی مستەفا کەمال پاشادا، بە ناوی "نوتق" زانیاری زۆر هەیە سەبارەت بە ڕەوتی کوردایەتی و هەوڵەکانی بۆ لەناوبردنی ئەو ڕەوتە و ڕێگرتن لە کار و چالاکیەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لە کوردستان ڕێگرتن لە کاری سەرکردەکانی کورد. دەتوانن بڕواننە ئەم سەرچاوەیە: نوتق یا سۆیلەۋ، بەرگی ١، ل٣، ٤، ١٥، ٥٨، ٥٩، ٦٠، ٦١، ٧١، ٧٢، ٨٤، ٨٥، ٨٦، ٨٩، ٩٠، ٩١، ٩٢، ٩٤، ٩٥، ٩٦، ٩٧، ٩٩، ١٠٦، ١٠٧، ١١٧، ١٧٧، ٢١٣، ٢٢٢؛ بەرگی ٢، ل٥٥١؛ بەرگی ٣، ل٩، ١٠، ١١، ١٤، ١٥، ٣٩، ٤١، ٤٢، ٤٣، ٤٤، ٥١، ٥٢، ٥٣، ٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧، ٥٨، ٥٩، ٦٠، ٦١، ٦٢، ٦٣، ٦٤، ٦٥، ٦٦، ٦٧، ٦٨، ٦٩، ٧٠، ٧١، ٧٢، ٨٠، ٨١، ٨٢، ٩٧،، ١٨٧، ٢٦١.

[٤٨١] تونایا، بەرگی ٢، ل٢.

والیەکان و لقەکانی جەمعییەتەکە ناردووە و تێیدا باسی ئەوەی کردووە کە لە ماوەی یەك هەفتەدا، ئینگلیزەکان سەیید عەبدولقادر ڕەوانەی کوردستان دەکەن. ئەمەش بۆ ئەوە بووە کە کاریگەرییەکانی سەیید عەبدولقادر لە کوردستان لەناو ببرێن، هەیئەتی تەمسیلییە و جەمعییەتەکانی مودافەعەی حقووقی میللییە، لە پابەندبوونی جەماوەر بە جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە لە کوردستان، زۆر نیگەران بوون. چوونی "سەیید عەبدولقادر" بۆ کوردستان، هێزێکی زیاتری بە جووڵانەوەی کوردی دەبەخشی. هەر لەو کاتانەوە کە سەیید عەبدولقادر نیازی نەبوە بچێتە کوردستان، پروپاگەندەی ئەوە بڵاو کراوەتەوە کە ناوبراو لایەنگری ئینگلیزەکانە و ئەمەش بۆ ئەوە بووە کە لە هێزی جەماوەری جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، کەم بکرێتەوە[٤٨٢].

هەڵوێستەکانی مستەفا کەمال پاشا کە سەرۆکایەتی هەیئەتی تەمسیلییەی دەکرد لە دژی سیاسەتی کوردیی و جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لەگەڵ سیاسەتەکانی کۆشکدا یەکیان دەگرتەوە و هەردوو ناوەندە سیاسیەکە، لەسەر ئەوە ڕێك بوون کە پێویستە ژیانی سیاسی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لەناو ببرێت. مستەفا کەمال پاشا لە ڕێی کازم قەرەبەکرەوە، سەبارەت بە لەناوبردنی جەمعییەتەکە لە کوردستان، پلانەکانی خۆی جێبەجێ کردووە. لەو بارەیەشەوە و لەهەمانکاتدا، پەیوەندییان لەگەڵ وەزارەتی جەنگ و وەزارەتی ناوخۆ و فەرماندەیی سوپای سەر بە حکوومەتی ئەستەنبووڵ، هەبووە. زووزوو نووسراویان بۆ نووسیون و دەربارەی کار و چالاکیەکانی کوردایەتی، ڕاپۆرتیان بۆ بەرز کردوونەتەوە.

---

[٤٨٢] ATTB4، ل٢٤٦-٢٦٦.

ئەو دوو ژەنراڵە ناودارەی عوسمانی کە لەگەڵ هێزی بیرۆکراسیەت و یەکەکانی سوپای عوسمانی لە کوردستانیشدا پەیوەندیان هەبووە. زانیارییە هەواڵگرییەکان سەبارەت بە کار و چالاکیەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیان، ئاراستە کردووە و یەکەکانی سوپا و میکانیزمی بەڕێوەبەرایەتی هەرێمی دەوڵەتی عوسمانی لە کوردستاندا، لە بنەڕەتدا فەرمان و ڕێنماییان لە مستەفا کەمال پاشا و (کازم قەرە بەکیر) وەرگرتووە. هەمان پەیوەندی لەگەڵ ئەستەنبووڵیشدا بەرقەرار کراوە. جەمعییەتەکانی مودافەعەی حقووق و ڕێکخراوەکانی ڕەددی ئیلحاق و هێزە سەربازیەکەی کە مەفرەزەکانی قووەی میللییە بوون، لەگەڵ دەستەی وەکیلەکانی جێبەجێکردن لە ئەنقەرە کە دواتر بووەتە حکوومەتی ئەنقەرە، هەروەها یەکەم مەرکەزی هەموو ئەو ڕێکخراوانە کە هەیئەتی تەمسیلیە بووە، لە دژی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و کێشەی کورد لەگەڵ حکوومەتەکانی ئەستەنبووڵدا، هاوهەڵوێست بوون و یەك بیر و بۆچوونیان هەبوە. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ڕووبەڕووی هەموو ئەم هێزە ڕێکخراوانە بووەتەوە. پەیوەندیەکانی ئەوانە لەگەڵ ئەمپریالیزمی ئینگلیزەکاندا، سەبارەت بە کێشەی کورد و کوردستان و گەشەپێدانی پەیوەندیە سیاسی و سەربازیەکانیان لەو بارەیەوە، ڕۆڵێکی زۆری لە دابەشکردن و لەناوبردنی جووڵانەوەی نەتەوەییی کورددا کە (جەمعییەتی تەعالیی کوردستان) ڕێکی خستبوو، هەبوە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ڕووبەڕووی سیاسەتی ((دابەش بکە و بەڕێوەی ببە))ی ئینگلیزیەکانیش، بووەتەوە.

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان کە ئەو هەموو هێزە ڕێکخراوانەی دەوڵەت و تۆڕێکی پەیوەندیی سیاسیی لەدژی دروست کراون، هەتا ساڵێك بەر لە

دامەزراندنی کۆمار، درێژەی بە بوونی خۆی داوە. بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لەبەر دەستدان، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، هەتا کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٢٢، درێژەی بە بوونی خۆی داوە. هەندێك سەرچاوەش باسی ئەوە دەکەن کە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، تا ڕاگەیاندنی کۆمار، لە کار و چالاکیەکانی خۆی بەردەوام بووە: ((ئەم ڕێکخراوە، ماوەیەکی کورت بەر لە ڕاگەیاندنی کۆمار، لەناو چووە. بەرامبەر بەمەش، ١٩٢٣، ساڵی ڕاگەیاندنی کۆمار، سەیید عەبدولقادر جەیرانلی [لەوانەیە جبرانلی بێت – ئیسماعیل گویڵداش] عوسمان، خالید، حاجی مووسا و یووسف زیا، کە پەرلەمانتاری پێشوو بووە، لەگەڵ بنەماڵەکانیاندا کۆمیتەیەکی نهێنییان دروست کردووە ئامانجەکەی سەربەخۆییی کوردستان بووە. لەڕێی یووسف زیاوە بنەماڵەی شێخ سەعیدی پالۆیش کە لە (خنس) ژیاوون، کراونەتە ئەندامی ئەو کۆمیتەیە))[٤٨٣].

وەك لە لاپەڕەکانی پێشووتردا باس کراوە، بەگوێرەی زانیاری و سەرچاوەکان، کاردانەوەکان لە دژی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، هەر لە ساڵی ١٩١٩ەوە، دەستیان پێ کردووە. لە قۆناغی سیڤەر و ڕۆژانی ڕاپەڕینی قۆچگیریدا، لقەکانی جەمعییەت لە کوردستان، لەلایەن ناوەندی بڕیاری کەمالیی و هێزەکانی بیرۆکراسیەتی عوسمانیەوە، یەك بەیەك داخراون. لەو قۆناغەدا مەترسیی ئەوە هەبوە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، بە توندوتیژی لەناو ببرێت. ساڵی ١٩٢٢، ئیتر نەدەتوانرا باسی بوونی ڕاستەقینەی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بکرێت. دوای جیابوونەوەکەی ساڵی ١٩٢٠، ئیدی پەیوەندیەکانی لەگەڵ لقەکانی خۆیدا لە کوردستان،

---

[٤٨٣] جەمال، ل١٤.

پچڕابوو. ١٨ی حوزەیرانی ١٣٣٥، مەجلیسی وکەلا یا نوێنەران بڕیاری سەبارەت بە کار و چالاکیەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دابوو. ئۆرگانەکانی یاسادانان و جێبەجێکردنی بەڕێوەبەرایەتیی عوسمانی، بڕیاری ئەوەیان دابوو ئەم ڕێکخراوە سیاسییەی کورد، ڕێکخراوێکی بێکەڵك و سوودە. لەو بڕیارانەدا کە ئیمزای هەیئەتی وکەلایشی پێوە بوو، جگە لەوە باسی ئەو ڕێوشوێنانەش کراوە کە پێویستە لە ماوەی درێژخایەندا لە کوردستان بگیرێنە بەر. بەهۆی ئەو ڕێوشوێنانەشەوە، دەیانویست ڕێ لە جۆش‌وخرۆشی کوردایەتی بگرن کە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە کوردستان گەشەی پێدابوو. ماوەیەك دوای ئەو ڕووداوانە، بەگوێرەی هەواڵێکی ڕۆژنامەی "ئیقدام" حکوومەتی ئەستەنبووڵ، بڕیاری داخستنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانی دەرکردووە. سەرەتاکانی ساڵی ١٩١٩، بە هۆی کەمالیەکانەوە، یەك بەیەك لقەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان داخران و دواجاریش، دەستەی وەزیران لە ئەستەنبووڵ بڕیاری داخستنی بارەگای ئەو جەمعییەتەی دەرکرد[٤٨٤].

هەوڵەکان بۆ لەناوبردنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بەکردەوە، لەساڵی ١٩١٩ـەوە دەستیان پێکرد، بەڵام سەبارەت بەوە بڕیاری داخستنی جەمعییەتەکە لە ساڵی ١٩٢٠دا، هیچ زانیارییەك دەست ناکەوێت کە بە چ جۆرێك جێبەجێ کراوە. ئایا حکوومەت قفڵی لە دەرگای بارەگای جەمعییەتی کوردستان داوە؟ یا لقەکانی ئەو ڕێکخراوەی لە کوردستان پشکنیوە و دەستی بەسەر هەموو شتێکدا گرتووە؟ ئەو ڕووداوە لە مێژووی ڕێکخراوە کوردیەکان و جەمعییەتی تەعالیی کوردستان‌دا ڕووداوێکی گرنگە، بەڵام

[٤٨٤] ئیقدام، ١١ی حوزەیرانی ١٩٢٠ – هەینی.

بەداخەوە هێشتا ڕوون نەبوەتەوە. لەبەر ئەوەی ناتوانرێت کۆنووسین و بەڵگە و ڕاپۆرتە هەواڵگریەکانی سەبارەت بە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و داخستنەکەی ببینرێت، زەحمەتە ئەم بابەتە بە ئاسانی ڕوون بکرێتەوە. بیرەوەری‌نووسەکانی کوردیش شتێکی ئەوتۆیان سەبارەت بەم ڕووداوە باس نەکردووە، ئەو کەسایەتیە کوردانەی کە جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیان دامەزراندووە و بە شێوەیەکی چالاك بەشدارییان لە کاروبارەکانیدا کردووە، زانیارییەکی ئەوتۆیان لەسەر ئەو ڕووداوە نەداوە کە لە مێژووی سیاسەتی کوردیدا گرنگە و پێویستە نەوەکانی داهاتوو لێی ئاگادار بن. دوو شایەتی گرنگی سیاسی و ڕێکخراوەیی کوردی، سلۆپی و دێرسیمیش، سەبارەت بە مێژووی داخستنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان کە بڕیارێکی گرنگە، هیچ زانیاریەکیان نەداوە. سەیید عەبدولقادریش بیرەوەرییەکی ئەوتۆی نییە کە مێژووی سیاسیی کورد ڕوون بکاتەوە. مێژووی داخرانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، تائێستا وەك نهێنییەك ماوەتەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتەش، پێویستە بەڕێوەبەرایەتیی تورك ئەرشیڤ و ڕاپۆرتە هەواڵگریەکان و کۆنووسینەکانی تایبەت بەو بابەتانە، بەڕووی لێکۆڵەکاندا بکاتەوە.

سەبارەت بە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، تائێستا پرۆفیسۆری تورك "تاریق زەفەر تونایا" گرنگترین لێکۆڵینەوەی ئەنجام داوە (هەرچەند بە بیر و بۆچوونێکی کەمالسیانەش بێت)، بەڵام ناوبراویش بەگوێرەی زانیاری و بەڵگەکانی خۆی نەیتوانیوە بڕیارێکی ڕوون سەبارەت بە داخستنی ئەو ڕێکخراوە بەدەستەوە بدات. تونایا هیچ بڕیارێك سەبارەت بە مێژووی داخران یا داخستنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان نادات: ((ئەو جەمعییەتەی کە لە ڕیزی ئۆپۆزسیۆندا بەرامبەر بە دامەزراندنی جووڵانەوەی مودافەعەی

حقووق دامەزراوە، لە هەلومەرجێکی خراپدا ون بووە. لە ساڵانی یەکەمی کۆماردا، ئەندامانی پێشووی ئەو جەمعییەتە، بە توندی سزا دراون))[٤٨٥].

سەرکردەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و ئەندامە چالاکەکانی، بەرامبەر بە داخستنی جەمعییەتەکەیان، چ کاردانەوەیەکیان پیشان داوە؟ ئایا ئەو ڕووداوەیان بە خزم و نزیکەکانی خۆیان لە دەرەوە ڕاگەیاندووە، یا نوێنەرانی وڵاتە خۆرئاواییەکانیان لێ ئاگادار کردووەتەوە؟ تائێستا ئەو بابەتانە ڕوون نەکراونەتەوە. لەنێو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکانیشدا کە لە دەرەوە بڵاو کراونەتەوە، زانیارییەکی ئەوتۆمان لەسەر ئەم بابەتە دەست ناکەوێت. هێشتا ئەوەش ئاشکرا نەبوە کە ئایا نوێنەرانی دەوڵەتە خۆرئاواییەکان سەبارەت بە داخستنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان هیچ ڕاپۆرتێکیان بۆ یەکەکانی دەوڵەتی خۆیان ناردووە یان نا؟ زانیاریەکانی سەبارەت بە داخستنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان هەرچەند چڕ و پڕیش نین، بەڵام لەڕێی هەواڵی ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە و کتێبی بیرەوەرینووسەکانی کوردەوە، دەست دەکەون. یەکەم هەواڵی تایبەت بە داخستنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لە ڕۆژنامەی تورکی "ئیقدام"دا بڵاو کراوەتەوە. لە "ئیقدام"دا باسی ئەوە کراوە کە حکوومەتی عوسمانی لە تەمووزی ١٩٢٠دا، بڕیاری داخستنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانی دەر کردووە. لەڕێی هەندێك سەرچاوەی دیکەوە کە دواتر بڵاو کراوەتەوە، ئەوەش دەزانین کە دوای بڕیاری داخستنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئەو جەمعییەتە هەتا ساڵی ١٩٢٢ لە کار و چالاکیەکانی خۆی بەردەوام بووە. بە بڕوای من، حکوومەت بڕیاری داخستنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانی

---

[٤٨٥] تونایا، بەرگی ٢، ل٢٠٤.

داوە، بەڵام قفڵی لە دەرگای بارەگای ئەو جەمعییەتە نەداوە و بڕیاری داخستنەکەش بەکردەوە جێبەجێ نەکراوە. دەکرێت ئەم ڕووداوەش بە هەلومەرجی سیاسیی ئەو قۆناغەوە ببەستینەوە. دەتوانرێت وا بیر بکرێتەوە کە هەلومەرجی جەنگەکانی تورك و یۆنان، تورك و ئەرمەن، هەروەها هۆکارە سیاسیەکانی ناوخۆی حکوومەت، ڕۆڵیان لەمەدا هەبووبێت. وەك ئەوەی بەهجەت جەمالیش باسی دەکات، هەرچەندە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لاوازیش بێت، بەڵام هەتا ڕاگەیاندنی کۆمار، درێژەی بە بوونی خۆی داوە. زانیاریەکانی ناو کتێبی بیرەوەری‌نووسەکانی کوردیش ئەو گومانەی ئێمە بەهێزتر دەکەن. ئەو نووسەرانە باسی ئەوەش دەکەن کە لە قۆناغی قۆچگیری‌دا، ساڵی ١٩٢٠ پەیوەندیی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بە کوردستانەوە پچڕاوە. محەمەدئەمین بۆزئارسلان کە گۆڤارەکانی "ژین"ی وەك خۆی چاپ کردووەتەوە و پێشەکییەکی بۆ نووسیوە، سەرەڕای ئەوەی کە لە پێشەکیەکەی خۆیدا زانیاریی گرنگ سەبارەت بە دامەزراندن و کار و چالاکییەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دەدات، مێژوویێکی ڕوون سەبارەت بە داخستنی ئەو جەمعییەتە بەدەستەوە نادات. محەمەدئەمین بۆزئارسلانیش، هەمان بۆچوونی بیرەوەری‌نووسەکانی کوردی هەیە. بەگوێرەی ئەو، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ساڵی ١٩٢٠ توانایی و هێزێکی ئەوتۆی لە کوردستاندا نەماوە: ((جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، پەڕوباڵ کراوە، بە واتایەکی تر، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بێ کوردستان هێڵراوەتەوە))[٤٨٦].

[٤٨٦] بۆز ئارسلان، ل٣٤.

زنار سلۆپی دەڵێت دوای دەرکەوتنی حکوومەتی مستەفا کەمال پاشا، پەیوەندیەکانی جەمعییەت لەگەڵ کوردستاندا پچڕاوە[٤٨٧]. دکتۆر نووری دێرسیمی دەڵێت: ڕۆژانی ڕاپەڕینەکەی قۆچگیری، جەمعییەتەکە لە کوردستان داماڵراوە و پەیوەندیەکانی لەگەڵ کوردستاندا پچڕاوە و باسی ئەوەش دەکات کە ئەو ڕۆژانە پەیوەندیەکانی بە بارەگای ناوەندی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی هەواڵ و زانیاری لە ئەستەنبووڵ پچڕاوە[٤٨٨].

بەگوێرەی دێرسیمی، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە قۆناغی قۆچگیریدا، وردە وردە لەناو دەچوو. ئەو ڕۆژانە، ئەندامان و بەڕێوەبەرانی جەمعییەتەکە کەمتەرخەمییان دەکرد و تووشی دڵەڕاوکێ بوون. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لەو ڕۆژانەدا، تووشی قەیران و ناڕوونییەکی گەورە بووەتەوە. ئەو هەلومەرجە سیاسییەش، زەمینەی لەناوچوونی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانی فەراهەم کردووە. دەسەڵاتی کەمالیی، یەك بەیەك دەستی بە داخستنی لقەکانی ئەو جەمعییەتە کردووە لە کوردستان[٤٨٩].

دوای دابەشبوونە گەورەکەی ساڵی ١٩٢٠، کە سەرەتاکەی لە ڕۆژانی قۆچگیرییەوە دەستی پێکردبوو، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ڕۆژبەڕۆژ بێکاریگەر دەبوو. ئیتر نەیدەتوانی لە ڕووی سیاسییەوە نوێنەرایەتیی کورد بکات و پێکهاتەی فیزیکیشی وردە وردە لەناو دەچوو. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٢٢یشدا، ئیدی وردە وردە جەمعییەتەکە کاریگەریەکانی خۆی لەدەست دابوون. یەکەکانی بەڕێوەبردنی ئەو جەمعییەتە، کۆبوونەوەیان ساز

---

[٤٨٧] سلۆپی، ل٣٩.

[٤٨٨] دێرسیمی...، مێژووی کوردستان، ل٥٢.

[٤٨٩] بۆزئارسلان، ل٣٤.

نەکردووە. ئەندامە چالاکەکانیشی لە کوردایەتی دوور کەوتونەتەوە یا ناچار کراون کە لەو کارە دوور بکەونەوە. جەمعییەتەکە نەیتوانیوە لە سەردەمی کۆماریشدا، درێژە بە بوونی خۆی بۆ کوردستان و گەشەپێدانی هۆشیاریی کورد بدات. حکوومەتەکانی ئەستەنبووڵ و ئەنقەرەی کەمالیی، دەرفەتیان بەمە نەداوە. ئەو سیاسەتە تورکییەی کە بەکردەوە جێبەجێ کراوە، دەرفەتی ژیانی بەم جەمعییەتە کوردییە نەداوە و لەناوی بردووە و ئەو زەمینەیەی ڕەخساندووە تا ئەو ڕێکخراوە خۆی لەناو بچێت.

سەرەڕای ئەوەی کە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ڕایگەیاندووە پارتێکی سیاسی نییە، بەڵام وەك لایەنێکی سیاسی لە مەیدانی کوردەواریدا جووڵاوەتەوە. لە پلاتفۆرمە سیاسیەکاندا، باسی ئەوەی کردووە کە پێویستە نەتەوەی کورد ئازادانە چارەنووسی خۆی دیاری بکات. ئەو ڕێکخراوە لەگەڵ حکوومەتەکانی کۆشکدا کە دەسەڵاتی سیاسیی ئەو کاتەیان لەدەستدا بوو، لەپێکدادانداندا بوو. مستەفا کەمال پاشا، لە ساڵانی دوای سامسۆنەوە، وەك دەسەڵاتدارێك هاتووەتە مەیدان. دوای ئەوەش لەگەڵ دەسەڵاتی ئەستەنبووڵدا، پێکەوە کاریان کردووە بۆ ڕێگرتن لەم جووڵانەوە سیاسییەی کورد. لە ساڵی ١٩١٩ بەدواوە، نەتەوەخوازیی تورکی- کەمالی و کادیرەکانی، هەروەها یەکە سەربازیەکانی سوپای عوسمانی و هێزی پۆلیسی دەوڵەت، پێکەوە کاریان کردووە بۆ لەناوبردنی جووڵانەوەی سیاسیی کورد و هەموو ئەو لایەنە سیاسیانەی کە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان کۆی کردوونەتەوە. پادشا و حکوومەتە سیاسیەکانی هەتا ئەوکاتەی لەناوچوون، بە بەردەوامی لەگەڵ دەسەڵاتی ئەنقەرە و کەمالیەکاندا، لەدژی جووڵانەوەی نەتەوەی کورد جووڵاونەتەوە، یان لە دژایەتیکردنی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورددا پشتگیریی ئەنقەرەیان کردووە.

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، کەوتووەتە بەر کاریگەریی ڕەوتی پێشکەوتن و پەرەسەندنی جەنگەکانی تورك– یۆنان و تورك– ئەرمەن، بەگوێرەی ئەوەش شکڵی بە بوونی خۆی داوە. پێدەچێت بۆچوونێك لەنێو دەوڵەتی عوسمانیدا پشتگیریی لەوە کردبێت کە باشتر وایە ڕێکخراوێکی کوردی هەبێت بۆ ڕێگرتن لە دامەزراندنی ئەرمەنستانی گەورە، بۆیە مۆڵەتی بە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دابێت. لە هەمان کاتدا بۆچوونێکیش هەبوە دژایەتیی دامەزراندنی کوردستان و بیرۆکەی کوردایەتیی کردووە. قۆناغەکانی دوای دامەزراندن و هەلومەرجەکانی دوای ئاگربەست، هەندێك گۆڕانکاری ڕوویان دابوو، دەکرێ کەڵکیان بۆ کۆمەڵگای کوردی هەبووبێت. جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش دەستی بە جموجووڵ کردووە، سەبارەت بەوەی کە لەوانەیە کوردەکان لەو هەلومەرجە سیاسیەدا بتوانن هەندێك لە مافە نەتەوەییەکانی خۆیان دەست بخەن. دەکرا لە هەلومەرجە سیاسیەکانی قۆناغی ئاگربەستدا بە شێوەی سیاسی باسی کورد و کوردستان بکرێت و جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش ئەوەی بە دەرفەت زانیوە و هەوڵی داوە کەڵکی لێ وەر بگرێت. لە ڕووی ڕێکخستنەوە، دەستی بە هەوڵ و چالاکییەك کردووە، بۆ ئەوەی بە جۆرێك هۆشیاریی کورد گەشە پێبدات تا بەدوای مافە نەتەوەییەکانیدا بگەڕێت. لەبەر ئەوەی کەسانی لایەنگری بیرۆکەی سەربەخۆیی لەژێر چەتری خۆیدا کۆ کردبوەوە، کەوتبوە بەر ڕەخنە و هێرشی دەسەڵاتی ناوەندی و سیاسەتەکانی. دوای ئەم قۆناغەش بوو کە ئیدی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان خرایە لیستی ئەو جەمعییەتانەی وا پێویستە لەناو ببرێن. کەمالیەکان لەدوای جەنگ کە ڕژێمێکی نەتەوەخوازیان دامەزراندبوو، ئیدی چاویان بە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی کوردیی وەك "جەمعییەتی تەعالیی کوردستان" هەڵنەدەهات و نەیاندەهێشت ئەو جۆرە

ڕێکخراوانە بمێنن. بیرۆکەی سەربەخۆیی و هەستی نەتەوەیی، وردە وردە لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا گەشەی دەکرد و ئەمەش، هەر لە سەرەتای ساڵی١٩١٩وە، دەستی پێکردبوو. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لە ناکۆکی و پێکداداندا لەگەڵ دوو ڕێکخراوی جەمعییەتەکانی مودافەعەی حقووق و ڕەددی ئیلحاقدا، کە بە هاوکاریی جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقی دامەزراون، درێژەی بە بوونی خۆی داوە. ئەمانە داواکاریە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانی دوو نەتەوەی جیاوازیان دەهێنایە سەرزمان. جەمعییەتەکانی مودافەعەی حقووق، لە هەوڵەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان زۆر نیگەران بوون بۆ هۆشیارکردنەوەی بیر و زەینی کوردی. ئەوان ویستویانە ئەم ڕێکخراوە کوردییە وەك هێزێکی جەنگاوەری کوردی بەرامبەر بە مەترسیی ئەرمەنەکان بەکار بهێنن، لەژێریشەوە هەوڵیان داوە بیرۆکەی کوردایەتی کە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان گەشەی پێداوە، بێکاریگەر بهێڵنەوە. ژەنراڵە عوسمانیەکان و حکوومەتەکانی کۆشك و فەرمانبەر و ئەو بنەماڵانەی کە لە بەڕێوەبەرانی جەمعییەتەکانی مودافەعەی حقووق بوون، بەرامبەر بە بەهێزبوونی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە ئەستەنبووڵ و کوردستان، هەروەها بەرامبەر بەوەی وا ئەو ڕێکخراوە خەریکە وردە وردە دەبێتە هێزێك و بیرۆکەی کوردایەتی لە یادگەی کوردەکاندا بەهێزتر دەکات، گرنگییەکی زۆریان بەوە داوە کە بە شێوازی توندوتیژ دژایەتیی بکەن. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، وەك لایەنێکی سیاسیی کوردی سەیر کراوە کە توانیویە کێشە بۆ دەسەڵاتی سیاسیی تورك دروست بکات. ئەنقەر، دوای سەرکەوتنەکانی لە جەنگی تورك– یۆنان، تورك– ئەرمەندا، بووەتە ناوەندی هێزی سیاسی، دەسەڵاتیش کەوتووەتە دەستی کادیرە کەمالیەکان.

بنکەی ژین www.zheen.org

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لەو ڕۆژانەدا ڕووبەڕووی دەسەڵاتێکی گەنج بووەتەوە کە متمانە و پێگەیەکی بەرزی لە ناوخۆ و لەلای وڵاتانی دەرەوە هەبوە. ئەو دەسەڵاتە گەنجەی کەمالیەکان لەدژی هۆشیارکردنەوەی کوردەکان و ڕێکخستنی کوردی بووە، هەروەها لەدژی هەوڵەکان بووە بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد. هەر لە سەرەتای ١٩١٩یشەوە، دەستی کردووە بە هەوڵدان بۆ لەناوبردنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان. ئیدی ڕژێمی کۆماری وردە وردە دامودەزگاکانی خۆی دروست دەکرد، بەڵام جەمعییەتی تەعالیی کوردستانی وەك ئاستەنگێکی سیاسی لەبەردەم جێگیربوونی ئەو دامودەزگایانە دادەنا. سەرلەنوێ بەگوێرەی ئەو بیر و زەینەی کە کۆمار داوای دەکرد، شکڵ بە کۆمەڵگا دەدرا. لەبەر ئەوەی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لەو قۆناغەدا بیرۆکەی کورد و کوردستانی هەبوە، ئەوەش لەگەڵ بیرۆکەی ڕژێمی گەنجی کەمالیەکاندا یەکی نەگرتوەتەوە و لەناو چووە. ڕژێم داوای دەکرد هەر کەسێك لە سنوورەکانی میساقی میللیدا دەژی، بە تورك لەقەڵەم بدرێت. ئەوان دەیانگوت مێژوو، کولتوور، فۆلکلۆر، ئەدەبیات، میتۆلۆژی، ئەتنۆگرافیا، ژیانی کورد و بیرۆکەی کوردستان، لەبنەڕەتدا خودی کوردیش، بوونیان نییە و هەموو کەس تورکە. لەبەر ئەمە دژایەتیی ڕێکخراوە هاوشێوەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیان دەکرد و دەیانویست لەناویان بەرن. ڕژێم هەر لە سەرەتای ١٩١٩ـەوە، دەستی بە دانانی سیاسەتەکانی خۆی کردبوو. لە چوارچێوەی سیاسەتی تورکایەتیشدا، دەیویست پێکهاتە و ڕێکخراوە کوردیەکان لەناو بەرێت. ئەم ڕژێمە، کۆتایی بە تەمەنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان هێنا. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، بەر لەوەی بتوانێت ئەزموونەکانی خۆی لە ڕۆژانی کۆماردا سەبارەت بە ژیانی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی کورد بژیێنێت،

بنكەی ژین www.zheen.org

لەناوبرا. کوردەکان لە کۆماردا بەبێ جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و بەبێ ڕێکخراوی سیاسی مانەوە و ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتیە سیاسیەکانی دوور خرانەوە و سزا دران و سەدان ڕۆڵەی جەنگاوەریشی لەکیس چوون و ناوەندە سیاسیەکانی قەدەغە کران. بەمجۆرە کوردەکان لە سەردەمی کۆماردا چوونە ناو ژیانێکی نوێ. ساڵی ١٩١٨، ساڵی پەلەقاژەی ئیمپراتۆریای عوسمانی بوو بۆ مانەوە. ژەنراڵە عوسمانیەکان، گرووپی جۆراوجۆریان پێک هێنا، بۆ ئەوەی ڕێ لە دابەشبوونی دەوڵەتی عوسمانی بگرن. یەکێک لەو گرووپانەش لە دەوری مستەفا کەمال پاشا کۆ بوونەوە، بەڵام لەو کاتانەدا هێشتا مستەفا کەمال پاشا بیرۆکەی تورکایەتی و دەسەڵاتی کەمالیی ڕێک نەخستبوو، هێشتا بۆ کەمالیەکانیش، هەلومەرجی لەبار نەڕەخسابوو. ئەو قۆناغەی کە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد توانیویانە تێیدا بژین، قۆناغی ئاگربەست بووە. ئەو کاتەش کە میساقی میللیی بەشێوەیەکی سیستەماتیک جێبەجێ کراوە، ئیدی قۆناغەکە گۆڕاوە و جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد، ڕووبەڕووی بیرۆکەی تورکایەتی و ڕێکخراوە تورکەکان بوونەتەوە کە جەمعییەتەکانی مودافعیەی حقووق لە هەلومەرجی جێبەجێکردنی سیاسەتی میساقی میللیدا، گەشەیان پێداوە. کەمالیەکان، دەیانزانی کە بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتی میساقی میللیی، پێویستە ئەو ڕێکخستن و بیر و بۆچوونە سیاسییە لەناوبرێن کە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دروستی کردوون. ڕێکخراوە کوردییەکان لەگەڵ پرەنیسیپەکانی میساقی میللیدا، ناکۆکییەکی قوڵیان هەبووە. جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییە، بۆ ئەوەی ببێتە لایەنێکی ڕادیکاڵ، لەو ناکۆکیەدا دامەزرابوو. بەڵام هەلومەرجی دامەزراندنەکەی، ڕێگەی بەوە نەدەدا کە درێژە بە ژیانی سیاسی خۆی بدات.

جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش، لە بنەڕەتدا پێکهاتەیەکی کوردی بوو کە سەبارەت بە مەسەلەی کورد و کوردستان، بیرۆکەی پێش دەخست. لە ڕووی سیاسیشەوە، باسی ئەوە دەکرێت کە ئەم جەمعییەتە، ویستویەتی لەژێر دەسەلاتی عوسمانیدا، دەسەلاتێکی ئۆتۆنۆمیی بۆ کوردەکان دابین بکات. ئەو جۆرە بیر و بۆچوونانە، بە شێوەیەکی ڕێکوپێك، سیستەماتیزە نەکرابوون. بەلام لە هەمان کاتیشدا، لەگەلّ پرەنسیپەکانی میساقی میللیی و یەکە سیاسییەکانی تورکدا، لە پێکداان و ناکۆکیدا بوون، سیاسەتی جەمعییەتەکانی مودافەعەی حقووق، ئەوە بوو کە لەچوارچێوەی میساقی میللیدا، چارەسەرێك بۆ کێشەی کورد بدۆزرێتەوە و بە بەردەوامی وەکو پێکهاتەیەکی جەنگاوەر، سەیری کوردەکانی کردووە کە پێویستە لەدژی ئەرمەنەکان لەچوارچێوەی جوولانەوەی مودافەعەی حقووقدا، جێگیر بکرێن. ئەو نیشتمانەی کە لەلایەن عوسمانییەکانەوە بە (کوردستان) لەقەلّەم درابوو، هەروەها شوێنی نیشتەجێ بوونی کوردەکانیش بوو، لەمیساقی میللیدا، وەکو بەشێك لە خاکی تورکەکان لەقەلّەم درابوو. بیر و بۆچوونەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لەو خالّەدا لەگەلّ هەلّوێستی کەمالیەکاندا ناکۆکی هەبوو. سیستەمی بیرکردنەوەی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد، لەچوارچێوەی بیر و بۆچوونی نەتەوەیی کورد و کوردستاندا، شکلّی گرتبوو. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بیر و بۆچوونانەش، دەست بە دروستکردنی جەمعییەتێکی وەکو جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، کرابوو.

لەکاتی دامەزراندنی کۆماردا، ئەو جۆرە ڕێکخراوە کوردییانە، بەهۆی سیاسەت و چالاکیی دژە کوردەوە، وردە وردە کەوتبوونە ژێر گوشارێکی زۆر و ڕووبەڕووی سیاسەتی توانەوە بووبوونەوە، لەبەر ئەوەش کار و چالاکیی و

ڕێکخستنە سیاسییەکانیان نەما و لەناو چوون. لەو قۆناغەدا، سەرکردە کوردەکان، بەتوندی سزا دران و ژمارەیەکی زۆریان دوور خرانەوە. لەناوبردنی ڕێکخراوێکی وەها کە سەرکردە و ئەندامەکانی دەستگیر کرابن یان دوور خرابنەوە، بۆ کۆماری تورکیا، کارێکی ئاسان بوو. ئەو جەمعییەتانەی کە هاوشێوەی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بوون، نەیان توانیوە هۆشیاری کوردەکان لەچوارچێوەی پرۆگرامێکی گونجاودا، گەشە پێبدەن و بیکەن بەهێزێکی دیاری کراو. بۆیە لەماوەیەکی کورتدا لەناوبراون. ئەو ڕێکخراوانە، نەیان توانیوە کاردانەوەیەگی نەتەوەیی لەدژی دەست پێشخەری و کار و چالاکییەکانی کەمالیەکان، ڕێکبخەن. جاربەجار هەوڵی ئەوە دراوە کە لەڕێی توندوتیژی سیاسییەوە، زەمینەی ئەو کاردانەوانە فەراهەم بکرێت. خۆی لەخۆیدا، ئەو ڕێکخراوە کە ڕۆڵ و هێزە سیاسییەکەی زۆر سنووردار کرابووەوە، لەکاتی گۆڕانکاری و پێشهاتە سیاسییە نوێیەکاندا، نەیدەتوانی گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ دروست بکات، لەبەر ئەوە نەیان دەهێشت درێژە بە هەبوونی خۆی بدات. هەر لەساڵی ١٩١٩ـەوە، دیار بوو کە دەسەڵاتی کەمالی و کۆماری نوێ، ڕێ بە بوونی ئەو جۆرە ڕێکخراوە کوردیانە نادەن. ئەوان دەیانویست پێکهاتە کوردیەکانی وەك "جەمعییەتی تەعالیی کوردستان" و "جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد" لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردان دەر بکەن و بەتەواوەتی ئەو بیرۆکە کوردایەتیە لەناو بەرن کە ئەو ڕێکخراوانە ویستوویانە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە بیگوازنەوە. لەبەر ئەوەش گۆڕانکاریی یاسایی‌یان نەکرد و ڕێوشوێنی سیاسی و سەربازییان لەدژیان گرتە بەر. لە هەلومەرجێکی وەهادا، ڕێ بە بوونی سیاسی و یاسایی ڕێکخراوێکی کوردی وەك "جەمعییەتی تەعالیی کوردستان" نەدەدرا. بەگوێرەی "مەتین تۆکەر"

ماوەیەکی کورت بەر لە کۆتاییهاتنی جەنگی تورك- یۆنان بە قازانجی تورکەکان، لە ڕووی یاسایی‌یەوە، کۆتایی بە بوونی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان هێنراوە، بەڵام بەتەواوەتی لەناو نەبراوە و بە کزیش بووبێت ئەو جەمعییەتە لە کار و چالاکیەکانی خۆی بەردەوام بووە[٤٩٠].

بەگوێرەی نووسەرانی تورك، کۆمیتەیەکی نهێنی لەنێو جەمعییەتی تەعالیی کوردستان‌دا دامەزراوە و بەوجۆرە درێژەی بە بوونی خۆی داوە. لێکۆڵ و نووسەرە تورکەکان، باسی ئەوە دەکەن کە "شێخ سەعید"یش ئەندامی ئەم کۆمیتەیە بووە. جگە لەوە، باسی ئەوەش دەکەن کە "سەیید عەبدولقادر" لەڕێی ئەو کۆمیتە نهێنییەوە ساڵی ١٩٢٤ دەستی لە ڕێکخستنی زەمینەی ڕاپەڕیندا هەبوە. ئەمەش لەکاتێکدایە کە هیچ بەڵگە و زانیارییەك لەبەر دەستدا نییە سەبارەت بەوەی کە "سەیید عەبدولقادر" ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ پەیوەندیی لەگەڵ ڕاپەڕینەکەی ١٩٢٥دا هەبووبێت. ناتوانرێت ئەو لافلێدانە قبووڵ بکرێت کە سەیید عەبدولقادر پەیوەندیی بەو کۆمیتە نهێنییەوە هەبوە. زۆر ڕێی تێدەچێ جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ساڵی ١٩٢٢ کۆتایی بە تەمەنی هاتبێ و لەناوچوبێ و نفووزی سەیید عەبدولقادریش بە ڕێژەیەکی فراوان نەمابێ[٤٩١].

---

[٤٩٠] مەتین تۆکەر، شێخ سەعید و ڕاپەڕینەکەی، ئەنقەرە، بڵاوکراوەکانی ئاکیس، ١٩٦٨، ل٥٢.

[٤٩١] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دادگایی کردنی سەیید عەبدولقادر و جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و لێپرسینەوەکان لە سەیید عەبدولقادر و لە سێدارەدانەکەی، دەتوانن بڕواننە ئەم سەرچاوانە: ئەرگون ئایباراس، مەحکەمەکانی ئیستقلال، بڵاوکراوەکانی KTB، ئەنقەرە، ١٩٨٢، ل١٢٩-١٤١. هەروەها ١٤٦-١٥٥؛ جەمال، ل٧٦-٩٣؛ تۆکەر، ل٥٢؛ سادق ئاڵبایراك، شۆڕشەکان و کاردانەوە کۆنەپەرستانەکان، ئەستەنبووڵ، بڵاوکراوەکانی لێکۆڵینەوە، ١٩٩٠، ل١١-٣٢؛ A سورەیا ئویزگویرەن، دنیا-٢٩-٣٠ی مایسی ١٩٧٥، حاکیمیەتی میللیە-

له قۆناغی کۆماردا، کۆتایی به ژیانی هەموو ڕێکخراو و حیزب و مەکتەب و زمان و کولتووری کوردی هێنراوە. ڕێکخراوە کوردیەکانیش، هەستیان بەوە کردووە کە پێویستە لە ڕژێمی نوێدا بەشێوەی نهێنی درێژە بە بوونی خۆیان بدەن. ڕێ بەوە نەدراوە هۆشیاریی نەتەوەییی کورد گەشە بکات و ڕێکخراوە کوردیەکان بگەنە کۆمەڵگای کوردی و کاریگەرییان لەسەر دابنێن و شوناسێکی نەتەوەییی کوردی دروست بکەن و بەرگریی لێ بکەن. هەروەها نەیان هێشتوە ئەو شوناسەش لە نەوەیەکەوە بە نەوەیەکی تر بگەیەنن، ڕێگریشیان لەوە کردووە کە ڕۆشنبیر و توێژی نوێ و سیاستمەدار و نووسەر و زانای کوردی پێبگەن. داخستنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد و هەموو جۆرە ڕێکخراوێکی کوردی و ڕێنەدان بە ژیانی سیاسیی کوردی، پەیوەندسی بە بیر و بۆچوونی کەمالیەکانەوە هەبوە. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، بەهۆی ناکۆکیەکانیەوە، لەگەڵ ئەو ژیانە سیاسی و کۆمەڵایەتیەدا کە ڕژێمی گەنجی کەمالی ویستوویە دروستی بکات، داخراوە. کوردەکان بەبێ جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و بەبێ ڕێکخراو، ماونەتەوە و بە ژیانێکی پڕ لە مەینەتی و هەژاری و نەداری و چەوساوەیی چوونەتە ناو ڕژێمی کۆمار.

---

٢٢-٢٧ی مایسی ١٩٥٢، ل٢، دونیا-١٩٥٧/٥/١٣، دونیا-٣ تا ٥ی حوزەیرانی ١٩٥٧، حاکیمیەتی میللییە- ٢٩ی مایسی ١٩٢٥، حاکیمیەتی میللییە- ٢٤ تا ٢٨ی مایسی ١٩٢٥. زانیاریی ورد و زیاترمان سەبارەت بە زانیاری دەربارەی پەیوەندیی سەیید عەبدولقادر بە ڕاپەڕینەکەی ١٩٢٥ەوەو دەستگیرکردن و لێپرسینەوە و لەسێدارەدانەکەی، لە کتێبی ڕاپەڕینی گەورەی کوردی لە ساڵی ١٩٢٥دا بڵاو کردۆتەوە.

# بەڵگەكان

## بەڵگەی یەكەم:

## بەیاننامەی جەمعییەتی هێڤیی تەلەبەی كورد

حەوت ساڵ بەر لە ئێستا، ژمارەیەك لە لاوانی كورد كە لە مەكتەبە جۆراوجۆرەكانی ئەستەنبووڵ دەیانخوێند، لە حەوشەی مەكتەبەكەیاندا سەبارەت بە كێشەی نەتەوەكەیان و مەحروومییەت و نەزانینی نەتەوەكەیان، پێكەوە قسەیان كرد و ئازارەكانی ئەو داستانەش لە دەروونیاندا كۆ بووەوە و بووە هۆی ئەوەی كە بڕیار بدەن پێكەوە كار بكەن و جەمعییەتێك بە ناوی "جەمعییەتی هێڤیی تەلەبەی كورد"ەوە دابمەزرێنن. ئەو گەنجانە كە وەك ڕۆڵەكانی نەتەوەیەكی هەژار لەم گۆشە و ئەو گۆشەی شاری ئەستەنبووڵ دەژیان، ڕێیەكی سەخت و دژوار و تاریكیان گرتبووە بەر و بە مەشخەڵێكی لەرزۆكەوە بەرەو پێشەوە دەچوون. بەڵام هیوا و ئارەزوەكانیان، ڕێپێشاندەری گەیشتنیان بوو بە داواكاریەكان. لەبەر ئەوەش ناوی "هێڤی"یان لە كۆمەڵەكەیان نابوو. ئارام و خۆراگری، ڕەمزی بەردەوامبوونیان بوون، مەرگیش تاكە خەڵاتێك بوو كە لەم دونیایە وەریان دەگرت. لەڕاستیدا بەدەست نەدارییەكی زۆریشەوە دەیانناڵند. هەندێك كەس وەك ئەوەی سووكایەتییان پێ بكەن، بزەیەكی تاڵیان بۆ لێ دەدان و هەندێكی دیكەش بە ساردوسڕی قسەیان لەگەڵدا دەكردن و لەزۆر نیگاشدا تووڕەیی و نیگەرانییان بەرامبەر بە خۆیان دەبینی. لەڕێی هیوا و داخوازیەكانیشیاندا، زیندانی دەكران و بەدوویان دەكەوتن و ڕەوانەی وڵاتی جۆراوجۆر دەكران و دوور دەخرانەوە. ئەوانە، وەك مەسەلەیەكی نامووسی نەتەوەیی، سەیری مانەوە و بەردەوامیی

ڕێکخراوەکەیان دەکرد و لەبەر ئەوەش، سەرەڕای هەموو نەدارییەك، کاریان دەکرد. ئەوان دەیانزانی بەسەرهاتەکانی ڕێکخراوەکەیان دەبێتە نموونەیەکی بچووك لە لێهاتوویی و توانایی کورد. لەبەر ئەوە، هیچ کات لە کارەکەیان بێزار نەدەبوون و بوونیان لە نەبوونەوە دروست کرد. ئەو سەدان گەنجانە، کەوتبوونە دەردی ئامادەکردنی دەرمانی ژیان بۆ نەتەوەیەکی کەوتوو، کە پێشتر مێژوو بەڕێز و شانازییەوە یادی دەکردنەوە. ناسنامەی مەعنەویی خۆیانیان لە ڕۆحی فیداکاری و شانازیی نەتەوەیی، دروست کردبوو.

مێشکە گەنجەکانی هەموو لایەکی کوردستان، وەڵامی بانگەوازەکانی ئەوانی دەدایەوە. دوای داخرانی ڕۆژنامە و نامیلکەکانیان کە هەموو حەفتەیەك دەردەچوون، هیی تریان دەردەخست و بەو دوو جۆرە ویست و ئارەزوە نەتەوەییەکانی خۆیان دەهێنایە سەرزمان. ئەوانەشیان لە هەموو شوێنێکی کوردستان بڵاو دەکردەوە. تەنانەت دەیانخستە بەر دیدی ئەوانەی کە کاتی خۆی باسی کوردت بۆ دەکردن، بە چاوێکی سووك سەیریان دەکردی. لەڕێی کۆبوونەوە و کۆنفرانسەکانەوە، پەیوەندی و دۆستایەتیی خۆیان لەسەر بنەمای ڕێزی دوولایەنە لەگەڵ لاوانی گەلانی دراوسێدا گرت. بە کردنەوەی لقی جەمعییەتەکەیان لە ئەوروپا، سەرنجی دۆست و دوژمنیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشا. هەندێك کەس شانازیی پێوە دەکردن و پەسنی دەدان و هەندێك کەسیش بەغیلیی پێ‌دەبردن. لە ئەمریکا و ئەستەنبووڵ و دیاربەکر و ساوجبلاخ و... ناوەندی شارەکانی تری کوردستان، بیری نەتەوایەتییان لەنێو ڕۆشنبیران و ناودارانی کورددا بڵاو کردەوە و زۆربەی ئەوانەشیان خستە خزمەتی کاری نەتەوەیی. بەتایبەتی لە ئەستەنبووڵ، بۆ ئەوەی ڕووناکبیرانی لاوی کورد هۆشیار بکەنەوە، پەیتا پەیتا بانگەوازیان دەکرد. زۆری پێ‌نەچوو بزیسکی شەڕی گەورە و گشتی لە جیهان دەرکەوت و هەموو شتێکی گۆڕی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەو شەڕە ماوەی نزیکەی پێنج ساڵ وەك بوومەلەرزەیەك جیهانی هەژاند و هێشتا کاریگەری و پەشێوی و شپرزەیی دوای ئەو جەنگە تەواو نەبوە کە ئەمڕۆ قیامەتی گەلان دەستی پێکردووە. خەڵکی کورد ئاگای لەو فەرتەنەیەی جیهانی دەوروبەر و ناو ماڵەکەی خۆشی نییە و ماوەی پێنج ساڵە تووشی چەندین کارەسات و تراژیدیای جۆراوجۆر بووە. داخۆ دوای هەموو ئەوانە، کورد ئاگاداری ئەوەیە کە چیی لەو مێژوە بەنسیب دەبێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کە پڕە لە ترس و نیگەرانی، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ڕێکخراوی (جڤاتا هێڤیی تەلەبەی کوردان)یش دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست، وەك هەموو ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی دیکە، لە ئەنجامی ئەو هەوڵانەی وا بۆ لەناوبردنی کورد و پێشێلکردنی مافەکانی دراون، هەروەها لە ئەنجامی ئەو هێزەی کە لە ماتەم و ئازایەتیی ئەندامە فیداکارە بەڕێزەکانیەوە بە دەستی هێنابوو، بە هەمان هیوا و متمانە و بڕوای جارانەوە، لەبەردەم نەتەوەکەیدا ئامادە بووە و دەستی بەکار کردەوە. بەڵێ، پێویستە ئەو پرسیارە بکرێت کە کاتی ئەم ڕاپەڕینەی گەلان، جڤاتا هێڤیی تەلەبەی کورد بەتەمایە چی بکات؟ کار و چالاکیەکانی بەپێی چ بنەمایەك ئەنجام دەدات؟ بەر لە هەموو شتێك، جڤاتا هێڤیی تەلەبەی کورد، پێی وایە ئاسوودەیی و باشبوونی هەر نەتەوەیەك، پەیوەندیی بە ئاستی بڕوا و دەوڵەمەندیی دانایی و زانایی ئەو نەتەوەیەوە هەیە. لەڕاستیشدا ئەو نەتەوانەی کە بیرو باوەڕەکانی لاوازن و سەروەت و سامانیان لەکیس چووە و ئاستی زانیاری و بەها ئەخلاقیەکانیان تێکەڵوپێکەڵ بووە، هەر لە کۆت و بەندا دەمێننەوە و چارەنووسیشیان باش نابێت. سەبارەت بەم ڕاستییە، مێژوو نموونەی جۆراوجۆری هەیە کە هەرگیز کۆتایی پێ نایەت. ئەو نەتەوانەی کە بە توندی (دەرمارگرژانە) بەرگری لە بیروباوەڕ و ئایدیاکانی خۆیان دەکەن و بنەماکانی ئاسوودەیی و بەختیاریی

خۆیان فەراهەم کردوون و ئاستی تێگەیشتنیشیان باشە، وا دەزانن ئەوان ئاراستە بە گۆڕانکاریەکان و چارەنووسی جیهان دەدەن. لەبەر ئەوە، لاوانی کورد ئاگادارن لەوەی کە بتوانن پێگەیەکی پڕ لە شانازی بۆ نەتەوەی کورد بەدەست بێنن. بەر لە هەموو شتێك، پێویستە بیرۆکەی کوردایەتی و ناموس و عەقیدەکەی خۆیان بە نەمری بهێڵنەوە و بە باوەڕێکی پتەوەوە بیپارێزن. جگە لەوە لاوانی کورد ئاگادارن نەتەوەکانی تر بەرامبەر بەو نەتەوانە کە لە هەموو کیشوەرەکانی جیهان لە هەموان زۆرتر دەوڵەمەندن، هێزیان کەم دەبێت و لاوەکانیشیان بەرامبەر بە گەنجە دەوڵەمەنەکان وەك سواڵکەرێکیان لێ دێت. لاوانی کورد ئەوەش دەزانن کە ئەم بارودۆخە کارەساتێکی گەورەیە بۆ نەتەوەی کورد. بەهۆی ئەمانەوەیە کە جڤاتا هێڤیی تەلەبەی کورد پێویستیی پێشکەوتنی کوردی لە بواری زانست و کولتووردا کردووە بە بنەمای کار و چالاکیەکانی خۆی و پێڕەو و پرۆگرامەکەی خۆیشی فراوانتر کردووە. بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەش، لقەکانی خۆی لە شارەکانی کوردستاندا دەکاتەوە. هەندێك لە ئەندامەکانی خۆیشی ڕەوانەی ئەورووپا دەکات بۆ ڕاهێنان لەسەر یاسا و ڕێساکانی شارستانی سەردەم.

کوردستان ڕابردوویەکی پڕ لە شانازیی هەیە. لە سەردەمی دەسەڵاتی ئاشووریەکان و میدیاو پارت و مێژووی عەرەب و تورك و ئێرانیدا، نەکەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی هەندێك دامودەزگای ئاینی و سیاسی و ملکەچی زۆر دەسەڵاتی سەربازیی دیکەش نەبوە، بەڵکووو لە چوارچێوەی داب و نەریتەکانی خۆیدا، بە شێوەیەکی دادپەروەرانە حکوومەت و دەسەڵاتی بۆ خۆی دروست کردووە. بەڵام ئەمڕۆ نەتەوەی کورد فەرامۆش کراوە و ئەویش زۆربەی ئەو شتانەی ڕابردووی خۆی نازانێت. جڤاتا هێڤی بۆ دۆزینەوە و

ئاشکراکردنی ڕابردووی نەتەوەییی کورد، کۆکردنەوەی مێژووی نەتەوەیی، کردووە بە یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی خۆی.

جەمعییەتەکەمان کار دەکات بۆ ئەوەی زمانی کوردی پێشبخات و بیکات بە زمانی نووسین. زمانی کوردی، وەکوو لقێکی زمانی گەلانی ئێرانی لە زمانی عەجەمی کە زمانی فارس نەژادەکانە، کۆنترە. بەڵام لەڕووی داڕشتن و بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەکانەوە، دواکەوتووە. بۆیە پێشخستنی ئەو زمانە ئەرکێکی گرنگە. وەکوو ئەوەی کە بە خەیاڵدا دێت، جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەش، کارێکی سەخت و دژوار نییە. ئەمڕۆ بەهۆی هەندێك کێشە و ئاستەنگی جۆراوجۆرەوە، شێوازی گوتن و بەکارهێنانی زمانی کوردی، لەنێو خێڵەکاندا تا ئاستێك جیاوازیی هەیە. بۆ یەکخستنی ئەوانە و پێشخستنی زمانی کوردی، پێویستە هەندێك کەسی بەڕێز کە شارەزایییان لەسەر ڕێزمانی کوردی و زاراوەی خێڵە جیاوازەکانی کورد هەیە، دەزگایەك دابمەزرێنن و فەرهەنگێکی نەتەوەیی ئامادە بکەن. بێگومان ئەو تێکەلی و پەیوەندیانەی کە لە داهاتوودا لە ژیانی گشتی کورددا پێش دەکەون، دەبنە هۆی ئەوەی کە زمانی نووسراوی کورد لە شار و ناوەندە گەورەکاندا ببێتە زمانی قسەکردن. بۆ بەدیهێنانی ئەو ئارەزووەشمان، داوای یارمەتی لەو ڕۆشنبیرانە دەکەین کە سەرچاوەی مانەوە و ژیانی جمعیەتەکەمانن. بەپێی پێڕەو و پرۆگرامی جڤاتا هێڤی، هەیئەتی تەعمیمی مەعاریف دادەمەزرێت کە ڕۆڵێکی گرنگی لە زیندووکردنەوە و پێشخستنی کولتووری کورددا دەبێت. یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی جڤاتەکەمان، کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە کۆنەکانی ئەدەبیاتی کوردییە. (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی، دیوانی نالی، مەلای جزیری، عەلی حەریری، فەقێ تەیران، مستەفا بەگی کوردی و شێخ ڕەزا، لە نموونە دەوڵەمەند و ڕەنگاوڕەنگەکانی ئەدەبیاتی کوردین. جڤاتەکەمان پێی

وایە کورد لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و زانستییەوە، پێداویستی زۆری هەیە، بەڵام پێویستە گرنگی بەو نیازانەی بدرێت کە دابینکردنی بەپەلەیان ناچارییە. داوا لە خودای گەورە دەکەین لە کاروبارەکانماندا سەرکەوتوومان بکات، بەڕێوەبەرایەتییەکی نەتەوەیی و خۆشبەخت بداتە نەتەوەکەشمان.

غیرەت لە ئێمە و یارمەتیش لە ئێوەی کورد!

(ژین ژمارە ٢١- ١٨ ی حوزەیرانی ١٣٣٥)

(ژین ژمارە ٢٢- ٢ی تەمووزی ١٣٣٥)

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەڵگەی دووەم:

## بەیاننامەی جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورد

ئامانجی دامەزراندنی جەمعییەتەکەمان ئەوەیە کە لە ڕووی زانستییەوە نەتەوەکەمان بۆ داهاتوو ئامادە بکەین، کە ناکرێت تەنها لە ڕووی سیاسیەوە درێژە بە بوونی خۆی بدات. لە ڕاستیدا، حاڵی حازر کە گەلی کورد لە سەدەی بیستەم، سەدەی پێشکەوتندایە، لە بێچارەیی و بارودۆخێکدایە، پێویستە بۆی بگریت. لە ململانێ و کێبرکێکانی داهاتوودا، هیچ چەکێکی بەدەستەوە نییە تا بەرامبەر بەو هێرشانەی کە دەکرێنە سەری، بەرگری لە خۆی بکات. لە ڕۆژگارێکدا کە هەموو کەس بە پەلەپەل دەیەوێت کەڵکێکی زۆرتر لەو هەلانە ببینێت کە لەبەر دەستیدان، سەبارەت بە بەهێزکردنی پێگەی نەتەوەییی خۆی کە نەوەکانی ئادەم دایان هێناوە (بەهۆی تێپەربوونی کاتەوە، گەلانێکی زۆر پەیدا بوون)، بەداخەوە ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین لافی بوونی شارستانییەکی خاکیانە لێ بدەین، کێشە و گیروگرفتی گەورەمان لەبەردەمدان. دەڵێن پێویستە نەتەوەکان بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی مافەکانی خۆیان، دەبێت زمان و مێژوویەکیان هەبێت کە بەپێی کات گەشەی کردبێت و خاوەنی دەزگای نەتەوەیی بن. هەر ئەوانەش ناسنامە و کلیلی گەیشتنن بە دەرگای پەروەردگار کە عەدالەت و دادپەروەریی دابەش کردووە. بەبێ گوێدانە ئەو لافوگەزافانەی کە بە نەزانی و تاکرەوییەوە لێ دەدرێن، دەبێت ددان بەوە بنێین کە کوردایەتی لەم ڕووانەوە کێشە و گیروگرفتی زۆری هەن. سەرەڕای ئەمە، ئەو کەموکوڕی و کێشانەی کە سەرەتا زۆر گەورە دێنە بەرچاو، لەڕاستیدا کێشەیەکی ڕواڵەتین. چونکە لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا نەبوونی گەنجینەیەك لە کتێب و نووسراو و بڵاوکراوە نابێتە کێشەیەك کە کوردەکان نەتوانن چارەسەری بکەن. بەهۆی توانا

سروشتیەکانی ئەم میللەتەوە، هەروەها فراوانیی زمانەکەی و ئەو هەل و دەرفەتەی کە دەستووری صەرف و نەحوی زمانەکە دەیڕەخسێنن، دەتوانرێت لە ماوەیەکی کورت و دیاریکراودا بە هەوڵ و تێکۆشان، ئەو زمانە پێش بخرێت و بگاتە ئاستێکی باش کە بە نسیبی زمانێکی دیکە نابێت. زۆر ئازاربەخشە لە قۆناغێکدا کە نەتەوەکان وازیان لە خاك و نیشتمانە پیربووەکەیان هێناوە و خۆیان بە ئاسمانەکانەوە سەرقاڵ کردووە، تازە بەتازە بێیت خۆت بە مەسەلەی ڕێکخستنی زمانەوە سەرقاڵ بکەیت کە بەردی بناغەی پێشکەوتنی شارستانێتیی مرۆڤایەتییە. بەڵام بەرپرس لە قەڵەمدانی زۆربەی میللەت لەسەر ئەم کەموکوڕییە و زەوتکردنی مافە مرۆیی و سروشتیەکانیان و بە ڕەوا لەقەڵەمدانی ئەو جۆرە ڕەفتارانە، لەگەڵ ئەوانەدا کە لەگەڵ دادپەروەری و مرۆڤایەتیدا ناگونجێن، گاڵتەکردنە بە عەدالەت و مرۆڤایەتی. بەڵێ، زمانەکەی ئێمە بە گوێرەی زمانی گەلانی دیکە لە ڕۆژی ئەمڕۆدا هێشتا زمانێکی باش و فراوانە. دەتوانین بڵێن ئەوەش ڕاستییەکی ئازاربەخشە کە ئێمەش نەمانتوانیوە ئەو زمانە ڕێك بەگوێرەی پێداویستەکانی سەردەم بخەین. ئەوەش ڕاستییەکی زۆر تاڵە کە ئەو زمانەی نزیکەی سەدەیەك بەر لە ئێستا بەهۆی بەرهەمە کلاسیکیەکانەوە لایەنی بەهێزی ئەدەبەکەیمان بۆ دەرکەوتووە، ئەمڕۆ بەهۆی نەهامەتی و نالەباریی سەردەم و هەندێك فاکتەری دیکەوە، بەرەو لەناوچوون دەچێت. پێویستە ڕێ لەمە بگیرێت. هەندێك فاکتەر بوونەتە هۆی ئەوەی ئەو زمانە بەرامبەر بە هێرشە نارەواکان نەتوانێت بەگوێرەی جاران خۆی بپارێزێت، ئەو فاکتەرانە جاربەجار لە مێژووی ژیانی میللەتەکاندا دەرکەوتوون و ئەوانەش ویست و داواکاری عولەما و ئومەراکان بوون، بۆ ئەوەی لەبەر خاتری دابینکردنی بەرژەوەندی و دەسەڵاتی خۆیان، هۆکاری دووبەرەکی و دووڕوویی‌یان لەنێوان میللەتدا پەرە پێداوە. ئەو دوو لایەنە کە ملکەچیی

بنکەی ژین
www.zheen.org

ڕەهای میللەتیان بۆ خۆیان لە جەهل و نەزانینی ئەواندا بینیوەتەوە، هەموو هێز و تین‌وتوانێکی خۆیان خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی توخمەکانی نیفاق و دووڕوویی، لەنێوان میللەتدا گەشە پێبدەن. لە هەر کوێ پرشنگێکی ڕووناکییان بینیبێت، یەکسەر هەوڵی کوژاندنەوە و شاردنەوەیان داوە. بە هێزەکانی دەستی خۆیانەوە کە تەنها بۆ خراپکردن و وێرانکاری بەکاریان هێناونە، هەوڵی لەناوبردنی ئەو تیشکەیان داوە. ئەوانە پێیان وایە وەها لەدایك بوون کە بەردەوام لەسەر پشتی میللەت بژین. بۆ ئەوەی پێگە و کورسیی دەسەڵاتەکەی خۆیان بپارێزرێت کە کەوتووەتە لەرزە، دەبێت حەق و ڕەوایی لەنێو تاریکی و نەزانیدا بخنکێنن و ژیانێکی پڕ لە نالەباری و نەهامەتی بۆ میللەت داین بکەن. لەو بارەیەشەوە سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. لە پەروەردەی نەتەوەییدا، ملکەچبوون بۆ گەورە و ڕێزگرتن و پابەندبوون بە ئەرکانی ئیمان، هەروەها دەرسدادانی دینی و ویژدانی پاك و سافی کوردان، بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئەو دەنگەش کە باسی حەق و ڕاستیەکانی کردووە، نەبیتسرێت و هیچ دەنگدانەوەیەکی نەبێت و بە زۆرینەی خەڵك قەناعەت بەشتی دیکە بێنن و تف و نەفرەت لەو جۆرە دەنگانە بکرێت.

کوردەکان تا ڕۆژی ئەمڕۆ، بەهۆی فێڵبازیەکانی ئەم جۆرە کەسانەوە، تووشی سزایەکی قورسی دونیا و قیامەت بوون. بەهۆی خەڵەتاندنەکەی ئەوانەوە، تائێستا بە دیلی و بێئاگایی ژیاون. بۆیە هیچ کات بیری لە زمان و مێژوو و ژیانەکەی خۆیشی نەکردووەتەوە. جووڵانەوەی ئاوەدانکردنەوە و عیرفانی نەبینیوە کە گەیشتووەتە لوتکەیەکی بەرزی مرۆڤایەتی و بۆ خۆشبەختیی مرۆڤەکان تێدەکۆشێ. بە چاوی بەستراو و مێشکێکی داخراوەوە، بەرەو کەناری دۆزەخی جێی بەڵێن ڕایکردووە. دواجار سەری لە بەردی ڕاستیەکان کەوتووە و سەری خستوەتە نێوان هەردوو دەستی و بە

سەرسوڕماوی و نیگەرانییەوە، لە جێی خۆی ماوەتەوە و ئێستاش هەستی بە پێویستیی تۆزێك بیرکردنەوە و وردبوونەوە لە دەوروبەری خۆی کردووە. لە یەکەم دەقەی هۆشیاربوونەوەی خۆیدا، لەنێو ئەو جەنجاڵییەی وا چاپەمەنیەکان دروستیان کردووە، کە جگە لە بڵاوکردنەوەی ڕاستییەکان، توانای دروستکردنی ڕاستیشیان هەیە، دەنگی دەرنەکەوتووە و نەیتوانیوە بەرگری لە مافەکانی خۆی بکات، بەڵام بەهۆی دەرس و پەند وەرگرتن لە ڕابردووەوە خراپەکەی خۆی و تێگەیشتن لەوە وەك یەکەم هەنگاویش هەستی بە نوقسانی و کەموکوڕیەکەی خۆی کرد. کورد بەهۆی ڕێکخراویی جێبەجێکردنی خۆیەوە، بە هەموو بنەما و داواکاریە کۆمەڵایەتیەکانی شارستانێتیی نوێوە پابەندە. ویستی لە بەرامبەر مەترسیەکانی داهاتووشدا ڕاوەستێ. وەها بیر دەکرایەوە بەهۆی چەرمەسەری و نەهامەتیەکانی ڕابردوویەوە، ئیدی ئەم نەتەوەیە دوای مافە نەتەوەییەکانی خۆی ناکەوێت. بەڵام ئەگەر هەتا دوێنێ کورد لە نەهامەتی و نەداریدا دەژیا، ئەمجارەیان دەیەوێت داهاتوەکەی خۆی ببینێ و بۆ ڕێکخستنی بارودۆخەکانی ژیانی خۆی، لە داهاتوودا کار بکات. هەیهات! نێچیرڤانێك کە کەمینی بۆ دانابوو، ویستی خەیاڵە ڕەنگینەکانی ئەم نەتەوەیە تێك بدات، کە ماوەی چوار ساڵە هەوڵی جێبەجێکردنیان دەدات و پێی وایە بەهۆی نەتەوایەتییەوە دەگاتە خەیاڵ و ئامانجەکانی خۆی. کەسانی دووڕوو و خراپەکار کە ژیان و پەروەردەیەکی خراپیان هەیە پڕە لە گەندەڵی، بە بزەیەکی مانادارەوە هەوڵیان دەدا زنجیرەکانی ملکەچکردنی گەلان زۆرتر بکەن. ڕۆشنبیرانی میللەت کە ساڵانێکی زۆر لەبەرامبەر کارەساتەکانی ڕابردووی نەتەوەدا کەمتەرخەم بوون و دوای ئەوەی کاتێکی زۆریان بەفیڕۆ دا، بەشێوەیەکی نیازپاکانە بڕیاریان دا، تا کوردەکان کە هەموو کاتێك قابیلی ئەوەن لەناو بچن، ڕزگار بکەن. دوای ئەو

بڕیاره پڕ هیممەتە و سەرەڕای هەموو ئەو کێشە پڕ داراییانەی کە هەبوون، بڕیار درا جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورد دابمەزرێت. لەبەر ئەوەی جۆش‌وخرۆشێکی باشمان لەنێوان هاونەتەوەکانی خۆماندا دەبینی، شەرەفی ئەوەمان پێ‌بەخشراوە بەرامبەریان دەرکەوینەوە. جەمعییەتەکەمان بە هێز و متمانەیەکی زۆرترەوە چووەتە بەردەم نەتەوەکەی خۆی. جەمعییەتەکەمان کاتێك شێوازی مەیدانی کار و چالاکیەکانی خۆی دیاری کرد، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کاروباری سیاسی تەنیا بۆ بەڕێکردنی کارەکان و پیشاندانەکانی هێز لەکاتی خۆیدا هیچ بەرهەمێکی دیکەی نییە، بڕیاری داوە کار و چالاکیەکانی خۆی بە هیچ جۆرێك سیاسی نەبن و بەتەواوەتی زانستی بین و بەکردەوە جێبەجێیان بکات.

بەر لە هەموو شتێك، جێی خۆیەتی لێرەدا یادێ لەو کەسانە بکەینەوە کە بەر لە ئێمە بەشێوەیەکی فیداکارانە لەم بوارەدا کاریان کردووە و ئەوەش ڕابگەیەنین کە دوعای سەرکەوتنمان بۆ بکەن. پێویستە باسی ئەوەش بکەین، بە هەموو شێوەیەك پێویستیمان بە ڕێنمایی هاونەتەوەکانی خۆمان هەیە. هیوادارین ئەو کەسانەش کە پێشتر دژی ئەم کار و چالاکیانە ڕاوەستاون، لەمە بەدواوە پێداگری لەسەر ئەو بۆچوونەی خۆیان نەکەن. هۆی شکستهێنانی ئەو هەوڵانەی کە بەر لە ئێمە دراون، بێ‌گومان تەنها بێ‌ئەزموونی نییە. بێ‌گومان لایەنی کەمتەرخەمی و پابەندنەبوونیشی تێدایە کە ئەنجامە پڕخەمەکەی ئەوەش، ئەو نەهامەتیە نەتەوەییەیە کە ئەمڕۆ جەرگی هەمووومانی بڕیوە. دڵنیام لەوەی هەر کوردێکی هۆشیار، ئەمڕۆ بەدەست ئازار و کارە نەتەوەییەکانەوە دەناڵێنێت، بە پەشیمانبوونەوە لە ڕابردوو، ترسان و تۆقان لە حاڵی حازر، ناتوانین هیوامان بە داهاتوو هەبێت و هیواش بە ئەو شتانە ناکرێت کە پەیمان دراوە دوای مردن بدرێنە نەتەوەکان. جەمعییەتەکەمان هەوڵی دەدات کوردەکان

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە نەهامەتی ڕزگار بكات و دركی بە پێداویستەكانی زمان و مێژوو و زانستە سەردەمیەكانی كورد كردووە و هیوادارە لەو ڕێگایەدا سەر بكەوێت، داوا لە میللەتە بەڕێزەكەمان دەكات، لەڕووی ماددی و مەعنەوییەوە یارمەتیمان بدەن. باوەڕێكی زۆرمان بەوە هەیە كە كاركردن بە هەوڵ و هیمەتێكی نەتەوەییەوە، دەبێتە هۆی سەركەوتنمان. جەمعییەتەكەمان بەڕێوەبردنی گۆڤاری "ژین"ی گرتووەتە ئەستۆ و بەو هۆیەشەوە، داوا لە هەموو هاونەتەوەكانی خۆی دەكات كە لەتاقیكردنەوەی سەخاوەت و دەستكراوەیی خۆیاندا، سەركەوتوو بن. سەركەوتن لەخوداوەیە.

جەمعییەتەكەمان بەپێی ڕیزبەندی ئەو پرۆگرامەی وا لە خوارەوە باسی كردووە، دەیەوێت جێبەجێیان بكات:

پــرۆگرام:

١- گۆڤارێكی هەفتانەی زانستی بڵاو دەكاتەوە.

٢- هەموو نووسین و بەرهەمەكانی ئەدیب و زانا و شاعیرانی كورد كە بە زمانی كوردی ئامادەیان كردووە، وەك دیوانی شیعر... بەشێوەیەكی زۆر باش چاپ دەكات.

٣- كتێبێكی زمانی كوردی ئامادە دەكات كە هەموو شێوەزمان و زاراوە كوردیەكانی لەخۆ گرتبێت.

٤- بەگوێرەی ئەوەی كە لەبەر دەستدایە، كتێبێكی گونجاو سەبارەت بە سەرف و نەحو چاپ دەكات.

٥- كتێبە پێویستەكانی خوێندنی سەرەتایی، بەزمانی كوردی بڵاو دەكاتەوە.

٦- گۆڤارێكی تایبەت بە (پەندی پێشینان) ئامادە دەكات، بەشێوەیەك كە هەریەكەو بەشێكی تایبەت بە زاراوە جۆربەجۆرەكان لەخۆی بگرێت.

بنكەی ژین
www.zheen.org

٧- له هەموو شوێنێكدا، زانیاری لەسەر دابونەریتی كورد كۆ دەكرێتەوە و چیرۆك و گۆرانیە فۆلكلۆریەكانیش كۆ دەكرێنەوە.

٨- بەرهەم و نووسینی تایبەت بە زانیاری كۆن و نوێ لەسەر مێژوو و جوگرافیای كورد، ئامادە دەكات.

٩- ئەو بەرهەمانەی كە بە زمانەكانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا لەسەر كورد و كوردستان هەن، وەریاندەگێڕێت و بڵاویان دەكاتەوە.

١٠- ژیاننامەی كەسایەتیە ناودارەكانی نەتەوەی كورد لە ڕابردوو و ئێستادا بڵاو دەكاتەوە.

١١-جەمعییەتەكە لە هەندێك شوێن كتێبخانە دەكاتەوە كە كتێبی ناوخۆیی و بیانی لەخۆ بگرێت.

١٢- دەرسی شەوانە دەكاتەوە.

١٣- هەیئەتی تەدقیقییە بۆ شوێنە كوردنشینەكان دەنێرێت.

١٤- هەوڵ بۆ دامەزراندنی چاپخانەیەك تایبەت بە جەمعییەتەكە دەدات.

١٥- ڕێكخستن لەنێو كرێكارانی كورددا دروست دەكات.

١٦- ئەو منداڵە كوردانەی كە هەژارن و بەسەرگەردانی لە ئەستەنبووڵ دەسووڕێنەوە، دەیانباتە لای دووكاندار و بازرگانەكان و دەیانكات بە شاگرد و ئامۆژگاریی ئەوەشیان دەكات كە بەشێوەیەكی بەردەوام خەرجیی مەسرەف و پارەیەكیان پێبدەن.

١٧- بۆ كردنەوەی مەكتەبێكی پیشەسازیی شەوانە هەوڵدەدات كە تایبەت بێت بە منداڵە بێخاوەن و هەتیوەكانی كورد.

١٨- سەبارەت بە پیشەكانی ناوماڵ و فێربوونی كارگوزاری، مەكتەبێكی شەوانە بۆ كچە هەتیو و بێخاوەنەكانی كورد دەكاتەوە.

بنكەی ژین
www.zheen.org

١٩- هەوڵ دەدات مۆزەخانەیەك سەبارەت بە هەموو ئەو ئامێر و کەلوپەلە ناوخۆیی و دەرەکیانەی کە پیاوان و ژنانی کورد بەکاریان دەهێنن، بکاتەوە.

٢٠- هەوڵی دامەزراندنی خانەیەکی پێگەیاندنی مامۆستایانی کورد دەدات.

"ژیـن"، ژمارە ١٠، ٢ی شوباتی ١٣٣٥

بنکەی ژین
www.zheen.org

بـــەڵگەی سێیەم:

## بڕیاری مەجلیسی نوێنەران سەبارەت بەکار و چالاکیەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، زەبتنامە (کۆنووسین)ی تایبەتی دانوستانەکانی مەجلیسی وکەلا

ژمارەی ڕیزبەندی ٣٠٢–

١٩ی ڕەمەزانی ١٣٣٧– ١٨ی حەزەیرانی ١٣٣٥

کورتە:

هەندێك ڕاپۆرتی هەواڵگری گرنگ و جێی سەرنج خوێنرانەوە سەبارەت بەوەی کە نوێنەرانی سیاسیی ئینگلیز لە ویلایەتەکانی مووسڵ و دیاربەکر و بتلیس و وان، کاریگەرییان لەسەر خێڵە کوردیەکانی نیشتەجێی ئەو ناوچانە داناوە و هانیان دەدەن بۆ ئەوەی لەدژی حکوومەت بجووڵێنەوە. ئەو ڕاپۆرتانە، لە چوارچێوەی تەلگرافنامەدا نێردراون. جگە لەوە، دەقی هەندێ تەلگرافنامانەش خوێنرانەوە سەبارەت بەوەی کە هەندێك کەسایەتی هەن ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانن و لایەنگری بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستانن. جگە لەوە باسی ڕێوشوێنەکان لەبەرامبەر ئەوانەشدا کرا و خوێندنەوەکانی ئەنجومەنی تایبەتی نوێنەرانیش لەبارەی ئەو ڕووداوانەوە خوێندرانەوە. بەگوێرەی ئەو شتانەی کە وەزارەتی ناوبراو ئاماژەی پێداون، نوێنەرانی سیاسیی ئینگلیز لە ویلایاتی شەرقییە، جاربەجار لە ڕێی پێدانی پارەیەکی زۆرەوە بە سەرۆك خێڵەکانی دانیشتووی ئەو ناوچانە کە لەڕووی ئاینی و نەتەوەییەوە بەدەمارگرژی ناسراون. جاربەجاریش لە ڕێی زەبر و توندوتیژییەوە هەوڵ دەدات کاریگەریی خۆی لەسەر ئەوانە زۆرتر بکات و

بنکەی ژین www.zheen.org

لەدژی حکوومەتی سەنییە بیانجولێنێت و وایان لێ بکات لەو حکوومەتە جیا ببنەوە. لەو بارەیەشەوە، لەسەر هەندێك لە خێڵەکان، کاریگەریی زۆریان داناوە و لە هەندێك شوێنیشدا بوونەتە هۆی دروستکردنی کێشە بۆ دانیشتوانی ناوچەکە. بۆ نموونە حاکمێکی ئینگلیز بۆ گەشتوگوزار سەری لە گوندەکانی ناحیەی (گەلی کۆیان) دەکات، لەوێوە لە لایەن خێڵەکانی ئەوێوە دەکوژرێت.

بـڕیار:

دۆسیەیەك سەبارەت بە ڕووداوەکان پڕکرایەوە، تا بە وەزارەتی دەرەوە بدرێت، بۆ ئەوەی سەبارەت بەو ڕووداوانە لەگەڵ نوێنەرایەتی ئینگلیزەکاندا دانوستان بکات و ئەوەش ڕوون بکاتەوە کە ئەگەرچی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی ئاگربەست بۆیان هەیە لەکاتی دەرچوونی هەر ئاژاوەیەکدا بچنە نێو ئەو ویلایەتانەی کەوا باسیان لێوە کراوە، بەڵام هەندێك لەو کەسانەی کە بەناوی نوێنەرانی سیاسییەوە، ڕەوانەی ئەو ناوچانە کراون، خێڵە کوردیەکان هان دەدەن. ئەوانە دواجار بوونەتە هۆی ئەوەی کە کەسێکی وەك ئەو حاکمە سیاسییەی ئینگلیز بکوژرێت کە ئەمەش جێی نیگەرانییە. لە بڕیارەکاندا باسی ئەوە کرابوو پێویستە جارێکی دیکە عەشایرەکان پابەندی حکوومەت ببنەوە، کە کەوتوونەتە بەر کاریگەریی هاندان و وورووژاندنی ئینگلیزەکان. هەروەها پێویستە ئەو کەسانەش هۆشیار بکرێنەوە کە ئاگایان لە خۆیان نەماوە، تا جارێکی دیکە ڕاستگۆیی و پابەندیی خۆیان بۆ حکوومەت بسەلمێننەوە. دەبێت هێزەکانی ژەندرمە، لە ڕووی دابینکردنی ئاسایش و ئارامیی ناوچەکەوە، کەموکوڕیەکانی خۆیان چارەسەر بکەن. سەرەڕای ئەوەی کە هێشتا قسەی لەسەر دەکرێت، بەڵام هێشتا ناتوانرێت سەرباز ڕەوانەی ئەو ناوچانە بکرێت، چونکە باری دارایی خەزێنە باش نییە، بۆیە پێویستە کادیرەکانی ژەندرمە، بەگوێرەی دەرفەتی گونجاوی بەردەستی خۆیان، لەگەڵ

ڕووداوەکاندا بجووڵێنەوە و هەوڵی دابینکردنی ئاسایش بدەن. لەلایەکی تریشەوە، درێژە بەو کار و چالاکیە تایبەتانە بدرێت کە بۆ گەڕاندنەوەی سەرۆك خێڵەکان بەرەو لای حکوومەت دەدرێن و نیشان و مەدالیا و پلەی تایبەتی گونجاو بە هەندێك لەو کەسانە بدرێت. جگە لەوە، لە ڕێی دەستەی ئامۆژگارییەوە کە ڕەوانەی ئەویٚ دەکرێن، کەسانی زانا و خاوەن قسە تیٚبگەیەنرێن و بارودۆخەکەیان بۆ ڕوون بکرێتەوە. لەبەر ئەمانە، پێویستە ڕێنماییی پێویست بدرێتە پارێزگارەکانی ئەویٚ بەتایبەتی "فایەق عەلی بەگ" والیی دیاربەکر و "سورزادە عەبدوڕەحمان ئاغا"ی سەرۆکی خێڵی شرناخ کە زیاد لە پێویست پابەندبوونی خۆی بۆ حکوومەت پیشان داوە. دەبیٚ ئەوەیان پیٚڕابگەیەنرێت کە ڕێکخراوەکانی وەك (کلووپ) یا (یانەی کوردی( پێویست نین و پێویستە بۆ لەناوبردنیان کەڵك لە تواناکانی ئەوان وەربگیرێت.

جگە لەوە، نیشان و مەدالیا و پلەی گونجاو بدرێتە سەرۆك خێڵەکانی بەتلیس و لەڕێی وەزارەتی ناوخۆوە لەو شوێنانەی کە پێویستن، لەبەر دابینکردنی ئاسایش بڕێك پارە دابەش بکرێت. هەروەها لە ڕێی هاوئاهەنگیی وەزارەتەکانی جەنگ و ناوخۆ و داراییەوە، ئەو ئاژەڵانەی سوپا کە لەدوای جەنگ ماونەتەوە، بدرێنە کوردانی دانیشتووی دەوروبەری (قونیا و ئەنقەرە) و هەوڵی گەڕاندنەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیان بدرێت کە کاتی جەنگ و ئامادەکاری لەو شوێنانە گواستراونەتەوە. خاڵێکی دیکە کە پێویستە سەرنجی بدرێتیٚ ئەوەیە کە پێویستە فەرمانبەری توانا و پابەند و شارەزا لە ویلایاتی شەرقییە دابمەزرێنرێن و هەموو کات ئەم خاڵە ڕەچاو بکرێت. سەبارەت بە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، پێویستە ئەوە بگوترێت کە دامەزراندنی ئەو جەمعییەتە بە پێچەوانەی یاسا و شەریعەت بووە و کارەکان و ناوەندەکەشیان لە ئەستەنبووڵ و لقەکانیشیان لە ویلایاتی شەرقییە بەگوێرەی یاسا و

شەریعەت نین. پێویست بوو بەرامبەر بەوانە، ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتە بەر. هەروەها بۆ ڕێگرتن لە ورووژاندنە ناوخۆیی و دەرەکیەکانەوە، پێویستە دەستەی ئامۆژگار کە لە "حەیدەری زادە ئیبراهیم ئەفەندی" و "عابووق ئەحمەد" و "نازری بەحرییە عەونی پاشا" پێك هاتووە، بچنە ناوچەکە بۆ ئەوەی ئامۆژگاریی کەسایەتیە کوردەکان بکەن.

تونایا، بەرگی دووەم، ل٢٢٣ –٢٢٥.
ئیمزای هەیئەتی وکەلا

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەڵگەی چوارەم:

## تەعلیماتنامەی جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورد

١- (جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورد)، هەروەك لە ناوەکەیدا دەردەکەوێت، زانستی و سەربەخۆیە و لە ئەستەنبووڵ دامەزراوە.

٢- ئامانجی جەمعییەت: ئامانجی جەمعییەتەکە ئەوەیە کە کوردەکان لەنێوان هەموو ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانەدا زۆرتر لە هەموان، لە مەعاریف بێبەش کراون، لەبەر ئەوە ئەم جەمعییەتە دەیەوێت لەناو کوردەکاندا مەعاریف و پیشەکان پێشب خات و نەشر و تەعمیمی بکات.

٣- جەمعییەتەکە حاڵی حازر، سەرقاڵی دروستکردنی قوتابخانەیەکی سەرەتایی دەبێت بۆ منداڵانی کورد لە ئەستەنبووڵ، بەڵام دوای باشبوونی بارودۆخی دارایی و زیادبوونی یارمەتیی کەسانی نیشتمانپەروەر، هەوڵ دەدات قوتابخانە لەنێو زۆربەی ناوچە کوردنشین و قەزاکان، هەروەها خێڵە کوردیەکانیشدا بکاتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

تا ماددەی (١٤) پەیوەندیی بە ڕێکخستنەوە هەیە.

١٥- دەکرێت ئەم پێڕەوە، بەهۆی ڕێککەوتنی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەوە یا بە زۆرینەی دەنگیان، دەستکاری بکرێت.

دامەزرێنەکان

١. بەدرخانزادە ئەمین عالی بەگ.
٢. دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت بەگ.
٣. بەدرخانزادە میدحەت بەگ.
٤. مەبعووسی ئەرزڕۆم: سەیفوڵڵا بەگ.

٥. مەبعووسی هەکاری: تەها ئەفەندی.
٦. مەبعووسی وان: تەوفیق بەگ.
٧. بەدرخانزادە کامیل بەگ.
٨. بەدرخانزادە عەبدوڕەحمان بەگ.
٩. مەبعووسی گەنج محەمەد بەگ.
١٠. میر سەیفەددین زادە عەونی بەگ.
١١. میرئالآی محەمەد سامی بەگ.
١٢. کارمەندی مەحکەمەی شەریعەتی میسر (دیاربەکری محەمەد فایەق ئەفەندی).
١٣. بەدیعوزەمان سەید ئەفەندی.
١٤. خەلیل خەیاڵی ئەفەندیی موتکی.
١٥. کوردیزادە ئەحمەد ڕامیز.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەڵگەی پێنجەم:

## نیزامنامەی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان

ماددەی یەك:

بۆ دابینکردنی بەرژەوەندە گشتیەکانی کورد و جێبەجێکردنیان، ڕێکخراوێك بە ناوی (جەمعییەتی تەعالیی کوردستان)ەوە دامەزراوە و بارەگای ناوەندیی لە ئەستەنبووڵە، لە کوردستان و بەگوێرەی پێویست لە شوێنەکانی دیکەش، لقی خۆی دەکاتەوە. بە هەمان شێوە هاوکاریی جەمعییەتەکانی گەلانی دیکە دەکات کە بۆ هەمان مەبەست دامەزراون.

ماددەی دوو:

جەمعییەتەکە بە هەموو زمانێك [و: پێدەچێت مەبەستی هەردوو زمانی کوردی و تورکی بێت] ڕۆژنامەی دیارکراو و ڕۆژانە بڵاو دەکاتەوە. هەروەها نامیلکە و کتێبیش چاپ دەکات و شوێنی خوێندنەوە و مەکتەب و چاپخانەش دادەمەزرێنێت. وانەی شەوانە و کۆنفرانس ڕێك دەخات و هەیئەتی ئیرشادییە ڕەوانەی شوێنی پێویست دەکات و بەگوێرەی پێویست دامودەزگای خێرخوازی و کۆمەڵایەتی دادەمەزرێنێت.

ماددەی سێ:

هەر کوردێك و غەیرە کوردێك کە قسەی خراپی لەسەر نەبێت و خزمەتی ئامانجەکانی جەمعییەتەکە بکات، دەتوانێت ببێتە ئەندام.

ماددەی چوار:

ئەندامانی جەمعییەت دەبن بە سێ بەشی دامەزرێنەکان و کارا و ئەندامانی ئاسایی:

نیکەی ژین www.zheen.org

**١. ئەو کەسانەی کە کاتی بوون بە ئەندام لانی کەم چوار لیرە بدەن و مانگانەش بڕی یەك لیرە بە جەمعییەتەکە بدەن، دەبن بە ئەندامی دەستەی دامەزرێن.**

**٢. ئەو کەسانەی کە لەکاتی بوون بەئەندامدا، لانی کەم دوو لیرە بدەن و دوای ئەوەش بەڵێن بدەن مانگانە لیرەیەك بە جەمعییەتەکە دەدەن، دەبن بە ئەندامی کارا.**

**٣. ئەو کەسانەی کە لە سەرەتای بوون بەئەندامدا، لانی کەم پێنج قروش بدەن و بەڵێنیش بدەن کە لەوەوبەدوا مانگانە دوو قروش دەدەن، دەبن بە ئەندامی ئاسایی.**

**ماددەی پێنج:**

**داهاتی جەمعییەتەکە لە مانگانە و پارەی ئەندامبوونی ئەندامەکان و کار و چالاکیەکانی ترەوە، دابین دەکرێت.**

**هەیئەتی ئیدارە**

www.zheen.org

**ماددەی شەش:**

**هەیئەتی بەڕێوەبردن، لە سەرۆکێك و دوو جێگری سەرۆك و سیازدە ئەندام پێك دێت. ژمێریار و سەرۆکی نووسەران و کاتب و خەزنەدار، بە ڕەئیی ئەندامان هەڵدەبژێردرێت. پێویستە بە دەنگی ئەندامانی دەستەی دامەزرێن، سەرۆك هەڵبژێردرێت و پێویسیشە کەسانی دیکە بە دەنگی ئەندامانی دەستەی دامەزرێن و ئەندامانی کارا و ئەندامانی ئاسایی بە دەنگدانێکی نهێنی هەڵببژێردرێن. ماوەی کارکردنی ئەمانەش، بۆ ماوەی یەك ساڵ دەبێت. کۆتاییی ساڵ دیسان هەیئەتی ئیدارە بەهۆی هەڵبژاردنێکەوە هەڵدەبژێردرێت و هەڵبژاردنی هەیئەتی ئیدارەی پێشووش ڕێ پێدراوە. لە سەرووی ئەم هەیئەتەوە، هەیئەتێکی ڕاوێژکاری دەبێت. دەستەی ڕاوێژکاری بەگوێرەی**

پێویست لە شێخ و زانا و پیاوماقووڵ و خانەدانەکان پێك دێت و بەگوێرەی پێویست دەستەی گشتی بە هەڵبژاردن دیاری دەکرێت.

ماددەی حەوت:

کاتی لابردنی سەرۆکایەتی هەیئەتی ئیدارە، سەرۆکی دووەم خاوەن بڕیار دەبێت، ئەو کەسەی کە ئەندامێتیەکەی هەڵدەپەسێردرێت، بەکۆی دەنگی ئەندامانی دەستە، شوێنی پڕ دەکرێتەوە.

ماددەی هەشت:

پێویستە خەزنەدار بەرامبەر بە کارەکانی خۆی بەرپرس بێت.

ماددەی نۆ:

بەپێی پرۆگرامی ناوخۆی جەمعییەت، هەیئەتی ئیدارە بۆ ماوەی یەك ساڵی تەواو بەرپرسی یەکەمی هەموو کاروبارەکانی جەمعییەتە و ئەو کاروبارانە ڕێك دەخات.

ماددەی دە:

دەستەی بەڕێوەبردن لانی کەم هەفتەی جارێك کۆ دەبێتەوە.

ماددەی یازدە:

بڕیارەکانی هەیئەتی ئیدارە، بە زۆرینەی دەنگ دەبن و تەنانەت یەك دەنگی زیادەش دەتوانێت زۆرینە دروست بکات.

ماددەی دوازدە:

ماددەکانی کۆبوونەوە بەر لە دەستپێکردنی کۆبوونەوە، لەلایەن سەرۆك و کاتبی گشتییەوە، بە ئەندامەکان ڕادەگەیەنرێن. پێویستە بڕیارەکانی کۆبوونەوە لە دەفتەری تایبەتدا تۆمار بکرێن و ئەندامانی هەیئەتی ئیدارەش، ئیمزای لەسەر بکەن. ئەو ئەندامەی کە ناڕازین یان لەدژی بڕیارەکەن، پێویستە لە خوارەوە هۆکاری ناڕەزاییەکەی خۆیان بنووسن و ئیمزای لەسەر بکەن. بەبێ

ئامادەبوونی نۆ کەس لە شازدە ئەندامەکەی هەیئەتی ئیدارە، ناتوانرێت هیچ بڕیارێك وەربگیرێت.

ماددەی سیازدە:

کۆتاییی ساڵ هەیئەتی ئیدارە، بانگی هەیئەتی گشتی دەکات بۆ کۆبوونەوە. بانگکردن بۆ کۆبوونەوە، لانی کەم پازدە ڕۆژ بەر لە ئەنجامدانی کۆبوونەوەکە دەکرێت.

### هەیئەتی عموومییە

ماددەی چواردە:

هەیئەتی عموومییە یان دەستەی گشتی، لە هەموو ئەندامانی ڕێکخراو پێك دێت.

ماددەی پازدە:

کۆبوونەوە لەو ڕۆژەدا کە بۆ کۆبوونەوە دیاری کراوە، بە ئامادەبوونی ئەندامانی پێویست، ساز دەکرێت و دەستەی گشتی توانای وەرگرتنی هەر جۆرە بڕیارێکی هەیە.

www.zheen.org

ماددەی شازدە:

دەستەی گشتی ساڵی یەکجار، لە ٣١ی ئابدا کۆبوونەوە دەکات. بەگوێرەی داواکاریی هەیئەتی ئیدارە یا سێیەکی ئەندامانی ئەو دەستەیە دەکرێت. دەستەی گشتی کۆبوونەوە بە شێوەیەکی نائاسایی -ئەویش بۆ یەکجار- ئەنجام بدات.

ماددەی حەڤدە:

دوای ئامادەبوونی ڕێژەی پێویست بۆ کۆبوونەوەی دەستەی گشتی، بەتەمەنترین ئەندامی دەستەی دامەزرێن، داوا لە ئامادەبوان دەکات تا سەرۆك و کاتبێك بۆ کۆبوونەوەکە هەڵبژێرن. ئەو کەسەی وەك سەرۆك هەڵدەبژێردرێت،

بۆ یارمەتیدان لە کاروبارەکانی هەڵبژارنی دەستەی بەڕێوەبردن یا هەیئەتی ئیدارەدا، حەوت کەس لەنێو ئامادەبوان دەست نیشان دەکات.

ماددەی هەژدە:

دەستەی گشتی، ڕاپۆرتی تایبەت بە کورتەی حیساب و کار و چالاکیەکانی یەك ساڵی ڕابرددوو دەخاتە بەر باس و گفتوگۆ، لە کۆتاییدا بە ڕاستی لەقەڵەم دەدات. بەگوێرەی پێداویستەکانی ماددەی شەشەم، دەستەی گشتی هەیئەتی نوێی ئیدارە و ئەندامانی کۆنگرە هەڵدەبژێرێت.

ماددەی نۆزدە:

جیاکردنەوەی دەنگەکان و ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا دەکرێت.

## کۆبوونەوە

ماددەی بیست:

ساڵی یەك جار لە بارەگای گشتیدا ڕێك دەخرێت. کۆنگرە، باری دارایی و کار و چالاکیەکانی جەمعییەت لە ماوەی یەك ساڵدا دەخاتە بەر وردبینی و پەسندی دەکات. بودجەی هەموو لقەکان بۆ ماوەی یەك ساڵی داهاتووش دیاری دەکات و بەگوێرەی پێویست دەستکاریی نیزامنامەی جەمعییەت دەکات. چۆنێتیی گفتوگۆ و بەڕێوەچوونی کۆنگرە، لە پێڕەوی ناوخۆدا باس کراوە. لانی کەم پێویستە یەك کەس لە هەر لقێك بۆ کۆنگرە هەڵبژێردرێت. هەروەها سندووقی دەرامەت کوکردنەوە و خەرجی و کاروباری نووسین دیاری دەکرێت.

ماددەی بیست‌ویەك:

لە سەددا بیستی هەموو داهاتی مانگانەی ئەندامان کۆ دەکرێتەوە و لە بانکێك دادەنرێت.

ماددەی بیستودوو:

سەرۆکی لێکۆڵینەوە، بەرپرسە لەوەی کە خەزنەدار هەموو داهات و خەرجیەکانی جەمعییەت لە دەفتەری تایبەتدا بە وردی تۆمار بکات و بە گوێرەی بنەماکان ئەو کاروبارە جێبەجێ بکات.

ماددەی بیستوسێ:

ئابوونەی مانگانە و ئەو پارانەی کە بەڵێن دراوە بەشێوەی مانگانە بدرێن، هەروەها هەر جۆرە داهاتێکی دیکەی ڕێکخراوەکە، بە پسووڵە وەردەگیرێن. پێویستە ژمارەی ئەمانە لە ماوەی یەك ساڵدا بەدوای یەکدا و بەردەوام بێت. پێویستە مۆر و وێنەی جەمعییەتەکە لەگەڵ ئیمزای سەرۆك و خەزنەداردا بەسەر ئەو پسووڵانەوە هەبن.

ماددەی بیستوچوار:

پێویستە پسووڵە و لاپەڕەکانی تایبەت بە خەرجی و پسووڵەی وەرگرتن بە گوێرەی یاساکان بن.

ماددەی بیستوپێنج:

هەروەك چۆن ناکرێت بەبێ ئەوەی پسووڵە بدرێت بە کەسێك، پارەی لێ وەربگیرێت، بە هەمان شێوەش هەتا پسوڵەی خەرجکردن نەخرێتە ناو سندووقی تایبەت، ناکرێت هیچ جۆرە خەرجییەك بکرێت.

ماددەی بیستوشەش:

دانان و هەڵگرتنی پارە لەناو سندووقدا، بەئامادەبوونی سەرۆك و خەزنەدار و ئەندامێکی ئامادەی هەیئەتی ئیدارە دەبێت. کلیلەکەش هەمیشە لەلای خەزنەدار دەمێنێتەوە. سەرۆك و ئەو ئەندامانەش کە لەوکاتەدا لەوێ ئامادەن، دەرگاکە قفڵ دەکەن.

ماددەی بیست‌وحەوت:

ئیمزاکردنی بەڵگە و نامە و نووسراوەکان، مافی سەرۆك و جێگرەکەیەتی، ئەو ئیمزایەش هەمیشە پێویستە بە مۆر و وێنەوە بێت.

ماددەی بیست‌وهەشت:

کاتب کاروباری نووسین و کتێبخانەی جەمعییەت بەڕێوە دەبات.

ئینزیبات

ماددەی بیست‌ونۆ:

ئەو کەسەی وا بە پێچەوانەی ئامانجە دیاریکراوەکانی بەرنامەی جەمعییەتەکەوە بجووڵێتەوە، بە بڕیاری هەیئەتی ئیدارە دەر دەکرێت و بە هیچ شێوەیەك جارێکی دیکە وەك ئەندام وەرناگیرێتەوە.

ماددەی سی:

ئەو کەسانەی کە بۆ ماوەی سێ مانگ بەبێ هیچ بیانوویەك مانگانەکەی خۆیان دوابخەن، یا سێ جار لەسەر یەك ئەو ئەرکە جێبەجێ نەکەن کە جەمعییەت بۆ ئەنجامدانی ڕایسپاردوون، ئەوا وەك کەسانێکی دەستلەکارکێشاوە سەیریان دەکرێت.

ماددەی سی‌ویەك:

لەو شوێنانەی کە موڵکی جەمعییەتن، قوماربازی و خواردنەوەی ئەلکولی قەدەغەن و ئەو کەسانەی وا بەپێچەوانەی ئەمەوە بجووڵێنەوە، بە بڕیاری دەستەی بەڕێوەبەر سەرکۆنە دەکرێن و لە حاڵەتی دووبارەبوونەوەشدا لە جەمعییەت دەردەکرێن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ماددەی سی‌ودوو:

هیچ کەسێك بۆی نییە لافی مافی خاوەندارێتیی هەموو نەختینە و ماڵ و موڵکی لەگواستنەوەهاتوو و نەهاتووی جەمعییەت لێ بدات، یا بەکاریان بهێنێت.

ماددەی سی‌وسێ:

سێیەکی ئەندامانی هەر ناوەندێك بۆیان هەیە داوای بینینی حیسابی خەرجیەکانی هەیئەتی ئیدارە بکەن.

ماددەی سی‌وچوار:

پێگەی لقەکان بەرامبەر بە بارەگای ناوەندی یان ناوەندی گشتی بەگوێرەی پێڕەوی ناوخۆ دیاری دەکرێت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بەڵگەی شەشەم:

# پێڕەوی ناوخۆی جەمعییەت

**ماددەی یەك:**

**بەگوێرەی چواردەیەمین ماددەی پێڕەوی بنەڕەتی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، کە لەلایەن دەستەی گشتییەوە قبووڵ کراوە، هەروەها بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ماددەی هەژدە دانراوە.**

دەستەی ڕاوێژکاری

**ماددەی دوو:**

**دەستەی ڕاوێژکاری بەو جۆرەی کە لە دواین بەندی ماددەی شەشی پێڕەوی بنەڕەتدا باس کراوە، لە کەسانێکی دیاریکراو پێك دێت لەلایەن دەستەی گشتییەوە هەڵبژێردراون. ئەو کەسانە پێویستە دەست لە ئەندامێتیی دەستەی بەڕێوەبەریی بکێشنەوە و ئەگەر مەرجەکانیان تێدا بوو، لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەرەوە ناوەکانیان دەدرێتە دەستەی گشتی بۆ ئەوەی هەڵیانبژێرن.**

**ماددەی سێ:**

**پێویستە ئەو کەسەی کە دەبێتە ئەندامی دەستەی ڕاوێژکاری، سەر بە بنەماڵە و خانەدانێکی گەورە بێت کە لەنێو کوردەکاندا ناسراو بێت و بە حورمەتەوە باسیان بکرێت، یا دەبێت کەسێك بێت بتوانێت بەدڵ و بە قەڵەم ڕێنوێنیی خەڵك بکات و کەسی بیرمەند و توانا بێت، یا دەبێت کەسێك بێت کە لەڕێی عیرفان و پێگەیشتنەوە ناوبانگی هەبێت.**

## ئەركی دەستەی ڕاوێژكاری

ماددەی چوار:

دەستەی ڕاوێژكاری، بەگوێرەی یەكەم ماددەی پێڕەوی بنەڕەتی، هەوڵ بۆ پاراستن و بەدیهێنانی ئامانجەكانی جەمعییەت دەدات و تێدەكۆشێت بۆ ئەوەی كوردستان لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە پێش بكەوێت. هەروەها لەنێو كورددا، لە ڕووی فكر و باری دەروونییەوە، چاودێریی گەشەكردن و پەروەردەی ئیسلامی دەكات و لەو بارەوە بیر و بۆچوونەكانی خۆی دەگەیەنێتە هەیئەتی ئیدارە. دەستەی ڕاوێژكاری، هەتا ئەو كاتەی كۆبوونەوەی دەستەی گشتی ئەنجام دەدرێت، سەبارەت بەو كێشانەی كە لەلایەن هەیئەتی ئیدارەوە چارەسەر ناكرێن و گرنگن، ڕوونكردنەوە و بیر و بۆچوونەكانی خۆی دەگەیەنێتە دەستەی بەڕێوەبەرایەتی. ئەم دەستەیە بە سەرپەرشتیی كەسێك كە لەلایەن هەیئەتی ئیدارەوە دروست دەكرێت، ڕاپۆرتەكانی خۆی بە هەیئەتی ئیدارە دەدات.

بنكەی ژین
www.zheen.org

ماددەی پێنج:

بۆ هەر كۆبوونەوەیەكی دەستەی ڕاوێژكاری، سەرۆك و جێگری سەرۆك و كاتبێك هەڵدەبژێردرێت. پێویستە دەستەی ڕاوێژكاری، بەشێوەیەكی بەردەوام لانی كەم مانگانە یەك كۆبوونەوە لە بارەگای گشتیدا ساز بكات. هەر ئەندامێكی دەستەی ڕاوێژكاری كە پێنج جار لەسەر یەك لە كۆبوونەوەكانی دەستەكەدا ئامادە نەبێت، بە كەسێكی دەستلەكاركێشاوە لەقەڵەم دەدرێت و كەسێكی دیكە بە زۆرینەی دەنگ لە جێی ئەو هەڵدەبژێردرێت. ژمارەی ئەندامانی دەستەی ڕاوێژكاری دیاریكراو نییە.

## هەیئەتی ئیدارە (دەستەی بەڕێوەبردن)

ماددەی شەش:

شێوازی پێکهێنان و کۆبوونەوەکان و ژمارەی ئەندامەکانی دەستەی بەڕێوەبردن، لە ماددەکانی شەش تا سیازدەی پێڕەوی بنەڕەتیدا دیاری کراون. ئامانجی سەرەکیی ئەم دەستەیەش، دابینکردنی ڕێوشوێنی پێویستە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی جەمعییەت و کردنەوەی لقەکانی جەمعییەت بە گوێرەی پێویست و ڕێکخستنی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ بارەگای گشتیدا، هەروەها ڕێنماییکردنی ئەندامانی جەمعییەت و هەڵبژاردنی هەیئەتەکان و دیاریکردنی کۆنفرانس و ڕۆژەکانی تایبەت بە بۆنەکان.

ماددەی حەوت:

دەستەی بەڕێوەبردن، یارمەتیی کەسانی نەدار و هەژاری کورد دەدات و مانگانەیەکیان بۆ دەبڕدرێتەوە و بڕێك پارە دیاری دەکات و بە بڕیاری خۆی بەسەر کەسانی نیازمەندا دابەشی دەکات.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ماددەی هەشت:

هەیئەتی ئیدارە دەتوانێت سەبارەت بەو شتانەی کە لە پێڕەوی بنەڕەتی جەمعییەتدا دیاری کراون و بەهۆی جۆراوجۆرەوە قابیلی جێبەجێکردن نین، بڕیاری تایبەت بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆی وەربگرێت.

ماددەی نۆ:

بەرپرسەکانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی، بەر لە هەموو شتێك کۆنووسینی گفتوگۆ و دانوستانەکانی خۆیان دەگرن، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باش بەڕێوە بچن. ڕۆژێك بەر لە کۆبوونەوەکانیش بابەتی کۆبوونەوەکە بە ئەندامەکان ڕادەگەیەنرێت و دەنووسرێنەوە.

ماددەی دە:

تەنها سەرۆك و جێگری سەرۆك دەتوانن سەیری ئەو بەڵگە و نووسراوانە بکەن کە بۆ جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دێن. پێویستە بەبێ جیاوازی و بەپێی گرنگیەکانیان، هەموو ئەو بەڵگە و نووسراوانەی کە بۆ هەیئەتی ئیدارە دێن، ڕوون بکرێنەوە و بەپێی بڕیاری دەستەکەش ئەگەر پێویستی کرد، ڕەوانەی دەستەی ڕاوێژکاری یا دەستەی گشتی بکرێت.

ماددەی یازدە:

ئەو کاتب یان نووسەرەی کە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنە و لەلایەن ئەو دەستەیەوە هەڵبژێردراوە، هاوکات سیفەتی کاتبی گشتیی دەبێت. ئەو کەسە بەرپرسە لەوەی کە هەموو نووسراو و ئاگادارکردنەوە و نووسراوەکانی تایبەت بە ئەندامانی دەستەی دامەزرێن و ئەندامانی کارا و ئەندامانی ئاسایی لە دەفتەری تایبەتدا تۆمار بکرێن و بنووسرێنەوە.

ماددەی دوازدە:

نووسینی ناسنامە و شوێنی نیشتەجێبوون و ڕۆژی بەئەندامبوون، هەروەها بەڵێن وەرگرتن و پڕکردنەوەی بەڵێننامەی تایبەت، بە پێدانی ئابوونەوەی مانگانە و ئەو ئەرکانەی کە وا پێویستە هەر ئەندامێکی دەستەی دامەزرێن یا هەر ئەندامێکی ئاسایی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی جەمعییەت ئەنجامی بدات، لەلایەن کاتبی گشتییەوە دەنووسرێنەوە.

ماددەی سیازدە:

مۆری ڕەسمی دەخرێتە نێو قوتوویەکەوە و قفڵ دەدرێت. ئەگەر سەرۆك یا یەکێك لە جێگرەکانی سەرۆك و کاتبی گشتی و یەك ئەندامی جەمعییەت ئامادە نەبن، بە هیچ شێوەیەك ئەو مۆرە دەرناخرێت و بەکار نابرێت. بەڵام ئەگەر یەکێك لەوانە ئامادە نەبن، دەکرێت لەبەردەمی هەیئەتی ئیدارەدا بکرێتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ماددەی چواردە:

دەستەی بەڕێوەبردن، هەموو کات دەسەڵاتی پشکنین و لێکۆڵینەوەی لەسەر کاروبارەکانی ژمێریاری و کاتب و خەزنەدار و ئەندامەکانی دیکە، هەیە. خشتەی تایبەت بە داهات و خەرجیەکان و ئابوونەی مانگانە، لەلایەن ژمێریار و خەزنەدار، هەروەها دوو ئەندام و جێگرێکی سەرۆکەوە، بەگوێرەی بنەماکان ڕێك دەخرێن و ڕەوانەی لای دەستەی بەڕێوەبردن دەکرێن، تا بڕاستێندرێن و دوابەدوای ئەوە، لە هۆڵی جەمعییەتدا هەڵدەواسرێن.

ماددەی پازدە:

مانگێك بەر لە کۆتاییهاتنی کاروبارەکانی دەستەی بەڕێوەبردن، داوا لە دەستەی گشتی دەکات کۆبوونەوە ساز بکات.

ماددەی شازدە:

هیئەتی ئیدارە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا، ڕاپۆرتێك سەبارەت بە کار و چالاکیەکانی یەك ساڵی ڕابردوو، داهات و خەرجیەکان پێشکەشی دەستەی گشتی دەکات.

www.zheen.org

ماددەی حەڤدە:

یەکێك لە جێگرەکانی سەرۆك و کاتبی گشتی و ژمێریار و خەزنەدار، ئەرکدار دەکرێن بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژێك لە بارەگای جەمعییەت ئامادەبن تا وەڵامی ئەو کەسانە بدەنەوە کە سەر لە بارەگاکە بدەن، بەو شێوەیەش پەیوەندیەکانیان لەگەڵ دەرەوەدا درێژە پێدەدەن.

ماددەی هەژدە:

فەرمانبەری کارگێڕی لەنێو یەکێك لە ئەندامانی جەمعییەتدا دیاری دەکرێت. ئەرکی ئەم فەرمانبەرەش پارێزگاریکردن دەبێت لە کەلوپەلەکانی ناو

بارەگای جەمعییەت و جەردکردنیان. هەروەها پێویستە ئەو فەرمانبەرە پسووڵەی خەرجیەکانی بارەگای جەمعییەت بە ژمێریار بدات، هەروەها ئەو کەسانەی کە دێنە سەردان، بیانگەیەنێتە لای کەسی مەبەست و جگە لەوە، لە ڕۆژانی ئاهەنگ گێران و ڕێوڕەسمەکاندا کاروباری تەشریفات و ڕەسمی جێبەجێ بکات. شێوازی پارێزگاریکردن لە کەلوپەلەکانی جەمعییەتیش لە تەعلیماتنامە و ڕێنماییەکی تایبەتدا باس کراوە.

ڕێکخستنی لقەکان

ماددە نۆزدە:

هەر یەکە و لقێکی جەمعییەت لەو ویلایەت و لیوا و قەزا و ناحیە گرنگانەدا دەکاتەوە کە کوردەکان تێیاندا نیشتەجێن.

دەستەی گشتی لقەکان

ماددەی بیست:

لە هەموو ئەندامەکانی لق پێك دێت. شوێن و کاتی کۆبوونەوەی لق، هەفتەیەك بەر لە ئەنجامدانی کۆبوونەوەکە، بە شێوەیەکی ئاشکرا ڕادەگەیەنرێت و ئەو کەسانەی لەو کاتەدا لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بن، بە ئەندامانی دەستەی گشتیی لق لەقەڵەم دەدرێن.

ئەرکەکەی

ماددەی بیستویەك:

ئەرکەکەی ئەوەیە کە ڕاپۆرت و نووسراوی تایبەت بە دەستەی بەڕێوەبردن سەبارەت بە کار و چالاکیەکانی لە ماوەی یەك ساڵدا، بخاتە بەر باس و گفتوگۆ و بیڕاستێنێ. بەگوێرەی ماددەی هەژدەی پێڕەوی گشتی، هەیئەتی ئیدارەش هەڵدەبژێردرێت.

ماددەی بیستودوو:

هەیئەتی گشتی کاتی کۆبوونەوەکەیان لەنێو خۆیاندا یەکێك وەکوو سەرۆك و یەکێکی تریش وەك سەرۆکی دووەم و دوو کاتب هەڵدەبژێرێن. هەڵبژاردنەکان بە دەنگی نهێنی و بڕیارەکانیش بە زۆرینەی دەنگ دەبێت.

دەستەی ڕاوێژکاری لق

ماددەی بیستوسێ:

بەو جۆرەی کە لە ناوەندی گشتیدا دروست کراوە، پێویستە هەر لقێکیش دەستەیەکی ڕاوێژکاری هەبێت. ئەندامەکانی ئەو دەستەیە بە هەمان مەرج هەڵدەبژێردرێن و ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکەن کە لە ماددەی سێی پێڕەوی ناوخۆدا ئاماژەیان پێکراوە.

دەستەی بەڕێوەبردنی لق

ماددەی بیستوچوار:

بریتییە لە سەرۆك، جێگری سەرۆك، کاتب، ژمێریار، خەزنەدار و فەرمانبەری بەڕێوەبەری و ئەو ئەندامانەی کە لە ماددەی سێ تا شەشدا ئاماژەیان پێکراوە. لە هەڵبژاردنەکاندا ماددەی سێی پێڕەوی گشتی، لەبەرچاو دەگیرێت. ئەرکەکانی دەستەی بەڕێوەبردنی لق، لە ماددەی شەش تا سیازدەی پێڕەوی بنەڕەتیدا دیاری کراون.

ئەرکەکانی لقەکان

ماددەی بیستوپێنج:

هەر لقێك دوو جۆر ئەرکی هەیە: یەکەمیان ئەرکی بنەڕەتییە کە ئەمەش هەوڵدانە بۆ گەشەکردنی کوردەکان لە ڕووی ڕەوشتی و باری دەروونییەوە. هەروەها پێویستە ئەم لقانە هەوڵ بدەن بۆ ڕێکخستنی کۆنفرانس و

ڕێوڕەسمی تایبەت بە گەشەپێدانی مەعریفەت و بواری ئاینی و کۆمەڵایەتی. هەروەها پێویستە نامیلکەی جۆراوجۆر لەو بوارانەدا بڵاو بکەنەوە و بە گوێرەی بودجەی خۆیان، بە پارەی نەخت یارمەتی کەسانی هەژار و نەدار بدەن.

ماددەی بیست‌وشەش:

ئەرکی گشتی و ڕەسمیی لقەکانیش ئەوەیە کە پێویستە هەموو ئاگاداری و ڕێنماییەکانی ناوەندی گشتی جێبەجێ بکەن و مانگانە ڕاپۆرتێکی تایبەت سەبارەت بە بارودۆخی گشتی و هەرێمی بدەنە ناوەندی گشتی و ببنە پردێکی نێوان تاکەکان و ناوەندی گشتی.

ماددەی بیست‌وحەوت:

لقەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە بنەڕەتیەکانی خۆیان، پێویستە ماددە تایبەتەکانی پێڕەوی بنەڕەتی لەبەر چاو بگرن. ئەرکی گشتیشی ئەوەیە کە هەموو ئەو ڕێنمایی و بەیاننامە و تەلگرافانەی کە لە بارەگای گشتییەوە دێن، جێبەجێیان بکات.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ماددەی بیست‌وهەشت:

لقەکان دوای دامەزراندنی خۆیان، ناوی ئەندامانی دەستەی دامەزرێن و دەستەی بەڕێوەبەر، ڕەوانەی بارەگای گشتی دەکەن. هەرچوار مانگ جارێکیش بە هەموو وردەکارییەکانەوە سەبارەت بە داهات و خەرجیەکان ڕاپۆرتێك ئامادە دەکەن و نیوەی پارەی داهاتەکەیان لە بارەگاکەی خۆیاندا دەهێڵنەوەو نیوەکەی تریشی ڕەوانەی بارەگای گشتی دەکەن.

## کۆنگرە

ماددەی بیست‌ونۆ:

کۆنگرە هەموو ساڵێك لە پازدەی مایس لە ناوەندی گشتی لە "دەرسەعادەت" [ئەستەنبووڵ] ساز دەکرێت. کۆنگرە بە بەشداریی ئەندامانی

دەستەی بەڕێوەبردن و ژمارەیەك لە ئەندامانی دەستەی گشتی و دەستەی ڕاوێژکاری ساز دەکرێت، کە هەر یەکەیان ژمارەکەی بە ئەندازەی ژمارەی دەستەی بەڕێوەبردن بێت. هەروەها ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕۆژنامەی جەمعییەتەکە و دوو کەسی سەر بە لقەکانیش، بەشداریی تێدا دەکەن. دەبێت ئەو کەسانەی کە دەبنە ئەندامی کۆنگرەکان تەمەنیان لە بیستوپێنج ساڵ کەمتر نەبێت.

ماددەی سی:

کۆنگرە، بە بەشداریی ئەو کەسانەی کە پازدەی مایس لە بارەگای گشتیدا ئامادە دەبن، لەگەڵ ئەندامان و نوێنەراندا ساز دەکرێت.

ماددەی سی‌ویەك:

کۆنگرە لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا، سەرۆکی یەکەم، دوو سەرۆکی دووەم و دوو کاتب، هەڵدەبژێرێت، گفتوگۆ لەسەر ئەوەی کە ئایا دەستەی بەڕێوەبردن لە کار و چالاکیەکانی خۆیدا ئەو ماددانەی جێبەجێ کردووە کە ساڵێك بەر لە ئێستا دەستەی گشتی بڕیاری لەسەر داون یان نا دەکات. بنەما نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیەکانی جەمعییەت دەنووسێت و دیاریان دەکات. بەگوێرەی پێویستیش دەتوانێت دەستکاریی بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆ بکات. دەستەی گشتی بڕیار سەبارەت بەو گەڵاڵەنامە و پێشنیارانەی کە لەلایەن لقەکانەوە نێردراون، وەردەگرێت.

ماددەی هەمەجۆر

ماددە سی‌ودوو:

لەبەر ئەوەی جەمعییەتەکەمان لەسەر بنەمای یەکێتی و گەشەکردنی نەتەوە دامەزراوە و ڕێز لە پەروەردەی ئیسلامی و شارستانی و نەتەوایەتیی کورد دەگرێت، هەروەها بۆ ئەوەی ڕێ لە هەر جۆرە دابەشبوونێك بگرێت، بۆ ئەوەش

ڕێ بە بیرو بۆچوونی تاکەکان بدات، لەبەرامبەر ئەنجامدانی هەڵبژاردندا، خۆی بە بەرپرس دەزانێت.

ماددەی سی‌وسێ:

ئەم پێڕەوە ناوخۆییە، هەموو ئەو بڕیارانەی دەستەی بەڕێوەبردنیش دەگرێتەوە کە لەکاتی دامەزراندنی جەمعییەتەوە، لە شەشی تشرین دووەمی ١٣٣٣ بەدواوە، وەریگرتوون.

ماددەی سی‌وچوار:

نموونەیەك لەو مۆرانەی کە ڕەوانەی لقەکان دەکرێن، لەنێو دەفتەری تاقیکردنەوەدا دادەنرێت و هەموو کاتێك کۆنترۆڵ دەکرێت.

کوردستان

ساڵی یەکەم، ژمارە ٧-٨، شەعبانی ١٣٣٣ (٨ی مایسی ١٣٣٥)

وەرگێڕانی تونایا (بەرگی دووەم، ل٢٠٥-٢١٢)

بنکەی ژین
www.zheen.org

### بەڵگەی حەوتەم:

## یاداشتێك سەبارەت بە داواکانی گەلی کورد

لەکاتێکدا داواکاریە لەڕادەبەدەر و بێئەندازەکانی ئەمپەریالیست و ئەرمەنەکان ڕوون و ئاشکرا بوونەتەوە، پێم وایە دەتوانم سەبارەت بە ویست و داواکاریە ڕەواکانی گەلی کورد، لەبەردەمی کۆنفرانسی ئاشتیدا، چەند خاڵێك ڕوون بکەمەوە. لەڕووی ئەنتۆگرافییەوە، سنوورەکانی کوردستان لە تورکیا، لە باکوورەوە لە (زیوەن) لە سنوورەکانی قەفقازیاوە دەست پێدەکات و لەخۆرئاواوە، لە ئەرزرومەوە دەست پێدەکات و هەتاوەکوو ئازەربایجان و کەماه و عەرەپکیر و بەهیشمیە و بیهرك، بەردەوام دەبێت. لەباشووریشەوە، لە حەڕانەوە دەست پێدەکات هەتا تەپۆلکەکانی سنجار و تەلەعفەر و ئەربیل و کەرکووك و سلێمانی و ئاکەلمان و سینا. لە خۆرهەڵاتیشەوە، لە ڕەواندوزەوە دەست پێدەکات، هەتا باشقەڵا و وەزیرقەڵا کە دەگاتە سنوورەکانی ئێران و هەتا چیای ئارارات بەردەوام دەبێت. کوردەکان لە قۆناغەکانی مێژووەوە تائێستا، بە ناوی جۆراوجۆرەوە لەم ناوچانەدا ژیاون. ئەمە ماوەی سیازدە سەدەشە بەناوی کوردەوە، ئەو ناوچانەیان گرتووە. تا ئەو کاتەی بە ویستی خۆیان پابەندییان بۆ سوڵتان سەلیمی یەکەم پیشان داوە، لە کوردستان چلووشەش دەرەبەگنشین و میرنشینی کوردی هەبوون.

شارەکانی وەك: دیاربەکر، دینەوەر، شاری سوڵحلەر، ئاردیار، هەکاری، عەمادییە، تورکەل، فینك، حەسەن کێر، چەمشگوزەك، میرداسی، ئەگیل، فاسور، هێزان، کیلەر، شێروان، دەرزینی، ئەردیهان، هاك، تەرکەل، سەیدی، سلێمانی، سەرهەنگ، تەرکول، کالای، داڵوت، تەلینکان، بتلیس، گازان، بۆتان... تاد، لەژێر دەسەڵاتی دەرەبەگە کوردەکاندا بوون. "مۆدیسەن" لە

مێژووی ڕۆمادا، ئەرمەنستان دەخاتە نێوان ڕووبارەکانی دیجلە و فورات، بەڵام لەو بارەیەوە "ئەنسیکلۆپیدیای نوتڵەسی ئینگلیزی" ڕوونکردنەوەی زۆرتر دەدات و دەڵێت: ((ئەرمەنستان وڵاتێکە لەنێو ئاسیای خۆرئاوا. لە خۆرئاوای دەریای خەزەرەوە تا باکووری چیاکانی کوردستان، لەلایەن تورکیا و ڕووسیا و ئێرانەوە دابەش کراوە. ئەمانە ناوچەیەکی پڕبەرەکەتیان داگیر کردووە کە دەگاتە چیای ئارارات)). ئەمەش بە ڕوونی ناڕەوایی داواکاریی ئەرمەنەکان سەبارەت بە خاوەنداریێتی وڵاتی کوردەکان نیشان دەدات. هەروەها ئەوە پیشان دەدات کە پێویستە ئەو کەسانەی خاکی کوردەکانیان خستووەتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان، ڕوو لە کام لایەن بکەن. سەبارەت بە ویلایەتی ئەرزڕۆم کە لەنێو خاکی کوردستاندایە، دەتوانین گوێ لە بیر و بۆچوونەکانی "ئەلیس ڕەسولی" جوگرافیاناسی بەناوبانگ بگرین، کە لە بەرهەمێکی گەورەی خۆیدا، باسی کەرتەی ئاسیا دەکات. بەگوێرەی ناوبراو لەو شوێنانەی کەوا کوردەکانی تێدا زۆرینەن، لە ڕووی یاساییەوە، کوردستانێك دروست بووە. لێرەدا پێویستە باسی بۆچوونەکانی ئەو جوگرافیاناسە گەورە بکەم، بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت نەخشەی جیهان بەگوێرەی بنەما نەتەوەییەکان بگۆڕن و ئەرکە مرۆڤایەتیەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن. ((خەڵکێکی خۆجێی وەك گرووپە خێڵەکیەکان، بەشێوەیەکی فراوان لەنێو دۆڵەکاندا، بەتایبەتی لە ناوچەی (زاد)ی نێوان تورك و فارسەکاندا دەژین و ئارەزووی دامەزراندنی دەوڵەتێکیان هەیە)). ئەمە نووسینێکی ئەو جوگرافیناسە گەورەیەیە کە ساڵی ١٨٨٤ نووسیویە. بەشێوەیەکی سروشتی، دەکرێت ئەنجامی جوراوجۆر لەنێو کۆنفرانسەکەدا دەربکەوێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە ئەوە بزانین کە بەزۆری کوردەکان لە ناوەندی ئەو ئەرمەنستانەی کەوا لە ڕێی دامەزراندن و ڕزگاریی خۆیدایە، دەژین، ئەوانیش هەم جەنگاوەر، هەم بەدوای سەربەرزیی

خۆیانەوەن. ئەو ئەرمەنستانەی کە دادەمەزرێت، ئەگەر سوپایەکی بەهێزی نەبێت، ناتوانێت هاوسەنگیەکان ڕابگرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە هەموو جەنگەکاندا خۆی بخاتە مەترسییەوە. ئەرمەنەکان پێیان وایە دامەزراندنی ئەرمەنستانی گەورە مافی خۆیانە، چونکە لە ساڵەکانی پەنجای پێش زایندا کاتی "تیگران"، پاشایەتییەکی ئەرمەنی هەبوە. بەڵام بەدەستی ئەنقەست ئەوە پشتگوێ دەخەن نیشتمانێکی تیگران کە وابەستەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما بووە، لەکاتی "پۆمپی"دا سەرلەنوێ دووبارە داگیر کراوەتەوە. کەوابوو ئەمان ناتوانن لە ڕووی ئەتنی و نەژادییەوە، بیر لە دامەزراندنی ئەرمەنستانێکی گەورە بکەنەوە. وەك ئەو کەسانەی کە بەرگرییان لێ دەکەن، ئەرمەنەکانیش دەیانەوێت لەڕێی ئەو چەند هەزار ئەرمەنەوە کە لە کوردستان دەژین، ڕەوابوونی پروپاگەندەکانی خۆیان بسەلمێنن. لەبەرامبەر ئەم بانگەشەیەدا، جارێکی تر قسەکانی "نوتڵەس" دەهێنینەوە: ((ئەرمەنەکان لە قۆناغەکانی مێژوودا، بەردەوام بۆ وڵاتانی دراوسێی خۆیان کۆچیان کردووە. زۆربەی ئەوانیش وەك جوولەکەکان کاری بانکداری دەکەن و بە کاروباری بازرگانییەوە سەرقاڵن. کوردەکان هیچ کات نەیانویستووە نکوولی لەو کەمینە ئەرمەنە بکەن کە وەك مەیدانی قازانج و بازرگانی سەیری کوردستانیان کردووە و لەوێ نیشتەجێ بوون. ئەوان تەنها بە مەبەستی کەڵك وەرگرتن لە کوردەکان بە ڕەزامەندبی خۆیان ڕوویان لە کوردستان کردووە)). هەموو ئەوانە، بە هەمان نیاز و تەماوە، لە بەرامبەر مێژوودا، کەمتەرخەمییان کردووە. لە شارەکانیشدا، دەستیان بە ژیانی خۆیان کردووە. دەتوانین هەندێك بەڵگەی ڕەسمیی ئەورووپا و تورکیاش سەبارەت بە هەمان بابەت بخەینە ڕوو. دوای (ڕێککەوتننامەی بەرلین)، ژەنراڵ "بیکەر"ی ئینگلیز لەگەڵ وەفدی کۆمسیۆنێکی پێکهاتوو لە "سەعید پاشا"ی سەرۆکی مەجلیسی عوسمانی و "میناز ئەفەندی"ی یەکێك

له كەسايەتيە ناودارەكانى ئەرمەندا چوونەتە كوردستان، بۆ ئەوەی سەرژمێری بكەن. لێرە تەنیا ئەنجامی ئەو سەرژمێرییە لە پارێزگای دیاربەكر وەك نموونەیەك باس دەكەین: بەگوێرەی ئەو ئەنجامەی كە دەركەوتووە، لەنێو (٨٤٠) هەزار كەسدا (٦٠٠) هەزاری موسڵمانە و (٢٤٠) هەزاریشی مەسیحی و جوولەكەن. ساڵی ١٨٩٥ "ترانس لۆبانۆف" وەزیری دەرەوەی ڕووسیا، ئەوەی پشتڕاست كردووەتەوە كە ئەرمەنەكان لە هەموو ئیمپراتۆریای عوسمانیدا كەمینەن. هاوكات ١٨٩٦/١١/٣ و لە دانیشتنێكی مەجلیسی نەتەوەییی فەرەنسادا (كە ١٨٩٦/١١/٤ لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو كراوەتەوە: ژمارە ١٣٥٧-١٣٥٨)، وەزیری دەرەوەی حكوومەتی پاریس ئەم ڕوونكردنەوەی داوە: ((سەبارەت بەو كێشەیەی كە ئەمڕۆ لەنێو پارێزگاكانی توركدا هەیە، بەگوێرەی ئەو دواین ئامارانەی كە لەبەردەستماندا هەیە، ئەرمەن تەنها لەسەددا سیازدەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە پێك دەهێنن. بڵاوبوونەوەی ئەوانە لە هەندێك شوێنی پارێزگاكانی ئاسیادا، زۆرە و لە هەندێك شوێنیشدا زۆر كەمە و بە شێوەیەكی نایەكسان بڵاو بوونەتەوە. بەكورتی دەتوانین باسی ئەوە بكەین كە ئەم گەلە نائومێدە لەنێو ئەو پارێزگایانەدا بە هیچ شێوەیەك زۆرینە نین و ناتوانین ناوەندێكی دیاریكراو بۆ دامەزراندنی ئۆتۆنۆمییەك بۆ ئەمانە دیاری بكەین. ((لەگەڵ ئەمەشدا، بەشێك لە دەقێكی فەرماندەییی گشتیی سوپای ڕووسیا بڵاو دەكەینەوە، كە ناڕەزایەتیەكانی كورد بە ڕەوا لەقەڵەم دەدات و بە شێوەیەكی نهێنی بڵاو كراوەتەوە و پیشانی چەند كەسایەتییەكی گرنگیش دراوە. نهێنیبوونی دەق و نامیلكەیەكی وەها، كە بە بەرژەوەندی سوپای ڕووسیا و سیاسەتی ئەو وڵاتە ئامادە كراوە، ناخرێتە بەر باس و لێكۆڵینەوە. لەو ڕوانگەیەشەوە، دەتوانین بڵێین ئەو دەقە سەبارەت بە كورد و ئەرمەنەكان، بە شێوەیەكی بێلایەنانە داڕێژراوە و ئامانجی نووسینەكەش تەنها پێدانی ئەو

زانیاریە وردانە بووە کە هەوڵ دراوە بە نهێنی بپارێزرێت. لەو دەقەدا، باسی پارێزگاکانی وان و بەتلیس دەکرێت و دەربارەی لافی ئەرمەنەکان سەبارەت بە خاوەنداریێتیی ئەو دوو پارێزگایە، وەها نوسراوە. لەنێو ئەو دوو پارێزگایەدا کە لە بەشی ئاسیای دەوڵەتی عوسمانیدان، کوردەکان لە ئەرمەنەکان زۆرترن. لە (وان) لەبەرامبەر ڕێژەی لە ٢٦٪ی ئەرمەنەکان، ڕێژەی لە ٤٦٪ کورد هەیە و لە بەتلیسیش لە بەرامبەر ڕێژی لە ٣٩٪ی ئەرمەنەکان، لە ٥٥٪ی دانیشتوانی کوردن. لەو دوو پارێزگایەدا، تورکەکان حیساب نەکراون کە لەگەڵ کوردەکاندا یەك ئاینیان هەیە. تەنیا لە شارۆچکەکانی وان و مووش، ئەرمەن و کوردەکان وەکوو دوو گەل، لەگەڵ یەکدا یەکسانن. ڕێژەی دانیشتوانی قەزاکانی بەتلیس لە ٥٠٪ی کوردە و لە ٤٠٪ی ئەرمەنە. لە قەزاکانی تریش کوردەکان چەند قات لە ئەرمەنەکان زۆرترن. بەکورتی هەر قەزایەك کە باسی دەکرێت، ئەرمەنەکان ناگەنە نیوەی دانیشتوانی ئەویٚ. کوردەکان لە ٥٦٪ی دانیشتوانی هەکاری و لە ٧٩٪ی دانیشتوانی سێرت پێك دەهێنن. لەو ناوچانەی وا کوردەکان زۆرینەن، ئەرمەنەکان جگە لە کوردی، ناتوانن بە هیچ زمانێکی تر قسە بکەن. جگە لەوە لە پارێزگاکانی وان و بەتلیس و هەندێك شوێنی دیکەشدا، جگە لە "قەشەکان" هیچ کەسی تر بە زمانی ئەرمەنی قسە ناکات. سەبارەت بە دابەشبوونی ئاینی لەو دوو پارێزگایەدا، دەتوانین وا بڵێین کە لە ٥٤٪ی دانیشتوانی قەزاکانی وان، موسڵمانن، لە ٤٣٪ی مەسیحین و لە ٣٪ ئاینی دیکەیان هەیە. لە ٥٦٪ی دانیشتوانی قەزاکانی هەکاری موسڵمانن، لە ٤٣٪ مەسیحی و لە ١٪یش ئاینی دیکەیان هەیە. لە ٦٠٪ی دانیشتوانی پارێزگا و شارۆچکەکانی بەتلیس، موسڵمانن و لە ٤٠٪یشیان مەسیحین. لە ٥١٪ی دانیشتوانی مووش موسڵمانن، لە ٣٤٪ مەسیحی و لە ١٪یشیان ئاینی دیکەیان هەیە. لە گەنج لە ٦٩٪ی خەڵك موسڵمانن و لە ٢٠٪ مەسیحین، لە ١٪یش ئاینی دیکەیان هەیە. لە ئەنجامدا

وەها دەردەکەوێت لە سی‌ودوو قەزای پارێزگاکانی وان و بەتلیسدا، تەنها لە هەشت قەزایاندا مەسیحیەکان زۆرینەن و لەوانی تریشدا، موسڵمانەکان زۆرینەن)).

ئەم ڕوونکردنەوە ڕەسمیانە لەکاتێکدا بڵاو بوونەتەوە کە هەستێکی لایەنگریی ئەرمەنەکان لە ئەوروپا بڵاو بووەتەوە و ڕووداوی خەمناك ڕوویان داوە. ئەم ڕوونکردنەوانەش ئەوە دەردەخەن کە ئەرمەنەکان لە هیچ شوێنێکی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا زۆرینە نین. هەر لەبەر ئەم هۆیە، ئەوان ناتوانن ببنە زۆرینە لە کوردستاندا کە بەشێکە لە ئیمپراتۆریای عوسمانی. لەلایەکی تریشەوە وەك بەڵگەیەك سەبارەت بە زۆربوونی کوردەکان لەو دوو پارێزگایەدا، باسی بوونی سوارەکانی حەمیدییە لەو ناوچانە دەکەم کە لەم خێڵانە پێك هاتوون: محەمەد سادق بەگ سەرۆکی خێڵی حەیدەرانلی، شەفلی جەعفەر بەگ، ئاغا ماملی عەلی بەگ، موجوری ئیبراهیم بەگ، میلان محەمەد بەگ، شەمشکی سادق بەگ، شەکیا شەراب بەگ، ئاغا ماملی سولەیمان بەگ، حەسەن ماملی فەتحوڵڵا بەگ، جوبرانلی ئیبراهیم بەگ، تاکوری حوسەین بەگ، ئەرتەش حەسەن بەگ، ئاغا ماملی ئوشان بەگ، تەنیان لتفوڵڵا بەگ، سەودانلی عومەر بەگ، ئالاش و حەیدەرانلی حاجی دەمیر پاشا.

لە خۆرهەڵاتی وانەوە، بەرەو زنجیرە چیاکانی ئالا شەش، شەش ئالای سواری سەر بە خێڵی حەیدەرانلی نیشتەجێن. هەر بەناوی خێڵی حەیدەرانلییەوە، لە توتاق و مەلازگرد و ئارجیش، خێڵێکی دیکە هەیە. لەو ناوچانە، وەك دووەم خێڵی گەورە، خێڵی حەسەنانلی نیشتەجێن. ئەم خێڵە پێنج ئالای تایبەتی پێك هێناوە کە لە ناوچەکانی دەوروبەری خنس و بولانق و مەلازگرد نیشتەجێن، سیانیان لە سنوورەکانی پارێزگای بەتلیس دان. وەك لایەنی سێیەمیش، دەتوانین ئاماژە بە خێڵی هیدمانلیەکان بکەین کە لە ناوچەی

زەیلان چای نیشتەجێن. خێڵی جوبرانلیش دوو ئالایان پێك هێناوە و لە قەزای وارتۆ نیشتەجێن. خێڵەکانی دیکەش کە لەمان بچووکترن، بۆ خۆیان ئالایەکیان پێك هێناوە. لە خۆرهەڵاتی دەریاچەی وانیش، خێڵی شانلی و لە ناوچەی سەراو نزیکی سنووری ئێران لە مەحموودی، خێڵی تاکوری نیشتەجێن. سەرەڕای ئەوەی کە خێڵی میلان هێشتا لە هەمان شوێنی خۆیدایە، لە بەشی خۆرئاوادا خێڵی مەجوری نیشتەجێن. خێڵی شەمسکی لە قەزاکانی مەحموودییە و حەمیدییەدان. خێڵی شەکیا لە بەشی سەرووی ڕووباری زاپدان، لە قەزای ئەڵپەك. خێڵی سەیدانلیش لە قەزاکانی نوسەن و حەمیدیەدان و خێڵی ئالاسیش لە قەزاکانی مەلازگرد و ئەرجیش نیشتەجێن. جگە لەم خێڵە گەورانە، خێڵی بچووك و پلەدووش هەن، هەریەکە بۆ خۆیان ئالایەکیان پێك هێناوە. لەو ناوچانەدا، ئەم خێڵانە و سەرۆك هۆزەکانیان کە لایەنگری سەربەخۆیی و پاراستنی داب‌و نەریتە نەتەوەییەکانی خۆیانن، دەیانەوێ پێکهاتەی سروشتیی خۆیان بپارێزن و مەیلێکی توند و تیژیشیان تێدایە، بۆیە لەبەرامبەر سیاسەتەکانی حکوومەتدا دەرکەوتوون و توانیویانە بڕیاری هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی خۆیان بدەن. هەرچەندە هێزێکی ئەورووپایش پشتگیریی بکات، بەڵام زەحمەتە باس لەوە بکرێت کە کەمینەیەکی ئەرمەن بتوانێت حوکم بەسەر ئەم پێکهاتە جەنگاوەرەدا بکات.

ئەو مسیۆنێرانەی کە لەژێر کاریگەریی ئایندان، یەکەمجار کە دەربازی کوردستان بوون، لە ڕێی باوەڕپێهێنانی کوردەکانەوە دەست بەکاربوون، کاتێك زانییان ئەم کارانەیان زەحمەتە و ئەنجامێکی ئەوتۆیان لێ ناکەوێتەوە. ئەمجارە ڕوویان کردە پەروەردەی ئاینی مەسیحی لە کوردستان. لە هەموو ئەمانەدا، ئەو کەسانەی کە بە ئاسانی بڕوایان هێنا، ئەرمەنە ئۆرتۆدوکسەکان بوون و مەکتەبی مسیۆنێرەکان لە ماوەیەکی کورتدا لەلایەن منداڵانی ئەرمەنەوە پڕ کران.

مسیۆنێرەکانیش بۆ ئەوەی هەست و هیوایەکی گەورە لەنێو ئەو منداڵانەدا دروست بکەن، باسی پاشا گەورەکانی ڕابردوویان کردووە و باسی ئەو فەتحانەشیان کردووە کە ئەوان کردوویانە و بە شان و باڵی مێژووی "تیگران"دا هەڵیان داوە. دوای ئەو پەروەردەیە کە هەستی دروستکردنی نیشتمانی وروژاند، بۆ یەکەمجار، ئەرمەنەکان بیریان لە سەربەخۆیی کردەوە. بێگومان دوای ئەوەش ڕووداوەکان یەك لەدوای یەك دەستیان پێکرد. سەبارەت بە ئەم مسیۆنێرانە، جارێکی تر دەگەڕێمەوە بۆ ئەو نامیلکەیەی کە فەرماندەیی گشتی سوپای ڕووسیا ئامادەی کردبوو: ((سی ساڵ بەر لە ئێستا، مسیۆنێرە کاسۆلیك و پرۆتۆستانتەکان، لە ناوەندە گرنگەکانی وەك وان و بەتلیس نیشتەجێ بوون. لەنێو ئەوانەدا، مسیۆنێری ئەمریکایش هەبوون. بەبێ ئەوەی جیاوازیی ڕەگەز و نەژاد و ئاین بکەن، یارمەتیی هەژار و نەدارەکانیان دەدا و بەشێوەیەکی باش قوتابخانەکانیان ڕێك دەخست. مسیۆنێرەکانی وان و بەتلیس، سەبارەت بە پیشە جۆراوجۆرەکان، کارگە و خوێندنگایان کردبووەوە. لایەنی سەیر و سەرنجڕاکێشی قوتابخانە ئەمریکیەکان کە منداڵانی ئەرمەنی دەوامیان تێدا کردوون، ئەوە بووە کە شارەزایانی دیار و بەناوبانگی بواری پروپاگەندە لە جیهان، لەوێ وانەیان وتوەتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە ئەمریکاییەکان، هەموو بەخشندەیی و جوامێرییەکی خۆیان بەرامبەر بە ئەرمەنەکان نواندووە، بەڵام ئەرمەنەکان حەز لەوانە ناکەن)).

توانایی و لێهاتوویی بازرگانییەکی پڕ چاوچنۆکی، هەموو کاتێك وای لێ کردوون بەدوای داواکاریی زۆردا بچن. ئێستا داواکاریی ئەرمەنەکان زۆرتر لە تەماعی خۆیانە. ئێستا پاشایەتیی ڕابردوو بۆ ئەوان تەنگ و بەرتەسکە. لەکاتێکدا بە توندی باوەشیان کردووە بە خەون و خەیاڵی ئەو فەتحانەی کە

پاشایەتیی تیگران لە مێژووی نەتەوەییی ئەواندا کردوونی، دەیانەوێت بەشێك لە کوردستان لە ئاسیای بچووك داگیر بکەن. حکوومەتی عوسمانی لە ئەنجامی دەستێوەردانەکانی کەرتەی ئەورووپاوە دەسەڵاتی بە سوارەکانی حەمیدییە دا، تا بە ئەرمەنە ناڕازییەکان بڵێن وڵات و نەتەوەی عوسمانی بەجێ بهێڵن. هەزاران ئەرمەن بەرەو ئیمپراتۆریای ڕووسیا بەڕێ کەوتن و لەکاتی کۆنفرانسی بەرلیندا بەرەو نیشتمانی پاشایەتیەکەی ڕابردووی خۆیان ڕۆیشتن. ژمارەیەك لەو کۆچبەرانە، زەوی و ماڵ و موڵکی خۆیان بە کوردەکان فرۆشت و هەندێکیشیان زەویەکانی خۆیان بەجێ هێشتووە. بەگوێرەی یاساکانی دەوڵەتی عوسمانی، ئەگەر لە ماوەی سێ ساڵدا خاوەن هەر زەوییەك، زەویەکەی بەکار نەهێنێ، ئەوا دەوڵەت دەتوانێت وەری بگرێتەوە و بیفرۆشێت. بەجێهێشتنی خاکی ئەرمەنەکان و فرۆشتنیان بە کوردەکان، بەمجۆرە بووە. ئەو ئەرمەنانەی کە دوای ڕاگەیاندنی دەستوور، بەرەو ڕووسیا کۆچیان کرد و چوونە ژێر دەسەڵاتی قەیسەر لە ڕووسیا (کە دەسەڵاتەکەی زۆر لە دەسەڵاتی تورکیا وشکتر و توندتر بووە)، لەلایەکەوە داوایان لە حکوومەت دەکرد زیانی ئەو زەویانە لە خاوەنە نوێیەکانیان وەربگرێت و لەلایەکی تریشەوە چاوەڕوانی لێبوردنێك بوون، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئەو نیشتمانەی کە لێی لەدایك بوون. لەبەرامبەر داواکاریەکانی دیپلۆماسیی ئەورووپیدا، حکوومەت بەناچاری ملکەچ بوو، بەڵام وەك ڕۆژی ڕوون ئاشکرایە کە کوردەکان لەبەرامبەر ناحەقی و ناڕەواییەکاندا ملکەچ نەبوون و بە هەموو هێزی خۆیانەوە لەدژی دەرکەوتن. لەکاتی دەرکەوتنی جەنگی جیهانیدا، بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانە، چاودێری تایبەتی ئەورووپایی ئەرکدار کرابوون. هەموو ئەمانە ئەوەیان دەرخستووە کە بەشێکی زۆر لەو ئەرمەنانەی وا لە کوردستان نیشتەجێ بوون، بە ئارەزووی خۆیان وڵاتیان بەجێ هێشتووە. کەوابوو لە ڕووی یاساییەوە

ناتوانن هیچ داوایەك سەبارەت بەو زەوییانە بکەن کە پێشتر لەسەریان ژیاون. ئەگەر زۆرینەیەکی بەهێز لە بەڕێوەبردنی کەمینەیەکدا کە دڵیشی ڕازی کراوە، دووچاری کێشە و گرفت دەبێت، کەمینەیەکی وەك ئەرمەن، چۆن دەتوانێت نەژادی کوردەکان بەڕێوە ببات کە زۆرینەن و ئارەزووی سەربەخۆیی و جیابوونەوەیان هەیە؟ جگە لەوە، دەکرێت کۆمسیۆنێکی تێکەڵی ئەوروپی بکەوێتە لێکۆڵینەوە لە وەرگرتنەوەی ماڵ و موڵکی لەگواستنەوەنەهاتوو لەو ئەرمەنانەی کە لەسەر خاکی کوردان نیشتەجێن و ئێستا لە ئەرمەنستان دەژین. بەگوێرەی بنەماکانی ویلسن، کوردەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئازادن. حکوومەتی عوسمانی چواردە بەندەکەی ویلسنی قبووڵ کردووە و لەبەر ئەوەش کوردەکان سەرەڕای ئەوەی کە ساڵانێکی زۆرە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکاندا ژیاون، لەمەوبەدوا سەربەخۆیی بە مافی خۆیان دەزانن.

بۆ سەلماندنی ڕەوابوونی داواکاریەکانی کورد، نەخشەیەکتان پیشان دەدەین و ئەو سنوورانەتان بۆ دیاری دەکەین کە پێویستە بۆ کوردەکان بەجێ بهێڵرێن و لەو بارەیەشەوە، لافوگەزافەکانی ئەرمەنەکان سەبارەت بە کوردستان ئیدانە دەکەین. دەوڵەمەندی نەتەوەیی لەنێو کوردەکاندا بەگشتی، بەهۆی کەش و هەواو و زۆرتر بە هۆی ئاژەڵداری و کۆچی زستانە و هاوینەوەیە. گوایە باسی ئەوە دەکرێت کەوا بۆ پاراستنی ئەو گەلە (ئەرمەن)، لە هەژاری و نەداری، ئاماژە بۆ گەرمیان و کوێستانەکانی کوردستان کراوە، بەڵام ئێمە لەسەر نەخشە ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستانیش، ناوچەی دیکە بۆ گەرمیان و کوێستان هەن تا ئەو گەلە خۆیانی لەسەر بژیێنن. لە ئەنجامدا هیوادارین ئەو سەربەخۆییەی وەك مافێك بە ئێمە دراوە، ببێتە هۆی ئەوەی کە تێکۆشانەکەمان لە ڕێی شارستانیدا پێش بکەوێت

بنکەی ژین
www.zheen.org

و بتوانین کەڵك لە دەوڵەمەندیەکانی نیشتمانەکەمان وەربگرین و لە هەلومەرجێکی گونجاودا بژین.

داوا لە کۆنفرانسی ئاشتی دەکەین بۆ ئەوەی بزانێت کوردان لە چ شوێنێکی کوردستان زۆرینەن؟ هەروەها بۆ ئەوەی سنوورەکان بەگوێرەی بنەما نەتەوەییەکان دیاری بکات، کۆمسیۆنێکی نێودەوڵەتی دەست نیشان بکات. وەك دەزانرێت لەو زانیاریانەدا کە سەبارەت بە کوردستان دەدرێن، وادەردەکەێت لەم نیشتمانەدا گەلێك لەگەڵ گەلێکی دیکەدا پێکەوە دەژین. دەکرێت پێگەیەکی تایبەت بدرێت بەو گەلەی کە لە کوردستان دەژی. بەو هیوایەوە کە ئازادیی گەلێك کە بە تەمای خۆگەنجکردنەوە و ژیانە لە داهاتوودا و هەوڵی ڕزگاربوون لە دیلی و کۆت و بەند دەدات، دەدەینە دەست عەدالەتی کۆنگرە.

پاریس، ٢٢ی ئاداری ١٩١٩، ٢٠ی ئەوینیۆ Avenuemessine

ژەنراڵ شەریف پاشا، سەرۆکی وەفدی کوردی لە کۆنفرانسی ئاشتی

بنکەی ژین
www.zheen

بەڵگەی هەشتەم:

## گفتوگۆیەك لە یانەی كوردی

ماوەی ڕابردوو، لە ناوەندی گشتی جەمعییەتی تەعالیی كوردستاندا، بەڕێزێك كۆنفرانسێكی گرتبوو. یەكێك لە نووسەرانی گۆڤارەكەمان سەبارەت بەو كۆنفرانسە، بابەتێكی لە ڕۆژنامەیەكی ڕۆژانەدا نوسیببوو كە بەمجۆرە بۆ خوێنەرانی "ژین"ی بڵاو دەكەینەوە:

وەك ئەوەی كە ڕاگەیەنرابوو، كەسایەتییەك كە لەلایەن جەمعییەتی تەعالیی كوردستانەوە دەسەڵاتی پێدرابوو، سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی كار و چالاكیەكان و شێوازی بەجێهێنانی ئەركەكانی جەمعییەت، لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تائێستا، ڕۆژی جومعەی ڕابردوو كۆبوونەوەیەكی كردبوو. ژمارەیەكی زۆر لە ڕۆشنبیران و پیرمەند و لاوان و كەسایەتیە گرنگ و ناودارەكانی كورد لە ئەستەنبوڵ، لەو كۆبوونەوەیەدا ئامادە بوون. لە كۆی قسە درێژەكانی ئەو كەسەی كە كۆنفرانسەكەی ساز كردبوو، بە كورتی پێنج تا دە دێڕیان باس دەكەین: ((دوای كودەتاكەی دەی تەمووز لە ئەستەنبوڵ، بۆ جاری یەكەم ڕێكخراوێكی كوردی بە مەبەستی گەشەپێدانی ماددی و فیكری كوردەكان بەناوی (جەمعییەتی تەعالیی و تەرەقی كورد)ەوە دامەزرا. دواجاریش جەمعییەتەكانی (تەعمیمی مەعاریفی كورد) و (جەمعییەتی هێڤیی تەلەبەی كورد) دامەزران. هەموو كار و چالاكیەكانی ئەم جەمعییەتانە، بە ئامانجی گەشەكردنی كوردەكان لە ڕووی شارستانییەوە بوو. هەرچەندە بەهۆی سیاسەتەكانی حكوومەتەوە لەدژی ئەو جەمعییەتانە و سەرەڕای ئەوەی لە ئەنجامی جەنگی جیهانیدا، كار و چالاكیەكانی ئەو جەمعییەتانە تووشی زەبر و وەستان بوون لە ئەستەنبوڵ، بەڵام لەكاتی جەنگیشدا، بە شێوەیەكی

تاکلایەنە و تاك بە تاك، بەردەوام بوون و لە کۆتاییەکانی جەنگیشدا، دیسان چالاکیە گشتیەکان دەستیان پێکردووەتەوە. بەتایبەتی دوای ئەوەی کە حکوومەتی عوسمانی، بنەماکانی ویلسنی قبووڵ کرد و ڕێککەوتننامەی ئاگربەستی مۆر کرد، ئەو کار و چالاکیانە لە مەیدانێکی فراواندا درێژەیان پێدرا. جەمعییەت لەبەر ئەوەی بە ئامانجی بەرگریکردن لە بەرژەوەندە گشتی و نەتەوەییەکانی کورد دامەزرابوو، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەلومەرجەی کە دوای قبووڵکردنی بنەماکانی ویلسن، لەلایەن حکوومەتی عوسمانی و مۆرکردنی ئاگربەستەوە هاتبووە ئاراوە، ئەمجارەیان لە پرۆگرامەکەی خۆیدا بەگوێرەی بنەماکانی ویلسن، بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی جێگیر کرد. چونکە ئەگەر بەپێچەوانەی ئەوانەوە جووڵابانایەوە، مافەکانی کورد قبووڵ نەدەکران و کوردەکان دەچەوسێنرانەوە و پشتگوێ دەخران و بۆ چەندین سەدە بە دیلی لە کۆت و بەنددا دەمانەوە. بۆ ئەمەش یاداشتنامەیەکی تێروتەسەلیان سەبارەت کوردەکان، لە ڕووی جوگرافی و ئەتنۆگرافی و مێژوویی و ئابووریەوە، پێشکەشی نوێنەرانی دەوڵەتە گەورەکان کرد لە ئەستەنبووڵ. لە یاداشتنامەکەدا باسی ئامانجە نەتەوەییەکانی کوردیان کردبوو، هەروەها ئەوەشیان ڕوون کردبووەوە کە چ جۆرە بەڕێوەبەرایەتیەکیان دەوێت. ئەو یاداشتنامەیەش لەلایەن نوێنەرەکانەوە بەباشی هەڵسەنگێنرا. هەر لەوکاتەدا لەبەر دروستبوونی گیروگرفتێك سەبارەت بە بەشداریی وەفدێکی تایبەت لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس، بڕیار درا شەریف پاشا کە لە پاریس بووە، بکرێتە نوێنەر، تا بەرگری لە بەرژەوەندی کوردەکان بکات، ناوبراویش ئەو ئیشەی قبووڵ کرد. وەفدێکی دیکەی کوردی کە لەکاتی جەنگدا لە میسر دامەزرابوو، بە سەرۆکایەتیی "عارف پاشا" چوون بۆ کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس و لەوێ ئەوانیش بڕیاریان دا "شەریف پاشا" نوێنەرایەتیی ئەوانیش

بکات لە کۆنفرانسەکەدا. جەمعییەت ئاگادار بووەتەوە لەوەی کە وەفدێکی دیکەی کوردیش کە لە مووسڵ و سلێمانی پێك هاتووە و لەلایەن حکوومەتی کوردییەوە ڕەوانەی پاریس کراون، بڕیاریان داوە بە سەرپەرشتیی "شەریف پاشا" بە هاوبەشی کار بکەن. دوای پێدانی یاداشتنامەکان بە نوێنەرانی سیاسیی وڵاتە زلهێزەکان و ئاگادارکردنەوەی شەریف پاشا لە پاریس سەبارەت بەوە، ئیدی لەوەبەدوا دانوستانەکانی جەمعییەت و هەوڵە سیاسیەکانیان لەگەڵ ئەو نوێنەرانەدا، زۆرتر وەك پێدانی زانیاریی لێ هاتبوو سەبارەت بە کوردەکان.

جەمعییەت دەستی بە کردنەوەی لقەکانی خۆی لە کوردستان کرد و ئەو لقە ناوەندیانەش کە لە کوردستان کردبوویانەوە، ڕۆڵێکی زۆری لە پاراستنی ئاسایش و ئارامی لەو ناوچەیەدا هەبوو. یەکێك لە کارە هەرە گرنگەکانی جەمعییەت، گەڕاندنەوەی کوردە کۆچبەرەکان بوو بۆ بۆ شوێنەکانی خۆیان کە بە هەموو شوێنێکی ئەنادۆڵدا بڵاو بووبوونەوە. لەکاتی ئاگربەستەوە، جەمعییەتەکە پێداگریی کردووە لەسەر داواکاریەکانی خۆی لەبارەی ئەو کۆچبەرانەوە لە حکوومەتەکان، بەڵام هیچ یەك لەو حکوومەتانە، سەرەڕای ئەوەی بەڵێنی ڕەسمیشیان داوە، هیچ هەنگاوێکیان لەو بارەیەوە هەڵنەگرتووە. جەمعییەت ئاگادارە لەو نەداری و ئازار و مەینەتیانەی کەوا کۆچبەرەکان دەیچێژن و ئەمانەشی بە حکوومەتەکان ڕاگەیاندووە. هۆکاری ئەوەی کە هیچ هەنگاوێك سەبارەت بەو کۆچبەرانە هەڵنەگیراوە، بۆ نیازخراپی و پاك نەبوونی حکوومەت گەڕاوەتەوە. یەکێکی دیکە لە ویست و داواکاریەکانی جەمعییەت، دامەزراندنی فەرمانبەری کورد بووە لە کوردستان و داواکاریی ئەمەش مافێکی ڕەوای خۆمان بوو، بەڵام جەمعییەت لەو بارەیەوە نەیتوانی دەنگ و داواکاریەکانی خۆی بگەیەنێتە حکوومەت. بەڵێ! کار و چالاکیەکانی

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، بەمجۆرە بەردەوام بوون. ئەو کابینەی حکوومەت کە دوای ئاگربەست هاتە سەرکار، بە نیازپاکییەوە وەڵامی داواکاری و مافەکانی کوردی دایەوە و کێشەیەکی بۆ ئەو داواکاریانە دەرنەخست کە بەرژەوەندی ڕاستەقینەی وڵاتن، بەڵام هەرچی کات تێپەڕ دەبوو، لەکاتێکدا جەمعییەت داوای مافەکانی کوردی دەکرد کە هەموو جیهان و حکوومەتی عوسمانیش ددانی پێدا نابوو، کێشە و ئاستەنگی گەورە دروست بوون. هەرچی دەبێت با ببێت، جەمعییەت لەسەر بەرگریکردن لە مافە نەتەوەییەکانی کورد سوور دەبێت و لەسەر کارەکانی خۆیشی بەردەوام دەبێت)).

دەتوانین قسەکانی ئەو کەسەی کە لەسەرەوە هێنامانەوە، بکەینە سێ بەش: یەکەمیان بارودۆخی ڕەوتی کوردایەتی لە سەرەتای کودەتا. دووەمیان کاروبارە سیاسیەکانی تایبەت بە بەرگریکردن لە مافەکانی کورد، بەگوێرەی بنەماکانی ویلسن. سێیەمیش پەیوەندیەکانە لەگەڵ حکوومەتی عوسمانیدا لەدوای ئاگربەستەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەهۆی ئەم چاوپێکەوتنەوە دەمانەوێت سەبارەت بەو سێ خاڵەی کە باسمان کرد هەندێك شت بڵێین: نەتەوەی کورد ئەو کاتەی زانیویە ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی کە ئەو دەسەڵاتەکەی بەسەر خۆیدا قبووڵ کردووە، پێداویستەکانی ئەو جێبەجێ ناکات، هەستی بەوە کردووە کە دەبێت بەگوێرەی هەلومەرجی تایبەتی خۆی بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتی هەبێت. ناتوانین بڵێین سەرەتای دەرکەوتنی جووڵانەوەی کوردی، لەکاتی کودەتاکەی دەی تەمووز یا دەسەڵاتی "سوڵتان عەبدولحەمید" دەستی پێکردووە، بەڵکوو زۆر لەمێژتر ئەو ڕەوتە دەستی پێکردووە. بەڵام دەبێت ئەوەش ڕوون بکرێتەوە کە ڕەوتی نەتەوەیی کوردی، هیچ کات زیانی بە کۆمەڵگەی ئیسلامی یا ئەو هێزانە نەگەیاندووە کە نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەی ئیسلامی دەکەن. ئەو قسانەی

گوتراون که گوایه کوردەکان ڕادەپەڕن و ملکەچی حکوومەت نابن و لەدژی بەڕێوەبەرایەتی دەردەکەون، گوزارشتێکن لە حاڵەتی ڕۆحی و بارودۆخی تایبەتی کوردەکان و کاردانەوەیەکی سروشتین. ئەو کاتەی بەڕێوەبەرایەتییەك هەبوە نەیتوانیوە پێداویستەکانی دابین بکات، کوردەکان دەستیان بە هاوار کردووە. هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی ڕۆشنبیر و ژیر کە نیاز و پێداویستە ڕەواکانی خەڵك بزانێت و بیەوێت ددانی پێدا بنێت، ئەو جۆرە هاوار و فریادانەی خەڵك بە شتێکی ڕەوا لەقەڵەم دەدات. ئەو میللەتەی کە پێداویستەکانی جێبەجێ نەکرێت و نەتوانێت دەنگ بەرز بکاتەوە، تووشی کێشە و کەموکوڕی بووە. کاتێك کوردەکان فریاد و دەنگیان بەرز کردووەتەوە، ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە نەهاتوون نیاز و پێداویستەکانی جێبەجێ بکەن، بەڵکوو بەپێچەوانەوە هەوڵی کپکردنی دەنگی ناڕەزایی و فریادەکانیانی داوە. دەمانەوێت ئەوە بڵێن کە کوردەکان دەیانەوێت وەك نەتەوەیەك بژین و بەرگری لە بوونی خۆیان بکەن و ژیانێکی بەختەوەر بۆ خۆیان دابین بکەن و لەژێر دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیەکدا بن کە بەگوێرەی حاڵەتی ڕۆحی و باری دەروونیی خۆیان بێت. کورد لە زەمانی زووەوە، ئاگای لەمە هەبوە و بەدڵ و بەگیان هەوڵی بەدیهێنانی داوە. ئێمەش حەقی خۆمانە گومان بکەین لە نیازخراپی ئەو کەسانەی کە ئەو جۆرە مافانە بۆ نەتەوەی کورد و هەر نەتەوەیەکی دیکە قبووڵ ناکەن. دوای ئەو ڕەوتە نەتەوەییەی کورد کە لەم سەرچاوە پاك و دروستانەوە دەر کەوتووە و دوای کودەتاکەی عوسمانیش، بەشێوەیەکی سروشتی توانیویە خۆی لە چوارچێوەی جەمعییەتێکدا ڕێك بخات. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان کە نموونەیەکی زۆر باشە بۆ جەمعییەتە زانستی و هونەریەکانی دیکەش، هەروەها ئەو جەمعییەتانەی کە

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەر لەویش دامەزراون. پێویستە بە خوێنساردیەوە ئەمە قبووڵ بکەین و خۆمان نەخەڵەتێنین.

ئەو کەسانەی کە هەتا دەرکەوتنی جەنگی جیهانی و لەکاتی جەنگی جیهانیدا، خۆیان بە کاروباری بڵاوکردنەوەی مەعاریف و ڕۆشنبیرییەوە سەرقاڵ کردبوو، دوای ئەوەی جیهان ئەو ماددانەی (بنەماکانی ویلسن)ی قبووڵ کرد، هەوڵیان داوە ئەو ماددانە بخەنە نێو پرۆگرامی ژیانی خەڵك. چونکە ئیدی بنەماکانی ویلسن ڕاگەیەنرابوون و دەوڵەتە گەورەکان و دەوڵەتی عوسمانی و حکوومەتەکانی تریش، ئەوەیان قبووڵ کردبوو کە پێویستە ددان بە مافەکانی هەر میللەتێکدا بنرێت بیەوێت بە ئازادی بژی و گەشە بکات. مادام نەتەوەی کورد توانیویە تا ڕۆژی ئەمڕۆ پایەدار بێت و بە داب و نەریت و زمانی خۆیەوە بمێنێتەوە، ئیتر پێویستی بەوە دەکرد بوترێت: ((بەڵێ)) نەتەوەی کوردیش هەیە. پێویستە ئەو مافانەی کەوا بۆ نەتەوە و گەلانی دراوسێ دابین دەکرێن، بە کوردەکانیش بدرێن و ئەمەش مافی خۆیانە. ئەویش وەك نەتەوەیەك ئەوە دەسەلمێنێت کە هەرچەند تا ڕۆژی ئەمڕۆ، لەژێر دەستی هێز و دەسەڵاتەکانی دیکەدا بووە، بەڵام زیرەکی و لێهاتوویيەکی هەیە و دەتوانێت بۆ بەرژەوەندەکانی خۆی بیانخاتە گەڕ. ئەویش دەیەوێت لەم سەدەیەدا، بە عیرفان و لێهاتوویی خۆی، خۆی بۆ شارستانێتی ئامادە بکات. کورد دەیەوێت وەك مافێکی سەرەتایی، بە زمانی خۆی باس لە ئازار و مەینەتەکانی خۆی بکات و هاوزمانەکانی خۆی، برینەکانی بپێچنەوە و لەژێر دەسەڵاتێکی خۆیدا شەریعەت و یاسا و ڕێساکانی خۆی دابنێت. کوردەکان لەبەر هەموو ئەمانە، باسی بنەماکانی ویلسنیان دەکرد. ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویان داوە، بۆ کوردەکان ئومێدبەخش بوون و هیوایان پێدا‌ون. ئەو کەسەی کە کۆنفرانسەکەی گرت، لەنێو کار و چالاکیە سیاسیەکانی جەمعییەتدا، پتر هاتە

سەر بەرقەرارکردنی پەیوەندیی جەمعییەت لەگەڵ حکوومەتدا و مەسەلەی کۆچبەرەکان و دابینکردنی ئاسایش لە کوردستان. زۆرتر لە هەموو کەسێك، حکوومەتی تورك ئاگاداری ئەو زەرەر و زیانانەیە کە کاتی جەنگ لە ماوەی چوار ساڵدا لە کوردکان کەوتوون. ئەوان تەنیا بەهۆی پەیوەندیە ئیسلامیەکەی خۆیانەوە، بەرەو ناوەڕاستی ئەنادۆڵ ڕۆیشتوون. دیارە بە شێوەی سروشتی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش، لە بەرامبەر ئەو بارودۆخە ئازاربەخشەی میللەتەکەیدا، شتی پێویستی بە حکوومەت ڕاگەیاندووە، بەڵام سەرەڕای ئەو زانیاریانەی کە لەلایەن جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە سەبارەت بە نەهامەتیی کوردە کۆچبەرەکان بە حکوومەت دراون، هەروەها سەرەڕای ئەو زانیاریانەی کە "(هەیئەتی ناصیحە) لەوبارەیەوە پێشکەشی حکوومەتی کردوون، کەچی حکوومەت تائێستا وەك ئەوە دەجووڵێتەوە گوایە مەسەلەی گەڕانەوەی کۆچبەرە کوردەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان، کێشە نییە و پشتگوێی خستووە. ئەمەش لەکاتێکدا کۆچبەرانی میللەتەکانی دیکە، بەشێوەیەکی بەردەوام لە ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانیدا بۆ شوێنەکانی خۆیان دەگوێزرێنەوە. لەبەر ئەوە، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان کە بەردەوام سکاڵانامە و گلەییی کۆچبەرە کوردەکانی پێگەشتووە، ناچار ماوە ئەوە ڕابگەیەنێت کە بەرپرسی لەو بارەیەوە دەکەوێتە سەرشانی ئەو کەسانەی کە خاوەنی هێز و دەسەڵاتن.

بەهۆی جەنگەوە، ئیدارەی عوسمانی تووشی کێشە و گرفت بووە و تا دەوروبەری پایتەختیش نەیتوانیوە ئارامی و ئاسایش بەرقەرار بکات، بەڵام بوونی لقە ناوەندیەکانی جەمعییەت لە ویلایەتە (کوردیەکاندا)، ڕۆڵی لە بەرقەرارکردنی ئارامی و ئاسایش لەو ناوچانەدا، هەبوە. سەرەڕای ئەوەی کە بوونی ئاسایش و ئارامی لەو ناوچانەدا، ئەنجامی نیازپاکیی ناوەندی گشتی و

لقەکانی جەمعییەت بووە، بەڵام حکوومەتی ناوەندی جگە لە دروستکردنی کێشە و گیروگرفت بۆ جەمعییەت، هیچ کارێکی دیکەی نەکردووە. سەبارەت بە مەسەلەی کۆچبەرەکانیش ئەوەمان بۆ ڕوون بووەتەوە کە هەڵەکانی حکوومەتی ئیتیحاد و تەرەقی، سەبارەت بە کێشەی ئەلبانی و عەرەبەکان، لەبارەی کوردەکانیشەوە دووبارە دەبێتەوە. هیوامان وایە تا کات هەیە و درەنگ نەبوە، لایەنە پەیوەندیدارەکان سەرنج بدەنە ئەو بارودۆخانە و ئەو کێشانە چارەسەر بکەن. دوای قسەکانی ئەو کەسەی کە کۆنفرانسەکەی گرتبوو، کەسە جۆراوجۆرەکانیش خوێندنەوە و پێشنیارەکانی خۆیان سەبارەت بە کوردایەتی و کوردستان و شێوازی بەڕێوەبردنەکەی ئاشکرا کرد. بەڕای ئێمە، ئەو لایەنەی کە پێویستە زۆرتر سەرنجی بدرێتێ، ئەوەیە لەو کۆبوونەوەیەدا کە پیرمەند و ڕۆشنبیر و لاوانی کورد لە ئەستەنبووڵ ئامادەی بوون، هەستی وابەستەیی بە کۆمەڵگای ئیسلامییەوە و متمانەی فراوان و قووڵ بە دەوڵەتی ئینگلتەرە زاڵ بوون. لەو کۆبوونەوەیەدا، سەبارەت بە دیاریکردنی ئامانجەکان و شێوازی بەدیهێنانیان، دەستەی گشتی بڕیاری داوە. هەروەها بڕیار درا لەسەر ئەوەی کە هەوڵی دابینکردنی ئارەزوو و داواکاریەکانی کورد بدرێت و کار بۆ دامەزراندنی کوردستان بکرێت، لەو بارەیەشەوە، داوای یارمەتی لە دەوڵەتی ئینگلتەرە بکرێت. ئەو کەسانەی کە کۆبوونەوەکەیان بەجێهێشت، قەناعەتیان بەوە هێناوە کە هەر بەڕێوەبەرایەتییەك ئاگای لە بارودۆخی دەروونی و ڕۆحی کوردەکان نەبێت، ناتوانێت بمێنێتەوە. تەنیا ویست و داواکاریەکانی کورد دەتوانن بەسەر چارەنووسی کورددا زاڵ بن، تەنها کوردەکانیش دەتوانن گەشە بە خۆیان بدەن)).

١ی حوزەیرانی ١٩١٩– مەمدووح سەلیم بەگی

ژین، ژمارە ٢١–١٨، حوزەیرانی ١٣٣٥.

بەڵگەی نۆیەم:

## ڕێککەوتننامەی کورد و ئەرمەن بۆ کۆنفرانسی گەورەی ئاشتی

بەڕێز سەرۆك!

ئێمە وەك نوێنەرەکانی کورد و ئەرمەن کە لە خوارەوە ئیمزامان کردووە، شانازی بەوەوە دەکەین کە ڕای بگەیەنین، وەك دوو نەتەوەی جیاواز کە بەرژەوەندی جیاواز، بەڵام یەك ئامانجمان هەیە، ئەویش سەربەخۆییمانە. بەتایبەتی ئەرمەنەکان هەوڵ دەدەن لەژێر دەسەڵاتی بێئینسافی عوسمانی ڕزگاریان ببێ و بەگشتیش کورد و ئەرمەنەکان پێیان وایە دەسەڵاتی ڕەسمی و غەیرە ڕەسمی (کۆمیتەی ئیتیحاد و تەرەقی) کارەسات و گیروگرفتی گەورەی بۆ هەردوولا دروست کرووە، بۆیە هەردوکیان دەیانەوێت لەوە ڕزگاریان بێت. کەوابوو ئێمە بە کۆنفراسی ئاشتی ڕادەگەیەنین کە خۆمان لەنێو خۆماندا بەتەواوەتی ڕێك کەوتووین و داوا لە کۆنفراسەکەش دەکەین بە گوێرەی بنەمای مافی نەتەوەکان، بڕیاری دامەزرندنی دەوڵەتی سەربەخۆی یەکگرتوی ئەرمەنستان و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بدات و داواکاریەکانی هەردوو گەلەکە و دەوڵەتەکانیان لەبەرچاو بگرن و دەوڵەتە گەورەکانیش یارمەتیمان بدەن. دوای دامەزرندنی ئەو دوو دەوڵەتە، لە ڕووی ئابووری و تەکنیکییەوە یارمەتیمان بدەن. سەبارەت بەو خاکانەی کە جێی ناکۆکین، نوێنەرەکانمان لە شێوەی ڕاپۆرتێکدا بیر و بۆچوونی خۆیان بە کۆنفرانسەکە ڕادەگەیەنن و بەشێوەیەکی ڕوون ئەوەتان پێڕادەگەیەنین کە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەشمان بۆ بڕیاری کۆبوونەوەی ئاشتی هێشتووەتەوە، چونکە دڵنیاین لەوەی کە ئەو بڕیارەی دەدرێت، دادپەروەرانە دەبێت. بە هەمان شێوەش

ئەوەتان پێڕادەگەیەنین کە هاوڕاین لەسەر ئەوەی وا مافی ئەو کەمینانە دابین بکەین کە لە سنووری هەردوو دەوڵەتدا دەژین.

ئیمزاکان

بۆغۆس نۆبار (سەرۆکی وەفدی نەتەوەییی ئەرمەن)

دکتۆر ئێچ ئۆهان جانیان (جێگری سەرۆکی وەفدی کۆماری ئەرمەنستان)

شەریف پاشا (سەرۆکی وەفدی نەتەوەییی کوردی)

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بەڵگەی دەیەم:

## مێژوویەك، هەستانەوەیەك

ڕۆژی هەینی ٢٧ی تەمووز، ڕێوڕەسمێك بە بۆنەی هەشتەمین ساڵیادی دامەزراندنی جەمعییەتی هێڤیی تەلەبەی کوردەوە، ڕێك خرابوو. لەو مەراسیمەدا کە بەشێکی زۆر لە نوێنەرانی لاوان و چینە جۆراوجۆرەکانی کورد تێیدا ئامادە بوون، "دیاربەکرلی تەوفیق حەمید بەگ" بەناوی خوێندکارانی کوردەوە، وتارێکی پێشکەش کرد، لێرەدا بەشێکی دەهێنینەوە:

بەڕێزانی بەشداری ڕێوڕەسمەکە! ئەمڕۆ سەرفرازین کە هەشتەمین ساڵیادی دامەزراندنی هێڤی پیرۆز دەکەین. بەم بۆنەیەشەوە، باسی ڕابردوویەکی کار و چالاکیەکان و هیواکانی داهاتووتان بۆ دەکەم. ئەم ڕابردووە، مێژووی هێڤی‌یە کە ڕەوتی نوێکردنەوەی نەتەوەییمانی دروست کردووە. مێژووی هێڤیش لە مێژووی کورددا، واتای مێژووی لاوان دەگەیەنێت. هەشت ساڵ بەر لە ئێستا، چەند گەنجێك بە سەرپەرشتیی کەسایەتییەکی بەهێز لە گۆشەیەکی مەکتەبی کشتوکاڵدا (مەکتەبی زەراعەت)، هێڤی دادەمەزرێنن. ئەوان ئاگایان لە ڕووداوەکانی دەوروبەر بوو. تێگەیشتبوون لەوەی کە نەتەوەکانی تر، بە چ شێوەیەك لە ڕێی شارستانی و گەشەسەندندا پێش دەکەون. تاقە ڕێی ڕزگاریی نەتەوەی کوردیشیان لە هۆشیاری و پێشخستنی لاوەکاندا بینیبوو. ئەوان دەیانویست کوردەکان لە دنیای تاریکی سەدان ساڵە دەربهێنن و ئاستی ژیانەکەیان بگەیەننە ژیانێکی شارستانیانە کە ئاسوودەیی و بەختەوەریی تێدایە. بۆ ئەمەش، بیریان لەوە کردەوە کە کۆمەڵەیەکی زانستی دابمەزرێنن هیوا هەمیشەییەکانمان سەبارەت بە داهاتووی کورد بژێێنیٚ و ئازار و ماف و ئارەزوە نەمرەکانی کورد بهێنێتە سەرزمان. با لەو کۆمەڵەیەدا، لاوانی کورد

یەکتری بناسن و یەك بگرن، چونکە بەیانی دەبنە خاوەنە ڕاستەقینەکانی کوردایەتی. بۆیە پێویستە کۆمەڵەکە ببێتە دەنگی مژدەبەخشی ئاسوودەیی و بەختەوەریی کورد. لەبەر ئەوە ناوی هێڤیشیان لە کۆمەڵەکەیان نا.

بۆ ماوەی سێ ساڵ ئەرکی هێڤی لەسەر شانی لاواز و بڕوای بەهێزی ئەو گەنجانە بوو. ئاڵاهەڵگرانی هێڤی، بڕوایان بەوە هێنابوو کە مانەوەی ڕێکخراوەکەیان مەسەلەی شەرەف و مانەوەی نەتەوەکەیانە. گومانیش لەوەدا نییە کە لەو کۆمەڵەیەدا، مەشخەڵی هیوای وڵاتیش هەڵکرابوو. ئەو گەنجانە، بە پشت بەستن بە هیوا و بڕواکانی خۆیانەوە، لەنێو نەبوونی و نەداریی دەوروبەریاندا هەبوونیان خوڵقاند. "ڕۆژی کورد"یان دەرکرد، بەڵام دیکتاتۆری گورزێکی لێ وەشاندن و گۆڤارەکەیانی داخست. گەنجێك دەسگیر کرا و چەندین مانگ لە زینداندا مایەوە، بەڵام یەکێکی تر، "هەتاوی کورد"ی دەرکرد. لەلایەکی دیکەشەوە، هەندێك گەنجی ناوداری دیکەش هەبوون کە هەوڵی پەشیمانکردنەوەی ئەوانی تریان دەدا و دەیانگوت: کارم بەم کارانەوە نییە. بەڵام ئەوە و چەندین هەڕەشەی تری ڕەسمی و غەیرە ڕەسمیش، نەیانتوانی ببنە هۆی ئەوەی تێکۆشەرەکانی وڵات واز لەو ڕێیە بهێنن کە گرتبوویانە بەر. گەنجەکان بیر و بڕوایەکی بەهێز و پتەویان هەبوو. ماوەی سێ ساڵیش، ئەو ڕێکخراوەیان بەڕێوە برد. ئەگەر ئەوان لە وەختی تەنگانەدا ئەرکە پیرۆزەکانیان فەرامۆش بکردایە، ئێمەش ئەم ڕۆژانەمان نەدەبینی. ئەگەر وەك پێویست پشتگیری لە دەستپێشخەریەکەی ئەو گەنجانە بکردبایە، ئەمڕۆ پێکهاتەی نەتەوەییمان لەوەی کە ئێستا هەیە، بەهێزتر دەبوو. بەڵام بارودۆخی دۆزەخیانەی شەڕ، هەموو ئەو تین‌وتوانەشی لەناوبرد کە هێڤی پشتی پێ‌دەبەستن. گەنجەکان بەناچاری وازیان لەو ڕێیانە هێنا کە گرتبوویانە بەر،

بەڵام قرچەی دڵیان دەهات و هێشتا هەر هیوایەکیان مابوەوە. چەند کەسێکیان لە بەرە جیاوازەکانی جەنگدا، چوونە بەر ڕەحمەتی خودا و کوژران.

ئامانجی ئێمە لە باسکردنی ئەم ڕابردووەی کە پڕە لە هەڵە و کەموکوڕی و بەرپرسیی جۆراوجۆر، ئەوەیە کە لە ڕێی پێشکەوتن و گەشەسەندندا هەڵەکانی ڕابردوو دووبارە نەکەینەوە. ئەو نەتەوانەی کە ئەزموونیان لە ڕابردوو وەرگرتووە، دەتوانن لە داهاتووی خۆیان دڵنیابن. دوای چوار ساڵ جەنگ، هێڤی دووبارە دەستی بە کار و چالاکیەکانی خۆی کردەوە. ئەو گەنجانەی کە ئێستا دەیبینن، بەرگەی هەموو جۆرە نەداری و هەژارییەکیان گرتووە و توانای زۆریان لەبەر دەستدا نییە، بەڵام بە بڕیار و سوربوون و لێبوردەییەکەی جارانیان (جارانی هێڤی)یان هەیە. گەنجەکان حەوت ساڵ بەر لە ئێستا، پێشبینیی ئەوەیان کردبوو کە درەنگ یان زوو، ڕووداوەکانی ئەمڕۆ، بۆچوونەکانمان پشتڕاست دەکەنەوە. گەنجەکان ئەگەر توانای پێشبینیکردنی داهاتوویشیان نەبێت، ناچارن بەپێی پێداویستەکانی ئەمڕۆ، خۆیان بۆ بەیانی ئامادە بکەن. ئێمە لەبەر ئەوەی ئاگامان لە کاریگەریی کردەوەکانی گەنجانی ئەو نەتەوانە هەیە کە ئێستا پێش کەوتوون و خۆیان نوێ کردووەتەوە، لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، لە هەوڵ و تەقەلادا بووین. ئێمە بڕوامان بەوە هەیە کە پێشکەوتن و گەشەسەندنی کورد و کوردستان، تەنها لەڕێی پێکەوە کارکردنی گەنجان و گەورە پیاوانی کوردەوە، بۆ بەدیهاتنی ئەو ئامانج و بنەمایانە مومکین دەبێت کە زانستین و قبووڵیان دەکەین. هەروەها شانازی بەوەشەوە دەکەین کە لەو ڕێیەدا کار دەکەین. مادام هەموو چینەکانی خەڵکەکەمان (کۆمەڵگاکەمان)، بڕوایان بە پێشبینیە نەگۆڕەکانی یاساکانی نوێبوونەوە و گەردوون هەیە، ئەو کاتە پێویستە قەناعەتیان بەوەش هەبێت کە نابێت لە ئاستی گەنجەکاندا کەمتەرخەمی بکرێت. دەبێت ئەوەش بزانن

نوێنەرایەتیی ئەو پێشکەوتنانە دەکەین کە ئێمە دەمانەوێت بیانهێنینە دی. پێویستە بەپێی بنەماکانی سەردەم، بە هەموو توانایەکی خۆمانەوە، هەوڵی پێگەیاندنی گەنجان بدەین، پێویست ناکات لەم بارەیەوە زۆرتر قسە بکەین. داواکاریی ئێمە لە نەتەوەکەمان، ڕوون ئاشکرایە. ئێمە بە ئەندازەی توانای خۆمان ئەرکە نەتەوەییەکانمان جێبەجێ دەکەین، پێویستە گەورە و زانا و دەوڵەمەندەکان و هەموو کوردێك، لەو بارەیەوە یارمەتیدەرمان بن. گەنجان خۆیان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان نادزنەوە. جوانمێری و ئازایەتیی سەدانساڵەی باوباپیرانمان لە مێژوودا، پێسەلمێنی ئەو ڕاستییەیە کە گەنجەکان ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن. ئێمە دەمانەوێت کوردستان کە تاریکی و نەزانی و زوڵم باڵی بەسەردا کێشاوە، بە پرشنگی زانست و کولتوور و ئەخلاق ڕۆشن بکەینەوە. کارکردن لە ئێمەیە و سەرکەوتن لە خودا.

ژین، ژمارە ٢٤، ٣ی ئەیلولی ١٣٣٥

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەڵگەی یازدەیەم:

## دوو بەرهەمی پڕخێر: جەمعییەتی تەعالیی ژنانی کورد- جەمعییەتی هێڤیی تەلەبەی کورد

نەتەوەکەمان خەریکە کەڵك لەو پێشکەوتنانە وەردەگرێت کە لەم سەدەیەدا بەدی هاتوون. بەڵام پێویستە ددان بەوەدا بنێین کە درەنگ ئەو کەڵکەمان وەرگرتووە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەم ڕاستیەکان ئاشکرا بکەین، هەم ئاگامان لە دەردەکانی خۆشمان بێت. ئەگەر هیوامان بە پێشکەوتنی داهاتوومان نەبوایە، ئەمڕۆ نەماندەوێرا سەبارەت بە بارودۆخی خۆمان قسە بکەین. ئەو نیشانانەی کە هیوام پێدەبەخشن، بەرهەمەکانی کار و چالاکیی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگای کوردن. دیارە دەتوانین ئەمانەش وەك بەڵگەی پێگەیشتنی نەتەوەییمان لەقەڵەم بدەین. ژنانی کورد لە ئەستەنبووڵ، ڕێکخراوێکیان بەناوی (جەمعییەتی تەعالیی ژنانی کورد)ەوە دامەزراندووە، دروستکردنی گۆڕانکاری و ڕیفۆرمی ڕیشەیی لە ژیانی بنەماڵەی کورددا و یارمەتیدانی ماددی و مەعنەویی بێوەژن و هەتیوانی کوردیان کردووەتە ئامانج، کە بەهۆی کۆچی زۆرەملێ و قەتڵوعامەوە لە هەژاری و نەداریدا ژیان بەسەر دەبەن. ئەمەش گۆڕانکارییەکی زۆر باشە و لەبەر ئەوە پێویستە ڕێز لە خانمانمان لە ئەستەنبووڵ بگیرێت کە ڕێکخراوەکەیان بۆ کوردایەتی مایەی شەرەف و شانازییە. ڕۆڵی ژنان لەنێو ئەو نەتەوە و کۆمەڵگایانەدا کە فەرامۆشکاریی سەدان ساڵەیان لەسەر خۆ هەڵگرتووە و پێشکەوتوون، زۆر گرنگە. ئەو ڕۆشنایی و جۆش‌وخرۆشەی کە ژنان دەیدەنە مێشك و ڕۆحە خەوتوەکان، لەلایەن هیچ ئامرازێکی دیکەوە دابین ناکرێن. وتەی

www.zheen.org

((ئاستی پێشکەوتوویی ژنان، پێوانەی دیاریکردنی پێشکەوتوویی نەتەوەکانە))، لەنێو ئەو کۆمەڵگایانەدا کە دەیانەوێت ڕۆڵی پێشەنگیان لەنێو شارستانیدا هەبێت، بووەتە بنەمایەك لە کار و کردەوەکاندا. لە ژمارەی چوارەدەیەمی گۆڤاری "ژین" و لە بابەتی کەسێکدا بەناوی "خانمی کورد"ەوە، وەها نووسراوە: ((هیچ گومانی تێدا نییە کە پێگە و مافەکانی ژنان لە ئیسلامدا زۆر فراوانتر و زۆرترە لەو پێگە و مافانەی کە ئەمڕۆ بۆ ژنان ڕەوا نابینرێن. ئەرکی پیاوان و زانایانی ئاینی ئەوە نییە مافە ئاینیەکان زەوت بکەن، بەڵکوو دەبێ ئەو مافانە بەگوێرەی سەردەم فراوانتر بکەن و ڕێگر نەبن لەوەی کە دووبارە دابڕێژرێنەوە)).

من کاتێك ئەم بابەتەم نووسیبوو، قەناعەتم بەوە هێنابوو کە بەپێی ئەو کۆمەڵگایانەی وا ناوەڕۆکی پاك و بێگەردی سەرەتای ئیسلامیان پاراستووە، لەلای ئێمە شتانێکی زۆر پێچەوانە سەبارەت بە پێگە و مافەکانی ژن لەئارادان و هەندێك کەسیش بەنیازن ژنان بخەنە تاریکایی و خراپەیەکەوە کە نموونەکەی لە ڕابردووشدا نەبینراوە. ئەمڕۆ لە ناوەندی خیلافەتدا، هەر کەس سەبارەت بە سەرپۆش و پۆشاکی ژنان قسە دەکات، هەندێك بۆچوونی تایبەتیان هەیە و هەندێکی تریش دژایەتیی بۆچوونەکانی ئەوان دەکەن، بەڵام هەمووشیان بە هەڵە پێیان وایە ئەگەر بەپێی بۆچوونەکانی ئەوان ڕەفتار بکرێت، مەسەلەکە چارەسەر دەبێت. ئەوانەی دەیانەوێت لە شێوە و واتای پۆشتەیی و سەرپۆش تێبگەن، با زەحمەتێك بە خۆیان بدەن سەرێك لە کوردستانەکەمان و ئەنادۆڵی تورکان بدەن. ئەگەر لەباتیی ئەوەی لەکۆنەوە تائێستا خۆمان بە باسی پۆشتەییی ئافرەتەوە سەرقاڵ کردووە، خۆمان بە پەروەردەیەکی ڕاست و دروستی ژنان سەرقاڵ بکردایە، کێشەکە لەمێژەوە چارەسەر دەبوو.

لە نووسینەکەمدا باسی ئەوەشم کردەبوو کە: ((ئێمە بارودۆخی ئێستای ژنانی کۆمەڵگایەکی وەها دیندار، بە گونجاو لەگەڵ پێداویستەکانی ئەم سەدەیەماندا دەزانین. ئەو بارودۆخە، لەبەردەمی پێشکەوتنی کوردایەتیدا، ئاسانکاری دەکات و نموونەشی لەنێو نەتەوەکانی تر و بەتایبەت تورکدا زۆر کەمە و تەنانەت بەرچاویش ناکەوێت. جگە لە پێویستیە بنەڕەتییەکانی پۆشتەیی و سەرپۆش بەپێی ئیسلام، ژنی کورد ئازادە و خۆی زۆر داناپۆشێت. لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتیشدا کە پیاوانیش هەن، پێگە و پایەیەکی بەرزیان هەیە و تەنانەت لەنێو چینی باڵادەستی کوردستانیشدا، هەندێك لە ژنان توانیویانە سەڵتەنەت و پاشایەتی بۆ خۆیان دابمەزرێنن. ((لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکی کێشەکە لای ئێمە وەهایە و زۆر ئاڵۆز نییە، ئەرکی سەرشانی خانمانیش زۆر قورس نییە و نەتەوەکەمان دەتوانێت کەڵکی زۆرتر لەوان وەربگرێت. ڕۆژبەڕۆژ، پێداویستەکانی تاك و نەتەوەش زۆرتر دەبن. دابینکردنی ئەوانە، پێویستی بە هەوڵ و تەقەلای زۆرتر هەیە، ئەمەش هێز و توانای زۆرتری دەوێت. دوای بەدیهاتنی هەموو ئەمانە، شارستانی لەدایك دەبێت. ئەو نەتەوانەش کە زۆرتر لە هەموان پێشکەوتوون و شارستانییان هەیە، نیاز و پێداویستەکانیشیان لەوانی تر زۆرتر دەبێت. دابینکردنی نیازەکان خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە کاریگەرترین تایبەتمەندیەکانی شارستانی. ئەو نەتەوانەی کەڵك لە توانای تاکەکانی ناو کۆمەڵگەی خۆیان وەردەگرن، با هیچ کات لە شکستهێنان نەترسن. گۆڕانکاریەکان لە دنیای ئەمڕۆماندا خێران، لەو گۆڕانکاریانەشدا، ئەو کۆمەڵگایانەی کە ژنان شانبەشانی پیاوان، بەشداری تێکۆشانە کۆمەڵایەتیەکان ناکەن، تووشی خراپە دەبن. مەگەر لە یەکەم شەڕی جیهانیدا نەمانبینی!؟ ئامادەترین نەتەوەکانی ئەو جەنگە، ئەوانە بوون کە ژنانیان هاوشانی پیاوەکانیان بەشدارییان لە جەنگدا کرد. ئێوە خۆتان بیر

بنکەی ژین
www.zheen.org

بکەنەوە، ئەگەر ژنان ئاگایان لە برینداره‌کان نەبێت و لەجیاتیی ئەوان، پیاوان بۆ ئەو کارە ئەرکدار بکرێن، ئەو کاتە کێ دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی شەڕ بکات؟ دەتوانین نموونەی زۆرتری ئەم جۆرە بهێنینەوە. من زۆر دڵخۆشم بەو مافانەی کە لەنێو نەریتی کۆمەڵایەتی و نەتەوەییماندا بە ژنان دراون و پێم وایە بۆ ئایندەشمان زۆرباش دەبن. پێویستە ژنانیش هەوڵی زۆرتر بدەن، تا لە بواری شارستانیدا کەڵکی زۆرتر بگەیەننە نەتەوەکەمان. ((هەوڵدان بۆ پێشخستنی ژنانی کورد، بەپێی چەمك و تێگەیشتنی سەردەمیانە)) لەنێو پێڕەوەکەدا، مەشخەڵی ڕێی پێشکەوتنە.

ڕێم پێبدەن بەشێکی دیکە لەو بابەتەم لێرەدا بهێنمەوە: ((بارودۆخی سروشتیی ژنی کورد، لە ئاستێکی زۆردا لەگەڵ پێوانەکانی ئەمڕۆدا دەگونجێت. شتی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە ئەو پەروەردە نەتەوەییەی وا لەنێو نەریت و کولتووره‌کەمانەوە هاتووە، بەپێی یاسا و ڕێساکانی سەردەم ڕێك بخرێن و پێش بخرێن. ئەو کاتە دەبینین ڕۆڵەی ئەو ژنە ڕەوشتبەرزانە، بە چ شێوەیەك بنەمای گەشەسەندنی ئەم نیشتمانە دادەنێن؟ کە ببێتە مایەی حەسرەتی هەموو لایەك. من پێم وایە ئەو داهاتووە زۆر دوور نییە)). ئەم بڕوایەم بەهێزتر بووە. ئەگەر بمانەوێ دەنگی خۆمان بگەیەنینە جیهانی شارستانی، پێویستە هەموو پێشکەوتنەکانی زانست و تەکنەلۆژیا لە ئەورووپا و ئەمریکا وەربگرین و تایبەتمەندیە باشەکانی ئەوان (ئەوانەی لەگەڵ تایبەتمەندیە نەتەوەییەکانی ئێمەدا دەگونجێن.) بۆ خۆمان وەربگرین و شتیان لێوە فێر بین. درککردنی ژنانی ئێمە بەم پێویستیانە، نیشانەی سووربوونە لەسەر پێشکەوتن. خانمانی ئێمە زۆر مەراقی خۆنمایشکردن ناکەن، بەڵام بۆ ئەوەی ببنە کەسی باش لە بنەماڵەدا، پێویستە وڵاتپارێزی و نیشتمانپەروەی فێری منداڵان و براکانمان بکەن. کاتێك ئەمەشیان کرد، ئیدی مرۆڤ دەتوانێت

بڵێت ئیدی گەیشتووینەتە ئامانجی ((پێشخستنی ژنانی کورد بەپێی چەمك و تێگەیشتنی سەردەمیانە)). بەو پێیەی من لە بەندی ((دروستکردنی ڕیفۆرمی بنەڕەتی لە ژیانی خێزانی)) تێگەیشتووم، دەکرێ بە هاوکاریی زۆربەی خانمان و ئەوانەی کە ئەم پێڕەوەیان بەدڵە، هەروەها بە هاوکاریی ئەوانەی وا کوردایەتی دەکەن و بەهۆی پێشخستنی ئاستی گەنجانەوە، دەشێ پڕۆژەی جۆراوجۆر بۆ پێشخستنی نەتەوەکەمان لە داهاتوودا ئامادە بکرێت. پێشخستنی ئەو تێگەیشتنەی کە وردەوردە گرنگی بە پێداویستەکانی سەردەم دەدات لە کوردستان، زەمینەی ئەم چاکسازیانە فەراهەم دەکات. بە واتایەکی تر، ئەمە کێشەی شۆڕشێکە لە کات و ژیاندا.

لەو بابەتەدا کە لە "ژین"دا بڵاوم کردووەتەوە، باسی ئەوەم کردووە کێشەی ژن لە کوردستان دەرناکەوێت و چارەسەر دەبێت. لێکۆڵێکی بەڕێزمان لەوبارەیەوە دەڵێت: ((تەنیا یەك ڕێمان لەبەردەمدایە بۆ پێشخستنی پەروەردە و کولتووری کوردایەتی. کاتێك باسی ئەو پێشکەوتنە دەکرێ، پێویستە ژنان و پیاوانیش بگرێتەوە. ناکرێ جیاوازییەکی ناسروشتی لەنێوان ئەو دوانەدا دروست بکەین)). بەڵێ ڕاستە. دەکرێ لەڕێی فەرموودەیەکی پیرۆزەوە، ڕاستیی ئەو قسەیە بسەلمێندرێت. ((گەڕان بەدوای زانست و فێربوونی زانستدا، ئەرکی هەموو ژن و پیاوێکی موسڵمانە)). دیارە لێرەدا زۆر ڕاشکاوانە باسی ئەوە کراوە کە پێویستە هەموو کەس بەدوای فێربوونی زانستدا بچێت، لەوبارەیەشەوە هیچ جیاوازییەك لەنێوانی ژن و پیاودا نەکراوە. جگە لەوە، هەندێ ئاستەنگ و لاوازیی ڕەگەزی نەبێ، ناکرێ لەوبارەیەوە جیاکاری لەنێوان ژن و پیاودا بکرێت. هەر کاتێك کێشەی ژنان لە پیاوان جیا دەکرێتەوە، لایەنێکی مەترسیدار بەخۆی دەگرێت؟ ئەمە کاتێك دروست دەبێت کە ئاستی کولتووریی ژن و پیاو لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە جیاوازیی

تێبکەوێت. هۆی دەرکەوتنی کێشەی ژن لەنێو تورکەکاندا ئەمەیە. پیاوانی تورك، چەندە لەڕووی کولتووری و پەروەردەییەوە پێشکەوتوو بن، ژنانیان ئەوەندە پاشکەوتوون. من لە ناهاوسەنگیی ئاستی پێشکەوتنی ژنان و پیاوان دەترسم. پێویستە یارمەتیدان و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ ژنان و هەتیوەکان، لەم هەلومەرجەدا بکرێتە هەووەڵ کار و ئیشی بۆ بکرێت. گومان لەوەدا نییە کە دڵە فراوان و هەستیارەکەی ژنان، هەر لە ئەستەنبووڵەوە تا تاریکترین قوژبنەکانی ئەنادۆڵ، زۆرتر لە ئێمە هەست بە ئازار و مەینەتیەکانی ژنان و پیاوان و منداڵانی هەژار و نەدار دەکات. بۆیە پێیان وایە لەبەر دابینکردنی داهاتوویەکی پڕ لە بەختەوەری، پێویستە باری گوزەرانیان باشتر بکرێت. نووسینی ئەم دێڕانە سەبارەت بەو کێشەیە کە پەیوەندیی بە بوون و نەبوونمانەوە هەیە، بۆ ئەوە نییە کە ئیدی باسی ئەو مەسەلەیە نەکەین. هیوادارم بەر لەوەی شتی زۆرتر بگوترێ و کات تێپەڕ بێت، دڵە بەڕەحمەکانی ژنان، باوەش بۆ نووسینەکانم بکەنەوە. ئەو کاتە ئیدی ئەوان دەیسەلمێنن دەتوانن کاریگەرییان هەبێت و ڕێزیان لەلایەن نەتەوەکەمان و ئەو بیانیانەوە کە ئاگاداری کار و چالاکیەکانی ئەوانن، لێ دەگرێت. من دڵنیام دڵی ئەوانیش بەو ئارەزووەوە لێ دەدات. پڕبەدڵ هیوادارم هەریەك لەوان ببنە دایکێك بۆ بەدیهاتنی ئارەزووە نەتەوەییەکانمان، سەرکەتووبن و کەسانێکی چاکەخوازیان لێ دەرچێت.

بەڵگەی دوازدەیەم:

## گوتارێك

ڕۆژی ٢٠ی حوزەیران، خاتوون "ئەنجوم يامولكی ئەفەندی" بە بۆنەی ئەو مەولوودەی کە لەلایەن جەمعییەتی تەعالیی ژنانی کوردەوە کرابوو، وتارێکی پێشکەش کردبوو، بەپێی گرنگی بەشێکی لێرە دەهێنینەوە:

خاتوونە بەڕێزەکان...

جەمعییەتی تەعالیی ژنانی کورد کە بۆ ئامانجی بەرز و پیرۆز دامەزراوە، بە خوێندنەوەی ئەم مەولوودی شەریفە، دەستی بە کاروبارەکانی خۆی کرد. بەر لە هەموو شتێك داوا لە (جەنابی حەق) دەکەین ڕێی سەرکەوتنی گەورەتر و خێر و بەرەکەتمان بۆ بکات. دوای ئەوە بە ناوی نەتەوەی کوردەوە، سوپاسی هەموو ئەو خاتوونە بەڕێزانە دەکەم کە لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بوون. پاشان ئەگەر ڕێم پێبدەن دەمەوێت چەند قسەیەك بکەم. خاتوونە بەڕێزەکان، ئێمەی کورد هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی ئاینی ئیسلامەوە کە برایەتی لەنێوان گەلانی جیاوازدا گەشە پێداوە، لەسەر بنەمای وتەی پیرۆزی ((إنما المؤمنون إخوة)) دەکات، سەدان ساڵ لەگەڵ نەتەوەی تورکدا، دۆستێکی نزیك و هاوڕێ و برایەکی نزیك بووین. لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا کە چارەنووسی گەلان گۆڕاوە و ماف بە هەموو کەسێك دراوە، ئێمەش داوای مافی خۆمان دەکەین، چونکە بە ملیۆنان کورد هەیە و کوردستانێکی گەورەش هەیە، ئێمە هەموومان پێکەوە سوپاسگوزاری ئەو کەسانەین کە لە ڕێی بەدیهاتنی ئاواتە پیرۆزەکانی نەتەوەکاندا کار دەکەن و لەو پێناوەدا فیداکاری دەکەن. ئەو خاتووونە بەڕێزانەی کە بۆ ڕێوڕەسمی کردنەوەی جەمعییەتەکە هاتوون، بەڵێنێکی کوردانەیان داوە بۆ ئەوەی بە شێوەی جۆراوجۆر کار بکەن و یارمەتی بدەن، بۆ

گەشەکردنی کوردایەتیش، بەبێ هیچ دوودڵییەك، ئەوەی پێویست بێت ئەنجامی بدەن. هەر لەمێژەوە، وەك پەندێکی پێشینان وتراوە ((کورد لە قسەی خۆی ناگەڕێتەوە))، من وەك قەناعەت و بیر و بۆچوونی شەخسیی خۆم، پێم وایە کورد بەڵێن بۆ هەموو شتێك نادات، بەڵام کاتێك بەڵێنی دا، بە هیچ شێوەیە پەشیمان نابێتەوە. بەڵێ ئەو خاتوونە بەڕێزانەی کە بوونەتە ئەندامی ئەم جەمعییەتە، ئەوانەن کە خۆشەویستی کوردن. ئامانجی ئێمە دژایەتیکردنی تورکایەتی نییە، بەڵکوو دەمانەوێت خۆمانی پیشان بدەین و بناسێنین. "شەریف پاشا"یش کە لە پاریس، خۆی لە خۆیدا کراوە بە نوێنەری کوردەکان، لە یاداشتەکەیدا لەو ئامانجە دوور نەکەوتوەتەوە، هیچ کات دڵی موسڵمانە ڕاستەقینەکان لەیەکتر جیا نابێتەوە، چونکە ئاینێك هەیە، ئەوانە بە پەیوەندییەکی توندوتۆڵەوە بەیەك دەبەستێتەوە. خوا یار بێ لەمەودوا گەلانی موسڵمان، ئامانجی دادپەروەری و خۆشبەختی بۆ خۆیان دەست نیشان دەکەن و لەپێناوی ئەوانەدا کار دەکەن، ئەوەش لە جموجووڵ و ڕەفتارەکانی خۆشیاندا پیشانی دەدەن شارستانێتیی ئیسلامی لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە چەندە سەرکەوتوو بووە. بە یارمەتیی خۆتان، دەمەوێت چەند ڕستەیەکیش لەسەر ئامانجەکانی جەمعییەتەکەمان بدەم، خاتوونە بەڕێزەکان، ئامانجی جەمعییەتەکەمان ئەوەیە کە یارمەتیی هەرچی ژن و منداڵی کورد هەیە بیدەین و ئیشیان بۆ بدۆزینەوە، جگە لەوە، ئیدارەخانەیان بۆ دروست بکەین و قوتابخانەیان بۆ بکەینەوە و منداڵە هەتیوەکانی کورد فێری زانست و مەعریفەت بکەین و ئەوانەش کە توانای وانەوتنەوەیان هەیە، ببنە مامۆستای جێی شانازیی ئەوان. دەمەوێت ئەوە بڵێم: جەمعییەتەکەمان تا ئەو جێیەی بشێت لە ڕووی پارە و جەستەیی‌یەوە، یارمەتیی ئەوانە دەدات، ئەم مەولوودەی کە کردوومانە، بووتە زەمینەیەك بۆ پێگەیشتنی کوردەکان و ئەو خانمە

بەڕێزانەی کە کوردەکانیان خۆش دەوێت. ئەگەر خودا بیەوێت ئەم جۆرە کۆبوونەوە و کۆنفرانسانە، ئێمە زۆرتر بەیەك دەناسێنێت و یەکدیناسینەکەشمان کەڵکی بۆ نەتەوەکەمان دەبێت. جەمعییەت بۆ پێچانەوەی برینی نەتەوەکەمان، پێویستی بە هاوکاریی ئێوە هەیە. ئەگەر هەر کوردێك دەستی یارمەتی بۆ ئێمە درێژ بکات و هەر فیداکارییەکیش بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدرێت، ئەوکاتە دەبینن ئامانجە نەتەوەییەکانمان ڕاستین. جەنابی حەق میللەتەکەمان خۆشبەخت بکات.

ژین، ژمارە ٢٢، ٢ی تەمووزی ١٣٣٥

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەڵگەی سیازدەیەم:

4192-vo371 کۆمیسارییای باڵای ئینگلیز، ئەستەنبووڵ

ژمارەی بەڵگە ١١٢٢٠٤، ٥ی ئابی ١٩١٩

٢٣ی تەمووزی ١٩١٩

((گەورەم...

بە شێوەی غەیرە ڕەسمی، بەشێك لە دانوستانەكانی ئەندامانی كۆمیتەی كوردی و حكوومەتی توركیم دەست كەوتووە كە ١٠ی تەمووز ئەنجام دراوە. شانازی بەوەشەوە دەكەم كە دەتوانم ئەو زانیاریانە بخەمە بەردەستی گەورەكانم.

شانازی دەكەم ببمە خزمەتكارێكی ڕاستگۆی گەورەكانی خۆم.

كۆمیسێری باڵا.

بە بانگهێشتی حەیدەریزادە، كە ئەندامی ئێستای كابینەیە و پێشتریش شێخولئیسلام بووە، سەیید عەبدولقادر و ئەمین عالی بەدرخان و مەولانزادە ڕەفعەت و یاربای ئەمین بەگ و بینباشی عەونی، ڕۆژی پێنجشەمە ١٠ی تەمووز سەعات چوار، لەگەڵ حەیدەری زادە ئیبراهیم ئەفەندیدا كۆبوونەتەوە و دواتر "عابووق پاشا" وەزیری پێشووی جەنگ و عەونی پاشا وەزیری دەریاوانیش بەشدارییان لەو كۆبوونەوەیەدا كردووە. لە كۆبوونەوەكەدا ئەم گفتوگۆیانە كراوە:

حەیدەری زادە: بەپێی ئەوەی كە لقەكانی كۆمیتەی باڵای كوردتان كردووەتەوە وا دەردەكەوێت كە... ڕێكخراوێكی لایەنگری سەربەخۆییی كوردستانتان دروست كردووە كە ددان بە حكوومەتدا نانێت... لەلایەن حكوومەتەوە ئەركدار كراوین بۆ ئەوەی بانگتان بكەین و بزانین بە ڕاستی چ

ئامانجێکتان هەیە؟ ئایا دەتوانن داواکاریەکانتان بەشێوەیەکی نووسراو بە کابینەی حکوومەت بدەن؟

یاربای ئەمین بەگ: هیچ فەرمانێکی نایاساییمان نەداوەتە لقەکانمان. ئەو تەلگرافانەی کە لە والیەکانتانەوە پێتان گەیشتوون، لەڕاستییەوە دوورن، ئەگەر لوتف بکەن و کۆپییەکی تەلگرافەکانمان پێبدەن، دەتوانین وەڵامتان بدەینەوە.

حەیدەری زادە: پێویستە بڕوا بە من بکەن. منیش دەزانم کوردان نایانەوێت لە دەوڵەتی عوسمانی جیا ببنەوە، بەڵام لەوانەیە فریو درابن. ئینگلیز کە سلێمانیی داگیر کردووە، هەوڵ بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی گەورە دەدات و دەیەوێت ویلایەتەکانی شەرقیش بخاتە سەر ئەو کوردستانە. ئێمە وای دەبینین.

یاربای ئەمین بەگ: ئەگەر وابێت دەوڵەتی ئینگلتەرە، زۆرتر لە "سەدری ئەعزەم فەرید پاشا" کوردستان و دەوڵەتی عوسمانی دەپارێزێت، چونکە بوونی کوردستانێکی گەورە لەجیاتیی ئەرمەنستانێکی گەورە، زۆرتر بە قازانجی دەوڵەتی عوسمانییە. لەبەر ئەوەی ئەگەر وابێت، هیچ نەبێ دەوڵەتێکی موسڵمان دەمێنێتەوە، بەتەواوی نازانم داوای چی دەکەن.

....

مەولانزادە ڕەفعەت: وەك ئەوەی بڵاو کراوەتەوە، سەدری ئەعزەم لە قسەکانی خۆیدا لە کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس، ددانی بەوەدا ناوە کە مافێکی فراوان و ئۆتۆنۆم بە ئەرمەنەکان بدات. ئەمەش بەشێوەیەکی سروشتی نەتەوەی کوردی زۆر نیگەران کردووە.

عەونی پاشا: ئەو ئۆتۆنۆمییە فراوانە، پەیوەندیی بە خاکی ئێمەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندیی بە کۆمارەکانی ئەرمەنەوە هەیە لە قەفقاس.

مەولان زادە ڕەفعەت: من تێناگەم سەدری ئەعزەم چۆن دەتوانێت بەڵێن بدات سەبارەت بەو خاك و نیشتمانەی کە هیی ئێمە نین؟!

عابووق پاشا (بە تووڕەبوونەوە): ئێمە فەرمانمان داوەتە فەرماندەکانمان کە بست بە بستی سنوورەکانمان بپارێزن و ڕێوشوێنی پێویست لەو بارەیەوە بگرنە بەر، با لەوە نیگەران نەبین.

بینباشی عەونی پاشا: کەوابوو فەرمان بدەن تا ئێمەش لە کوردستان ڕێوشوێنی پێویست بگرینە بەر.

عابووق پاشا: خەریکین سەربازە کوردەکانیش بەشداری ئەمە دەکەین.

ئەمین عالی بەدرخان پاشا: کەوابوو بۆچی گلەییمان لێ دەکەن و هێرش دەکەنە سەرمان؟

مەولانزادە ڕەفعەت (؟) [و: ئەبێ ئەو ناوە کەسێکی تر بێت، چونکە ڕووی قسەی ئەمین عالی بەدرخان لە نوێنەرانی حکوومەت بووە نەك مەولان زادە ڕەفعەت.]: گلەیی ناکەین متمانەمان بە ڕاستگۆیی و نیازپاکیی کوردان هەیە، بەڵام دەمانەوێت داواکاریەکانی جەمعییەتەکەی ئێوەش بزانین.

بنکەی ژین
www.zheen.org

حەیدەریزادە: لێدوانەکانی سەدری ئەعزەم زۆر ڕوونن. دەیەوێت کوردستان لەپێناوی ئەرمەنەکاندا بەخت بکات. ئێمە قسەکانی فەرید پاشامان بە خراپ زانی، تەنانەت بڕیاریشمان داوە ئەو قسانە ڕاست بکرێنەوە.

مەولان زادە ڕەفعەت: ئەگەر وایە بۆچی تائێستا ئەمەتان بۆ ڕای گشتی ئاشکرا نەکردووە؟

حەیدەری زادە: چاوەڕوانی گەڕانەوەی سەدری ئەعزەمین.

عەونی پاشا: وەرن با دۆستانە بەیەکەوە قسە بکەین. چارەنووسمان نادیارە، پێویستە بۆ ئامانجێکی هاوبەش پێکەوە کار بکەین. ئێستا چاوەڕوانی

یارمەتی و ملکەچیی ئێوەین. هەر کاتێك وامان لێ هات نەمانتوانی بیر لە ئێوە بکەینەوە، پێتان دەڵێین بڕۆن و چارەنووسی خۆتان دیاری بکەن.

مەلان زادە ڕەفعەت: بەڵام ئایا ئەو کاتە ئیتر درەنگ نابێت بۆ ئەوەی چارەنووسی خۆمان دیاری بکەین؟ ئێستا چارەنووسی هەر کەسێك لە کۆنفرانسی پاریسدا دیاری دەکرێت. پێویستە هەر حکوومەت و نەتەوەیەك ڕێز لەو بڕیارانە بگرێت کە لەوێ دەدرێن. کەوابوو جەمعییەتەکەی ئێمە، بۆ سەلامەتیی نەتەوەی کورد و پاراستنی ئاشتی و ئارامی لە کوردستان کار دەکات.

ئەمین عالی بەدرخان: ئایا حاڵی حازر حکوومەتی عوسمانی ددان بە بوونی کوردستاندا دەنێت؟ حکوومەتێکی ئۆتۆنۆم قبووڵ دەکات؟

عەونی پاشا: ئەگەر بە من بێت قبووڵی دەکەم. حکوومەت ئیدی ناتوانێت بەم شێوەیەی خۆی بمێنێتەوە. لەکاتی ڕاپەڕینەکەی ئەم دواییانەی "ئیمام یەحیا"دا لەگەڵ یەکە سەربازیەکاندا بووم کە ڕەوانەی (یەمەن) کرابوون. هەر لەو کاتانەدا، باسی ئەوەم کردبوو کە پێویستە سازش لەگەڵ ئیمام یەحیادا بکرێت و بە بنەمای لامەرکەزێتی هەندێك مافی بدرێتێ، بەڵام هاوڕێکانم ئەو کاتانە گوێیان لە من نەگرت. تەنانەت منیان بەوە تۆمەتبار کرد کە بەهەڵەدا چووم، بەڵام دواجار گەیشتنە ئەو قەناعەتەی بەو جۆرەی کە من دەیڵێم، کێشەکە چارەسەر بکەن. کارێکی زۆر باشیان کرد، چونکە لە ڕێی ئەو لامەرکەزیەتەوە، ئیمام یەحیا لەکاتی جەنگدا دژی ئێمە دەرنەکەوت.

ئەمین عالی بەدرخان: ئایا ئەگەر دەتانەوێت هەندێك گرنگی بە کوردستان بدەن، باشتر نییە هەر لە ئێستاوە والی و بەرپرسی کورد ڕەوانەی کوردستان بکەن؟

عەونی پاشا: بۆ نا؟ ئەگەر کەسی گونجاوتان هەیە پێمان بڵێن.

سەید عەبدولقادر: دەزانن لەسەر پێداگرییەکانی من، کابینەی حکوومەت دوو والیی کوردی بۆ دیاربەکر و مەعمورەت ئەلعەزیز (ئەلازیغ) دیاری کردبوو. بەڵام ڕۆژی دواتر فەرید پاشا ئەو بڕیارەی هەڵوەشاندەوە. ناوبراو هەموو کات لەدژی کوردەکان...

عەونی پاشا: ئەفەندم! دەمەوێت دڵنیاتان بکەمەوە کە ئەوەی بڕیارەکەی هەڵوەشاندەوە، فەرید پاشا نەبوو.

سەید عەبدولقادر: ئەی کێ بوو؟

عەونی پاشا: با ئێستا باسی ئەوە نەکەین.

ئەم دانوستان و گفتوگۆیە بۆ ماوەیەك بەردەوام بووە و لە میانەی کۆبوونەوەکەدا بەڵێن دراوە والییەکی کورد و ژمارەیەکی دیاریکراو فەرمانبەری کورد لە کوردستان دابمەزرێنرێن و کۆبوونەوەکە لە سەعات ٦,٣٠ دەقەدا کۆتایی هاتووە.))

ئەمە لە بەڵگە نهێنیەکانی ئینگلیزدا دۆزراوەتەوە و لە ئەرشیڤەکانی (دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی دۆز)ەوە وەرگیراوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بەڵگەی چواردەیەم:

# کوردەکان و عوسمانیچێتی

**لێدوانەکانی سیناتۆر "سەید عەبدولقادر ئەفەندی"**

**بیرو بۆچوونی کاربەدەستان و پیاوانی دەوڵەتی کورد، هەروەها گەلی کورد سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی شەریف-نۆبار لە پاریس، لەڕێی لێدوانەکانیانەوە دەزانین کە لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا بڵاو کراونەتەوە. لەکاتێکدا ئەو ڕێککەوتننامەیە مۆر کراوە، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لەڕێی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەکەوە، سەبارەت بە خاڵی سەرەکیی ڕێککەوتننامەکە، کە بیرۆکەی جیابوونەوەیە، بیر و بۆچوونەکانی خۆی بەزۆر بەسەر ڕای گشتیدا سەپاندووە. پەیامنێرێکی خۆمانم ئەرکدار کرد بۆ ئەوەی بیر و بۆچوونەکانی سەید عەبدولقادر ئەفەندی کە پیاوی دەوڵەتی عوسمانی و سیناتۆرێکی کوردە و سەرۆکی مەجلیس بووە لە کابینەکەی فەرید پاشادا، وەربگرێت. عەبدولقادر ئەفەندیش پشتگیریی لە بیر و بۆچوونەکانی یانەی کوردی و بەرگریی لێ دەکات. سەرەڕای ئەوەی سوپاسی شەریف پاشا دەکات بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی کوردی کردووە، بەڵام سەربەخۆییی کورد کە لەلایەن شەریف پاشاوە لە ڕێککەوتننامەکەدا ئیمزا کراوە، قبووڵ ناکات. عەبدولقادر تەنها داوای ئۆتۆنۆمی دەکات. ڕێککەوتننامەکەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سنووری نێوان ئەرمەنستان و کوردستان، تەنیا بەرگری لە ناوبژیوانی دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە. هەرچەندە یەکێك لە ئەندامانی یانەی کوردی، بە ناوی "عەبدوڵڵا جەودەت بەگ"ەوە یەکێتیی کورد و ئەرمەن بەپێویست دەزانێت، بەڵام عەبدولقادر ئەفەندی کە بەرگری لە بیر و بۆچوونەکانی هەمان یانە دەکات، ئەو یەکێتییە بە شتێکی ناشیاو دەزانێت. تائێستا عەبدوڵڵا**

جەودەت بەگ کە بە ناوی شەریف پاشا و یانەی کوردییەوە قسەی کردووە، بەرگری لە بیرۆکەی جیابوونەوە دەکات و هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئەو بیرۆکەیە دەدات. سەرەڕای ئەوەی کە خۆی بە پارتیزانێکی یانەی کوردیش دەزانێت، بەڵام عەبدولقادر ئەفەندی تۆزێك بە وریایی دەجووڵێتەوە و داواکاریەکانی خۆی لە ئۆتۆمۆنیدا سنووردار دەکات. وتەکانی عەبدولقادر ئەفەندی کە بە پەیامنێرەکەمانی ڕاگەیاندووە، وشە بە وشە لە خوارەوە بڵاو دەکرێنەوە:

پرسیار: دەتوانن بیر و بۆچوونی خۆتان سەبارەت بە ڕێککەوتننامەکەی نێوان شەریف پاشا و بۆغۆس نۆبار پاشا ڕوون بکەنەوە.

وەڵام: بیر و بۆچوونەکانی خۆمانمان سەبارەت بەو بابەتە، لە چوارچێوەی بەیاننامەیەکدا بڵاو کردووەتەوە. سەرەڕای ئەو پروپاگەندانەی کە ئەرمەنەکان دەیکەن، سەبارەت بە خاوەندارێتیی شەش ویلایەت، سەرنجمان ڕاکێشاوەتە سەر ئەوەی کە زۆربەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە کوردن. داوای ئەوەشمان کردووە کە بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە، کۆمسیۆنێکی بێلایەن ئەو کێشەیە چارەسەر بکات. بۆغۆس نۆبار پاشاش، ئەم بۆچوونەی قبووڵ کردووە. ئەمە ئەو ڕێککەوتننامەیەیە کە قسەی لەسەر دەکرێت. بۆغۆس نۆبار قبووڵی کردووە کۆمسیۆنێك ئەوە یەکلایی بکاتەوە کە ژمارەی دانیشتوانی کام لایەن لەو ناوچانەدا زۆرترە؟ ئێمەشی دڵنیا کردووەتەوە کە لەمەبەدوا لەدژی نەژادی کورد ناجووڵێتەوە.

پرسیار: ئایا ئەو قسانە ڕاستن کە گوایە کورد و ئەرمەن لە یەك نەژادەوە هاتوون و لێك جیا بوونەتەوە؟

وەڵام: سەبارەت بەم بابەتە، گێڕانەوە و بیر و بۆچوونی جۆراوجۆر هەن. هەندێك کەس پێیان وایە نەژادی کورد لە نەژادی فارس و عەرەبەکانە. بە بڕوای

من کوردەکان لە نەژادی پەهلەوین، کەوابوو هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئەرمەنەکاندا نییە.

پرسیار: ئایا ئەو یەکێتیەی کە لەنێوان ئەرمەن و کوردەکاندا باس دەکرێت، دەشێت دروست بکرێت، شتێکی شیاوە یان نە؟

وەڵام: ڕێککەوتنێکی وەها هیچ زەمینەیەکی جێبەجێکردنی نییە، ناشێت شتی وا ڕووبدات. ئێمە داوا دەکەین سنوورەکانمان لەسەر بنەمایەکی یەکسان دابەش بکرێت، چونکە بنەماکانی یەکێتیەکی وەها بەشێوەیەکی سروشتی لەئارادا نییە.

پرسیار: ئایا شەریف پاشا نوێنەرایەتیی نەتەوەی کورد دەکات؟

وەڵام: شەریف پاشا لەلایەن جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە وەك ئەندام ڕەوانەی ئەو کۆنفرانسە کراوە. بەڕای من جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش نوێنەرایەتیی نەتەوەی کورد دەکات.

پرسیار: بیر و بۆچوونتان سەبارەت بە پەیوەندیەکانی نێوان کورد و تورك چییە؟

وەڵام: تورکەکان برای خۆشەویست و هاودینی ئێمەن. وەك موسڵمانەکان مومکین نییە ئێمە دوژمنایەتیی یەکتر بکەین. ئێمە تەنها داوای ئەوە دەکەین بە شێوەیەکی ئازادانە پێش بکەوین. ئەو پروپاگەندانەی کە دەکرێن و گوایە شەریف پاشا و بۆغۆس نۆبار لەدژی تورکەکان ڕێك کەوتوون، بێبنەمان، شتی وەها تەنانەت لە گفتوگۆکانی ئێمەشدا ناکرێت بە بابەتی قسەکردن. هەموو ئەمانە پروپاگەندەیەکن بۆ ئامانجی دیاریکراو ئەنجام دەدرێن.

پرسیار: داواکاریە ڕاستەقینەکانی نەتەوەی کورد چین؟

وەڵام: ئێستا پێنج تا شەش ویلایەت هەن کە کوردەکانی تێدا نیشتەجێن. حکوومەت با ئۆتۆنۆمی بداتە ئەو ویلایەتانە و دەرفەتی ئەوەشمان پێبدرێت

ئێمەش لەڕێی ئەو کەسە دادپەروەر و دروستانەی وا خۆمان دیارییان دەکەین، پێش بکەوین. هەروەك کەمێك بەر لە ئێستاش باسم کرد، بە هیچ شێوەیەك هەستی دژایەتیمان بەرامبەر بە تورکان نییە. با تورکانیش لەگەڵ ئێمەدا لەنێو ئەو بەڕێوەبەرایەتیە ئۆتۆنۆمیەدا کە دادەمەزرێت، بەشدار بن.

سەید عەبدولقادر، کوردەکان و عوسمانیچێتی، ئیقدام، ٢٧ی شوباتی ١٩٢٠

ئەم بەڵگەیە لە ئەرشیڤی (دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی دۆز) وەرگیراوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**سەرچاوەکان:**

**١- ڕۆژنامە و گۆڤار و ئەنسیکلۆپیدیا.**

**ئ- ڕۆژنامەکان:**

**عەلەمدار، جمهووریيەت، دونیا، حاکمییەت، میللییە، ئیفهام، ئیقدام، ئیلەری، ئیستقلال، کوردستان پرێس، صەباح، سەربەستی، تەقویمی وەقائیع، تەنین، یەنی گون.**

**ب- گۆڤارەکان:**

**مێژووی تورك بە بەڵگەوە، بەرگە، بەرهەم، داوا، گیریشم، گۆڤاری بەڵگەکانی مێژووی جەنگ، بەرەو ٢٠٠٠، ژین، کاوە، کوردستان، مەدیا گوینەشی، ئویزگور گەلەجەگ، ئویزگویرلوك یوڵوو، ڕزگاری، ڕۆژی کورد، ساچاك، مێژوو، کۆمەڵگا.**

**پ- ئەنسیکلۆپیدیا**

**ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام، ئەنسیکلۆپیدیای کولتووری سۆسیالیستی، ئەنسیکلۆپیدیای تێکۆشانە کۆمەڵایەتیەکان، ئەنسیکلۆپیدیای تورك، ئەنسیکلۆپیدیای کەسایەتیە ناودارەکانی تورك، ئەنسیکلۆپیدیای ناودارەکانی تورك، ئەنسیکلۆپیدیای نیشتمان.**

www.zheen.org

**ج- جەریدەی وەقائیع**

**جەریدەی وەقائیعی مەجلیسی مەبعووسوسان، وەقائیعەکانی کۆبوونەوە نهێنیەکانی پەرلەمانی گەورەی نەتەوەی تورك، جەریدەی وەقائیعی پەرلەمانی گەورەی نەتەوەی تورك.**

**٢- کتێبەکان:**

**تێبینی: تەنها باسی ئەو کتێبانە کراوە کە لە پەراوێزەکاندا باسیان کراوە.**

**- ویلیام ویلی ئیگڵتون، کۆماری کوردی مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦دا، ئەستەنبووڵ، بڵاوکراوەکانی کۆراڵ، ١٩٧٩.**

– دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، حەسرەتیان، پرۆفیسۆر دکتۆر ئارسەنیۆڤیچ جوان. م، ڕاپەڕینی کوردی ۱۹۲۵ (ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران)، ستۆکهۆڵم، بڵاوکراوەکانی ژینانوو، ۱۹۸۵.

– دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، قەتڵوعامی ئەرمەنەکان و کوردستان لە ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەمدا، ستۆکهۆڵم بڵاوکراوەکانی کوردستان، ۱۹۸٦، چاپی یەکەم وەرگێڕانی: مستەفا دوزگول.

– سینا ئاکشین، ئیتیحاد و تەرەقی و ژۆن تورکەکان لە ۱۰۰ پرسیاردا، ئەستەنبووڵ، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی گەرچەك، ۱۹۸۰ چاپی یەکەم.

– حکوومەتەکانی ئەستەنبووڵ و تێکۆشانی نەتەوەیی، ئەستەنبووڵ، خانەی بڵاوکردنەوەی جەم ۱۹۷٦.

– ج. ئاڵاداخ، داگیرکردنی کوردستان و جووڵانەوە نەتەوەییەکانی کورد، ئەستەنبووڵ، بڵاوکراوەکانی ڕێگای ڕزگاری، ۱۹۷۸.

– ج. ئاڵاداخ، مەسەلەی نەتەوەیی و خێڵ و فیۆداڵیەت لە کوردستان، فرانکفۆرت، چاپخانەی کۆمکار، ۱۹۸۱.

– سادق ئاڵبایراك، شۆڕشەکان و کاردانەوە کۆنەپەرستانەکان، ئەستەنبووڵ بڵاوکراوەکانی لێکۆڵینەوە، ۱۹۹۰.

– مووسا عەنتەر، بیرەوەرییەکانم، ئەستەنبووڵ، بڵاوکراوەکانی دۆز، ۱۹۸۹.

– ڕەحمی ئاپاك، شەڕی سەربەخۆیی تورك و ڕاپەڕینە ناوخۆییەکان، ۱۹۱۹ تا ۱۹۲۱ بەرگی چوار، ئەنقەرە، چاپخانەی فەرماندەیی گشتیی سوپا ۱۹٦٤.

– نەدا ئارمانەر، ئەو ڕەوتانەی کە لە دینی ئیسلام جیا بوونەتەوە... نورچێتی، ئەنقەرە، بڵاوکراوەکانی کۆلێژی ئیلاهیات، ۱۹٦٤.

– خاڵیس هاسار قایا، تۆقات لە شەڕی نەتەوەییدا، چاپخانەی تۆقات، ۱۹۳٦.

– ئارسلان عەبدوڕەحمان، مستەفا کەمال و کوردەکان لە سامسوونەوە هەتا دۆجان ۱۹۱۹ تا ۱۹۲۳، ئەستەنبووڵ، خانەی بڵاوکردنەوەی دۆز، ۱۹۹۱.

بنکەی ژین
www.zheen.org

– مستەفا کەمال ئاتاتورك، نوتق، بەرگی ١ ئەنقەرە بڵاوکراوەکانی دەزگای زمانی تورك، ١٩٦٩ چاپی دووەم، بەرگی ٢، ئەنقەرە ١٩٦٥. بەرگی ٣، بەڵگەکان، ئەستەنبووڵ، بڵاوکراوەکانی چاغداش، ١٩٨١. وتەو لێدوانەکانی، بەرگی ١، ئەنقەرە، لە بڵاوکراوەکانی ئەنیستیتۆی مێژووی شۆڕشی تورك، ١٩٦١ (چاپی دووەم)، بەرگی ٢، ئەنقەرە، ١٩٦٥ (چاپی دووەم)، بەرگی٣، ئەنقەرە، ١٩٦١ (چاپی دووەم).

بنکەی ژین
www.zheen.org